





کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

## بابەت و وتارەکان ............... لاپەڕەی ٦


١- یووبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکڕات و چەند قسەیەک .......................................... عەبدوڵڵا حەسەن زادە

٢- یەک گرتن ڕەمزی سەرکەوتنە ...............................................................................

٣- دێموکڕاتەکان چۆن بەرەو یەکگرتنەوە بچن؟ ................................................... کەریم فەرخەپوور

٤- یەک گرتنەوە، خەون یاواقعیەت ............................................................................ فەرشید

٥- دێموکراتەکان و کۆبوونەوە لە پێناو کۆبوونەوەدا! ............................................... کەریم فەرخە پوور

٦- گەلاڵە بۆ یەکبوونەوەی حیزبی دێموکڕات ........................................................ ماڵپەڕی گیارەنگ

٧- لە هەنگاو بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان پشتیوانی دەکەین ............................................ ماڵپەڕی هەڵوێست

٨- «یەکگرتن» گەڕانەوە بۆ دوێنێ، یا داهاتووی هاوبەش! .................................................. خالید محەمەدزادە

٩- بەیاننامەی کەمپەینی یەکی بەفرانبار بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان .............................................

١٠- پشتیوانی کومیتەی کەمپینی یەکبوون لە کەمپینی ١ی بەفرانبار! ..........................................................

١١- دێموکراتەکان دەنگی خۆیان بۆ یەکگرتنەوە بەرزتر دەکەنەوە .......................................................

١٢- بیروڕای حەسەن شێخانی لە سەر یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان! ..........................................................

١٣- پێشنیار و تێبینیەکان دڵشاد جمشیدی لە سەر کەمپینی یەکی بەفرانبار و یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان! ...............

١٤- تێبینی و بۆچوونی عەلی سۆرانی لە سەر کەمپینی یەکی بەفرانبار و یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان! ......................

١٥- پشتیوانی بزووتنەوەی ئاشتی و دێموکڕاسی کوردستان لە یەکگرتنەوەی بنەماڵەی دێموکڕات! ............................

١٦- بۆ ئەوەی دێموکراتی نوێ لێک نەترازێتەوە حدک = حدکا ............................................... هێژا مەنگور

١٧- بۆچی هەموان داوای یەکگرتنەوە و یەکگرتوویی دەکەن، بەڵام وەدی نایا ......................................... سمکۆ بێکەس

١٨- ئۆباڵی لاوازی شۆڕش هەمووی بخرێتە سەر لێکدابڕان! ئینساف نیە ................................ محەممەد سلێمانی

١٩- کەمپەینی (١ی بەفرانبار) هەوڵی لێک نزیککردنەوەی دوو باڵەکەی دیموکرات دەدا ....................... ناسر باباخانی

٢٠- دێموکڕاتەکان چۆن تووشی لێکترازانێکی دیکە نابنەوە .................................... ڕەزا ئەمینی

٢١- دێمۆکڕاتەکان؛ یەکگرتنەوە یان تێکەڵبوونەوە؟ .............................. قەرەنی قادری

٢٢- دێموکراتەکان و قەیرانی یەکگرتنەوە ............................................. ڕەشید قازی

٢٣- یەکگرتن و یەکڕیزی گەل، کلیلی چارەسەری کێشەکانە! ...................................... قادر ئەلیاسی

٢٤- نەخۆش بە "پاراسێت" چارەسەر ناکرێ ............................................ هاشم ڕۆستەمی

٢٥- لە پەراوێزی کەمپینی "بەڵێ بۆ یەکگرتنەوەی دیموکرات" ................................ ئەرسەلان رەحمان

٢٦- ئەو دەستە شاراوەی دەیهەوێ ڕەوتی یەکگرتنەوە نەزۆک بکات .................................... عەلی سۆرانی

٢٧- یەکگرتنەوە ............................................................................ عەزیز ئەحمەدی

٢٨- لە ئەزموونی رابردوو دەرس وەرگرینو خەسارناسییەکی وردی لێکدابرانەکان بکەین ................ د.کوێستان گادانی

٢٩- بیروڕای سمایل شەڕەفی لە سەر یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان! ...................................................

٣٠- بیروڕای عەلی بداغی لە سەر یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان! ...................................................

٣١- مکانیزم بۆ یەکگرتنەوەی دوو دێموکرات، حدک و حدکا! ........................................... ئیقباڵ سەفەری

٣٢- خالید عەزیزی: یەکگرتنەوەیەک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ کە هەمووان لە حیزبی یەکگرتوودا ..........................

٣٣- گەڵاڵەی پێشنیاری بۆ لێک نزیک بونەوە و یەکگرتنەوەی (حدک و حدکا) .......................... لوقمان زەهرایی

٣٤- ئایا ناو ماڵی کورد لەحاڵی ئاسایی، خۆی یەک دەخاتەوەو یەک دەگرێ .......................... حەسەن پاڵانی

٣٥- وشەی "هاوڕێیانی پێشوو" مان مانەی ڕاستەقینەیخۆی وەربگرێ و بەناوی خۆیان بناسرێن! ............ محمد سلێمانی

٣٦- نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان عەبدوڵڵا حەسەنزادە و مستەفا هیجری .................................. عەزیز شێخانی

٣٧- خوێندنەوەیەکی کورت بۆ نسکۆ و دابڕان و ئێستای حدک و حدکا .................................. جەمال نەجاری

٣٨- حدکا داوای یەکگرتنەوە لە حدک دەکات ............................................................ رووداو

٣٩- حدکا ڕاگەیەندراوێکی سەبارەت بە پرسی "یەکگرتنەوە"ی حیزبی دێموکرات بڵاو کردەوە .................................

٤٠- ڕێبەری حدکا و حدک ئەگەر کەیفیان لێبێت، بە دوو کۆبوونەوە حیزب دەخەنەوە سەریەک! .......... محەممەد سلێمانی

٤١- پرسی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان و چەند تێبینیەک .................................. د. کامران ئەمینئاوە

٤٢- یەکگرتنەوەی دووباڵی دێمۆکرات گرینگە وەک ئەمری نەتەوەی سەیربکرێ! ..................................... محەممەد سلێمانی

٤٣- نامەیەکی سەرئاوەڵا بۆ بەڕیزان: هەردووبەشی حیزبی دێموکرات ........................ کومیتەی یەکبوونی حیزبی دێموکرات

٤٤- بۆ ئەوانەی خەمێکی ڕۆژهەڵات دەخۆن .................................................. ماڵپەرێ ئەمرۆژانە

٤٥- بابا عەلی مێهرپەروەر لە نامەیەکی کراوەدا، داوا لە سکرتێرەکانی حدک و حدکا دەکا یەک بگرنەوە ..........................

٤٦- پێشوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە داخوازەکانی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان .......................................

٤٧- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازی لە هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە دەکات ........................................
٤٨- یەکگرتن رەمزی سەرکەوتنە - راگەیەندراو ..........................................................................
٤٩- وتارێکی تایبەت کە رووی قسەی لە گەڵ لایەنگرانی یەکگرتنەوە و یەک ریزییە ...................... د. میرۆ عەلیار
٥٠- گەیاندنی داوانامەی "کەمپەینی ٢١ی خەرمانان" بەرێبەرایەتی حیزبی دیموکرات ........................................
٥١- داوای کەمپەینی ٢١ی خەرمانان بۆ دەستپێکی گفتگۆکانی دوولایەنی دیموکرات ......................................
٥٢- نامەی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان بۆ دەفتەری سیاسی حدک و ناوەندی سیاسی حدکا ..................................
٥٣- بیرورای سەعید بەگزادە لە سەر یەکگرتنەوەی دیموکڕاتەکان! .................................................
٥٤- پشتیوانی و بەشداری لە کەمپەینی ٢١ی خەرمانان ......................................................................
٥٥- کەمپەینی ٢١ی خەرمانان کۆتایی بەکارەکانی خۆی دێنێ! ...............................................................
٥٦- نا بۆ درێژەدان بە دوو دیموکراتی و بەڵێ بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان - بـانـگەواز ....................................
٥٧- کورتە ڕوونکردنەوەیەک ...................................................................................... عەبدوڵلا حەسەن زادە
٥٨- بەرێوەچوونی کۆنفرانسی "دیالۆگ لە پێناو یەکخستنەوەی ماڵی دیمۆکرات" ..........................................................
٥٩- راگەیندراوی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان لەسەر بریاری دەرکردنی هاوڕێ مەجید حەقی لە حدکا ........................
٦٠- بۆ کۆنگرەی هەڤدەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان ..................................................................
٦١- باسی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دیموکرات بۆتە خەمی دڵسۆزانی دیموکرات ............................................
٦٢- هەفتەیەک و سێ هەنگاوی دڵخۆشکەر ............................................................. برایم جەهانگیری
٦٣- چەند دێرێک لە سەر دەنگۆێ تازەی یەک گرتنەوەی هەر دوو باڵی دیموکرات ...................... نەریمان مەنبەری
٦٤- هیوایەکی نوێ ........................................................................................ بابە علی مهرپەروەر
٦٥- یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان و قازانجەکانی! ........................................................ کەریم ئەڵلاوەیسی
٦٦- یەکگرتنەوە لە ویستەوە تا درووشم ........................................................................ کاوە ئاهەنگەری
٦٧- نزیکبوونەوە لە دەسپێکی پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەر دوو لایەنی حیزبی دیموکرات ........................ ڕۆژی کورد
٦٨- ڕازیبوون بەم دۆخەی ئیستا و هەوڵدان بۆ بە ئەبەدی کردنی!!" ........................................... قادر وریا
٦٩- یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی دیموکرات، هەم عەقڵە هەم بروا ................................................ شۆڕش ئەسەدزادە
٧٠- بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ..............................
٧١- ڕاگەیاندراوی ناوەندی سیاسی بە بۆنەی ٧٥ مین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ..............
٧٢- وتاری ٢٥ی گەلاوێژی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دیموکراتی
کوردستان ..........................................................................................................



سەرچاوە
Serchawe

٧٣- پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٧٥مین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات ..............................................................................................

## وتووێژەکان: ٢٢٧

١- شەقام. دیداری دەگەڵ بابا عەلی مێهرپەروەر ............................................................ ئەحمەد سەفا
٢- کاوە ئاهەنگەری بۆ گۆڤاری سڤیل: حدکاو حدک دووحیزبی سەربەخۆی لێک جیاوازن ...................................
٣- دیمانە دەگەڵ سەعید بەگزادە ................................................................ جەعفەر شەریعەتی
٤- وتووێژی تایبەتی کوردکاناڵ لەگەڵ سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان .................................
٥- کاوە ئاهەنگەری: ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەرفیەتی پێشوازیکردن لە دوو دێموکراتی نییە و دەبێ یەکبگرینەوە ............
٦- بیژەن قارەمانی: بۆ دێموکراتەکان تەنیا یەک ڕێگا هەیە ئەویش یەکگرتنەوەیە ..........................................
٧- ناسر باباخانی: یەکگرتنەوە دەبێتە هۆی ساز بوونی گوتارێکی ڕۆژهەڵات ..................................................
٨- باباعەلی مێهرپەروەر: مەگەر موعجیزەیەک!! ڕوویدا ........................................................................
٩- وتووێژی گەورەژووری ڕاوێژ لەگەڵ هاوار بازیان ..........................................................................
١٠- وتووێژی گەورەژووری ڕاوێژ لەگەڵ مەجید حەقی .........................................................................
١١- وتووێژی ڕاوێژ لەگەڵ کەیوان دروودی
١٢- وتووێژی ڕووداو لەگەڵ محەممەد نەزیف قادری ........................................................... گۆڤەند مستەفا
١٣- وتووێژی ڕووداو لەگەڵ کەمال کەریمی ................................................................... سەرباز سیامەند
١٤- قادری: جگە لە یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان هیچ ڕێیەکی ترمان نییە .................................. هیدایەت جان
١٥- مستەفا مەولوودی: یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ڕێڕەوی خۆی وەرگرتوە و گەڕانەوەی نییە ............... هیدایەت جان



# یووبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکڕات و چەند قسەیەک



**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات (هەردوو دێموکڕات) خۆیان ئامادە دەکەن تا لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاویدا جێژنی ٧٥ ساڵە (یووبیلی ئەڵماس)ی حیزبەکەیان بگرن. ناتوانم بیشارمەوە کە بە باوەڕی من پێکهێنانی جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات لەو ڕۆژەدا، تەنیا ئەوکاتە لە جێی خۆیدایە کە مەبەستمان خەباتی حیزبەکە لە ژێر ناوی «حیزبی دێموکڕاتی کوردستان»دا بێ، ئەگینا ئەم حیزبە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی دامەزراوە کە سێ ساڵ بە ناوی(ژ.ک) «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان»تێ کۆشاوە و دوای سێ ساڵ لە کۆنگرەی یەکەمی حیزب (٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤)دا ناوەکەی گۆڕاوە بە «حیزبی دێموکڕاتی کوردستان». ئەم ناوگۆڕینە قەت بە مانای هەڵوەشانی (ژ.ک) و دامەزرانی حیزبێکی تازە بە ناوی (ح.د.ک) نەبووە و بەو پێیە دەبووایە ٣ ساڵ لەمەوبەر یووبیلی ئەڵماس یان جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی ئەم حیزبە گیرابایە.

بۆ ئەوەی لەخۆوە قسەم نەکردبێ، دەقێکی ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە شاهید دەگرم کە ٧٤ ساڵ لەمەوبەر لە مەهاباد و لە سەردەمە زێڕینەکەی کۆماری کوردستاندا بڵاو بۆتەوە:

«ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ بە بۆنەی ڕۆژی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەبەر هەیوان و حەساری عیمارەتی پێشەوا جێژنێک گیرابوو. لەم جێژنەدا تەواوی ئەهالی شیرکەتیان کرد و شیرینیات و چا و میوەجاتیان مەسرەف کرد. جێژن لە سەعاتی ١ی پاش نیوەڕۆ دەست پێ کرا، دەوروبەری عیمارەتی پێشەوای بە ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان و

وێنەی پێشەوای موعەززەم ڕازابووەوە و شەوێ سەعات حەوت بەرنامەی جێژن دەست پێکرا و بەبۆنەی ئەم جێژنە لەلایەن ئاغایانی عەلیی خوسرەوی، سەید موحەممەدی تەهازادە، دڵشادی ڕەسووڵی، سەید موحەممەدی حەمیدی، جەعفەری کەریمی، وردی، عەزیزی سددیقی، سەید عەبدوڵڵای تەهازادە، عوسمان دانیش، موحەممەدئەمینی قادری و کاک ئەمینی شەڕەفی مودیر، نوتق و مەقالات خوێندرایەوە...» (کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە ٧٩، ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٢٥). پێویستە بگوترێ کە بۆ ئاسانتربوونی خوێندنەوە، بابەتەکەمان بە ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی نووسیوەتەوە.

پێش هەموو شتێک و بەرلەوەی قسەکانم دەست پێ کەم، بەوبۆنە پیرۆزەوە پڕبەدڵ پیرۆز بایی لە هەموو خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی تێکۆشەرانی دێموکڕات دەکەم و سڵاو بۆ گیانی دامەزرێنەرانی حیزب و بۆ تێکڕای ئەو خەباتگێڕانە دەنێرم کە لە ماوەی نزیک بە هەشت دەیەی ڕابردوودا ڕێی دێموکڕات، ڕێی خەبات بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانیان بڕیوە و لەو پێناوەدا شەهید و کەمئەندام بوون، بەناکامی سەریان ناوەتەوە، یان هەروا بە شانازییەوە ئاڵای ئەو خەباتە پڕ سەروەرییەیان بەرز ڕاگرتوە.

**خوێنەرە بەڕێزەکان و هاوڕێیانی دێموکڕات!**

لەو جۆرە بیرەوەرییانەدا بە حەق، هەموو ساڵێ ئاوڕ لە سەرکەوتنەکان و خاڵە بەهێزەکانی هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی دەدرێتەوە و شانازی بە ڕابردووی پڕ حەماسە و فیداکاریی جەریانەکە تازە دەکرێتەوە. هاوڕێ و هاوخەباتەکانم شاهیدن کە ئەمنیش لە ساڵانی دوورودرێژی تێکۆشانمدا بە دەیان - ئەگەر نەڵێم بە سەدان -

بابەتم لەسەر سەرکەوتنەکان و خاڵە ئەرێنییەکانی مێژووی ئەم حیزبە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حیزب و دەرەوەی حیزب و لە میتینگ و سێمینارەکاندا پێشکەش کردوە، کە بە سەرمایەیەکی بە نرخی ژیانی سیاسیی خۆمیان دەزانم.

بەڵام لەسەر ئیزنی هەمووان لەم یادە پیرۆزەدا دەمەوێ جۆرێکی دیکە بێمە گۆ. بیرمەندێکی ناوداری سیاسی دەڵێ: «ئەوەندە ڕەخنە لە خۆتان بگرن کە دوژمن لە خۆشییان بێتە سەما.» شاراوە نیە کە هەموو ئینسانێک و هەموو جەریانێک لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیدا سەرکەوتن و تێشکان و بەرەوپێشچوون و نووچدان و بە گشتی خاڵی بەهێز و لاوازی دەبێ. لە سەرفەسڵێکی وەک ئەوەی ئێستادا وەبیر هێنانەوەی شانازییەکان نەک هەر بەجێ، بەڵکوو زۆر پێویستیشە



سەرچاوە
Serchawe

بـۆ ئەوەی بەرەی نـوێی نەتەوە و نیشـتمانەکەمان دەگەڵ ڕابـردووی پڕکەندولەنـد و هەورازونشـێوی مێـژووی خەبـاتی ڕزگاریخوازانەی گەلی خۆیان ئاشنا بن و ئەزموونەکانی بکەنە سەرمایە و سەرمەشقی کار و بەرخۆدانی ئایندەیان.

هەرلەو کـاتەدا تەنیـا وەبیرهێنـانەوەی سـەرکەوتن و شـانازییەکان و پاڵـدانەوە لەسـەر دەسکەوتەکانی ڕابـردوو نامـان گەیەنێتە جێگـایەک و دەبێ خـاڵە بەهێزەکـان وەبیـر بێنینـەوە تـا دواڕۆژی خۆمانیـان پـێ ڕوونـاکتر بکەیـن، بەڵام بەجێیە خاڵە لاوازەکانی ئێستا و ڕابردووشمان بێنینە بەر چاو بۆ ئەوەی چارەسەریان بکەیـن و هەوڵ بـدەین نەگەڕێینـەوە سـەریان. دیتن و پێ لێنانی خاڵە لاوازەکان نەک هەر نیشانەی بەرەودواگەڕانەوەی ڕەوتێکی سیاسی نیە، بەڵکوو ڕاست بەپێچەوانە، بەڵـگەی ئـازایەتی و بـاوەڕبەخۆبوونی ڕەوتەکەیە. دڵنیـام هاوڕێیـانی دڵسـۆز و قەڵەمبەدەسـتم ئەمسـاڵیش لەبـارەی شـانازییەکانی مێـژووی حیزبەکەمـانەوە ئەوەی پێویسـتە بەجێـی دەگەیەنـن و کەلـێن و کەلەبەرێـک نـاهێڵنەوە. بـۆیە ئەمـن دەمەوێ - ئەگەریش خۆخوێنتاڵ - کردن بێ قامک لەسەر بەشێک لە ناکامییەکـانی ڕابردوومـان و کەموکورییەکـانی ئێسـتامان دابنێم و بە پێویستیش نازانم پاکانە بۆخۆم بکەم، چونکە لە دڵسۆزی و ڕاستوێژیی خۆم بەگومان نیم.

### بەشێک لە کەموکوڕییەکانی ڕابردوومان:

١- حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەگەڵ هەمـوو شـانازییەکانی، نەیتوانیـوە ڕووداوەکـانی مێـژووی خـۆی بە دوکۆمێنت بکـات و لەبەر نەبـوونی ئارشـیڤ، زۆر جـار بـۆ دۆزینـەوەی زۆر بەڵـگە و نووسـراو و بڕیـاری ئەم حیـزبە ناچـار بـووین پەنـا بـۆ بەرهەمەکانی مێژوونووسانی بێگانە بەرین کە ئەگەر بە نیـازی خەراپیشەوە نە نووسرابن، کەمتر دەرخەری وردەکارییەکـان بوون. ڕەنگە ئەوەندە بەس بێ کە بزانین حیزبی دێموکڕات ئێستاش نەیتوانیـوە هەمـوو ژمارەکـانی ڕۆژنـامەی «کوردسـتان»ی سەردەمی کۆمار کۆ بکـاتەوە و ئەوەی کە کـۆش کـراوەتەوە بەرهەمـی هەوڵ و مانـدووبوونی دڵسـۆزانی وەک ڕەحمەتـی دوکتـۆر کەمـال فوئـاد و دواتـریش ئارشـیڤی خەبـاتگێڕی نەمر ڕەشید بـاجەڵانە. یـان تـا چەنـد سـاڵ لەمەوبەر ڕۆژی ٣١ی مارسـی ١٩٤٧مـان بە ڕۆژی لەداردرانـی پێشـەوا و هاوڕێکـانی دەزانـی. لە حاڵێکـدا ڕۆژی ١٠ی خـاکەلێوە،ڕۆژی ئیعـدامی پێشـەوا و هاوڕێکانی دەکاتە ٣٠ی مانگی میلادی و تەنانەت ساڵانی کەبیسە ڕێکەوتی ٢٩ی مارسیش دەکا.

٢- حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەمێژووی تێکۆشانی خۆیدا هەرنەبێ ٧ جار تووشی لەتبوون (انشعاب) هاتوە کە بێجگە لە دوو جاریان ئەوانیش لە ئاکامی دەست تێوەردانی لاوەکیدا هیچکامیان بەرهەمی جیاوازیی بەرنامەی سیاسی و ناکۆکیی فکری نەبوون و سەرجەمیان لە بەرچاوتەنگی و وێک هەڵنەکردن و پێکەوەنەحاوانەوە سەرچاوەیان گرتوە.

٣- ڕاکردنی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەدەست زوڵم و زۆرداریی دەسەڵاتداران و پەنابردنیان بۆ وڵاتانی دیکە و بەتایبەتی عێراق خاڵێکی لاوازی دیکەی ئەم حیزبەیە. ئەمە ڕاستییەکی تاڵە کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕات کەمتر لە دە لەسەدی تەمەنی تێکۆشانی ئەم حیزبەیان لە وڵاتی خۆیان و لەنێو خەڵکی خۆیاندا بەسەر بردوە. لەحاڵێکدا ژیان لەنێو خەڵک و ئیلهام وەرگرتن لە بیروڕا و داخوازەکانیان مەرجێکی سەرەکی بۆ دروست دەرچوونی بڕیار و سیاسەتەکانی حیزبێکی سیاسییە.

٤- لە هەمووی ئەمانە تاڵتر، حیزبی ئێمە چەند جار تووشی شەڕی براکوژی و تەنانەت شەڕی خۆکوژی بەمانای شەڕی خۆبەخۆی ئەندامەکانیشی بووە. لێرەدا مەبەست خەتابارکردنی حیزبەکەی خۆم نیە و وا دەزانم ئەگەر ڕۆژێک لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەنانە لە هۆیەکانی ئەو شەڕانە بکرێ دەردەکەوێ کە ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە بەشێکی کەمتر لە بەرپرسایەتییەکەی بەر دەکەوێ. بەڵام لە شەڕی براکوژیدا نە هیچ لایەنێک لەسەر حەقە و نە هیچیان براوەی شەڕن. بێچارەن ئەو کەسانە کە هیچ بەرپرسایەتییەک لەو بارەیەوە قبووڵ ناکەن و بە داوای لێبووردنەوە گەمژەن ئەوانەی خۆیان بە سەرکەوتوو دەزانن.

ئەمانە وەک نموونە باس کران و ئەم حیزبە و هەموو هێزێکی سیاسی لە ڕەوتی تێکۆشانی خۆیاندا تووشی زۆر هەڵە و کەموکوڕی دێن کە بەجێیە بێ دەمارگرژی ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و نەخشەڕێگای ڕاست کردنەوە و دووپاتەنەکردنەوەیان بۆ دابنرێ.

### بەڵام ئێستامان چۆنە؟

کورد گوتەنی «خوا نەیبڕێ» ئێستا دوو حیزبی دێموکڕاتمان، هەرکام بە دامودەزگایەکی بەرینی تەبلیغاتی و تەنانەت تەشکیلاتی و هتدەوە هەن و ڕەنگە هەرکامێکیشیان بە پاڵدانەوە لەسەر شانازییە مێژوویی یەکانی حیزب خۆیان بە یەکەمی مەیدانی سیاسەتی خۆرهەڵاتی کوردستان بزانن و بەتایبەتی بە خۆبەراوردکردن لەگەڵ هێندێ ڕێکخراوی لە خۆیان چووکتر، تەواو لە وەزعی خۆیان ڕازی بن و کەموکوڕییەک شک نەبەن کە پێویست بێ چارەسەری بکەن. لەحاڵێکدا ڕاستییەکە شتێکی دیکەیە و دان پێدانەنانیشی نەک هەر گیروگرفتێک چارەسەر ناکا، بەڵکوو بەرەو هەڵدێرگەیەکمان دەبا کە دەتوانێ بمان گەیەنێتە نشوستییەکی بێ گەڕانەوە. ئاخر دەبینین:

- ئەگەر ڕۆژێک کۆماری کوردستانمان دادەمەزراند کە «قیبلەگای هیوا بوو، سەنگەری ئازادی» و ڕۆژگارێک «دوڕگەی



سەرچاوە Serchawe

ئارام»ی حەمەڕەزاشامان بە ڕاپەڕینە ئازایانەکەی ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦ (٦٨ - ١٩٦٧) دەشڵەقاند و زەمانێک پێشمەرگەکانمان لە ئیلامەوە تا ماکۆ تەنگیان بە دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد هەڵدەچنی و کوردستانیان دەکردە پەناگە و جێ حەوانەوەی هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیی ئێران، ئەمڕۆ پتر لە سەد کیلۆمیتر دوور لە مەیدانی خەباتی خۆمان لە چەند ئۆردووگایەکی پەنابەریدا قەتیس ماوین و چاومان بڕیوەتە «کەرەمی خوا» و شانسێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕوومان تێ بکا و لە دەرگامان بدا.

- ئەگەر سەردەمێک حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە ڕیزی پێشەوەی هێزە گەورەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا دادەنرا و دەبووە میوان و خانەخوێی ڕیزی هەرە پێشەوەی ڕێبەرانی سیاسیی کورد و ئێرانی و بێگانە و تەنانەت بۆ چارەسەری کێشە و ناکۆکیی نێوان گەورەترین هێزە سیاسییەکانی کورد ڕووی تێ دەکرا، ئەمڕۆ هیچ کام لە دوو حیزبە دێموکڕاتەکە وەک حیزبە یەکپارچەکەی جاران سەریان دەنێو سەراندا دیار نیە و حیسابیان بۆ ناکرێ و تەنانەت بە هەردووکیشیان وەزن و ئیعتیباری ئەویان نیە.

- ئەگەر ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی حیزبی دێموکڕات لە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرددا سەدی ٨٢ی دەنگەکانی کۆ دەکردەوە، بۆ کەس ئاسان نیە پێش بینی بکا لە هەڵبژاردنێکی هاوشێوەدا بە هەر دوو حیزبی دێموکڕات چ ڕادەیەک لە متمانەی خەڵکی کوردستان بەدەست دێنن.

ڕەنگە یەکێک بڵێ باشە بۆچی بەو بێ هومێدییە چاو لە ئێستا و دواڕۆژی دێموکڕاتەکان دەکەی؟ خۆ ئێستاشی دەگەڵ بێ دێموکڕات هێزی هەرە گرنگ و بەنفووزی نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردی ئێرانە! لە وەڵامدا دەڵێم باسی من باسی ئەو حیزبەیە کە پتر لە ٦٥ ساڵە لە ڕیزەکانیدا خەبات دەکەم و کاری من نە پێک گرتنی بەژن و باڵای هێزە سیاسییە کوردەکانە و نە هەڵسەنگاندنی هەلومەرج و بارودۆخی ئەوانی دیکە. وەک دەڵێن «هەر کەسە برینێ خۆی دێشێ.»

### ئەدی چارەسەر؟

شاعیر دەڵێ: «سەرەتای ئێش هەموو یەکبوونە، ئەویش نابێ هەتا - هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە ساڕێژی نەکەی». وەک لە جێیەکی دیکەی ئەم وتارەدا گوتم زۆربەی هەرەزۆری لەتبوونەکانی مێژووی حیزبی دێموکڕات نەک بەهۆی ناکۆکیی سیاسی و فکری، بەڵکوو بە هۆی ویّک هەڵنەکردن و نەحاوانەوە بوون. ئەگەر ئەم بۆچوونە لە بارەی هەموو لەتبوونەکانی پێشترەوە ڕاست بێ کە ڕاستە لەبارەی دوالەتبوونی نێو حیزبی دێموکڕاتەوە ڕاستترە. چونکە دەگەڵ ئەوەی بەخۆشییەوە

بوونی ڕێبەری و هێزەکانی پێشمەرگەی هەردوو حیزب لەسەر خاکی باشووری کوردستان ڕێگای نەدا کار بکێشێتە شەڕی خۆکوژی، بەداخەوە شتی وا ڕووی دا کە بۆ هەتاهەتایە دەبێ نەفرەتی لێ بکرێ.

ئاخر چۆن لەبیر دەچێتەوە کە ئەوانەی دەیان ساڵ لە یەک سەنگەردا و بۆ وەدیهێنانی یەک ئامانج تێکۆشابوون، بۆماوەی چەند ساڵ دەنگیان لێک گۆڕی و تەنانەت لە شایی و شینی یەکتریشدا بەشدار نەبوون؟ بەحەق، وەبیرهێنانەوەی دیمەنەکانی ڕۆژان و حەوتووەکانی دوای لەتبوون مچوڕک بە لەشی هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز و بەویژداندا دێنێ.

چەند سەیر و جێی داخە، کە ١٦ ساڵە دوو حیزبی دێموکڕات کە پەروەردەی یەک قوتابخانە و دوو بەشی یەک حیزبی سیاسی بوون و بنکەکانیشیان سەد میتر لێکەوە دوور نین، نەیانویستوە یان نەیانتوانیوە جارێک پێکەوە یادی سەرکەوتن و نەهامەتییەکانیان بکەنەوە، پێکەوە لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا بچنە سەر گڵکۆی شەهیدان و پەیمانی وەفایان دەگەڵ نوێ بکەنەوە. بریا هەرئەوەندەش بووایە، چونکە دوو دێموکڕات ئەگەر هەموو شتێکیان جیا کردەوە، هەوڵی جیاکردنەوەوە و هەڵاواردنی شەهیدەکانیشیان دا کە بەخۆشییەوە وەک دەڵێ: «خوا لەدوو دەستی نەدان».

هێندێ جار خەڵکی ناشارەزا ڕێبەرانی دوو دێموکڕات بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لەسەر ماڵی دنیا و پلەوپایە و دەسەڵات لێک جیا بوونەوە و وێک ناکەونەوە. بەڵام سەیر ئەوەیە ئەو تۆمەتەش لە جێی خۆیدا نیە، چونکە بەداخەوە یان بەخۆشییەوە نە پووڵ و ماڵێک هەیە کە لەسەر دابەشکردنی بەشەڕ بێن و نە شوێنێک و بوارێک هەیە دەسەڵاتی تێدا بەکار بێنن.

بەوپێیە دەردەکەوێ هۆی هەرە بنەڕەتیی درێژەکێشانی ئەو لێکدابڕانە ڕق و قینی ناپیرۆز، هەستی خۆبەزل زانی یان هەرنەبێ جیاوازیی مێتۆدی کارکردن و بەڕێوەبردنە. کەوایە، با لەپێشدا هەموو لا بەیەکەوە بڕیار بدەن کارکردن بە هەستی ڕق و تۆڵە وەلا بنێن و دڵ و دەم و قەڵەمیان لە ژەنگی ئەو دیاردەیە پاک بکەنەوە. گوتم «کارکردن بە هەستی ڕق و تۆڵە»، چونکە ئەگەر واقیعبینانە قسە بکەین دەزانین ئەو دڵانەی دەیان ساڵ بە هەستی ڕق و قین ئاخنراون بە ڕۆژێک و بە بڕیارێک پاک نابنەوە و ماوەیەک کار و کۆششی هاوبەشی دەوێ تا کۆنەقینەکان لەبیر بچنەوە و خۆشەویستی و هەستی بەرپرسایەتی جێگایان بگرێتەوە.

پێم وایە ئەزموونی ناکامییەکانی ١٤ ساڵ لێک دووری و دڕدۆنگی، هەر دوو لای دێموکڕاتی تێگەیاندوە کە ئەگەر بیانەوێ جێگایەک لە دڵی خەڵک و دواڕۆژی کوردستاندا بۆخۆیان بپارێزن، پێویستە بێدرەنگ زنجیرە دیدارێکی جیددی و بەردەوام

دەست پێ بکەن و هەوڵ بدەن ڕێگا بۆ یەکگرتنەوە، یەکگرتنەوەیەکی پایەدار بدۆزنەوە. ئەمن پێم وایە هەر بە دەست پێکردنی ئەو ڕەوتە ڕێگایەگ بۆ گەڕانەوەی متمانەی خەڵک دەکەنەوە و پێ بەپێی پێشکەوتن لەو بوارەشدا زیاتر بەرەو وەدەست هێنانەوەی جێگەوپێگەی دێموکڕات هەنگاو دەنێن. لەبیرمان نەچێ ئەگەر چاردە ساڵە ئەم حیزبە تووشی لێکترازان بووە، پازدە ساڵ و پتریشە خەڵکی کوردستان بەدەم ئازاری ئەو دیاردە نەخوازراوەوە دەتلێنەوە. بەڕاست دێموکڕاتەکان قەت بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە دەگەڵ بوونی زۆر حیزبی دیکەی کوردستانی - کە بەداخەوە ئەوانیش تووشی لەتبوون و لێکترازان هاتوون -، چۆنە خەڵکی کوردستان پتر لە هەمووان خوازیاری وەسەریەک کەوتنەوەی حیزبی دێموکڕاتن؟ داخوا ئەمە نیشان نادا کە خەڵکە ئاسایی یەکە زیاتر لە ڕێبەریی حیزبەکان ئاشنای ریسالەت و نەخشی مێژوویی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانن؟

حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە دەکرێ دێموکڕاتەکان هەوڵی دەستنیشانکردنی خەتاباری لەتبوونەکە بدەن. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستی یە کە لێرەدا هیچ لایەنێک بێ خەتا و هیچ لایەنێک خەتاباری موتڵەق نیە، باشتر ئەوەیە بە دوای خەتادا بگەڕێن نەک خەتابار. بەو مانایە کە هەوڵ بدەن بزانن هۆیەکانی ئەو لێکترازانە چ ڕەفتار و بڕیار و شێوەکارگەلێک بوون تا خەتێکی ڕاست و چەپیان بەسەردا بکێشن و بناخەیەکی سەلیم بۆ کاری پێکەوەیی دابنێن. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە هەردوو لا و تەواوی ئەندامانیان بڕیار بدەن ماڵئاوایی لە رابردوو بکەن و ئەو دۆسیەیە بە یەکجاری دابخەن و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەنەوە.

بەخۆشییەوە ماوەیەکە لەملاو لەولا نەغمەیەکی خۆش دێتە بەر گوێ. دەڵێن لەنێو هەردوو حیزبە دێموکڕاتەکەدا دەنگێکی بەهێز بۆ یەکخستنەوەی ئەم دوو حیزبە بەرز بۆتەوە و ڕۆژبەڕۆژیش لە هەڵکشاندایە. (کوێرە چت دەوێ؟ دوو چاوی ساغ) ئەمە مزگێنییەکی خۆشە و هەڵدەگرێ هەردوو حیزبەکەی لەسەر خەڵات بکرێن. جا بۆ ئەوەی ئەو دەنگۆیە وەڕاست گەڕێ و ئەو خەونە پیرۆزە بێتە دی، چ لەوە باشتر کە چەندی بکرێ زووتر بەرنامەکانیان بۆ جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات تێکەڵ کەن و یووبیلی ئەڵماسی حیزبەکەیان پێکەوە بکەنە جێژن.

خۆ وەختیش بەبەریەوە هەیە و نیزیک بە سێ مانگی بۆ ٢٥ی گەلاوێژ ماوە. دەی جا دەست لە دەست و قەوەت لە خوا، با کورد ئافەرینتان پێ بڵێ و مێژوو شانازیتان پێوە بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی مای ٢٠٢٠

## یەک گرتن ڕەمزی سەرکەوتنە

### نامەی کۆمەڵێک لە چالاکوانی سیاسی و مەدەنی کورد

پاش یەکەم دانیشتنی هەر دوو لایەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی کۆتایی هاتنی کێشەکانی نێوانیان و پرسی یەکگرتنەوە،

کۆمەڵێک لە چالاکوانی سیاسی و مەدەنی کورد لە نامەیەکدا لە ژێر ناوی "یەکگرتن رەمزی سەرکەوتنە" داوا لەهەر دوو لایەنی دیموکرات دەکەن،ریزەکانی دیموکرات یەکخەنەوە و دیموکراتی یەکگرتووش لەسەر چەمکی "مافی دیاریکردنی چارنووس"ی گەلی کورد پێداگر بێت.

### ئەمە دەقی نامەکەیە؛

### یەکگرتن رەمزی سەرکەوتنە

مێژوو سەلماندوویەتی هەتا کورد تووشی پرش و بڵاوی و لێکترازان هاتبێ لاواز بووە لە ئاست داگیرکەران و دوژمنانی کورد و هەتا کورد یەکگرتووش بووبێ خاوەنی هێز و ئیرادە بووە و پێشەوای نەمریش لە وەسیەتنامەکەی خۆیدا ئامۆژگاری گەلی کوردی کردووە کە یەکگرتوو بن.

ماوەیەکە کۆبوونەوەی نێوان رێبەرانی هەر دوو لای حیزبی دیموکرات دەستی پێکردووە و هیوا وهومێدی خستۆتە نێودڵی جەماوەری رۆژهەڵاتی کوردستان و چاوەڕوانی هەواڵی موژدەبەخشی یەکگرتنەوە دەکەن.

بێگومان یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان لەم قۆناغە هەستیارەی ئێستادا زۆر گرنگ و جێگەی بایەخە و گوڕ و تین بە خەباتی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان لە رۆژهەلاتی کوردستان دەبەخشێت، وەلامدانەوەیەکیش دەبێت بۆ ئەو لایەن و کەسایەتییانەی سەر بە نەتەوەی بالادەست کە لەم ماوەیەدا دژایەتی خواستەکانی گەلی کوردیان کرد.

هەروەها یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان سەرەتایەکی گرنگیش دەبێ بۆ کۆتایی هاتنی کێشەکانی نێوان لایەنەکانی دیکەی رۆژهەلات و ئاکامەکەشی دروستبوونی بەرەیەکیی یەکگرتووی نەتەوەیی بۆ رۆژهەلاتی کوردستان دەبێ لە پێناوە بەرژەوەندی نەتەوەیی کە خواستی گەلی کوردە لە رۆژهەلاتی کوردستان.

ئێمە ئیمزاکەرانی ئەم نامەیە بە سەرنجدان بە بڕیاری کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمەڕ یەکگرتنەوە، هیواداریین کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە بڕیارێکی شۆڕشگێڕانە و نەتەوەیی هەنگاوی جیددی بۆ ئەم پرسە هەلبگرێت، داواش لە ئەندامانی رێبەری هەر دوو لای دیموکرات دەکەین وەک چۆن قۆلیان لێ هەلمالیوە، لەو پێناوەدا شێلگیرانە ریزەکانی دیموکرات یەکخەنەوە و دیموکراتی یەکگرتووش لەسەر چەمکی"مافی دیاریکردنی چارنووس"ی گەلی کورد پێداگر بێت.

| ئەو کەسانەی کە ئەم نامەیان ئیمزا کردووە؛ | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دوکتور ئاوات سارێژ | ١٣ | ئەحمەد شێربیگی | ٢٥ | گولالە کەمانگەر | ٣٧ | شۆرش گولکار |
| ٢ | دوکتور محەمەد شوانی | ١٤ | عارف نادری | ٢٦ | چەکۆ ئەحمەدی | ٣٨ | تاهیر قاسمی |
| ٣ | دوکتور گولمراد مورادی | ١٥ | بێبەش پیرۆتی | ٢٧ | جەمال نەجاری | ٣٩ | جەمیل ئەحمەدیڤ |
| ٤ | ئەرسەلان یارئەحمەدی | ١٦ | جەمیل کولاهی | ٢٨ | جەواد حەیدەری | ٤٠ | کەریم فەرخەپوور |
| ٥ | دیاکۆ شێخ ئاقایی | ١٧ | ئاسۆ پیرۆتی | ٢٩ | ئارام عوسمانی | ٤١ | فواد فەتاحی |
| ٦ | سابیر کاکە حەسەن | ١٨ | رەسوول سوولتانی | ٣٠ | کاوە مودەریسی | ٤٢ | ئیبراهیم شیری |
| ٧ | ئارام ئیبراهیم خاس | ١٩ | ئاسۆ خەبات | ٣١ | شۆرش سوولتانی | ٤٣ | ئەنوەر عەباسی |
| ٨ | رەشید زەرواوی | ٢٠ | ژیوار رەسوولی | ٣٢ | ترووسکە سادقی | ٤٤ | ئارێز ئەنداریاری |
| ٩ | ئیبراهیم قەزاق | ٢١ | ئاگری بالەکی | ٣٣ | ئاکۆ کاکایی | ٤٥ | رەحمان دارتاش |
| ١٠ | رزگار رەزا چۆچانی | ٢٢ | ئەحمەد سەفا | ٣٤ | خدر زوحاک | ٤٦ | تاهیر ئیسماعیلپوور |
| ١١ | سامان سەواری | ٢٣ | شاخەوان وەیسی | ٣٥ | سەرکەوت بەهرامی | ٤٧ | عەبدوللا نەجاری |
| ١٢ | ئارتین حەمدی | ٢٤ | ئاژوان یەزدانی | ٣٦ | بێهنام یۆنسی | ٤٨ | محەمەد جەمشیدی |



سەرچاوە
Serchawe

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٩ | رووناک نەسیری | ٦٧ | فارووق ئیسماعیلی | ٨٥ | میدیا بایزیدپوور | ١٠٣ | جەمشید بەهرامی |
| ٥٠ | جیهانگیر عەبدوڵلایی | ٦٨ | محەمەد کۆنەپۆشی | ٨٦ | ئارەش کاوە | ١٠٤ | دڵشاد جەمشیدی |
| ٥١ | برومەند ئەلیاسی | ٦٩ | سامان ئەلیاسی | ٨٧ | ئەشرەف کەرەمی | ١٠٥ | شەمس کەرەمی |
| ٥٢ | جەلال سابری فەرز | ٧٠ | لەتیف پالانی | ٨٨ | - هیوا کەرەمی | ١٠٦ | فەتاح کەرەمی |
| ٥٣ | کاوە حەسەنپور | ٧١ | عامر کرماشانی | ٨٩ | ئەیاز سیاوەشان | ١٠٧ | ئاکۆ پالانی |
| ٥٤ | هەژیر سپێهرەدین | ٧٢ | محەمەد رەشیدی | ٩٠ | هاوار بازیان | ١٠٨ | شاخەوان عەزیزی |
| ٥٥ | شاهروخ مورادی | ٧٣ | خەدیجەی فەلاح زادە | ٩١ | ئاتووسا مورادی | ١٠٩ | جەعفەر رەسووڵی |
| ٥٦ | هەژیر عەبدوڵلاپوور | ٧٤ | شکوفە قوبادی | ٩٢ | کامیل فەتاحی | ١١٠ | ئازاد نارەستی |
| ٥٧ | پێشەوا عەلیپوور | ٧٥ | نەریمان محەمەدی | ٩٣ | عوسمان نۆباری | ١١١ | دڵسۆز یاری |
| ٥٨ | مێهدی مێهرپەروەر | ٧٦ | رزگار حەبیب زادە | ٩٤ | کوردستان رەحیمی | ١١٢ | ساڵە محەمەدپوور |
| ٥٩ | نەوزاد قادر ئیبراهیم | ٧٧ | ئازاد مەستانی | ٩٥ | ئیسماعیل ئاروەند | ١١٣ | قەسیم خان نەرزیوە |
| ٦٠ | سەیران حسێن پەناهی | ٧٨ | نەسرین کەریمی | ٩٦ | سارا حسێنی | ١١٤ | رەسووڵ قورغی |
| ٦١ | سەلاح رەمەزانی | ٧٩ | خاڵە قازی | ٩٧ | ئاسۆ ئەمینی | ١١٥ | ئومێد مەحموودیان |
| ٦٢ | چیا عەبدوڵلاپوور | ٨٠ | هەڵمەت بابۆڵی | ٩٨ | کامیار نازمی | ١١٦ | عەلی قادری |
| ٦٣ | رەحیم مەلا محەمەدی | ٨١ | موحسین خالیدی | ٩٩ | رەفیق بەرگر | ١١٧ | وریا رەحمانی |
| ٦٤ | جەمال پوورکەریم | ٨٢ | شلێر دەروێشی | ١٠٠ | کامیل نەجاری | ١١٨ | کاوە ئەمین |
| ٦٥ | کوێستان عومەرزادە | ٨٣ | سەردار کاوە | ١٠١ | رەحمان شەخسی | ١١٩ | ئەمین خەواله |
| ٦٦ | جەعفەر بابۆڵی | ٨٤ | سلێمان دڵسۆز | ١٠٢ | ئەفراسیاب گرامی | | |

هەروەها کۆمەڵێک کەسایەتی ناوسراوی ناوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان لە ناوەرۆکی ئەم نامەیە ئاگادار کراوەنەتەوە و پشتیوانی خۆیان لەم نامەیە دەربڕیوە، بەڵام لەبەر هۆکاری تایبەت ناویان لێرەدا نەهێندراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## دێموکڕاتەکان چۆن بەرەو یەکگرتنەوە بچن؟



**کەریم فەرخەپوور**

دوای ئەوەی کە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دەرگای دیالۆگی لە گەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کردەوە، مەسەلەی یەکبوونەوە یا یەکگرتنەوەی ئەو دوو لایەنە پێی نایە قۆناغێکی تازەوە و هیوا بە بەرەوپێش چوونی ئەم پرۆسەیە زۆرتر بووە. بە تایبەت کە لە ڕۆژانی داهاتوو دا سەرەڕای بێدەنگیی دوولایەن، هەواڵی یەکەم دانیشتنی نێوان سکرتێرەکانی دوو لایەن لە مێدیاکانەوە بڵاو کرایەوە، هیوا و هومێدێکی زیاتر بە هەوڵدان بۆ یەکخستنەوەی ناو ماڵی دێموکرات پەیدا بووە. بەڵام ئەوەی کە دیالۆگی نێوان ئەو دوو لایەنە بە چ شێوەیەک و لە چ ئاستێک و لە سەر چ ئەساسێک دەست پێدەکات، تا ئێستا بە شێوەی فەرمی ڕانەگەیەندراوە و هیچکام لە دوو لایەن ئامانجی ڕوونی خۆیان بۆ وتوویژ و چوارچێوەی وتوویژەکان ڕانەگەیاندووە..

بە بڕوای من لە پێناو یەکگرتنەوە دا، ڕێبەرایەتی دوو لایەنی دێموکرات پێویستە چەند خاڵێک لە بەر چاو بگرن:

١- لەم سەرەتایە دا پێویستە هەردوو لایەن هەنگاو بنێن بۆ خاوێن کردنەوەی ئەو فەزایەی کە لە نێوان دوو لایەن دا حاکمە و بە داخەوە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوو دا ئاڵۆزتر بووە. پێویستە هەر کام لە لای خۆیەوە ئەندامان لە قەڵسە لێک گێڕان و بوغزاندنی لایەنەکەی تر وشیار بکاتەوە و داوایان لێ بکەن کە چیدی ناو و ناتۆرە لە لایەکەی تر نەنین و ئەوەی دی بە سووک ناو نەبەن و کۆتایی بە شەڕی ڕاگەیاندن دژی یەکتر بێنن.

٢- هەردوو لایەن کەسانی میانەڕەو و ئاشتیخواز بۆ لێژنەی دانوستانەکان دیاری بکەن و لە سپاردنی کارەکان بە کەسانی

توندڕەو خۆ بپارێزن. ئەوەنـدەی دەکرێ لێژنەکـان بـۆ وتـووێژ بە سەرپەرەستیی هەردوو سکرتێر و بەشداری ئەو کەسانە بەڕێوە بچێ کە کەمتر لە ناکۆکی و رق و کینەی شەخسی گلاون.

٣- دوو لایەن پێویستە بەو جـۆرەی کە هەن نەک بەو جـۆرەی دەیـانهەوێ، ئەوی دی قەبـوڵ بـکەن و بە فەرمـی بناسـن. بەچاوادادانەوەی هەڵەکـانی تـا ئێستا و پێداگری لە سەر سیاسەتەکانی تـا ئێستایان دژ بە یەکتر، تەنیـا خولانەوە بە دەوری بـازنەیەکی بۆش و بێ ئاکامە و هیچی لێ شین نابێتەوە.

٤- هەردوو لایەن لەم سـەرەتایە دا و بە یەکەوە بڕیـار بـدەن و رابگەیەنـن کە ئامانجیـان لە دانیشـتن و وتوویژەکـان یەکگرتنەوە و وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتە.

٥- بە پێچەوانەی رابـردوو کە رێبەرایەتـی هەر خـۆی لە پشت دەرگـا داخراوەکـان یەکـی گـرتەوە، ئەمجارەیـان پێویستە لە بیـروڕای خەڵکـی دیکە بە تـایبەت بەدەنەی حیـزب کەلـک وەربگـرن و لەم پرۆسـەیەدا هەم لە بـاری فکری و هەم لە بـواری عەمەلـی دا بەدەنە بەشـدار بـکەن. واتە هەم رێبەری و هەم بەدەنە بە شـێوەی هاوتـەریب و بەو جـۆرەی خـوارەوە هەنگـاو بەرەو یەکگرتنەوە بنێن و رێگاکە خۆش بکەن:

الـف. رێبەریـی دوو لایەن بە یەکەوە کـار بـکەن بـۆ دارشـتنی سیاسـەتی هـاوبەش بە مەبەسـتی رووبەڕوو بـوونەوە لە گەڵ رووداوەکانی رۆژ و لە کاتی پێویست دا بەیاننامە و راگەیەندراوی هاوبەش بە بۆنە جۆراوجۆرەکان بڵاو بکەنەوە.

ب. دەستی بەدەنە، نوێنەرایەتی، رێکخراوەکانی لاوان، ژنـان و خوێنـدکاران ئـاوەڵا بکەن بـۆ هاوکـاری و کـاری هـاوبەش لە گەڵ یەکتر بە تـایبەت بەڕیوەبردنی جێژن و بۆنە مێژووییەکانی حیزب.

٦- بـوونی دوو دیمـوکراتی بەرهەمـی نـاکۆکی و دژایەتیەکـانی دوو لایەنـی حیزبـی دێمـوکرات لە گەڵ یەکتـرە. ئەگەر ئەوان بتوانن بە یەکەوە ئەو هەنگاوانەی سەرەوە هەڵبگرن، دەلیلێک بـۆ درێـژەدان بە بـوونی دوو دێمـوکراتی نـامێنێ و دوو لایەن بە شـێوەی ئۆتوماتیـک بەرەو یەکگـرتنەوە دەچـن. لە وەهـا دۆخێـک دایە کە یەکگـرتنەوەی دوو لایەن بە قیمەتـی دۆڕانـی هیچکام لە دوو لایەن تەواو نابێ و دەکرێ بڵێین یەکگرتنی دڵخوازی زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەندامانی حیزب دەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

**لەو دانوستانانە دا پێویستە:**

**٨- لە گەڵ ئەوەی کە نابێ لە بیری دوو دیٚموکراتی و درێژ کردنەوەی ماوەی لێکدابڕان دا بین، هەر لەو کاتەشدا نابێ پەلە بکرێ لە پرۆسەی یەکگرتنەوە و پێویستە دوو تا سێ ساڵ وەک دوو لایەن بە یەکەوە هاوکاری بکەن و لە سەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان بەیاننامەی هاوبەش دەربکەن.**

**٩- هیچ لایەنێک نابێ بە دوای ئیمتیازدا بگەڕێ یا لە بیری شکستی لایەنی بەرانبەردا بێت. هەموومان دەبێ بە دوای سەرکەوتنی حیزبی دیٚموکرات لە گشتایەتی خۆی دا بگەڕێین نەک تەنیا لایەنەکەی خۆیان.**

**١٠- وتوویژ نابێ هەر بۆ دانیشتن و وتوویژ بێت و پێویستە بە دوای چارەسەردا بگەڕێین و هەموو راو بۆچوونەکان پیویستە لە راستای یەکبوونەوەی حیزب دا بێت.**

**١١- پێویستە مکانیزمێکی گونجاو بۆ یەکگرتنەوە دابندرێ، مافی هەموو لایەنەکان لە بەر چاو بگیرێ، ڕێز لە بۆچوونی هەموان بگیرێ، رێبەرایەتی و بەدەنە بە قەناعەتەوە یەک بگرنەوە و یەکگرتنەوە بۆ هەموان ئەوەندە سەربەرزانە و بە دوور لە دۆڕان و بردنەوە و لە سەر ئەساسیک بێت کە لە داهاتوودا شاهیدی ئەو لێکترازانانە نەبین.**

**سەرچاوە: وێبسایتی دیٚهاتی، ڕێکەوتی: ٢٨ی تەمموزی ٢٠١٣**

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## یەک گرتنەوە، خەون یاواقعیەت



**فەرشید**

ماوەیەکەلە سەر سایت و ماڵپەڕەکان داواکاری ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب و دڵسۆزانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان دەبینم کە بەکۆکردنەوەی واژۆ، داواله ڕێبەرایەتی حیزب و بە تایبەت هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاک مستەفا هیجری دەکەن کە بۆ یەکگرتنەوەی دووباڵی حیزب لە گەڵ بەڕێز کاک خالید عەزیزی و سەرکردایەتی برادەرانی جیابۆوە ، بکەونە دیالۆگ و ڕێگاچارەیەک بۆئە و لێک ترازان و جودابونەوانە، بدۆزننەوە.

شک و گومانم لەوە دا نیە کە ئەو هەڵوێستە لە نیازپاکی و هەست بە بەرپرسایەتی کردنی ئەو هاوڕێیانە سەرچاوە دەگرێت، بەرامبەر بە چارەنووسی حیزب و گەلەکەمان و خەباتە دوورو درێژەکەمان بۆ ئازادی و سەربەرزی و ڕزگاری. هەربۆیە، منیش بە نۆرەی خۆم پشتیوانی لە نەفسی عەمەلەکە دەکەم و پێم کارێکی پیرۆزو هە ڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەیە. بەڵام پرسیارێکی زۆر گرینگ و هەستیار هەیە کە وەڵامەکەی پێویستی بە لێکدانەوەیەکی زۆرو زانستیانە و هەمە لایەنانەوە هەیە، ئەویش ئایا بە ڕاستی یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکرات، زەمینەی بەکردەوەی هەیە؟ ئایا کێشەیەکی دەیان ساڵە لە نێو دووباڵی حیزب داکە نەتیجەکەی تا بە ئێستا سێ ئینشعاب و لێکترازی لێکەوتۆتەوە، هەروا بە ئاسانی و بە داواکردن و کۆکردنەوەی واژۆ،حەل دەبیت؟

بۆ وەڵام دانەوە بەو پرسیارانەوە زۆر پرسیاری تری پێوەندی دار، پێویستە بە خەسارناسیەکی زانستیانە لە سەر ئینشعابەکانی پێشووو دەست نیشان کردنی هۆیەکان و هۆکارەکان، دەستەکانی پشتی پەردە، عەواملی زینەفع لەو لەت لەت کردن و جودا بونەوەانەدا، بە بێ ئەوەی تەنیا بە تاوانبار کردنی یەکترو خەتابار کردنی ئەم و ئەو و خۆ پەڕاندەنەوە و تاوانبارکردنی سەدلەسەدی لایەنی بەرامبەرو خۆ شاردنەوەو هەڵاتن لە ژێرباری بەرپرسایەتی، هەرکەس بە خۆی دابچێتەوە و شەهامەتی ئەوەی هەبیت کە پێ لە سەر هەڵەکانی خۆی دابنێت.



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەر بێت و ئەوکارە بکرێت بە بێ گومان، بەشێکی زۆری کێشەکان چارەسەر دەکرێن وزەمینە بۆ دیالۆگ و دانیشتنێکی دۆستانە دا خۆش دەکرێت و لە نەهایەتیش دا، ڕەنگە ئاکامەکەی بێتە یەکگرتنەوە و گەورەتربوونەوەی دووبارەی حیزبە دێموکرات و دڵخۆش بوونی بە ملیۆنان لە خەڵکی کوردستان و بنەماڵە ی سەربەرزو ڕووسوری شەهیدان و خەمخۆرانی بزوتنەوەکەمان.

هیوادارم، ئەوبردەرانەی کە پێش تر بە بێ گوێ دان بە ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدان کە ئێستا زۆر جاران دەبیستم کە سەنگی وان لە سینە دەدرێت و زۆر نابەرپرسانە تەسلیمی ویستی قودرەت خوازی و کورسی پەرەستی کە سانێکی تر بوون و بە شانازیەوە دەڵێن کە حیزبیان لەت کرد(هە رچەند من نازانم لەت لەت کردنی حیزب، چ شانازیەکی تێ دایە)، ئیتر ئەم جارەیان یەکجار و بۆ هە میشە بە روحێکی کوردانە و حیزبیانە کە من دڵنیان لە هەر دو و باڵی حیزب کەسانی زۆر دڵسۆز و نیشتمان پەروەر لە رێبەرایەتی دا هەن کە بتوانن رێگاچارەیەکی باش و گونجاو بدۆزنەوە بە بێ ئەوەی هەڵەکانی پێشوو دوپات بکرێتەوە.

هەر چەند باش دەزنم کە قازانج پەرەستان لە هەر دوولایەن، ئەوانەی لە سایەی ئەو ئینشعاب و جودابونەوەیە دا بە پلە و پایە و نان و نەوایەک گەیشتوون، ڕەنگە کۆستی ئەسڵی بن لە بەردەم ئەم پرۆسەیە دا. بەڵام بە خۆشیەوە ئەوانە لە ئەقەلیەت دان بەو درایەت و حیکمەتەی کە من لە بەڕێزان کاک مستەفا هیجری و کاک خالید عەزیزی دا دەبینم سەرکەوتن بەسەر کورسی پەرستانی پاوان خواز لە دوولادا، زۆر گران و دژوار نابیت.

هەر بۆیە هەموو ئەو کەسانەی کە دڵیان بۆ دێموکراتێکی یەک پارچە و گەورەو کاریگەر لە سەر رەوتی رووداوەکانی ناوچەو ئێران و کوردستان وەک زەمانی پێشوو، لێ دەدات داوا دەکەم هەر کەس بە ئەندازەی توانای خۆی هەوڵ بدات بۆیەکریزی و یەکگرتنی هەر دووباڵی حیزب.
بەو هیوایەی کە جارێکی تر خەڵکی کوردستان و ئەندامانی دڵسۆزی حیزب، چی دیکە پرسیاریان لێ نەکرێت کە سەر بە کام باڵی حیزبی و ئەم جارەش بە شانازیەوە بڵێن ئێمە ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی یەکگرتووین،

بەو هیوایە.

سەرچاوە: وێبلاگی :کوردوستانێکی ئازادو فێدێڕاڵ - ڕێکەوتی: ٣ی مارچی ٢٠١٠

## دێموکراتەکان و کۆبوونەوە لە پێناو کۆبوونەوەدا!



**کەریم فەرخە پوور**

ڕۆژی پێنج شەممە ١٠ی نۆڤەمبر بە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دێموکراتەکان بۆ چوارەمین جار بە شێوەی فەرمی لە گەڵ یەک کۆبوونەوە.

چاوەڕوان دەکرا ئەو کۆبوونەوەیە بە دوای سێ دانیشتنەکەی پێشوودا، ڕەوتی لێکنیزیکبوونەوەی دوو لایەن خێراتر بکا بەڵام ئەوەی لە هەواڵ و ڕاپۆرتی دوو لایەن دا بیندرا، درێژەدان بە کۆبوونەوە و دانیشتنە بێ بەرنامە و بێ ئامانجەکان بوو.

کێشەو ناکۆکی نێوان دوو لایەنی دێموکرت لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، یەکێک لە باس و بابەتە گرینگەکانی نێو ڕیزەکانی هەر دوو لایەن بووە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە. ئەگەر لە ڕابردوو دا لە نێو بەدەنەی دوو لایەن دا ئەو باسە دەکرا ئەوە ئەمڕۆ باسەکە لە نێو ڕێبەرایەتی و شەخسی یەکەمی هەر دوو لایەن دا بە شێوەی ئاشکرا و فەرمی هاتۆتە گۆڕێ و کۆبوونەوەی لە سەر دەکرێ. لە سەرەتای دانیشتنەکاندا ئەندامانی هەر دوو بەش و خەڵکی کوردستانیش هیوا و ئومێدێکی زۆریان بە یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکڕات هەبوو و یەکبوونخوازانی دێموکڕاتیش خەریک بوو دەستی خاترجەمیان دەدایە ژێر سەر و بەو قەناعەتە گەیشتبوون کە ڕێبەرایەتی هەر دوو لا لانیکەم دەیانهەوێ کێشەکە چارەسەر بکەن. بەڵام دوای چەند کۆبوونەوەی بەردەوام و بە نۆرە لە بنکەی هەر دوو دەفتەری سیاسی و ئاخرین کۆبوونەوەی هەردوو لایەن بە سەرپەرستی هەر دوو سکرتێر بە داخەوە خەریکە لە یەکبوونەوەی دێموکڕاتەکان نائومێدمان دەکا.

لەو چەند کۆبوونەوەدا هەتا ئێستا هیچ لایەنێک نووسراوەیەکی کۆنکرێتیان نەداوەتە دەر کە کۆبوونەوەکان بە چ

مەبەستێک ئەنجام دەدرێن و لە سەر هیچ خاڵێکی هاوبەش ڕێککەوتنێک نەهاتۆتە ئاراوە. وەک لە ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکان کە لە زمان ڕاگەیەنەرەکانی دوو لایەنەوە بڵاو دەبنەوە، باسەکان بە دەوری هەموو دنیادا سووڕاونەوە ئیللا ئەوەی خەڵک دەیهەوێ و پێویستیی حیزبی دێموکرات و بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەموو هەوڵ و هەنگاوەکانی یەکبوونخوازانی دێموکڕات وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتە و ئامانجی کۆبوونەوەکانیش پێویستە و چاوەڕوان دەکرێ لەو ڕاستایە دابێت و ڕێبەرایەتی بە دوای کردنەوەی ئەو گرێی گوێرەیەدا بگەڕێت کە ئەویش ناوی حیزبی دێموکڕاتە کە بە بڕوای من کێشەی ئەسڵی ئەو دوو لایەنەیە و هیچ ناکۆکیەکی بەرچاوی دیکە لە ئارا دا نییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نایهەوێ ئیعتراف بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بکات یا وەک دوو لایەنی دێموکرات یەکبگرنەوە و لایەنی حدک یش یەک قەدەم پاشەکشە ناکات کە تا ئێستا بێجگە لە حدکا لە لایەن هەموو حیزب و ڕێکخراو و ئۆرگانە ڕەسمیەکانی وڵاتانی دەرەوەش بە ناوی حدک ناسراوە و بۆ هەموو شوێنیک هەر بەو ناوە دەعوەت دەکرێ و پرس و ڕای پێدەکرێ. قبووڵ نەکردنی حدک لە لایەن حدکا وە یا ئیعتراف نەکردن بەوەی کە وەک دوو لایەنی دێموکرات یەکبگرنەوە، ئەوا کێشەکە کۆتایی نایە و تەنیا خەڵکی کوردی تێدا ڕەنج بە خەسار دەبێت.

لە دانیشتنی ئەم دواییانە دا ئەو دوو لایەنە دوو ڕاپۆرتی جیاوازیان بڵاو کردۆتەوە کە بە بڕوای من پێچەوانەی یەکترن. لە ڕاپۆرتی حدک دا ئەگەرچی نەتیجەی قسە و باسەکانی تێدا نەهاتوە کە لە سەر چی ڕێککەوتوون هاوکات بە درێژی باس لە مەسەلەی یەکبوونەوەی دیموکڕاتەکان کراوە و ئیشارەی بە قسەی بەشدارانی کۆبوونەوەکە کردووە بەڵام بە داخەوە لە ڕاپۆرتی حدکا دا بە پێچەوانەی ڕاپۆرتەکانی پێشوو، تاقە یەک وشە بەرچاو ناکەوەێ کە باس لە چارەسەری کێشەی ئەو دوو لایەنە کرابێ و خۆی بە کێشەی سوریا و تورکیا و وڵاتانی عەرەب سەرقاڵ کردووە. ئایا نووسەری ڕاپۆرتەکە دژی یەکبوونە و نەیویستوە باس لە یەکرێزی بکات یا ئەوە سیاسەتی ڕەسمی حدکا یە لەو دانیشتنانە؟ ئەگەر سیاسەتی ڕەسمی حدکایە، لە پێناو چ ئامانجێک دا درێژە بە کۆبوونەوەکان دەدا و گەرەکیەتی ئەم پرۆسەیە بەرەو کوێ بچێ؟ ئەگەر حدک وەک لایەن ئیشارە و ئیعترافی پیناکرێ، ئەی چۆنە کە لە گەڵ ئەو لایەنەی کە ئیعترافی پیناکەی باسی کێشەیە هەموو دنیای لە گەڵ دەکەی؟

لەو ماوەیەدا هێندێک قسە و باس بەر گوی دەکەون کە گۆیا بەشێک لە ئەندامانی ڕیبەری دەیانهەوێ دوو لایەنی دێموکرات هەر وا بمێننەوە و کار و تێکۆشانی خۆیان درێژە بدەن و پێویست بە یەک گرتنەوە ناکات. هەدەفی ئەو کەسانە بێگومان تەنیا پاراستنی بەرژەوندیە شەخسیەکانیانە و هیچی تر. ڕێبەرایەتی هەر دوو لایەنی دێموکڕات دەبێ ئەوە بزانن کە بەدەنەی هەر دوو لایەن بێجگە لە یەکگرتنەوە بە هیچ ڕێککەوتنێکی دیکە رازی نابێت و لە کاتی خۆیدا هەڵویست دەگرێ.



سەرچاوە
Serchawe

هەر ڕێککەوتنێکیش ئەگەر بە ئامانجی یەکگرتنەوە نەبێ ئەوا تەنیا بە کەڵکی واژۆکەرانی ڕێککەوتنەکە دێ نەک خەڵکی کوردستان و بەدەنەی حیزب. ئەو کەسانەی کە لە ڕێبەرایەتی دا نیگەرانن و پێیان وایە ناتوانن بە یەکەوە کار بکەن و چاویان بە یەکتر هەڵنایە ئەوا باشترین ڕێگا ئەوەیە کە دەست لە پۆستەکانیان هەڵگرن و بە شێوەیکیتر درێژە بە خەبات بدەن، بەرژەوەندی حیزب فیدای بەرژەوەندیەکانی خۆیان نەکەن و ڕێگا بدەن خەڵکانی دیکە ئەو مەسئوولیەتە بگرنە ئەستۆ.

بەدەنەی حیزب نابێ دەست لە سەر دەست دابنێ و هەر چاوەڕێی کۆبوونەوە بێ ئاکامەکان بێت. پێویستە زۆر بە جیددی هەڵوێست بگرێ و داوا لە ڕێبەرایەتی بکات کە هەرچی زووتر بێنە سەر ئەسڵی مەتڵەب کە یەکگرتنەوەیە و چیتر قبووڵ نەکات کە کۆبوونەوەکان هەر بۆ دانیشتن و درێژەدانی کۆبوونەوە و کات بە فیڕۆ دان بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٣

-------------------------------------------

## گەڵاڵە بۆ یەکبوونەوەی حیزبی دێموکڕات

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!

وەک هەموو لایەک ئاگادارن بەخۆشیەوە بۆ دوو ساڵ دەچێ کە پێوەندیی نێوان دوولایەنی حیزبی دێموکڕات

پاش چەند ساڵ لە دابڕانی ئەم دوو بەشە کەوتۆتە قۆناغێکی نوێوە کە هەموو دڵسۆزانی کورد بەخۆشیەوە پێشوازی‌یان لێکردووە بەچاوی هیواوە لێیان ڕوانیوە. ئێمە لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی تازەی پێوەندی‌یەکانەوە لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە وتوویژێکی وردو جیددی بۆ وەسەریەکخستنەوەی دوو لایەنی حیزبەکەمان دەست پێبکەین کە بناغەیەکی پتەو بۆ پێوەندیە نێوڕێکخراوەیی (درونتشکیلاتی)یەکان دابنێو یەکبوونەوەو یەکمانەوەی حیزبی دێموکڕات مسۆگەر بکا. بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا نەگەیشتووینە ئەو ئاکامە دڵخوازە.

چەند مانگ لەمەوبەر دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گەڵاڵەیەکی بۆ وتوویژ لەسەر چۆنیەتیی یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزب پێشکەش بە لایەنەکەی دیکەی دێموکڕات کردو داوای کرد کە یان ئەو گەڵاڵەیە بکرێتە بناخەی وتوویژ بۆ چارەسەری مەسەلەکە، یان ئەوانیش گەڵاڵەی خۆیان ئامادە بکەنو بیدەن بە ئێمە تا بە لەبەرچاوگرتنی هەردووکیان سیغەیەکی جێگای پەسندی هەردوولا بدۆزینەوە. بەداخەوە لەبەر هەر هۆیەک بووە چەند مانگ چاوەڕوانیی ئێمە بێئاکام بووەو تائێستا وەڵامێکی هیوابەخشمان لەو هاوڕێیانەوە پێنەگەیشتوە. بۆیە ، لێرەدا دەقی ئەو گەڵاڵەیە دەخەینە بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. بەو ئاواتە کە ئاگاداربوونی ڕای گشتی لە بۆچوونەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ یەکبوونەوەی دێموکڕاتەکانو داوای دڵسۆزانەی هەمووان بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی یەکبوونەوە پاڵنەرێک بێ بۆ ئەوەی لایەنی بەرامبەر بە جیددییەتێکی زیاترەوە بێتە نێو پرۆسەکەو ئەم ڕەوتە زووتر بە ئاکامی دڵخواز بگا.

### ئەوەش دەقی گەڵاڵەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکڕات

### گەڵاڵە بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات

### پێشەکی

بە دوای لێکترازانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، ئەگەر چی هەر دوو لای ئەو حیزبە (حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) درێژەیان بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان داوە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا، رابردووی دێموکرات و خۆشەویستی و پێگەی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا، وای کردوە کە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکرات و زۆربەی خەڵکی کوردستان، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بە گرنگترین داوا و پرسی خۆیان بزانن، داوایەک کە لە نیو ئەندامان و ڕیزەکانی هەر دوولادا ڕەنگی داوەتەوە و کەوتۆتە قۆناغی بەدواداچوون و دۆزینەوەی ڕێگاچارە.

لە ژێر ڕووناکایی ئەم راستییەدا، بۆ ئەوەی هەر دوو لای دێموکرات بە یەکەوە بتوانن حیزبی دێموکراتێکی بە هێز و یەکگرتوو، بۆ وڵامدانەوە بە چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و جێبەجێکردنی رەسالەتە مێژوویەکەی ئامادە بکەن، حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم گەڵاڵەیە بە مەبەستی وەسەریەکخستنەوەی دێموکراتەکان پێشنیار دەکا:

**ئامانجی گەڵالەکە:**

- یەکگرتنەوەی هەنگاوبەهەنگاوی حیزبی دێموکرات لە پرۆسەیەکی زەمانیی دیاریکراودا

(لە ڕێککەوتن لە سەر گەڵالەی یەکگرتنەوە تا پێکهێنانی کۆنگرەی ١٦).

- دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی حیزبی دێموکرات دا کە وەڵامدەر و دەستەبەری یەکڕیزی و پێکەوە بوون و خەبات و تێکۆشانی رۆڵەکانی بێت و بەر بە دووپاتبوونەوەی ئەزموونە ناخۆشەکانی لێکدابڕانەکانی ڕابردوو بگرێت.

**چەند پرەنسیبی بناغەیی بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات:**

ئەلف - حیزبی دێموکرات دوای وەدەستهێنانەوەی یەکیەتیی خۆی و لە کۆنگرەی داهاتوو ج(کۆنگرەی ١٦) دا، ڕێوشوێن بۆ چۆنیەتیی بەکاربردنی ئەو دەستەواژانە پەسند دەکا کە بە ناو و ناسنامەی حیزبی دێموکرات دەژمێردرێن.

ب - سەرجەم ئەسناد و ئارشیوی هەموو ئورگانەکانی حیزب لە هەر دوولا، ئیمکاناتی تەداروکاتی و خەدەماتی، کەلوپەلی ئورگانەکان، چەک و تەقەمەنی، ئیمکاناتی راگەیاندن (رادیۆ و تیڤی، رۆژنامە و سایت، سەرچاوەی داهات و دارایی نەقدی و سەرمایەو کەلوپەل و ئەملاکی حیزبیی هەر دوولا بە ڕوونی لیستیان دەگیرێ و دەبنە ملکی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو).

ج - لە ماوەی نزیک بە حەوت ساڵی ڕابردوودا هەر بڕیارێک لە هەر لایەک درابێ کە بەرهەمی حاڵەتی نائاسایی نێوان دێموکراتەکان بووبێ، هەڵدەوەشێندرێتەوە و بەتاڵ دەکرێ و لە ئیعتبار دەکەوێ.

د - چ لە باری سیاسی و پێوەندی و دیپلۆماسی و هەڵوێست و ڕوانگەی حیزبەوە، چ لە باری تەشکیلات و نەزم و

ئینزباتەوە، ئایین نامە و هەموو شتە هاوبەشەکان یەکسان دەکرێن و دەبن بە خەت و ڕێبازو بڕیاری حیزبی یەکگرتوو. بەڵام ئەگەر لە یەکێک لە بوارەکانی سیاسی، تەشکیلاتی و مودیرییەتی، ئیداری و هتد دا جیاوازییەک بەرچاو کەوت، هەوڵ دەدرێ پێش بەستنی کۆنگرە خوێندنەوەی هاوبەشیان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگینا لە کۆنگرە دا بڕیاریان لە سەر دەدرێ.

و - پاش هەڵگیرانی هەموو هەنگاوەکانی وەسەریەککەوتنەوەی حیزبی دێموکرات، بۆ ئەوەی یەکرێزییەکی پتەو و واقیعی لە نێو حیزب دا بێتە ئاراوە و هەر دوولا بەتەواوی پێی پابەند بن، بە بڕیارێکی تایبەت، کۆنگرەی ١٦ مێژووی ئەو چەند ساڵەی هەر دوو بەشی دێموکرات بە مێژووی حیزب بەگشتی دەناسرێ.

**قۆناغەکانی یەکگرتنەوە(میکانیزم و هەنگاوەکان):**

**قۆناغی یەکەم (قۆناغی دەسپێک):**

**وەک دەسپێکی پرۆسەی یەکگرتنەوە، کۆمیتەی ناوەندیی هەر دوو لا:**

١- پرەنسیپە بناغەییەکانی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات و بەرنامە بۆ جێبەجێکردنی، پەسەند دەکەن،
٢- هەیئەتەکانی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پرۆسەی یەکگرتنەوە ڕادەسپێرن.
٣- بە هەماهەنگی لە گەڵ یەکتر، لە سەر زەمانی گرتنی کۆنگرەی ١٦، وەک دوا هەنگاوی پرۆسەی یەکگرتنەوە، ساغ دەبنەوە.

**قۆناغی دووهەم (ئامادەکاری بۆ کۆنگرە)**

**هەیئەتە دیاریکراوەکان:**

١- جەدوەلێک بۆ زەمینەسازیی خستنەوەسەریەکی ئۆرگانەکان و بەشە هاوشێوەکانی هەردوو لا ئامادە دەکەن. لەم پێوەندییەش دا:

- لیستی پێرسۆنیل (کادر و پێشمەرگە)، ئاماری ئەندامانی ئاشکرا (لە کوردستان و دەرەوەی وڵات) لیستی دارایی و ئیمکاناتی ئۆرگان و بەشە هاوشێوەکانی هەر دوو لا و ئاییننامەکانیان، لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

- کۆڕو کۆبوونەوە و سمیناری هاوبەش بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونەکان و دروستبوونی دید و تێگەیشتنی هاوبەش لە بارەی کار و ئەرکی داهاتوو، لە نیوان ئۆرگان و بەشە هاوشێوەکان پێک دەهێنن.
- ڕێوشوێنی پێشنیاری بۆ سازماندانەوەی هێزی کارو شوێنی نیشتەجێ بوونی هەر ئۆرگان و بەشێک و هەماهەنگی لە نیوانیان دا، گەڵاڵە دەکەن.
- بە گوێرەی زەوابیت و پێوانەی وەکیەک، پلە و پایە و مەوقعییەتی تەشکیلاتیی هەر کادر و پێشمەرگە و ئەندامێک (لە هەر لایەک لەم دوو لایەنە بێت)، لە لای خۆیان سەبت و جێگیر دەکەن.

٢- کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ ئامادە کردنی کۆنگرەی ١٦ پێشنیار دەکەن. ئەرکی کۆمیتەکە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە دەبێ:

- گەڵاڵەی بەرنامە و پێڕەوی نیوخۆی حیزب بۆ پەسندکردن لە کۆنگرەی داهاتوودا ئامادە دەکا.
- بەرنامە و میکانیزمی بەستنی کۆنفرانسەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات و پێکهێنانی کۆنگرە پێشنیار دەکا.

- لیستی ئەندامانی تەشکیلاتیی هەر دوولا، لە کاتی دیاریکراودا دا وەردەگرێ.
- شێوە و میکانیزمی گونجاو بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرە دا، دەدۆزێتەوە.
- ئەو بەڵگەنامانەی دەبێ لە کۆنگرە دا باسیان لە سەر بکرێ و پەسند بکرێن، گەڵاڵە دەکا.

٤- ڕێوشوێنە پێشنیارییەکان و ئەو قەرار و بڕیارانەی دوو هەیئەتەکە لەسەری ساغ دەبنەوە، بە پەسەندی ڕێبەریی هەر دوو لایەنی، دەگەیەنن.

**تێبینیی ١:**

کۆنگرەی ١٦ بە پێی پێڕەوی نیوخۆ لە ئەندامانی ڕێبەریی هەر دوو لای دیموکرات (هەڵبژێردراوانی کۆنگرە و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی) و ڕێژەیەک لە نوێنەرانی کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامان کە ئەو دوو ڕێبەرییە لە سەری ساغ دەبنەوە، پێک دێت.

**تێبینیی ٢:**

بە ئامانجی پێکهاتنی زۆرترین هاوفکری و هەماهەنگی لە بارەی کاروباری پێوەندیدار بە کۆنفرانسەکان، بەر لە

دەستپێکردنی کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرە، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەریی هەر دوو لا و هەیئەتە دیاریکراوەکان و کۆمیتەی ئامادەکردن پێک دێت.

**قۆناغی سێهەم (قۆناغی کۆتایی)**

**دوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکان، هەر دوو کۆمیتەی ناوەندی کۆمیتەی ناوەندی + هەیئەتە دیاریکراوەکان و کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە) لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش دا:**

١- گوێ لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە دەگرن و هەڵی دەسەنگێنن.
٢- ڕاپۆرتی سیاسیی ئامادەکراو بۆ کۆنگرە تاو وتوێ دەکەن و پەسەندی دەکەن.
٣- لە سەر بەڵگەنامە پێشنیارییە ئامادەکراوەکان کە دەبێ کۆنگرە دەنگیان پێ بدا، بڕیار دەدەن.
٤- شێواز و میکانیزمی هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی لەکۆنگرەی ١٦ دا پەسەند دەکەن.
٥- کۆنگرەی ١٦، کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەبێ و ڕەسمییەت بە یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دەدا.

**تێبینی ٣:**

ئەو حاڵەتانەی لەوانەیە لە نێوان دوو لایەن دا جێی باس و مناقشە و ناکۆکی بن و لەم گەڵاڵەیە دا نەهاتوون، بە پێی گرنگییان، لە ئاستی هەیئەتەکان یا دەفتەری سیاسیی هەر دوو لا دا، بڕیاریان لە سەر دەدرێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**١٠ی ئەپریلی ٢٠١٤**

-----------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## لە هەنگاو بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان پشتیوانی دەکەین

ماوەیەکە لە لایەن ژمارێکی زۆر تاکی ئەندام یا لایەنگری هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات و هەروەها کەسانی سەربەخۆوە، هەنگاوێک بە سەردێری "کەمپینی یەکی بەفرانبار"، بەمەبەست و خواستی یەکگرتنەوەی هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکرات وەرێکەوتوە.

ماڵپەڕی هەڵوێست وێڕای پشتیوانی لەو هەنگاوە دڵسۆزانەیە، کاری ئەو کەسانە بەرز دەنرخێنی و بەهەست بە بەرپرسایەتی کردنی ئەو تاکانە لە ئاست بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ . هەنگاوێک کە بێگومان کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و رۆژهەڵاتیەکان بەتایبەتی پێشوازیی لێدەکەن.

بەباوەڕی ئێمە هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات، لەم هەلەدا کە مێژووی ناوچەکەمان لە حاڵی نووسینەوەدایە و کورد بۆ یەکەمجار نەک وەک چاوێلکەرێک، بەڵکوو وەکو یەکێک لە ئاکتورەکانی ئەو وەرچەرخانەیە، دەبێ بەرپرسانە و سەردەمیانە هەڵسوکەوت بکەن و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە کە لە ئامانج و بەرنامەدا جیاوازیەکیان،نییە، بە پیری خواستی ئەو کۆمەڵە تاکە و هەروەها خواستی کۆمەڵانی خەڵکەوە بۆ یەکگرتنەوە بین.

ئاشکرایە چاوەروانی خەڵک بۆ ئەو یەکگرتنەوە ئەوەیە کە بەتیفکرین و رەچاوکردنی رێکار و مێکانیزمێکی وا ئەنجام بدرێت کە هیچ مەودایەک بۆ باندبازی ، فەرد مێحوەری و ناوچەگەرایی ، کە هۆکاری سەرەکیی لە دووبەرەکی و جیاوبوونەوەکانی پێشوو بون،نەمێنێتەوە.

ماڵپەڕی هەڵوێست وێڕای پاراستی رێبازی رەخنەگرانەی خۆی و سەرەڕای ئەو رەخنانەی لە هەردوو باڵی حیزبی دێموکرات هەیەتی، یەکگرتنەوەی ئەو لایەنە بە قازانجی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات دەزانێت و پشتیوانی لێدەکات. تا بەڵکوو



سەرچاوە
Serchawe

ئەو هەنگاوە سەرەتایەک بێت بۆ کۆتایی هاتن بە لێکترازان و جیابوونەوەکانی ناو حیزبەکانی رۆژهەلات و لەوانە کۆمەلە و خۆشبوونی بوارێک بۆ پێکهێنانی بەرە ،یا ناوەندێکی هاوکاری کردەوەیی هەموو هێزەکانی رۆژهەلات.

سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی

بەرێوەبەری ماڵپەڕی هەڵوێست

١١ی جانێوێری ٢٠١٤

--------------------------------------------

## «یەکگرتن» گەڕانەوە بۆ دوێنێ، یا داهاتووی هاوبەش!



خالید محەمەدزادە

دەستەواژەی «یەکگرتن» لانیکەم لە سەد ساڵی ڕابردوو لە ئەدەبیاتی نوسینو زارەکی ئێمە، زۆرترین رووبەری بە خۆوە پاوانکردوە. لە سەدان وتاری سیاسیو تێکستی ئەدەبیو ژانرەکانی تری نوسینو دەربڕین ئەم دەستەواژەیە زۆرترین قسەی لە سەر کراوە بەڵام هەتاکوو ئێستاش چەمکێکی غایب لە واقێعی ئێمەیە.

بە هەموو ئەو مێژووە لە پیاهەڵدان بە «یەکگرتن» و قسەکردن لە سەر پێویستی «یەکگرتن»، گوتاری یەکگرتن، لەم

ماوە زەمەنیە جگە لە هەندێک قوناغی سیاسی لە کارکردی حیزبی کە ئەویش لە دواجار گەیشتوە بە ئینشعاب، نەیتوانیوە لە گوتاری نێولاپەڕەکانو حەزێک بگوازرێتەوە بۆ گوتارێک کە چەتریک بۆ داهاتووی هاوبەشی یەکگرتنخوازان بێت.

ئەم گوتارە کە زۆرترین رووبەری نێو ئەدەبیانی سیاسی ئیمەو گوتاری حیزبی داگیرکردوە لەپراکتیکدا گەڕانەوە بووە بۆ دوینێیەکی لێکهەڵبڕاوو بونیاددانی هەمان ساختارو هەمان کەلتووری ئینشعابزا. گوتاری یەکگرتن هەوڵێک بووە بۆ پێکەوە لکاندنو پێکەوە دروونەوەی دوو لایەنی جیابۆوە، بە بێ ئەوەی کار لە سەر بنەبڕکردنی کەلتووری لێکدابرانو ساختاری نادیموکراتیکی ئەم هێزانە بکرێت کە هەر چەند سالێک ئینشعابێک بە دیاری دێنن.

واتە هەوڵی یەکگرتن پێش ئەوەی هەوڵێک بێ بۆ بونیادنانی داهاتوویەکی هاوبەش لە سەر ساختارو کەلتووری دیموکراتیکو بونیادنانی ماڵێک بۆ هەمووماں، هەوڵێک بووە بۆ وەسەریەککەوتنەوەی دوو لایەنی لێک دابڕاو و گەڕانەوە بۆ رابردوویەک کە ئێستایەکی لێکدرابراوی بونیاد ناوە.

گوتاری یەکگرتن لە فەزای حیزبیو سیاسی رۆژهەلات، گوتارێک نەبووە بۆ دامەزرانی چوارچێوەیەکی دیموکراتیکی هاوبەش کە لانیکەمی جیاوازییەکانی کۆمەلگا خۆیان تێدا ببیننەوەو ئەم گوتارە، گوتارێکی داخراوی حیزبی بووە بۆ لە دەوری یەک خڕکردنەوەی هاوڕێیانی لێکدابراو، کە ئەمەش قەیرانی گەورەی پێکەوە هەڵکردنی لە گەڵ خوی هێناوەو تەنانەت نەیتوانیوە دوو لایەنی لێکدابراویش بۆ هەمیشە بەیەک شاد بکاتەوەو لە زەرفێکدا بیانحاوێنێتەوە.

بەو حالەش قسەکردن لە سەر «یەکگرتن» بەبێ قسە لە سەرکردن بۆ بونیادانی داهاتوویەکی هاوبەش بۆ هەمووانو کۆکردنەوە لە ژێر چەترێکی کوردستانی بە جۆرێک کە تیادا لانیکەمی جیاوازییەکانی کۆمەڵگا هەست بە بونیان تیادا بکەن، دیسان قسەکردنە لە سەر فۆرمێکی حیزبی کلاسیکی کە ئەم فۆرمە تا ئێستاش نەیتوانیوەە قەیرانەکانی پێکەوە هەڵنەکردنی هەناوی خوی چارەسەر بکات، چ بگات بەوەی فۆرمێک بێ بۆ کۆکردنەوەی جیاوازییەکانی دەرەوەی خۆی.

ئەوەی پێویستی گشتاندنو بە کوردستانی بوونی چەمکی یەکگرتن دێنێ، تەنیا لێکدابڕانی چەند هێزی سیاسی نیە، بەڵکوو لێکدابڕانی کۆمەڵگایەکە کە هیچ فۆرمێکی هاوبەش نیە بۆ کۆکردنەوەیانو هاوکات قسەکردنە لە سەر فۆرمی یەکگرتنی حیزبی ئەوەندەی تر ئەم لێکدابڕانەی لە کۆمەلگا قووڵتر کردۆتەوە.

بۆ ئەوەی چەمکی یەکگرتن ببێت بە واقیع دەبێت لەسەر دوو ئاست قسەی لە سەر بکەین:

**ئاستی حیزبی:**

لەم ئاستە وەسەریەکخستنەوەی دوو باڵی حیزبی لێکدابراو ئەگەرچی بەپلەی یەکەم دێت، بەڵام بە بێ قسەکردن لە سەر بونیادنانی حیزبی سێهەمی جیاواز لە دوو حیزبی لێکدابراو بە جۆرێک کە یەکگرتنەوە لە سەربنەمای هەڵتەکاندنی کەلتوورو ساختاری حیزبی ئینشعابزا نەبێت، کار ساز نیە. واتە یەکگرتن تەنیا هەوڵێک نیە بۆ ماڵاوایی لە دوو حیزبی هاوناو، ئەوەندەی هەوڵێکە بۆ دامەزرانەوەی حیزبێکی نوێ کە درێژکراوەی هەمان ساختارو هەمان کەلتووری ئینشعابزا نەبێت.

**ئاستی کوردستانی بوون:**

بە هەمان پرشو بڵاوی هێزە سیاسییەکان، ئێمە لە کۆمەڵگایەکی هەلا هەلا کراوو لێکدابڕاو دەژین، بە جۆرێک هەوڵ دراوە هەموو بنەماکانی پێکەوەژیانو بەرپرسبوون بەرامبەر بە کۆمەلگا نەمێنێو کۆمەڵگایەکی لێکدابڕاو بمێنێتەوە، بە جۆرێک کە کەس بەرامبەر بە کۆمەلگا هەست بە بوونی بەرپرسیارەتی نەکات.

ئەمەش وا دەکات کە یەکگرتنی حیزبی دەبێت ببەسترێتەوە بۆ یەکگرتنەوەی کۆمەڵگا بە جۆرێک کە هەم دابڕانی حیزبو کۆمەڵگا پڕ بکرێتەوەو هەم کۆمەڵگا بتوانێ لە گوتاری یەکگرتنی حیزبی خۆی ببینێتەوە.

**کۆتا قسە:** ئێمە پێویستمان بە بوونی فۆرمێک لە یەکگرتنەوەیە کە بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە دابڕان بکاتو بتوانێ چەترێک بێ بۆ لانیکەمی جیاوازیەکانی کۆمەڵگا، بە جۆرێک کە یەکگرتنەوە لە سەر بنەمای دانپیانان بە جیاوازییەکان بێت، نەک سڕینەوەیان، ئەویش لە سەر پێکهێنانی فۆرمیکی هاوبەشی دیموکراتیک کە هەموان خۆیانو داهاتوی خۆیان تیادا ببیننەوە.

لە ژمارە ٦٤٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٤

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بەیاننامەی کەمپەینی یەکی بەفرانبار بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان




کەمپەینی یەکی بەفرانبار: بەڕێزان دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانلە بەرەبەرەی ٦٩هەمین ساڵی دامەزراندنی کۆماری کوردستان وەک گەورەترین دەسکەوتی نەتەوەیی وێڕای پیرۆزبایی بە بۆنەی ئەم خاڵگۆڕانە لە مێژووی نەتەوەی کورددا، بە پێویستی دەزانین سرنجی بەڕێزتان بۆ چەند خاڵی پێویست ڕابکێشین.

هەروەک ئاگادارن بە گشتی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و بە تایبەتی پارچەکانی تری کوردستان ئاڵوگۆڕی جیددیان بە سەردا هاتووە. پرسی کورد ئێستا لە هەموو کاتێ بە زۆر هۆکار کە ڕەنگە لێرە مەجالی درکاندنی نەبێ لە ئاستی نێونەتەوەییدا بۆتە مژاری ڕۆژ. باشوور و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە هۆی ئەم زرووفە تایبەتییەی کە ئێستا وەک ئەمری واقیع هەیانە، کێشە مێژوویییەکەیان واتە "کێشەی کورد" ئەوا بەرەو ئاقاری چارەسەری و دواجار یەکلاکەرەوەی بەرژەوەندی گەلی کورد لەم پارچانە دەچێ.

لەم نێوەدا ئەوەی جێگای داخ و نیگەرانییە بارودۆخی ڕۆژهەلاتی کوردستانە کە بە هۆی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر وەک کۆماری ئیسلامی، بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و ژیانی پڕ لە چەرمەسەری خەڵک و... برستی لە خەڵکی بڕیوە، سەرباری ئەم هەمووە کۆسپە ئەوەی لەم بەینەدا زیاتر بۆتە هۆی دڵساردی و بێهیوایی ڕۆژهەڵات، دابڕانی بنەماڵەی گەورەی دیموکراتە کە هەر هەموومان دەرئەنجامە نەرێنییەکانی ئەم لەتبوونەمان لە ئاستەکانی ناوخۆیی، هەردوو لایەنی دیموکرات، لە پارچەکانی تر و تەنانەت لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دیوە. حەوجێ بە کوتن ناکا وەها یەکگرتنەوەیەک چەندین ئاکامی ئیجابی لە باری ڕێکخراوەیی، سیاسی فکری و ڕەوانی بۆ جەماوەری ناوخۆ و حیزبەکان دەبێ و بەهەمان ئەندازە زەبرێکی گورچووبڕە لە نەیارانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد.

گومان لەوەدا نییە قورسایی حیزبێکی یەکگرتوو ئەوەندە بە هەند وەردەگیرێ کە هەر بڕاردەیەک بۆ خەبات بگرێتە بەر بە هەر ڕووکارێکدا، دەسەڵاتی ناوەندی ناتوانێ وەک ئێستا سەیری بکا. لە لایەکی ترەوە یەکگرتنەوەی ماڵی دیموکرات دەبێتە یەکەم هەنگاو بۆ سازکردنی بەرەیەکی بەهێز و یەکگرتوویی سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خەباتێکی تۆکمەتر و شوێندانەرتر.

ئێمە لەگەڵ ئەوەدا کە هەست بە دڵە ڕاوکێکانی ئێوە سەبارەت بە پرسی یەکگرتنەوە و دۆخی پاش یەکگرتنەوە دەکەین، پێمانوایە بەرژەوەندی نەتەوەیی و قوتار بوون لەم دۆخە ناسازگارە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی یەکگرتنەوە و دۆخی پاش یەکگرتنەوە، کەشوهەوایەکی ئاسایی و دیموکراتیکی هەبێ.

بەڕێزان:

با شانازی ئەم یەکگرتنەوەیە بە نەسیبی سەرکردایەتییەکەی ئێستای هەر دوولا بێ. هەر لێرەوە سپاسی سەرجەم ئەو کەسانە دەکەین کە بە دەم داواکارییەکەی ئێمەوە هاتن کە هەمان ویستی ڕەوای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. دەستی ڕێز بە سینگمانەوە دەنێین بۆ هەڵوێستی نەتەوەیی بەدەنە و کادر و ئەندامان و کۆمیتەی ناوەندی هەردوو لا، کەسایەتییە ناسراو و سیاسی و بەئەزموونەکانی کوردستان، چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی و بە تایبەتی سکرتێرەکانی هەر دوو باڵی حیزبی دیموکرات. ئێمە لە قۆناغێکی مێژوویی داین کە بێ گومان هەڵی ئەوەی ڕەخساندووە کە بە یەکگرتنەوە دەستپێکێکی نوێ بۆ خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مسۆگەر بکەین.

کەمپەینی یەکی بەفرانبار

چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٨ی جانێوێری ٢٠١٥

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## پشتیوانی کومیتەی کەمپینی یەکبوون لە کەمپینی ١ی بەفرانبار!

### کومیتەی کەمپینی یەکبوون:



دۆستانی هێژا، یەکبوونخوازانی دێموکڕات!

لێکترازانی ریزەکانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بۆتە مایەی نیگەرانی و خەمی هەموو دڵسۆزان و خەباتگێڕانی دوو لایەنی دێموکڕات و خەڵکی کوردستان و دۆستانی حیزبی دێموکرات بە کورد و غەیرە کوردەوە. دوای دابەش بوونی حیزب،دڵسۆزانی تەباییی و یەکریزی،بە شێوەی جۆراو جۆر نیگەرانی خۆیان لەو وەزعە دەربڕی و بۆ وەسەر یەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات هاتنە مەیدان.

کومیتەی کەمپینی یەکبوون بە هەوڵ و هاوکاری تێکۆشەرانی دێموکڕات لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا توانی ببێتە دەنگی یەکبوونخوازان و هەموو هەوڵی خۆی لە راستای یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات خستە گەڕ و پەیام و داواکاریەکانی خەڵکی گەیاندە سەرکردایەتی هەر دوولایەن و نەیهێشت هیوای یەکگرتنەوە لە دڵی خەباتگێڕانی دێموکرت دا بمرێ.

لە چوارچێوەی هەوڵەکان بۆ یەکگرتنەوە، لەم رۆژانەدا لە لایەن کۆمەڵێک لە دڵسۆزانی دێموکرات کەمپینی ١ی بەفرانبار پێک هاتووە کە ئامانجیان یەکریزی بنەماڵەی دێموکڕاتە. ئێمە پشتیوانی خۆمان لەو کەمپینە و لە هەموو کەس و لایەن و گرووپێک دەردەبڕین کە لە راستای یەکگرتن و برایەتی دا هەنگاو هەڵدەگرێ. داوامان لە هەموو تێکۆشەران و خەمخۆرانی دێموکراتە کە هاودەنگ و پشتیوانیان بن تا بە هەوڵ و هیممەتی هەموومان بتوانین ئاواتی چەند ساڵەمان وەدی بێنین.هەر لەو کاتە دا بۆ جارێکی دیکە داوا لە رێبەرایەتی هەر دوو لایەن دەکەین کە بە لە بەر چاوگرتنی وەزعی



سەرچاوە
Serchawe

حیزبی دێموکڕات و ناوچەکە داواکاری دڵسۆزانی دێموکڕات لە بەر چاو بگرن و هەوڵی جیددی بدەن بۆ وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٥

---------------------------------------------

## دێموکراتەکان دەنگی خۆیان بۆ یەکگرتنەوە بەرزتر دەکەنەوە




رۆژهەڵات تایمز: لەم چەند رۆژەی ڕابردوودا دیسانو بۆ جارێکی دیکە باسی یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێموکرات لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گەرم بۆتەوەو بە وەرێخستنی کەمپینێک بۆ ئەم مەبەستە بابەتەکەیان بە رۆژ کردۆتەوە.

ئەوەش بە دوای وەستانی درێژ ماوەی دانوستانەکانی نێوان سەرکردایەتیی حدکاو حدک هاتۆتە ئاراوە. کەمپەینەکە لە ئەندامانی دوو لایەنی حیزبی دێموکراتو کەسانێکیش لە دەرەوەی تەشکیلاتی ئەو دوو حیزبە، بەڵام سەر بە بنەماڵەی دێموکرات بە ناوی کەمپەینی "١ی بەفرانبار" رێکخراوە. کەمپەینەکە سەرەتا بۆ رێکخستنی نارەزایەتیو یەکخستنی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی داکۆکی لە زیندانیانی سیاسیی کورد لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیو پشتیوانی لە بەندکراوە مانگرتووەکانی بەندیخانەی ورمێ رێکخرابوو. بە دوای سەردانی وەفدەکەی مەجلیسی ئێران بۆ باشووری کوردستانو پێشوازیی گەرمی بەرپرسانی باشوور لەو وەفدەو بە تایبەت لە محەممەد جەعفەری سەحراروودی، بکوژی دوکتور قاسملوو، رووی لە بەرپرسانی باشوورو بە رەخنە لەو هەڵسوکەوتەی ئەوان درێژەی بە کارەکانیدا، بەڵام دواتر بەرەو خواستی یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکرات وەرچەرخا.



سەرچاوە
Serchawe

دوو ساڵ بە سەر یەکەم دیداری فەرمیی هەر دوولادا تێپەڕیوەو لەو ماوەیەدا ئەندامانی سەرکردایەتیی دوو لایەن چەندین جار لە گەڵ یەکتر کۆبوونەوەو هەر کام لە دوو لایەن پڕۆژەیەکی بۆ یەکگرتنەوە خستە بەر دەم لایەنەکەی تر. بەڵام سەردانو دانیشتنەکان بە بێ هیچ لێدوانێک بۆ بیروڕای گشتی پەکیان کەوت. هەرچەند دوو لایەن رایانگەیاندووە کە لە سەر بە مێدیایی نەکردنی دانیشتنەکانیان رێککەوتوون، بەڵام بە پێی زانیاریەکانی رۆژهەڵات تایمز، چەندین مانگ بە سەر دوا کۆبوونەوەی دوو لایەن دا تێپەڕیوە و رەوتی دانیشتنەکان وەستاون.

رۆژی یەکشەممەی رابردوو مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەویزیۆنی حیزبەکەی کە بۆ ئەو مەبەستە، یانی پێشوەوچوونی گفتۆگۆکانیان لەگەڵ حدکا سەبارەت بە یەکگرتنەوەیان رێکخرابوو، لە کۆی قسەکانیدا ئەنجامێکو گەیشتنە ئاکامێکی لە دانیشتنەکانیان لەگەڵ حدکا نەخستە بەردەم بینەرانو تەنیا بە دووبارە کردنەوەی بابەتەکانی رابردوو قەناعەتی کردو تەنیا بابەتێکی نوێی قسەکانی ناوبراو ئەوە بوو کە چاوەڕێی گەڕانەوەی خالید عەزیزی سکرتێری حدک لە سەفەری دەرەوەی وڵات دەکەن تا ئەمجار بۆ یەکەمجار ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەر دوو دێموکرات لە کۆبوونەوەیەکدا تاووتوێی کێشەو گرفتەکانی بەردەم یەکگرتنەوەی حیزبەکەیان بکەن.

لەم ناوەدا ئەندامانی حیزبی دێموکرات لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە چوارچێوەی کەمپەینی ١ی بەفرانبار دا کەوتوونەتە باسو راوێژ لەگەڵ یەکترو لایەنگرانو دژبەرانی یەکگرتنەوەی دێموکرات راوبۆچوونی خۆیان ئاڵوگۆر دەکەن. کەمپەینەکە بەردەوام لایەنگری زیاتر بۆ بیرۆکەکەی کۆ دەکاتەوەو لە تازەترین کاری ئەم کەمپینە وتووێژ لەگەڵ جەلیل گادانی کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی حدکو رۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە دەڵێ دێموکراتەکان دەبێ یەک بگرنەوەو نابێ کات بە فیرۆ بدەنو هەروەها کۆمیتەی کەمپینی یەکبوون کە لە ئەندامانی دێموکرات کە بەشێکی زۆریان لە دەرەوەی رێکخستنی حدکاو حدک دان پشتیوانیی خۆیان بە بڵاو کردنەوەی راگەیەندراوێک لە کەمپینی ١ی بەفرانبار دەربریوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٥

-------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بیروڕای حەسەن شێخانی لە سەر یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان!



"لە پێناو یەکگرتنەوەیەکی واقعی و راستەقینەدا

یەکگرتنەوە پرسێکی گرینگە، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی عەقڵانی و تا رادەیەک بە دوور لە هەست و سۆز لە گەڵ ئەم پرسە مامەڵە بکەین. بۆ یەکگرتنەوەیەکی راستەقینە دەبێ لایەنەکان واقعی یەکتر، وەک هەن، قبووڵ بکەن. دەبێ ئەم یەکگرتنەوەیە لە سەر بنەمای بەرابەری لایەنەکان و رێز گرتنی دوولایەنە بکرێ؛ نابێ هیچ لایەکی تێدا "تەحقیر" بکرێ. یەکگرتنەوەیەکی راستەقینەیە کە دەتوانێ بە قازانجی بنەماڵەی دێموکرات و دۆزی کورد لە رۆژهەڵات بێ.

با هەموومان بەرەو داهاتوویەکی هاوبەش و جیاواز، هەنگاو بنێین. داهاتوویەک کە کۆکەرەوەی جیاوازییەکان لە چوارچێوەیەکی دێموکراتیک دا بێ و تا رادەیەکی باشیش رێگری بکا لە سەرهەڵدانەوەی کێشە و ناکۆکییەکانی رابردوو. ئەمەش پێویستی بە خەسارناسیی رابردوو، گۆڕانی زێهنییەت، خوێندنەوەی تازەو خۆگونجاندن لەگەڵ قۆناغ و سەردەمی نوێ هەیە".

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی کەریم فەرخەپوور - رێکەوتی: ١١ی جانێوێری ٢٠١٥

---------------------------------------------------

**پێشنیار و تێبینیەکان دڵشاد جمشیدی لە سەر کەمپینی یەکی بەفرانبار و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان!**




**بۆ دۆستانم لە کەمپینی یەکی بەفرانبار**

**بۆ کاک مستەفا هیجریو کاک خالید عەزیزیو زۆر کەسیتر**

**هەولێکی دلسۆزانەو بەرنامە بۆ دارێژراو لە گشت گرینگتر خاوەن ئامانجی دیار لە ئارادایە کە قۆناخی گشت کورد زەرەر لێکردوی دوو دێموکراتی بۆ قۆناخی یەکبوونو بەهێزبوون بپەرێنێتەوە.**

**ئەوەی تا ئێستا کراوەو بلاو بوەتەوە ئەگەر لە کۆمەلگایەکی بەراست دێموکراتو ئازاددا کراباو دەسەلاتی خەلکی ئەو گشت شەوقو تەمەناو ویستەی رای گشتی دیبا، دلنیاو ئەرخەیان بە دەر لە یاسا نوسراوەکانو بە دور لە باوەکان بە پێر ویستی خەلکی خۆیەو دەچو، کە خەلک سەرچاوەی بریارو سەرچاوەی دەسەلاتو بنەمای گشت یاساکانن.**

**تەسلیم نەبونی سەرکردایەتی هەردوو دێموکرات چاوەروانکراوەو ئاسایی ئەنوێنێ ئەمما تال هەرچەند ئاشنا.**

**ئەم چەند رۆژە لە دوو یا زیاتر کۆرتە نوسیندا روی قسەم لە رێبەران بوو، ئەگەرچی ریژەیەکی زۆری خوێنەری ئێمە ئاستەم لە کۆدەکان ئەگەنو درەنگ رەستەکانیان بۆ ئەپێکرێتەوە دیسان بە قیمەتی خۆ تال کردن وتم؛ با رێبەران رێونکەران وێرانەکەی دەستی خۆیان ئاوەدان کەن کە ئەمە واجبە نە منەت.**

**ئەبینین کارە جوانەکانی هاورێیانی یەکگرتنخواز لە گەل پێشوازی بەرفراوانی خەلک بەرەورو بووەو بە دلنیایشەوە سەرکردایەتی هەردوولای دیموکرات ئەو چاوەروانییەی خەلکیان بۆ بیستنی هەوالە خۆشەکە هەست پێکردوە.**

بەڵێ ویستی خەڵک یەکگرتنەو تەمەنای زۆرینەی ئەندامان یەکبوونەوە کەوابو لێرەدا تەسلیم بوونی ڕێبەرانی هەردولا لازمەو واجبو نیشانەی ڕێزیانە بۆ خەڵکانێک کە سەرمایەو پشتو پەنای حیزبن.

نا ناتوانیت لە نەبوندا دەستی یارمەتی بۆ ئەندامان درێژ کەیت، لە شەردا دەستی خواست بۆ دایکو باوکانی کوردو گیانی ڕۆلەکانیان تەلەب کەیت بەلام ئەمرۆ بۆ یاساو بەندو خال بگەڕیتەوەو هیچ جگە لەوەی کە ویستی خۆتە نەدەیت بە میللەتەکەت.

لە سالی ٢٠١٥دا ئاسانە کۆ کردنەوەی ڕاو بۆچوونی خەلک، لە سالی ٢٠١٥دا تەتەرو نامەو کاغەز ڕەنگیان نەماوە نا. بەلێ ئاسانە گەر بمانەوێت بیستنی دەنگی زۆرینەو ئاسانە گەر مەیلمان بیکات وەرگرتنی ڕێکارو پێشنیاری شارەزایانو وەک ئاوی خواردنە دۆزینەوەی مەشروعیەت، ئەلبەت گەر بمانەوێتو کەسی دەستی بە دەستی کردن بە میللەت نەبین.

ئاسانە دروست کردنی مالپەڕێکو ناونوس کردنی ئەندامانی هەردوولاو وەرگرتنی دەنگیان، ئەمما ئازایەتی ئەوێت. ئایا ڕێبەرایەتی هەردوولا بە تایبەت هیجریو عەزیزی ئەو ئازایەتیەیان تێدایە گوێ لە دەنگی خۆیان بگرن؟

ئاسانە دروست کردنی لێژنەیەک لە هەردوولا کە بە دەسەلاتەوە واریدی باسی یەکخستنەوەی تەشکیلاتی هەردوولابن، ئەمما ئازایەتیو ریسک کردن بە دەسەلاتی ئەوێت.

دلخۆشم کە باسی یەکگرتنەوەی دوو دێموکرات سنوری تەشکیلاتی هەردوولای بەزاندوو خەریکە دەبێتە وتاری زال، بەلام بۆ وا درەنگ؟ ئایا ئێمە هەر ئەو کوڕانە نین کە وتاری دابرانمان یەکشەوە کردە وتاری زالی گشت ڕاگەیاندنی کوردیو باسی گەرمی گشت مالە کوردێک؟ کەوابوو شتێک کەمە! بەلێ هیمەتی سەرکردایەتیو مۆرە کلیدیەکانی هەردوولا. بەلێ کاتیەتی لە سەرەوە هەول بدرێت کە بەدەنە ئەرکی خۆی سەدقات بەجێ هێناوە. کە ئەو ڕۆژانە باسی یەکگرتن بەرانبەر بوو لە گەل شکاندنی حۆرمەتو حیزب بەدەر بوونو بەجاش بوون بەدەنە هاواری خۆی هەر کردو وتی با یەکبین کە ئەگەر یەک نەبین گورگ دەمانخۆن. با دوای گورگانخوراو بوونیش بووە سەرکردایەتی هیمەت بکات کە کاتی تەسلیم بوونە بە ویستی خەلکو دڵکەندنە لە کورسی.

ئەوەی کە تا ئێستا کراوە زۆر گەورە کارێکەو زۆر دلخۆشکەرە، ئەمما دلبەستن بە پشتیوانی کەسانێک کە دڵیان بە کۆرسیو دەسەلات بەستوە، ئەتوانێ مەترسی گەورە بێت لەسەر ئەم هەولانە. ناچار ئەبێ بەرێوەبەرانی کەمپێنی یەکگرتنەوە



سەرچاوە
Serchawe

سەرکێشی بکەن و نەوەک ڕێفۆرمیستێک بەلکو لە هەیبەتی شۆرشگێرێکدا هەنگاوەکانی داهاتویان هەلگرن.

شۆرشە بەلێ شۆرشە ئاشکرا کردنی ئامارو ئەرقامو ریژەی لایەنگرانی یەکگرتنەوە، سەرکردایەتی (مەبەستم مۆرە گرینگەکان یا شاکلیلەکان) دەیهەوێت لە کانالی خۆیەوە کێشەکان چارەسەر بکات، کە کانالی ئەوانیش هەمان بەش کردنی دەسەلاتە لەسەر ئەساسیک کە وەلامدەرو سەرکەوتو نەبوە.

بەلێ ئاسانەو سادەیەو کەم هەزینە گەرانەوە بۆ رای ئەندامانو ئەسلێکی پێشکەوتوانەو نەجیبانەیشە راپرسی کردن لە ئەندامان ئەلبەت بە فۆرمێکی سەردەمیانە کە پێئێژن دیجیتال! وەلا بە زاتی خوا زەمانی تەسبێح داخستن نەماوە بۆ ژماردنی خەلک.

هیوادارم دۆستانم رێکاری نوێ ئەمما شەفاف بۆ مەرحەلەی داهاتوی کارەکانیان بدۆزنەوە. بەلێ کاتیەتی لە مەرحەلەی ویدیو وەرگرتن لە کەسانی دلسۆزو موافق بۆ وەرگرتنی دەنگی بەدەنەو قایل کردنی رێبەرایەتی هەردوولا لە ئازاد هێشتنی ئەندامانیان بۆ باس کردن لەو باسە هەنگاوەکانیان خێراتر بکەن.

کۆتا کەلام ئەلێم چەند باشە ئەم تۆرە کۆمەلایەتیانە هەن و چەند باشە کە من لە فینلاندو کابرای هاورێ دەورانی مندالیم لە گوندەکەمان "سەرهویە " پیکەوە خەبەرەکانی پەیوەندیدار بە یەکگرتنەوەی حیزبمان پێدەگات. کەوابو با گشت لا ئاگادار بین و خۆمان گێل نەکەین کە میللەت چاوی لێمانە، میللەت تێگەیشتن و شعوری سیاسی خۆی هەیەو ئێمەیش دوری ریگاو بەرزی کێوان و حدودی جەیحون نامانشاریتەوە کەوابو با جوان بین با باش بین با کورد بین با یەک بین.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی کەریم فەرخەپوور - رێکەوتی: ١١ی جانیۆیری ٢٠١٥

---------------------------------------------------

## تێبینی و بۆچوونی عەلی سۆرانی لە سەر کەمپینی یەکی بەفرانبار و یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان!




### گەلۆ کەمپیەینی ١ی بەفرانبار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەمێنێتەوە؟

پاش دەسپێکردنی کەمپیەنی ١ی بەفرانبار بەتایبەتی لەسەر پرسی یەکگرتنەوە کۆمەڵی باس و بابەتی جۆراوجۆر هاتنە ئاراوە، کە نووسەری ئەم چەن دێڕە پێشتر بابەتێکی لە ژێر ناوی "لەپەراوێزی یەکگرتنەوەدا" نووووسیبوو. بەڵام بەدەر لە هەموو کردار و پرچەکردارەکان لەم پێوەندییەدا، ئەوەیکە زیاتر لە هەموو شتێک جێگەی تێڕامانە هێنانە ئارای ئەم بابەتەیە کە گەلۆ ئەم کەمپەینە هەر وا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەمێنێتەوە یان وەک داخوازییەکی ڕەوا شۆڕ دەبێتەوە نێو بەدەنەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات. هەڵبەت ئەوەیکە دیار و بەرچاوە ئەم خاڵە گرینگەیە کە ئەم کەمپەینە لەلایەن زۆربەی ئەندامانی بەدەنەی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازی لێ کراوە بەڵام لە نێو زۆربەی ئەندامانی ڕێبەریدا بە هەر هۆکارێ کە بۆ خۆیان جێگەی ڕێزە هێشتا بە شێوەی گشتی و هەمەگیر نەکەوتووەتە بەر باس و موناقیشە کردن. دیارە ئاشکرا و ڕوونە کە ڕەنگە هەندێ لە ئەندامانی ڕێبەری لەبەر هۆکاری یاسایی و حوقووقی لە پرستیژیاندا نەبێت کە پێش لە ڕای بە کۆمەڵی کومیتەی ناوەندی ڕاو بۆچوونی تاکەکەسی خۆیان دەرببڕن. هەرچەند وادیارە کە بە جۆرێک کێشەکە بە گشتی لە نێو ڕێبەریدایە و ئەگەر ڕێبەری بیهەوێ بە شێوەی جیددی هەنگاو بۆ ئەم پرسە هەڵبگرێ بە دڵنیاییەوە کەمپەینی یەکی بەفرانبار یان هەر ناوێکی دیکە بە شێوەیەکی دروست و ئوسوولی دێتە نێو بەدەنە و دەتوانێ لەسەر بەشێکی بەرچاو لە کێشە هەڵپەسێراوەکان شوێندانەر و کاریگەر بێت. گەرچی وێدەچێ کە هەر ئێستا بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری هەر دوو لا هەستیان بە مەترسی لەدەست دانی کورسییەکانی خۆیان لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندیدا کردووە و بەم پێیە لە هەوڵی نەزۆک کردنی کار و تێکۆشانی کۆمەڵێک لە دڵسۆزانی دێموکراتدان. بۆیە بە نووسینی هەندێ بابەت لە ژێر ناونیشانی یەکگرتنەوە و واقیع بین بوون هەر لە ئێستاوە خەریکن بە شێوەیەکی ئامانجدار پرسەکە بە

شێوەی دڵخوازی خۆیان بە لاڕێدا دەبەن و ئەم هیوا بەهێزە بەوەر سست بوونەوە و بێ هێزی دەبەن. بۆیە لە ئێستادا پیویست نییە کەسانێکی نەناسراو بە خەت و نیشان کێشان بۆ یەکگرتنەوە و ئەم ڕەوتە کە دەتوانێ بە قازانجی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بێ، ئومێدی دڵسۆزانی دێموکرات بەرەو ئاقارێکی دیکە ببەن کە ئاکامەکەی نەک یەکگرتنەوە بەڵکوو قبووڵ کردنی دوو حیزبی دێموکرات بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی کەریم فەرخەپوور - ڕێکەوتی: ١١ی جانێوێری ٢٠١٥

-----------------------------------------------------

## پشتیوانی بزووتنەوەی ئاشتی و دێموکڕاسی کوردستان لە یەکگرتنەوەی بنەماڵەی دێموکڕات!

**لە پێناو یەکگرتنەوەی بنەماڵەی دێموکرات**

هاوخوێنانی هێژا:

بزووتنەوەی ئاشتی و دێموکراسی کوردستان لە سەر بنەمای بیری نەتەوەیی و هەست بەر پرسیارەتی و لە پێناو کۆدەنگی سیاسی و یەکریزی و پتەوتر کردنی بنچینەکانی خەباتی ڕزگاریی خوازمان بە هەموو هێز و تواناوە پشتگیری لە کەمپێنی نیشتمان پەروەران بۆ یەکگرتنەوەی بنەماڵەی دێمۆکراتی ئازیز دەردەبرێت و هەر لەم ڕێگایەوە هەموو خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەزی دێموکرات و ئەندامانی دڵسۆزی کەمپێنەکە ڕایدەگەیێنین ئێمە یەکگرتنەوەی نەتەنیا دێموکرات بەڵکوو خوازیاری یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکانیشین...

پڕبەدڵ هیوادارین دوای سەرکەوەتنی ئەو کەمپێنە لە ئەرکی خۆی کار بۆ کۆمەڵەش بکرێت تاکوو کوردستان جارێکیتر تامی هێزو ورەی پۆڵایین و ڕێڕەوانی شەهیدانی سەربەرز د،قاسملو و کاک فوادی نەمر دڵخۆش و ئاسۆی ئامانجیان ڕوونتر بێت گەلۆ وەرن با هەمووماں جێژنی نەتەوەیی نەورۆز بکەین بە جێژنی یەکێتی و یەکرێزی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە.

بژی کورد و کوردستان

سەربەخۆیی - ئاشتی - یەکسانی

ژووری ڕاگەیاندنی . K.P.D.S

بزووتنەوەی ئاشتی و دێموکراسی کوردستان

-------------------------------------------------------------------

## بۆ ئەوەی دێموکراتی نوێ لێک نەترازێتەوە حدک = حدکا



**هێژا مەنگور**

بە هوەی گەرم بونی باس و خواستی تێکەلبونی دو حیزبی دێموکرات منیش بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە دید و بۆچون یان چەند نوکتەیەک ئیشارە پێبکەم.

بۆ ئەوەی توشی هەلەی تێکەلبونەوەی دابرانەکانی پێشوی حیزبی دێموکرات نەبینەوە پێویستە چەند خالی گرینگ لەبەرچاو بگیرێ و کێشەکە هەر پێش تێکەلبونەوە ریشەکەن بکرێ یان لانی کەم لە مەترسیەکانی دوای تێکەلبون یان

یەکگرتنی دو دێموکرات کەم بکرێتەوە.

**یەکەم**، هەنگاو پێویستە رێبەری هەردو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بێ گەرانەوە بۆ هۆکارەکان و چۆنیەتی لێکترازانی هەشت سال لەمەوبەر بوێرانە و بە راشکاوانە و بی دودلی داوای لیبوردن لە خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان و کادر و ئەندامانی دێموکرات و هەروەها بنەمالە شەهیدان و زیندانیان سیاسی بکەن.

**دوهەم**، حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ وەک دو حیزب بێ کەم و زیاد تەمشا بکرێن و لە دانوستانەکانی دا باسیان لیوەبکرێ، ئەو دو حیزبە یەک رەگ و ریشەیان هەیە بەلام لە هەشت سال لەمەوبەر دو لقن بۆ ئەوەی پرۆژەکە بە باشی سەربگرێ وەک دو حیزب هەلسوکەوت بکرێ نەک لایەن و گروپ و هاورێیان پێشو یان شتێکیتر.

**سێهەم**، حیزبی دێموکرات هەشت سال لەمەوبەر بە کردەوە بۆتە دو لەت، یان دو بالّ... بەهەر حال ئیستا دو حیزبە کەواتە ناتوانێ ئەوە تێکەلبونەوە بێ،بۆ ئەوەی هەتا لێکترازانێکیتر ئەندامانی حدکا هەربلێن هاتنەوە، تەسلیم بوە وەیان لەو بابەتانە و رێخۆشکەری تەفرەقەی زیاتر بێ. دەکرێ تێکەلبونی دو حیزب یان یەکگرتنی دو حیزب بێ و زۆریش بە قازانجە حیزبی دێموکرات دوای گرتنی یەکەم کۆنگرەی دوای تێکەلبونی ئەو دو حیزبە ناوی خۆی بە وردەکاریەکی بچوک بگۆرێ بۆ نمەنوە. حیزبی دێموکراتخوازەکانی رۆژهەلاتی کوردستان (حدرک)

**چوارەم**، هەردو حیزب بە یەک ئەندازە ئەندام بۆ کۆنگرەی هاوبەشی دوای تێکەلبونی حدک و حدکا بنێرن و پێش چون بۆ کۆنگرە رێبەرایەتی هەر دو حیزب بە تیکرایی ئیستعفا بدەن و کۆنگرە دەبێ رێبەرایەتی نوێی حیزبی دێموکراتی نوێ هەلبژێرێت.

**پینجەم**، دوای یەکگرتنی ئەو دو حیزبە رۆژنامە و رادیۆ کە هەردوکیان هەر یەک ناون، بەلامی تیڤی هەر دو حیزب دەبێ دەرگایان تەختە بکرێ و تیڤیەکی نوێ بۆ حیزبی دێموکراتی نوێ لەسەر خۆلەپۆی ئەو دو تیڤیە دەست بە وەشان بکا چون کوردکانال و تیشک مۆرک و مارکی دو دێموکراتیان هەر پێوە دەمێنێ و لەداهاتودا بەرداشتی خراپی لیدەکەوێتەوە. و هەروەها لە ئارمی هەر دو حیزبیش ئارمێکی نو پێناسە بکرێ و ببێتە نیشانەی حیزبی دێموکراتی نوێ بە رای من ئەگەر ئەو خالانە لە بەرچاو نەگیرێن هەر شێوە تیکەلبونەوە یان یەکگرتنەوەیەک سەرەتایەک دەبێ بۆ دەستپێکردنەوەی کیشە ناوخۆیەکانی حیزب و سەرهەلدانی خواستی لیکترازانێکیتر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەلات تایمز - رێکەوتی: ١٣ی جانیۆری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بۆچی هەموان داوای یەکگرتنەوە و یەکگرتوویی دەکەن، بەڵام وەدی نایا



سمکۆ بێکەس

بە درێژایی دیان ساڵ بوونی هێزی سیاسی لە ئیران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا باسی بەرەی یەکگرتوو، یەکگرتنەوە بووەتە باسێکی گرینگ و هەموو حیزبەکان کردویانەتە دروشم و هەر حێزبێک بە پێوانەی خۆیی و بە شێوەیەک داوای ئەو یەکگرتوویە دەکات لە چوار چێوەی بۆ چوونی حیزبەکەی دا کە بە داخەوە زۆر جار تەنیا ئەمە دروشمە بۆ خۆ دەر خستن و یان بۆ فریودانی خەڵکە کە وا دەنوێنن کە حیزبەکەیان ئامادەیە بۆ یەکگرتویی و یەکگرتنەوە و بەرە پێک هێنان بەڵام ئەوەهێز و حیزبەکانی ترن کە نایەنە پێش و کوسپ بۆ یەکگرتنەوە ودروست بوونی بەرە دروست دەکەن.

هەر چەند لە رابردوو دا چەند جارێک چەند هێزێک بەرەیەکی بچوکیان دروست کردووە بەڵام یان لێک هەڵوەشاوەتەوە یان ئامانجی خۆیی نەپێکاوە و هەر بۆیە بە داخەوە دەبێ بڵێین کە یەکگرتوو نەبوونی هێزەکان گەورەترین زەربەی لە جۆلانەوەی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان داوە لەم چەند دەیەی کە شورش بەردەوام بووە لە دژی خراپترین رژیمی دەسەڵات داری جمهوری ئیسلامی ئیران، کێشەی هەرە گرینگ بۆ وەدی نەهاتنی ئەو یەکگرتوویی یە ئەوەیە کە کەس کەسی قبوول نی یە و هەر کەسە و خۆیی لە هەموو کەس بە دەسەڵات دارتر و زاناتروهەقدارتر و ئاقڵتر دەزانێ و وا دەزانن بە خۆبەزل زانین دەتوانن کێشەی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران چارەسەر بکەن لە لایەکەوە فارسە رەگەز پەرەستەکان لە ترسی ئەوەی کە مبادا کورد جیایی خواز بێت و رۆژێک لە رۆژان بە قسەی ئەوان خاکی ئێران بەش بکەن، ئیتر ئەو هێز و کەسایەتی یە سیاسی یە فارسانەی کە بە قەولی خۆیان لەوان ئێرانی تر هەرگیز وجودی نی یە، بروا بە کورد ناکەن و خۆیان کە بستێک خاکیان نی یە و بە درێژایی ژیانیان هێز و دەسەڵاتیان نەبووە و ئیستا داوای تەواوی خاکی ئێران دەکەن بە کوردستانیشەوە. بەڵام زەرەر مەندی یەکەم خەڵکی ئێران و رۆژهە ڵاتی کوردستانن کە تەنانەت زۆر جار متمانەیان بە

حیزبەکان نامێنێ.

بە درێژ بوونەوەی شورش و سەختی ژیانی خەڵک لە ناوخۆیی وڵات و گوێ نەدانی دەسەلاتدارانی ناو حکوومەت و ئاڵوگورەکانی ناوچە و بێ هێزبوونی دەسەلاتی ئاخوندەکانی ئێران ئیتر دەبێ هێزە سیاسییەکان زیاتر هەست بە گرینگی یەکگرتنەوە وبەرە بکەن و هەوڵی بۆبدەن بە تایبەت هێزە کوردییەکان چونکە فارسەکان بەشی هەرە زۆریان هەموو کات دژی کورد دەوستنەوە لە هەر هەڵ و مەرجیکدا بێت بەلام بەداخەوە دیسان ئەمەش هەر زۆر کەم جیدی بوونی تێدایە کاتیک بۆ نمونە تەنیا دوو هێزی سیاسی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کومەڵە رێکەوتنێکی هاوبەش رادەگەێنن دەکەونە بەر رەخنەی زۆر حیزب و لایەنی دیکە و ئیتر هەر کەس بە پێوانەی خۆیی هەڵسەنگاندنی باش و خراپی بۆ دادەنێ لە روانگەی خۆیانەوە هەڵی دەسەنگێنن و پێشترهەر ئەو کەس و لایەنانە خۆیان هاواری یەکگرتوویان بوو، ئیستا پێ یان خراپە و کەوتونەتە ناو و ناتورە دان لەو رێکەوتنە، زیاتر لەمەش زۆر جار ئامادەیی خۆیان و حیزبەکانیان بۆ هەموو دانیشتن و کۆبونەوە و یەکگرتوویی یەک بە بێ شەرت و مەرج نیشان داوە بەلام بە داخەوە کە دەگاتە مەیدانی کردەوە ئیتر هەر حیزبەو بە بیانووی جوارو جور خۆیان لە ناواخن و گرینگی باسەکان دەدزنەوە و ئەوەی کە زۆر دروشمیان بۆ دەدا و خۆیان پێ لە هەموو کەس راست تر بوو دەبێتە هیچ، بۆئەوەی کە ئیتر بەراستی راستگویی و نیەت پاکی هەر حیزب و کەسایەتی یەک بە باشی دەر بکەوێ، لە راستی دا ناو گرینگ نی یە ناوەرۆک گرینگە بکەینە دەس پێکی یەکگرتوویی و یەکگرتنەوەکان ئیتر لەم هەڵ و مەرجەدا هەم قورسایی هێزەکانمان دەر بخەین و هەم نیەت پاکی حیزبەکانمان و هەم پشتیوانی ناوخۆ و هەم پشتیوانی دەرەوە بە دەست بێنین ئیتر کات کاتی نیەت پاکی یەو دەبێت هەموان بە راستی ئەگەر لە تەراوگە نشینی بێزار بوون و ئەگەر بەراستی مەبەستیان رزگاری گەلی کورد وئازادی بۆ کوردستانە و گەلانی ئێرانە لە دەست رژیمی ئاخوندی و هاتنە سەر کاری دەسەلاتیکی ئازاد و دێموکراتیک با هەر حیزب و لایەن و کەسایەتی یەک کە لە خەمی ئازادی دایە قۆڵی هیمەت هەڵماڵن و ئەوە مەیدان با یەکگرتنەوە وبەرەیەکی یەکگرتوو دروست بکەن بە بێ هیچ شەرت و مەرجێک جارێ با شەرت و مەرج تەنیا روخانی رژیمی ئاخوندەکان بێت و دواتر مێزی دانیشتن و دانوسان دەتوانێ بە ئەندازەی قورسایی هێز و دەنگی گەڵ دەسەلاتەکان دابەش بکات لە ئێرانێکی دێمۆکراتیک و فیدرالیدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١٣ی جانێوێری ٢٠١٥

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## نۆباڵی لاوازی شۆڕش هەمووی بخرێتە سەر لێکدابڕان! ئینساف نیە.



محەممەد سلێمانی

بەشی یەکەم

مەسەلەی بووژانەوەی تێکۆشانی سیاسی لە نێوخۆی وڵات و هەنگاونان بەمەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانی لێکدابران و وەسەریەککەوتنەوەی ئەو هێزانەی ڕۆژهەڵات کە بەهۆی مل ملانەی ڕێکخراوەی و یەکتر قەبووڵ نەکردن تۆشی دابڕان، لە ئاستی بەرزترین پلە، تانزمترین پلەی تەشکیلاتی هاتوون و نێوە بەنێوە ئەو دەنگۆیانە بڵاودەکرێنەوە کە گوایە هەوڵدەدەن ئەو مەسەلانە لە نیوخۆیاندا یەکلای بکەنەوە و جۆشوخرۆشێکی نوێ بەشۆڕش و سەربەرزکردنەوەی خەبات بدەن و هەنگاو بەرەو دروستکردنی هەلومەرجێکی نوێ بنێن.

ئەگەر بێت و مەسەڵەحەت و خۆشەویستی کورسی دەسەڵات ڕێگایان پێبدات، وەک جاران سەنگەرەکانیان بکەنەوە بەیەک و کۆتای بەو لێکدوورکەوتنەوەیەبێ و بەگشتی بۆجارێکیتر لەسەر سفرە گەورەکەی ڕێبەرانمان نانی بەرەکەت بخۆنەوە.

مەسەلەی یەکگرتنەوەی حیزبیش، پێموانیە لە چوارچێوەی قسە و ڕیکلامی ڕاگەیاند بەولاوە شتێکیتری لێشین بێتەوە و هەڵوێستەکانیان بۆ وەسەریەککەوتنەوەی سەرلەنوێی حیزب بکەنەیەک. سیاسەت و خەبات بێگوومان بەوجۆرە ناکرێ و ئیمکانی نزیککەوتنەوەی لە ئامانجەکانی خێراترناکات. "زۆر لە سیاسی و ڕۆشەنبیرانی ئێمە، کزی و لاوازی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەستنەوە بە دابڕانی هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەو بەشەی وڵاتدا. هۆکارەکانی خاوبوونەوەی بەرخۆدان گەڵێک زۆرن، بەڵام بەشێک لە خەمخۆرانی یەکگرتنەوە، بەداخەوە هەرلایەنێکی ئەو مەسەلەیەن دێتەبەرچاویان و خەمی پێوەدەخۆن. بۆ چالاکترکردنەوەی خەبات و تێکۆشانی سیاسی، کەس بەردەستی ئەو لایەن و بەڕێزانەی نەگرتووە

کە بەتاسە و تامەزرۆی شۆڕشی بەهێزترەوەن. شۆڕش مرۆڤێک دەتوانێت وەڕێی بخات و سەریبخات، ئەوەی لە کۆبا و ڤێتنام و هێند و ئەفریقا ڕوویدا. بێگومان ئەگەر "گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلی کورد دکتۆر قاسملوو تیرۆر نەکرابا و تەمەنی نێو بزووتنەوەی درێژتر بایە، کوردیش ڕەنگە ڕۆژمێرە مێژوویەکانی خۆی بەوئاستە گەیاندبا". کەس نیە دژایەتی یەکگرتووی و هەوسەنگی سیاسی بەهێزبکات و خەڵکی کوردستان و سیاسیەکانی بەردەوام ئەو خەمەگەورەیان خواردوە و ئێستاش زۆر بەپەرۆشەوەن بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات رۆژێک لەدایک بێتەوە. دیارە هۆکار زۆرن بۆ لێکدابڕان و جیابوونەوە و، هەر بەو ڕادەیەش دەلیل ڕیزدەکرێنەوە بۆ یەکبوونەوە لە ژماردن نایەن! لە ئێستادا پێویستە هەموو قسەکان لەسەر ئەو هەوڵانەی دەستیان پێکردوە بۆ یەکگرتنەوەی حیزب بکرێن و پەیامی تەبای و یەکترقبووڵکردن بە شێوەی ڕیشەی کاری لەسەربکرێ و بپرسین ئاخۆ ئەگەر حیزبەکان ئەو جاریش ڕیزەکانیان بخەنەوەسەریەک و یەکبگرنەوە، وەک ڕابروو دیسان بەهۆکاریترەوە لێک جیانابنەوە و گەلی کورد نائومێد ناکرێتەوە؟

بێگومان وەسەریەککەوتنەوەی بەپەلە و بەرلەوەی زەمینەی تەواوی بۆبڕەخسینین، ڕەنگە زیانی زۆرتربێ لەوەی بەقازانجی گشتی جووڵانەوەی تەواوبێت. ئەوەش لە کاتێکدایە کە حیزبەکان هەڵویستەکانیان بخەنە ژێر تەوژمی ئەو شەپۆلانەی لە پێناو یەکریزیدا دستیان پێکردوە، لە یەکگرتنەوەی پێشووتری حیزبی دێمۆکرات ڕەنگە خێردارترنەبێت و ناکرێ چاوەڕوانی یەکبوونێکی درێژخایەن بین. ئەگەر نیەتی باش و یەکترقبووڵکردن لە پشتی ئەو یەکبوونەوەیەدا نەبێ. هەر وەک ئەوەمان بەکردەوە لە نێوحیزبی دێمۆکرات بەچاوی خۆمان دیت، پاش ئەوەی ئێمە لە گەڵ حدکا، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر یەکمان گرتەوە، بەداخەوە ئەو یەکگرتنەوەیە ئەوندی نەبرد حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێرانی ڕووبەرووی ئەزموونێکی تاڵترکرد و تۆشی قەیرانی ڕێکخراوەی و یەکتر قبووڵنەکردن هات و هەموو لایەک ئەو کات جیاوبوونەوە و بەجیاکردنیان بە مووناسب و کاریگەرتر لەوەی دەبینی، کە لە نێو حیزبی یەکگرتوودا هەوڵی چەکسازیبدرێ. هەمووکەس قسە لەسەر یەکریزی داکاو بەتەنیا عاملی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی شۆڕشی دەزانێت. کەس گلەی لە سەر ئەو شێوە بیرکردنەوەیە نیە و لێکدانەوەیەکی باشە. ئێستا کە دەگووترێ فشاری دەرەوەیان لەسەر دروست بووە، بۆ ئەوەی پرۆسەی یەکبوونەوە هەرچی وورتر بەئاکامبگەیەن موژدەکەی بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بدەن، بەڵام لە بیرمان نەچێت پێش لەو دابڕانەش ئەو هەوڵانە لە ئارادابوون و داوا دەکرا کە ڕێبەرایەتی حیزب پێش بە کارەساتی لەتبوونی حیزب بگرێ، بۆچی ئەو کات کەس سەرنجی نەخستە سەر ئەو مەسەلەیە. ئەوەی ئێمە دەمان هەویێت، ئەوەیە کە هەوڵێکی دڵسۆزانە ،بەرهەمی خێرداربەدوایخۆیدا بێنێ و بۆ هەمیشە ماڵ ئاوای لەو ئەزموونە تاڵانەی خەبات بکرێ.

ئەی کەس هەیە ئەوە بڵێت کێن ئەوانەی دیسان نوێنەرایەتی یەکگرتنەوەی سیاسی و تەشکیلاتی نێو حیزبەکان دەکەن؟



سەرچاوە
Serchawe

ئایا فیکرەکان و کەسەکان هیچ گۆڕانیکیان بەسەرداهاتووە و زەمینەی بەیەکەوە کارکردنیان لە حیزبی یەکگرتوودا لە خۆیاندا پێکهاناوە؟

ئایا کەس هەیە ئەوە بەڕاشکاوی بپرسێت، کێن ئەوانەی شۆڕشی خەڵکی کوردستانیان هەتا لوتکەی نسکۆ برد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و لە هۆکارەکانیان پێچایەوە؟

کەس هەیە قسەی دڵی خۆی بەرووی ئەو دەستەیەدابداتەوە کە پاش یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دیمۆکرات ڕیزخۆیان لە حیزب جیاکردەوە و دژی ئەو پرۆژە نەتەوەیە وەستان؟

کەچی هێندێک لە روخسارەکان ئێستا لافی یەکگرتن لێدەدەن و بە قسەی خۆیان ئەو جارە دەبێت خێرو بەرەکەت بەسەر حیزبدا ببارێنن و جووڵانەوەی سیاسی بەهێزبکەنەوە. "یەکگرتن کاتێک بوونی ڕاستە قینەیخۆی دەسەلمێنێت کە دڵەکان و هەستەکان لە بەرانبەر یەکتریدا بەتەواوی پاکبکرێنەوە، لە تۆڕەی و تۆڵکردنەوە لە بەرانبەرەکەیان".

بێگوومان هەر ئەو بەڕێزانەن وەک کورد دەڵێت: نە" پێک هەڵدەکەن و نە بەبێ یەکیش هەڵدەکەن".

دیارە خاڵ و هۆکاری لاوازی ژیانی ڕێکخراوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرن و بەشێکیان کەمتر ئاماژەی روونیان پێدراوە و ئەو بابەتەیش کە بۆتە ڕۆژەڤی کاری میدیاکارانی کورد، هەمووی لە مەسەلەی جیابوونەوەی هێزەسیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتدا کوردکراوەتەوە و لەو ماوەیدا بازارگەرمیەکی باشی بۆ جۆشدراوە. کورد گوتەنی ئێمە کردەوەمان دەوێت، "نەوەک شیعاری بریقەدار کە جەوهەری خۆرکخستنەوە و هەستانەوەی شۆڕشی تێدا بەدی نەکرێت". بەداخەوە ئەو گرۆپ و دەستەیەش کە ڕێبەری خەبات دەکەن، بەرنامەی روونیان بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە ڕانەگەیاندوە و لە بێبەرنامەی و نەبوونی ستراتیژی ژیار و روون دا، چەند ساڵێکە بەو جۆرە بەدەوریخۆیاندا خۆل دەخۆنەوە و چاوەڕوانی ئەوەن لایەنێکی دەرەکی بەهێز پەیدابێ و چەمبەڵۆکێک بە ڕێژیمی ئێراندا بکێشێت و هەموو لایەک لە دەستی ئەو حکوومەتە ڕزگار بکات. خۆ ئەگەر ئەوەش رووبدات و ڕێژیم بروخێت و هێزە سیاسیەکان خۆیان بۆ ئامادەنەکردبێت، ئەوکات کارەسات روودەدات و ڕێک بەسەر خۆیاندادەرۆخێت.

دەکرێت ئێستا باسی خاڵێکی زۆر جەوهەری بەکین و بەڕاشکاوی ئەو مەسەلەیە بروژێنین و ڕابگەیەنین کە ناکرێت" ئۆباڵی لاوازی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمووی بخرێتە سەر لێکدابڕان" یان ئەو جیابوونەوانەی کە لەو دوو دەیەی ئاخریدا

بەرچاوترلە مێژووی رابردووی حیزبەکانی ڕۆژهەلات بە سەریانتووە. هێزەسیاسیەکانی ئەو بەشەی نیشتیمان خۆیان بەرپرسیاری ئەساسین لە سەر شێوەی تێکۆشانی سیاسی و نەبوونی بەرنامەی شیاو کە بتوانن خۆیان لەو قەیرانە دەربازبکەن کە حیزبەکان تێیکەوتوون. حیزبێکی سیاسی کاتێک دەتوانێت شوێنی لەسەر رەوتی رووداو ئالۆگۆڕەکانی ولات دەرکەوێت، کە رایەڵکەیەکی بەهێز و پتەوی پەیوەندی سەرەتا لە نێوخۆی حیزبەکەیدا دروستبکات، ئەوجار کار لە سەر شێوازی نوێی کارو خەباتی خۆیبکاتەوە و میکانیزمێک دابرێژێت کە ولامدەری ئەو قۆناخەی خەبات بێ. ئەو زەمان بەسەرچوو حیزبەکانی رۆژهەلات گلەیان لەسەر ئاستی وشاری سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد هەبێت، ئێستا چین وتوێژەگەلیەکانی کوردستان لە سالانی ڕابردوو بەرچاوروونتر و چالاکانەتر داوای مافی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکانیان لە چوارچێوەی ئەو ولاتەدا دێنەگۆڕی کە کورد کێشەی نەتەوەی و خاکی لە گەڵێداهەیە.

زۆر لە سیاسیەکانی ئێمە و بە ڕێبەری حیزبەکانیشەوە، لە کۆی ئەو هەموو پەیام و دیدارو چاوپێکەوتنانەی لە گەڵ تەلەفزیۆن و ڕۆژنەمەکان ئەنجامیانداوە ، کەسیان بەروونی تیشکی نەخستۆتە سەر شێوەی بووژانەوە و چالاککردنەوەی قۆناخی نوێی بەرخۆدان و هەموو جارێک وتەکانیان دووبارە وچەند بارە دەبنەوە. حیزبەکان کە خۆیان بە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری جوولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دەزانن، لانیکەم دەبوو لە ساتەوەختی گرینگ و مێژووی وەک ئەمڕۆدا پێشڕەوی بووژانەوە و سەربەرزکردنەوەی خەباتیان بەدەستەوە گرتبایەوە.

١٤ی جانێوێری ٢٠١٥

----

### " سەردەمانێک کەسمان لایەنگری بەیەکەوە کارکردن لە نێو حیزبدا نەبووین، بۆچی؟ "

#### بەشی دووهەم

قسەکان ئێستا هەموویان لە سەر میحوەری یەکگرتن و یەکریزی سیاسی و نیشتیمانی لە نێوان هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێران دەکرێن و کەس قسەی لەسەر یەکگرتووی بنەماڵەی گەلی کورد و حیزبی دێمۆکراتدا نیە.
بەلام ناکرێ هۆکاری لاوازی و کزی شۆڕش و بەرخۆدان لەو بەشەی کوردستان هەمووی بخرێتە پاڵ لێکدابڕان و لێک جیابوونەوە سیاسی و تەشکیلاتی نێو حیزبەکان و، لە ڕاستیدا بەلای خەڵکی سیاسی و روناکبیری کوردەوە کە بە ئینساف و

بێلایەنانە خوێندنەوەیەکی وردی ڕەوشی ئێستای ژیانی ڕێکخراوەیان کردوە، مەسەلەکە بەو جۆرە نابینن. ئەوانەی خۆیان بەکورد و خەمخۆری دۆزەڕەواکەی بزانن، لە گەڵ پرشو بڵاوی سیاسی و ڕێکخراوەیدانین و ئەو پەیامەش بۆ هەمووولایەک روون و ئاشکرایە و بەردەوامیش بەدژی لێکترانزان هەڵوێست وەرگیراوە. بەڵام وێککەوتنەوەی بە خێرای و بەرلەوەی لە هەموو بارێکەوە زەمینەی بۆ برەخسێت، پرۆسەیەکی بەرهەمدار نابێت و ئاکامەکەی لە یەکگرتنەوەکانی پێشوتری چاکتر نابێ، لانی کەم بۆ حیزبی دێمۆکرات. جیابوونەوەی ئەوجارەیان لە قۆناخێکی هەستیاردا روویدا و بەدڵنیاییەوە زیانی زۆری بەجووڵانەوەی سیاسی و نەتەوەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان گەیاند. ئەمرۆ کە پرسی یەکگرتنەوە لە ئارادایە و بە تێروتەسەلی باسی لەسەر دەکرێت و زۆربەی لایەنگرانی گرۆپی ١ی بەفرانبار پێیان وایە، ئەگەر حیزب بکەوێتەوە سەر یەک، ئیدی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەڕۆخێت و دەرفەتی گەڕانەوە و تێکۆشان لە نێوخۆی کوردستان پێک دێت.

وەک بیروڕا شتێکی جوان و جێگای ڕێزە، بەڵام لە رووی سیاسی و لێکدانەوەی هەلومەرجی نێوخۆی حیزبەکان ڕەنگە لە شوێنی خۆیدا نەبێت. لە قۆناخی پێش یەکگرتنەوەدا، دەبێت پەنجە بخرێتە سەر کەلێن و درزەکانی ڕابردوو و هەتا ئەوجارەیان بە شێوەیەکی دیارتر و ڕیشەی بنەبڕی کێشە نێوخۆیەکان بکرێت، ناکرێ ئەمرۆ بنەماڵەی گەورەی حیزب بکەوێتەوە سەریەک و سبەی یان دووسبەی بەدەلیلی بەبنەما و پوچ زەمینەی لێکدوور کەوتنەوە بڕیخسێننینەوە. بەبێ جیاوازی پێویستە هەموو لایەک هەست بە بوونی خۆی لە نێو حیزبی یەکگرتوودا بکات و بۆ هەمیشە ماڵ ئاوای لە خۆدی و غەیرە خۆدی و ناوچەگەرای بکرێ و ئەو مەسەلە روتینیانە لە ژیانی سیاسی دا گۆڕبکرێن. دۆستایەتی و خزمایەتی لە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا وەک سالانی ڕابردوو کاریان پێنەکرێ لەسەر شێوەی بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی حیزبیدا، بۆ هەموو لایەک و ئەندامانی حیزبی لێهاتوی سیاسی و تەشکیلاتی بکرێتە پێوەر.

لێرەدا پێویستە ئەو مەسەلەیەش بیربخرێتەوە کە دەستەیەکی زۆر پچووک، سەردەمێک بازاڕێکی زۆر گەرمیان وەڕێخستبوو کە گوایە حیزبی دێمۆکڕات لە ڕێبازی ئەسڵی خۆی لایداوە و لە بارەی مەسەلەی نەتەوایەتیشەوە بەرەو ناشێلگیربوون هەنگاوی بەرەودواوە هاویشتووە یان لە رووی پێک هاتەی کۆمەڵایەتیەوە هەژاری سیاسی بەحیزبەوە دیارە. ئەگەر بێت لەسەر ئەو بنەمایە و ئەو فیکرە یەکبگرینەوە، بێگومان زۆر نابات، قەیرانەکان سەرهەڵدەدەنەوە. بەرویەکیتریشدا دەبێت چ هۆکارێک هانی زمان" فەلسەفیانی" دابێت، هۆگری یەکبوونەوە لە گەڵ ئەو پێک هاتە نەخوێندەواری نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێران بن. قسەی جوان و حیسابی بێگومان هەموو کەس پێی دەوێرێت و لە کاتی روماڵکردنی بابەتەکانی پەیوەندیدار دا بەزەقی ئەو مەبەستەی کە نیەتی دەربڕینی هەیە، پێی دەڕازێنێتەوە. دەنا ڕاستە، هۆکاری ئەوەی کە کورد بە درێژای مێژووی تیکۆشانی سیاسی بەمافی خۆی نەگەیشت بێت، مەسەلەی لێکدابڕان و قەیرانی نێوخۆی ڕێکخراوەی بووە. بەر لە هەر شتێک پێویستە لایەنگران و تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکڕات سەبارەت بە پرسی یەکبوونەوە،

چاو و گوێیان زۆرتر کراوەبێت و ئەو جار نەبێت ئەو یەکبوونەوەیە بکەوێتە ژێرکاریگەریەکانی هەستی سۆزداریەوە. پیاو سەری لە ڕاستی ئەو هەموو پێدا هەڵدان و مەتحووسەنای یەکریزیدا سور دەمێنێت، ئێستا هەموویان دەلیلیان زۆرن بۆ یەکگرتنەوە و پێکەوەکارکردن لە حیزبێکی یەکگرتوو و بەهێزدا، بەڵام ڕۆژگاریکیش، پێچەوانەکەی لە بازاردا پارەی دەکرد.

کەس دژی وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات نەبووە، بەڵام بێگومان سەردەمانێک کەسمان لایەنگری بەیەکەوە کارکردن لە نێو حیزبدا نەبووین، هەموو لایەک ئەو مافەیان هەیە بپرسن، بەڕاستی ئەو میکانیزم و میتۆدانەی لەو پەیوەندیەدا لەسەری ڕێکدەکەون بۆ یەکبوونەوە کامانن؟ خۆناکریَ ئەو جارەشیان بۆ پەرێنەوەی دەستەیەک، پێش بەستنی کۆنفڕانس و کۆنگرەی پاش یەکبوونەوەی حیزبی بەناو ناتۆرەی فڵان"لادەر" و "فڵان مستەفای"، بەدژی یەک بکەوینەوە سەنگر و خەڵکی کوردستان تۆشی نائومێدیەکیتر بکەینەوە. ڕێبەری و تەشکیلاتی هەر دوو لای حیزب دەبێت، سەرەتا لەسەر چەند ئەسڵێکی گرینگ بگەنە ئاکام و ڕێوشوێنی لەبار بۆ ئەو مەبەستە پێک بێت.

هێڵە گشتیەکانی تایبەت بە یەکگرتن چۆن دیاری دەکرێن، ئەگەر هەموو لایەک بۆ مێژووی ئاکامی ڕاگەیاندنی کۆنگرەی ١٣ی حیزب بگرێینەوە، بەدڵنیایەوە بە کەمینە و زۆرێنەوە دەنگی ڕەوای و مشروعیەت دراوە بۆ ئەو کۆنگرەیە. هەر چەندە بە هۆی یەکتر قبووڵ نەکردن و بەیەکەوە کارنەکردن، لێکدابڕان دروستبوو و ئێستایش ئەو گروپە دەنگی یەکبوونەوەیان بەرزکردۆتەوە. ئەو نەخۆشیەی کە پێک هاتەی ڕێکخراوەی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی بەو ڕۆژگارەگەیاند، "هەڵسوڕانی ئەساسی ئەو پۆلەبوون، کە ئێستاش بەرەزای شیرینەوە مایکی دیدار بۆ یەکگرتنەوە هەڵیگرتوون ". ڕاستە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە هەڵە و کەموکورتی بەدەر نیە، بەڵام ئاخۆ دەبێت شەرایەتی مەوجودی نێوخۆی، هەندەر نەبێت بۆ ئەو مەبەستە؟

کەسانێک لە نێو گرۆپی وەسەریەککەوتنەوەی حیزبیدا بەرچاو دەکەون، وەختی خۆی بەزبرترین زمان بەدژی حیزب و ڕێبەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیاننووسی و لێدوانی جۆر بەجۆریان دەدا و، بەڵام ئەمرۆ سوکانی (فەرمانی) ماشێنەکیان بەلایتردا هەڵدەسوڕێنن. بۆخەڵکێکی زۆر جێگای پرسیارە، هێندێک لە دۆستانی لایەنگری پرۆژەی ای بەفرانبار، چەند جارێک لە رووی تە شکیلاتیەوە ئەو بەرەو بەریانکردوە و ئێستا دەنگیان بۆیەکبوون بەرزوو زووڵال کردۆتەوە و کاتی خۆیشی ئەوەی نارەواو ناڕاستبوو لە سەر حیزب و ڕێبەری و سیاسەت و ستراتیژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئاوێزانی بەژن و باڵای ڕۆژنامە و پاڵپەرەکانیانکرد.

حیزبی دێمۆکرات وەک هێزێکی مۆدێڕن و گەشەکردووی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە قۆناخی ئیستای خەباتدا پێویستە هەست بەبرپرسیارەتی و ڕەساڵەتی مێژووی خۆی بکات و ئەو هەنگاوانەی لەو پەیوەندەیدا دەیهاوژێت، ئاکامی لێکدانەوە و خوێندنەوەی سیاسی و تەشکیلاتی ورد بێ و بە چاوی ڕەخنەوە، بەرابردووی یەکبوونەوەدا بچێتەوە. ئەو بەڕێزانەی بەراستی خۆیان بە لایەنگری یەکریزی نێو ماڵە گەورەکەی دێمۆکرات دەزانن، دبێت بەهەستێکی بەرزی نیشتیمانی و نەتەوەی هەموو ئەو مەسەلانە لە بیر بکرێن کە تادوێنی کەسانێک هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوەی حیزبیان بەمەبەستی لێکدابڕان سیاسی و تەشکیلاتی ئەنجامدەدا و ئەمڕۆش پێچەوانەکەی نیشاندەدەن. چوونکی یەکگرتنەوەی پێشوو هەموو ئەگەرەکانی ڕوودانەوەی بۆ وێناکردووینەوە، ئەگەر بە ئەقڵیەتی نەگۆرو چەقبەستوو ڕیزەکان یەکبخرێنەوە و بیر لە چەند ئاراستە و خەتی جیاواز و دژ بەیەکبکرێتەوە، تەمەنی یەکبوونەوە درێژخایەن نابێت!!!!

١٩ی جانیۆیری ٢٠١٥

## کەمینەیەکی تەواو عەیار، بڕیاری لەسەر یەکگرتنەوەی حیزبیدا لە کۆنگرەی ١٠!

### بەشی سێهەم:

ئەمڕۆ دڵسۆزانی کورد و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە بیرورای جیاوەزەوە بەشداری پرۆسەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات دەکەن و بەوپەری وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرنج و تێ بینیەکانیان، دێنەگۆڕێ و باسی بابەتە پەیوەندیدارەکانی ڕابردووی یەکبوونەو تێیدا، دەست نیشانی کەموکورتیەکان دەکرێ و تووی تەباوی و هەوێنی یەکبوونەوەیەکی درێژخایەن و مانادار بڵاودەکەنەوە و لایەنگری چەکسازی و خۆداڕشتنەوەی حیزبی لەسەر بنەمای لێبووردن و یەکتر وەرگتن، بەدڵێکی پاکەوە دەکەن. نیشتیمانپەروەرانی دڵسۆزی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد، کە خۆیان بەلایەنگری ڕاستە قینەی یەکگرتووی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب دەزانن و جیاوازتر لە کۆمەڵێک کەسیتر کە ئەوانیش خەمخۆریان دەربڕیوە بۆ ئەوەی کارلەسەر نەخشە ڕێگای یەکبونەوەی دێمۆکڕات بکەن، و بەلای ئەو بەرێزانەوە گرینگ ئەویە هەرچۆنێک بێت پرۆسەکە تێپەڕیندرێت و هێلە گشتیەکانی تایبەت بەو مەسەلەیە هەلومەرجی زەینی بۆش پێک نەیەت خراپ نیە. بەڵام ڕێژەی بەرچاوی پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزب پێیانوایە دەبێت ئەوجار پێشوەخت پەنجە بخەینە سەر کەلێن و درزەکانی ڕابرووی پێش و پاش جیابوونەوەی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب و لە هۆکارەکانی لێکترازان بکۆڵینەوە و هەرلەو ڕاستەیەشدا لە ڕێگای تێگەیشتن و بەرچاوروونی لەو بارەوە هەوڵبدەین بەسەر کۆی قەیران و خاڵەناموکانی نێوان دوو لایەنی دێمۆکڕات سەربکەوین. ڕۆچوون بە نێو ناخی قەیرانی ڕێکخراوەی و ئەو وەزحەی کە بەسەر حیزبدا هاتووە و بە

هۆی وێکهەڵنەکردن و کاربەیەکەوەنەکردن لە نێو حیزبی دێمۆکڕاتدا، ئەمڕۆ دڵە تۆراو تۆڕەکان بە شێوەیەکی تر هەوڵدەدەن شەن و کەوی بارودۆخەکە بکەن و هەنگاوەکانیان بە پێچەوانەی ئیرادەی ڕابردوویان بەمەقەستی دادپەروەری شەپۆلەکانی تورەی ببڕن. پێموانیە کەس لە گەڵ روتی دیالۆگی ڕێکخستنەوەی نێومالّی گەورەی دێمۆکرات دژایەتی بکا و ئەگەر خەڵکانێک بیرو سەرنجەکانیان لە وبارەوە بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە شێوەی جێگیرتر میکانیزمەکانی دیاریبکات، دەردەبڕن، ناکرێ والێکبدرێتەوە کە نیەتی خێریان نەبێ و هەوڵبدەن ڕەوتی دیالۆگ و یەکگرتنەوەی حیزب بەلاڕیدا ببرێ و بەڵکوو ئەو دەستەیە دەیان هەوێت ئەو یەکگرتنەوەیە بەئاشکرا و شەفاف و بەرچاو روونانە ئەنجامبدرێ و تەشکیلاتی هەردووک لایان لەو پەیوەندەیدا زەمینەی تەوایان لە نێودا پێک بێ. پرۆسەیەکی ئەوتۆ گەورە و گرینگی سیاسی و تەشکیلاتی، ناکرێت بەرچاوی هەموولایەک دیزە بەدەرخۆنەبکرێتەوە و زەمینەی لەبار و گونجاوبێو نەرەخسێت. لە ڕابرووودا ئەو کارەکرا و تێدا سەرکەوتوونەبووین، بۆیە ناکرێت جارێکیتر ئەزموونێکی شکەست خواردوو دوپات بێتەوە و گوێ بەگۆتاری هاوشیوە بدرێت. چوونکی هیچ لایەک لە تاقەت و توانایدا نیە، بەردەوام لە ژیانی سیاسی دا بەدوای یەکگرتنەوە و لێکدابڕان بڕۆوات.

بەداخەوە هێندێک لە پشتی پەردەی یەکبوونەوەدا، بەنارەوە و تانەوتەشەر و قسەی ناڕاست و بێبنەما، هەوڵدەدەن لە بایەخی ڕاستە قینەی مەسەلەکان دووربکەونەوە و بە چاوی ڕەخنە و پێداچوونەوە بەسەر جۆر و هەڵوێستی وەسەریەککەوتنەوەدا نەڕۆن. بێگوومان لایەنگرانی ڕاستە قینەی یەکبوونەوەی دووباڵی حیزبی دێمۆکڕات پێیان وایە، ڕێبەری و تەشکیلاتی هەردوو بەشی حیزب ئەوجار زۆر بەچاو کراوەی سەرنج و بیروڕای خۆیان سەبارەت بە یەکگرتنەوە بێنەگۆڕێ و پەنجە بۆ هەموو ئەو قەیران و کێشانە درێژبکرێت، کە هۆکاری لێکترازانەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتی لێکەوتەوە بەدوای یەکگرتنەوەی پێشوودا. بۆ ئەو یەکبوونەوەیە زۆری نەبەرد، دیسان بەدژی یەک، تەشکیلاتی حیزب کەوتەوە مل ملانێ و زەمینەی یەکتری پەراوێزخستن دەستی پێکردەوە و حیزبی بەمرۆژگاری ئەمرۆ گەیاند کە ئێستا کاربۆ وەسەریەککەوتنەوەی دەکرێت.

با هەموو لایەک بزانێت، حیزب هەر لە یەکەم کۆنگرەی هاوبەشدا، کە گیرا، بەسەر دوو ئاڕاستەی بەتەواوی دژبەیەکدا دابەش بوویەوە، بۆچی؟ ڕنگە ئەو کەسانەی لایەنگری خێرای یەکبوونەوە دەکەن، بەدوای ئەو مەسەلەیەدا نەچوون و هەستیان بەو ڕاستیە نەکردبێت کە پاش کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێمۆکراتی کورستانی ئێران، زەمینەی یەکگرتنەوە بەتەواوی پێک نەهاتبوو. کەسێک خۆی بە کورد و خەمخۆری دۆزەرەواکەی بزانێت و رابردوویەکی سیاسی و پڕشەنگداری لە مێژووی سیاسی نێو حیزبدا، تۆمارکردبێت، بەڵنیایەوە بەدەر دەبێت لە گۆتاری هاوشێوە و خەمی گەورەی هەمووان، هەوڵدانە بۆ بوونەوە بەیەک و بەهێزکردنەوەی سەنگری خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا. ئەگەر کەسێک قسەیەکی

پێچەوانەی ڕەوتی ئەو شەپۆلانەی هەڵیانکردوە بکا و ئارووزی ئەوەبکات و جەخت لەسەر گرینگی و ئاکامەکانی روتی دیالۆگی سیاسی و تەبای لە نێوان حیزبی دێمۆکڕاتدابکا، بەنەیار و هاوبیری دوژمن سەیربکرێت، ئەی ئەوانەی لە ڕابرووەدا بە ژەنگاویترین چەکی دەستیان، نیشانەیان لە ڕابردووی حیزب و ڕێبەری ناوداری گەل دکتۆر قاسملوو دەگرت، دەکەونە نێو کام پێوەر و لێکدانەوەی ئەو بەرێزانەی لە پشتی گۆتاری یەکبوونەوەدا، بەزمانی زبرو دوور لە ڕاستی دەدوێن و وتاری ئاگرین لە هەگبیان هەڵدەوەرێت.

مرۆڤ ئەگەر تۆزقاڵێک هەستی بە دڵسۆزی و نیشتیمانپەوەری بۆ گەلەکەی بکا و درێژخایەنانە پێشبینی هەنگاوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی حیزبی دێمۆکرات و دێمۆکڕاتی یەکگرتوو بکا، دەبێت بە شێوەی گشتی باس لەسەر هەموو ئەو گرفتانە بکرێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە ژێر درزەکانیەوە حیزب بەرەو لێکترازانێکیتر نەبات. ئەو یەکبوونەوەیە دەبێت، بە قەناعەتی هەموو لایەک بێت و ناکرێ ئەو جارەیش کەمایەتی زۆر بچووک نوێنەرایەتی یەکگرتنەوە بکا. ئەوەی لە کۆنگرەی ١٠ی بڕیاری لەسەر یەکگرتنەوەی حیزبیدا، بێگوومان زۆرینە نەبوو، بەڵکوو کەمینەیەکی تەواو عەیاربوو، ئەوکات لە ئاستی مەڵبەند و کومیتەی شارستانەکاندا لایەنگرانی یەکبوونەوە زۆر کەمبوون. بۆیە نابێت ئەو مەسەلەیە لەمێژووی یەکبوونەوەدا دووبارەبێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانێوێری ٢٠١٥

---------------------------------------------------

## دیمۆکراتەکان چۆن تووشی لێکترازانێکی دیکە نابنەوە



**ڕەزا ئەمینی**

پرسی هەستیار و هەڵپەسێراو، پێکەوەلکانی"دیمۆکرات"ەکان، وەخۆهاتنەوە، خۆخەملاندن، گردکردنەوەی وزە و هێزیان گوڕو تینی دەرهەست بە بزاوتی نیوەگیانی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبەخشێ. بابەتی یەکبوونەوەیان هەنووکە وەک واقعێکی ئەرێنی لێی دەڕوانرێ.

وێدەچێ لەمپەرو بەرگرەکانی هاوخەباتی هیوابەخش لاکەوتبێ و بە ئەنجامی خۆی گەیشتبێ و ئەو ڕێرەوە ڕوونەی خستبێتە بەردەم کە سەرەڕای کۆگایەک گیروگرفتی تکنیکی - تەشکیلاتی و سایکۆلۆژیکی کاراکتێرە شوێندارە پێکەوە نەحاواو، پێکناکۆک و وێکهەڵنەکردووەکانی رابردوو هەمدیسان دوو ڕێکخستنی بە جیا هەڵسوراو،لێکدابراو و خاوەن قەیرانی ڕەنگاڵە لە پەرژینی حیزبێکی "یەک" دا چالاک بکەنەوە.

شپرزەیی دیمۆکرات و قەیرانی داوێنگیری بە یەکبوونەوەی هەر چەند دەتوانێ بەرەو ئاقاری سەرهەڵدان و ڕوو لە قۆناخێکی ئەرێنی ترهەنگاوی توندوتۆڵ باوێ و لانی کەم بالانسی هێزوهاوسەنگی سیاسی لە بەرژەوەندی بزوتنەوەی کورد گۆڕانکاری بە سەردابێ وخولیایەکی نەتەوەیی تیف تیفە بدرێ یان گیانێکی کیانی سەربزێو لە دایک بێ،بەلام ئەو یەکبوونەوە شرۆڤە و دیسکۆرسی ڕەخنەگریش هەڵدەگرێ.

بە زۆر هۆ یەکگرتنەوەی دوو باڵی دیمۆکرات ناتوانێ بەتاڵ لە ڕەخنە بێ تا ئەنگوست نەخرێتە سەر کەم و کۆڕییەکان و ڕێکاری گونجاو دیاری نەکرێ ناتوانین بەو هەڵوێستە دڵخۆش بین. دڵەراوکێ ئەوەیە بە بارستایی مێژووی هاوچەرخی

حیزب دوای هەر پێکەوەلکانێکی بێ هێز لێکدابرانێکی بە هێز هاتووەتە ئاراوەو هەڵسورانی حیزبی کاڵتر کردووەتەوە دواجاریش باس لە پێکەوەلکانێکی تر کراوەتەوە کە چی ئەنجامی ئەرێنی و دڵخواز و حیزبی دێمۆکراتی یەکگرتوو و بێ بەری لە قەیرانی لاوەکی هەر رێکنەخراوەتەوە!

بە مشورو خەمهەڵگرانی دۆزی کورد لە گەڵ کەیفخۆشیان لەو پەیوەندییە دا پرسیار دەکەن: رێبەرانی دێمۆکرات ئەمجارە دەتوانن کۆتایی بە ململانە تاکی، ناسیاسی و دەسەڵاتخوازییەکانیان بێنن؟ ئەگەر توانیان بە سەر ئەنگیزە شەخسییەکانیان دا زاڵ بن و بەرژەوەندی نیشتمانیان کردە ئامانج پرۆژەی بە کردەوەییان چۆن کانالیزە دەکەن ؟ کە مکانیزمە سەرەکییەکانی خەبات و بەرخۆدانیان دۆزییەوە کاری ئاکتیڤتر چۆن پێناسە دەکەنەوە؟ بە راستی چون بە سەر قەیرانە تەشکیلاتی و سەلیقەییەکانیان دا باز دەدەن؟ کەرتی بنەرەتی و هەرمی بریارواتە تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب کاری عەمەلی خۆی چۆن تێئۆریزە دەکاتەوە؟ تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب بە تەمایە هەر لە کەمپ دا پاڵداتەوەو سەرقاڵی جناحبازی، باندپەرەستی، ناوچەگەری، شارولادێو گەرەک گەری،خۆگەری و... بێ؟

کلیلی چارەسەری بەشێکی زۆری کێشەکانی حیزبی دێمۆکرات وازهێنان لە کەمپ نشینی و خۆ قوتارکردن لە نەزمە ویشک وپرلە کەم و کۆرییەکانی ئیدارەی خۆ بەرێوەبەری بارەگاکانی حیزب لە باشوری کوردستانە،بابەتێک کە سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکرات ئاماژەی پێداوە و بریاری گواستنەوەی ئەو خەباتەی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان داوە.

لە ئەگەرێکی ئەوتۆ دا دێمۆکرات تووشی لێکترازانێکی دیکە نابێتەوە و ماڵئاوایی لە بەشێکی زۆری ئەو قەیرانانە دەکا کە گیانی دێمۆکراتی کرمۆل کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ١٥ی جانیوێری ٢٠١٥

-----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## دێمۆکڕاتەکان، یەکگرتنەوە یان تێکەڵبوونەوە؟



**قەرەنی قادری**

ماوەیەکە هەرەوەزی کادر و ئەندامانی دوو باڵی دیموکرات بە دروشمی "بەڵێ بۆ یەکگرتنەوەی دێموکرات"، دەستیان بە کار و چالاکی کردووە. دوو خاڵ لەو کەمپینەدا بەرچاوە، یەکەم ئەوەیە کە هەستیاری زۆر بە سەر داواکاری و پرسەکەیاندا بۆ "یەکگرتنەوە" زاڵە. دووەمیش، ئەو کەمپینە بەپێی ئەوەی کە هیچ باس و خاڵێکی جددی ناهێنێتە گۆڕێ، یان تەنانەت بەشێک لەوانەی کە لەو بوارەدا ڕای خۆیان دەردەبڕن، تەنیا وەکو پێویستیی باسەکە دێننە گۆڕێ. ئەو کەمپینە تەنیا لە گرووپێکی گوشار دەچێت بۆ سەر سەرکردایەتیی هەر باڵی دیموکرات، بۆ "یەکگرتنەوە"یان.

بە ڕای من، پرسەکە لەوە گرینگترە کە بە هەستیاری و دروشم، "یەکگرتنەوە" سەر بگرێت. بەر لە "یەکگرتنەوە" و بۆ دەسپێکی باسی "یەکگرتنەوە"، پێویستە وڵامی چەند پرسیارێک بدرێتەوە، چونکە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دوای سێ جار جیابوونەوە، بەم ساختارە کلاسیک و ماوەبەسەرچووەی هەر دوو (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران) و (حزبی دیموکراتی کوردستان)، بەرگەی داهاتوویەکی جێی متمانە ناگرێت.

پێڕەوی ناوخۆی هەر دوو حیزب دەرفەت بە گرووپی فکری و سیاسی نادات و، لە ژێر ناوی "پاراستنی یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب"، ئەگەری ئەوە زۆرە، یان بۆیان هەیە دەنگەکانی دیکە "کەمینە" لە ناو ئەو حیزبانەدا کپ بکەنەوە.

لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) کۆنگرەی پازدەهەمدا هاتووە:

* ماددەی چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب

- بە هەموو تواناوە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی یەکیەتیی سیاسیی و تەشکیلاتیی حیزب، هەوڵ بدات.

لە بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی (حزبی دێموکڕاتی کوردستان) کۆنگرەی پازدەیەمدا هاتووە:

※ ماددەی حەوت: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب

- بۆ پاراستنی یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.

پرسیار ئەوەیە، کە "یەکیەتیی سیاسی" چییە؟ ئەو "یەکیەتیی سیاسی"یە، دەستەواژە و کەرەسەیەکی لاستیکییە، کە هەر کەس و دەستەیەک بە گوێرەی حەزی خۆی لێکی دەداتەوە.

ئەگەر گرووپێکی "٤٠%" یان "٤٥%"ی لە ناو حیزب لەگەڵ بڕیارێکی سیاسیدا نەبێت، دەبێ چی بکات؟ ئەگەر ئەو ڕەوتە درێژەی هەبێت، چار چییە؟ ئایا بە ناوی "پاراستنی یەکیەتیی سیاسی" دەبێ هەر بێدەنگ بێت؟ یان بۆ ئەگەری "پاراستنی یەکیەتیی سیاسی" کە هیچ بڕوایەکی بە بڕیارەکە نییە، ئایا دەبێ وەکو ئەرکێکی حیزبی پروپاگەندەشی بۆ بکات؟ ئەگەر کەمینە ئەوە نەکات، ڕێگەیەکی دیکەی لەبەر دەمدا دەبێت، ئەویش جیابوونەوەیەکی دیکەیە.

ئەگەرێکی دیکەش ئەوەیە، کە "پاراستنی یەکیەتیی سیاسی" دەتوانێت دەوری دەمکوتکردنی کەمینەش لە ناو ئەو دوو حیزبەدا بگێڕێت. ئەزموونی ڕابردوو لە ناو ئەو چەشنە حیزبانەدا، ئەمەی سەلماندووە.

ئەمە یەکێکە لە کێشە ساختارییەکانی حزبی دیموکرات، کە پێویستە بەر لە یەکگرتنەوە، هەر دوولا چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە.

جیا لەمەش هەندێک پرسی ڕۆژ هەن، کە ئەویش پێویستە بەر لە "یەکگرتنەوە" چارەسەر بکرێن. هەر لە یەکەمین هەنگاو و دەستپێکی کارەکەدا، پێویستە وڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە و بە ئاشکرا باسی لێوە بکرێت، ئەویش بە ڕەسمی ناسینی یەکترە. بە ڕەسمی ناسینیش لەوەوە دەست پێ دەکات، کە دوو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حزبی دیموکراتی کوردستان هەن.

ئەگەر مەبەست یەکگرتنەوەیە، ئەوە دەبێ هەر دوو حزب، بەناو یەکتر بە ڕەسمی بناسن، کە ئەو دوو حزبە، دوو گرووپی جیاواز و سەربەخۆن. ئەمە مەرجی سەرەکییە. ئەوەی کە تا ئێستا دیارە، هەر دووک لا یەکتر بە "هاوڕێیانی پێشوو" ناو

دەبەن!

ئەگەر پرسەکە تێکەڵبوونەوەیە، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، کە کام حزب خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و تێکەڵ بە کام حزب دەبێت؟ ئەزموونی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ)، یەکگرتنەوە نەبوو، بەڵکوو هەڵوەشاندنەوەی ئەو حزبە بوو، کە تێکەڵ بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووەوە.

لە دوو حزبی دیموکراتدا، یەکێکیان پاشکۆی (ئێران)ی پێوەیە، ئەویتریان بێ پاشکۆی ئێرانە، ئەمە چۆن چارەسەر دەکرێت و بەکام لادا دەشکێتەوە؟

لە لاپەڕەی فەیسبووکی قەرەنی قادری وەرگیراوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٥ی جانیۆری ٢٠١٥

-----------------------------------------

## دێموکراتەکان و قەیرانی یەکگرتنەوە.



**ڕەشید قازی**

هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٦٩ ساڵەی تەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تا ئێستا چەندین قەیران و هەوراز و نشێو وەک بومەلەرزەیەک پەیکەری حیزبیان وەلەرزین خستووە،



سەرچاوە Serchawe

کە لە ئاکامدا ٤ دانەیان خەسارێکی گەورەیان بە دوایی خۆیاناندا هێناوە و یەکێتی ریزەکانی حیزبیان بەرەو لێکدابڕان و پرش و بڵاوی بردووە. ئەم ئینشعابانە جگە لە کۆنگرەی ٤ هیچ کام لە سەر کێشەی فکری و سیاسی نەبوون. بە پێچەوانە هەر هەموویان کێشەی نێوخۆیی و تەشکیلاتی و شێوازی کارکردنی ئۆرگانەکان دەگەڵ یەکتر بووە. پێشێلکردنی مافی کەمینە و لە هەمانکاتدا ملکەچ نەبوونی کەمینە بۆ بڕیاری زۆرینەدا دەستی کەمیان لە هۆکاری خوڵقاندنی ئەم قەیرانانەدا نەبووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەردووک لایەنەوە لە خەبات و تێکۆشانیدا زیاتر پەنایان بۆ شێوازی سوونەتی بردووە. حیزبی دێموکرات بەداخەوە هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران و کۆنترۆڵ کردنی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان نەیتوانی لەم هێز و توانا مادی و مەعنەوی بەرینەی کۆمەلانی خەڵکی خۆی بۆ خەباتێکی درێژخایەن ئامادە بکات.

بە پێچەوانە هەموو هێز و تواناکانی زیاتر بۆ خەباتێکی ئاشکرا و دژوار و خوێناوی بۆ بەربەرەکانی شەڕ دەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران تەرخان کرد. شەری نێوخۆ و سوور بون لە سەر درێژەدانی ئەم شەڕە هۆکارێکی سەرەکی دیکەی لاوازی و پاشەکشەی جوڵانەوە بوو. لە هەمان کاتدا، لەو مەودا زەمانییەی نیزیک دە ساڵەی کە حیزب تەواووەخت و نیوەوەخت رێبەری جووڵانەوەیەکی سەختی لە نێو خۆی ولات دەکرد، نەیتوانی لە فاکتەرەکانی دیکەی خەبات بۆ نەهادینە کردن و نهێنی کردنی شۆرش لە نێوخۆی ولاتدا کەڵک وەربگرێ. بە پێچەوانە کات بە کات و ساڵ بە ساڵ و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پاشەکشە و گوازتنەوەی شۆرش بۆ ئەم دیوی سنوورەکان هەنگاوی دەنا. حیزب بەوانەش رانەوەستا و تا سەرەنجام بە چۆلکردنی چیاکان و بەتایبەتی چیای قەندیل و داکشان بۆ پێدەشتەکان، تیشەی لە ریشەی خۆیدا و زیاتر لە هەرکات و سات بە دەستی خۆی خۆیی لاواز کرد. مانەوەی پێشمەرگە لە کەمپەکان و هێرشی دۆست و دوژمن و هەڵکەوتەی جوغرافیایی و فیداکردنی جوڵانەوەی رۆژهەلات لە پێناو پاراستنی دەسکەوتەکانی کوردی باشوور، هەموویان لەسەریەک قەیرانەکانی رێکخراوەیی و تەشکیلاتی نێوحیزبیان زیاتر پەرە پێدا. لە نەهایەتدا ئەم حیزبەی بۆ جارێکی دیکەش لە کۆنگرەی ١٣ کە بە حەول و زەحمەتی دۆستان و دڵسۆزان لە کۆنگرەی دە یەکیی گرتبۆوە، جارێکی دیکە توشی لێکترازان کردەوە.

### هۆکارەکانی دەرەکی و نێوخۆی یەکگرتنەوەی حدکا و حدکا ـ رێبەرایەتی شۆرشگێر:

شەهید بوونی دوو سەرکردەی حدکا، واتە د. قاسملو و د. سادق شەرەفکەندی و تێرۆری ئەندامان و پەنابەرانی کورد لە ژێر سایەی سەری حکومەتی هەرێم و کپکردنی دەنگی رادیۆکانیان و لاوازی ماڵی و دارایی لایەنی حدکا - ر.ش و مووشەکبارانی بنکەکانی ئەم بەشە لە قەڵاسەیدە، هەردووک لایەنی رۆژ بە رۆژ بەرەو لاوازی زیاتر دەبرد. بە جۆرێک برست و توانایی لێبرابوون. ئەم زەخت و زۆرەی نێوخۆیی و دەرەکی، بەتایبەتی زەختەکانی کۆماری ئیسلامی لە مەر

کوشتنی کادر و پ م حیزب و نەبوونی ئەمنیەت لە لایەک و هەوڵی دڵسۆزانی کورد و لە هەموان گرینگتر هەست بە بەرپرسیاری لایەنی حدکا ـ رێبەرایەتی شۆرشگێر و یەکدەنگی ئەوان بۆ تێکەڵبونەوە و لێوەرگرتنەوەی بەرپرسایەتی لە خۆیان لە کاتی تێکەڵبونەوە و زۆر هۆکاری دیکە هەردووک لایەنی بەو ئاکامە گەیاند کە تێبکۆشن ریزەکانی حدکا لە کۆنگرەی دە بەرەو تەبایی و یەکێتی بەرنەوە.

### هۆکارەکانی ئینشعابی حدکا لە کۆنگرەی ١٣دا:

بە تێکەڵبوونەوەی حیزب، بە هۆی چارەسەرنەکردنی ریشەیی کێشەکان ودەستی کەم گرتنی ئەم پرۆسە گەورەیە و دژایەتی لایەنی کەمینەی کۆنگرەی ١١ و ١٢ قەیرانەکان کەم و زۆر هەروا درێژەیان هەبوو. لەم ماوەدا دوو لایەن بە سەرپەرەستی مامۆستا و کاک مستەفا هیجری بۆ مسۆگەرکردنی دەنگەکانیان لە کۆنگرەی ١٣ تێدەکۆشان. ئەم بەربەرەکانیە هێندەی دیاردەی ناسەردەمیانە و نایاسای بۆ وێنە پەرەپێدانی ناوچەگەرایی، بن بالگرتنی زیاتر، پێکهێنانی تەشکیلات و سازماندەهی هاوتا و ژێرەکی لە لایەن کەمینەوە بە دوایی خۆیدا هێنا کە حیزبی لە کۆنگرەی ١٢ بەو ئاکامە گەیاند کە هەر کەس بۆ باندبازی حەول بدات بە توندی سەزا دەدرێ و حەتا لە حیزب دەر بکرێ. بەڵام وێرای ئاشکرابوونی ئەم دەستە بازیە بەهۆی نەبونی ئیرادەی بە هێز و سانتارلیزمێکی گونجاو و وڵامدەر کەس سەزا نەدرا. لە هەمانکاتدا پاش سەرکەوتنی کۆنگرە، خێرا زۆربەی کادر و ئەندامانی لایەنگری مامۆستا لە پۆست و بەرپرسایەتیەکانیان لێخران و کەسانی لایەنگری کاک مستەفا جێگیر کران. هەربۆیە لایەنی مامۆستاش تا ئەو جێگایەی لە توانایان دابوو بەربەستیان خستە بەردەم کۆڕ و کۆبوونەوە و پلۆنۆمەکانی حیزب تا سەرنجام بە بەشداری بەریز کاک باباعەلی مێهرپەروەر لە ئاخرین پلۆنۆمدا مۆرکی دوولەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەکردەوە هاتە دی.

### وەزعی ئێستای دێموکراتەکان و کوردستان:

لە ماوەی هەشت ساڵ جیابوونەوەی دێموکراتەکاندا هیچکامیان نەیانتوانی یەکتر لە پەراوێز بخەن. بە پێچەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ماوەدا توانی چ لە دەرەوەی وڵات و چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە هەرێمی کوردستان وەک هێزەکانی دیکەی کوردی بە ئەرێنی بناسری و جێ پیی خۆی قایم بکات.

لەو ماوەدا ئاڵوگورێکی زۆر لە رادەی نێونەتەوەی و نێوخۆی هاتۆتە ئاراوە. ئێران ئێستا دوژمنی سەرەکی شەیتانی گەورە نییە و بە کردەوە ئێران بۆتە مۆرەی سەرەکی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا .

لە نێوخۆی وڵاتیشدا پێشەی یەکلاکەرەوە لە نێوان باڵی پاوان خواز و توندرەوی ئوسولگەرا و لایەنی ئیسلاحتەڵەبیش بە توندی لە ئارادایە. لە تورکیە کێشەی کورد پێشکەوتنی باشی بە خۆوە بینیوە و لەهەرێمیش تا نیزیک کۆنفێدراتیو چۆتە پێش و کانتۆنەکانی سوریەش بە تایبەتی فیداکاریەکانی شەروانانی کۆبانی و بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەم ناوچەیە موعادلاتی نێونەتەوەی لە ناوچەکەدا بە تەوای گۆریوە.

جگە لەوەش بوونی دوو دێموکرات بە مێژووی هاوبەش و شێوازی خەباتی هاوچەشنە، بۆوەی رۆڵ و نەقشی کاریگەرتریان لە سەر رووداوەکانی ناوخۆیی و ناوچەکەدا هەبێ و گرۆتینێکی زیاتر بە جوڵانەوەی کورد ببەخشنەوە، لازمە هەرچی زۆرتر بەرەو رێکخستنی ماڵی خۆیان و ماڵی کورد لەم بەشە هەنگاوبنێن.

### چ بکەین بۆوەی یەکگرتنەوەیەکی بەهێز و بەتواناو درێژ خایەنمان هەبێ؟

١- بە یەکتر ناسینی هەردووک لایەن بە شێوەی ئەرێنی و رێزگرتن لە مێژووی خەبات و تێکۆشانیان.
٢- پێکهێنانی وتووێژێکی راستەوخۆی تەلەویزیۆنی بە بەشداری راگەیەنە گشتیەکانی هەرێم و وڵاتانی دۆست و هاوپەیمان و داوای لێبوردن لە خەڵکی کورد و وڵاتی فەرانسە کە بە پێشوازی داواکاریەکانیان نەچوون.
٣- گرتنی کۆر و کۆبونەوە بۆ ئەندامان و لایەنگران لە دەرەوەی وڵات. پێکێینانی کۆنفرانس و گۆنگرەیەکی هاوبەش بە دوور لە بەرپرسایەتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.
٤- پێکهێنانی سانترالیزمێکی بەهێز بە لەبەرچاوگرتنی مافەکانی ئەندامی حیزب بەتایبەتی لایەنی کەمینە. سەزادانی هەموو ئەوانەی کە دژی بریارات هەڵس و کەوت دەکەن. سرینەوەی ئاسەوار و هۆکارەکانی ناوچەگەرایی.
٥- هەڵبژاردنی سکرتێرێکی ئازا و بوێر و سەربەخۆ کە سکرتێری هەموو حیزب بێ نەک لایەنێک.
٦- خەسارناسێک لە مێژووی رابردوویی حیزب بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی بە تایبەتی ئەم هەشت ساڵەی دوایان بکەن.

بە لەبەرچاوگرتنی هەمووی ئەوانە دەتوانین دڵخۆش بن کە حیزبێکی وڵامدەرمان هەیە بۆ بەرێوەبردنی جوڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.
سەرەرای هەمووی ئەوانە لە سەر ئەو بڕوایەم کە چۆن خراپترین دێموکراسی لە باشترین دیکتاتۆری باشترە پێموایە کە خراپترین یەکێتی و تەبایی نێوان هێزەکانی خەباتگێر لە بەهێزترین هێزی تاکرەو و خۆسەپێن بۆ بەرژەوەندیەکانی نەتەوەیی باشترە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ١٦ی جانێوێری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## یەکگرتن و یەکڕیزی گەل، کلیلی چارەسەری کێشەکانە!



قادرئەلیاسی

لەم ڕۆژانەدا بە خۆشییەوە دەنگ و باسی یەکگرتنەوە و وەسەرخستنەوەی ریزە لێک ترازاوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە گەڵ یەک، تا دێ گەرم و گوڕتر دەبێ. ئەم ئامانجە لە ناوەرۆکدا، ئاواتی هەموو کوردێکی دڵسۆزە و ئەرکی گشت ئەو مرۆڤانەیە کە بە تەنگ کێشەی کوردەوەن.

کەس نکووڵی لەوە ناکا کە یەکگرتن و یەکڕیزی نەتەوەیەک و لە نێو نەتەوەکەشدا، هێزە خاوەن رابردووەکانی ئەو نەتەوەیە، کلیلی چارەسەری زۆربەی کێشە ناوخۆییەکانن. کورد ئەگەر یەکدەنگ بێ، دوژمنیش ناتوانێ درزی تێ بخا. لەم ساتە وەختە هەستیارەدا کە کوردستان بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پێیدا تێدەپەڕێ، بەرەی دۆست و دوژمن لە هەموو کاتێک زەقتر خۆی دەنوێنێ.

بۆ ئەوەی لە سەر پرسە هەنووکییەکە بدوێم، باسی پەرچە کردارەکانی دیکەی پەیوەست بە کوردستان و داگیرکەرانی کوردستانەوە ناکەم. بۆیە یەکڕاست دەچمە سەر بابەتەکە:

لە شیعری شاعیران و پێش لەوانیش لە پەندی پێشیناندا گەلێک جار خوێندوومانەتەوە یان گوێمان لێ بووە کە وتراوە: گەل و وڵات بە یەکەوە و لە کەش و هەوایەکی پێکەوە بووندا، دەتوانن زووتر بە ئامانجەکانیان بگەن. بۆ وێنە، پێشینان وتوویانە:

ئەر برا لە پشتی برا بێ
مەگین قەزا لە لای خودا بێ

یان ئەحمەدی خانی(١٦٥١-١٧٠٧) شاعیر و ڕۆشنبیری گەورەی کورد پتر لە ٣٠٠ ساڵ لەمەوبەر، هاوار لە دەستی خۆخۆری و دووبەرەکی کورد دەکا و دەڵێ:

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک

روم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیا ژ مە تا دکر غولامی

تەکمیل دکر مە دین و دەولەت
تەحلیل دکر مە عیلم و حیکمەت

کەوابوو، یەکگرتن و پێکەوە بوونی رۆڵەکانی نەتەوەیەک لە ریزی حیزبێکی سیاسی وەک "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"دا، ئاواتی هەموو کەسێکی نیشتمانپەروەرە.

ئەگەر رۆڵەکانی دیموکرات و کۆمەڵە، دوای پتەوکردنی ریزەکانی تەشکیلاتی خۆیان، توانییان لە گەڵ لایەن و کەسایەتییە دڵسۆز و خاوەن هەڵوێستەکانی دیکەی گەلەکەمان لە سەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش رێک بکەون، ئەوکات کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە جاران زیاتر بڕوایان بە شۆڕش دەبێ و هیوایان پتر لە دڵ و هزر و بیردا دەژێتەوە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە ئەگەر یەکڕیزی و پێکەوە بوون، ئەوەندە گرینگە، ئەی بۆ لێک ترازان رووی دا؟ بۆچی کۆمەڵە بوو بە دوو بەش؟ بۆچی لایەکی دیموکرات دوای راگەیاندنی ئەنجامی کۆنگرەیەکی هاوبەش بە ناوی کۆنگرەی ١٣ و پەسندکردنی ئەنجامەکانی ئەو کۆنگرەیە، دوای ساڵ و نیوێک جۆێ بۆوە؟ من نامەوێ وەک دەڵێن: کای کۆن بەبا بکەم. بەڵام ئەم پرسیارەم لە خۆڕا نییە. تۆ بڵێی ئاکامی یەکگرتنەوەی ئەمجارەش بە مەرەدی یەکگرتنەوەی ساڵی ١٩٩٧ ناچێ؟

مادام کۆمەڵانی خەڵک بەم یەکگرتنەوەیە دڵخۆش دەبن، دەبێ ئاکامەکەشی وا بێ کە شایی پەشیمانیان نەکاتەوە. بۆیە بە دڵێکی پڕ لە هیوا بە ئاسۆی رووناکی سەرکەوتنی گەلەکەم و بە باوەڕی قووڵم بە رۆڵە گیان لە سەر دەستەکانی نەتەوەکەم، بە مافی خۆمی دەزانم بپرسم: میکانیزمی ئەم یەکگرتنەوەیە چییە؟ ئەندامانی حیزب کە بەدەنە و هەیکەلی ئەو حیزبە پێک دێنن، لەو پرۆسەیەدا چ رۆڵێکیان دەبێ؟ گەلۆ بەر لەوەی رێبەری حیزب لە گەڵ رێبەری هاوڕێیانی جوێ بۆوە رێک بکەوێ، لە گەڵ تەشکیلاتی ئاشکرای خۆی کۆ دەبێتەوە؟
ئەمە نموونەی کۆمەڵێک پرسیاری هەنووکەیین کە مافی هەموو ئەندامێکی ئەو حیزبەیە، رووبەڕووی رێبەریی حیزبی بکاتەوە. وەڵام دانەوەی رێبەری بەو پرسیارانە، پێوەندیی ئۆرگانی نێوان رێبەری و ئەندام بە هێزتر دەکا. بە هێزبوونی ئەو پێوەندییەش، کار دەکاتە سەر رۆڵی یەکگرتنەوە و دۆزینەوەی کلیلی چارەسەری کێشەکان. واتە لە لایەکەوە گرینگی بە بەدەنە دراوە و لە رەوتی پرۆسەکە ئاگادار کراوەتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە رێبەریی حیزب ناکەوێتە بەر رەخنەی ئەوەی کە کارەکەی بە نهێنی و تاکڕەوانە ئەنجام دابێ.

بەم کورتە نووسراوە هیوادەخوازم، حیزبی دیموکرات ریزەکانی خۆی یەکخاتەوە. چوونکە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدان و سەرجەم ئەو کەسانەی دڵیان بۆ کورد و کوردستان و رۆژی رزگاری ئەو گەلە لێدەدا، ئەمەیان دەوێ. هەر لەو کاتەشدا لە رێبەریی حیزبی دیموکرات دەخوازم باوەشی بۆ هەموو تاکێکی جودابیر بکاتەوە و دەرگای لێکترازان بۆ هەمیشە دابخا. لەو کەسانەش کە بە قسەی خۆیان حیزبیان دوو لەت کرد، داواکارم ئەو ئەزموونە تاڵە بە هیچ شێوەیەک دووپات نەکەنەوە. چوونکە جگە لە سازکردنی درز لە ریزەکانی حیزب و سەرقاڵ کردنی حیزب بە کێشەکانی دوای ئەو جیابوونەوەیە، هیچ گۆڕانکارییەکی ئەرێنی بە دوای خۆید نەهێنا.

لە گەڵ ئەوەی هیچ ئاگادارییەکی دوور و نزیکم لە مەڕ پێکهێنانی کەمپەینی ای بەرفرانبار نەبووە و تا راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەیان لێیان بێخەبەر بووم، وێڕای دەستخۆشی و ماندوونەبوونی، هیوادارم لە پێناوی یەکخستنی ریزەکانی حیزبی دیموکرات دا سەرکەوتوو بن و ئەو کاروانە پێکەوە بە مەنزڵی ئارامی و دڵنیایی بگەیەنن.

وەک دەنگبێژێکی خەمخۆر کە گۆرانی بۆ هەر چوارپارچەی کوردستانە بە زۆر دابەشکراوەکەم دەچڕم، ئاواتەخوازم ئەم رەوتە ریزەکانی کۆمەڵەش بگرێتەوە و ئەوانیش ببنەوە کۆمەڵەکەی جاران، بەڵام بە هزر و بیری پێکەوە کار کردن لە گەڵ حیزبی دیموکرات و هێزەکانی دیکەی نێو گۆڕەپانی کوردایەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - رێکەوتی: ١٦ی جانێوێری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## نەخۆش بە "پاراسێت" چارەسەر ناکرێ



**هاشم رۆستەمی**

کێ هەیە هەر کەمێک شارەزای مێژووی بزوتنەوەکانی کورد بێ و نەزانێ کە یەکێک لە هۆیە سەرەکیەکانی سەرنەکەوتنی ئەو بزووتنەوانە، ناکۆکی و دووبەرەکی نێوخۆیی بزووتنەوەکان بووە.

دیارە ئەو ناکۆکیانە، بە گوێرەی زروف و سەردەم و قۆناخ، ئاڵ و گۆریان بەسەرداهاتووە و شکڵ وشێوەیان گۆراوە. سەردەمایەک ناکۆکی نێوان شێخ و بەگ و سەرۆک هۆز و عەشیرەکان گرفتی سەر رێی سەرکەوتن بوو، دواتر کە دەوارن گۆراو و حیزب و رێکخراوی سیاسی پێشەنگایەتی بزووتنەوکانیان گرتە دەست، ناکۆکی نێوان ئەو رێکخراوانە و ململانێی نادروستی ئەوان لە گەڵ یەکتر، جێی ناکۆکی سەرۆک هۆز و عەشیرەکانیان گرتەوە.

مخابن لەوکاتەوە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان، بۆ دابین کردنی مافە رەواکانی سەری هەڵداوە، ئەو رەوتە هەروا درێژەی هەبووە و بە قیمەتێکی زۆر گرانیش لە سەر خەڵکی کوردستان کەوتووە. بێ دوو دڵی دەتوانم بڵێم ئەگەر ئەو ناکۆکیە نێو خۆیانە نەبایەن، خەبات بۆ رزگاری کوردستان، ئەو هەموو تێچووەی نەدەبوو. لە دووسەد سی سەد ساڵی رابردوودا، چەندین جار خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان تووشی شکست و تێکچوون و ئاشبەتال هاتووەو، پاش ماوەیەک هەمدیسان سەری هەڵداوەتەوە. بە وەبەر چاو گرتنی ئەوە تێکشکان و سەرهەڵدانەوەیانەیە کە لە رۆمانی شاردا باس لەوە دەکرێ،" کورد شۆرش دەکا بۆ ئاشبەتاڵ، ئاشبەتاڵیشی سەرەتای شۆرشێکی دیکەیە".

با زۆر لە باسە ئەسڵیەکە دوور نەکەومەوە. رەوتی ناکۆکی و دووبەرەکی، بە تێپەر بوونی زەمان، نەک هەر لەبەین نەچوو،

بەڵکو مخابن، ئەوجار نێو تەشکیلاتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیە "مودێرنەکانی" کوردستانیشی گرتەوە. یەکێک لەو حیزبە ڕزگاریخوازانەی بزووتنەوەی کورد، کە تا ئێستا چەند جار بە هۆی ناکۆکی و ململانێی نا شەریفانە، تووشی لێکدابڕان و لەت بوون بووە، حیزبی دێموکراتە. بە سەرنجدان بە وەش کە ئەم حیزبە وەک یەکێک لە بە تەمەنترین ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان و دامەزرێنەری یەکەم دەستەڵاتی کۆماریی، لە "ڕۆژهەلاتی کوردستان" و گەورەترین ڕێکخراوی "کوردستانی ڕۆژهەڵات"، جێگەی هیوا و هومێدی خەڵکی کوردستان بە گشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی بووە. هەر بۆیە سەرکەوتنەکانی بە سەرکەوتنی خەڵکی "کوردستان" و شکستەکانیشی هەر بە شکستی خەڵکی کوردستان حیساب کراون و لێکدابڕان و لەت بوونەکانیشی شوێنەواری ڕاستەو خۆیان لە سەر خەباتی ئەو بەشە لە خەڵکی کوردستان هەبووە و هەیە.

لێرەدا دەرفەتی ئەوە نیە کە باسی سەرجەم هۆکارەکانی ئەو لەتبوون و لێکدابڕان و جوودابوونەوانە بکەین کە لە مێژووی دەیان ساڵەی ئەو حیزبەدا ڕوویان داوە. بەڵام من بێ دوو دڵی دەتوانم بڵێم کە یەکێک لە هۆیەسەرکیەکانی دووبارە و چەندبارە بوونەوەی لێکدابڕان و جوودابیەکان، ڕەوتی نادروستی بەرەوپێش بردنی یەک گرتنەوەکان و وەسەریەک کەوتنەوەکان بووە. مخابن تا ئێستاش بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتانە، زۆرتر عەشایری جووڵاوینەوە و لە جیاتی ڕیشەکێشکردن و چارەسەری یەکجاری ناکۆکیەکان و دانانی مکانیزمێک بۆ پێشگیری لە دووبارە بوونەوەی ناکۆکیەکان، گرفتەکان بەشێوەی کاتی پوش بە سەر کراون و وەک ئاگری بن خۆڵەمێشێ لە کاتێکیترا هەمدیسان سەریان هەڵداوەتەوە. ئەم جۆرە چارەسەرەش وەک ئەوە وایە کە نەخۆشێک بۆ عیلاجی نەخۆشییەکی مەرگهێنەر ، دوکتورەکەی تەنیا حەبی ئازار بڕی "پاراسێتی" بۆ بنووسێ. ئەم حەبە ئەگەرچی لەوانەیە بۆ ماوەیەک ئازاری نەخۆش کەم بکات، یا بۆ ماوەیەک نەیهێڵێ، بەڵام بێ گومان ئەو ئازارە، مادام چارەسەری یەکجاری بۆ نەکراوە، دیسان سەرهەڵدەداتەوە و نەخۆش بە حەبی پاراسێت چارەسەر ناکرێ.

ئەرکی ئەم وتارە نیە کە دەستنیشانی لایەنی خەتابار یا کەمتر خەتاباری لێکدابڕان و جوودابوونەوەکانی نێو حیزبی دێموکرات بکات. بەڵام بە پێویستی دەزانم ئەوەندە وەبیر ئەو بەڕێزانە بێنمەوە، کە بێ ئاگاداری دروست لە مێژووی حیزب و ڕووداوەکان، یەک لایەنە لایەنی کەسی یەکەمی حیزب دەگرن و ئەوانیتر بە هۆکاری لێکدابڕان و لەت بونەکان دەزانن و ڕەوتی هەڵوێست و خەباتیشیان بە شکست خواردوو حیساب دەکەن، بەڵام هەر ئەو بەڕێزانە بە شانازیەوە باسی خەباتی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ دەکەن. تۆ بڵێی ئەو بەڕێزانە ئاگایان لەوە نەبێ کە خەباتگێرانی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ کە گۆمی مەندی شای ئێرانیان شڵەژاند و بوون بە مایەی فەخر و شانازی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان و، مێژوویەکی زێرینیان بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتیمان تۆمار کرد، کادر و پێشمەرگەکانی کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئەوکات بوون، کە لە گەڵ سکرتێری ئەو سەردەمی حیزب و هاوبیرەکانی ناکۆک بوون و دوور لە دەستەلاتی سکرتێر، ئەو حەرەکەتەیان وەڕێ خست.

یا بەڵکوو ئەو بەڕێزانە! بریاری لە خۆبردوانەی کادر و پێشمەرگە و سەرکردایەتی، حدک ڕێبەرایەتی شۆرشگێر، کە لە پێناو وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتدا، حازر بوون لە خۆیان مایە دابنێن و واز لە سەرجەم پلە تەشکیلاتیەکانیان بێنن، تا بەو شێوەیە ڕێگەی یەک بوونەوە تەخت بکەن، بە شکست حیساب دەکەن! جێگەی سەرنجە کە ژمارەیەک لەو بەریزانەی کە هەر لەم دوایەشدا، بە قەول بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لێدوان دەدەن و بەردی دلسۆزی بۆ وەحدەتی حیزب لە سینگیان دەدەن، هەر بەو زمانە قسە دەکەن. هیوادارم یەکگرتنەوەی ئەمجارە سەر بگرێ، بەڵام بڵێی ئەو بەڕێزانە! حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر لە ریزی " شکستخواردووەکان" حیساب نەکەن؟!

١٧ی جانێویری ٢٠١٥

-----

## لە پێناو یەک گرتنەوەیەکی پایەداردا

### ئەم وتارە، درێژەی وتاری"نەخۆش بە پاراسێت چارەسەر ناکرێ" یە

ئێستا ماوەیەکە باس و خواسەکانی پێوەندیدار بە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان گەرمن. کۆمەڵێک چالاکی سیاسی و حیزبی لە کەمپەینێکدا (یەکی بەفرانبار) گوروتینێکی دیکەیان داوە بە زیاتر وروژاندنی ئەو باسانە.

لە هەمانکاتدا باسی ئەوەش لە گۆڕێدایە کە بەم زوانە دەفتەری سیاسی هەردوو لایەن، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ باس لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەردەم یەکگرتنەوە، بە یەکەوە کۆ دەبنەوە.

گەلۆ! تۆ بڵێی لەو کۆبوونەوەیدا بەڕێزانی دەفتەری سیاسی بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی رابردوو، مکانیزمێکی گونجاو بۆ چارەسەری گرفتەکان بدۆزنەوە؟ مکانیزمێک کە زامنی پاراستنی یەکیەتی حیزب بێت لە داهاتوودا. ئاخر ئەوەی ئێستا

لە هەموو شت زۆرتـر جێگەی نیگەرانـی و دەڵەخورپەی خەمخۆرانی یەکگرتنخوازی دێموکراتە، تـرس لە سـەرهەڵدانەوەی ناکۆکییەکـانە. بـۆ ئەوەی ئەو ترسـەش بـڕەوێتەوە، پێویسـتە هەر دوو لایەن، لەگەڵ یەکتـر و لەگەڵ بەدەنەی حیـزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان شەفاف و رووک بن.

بە پێچەوانەی فەرمایشـاتی هێنـدێک کەس، من پێمـوایە گیروگرفتەکـان کەم نین و مەودای نێوانیشـمان زۆر کەمبەر نییە، چونکە ئەگەر وەکی ئەو بەرێزان باسی لێوە دەکەن، مادام گرفتەکـان گەورەنین و نـاکۆکییەکی ئەوتـۆ لە بەینماندا نییە، ئەدی ئەو حیزبە لەسەر چی لەت بووە. باشە بـا قسەی ئەو بەرێـزانە دروست بێت و ناکۆکییەکـان قـوڵ نەبن، ئەودەم ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، باشە ئەگەر گرفتی جیددمان لە حیزبـدا نەبـووە، هەر وردە نـاکۆکی بـوون، چۆنە سکرتێری ئەوکـاتی حیزب، نەیتوانیوە ئەو وردە گرفتانە چارەسەر بکات؟! یا بەلای دیکەدا باسی بکەیـن، ئەگەر هەر وردە نـاکۆکیمـان هەبـوون، چۆنە نیوەی ئەو حیزبە قبوڵی ئەو وردە ناکۆکییانەی نەکردوە، ئەوە ماوەی ٨ ساڵە لە ژێر نـاوی حدک دا تێکۆشـانی خـۆی درێژە پێدەدا؟ کەوا بوو بچووک نیشـاندانی گرفت و ناکۆکییەکـان، نەک هەر راستی تێدا نییە، بەڵکـو هیچ یارمەتیش بە رەوتی یەکگرتنەوەیەکی پایەدار ناکات.

لە پێنـاو یەکگرتنەویەکـی پـایەداردا، پێویسـتە زۆر راشکاوانە، باسـی ئەو هۆکـارانە بکرێ کە بـوونە هـۆی دوو لەتبـوونی حیزب. پێویستە هەڵە و کەموکوڕییەکان دەستنیشـان بکرێن و هەر کەسەو بە ئەنـدازەی خۆی قبـوڵی ئەو هەڵە و تـاوانانە بکـات، چـونکە ئەگەر حـازر نەبـین شـان وەبەر خەتـا و هەڵەیەک بنـێن کە کردوومـانە، بەو مانـایەیە کە دەمـانهەوێ لە داهاتووشدا هەمان کار (هەڵە) دووبارە بکەینەوە.

لە پێناو یەکگرتنەویەکی پایەداردا، دەبێ رێگەیەک دیاری بکرێ کە چیتر لە حیزبدا دیاردە دزێوەکانی وەک نـاوچەگەرایی، باندبازی و "خودی و غەیرە خودی" و... نەمێنێ و لە جێگەی ئەوانە شایستەسالاری لە حێزبدا جێگیر بکرێ.

لە پێناو یەکگرتنەویەکی پایەداردا، پێویستە بەر لە هەموو کەس و لایەنێک، رێبەرایەتی ئەو دوو حیزبە بروایـان بە یەک گرتنەوە هەبێ. رەنگە وتنی ئەو قسەیە بڕێک سەیر بێتە بەر چـاو. بەلام من گومـانم هەیە کە هەمـوو لایەک لە نـاخەوە هەستیان بە زەرورەتی یەک گرتنەوە کردبـێ. چوونکە من تـا ئێستا گوێم لـێ نەبـووە، یـا نەمبیسـتووە کە رێبەرانـی حدکا بڵێن، یەک گرتنەوە، زەرورەتێکی جیـددیە و چـاک کردنەوەی هەڵەی رابـردوویە. ئەوەی ئەو بەرێـزانە باسـی دەکەن ئەوەیە کە دەڵێن، خەڵکی کوردستان یەکگرتەوەی پێ خۆشە، دەڵێن، دۆستانی حیزب لە دەرەوە و ناوەوە داوامان لێ دەکەن، دەڵـێن کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەیەکان داوامان لێ دەکەن. کەوا بوو یەکگرتنەوە نابێ لە سەر خاترو خوایشتی، ئەم و ئەو بێ،



سەرچاوە
Serchawe

پێویستە بروا بە یەکگرتنەوە لە نێو خۆماندا بە هێز بێ.

لە پێناو یەکگرتنەویەکی پایەداردا، پێویستە پرۆسەی دیالۆگ و وتوویژەکان چیدیکە لە پشت دەرگا داخراوەکان نەبێت. نابێ ئەم پرسە گرینگە تەنیا ببێتە ڕێککەوتنی نێوان چەند کەس لە دەفتەری سیاسی، یا لەوەش بچوکتر بکرێتەوە و ببێتە پرسی ڕێککەوتنی بەینی دوو کەس واتە (سکرتێرەکان). زۆر زەرووره کە بەدەنەی حیزب بە شێوەیەکی تەشکیلاتی لەو وتوویژانەدا بەشداری پێ بکرێ و تێبینی و سەرنجەکانی بە هێند وەربگیردرێ. هەر نەبێ نیو هێندی سەردەمی ناکۆکی و لەتکردن، پرس و رای پێ بکەن!

لە پێناو یەکگرتنەویەکی پایەداردا، نابێ لەم رەوتەدا دۆڕا و براوەی تێدا بێت. پێویستە ساختاری حیزبی یەکگرتووی داهاتووش ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی تێدا بکرێ کە لە داهاتوودا حیزب بە کردەوە هی هەمووان بێ. با روونتر بڵێم، لە روانگەی منەوە حیزبی یەکگرتووی داهاتوومان، نابێ نە حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ و نە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چونکە هەر کام لەو دووانە ببنە ناوی حیزب، ئەوە بێ ئەملاو ئەولا، لایەنەکەی دیکە، لە داهاتوودا، مۆرکی شکستی لە نێوچاوان دەدرێ و دواتریش تانەو تەشەر دەست پێ دەکەنەوە و یەکگرتنەوەمان دەبێتەوە سەرەتای لێک جوودابوونەوەیەکی دیکە، بۆیە پێویستە ناوی حیزبیش بگۆڕدرێ. ناوی شیاو و گونجاو زۆرن، کە من بەش بەحاڵی خۆم، حیزبی دێموکراتی کوردستانی رۆژهەڵات/ م زۆر پێ گونجاوە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە پێویستە و دەبێ مێژووی خەبات و تێکۆشانی ئەو چەند ساڵەی هەر دوو لایەنی دێموکرات، وەک مێژووی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو پەسند بکرێ.

سەرچاوە: رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠١٥

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## لە پەراوێزی کەمپینی "بەڵێ بۆ یەکگرتنەوەی دیموکرات"

### ئەرکی میدیا چییە..




**ئەرسەلان رەحمان**

بێگومان داخوازی گەنجانی و هەوادار و لایەنگران و ئەندامانی هەردووماڵی حزبی دیموکرات و خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان بە گشتی بۆ یەکخستنەوەی ماڵی حزبەکەیان، بێ کێشە و لەمپەر نابێ. لێرە و لەوێ ئەو دەستانەی بەرژەوەندییان لە دووبەرەیی و باڵباڵێنی ناو حزبی دیموکراتدا هەیە، جا هۆکاری بەرژەوەندی تایبەتیی بێت، یان هەر هۆکارێکی دیکەی خودیی بێت پێیان ناخۆشە ئەو پرۆسەیە بچێتە پێشێ و هەنگاوی یەکگرتنەوە بگاتە ئەنجام.

کەمپینی یەکی بەفرانبار کە زیاتر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک هاتووەتە ئاراوە، تا دێت لە ناوخۆی کۆمەڵی کوردەواری لە رۆژهەلات و لە ناو رەوەندی کوردانی رۆژهەلاتی لە پەرەگرتنی زیاتردایە.

گرنگ لەم قۆناغەدا ئەوەیە بزانین میدیا بە چ ئاقارێک و لەسەر چ بنەمایەک لەسەر ئەو پرسە هەنووکەییەی پەیوەستە بە چارەنووسی خەباتی درێژساڵەی حزبی دیموکرات کار بکات..

بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکارییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی هەرێم و عێراق لە لایەک و نەخشەی هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکان و جموجۆڵێکی مەدەنیانەی ئەوتۆ کە دەکرێت لە رۆژهەلاتی کوردستانەوە پەرە بگرێت، هەروەها هەڵکشانی بایەخ و رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەکۆیەک بۆ گەیاندنی دەنگ و درووستکردنی رایگشتی، دەکرێت

بوترێت ئەرکی میدیای کوردیی لە ئاستی پرسێکی لەو شێوەیەدا بایەخی زۆرتری هەیە و دەبێت هەستیارانە تر و بەرچاورۆشنتر مامەڵە بکات. بۆ ئەوەی لانیکەم ئامانجی کەمپینێکی نەتەوەییانەی هاوشێوەی یەکی بەفرانبار بێنێتەدی.

بێگومان لە سەروبەندی بزاوت و گۆڕانکاری و جموجۆڵی گرووپەکانی فشاردا ئەرکی میدیا، قورسترە و پێویستیی زیاتری بە ڕێنوێنی و دیارکردنی ئامانج و نەخشەڕێژی و کاری هەمەلایەنەی ئەوتۆ هەیە بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی نەتەوەییدا چالاکی گرووپەکانی فشار سەرکەوێت و بە ئاکامێک بگات کە سوودی گشتی و نەتەوەیی لێبکەوێتەوە.

## چەند پێشنیازێک بۆ میدیای هەرێمی کوردستان

١- ڕووماڵکردن و گرنگیدان بە چالاکی گرووپەکانی فشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی کەمپینی یەکی بەفرانبار.

٢- فۆکسخستنە سەر گرنگی و یەکخستنەوەی نێوماڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خستنەبەرباسی لایەنە ئەرێنییەکانی و کاریگەرییەکانی لەسەر سەرکەوتنی پرسی یەکێتی نەتەوەیی و یەکخستنی گوتاری نەتەوەیی.

٣- پەراوێزخستن و بەلاوەنانی هەموو ئەو لێدوان و زانیاری و باسوخواسانەی زیان بە هەنگاوەکانی یەکخستنەوە دەگەیەنن و دەبنە لەمپەر لە بەردەم ئەو مژارەدا.

٤- ئاگادار بوون و هەستیاربوون بەرامبەر ئەو پەیام و زانیاری و لێدوانانەی لایەنگرانی ئێرانیخواز لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران دەیانەوێت پەخش و بڵاویان بکەنەوە.

٥- دواندن و بەسەرکردنەوەی سیمبوڵەکانی خەباتی سیاسی و چەکداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی کۆکردنەوەی زۆرترین پشتیوانی بۆ پرسی یەکگرتنەوە.

٦- هەوڵدان بۆ دروستکردنی پشتیوانی زیاتری ئەو پرسە لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان وکارکردن لەسەر هاندانی زیاتری هەردوو باڵی دیموکرات بە ئامانجی هەرچی زووە یەکگرتنەوەیان.

٧- تەرخانکردنی بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی و پانتایی زیاتر لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و چاپکراوەکان و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بۆ قسەکردن لەسەر بایەخ و گرنگی ئەو یەکگرتنەوەیە.

## سەبارەت بە کەناڵەکانی پەیوەست بە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەقەڵای چالاکانەوە

بە بەراود بە میدیای هەرێمی کوردستان، ئەرکی میدیای حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەختترە و پێویستە هەرچی زیاترە ئەوان ببنە سەکۆیەک بۆ بەستنەوەی خەباتی مەدەنی خەڵکی کوردستان و خەباتی سیاسی حزبەکانیانەوە و لەو پێوەندگەشەوە کەمپینی بەڵێ بۆ یەکگرتنەوەی حزبی دیموکرات لە ئێستادا دەکرێت بوترێت تاکە دەرفەتێکی زێڕینە هاتووەتە پێش بۆ توانەوەی بەستەڵەکی نێوان چالاکانی مەدەنی و خەباتگێڕانی سیاسییدا و ڕاستەوخۆ کۆیە بە شارو

گوندی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەبەستێتەوە و حزبی دیموکرات بە کردەوە دەبوژێنێتەوە.

لەو میانەیەدا دەکرێت بوترێت، وەک بەرچاوڕوونییەک بە گرتنەبەری ئەم رێککارانە لە لایەن میدیای رۆژهەڵاتییەوە دەکرێت ئەو ئامانجە نەتەوەییە بێتەدی:

١- بەلاوەنانی هەر چەشنە دەنگێکی نەخوازراو و پیشاندانی وەک دەنگی ریزپەڕ و دەرچوو لە کۆدەنگی کوردستانییانە لە پێناو یەکگرتنەوەدا.
٢- لەقاودانی هەرچەشنە سیاسەت و پەیامێک کە دژی خواستی نەتەوەیی و پرسی یەکگرتنەوە دەیەوێت دزە بکاتە میدیاوە.
٣- هێنانە پێشەوەی سیمبوڵە هاوبەشەکانی نێوان هەردوولا و فەرامۆشکردنی ناکۆکییەکان و هەڵنەدانەوەی ئەو باسوخواسانەی درز لە بناغەی دیواری یەکگرتنەوە درووستدەکەن.
٤- بە نیشتیمانی کردنی پرسی یەکگرتنەوە و شۆڕکردنەوەی بۆ ناو توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و هەوڵدان بۆ هەرچی زیاتر هاتنە دەنگی توێژەکانی کۆمەڵ.
٥- ئامادەگیی بەردەوام بۆ وەڵامدانەوە و لە ریشەکێشانی هەر دەنگۆ و پڕوپاگەندەیەکی تابووری پێنجەم و میدیای نەیار، لە دژی هەنگاوەکانی یەکگرتنەوە، کە لێرە و لەوێ بە رێگەی جۆراوجۆر سەردەردێنێت و دەیەوێت هەنگاوەکان پەکبخات.
٦- فراوانکردنی رووماڵی چالاکییەکانی تایبەت بە کەمپینەکە و هەوڵدانی زیاتر بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی جەماوەری و سازکردنی بەرنامەی تایبەت و دواندنی ئەو کەسایەتییە سیمبوڵیانەی دەکرێت رۆڵێکی ئەرێنی بە ئاراستەی هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەدا بنێن.
٧- گرنگیدان بە دەنگ و رەنگی نەوەی نوێ و هێنانە پێشەوەیان بۆ ئەوەی قسە لەسەر چارەنووسی کاروانی خەباتەکەیان بکەن.
٨- هەوڵدان بۆ هێنانەسەرخەتی دۆست و لایەنگرانی دۆزی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و دۆستانی بیانی هەردوو باڵی حزبی دیموکرات و گواستنەوەی پەیام و گوتارەکانی پەیوەست بە یەکگرتنەوە.
٩- گرنگیدانی زیاتر بە چالاکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی فەیسبوک و تویتەر و گوگڵ پڵەس و گەیاندنی پەیامەکان لە رێگەی ئەو تۆڕانەوە بە جەماوەری حزب لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

بە هیوای سەرکەوتنی ئەو پرسە و هاتنەدی یەکگوتاری نەتەوەیی لە میدیای کوردییدا بە ئامانجی سەرخستنی خەباتی خەڵکی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان - رێکەوتی: ١٦ی جانێوێری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئەو دەستە شاراوەی دەیهەوێ ڕەوتی یەکگرتنەوە نەزۆک بکات



**عەلی سۆرانی**

بەدڵنیایەوە ئەگەر دەمانەوێ لە چوارچێوەی یەک حیزبی دێموکراتدا یەک بگرینەوە کە بتوانین کاریگەر بین لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە و پارسەنگی زێڕینی جارانمان بەدەست بێنینەوە دەبێ خۆمان لە هەندێ کارو کردەوە بپارێزین. بۆ وێنە باش نییە لەم دۆخە هەستیارەدا ئەو لاپەڕە تاڵانەی ڕۆژانی لێک جیابوونەوە و دابڕان هەڵدەینەوە کە ئێستا سیمای جوانی نییە. یان خود کاتێ دەبینین ڕەوتی یەکگرتنەوە خەریکە دەبێتە پرسێکی هەمەگیر لە نێو بەدەنە و ڕێبەری و تەنانەت جەماوەری خەڵکی کوردستاندا باش نییە ئەم ڕەوتە بە هەندێ جووڵەی نابەرپرسیارانە تووشی ئاستەنگ بکەین و کۆسپی لەسەر ڕێ ساز کەین. بێ گومان لە هەلومەرجی ئێستادا کە کەسانی دڵسۆز بە پەرۆشەوەن بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، دووریش نییە کەسانێک کە بە هەر هۆیەکەوە نایانهەوێ ئەم ڕوەتە سەر بگرێ لە هەوڵی نەۆزک کردنی ئەم ڕەوتەدا بن. بۆ وێنە لە وەها بارودۆخێکی زێڕیندا کە لە مێژووی هەشت ساڵ پاش لێک جیابوونەوەی کونگرەی ١٣، وێنەی نەبووە، کارێکی بەرپرسیارانە نیە، کە هەستی دوو لایەن بە شێوەی خراپ بجووڵێنین و خۆمان لە کۆمەڵێ کار و کردەوە بدەین کە یەکیەتی و یەکگرتوویمان تووشی خەسار دەکات.

بۆیە وێدەچێ، کۆمەڵێ دەستی شاراوە لە ڕێگەی دنەدان و هاندانی کۆمەڵێ کەس لە هەوڵی ئەوەدا بن، بە بازدان و ئەملا و ئەولا کردن، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەک بە ڕەوتەکە بخەن و لەم ڕێگەوە کێشەکان لە جاران قووڵتر بکەنەوە. تا ئەو ئاستەی کە لایەنەکانی خوازیاری یەکگرتنەوە لە باتی یەکگرتنەوە لە بیری چارەسەری کۆمەڵێ کێشە و ئاریشەی لاوەکی دیکەدا بن کە ڕێگا و ڕەوتی یەکگرتنەوە تووشی خەسارێکی قەرەبوونەکراو دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

هەر بۆیە داوکاریین ئەو دەستانەی کە زۆریش شاراوە نین، واز لەم گێرەشێوێنیە بێنن و ئیزن بدەن یەکگرتنەوە ڕەوتی ئاسایی خۆی بپێوێ و لانیکەم لە برگە لە مێژووی ڕزگاریخوازانەی نەتەوە بەشخوراوەکەمان لە بیری قازانج و بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆیاندا نەبن. ئەگینا ئەو دەستانە لە بەرامبەر تەوری ئیرادەی گشتیدا ناتوانن زۆر بەرگە بگرن و ئەنجامێکان جگە لە تێداچوون و سڕینەوە لە مێژووی حێزبدا نییە. چونکوو ئێمە لە چەند مانگی ڕابردوودا بینەری ئەو ڕاستییە بووین کە کاتێ دوو لایەنی یەکێک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە یەکگرتنەوە نزیک دەبوونەوە، بە ڕۆیشتن و هاتنەوەی کۆمەڵی کەسی پێشینە دیار لە لایەکەوە بۆ لایەکی دیکە، بە تەواوی ڕەوتەکە پەکی کەوت و ئێستاشی لەگەڵ بێ نەگەڕاوەتەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠١٥

-----------------------

## یەکگرتنەوە



**عەزیز ئەحمەدی**

ماوەی چەند رۆژێکە باسی یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دیموکرات کەوتۆتە سەر زار و زمانان، ئەوباسە یەکەم جارنیە باسی لەسەر دەکری، زۆر جار لە تەلەویزیۆنە کوردیەکانیش لەرێگای وتوویژەوە وروژێندراوە بەلام، لەچوار چێوەی قسە نەچۆتەدەرێ،

بەلام ئەمجارەیان جیاوازی دەگەل پێشوو زۆرە، ئەو وتوویژەی کە دەگەل بەریز کاک مستەفا هیجری کرا ئومێدی ئەوەی

لێدەکرێ کە باسە کە جیددی بێ. ئەگەر جیابونەوەی چەند برادەرێکی حیزب لەدوای کۆنفرانسی سێهەم کە لەسالی ١٩٧١ لەشاری کۆیە بەسترا حیسابی بۆبکرێ، چوار جار حیزبی دیموکراتی کوردستان جیابونەوەی بەخۆوە دیوە. بەداخەوە جیابونەوەکان یا باشتر بلێم لەتبونەکان هەمووی لەسەر مەسایلی سیاسی نەبوون، زۆرجاران کێشەی کەسایەتی وناوچەگەرایی بالی بەسەروەزعەکەدا کێشاوەو بۆتە وەسیلەی لێکترازان. لەدوای کۆنگرەی چوارەمی حیزب کۆمەلێک لەئەندامانی ڕیبەری بەفریوی حیزبی بێ کەڵک و ناشۆرشگێری تودە، لەحیزب جیا بونەوە، کەپاش ماوەیەک نەک هەر بۆخۆیان بەڵکو بە حیزبی تودەشەوە کەوتنە بەر شالای کۆماری ئیسلامی ئیران. کە حیزبی توودە وای نیشان دەدا کە کۆماری ئیسلامی زیدی ئیمپریالیستە و تەبلیغ و جاسوسیشی بۆدەکرد.

لەدوای کۆگرەی هەشتەم بەهۆی هینانی لیستی فیکس، حیزبی دیموکراتی کوردستان بووبەدوبال. بەداخەوە ئەو لێکترازانە کارەساتی زۆر دڵتەزینی لێکەوتەوە و چەند کادر و پیشمەرگە شەهید بون. لەلایەکی دیکەش لەهەموولایەکرا نارەزایەتی خەڵک دژی شەرو تێکهەڵچون بەرزدەبۆوە. لایەنگرانی هەردووک لا نارازی بوون وداوای یەکگرتنەوەیان دەکرد. سەر ئەنجام هەر دووکلا رازی بوون بەیەک گرتنەوە. بەلام چوونکە لە پرۆسەی یەکگرتنەوەدا، تەجزییەو تەحلیلێک لەسەر هۆیەکانی جیابونەوە و ئەوکارەساتانەی بەهۆی جیابونەوە رویانداوبوو نەکرا، داوای لیبوردنیش لانی کەم لەبنەماڵەی شەهیدانی ئەوکارەساتە نەکرا ئەو تێکەڵبونەوەیە تام و چێژی خۆی نەبوو، کەڵکی پێویستی لێ وەر نەگیرا.

لە کۆنگەرەی سێزدەهەمیش دا بۆجاری چەندەم بەهۆی ناتەبایی سیاسی وهەوێنی ناوچەگەرایی، کێشەکە سەری هەڵدایەوە، بۆماوەی چەند مانگێک چوونکە لە دەفتەری سیاسی پەنجا بەپەنجا بون حیزب بەیەکگرتووی مابووە، چاوەروانی پیک هاتن دەکرا، بەلام بەدوای ئەوەدا کە بەریز کاک بابا عەلی مێهر پەروەر ئیستیعفای دا، لایەنی سکرتێری ئەوکات بونە ئەکسەریەت، کێشە کە قولتر بووە، لەئاکامدا برادەرانی حدک بەراگەیاندنی بەیاننامەیەک لەت بوونی حیزبیان قبوڵ کرد. پێموایە بەرپرسایەتیەکی مەزن دەچێتە سەر شانی کاک باباعەلی. بەداخەوە هێندیک توندو تیژی رویان دا بەلام بەخۆشیەوە نەگەیشتە ئەوجیگایەی کەکارەساتی دڵتەزین روو بدا. ئیستا بەهۆی فشاری کۆمەلانی کوردستان، هەر دوولا گەیشتونە ئەو قەناعەتەی تێکەڵ بنەوە. ئەوە جێگای ڕێزە چونکە هەر جۆرە یەک بونێک بەقازانجە. لێکترازان بەقازانجی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانە. پرسیار ئەوەیە، تێکەڵ بونەوە دەبی، یانی دووباڵی دێموکرات دەبنەوە بەیەک، یا وەکوو دووحیزب دەبن یەک حیزب؟

ئەگەر برادەرانی هەر دوو لا بەجیددی دەبیری ئەوەدان ئەو زەرەر و زیانانەی بەهۆی لێکترازان پەیدابوون قەرەبوو بکەنەوە، دەبێ، چەند خاڵ لەبەر چاو بگرن. حیزب دەبێ بۆ هەموان وەکوو یەک بی. کەس خۆی بەسەر کەس دا فەرز

نەکا. کەس مافی ئەوەی نەبی بەکەس بلێ ئەتو لەحیزب جیا بویەوە وەکوو لەرابردوودا رویدا. دەستە بەندی بەتەواوی بنەبر بکری، نەک وەکوو رابردو بریاری لەسەر بدەن و لەولارا پێشێل بکرێ. داوای لێ بوردن لەخەلکی کوردستان وبنەماڵەی شەهیدان و ئەو کەسایەتیانە بکرێ کە هەوڵی یەکگرتنەوەی حیزبیان داوە. هەر دوولا، بەراشکاوانە وبەشێوەیەکی شۆرشگێرانە هۆی لەتبون وتێکەڵ بونەوە لەسەر تەلەویزیۆن بۆکۆمەلانی خەڵک رون بکەنەوە.

یەکگرتنەوە یا یەکگرتن شتێکی شۆرشگیرانە و پیرۆزە، ئەوەی پێی رازی نەبێ سەری دای لەبەرد، یەکگرتنەوەی ئەمجارە بۆ لەتبونەوەیەکی تر نەبێ. ولامدانەوەی بنەماڵەی شەهیدان وکۆمەلانی خەڵک بێ.

سەر کەوێ خەباتی هەق خوازانەی گەلی کورد لەرۆژ هەلاتی کوردستان بەرێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکگەرتوو.

سەرچاوە: رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ١٩ی جانێوێری ٢٠١٥

-----------------------------------------

## لە ئەزموونی رابردوو دەرس وەرگرینو خەسارناسییەکی وردی لێکدابرانەکان بکەین



**د.کوێستان گادانی**

ئەم بابەتە لەسەر داوای کەمپینی "١ی بەفرانبار" بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات ئامادە کراوەو رۆژی ١٥ی ژانویەی ئەمساڵ لە تۆمارێکی دەنگدا بڵاو کراوەتەوە.

هاووڵاتیانی بەرێز،

دڵسۆزانی یەکریزیو تەبایی ریزەکانی جووڵانەوەی رزگاریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان!

پێشەکی سپاسی هەموو ئەوکەسو لایەنو رێکخراوانە دەکەم کە لە ماوەی ساڵەکانی رابردوودا هەوڵیان داوەو تێکۆشاون بۆ یەکریزیو تەبایی نێو ماڵی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانو بە تایبەت لێکنزیک کردنەوەو لە نەهایەتتدا یەکگرتنەوەی دوولایەنی لێکدابراوی حیزبی دێموکرات. دیارە لە رۆژانی رابردوودا ئەو هەوڵانە لە چوارچێوەی کەمپەینی یەکی بەفرانباردا رەنگدانەوەی هەبووەو هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بۆ ئەو ئامانجە چرتر کردۆتەوە. هەر لە سەرەتادا دەستخۆشیان پێدەڵێمو هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

بێگومان هەموومان دەزانین کە سەرکەوتن دەیەکگرتن دایە. ئەو رەمزە لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا وەکوو ئەسڵێک چاوی لێدەکرێو بە تایبەت لە جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازیدا، ئەزمونی گەورەو مێژویی رابردوو نیشانمان دەدا کە بێ بوونی

هاودڵی‌و یەکگرتوویی ریزەکانی کۆمەڵانی خەڵکو لە سەروی هەمویان رێکخراوە سیاسییەکانی نێو گۆرەپانەکە دەستەبەر کردنی ئەو دەستکەوتە مەحاڵە. هەر بەو پێیە پرشو بڵاوی‌و لێکدابرانی تێکۆشەرانی دێموکرات لە ساڵانی رابردوودا کۆسپی گەورەو زیانی قەرەبونەکراوی هێناوەتە سەر رێگای خەباتی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان. دیارە ئەو مەسەلە بۆ منیش وەکوو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایەو چالاکێکی سیاسی هەر لە رۆژی یەکەمەوە گرینگی تایبەتی خۆی هەبووەو وێرای پیرۆزبایی‌و دەستخۆشی لە هەموو هەوڵێک بۆ چارەسەری ناتەباییەکان، ماندوو نەبوونی لە گشت لایەک دەکەم کە لەو رێگایەدا تێکۆشاون‌و تێدەکۆشن.

دڵنیام کە کەس نابینینەوە کە دڵسۆزی کوردو پشتیوانی خەباتە رەواکەی بۆ رزگاریی نەتەوەیی‌و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازادو دادپەروەر بێ‌و دژایەتی لێکنزیک کردنەوەو یەکگرتنەوەی لایەنەکانی جووڵانەوەو بەتایبەت حیزبی دێموکرات بکا. بە بڕوای من وێڕای پشتیوانی بێ‌ئەملاو ئەملای پرسی رێکخستنەوەی نێو مالی دێموکرات، دەبێ پێداگری بکەم کە یەکگرتنەوە کارێکی پیرۆزە .

دەگەڵ ئەوەی کە نیگەرانی‌و دڵەراوکێی خەڵکو دڵسوزانی میللەتەکەمان سەبارەت بە درزکەوتنە نێو ریزەکانی خەباتکارانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی هەست پێبکەین‌و بە هێندی بگرین، لە هەمان کاتدا، ئەزموونی خەباتو لێکدابرانەکانی رابردووی نێو ریزەکانی ئەو حیزبە دەرسی گەورەی پێداوین. هاوکات من پێموایە کە کاتێک باس لە یەکگرتنەوە دەکەین، نابێ لە بیریشمان بچێ کە ئەرکی هەموو تاکەکان تا دەگاتە لایەنە سیاسییەکان‌و رێبەریی حیزبەکان هەر کەس بە نۆرەی خۆی قورسەو هەموومان دەبێ ئاگادارو هەستیار بین. بەڵام کاری جیددی‌و ئەرکی هەرە سەرەکی دەکەوێتە سەر شانی رێبەریی دوو لایەنی حیزب. نابێ بە شێوەیەکی ئیحساسی دەگەڵ مەسەلەکە هەڵسوکەوت بکەن، لە ئەزموونی رابردوو دەرس وەرگرن‌و هەر لە خەسارناسییەکی وردی لێکدابرانەکان را تا دانانان بە هەڵەو هۆکارەکان، هەموو شتێک بەوردی بخەنە بەر سەرنج‌و باس کردن.

بۆ ئەوەی هەر لە ئیستاوە پێش بە لێکدابرانێکی دیکە لە داهاتوودا بگرین قبووڵی ئەو راستیە بکرێ کە لێکدابرانەکان راستیەکی حاشالێنەکراون‌و بە دور لە دەمارگرژی قبووڵی هەڵەو هۆکارەکانی رابردوو بکرێ. جیاوازی بەینی یەکگرتنەوەو تێکەڵ بوونەوە بێتە بەر باس‌و دان بەو راستیە دا بنرێ کە ئەو دوولایەنە لەو ماوەی رابردوودا وەکوو ٢ حیزبی سەربەخۆو لێک جیاواز کاریان کردوە و بوونیان هەبووە.

وێڕای ئەوانەش بە پێچەوانەی شێوەکاری رابردوو، حیسابی ئەسڵی لە سەر ئەندامان‌و بە گشتی بەدەنەی حیزب بکرێ‌و لە



سەرچاوە
Serchawe

ڕێگای تەشکیلاتەکانەوە بەشدار بکرین هەم لە باسەکانو پرۆسەکەداو هەم لە بریارەکاندا. بە دڵنیاییەوە پێوەندی دوولایەنەی ڕێبەریو بەدەنە دەتوانێ پێش بە زۆر ڕووداوی نەخوازراوو و لە نەهایەتدا لێکدابرانێکی دیکە لە داهاتوودا بگرێو دەبێتە هۆی دڵگەرمیو باوەڕێکی زیاتر دەنێو تەشکیلاتی دوولایەنی دێموکراتو یارمەتیدەرێکی باش دەبێ بۆ حیزبی دێموکراتێکی یەکگرتوو و سەقامگیر لە قۆناغەکانی داهاتووی خەباتدا.

من بڕوام وایە کە نابێ بە پەلە تەنیا دەفکری وەسەریەک خستنەوەی دوولایەنی حیزب دابین و دروستکردنەوەی حیزبێکی بە قەوارە گەورە بەڵام پڕ کێشەو یەکنەگرتوو. بەرژەوەندی نەتەوەکەمان لە سەروی هەموو ویستو داخوازەکان دابێ کە بێگومان تەبابیەکی ڕاستەقینەو بێ جیناحبازیو یەکتر قبووڵ کردنو تەشکیلاتێکی بە پرێنسیپ دەبنە کۆڵەکەیەکی ئەسڵیو بە هێزی خەباتی داهاتوومانو ویستو ئارەزوی ئەندامانو لایەنگرانی هەر دووک لایەنی دێموکرات وەدیی دێنێ.

لە کۆتاییدا دیسان سپاسی هەڵوێستو هەنگاوەکانی خەمخۆرانی یەکریزی بە تایبەت کەمپێنی ١ی بەفرانبار دەکەمو هیوادارم کە بە یارمەتی هەموولایەک بتوانین بنەماڵەی دێموکرات بخەینەوە سەریەک، کە بێگومان هاندەرێکی باش دەبێت بۆ لێکنزیک بوونەوەی هێزولایەنە سیاسیەکانی دیکەو هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو گوڕو تینێکی تازە بە خەباتی حەقخوازانەی میللەتەکەمان.

سپاس بۆ گوێ گرتنتان و سەرکەوتووبن.

سەرچاوە: ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٩ی جانێوێری ٢٠١٥

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بیروڕای سمایل شەڕەفی لە سەر یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان!



ئەوانەی خوازیاری یەکگرتنەوەیەکی راستەقینەی دێموکراتەکانن، بە تێبینی و نیگەرانییەوە هەنگاو بۆ ئەم پرسە گرینگە دەنێن.

تێبینییان لە سەر چۆنایەتی یەکگرتنەوەکە هەیە و نیگەرانن لەوەیکە تۆ بڵێی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو نەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش لەتبوون؟!

تێبینییەکان لە جێی خۆی دایەو ناکرێ داهاتووی ئەم حیزبە بە خوێندنەوەی ئێحساسی بسپێردرێ.

بەڵام بۆ ئەوەی نیگەرانییەکان جێی خۆیان بدەن بە خۆشبینی و گەشبینی من پێم وایە:

* ئەگەر دەمانهەوێ پێش بە بیرکردنەوە لە "سڕینەوە"ی یەکتر بێنین، پێش هەموو شتێک ئەم دوو لایەنە دەبێ یەکتر وەک ئەمری واقع قبووڵ بکەن و دان بەوەدا بندرێ کە لایەک ئەسڵ نیەو لایەکەی دیکە فەرع.

*یەکگرتنەوەکە لە سەر بنەمای "پاراستنی عێزەتی نەفس"ی تاکەکانی هەردوو لای دێموکرات بێت و بیر لە تەحقیر کردنی یەکتر نەکرێتەوە.

* خۆپاراستن لە لێکدانەوەی لایەنگرانەو قەزاوەتی نامەنتقی بۆ رەوت و تەیفەکانی نێو بنەماڵەی گەورەی دێموکرات و پێناسەکردنیان لە سەر بنەمای ئەمری واقع لە رەوتە گەورە مێژوویەکەی دێموکراتی مەزن دا بە بێ سڕینەوەی رابردووی تەنیا تاکێکی ئەم بنەماڵەیە.

* بە جێی بیرکردنەوە لە سڕینەوەی جیاوازییەکان و بەربەست سازکردن لە بەرانبەر دەربڕینی بیروڕای جیاوا، هەوڵ



سەرچاوە
Serchawe

بدەین لە بەرژەوەندی پرسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان و یەکێتی تەشکیلاتی حیزب دا، مودیرییەتی جیاوازییەکان بکەین.

* بە کەمرەنگکردنەوەی ئەقلییەتی "رێبەری کردن" و تەنیا خۆ بە "پێشرەو" زانین، رەچاوی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەبات بکەین و هێزو پتانسێلی حیزب و کۆمەلگاکەی خۆمان "مودیرییەت" بکەین.

* خۆ لە هەوڵدان بۆ یەکدەستکردنی حیزب لە رووی فکری یەوە بپارێزین و "یەکدەستبوون" و "یەکهەلوێستی" تەنیا بە رووی دەرەوەی حیزب دا بەلامانەوە بەهاو ئەرزش و بڕیار بێت.

* هەوڵ بدەین گوتاری سیاسیی حیزب لە چەقبەستووی و "مەزهەبی"بوون بەدوور رابگرین و فرەرەهەندی بکەینە پڕنسیپ لە گوتاری رۆژانەی حیزب دا(هەر ئەوەیکە شەهید قاسملوو مامۆستایانە رەچاوی دەکرد).

* پتانسێل و توانایی تاک و تەیفە جۆراوجۆرەکانی حیزب لە چالاکیی رۆژانەی حیزب دا کەلکیان لێ وەربگیرێ و سەرقالی و لە کارکردنی تواناییەکان ببێتە شێوازێکی نوێ لە کاری پەروەردەیی و راهێنان.

* خۆ دورخستنەوە لە سیاسەتی چاوەڕوانی و پێداچوونەوە بە خوێندنەوەکانمان بۆ "وەزعی مەوجوود" و "واقعبینی سیاسی" لە سەر بنەمای پشت بەستن بە خۆمان و هەوڵدا بۆ گۆڕینی وەزعی مەوجوود.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی کەریم فەرخەپوور - رێکەوتی: ١٩ی جانێوێری ٢٠١٥

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بیروڕای عەلی بداغی لە سەر یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان!



هێز لە یەکگرتن دایە، کێ هەیە ئەوە نەزانێ، کێ هەیە لە خوێندنەوەی مێژووی کورد دا پەی پێ نەبردبێ کە ئەوەی وەدیهاتنی خەونی دێرینی کوردی وەدوا داوە، ئەوەی زۆر جار شۆڕشی کوردی تووشی نسکۆ کردوە، ئەوەی زۆر جار بڕستی لە خەباتو خەباتکاری کورد بڕیوە، نەک هەمووی پیلانی نەیارو ناهاوسەنگیی هیز، بەڵکوو ناکۆکیو ناتەبایی نێوماڵی کورد خۆی بووە.

هێز لە یەکگرتن دایە، هەموو دەزانین ئەدی بۆ تا ئێستا یەکگرتوو نەبووین، بۆ بەردەوام قەڵشمان دەکەوێتە نێوان، ئێمە کە بۆ یەک دەمرین بۆچی یەکتری تەحەمول ناکەین، بۆ دەسەڵات!، دەسەڵاتێکی وەهمی چاومان کوێرو گوێمان کەڕ دەکاو لە پێناو پاراستنیدا شیر لە هاوڕێیانو هاوسەنگەرانمان دەکێشێن، ئەگەر بێ دەوڵەتین، ئەگەر بێ خودانین، ئەگەر دەنگمان نێر نییە و ڕەنگمان دیار نییە سووچی بێگانە نییە، ئی ئەوەیە خۆمان خۆخۆرو پەرەم پەرەمین.

هێز لە یەکگرن دایە، هەموو دەزانین ئەدی بۆ یەک ناگرین؟ چونکی تا ئێستاش بە برینی خۆمان نەزانیوە، چونکی تا ئێستاش لە پزیشکی خۆمان نەگەڕاوین، ئێشی ئەو برینمان بە ژانی زامێکی دی لە بیر خۆمان بردۆتەوە، بەڵام تاکەی وادەبین؟

٨ ساڵ دوای لێکدابڕانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات، وەک برینێکی دیکە لە جەستەو هەناوی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەرچی هەوڵی دڵسۆزانی گەلی کورد و ئەو حیزبە خۆشەویستەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ سەریەکخستنەوەی بەردەوام لەگۆڕێ دابووە، بەڵام ماوەی نیزیک بە مانگێکە هەوڵێکی ڕێکخراوترو گەرموگوڕتر لە چوارچێوەی"کەمپینی ١ی بەفرانباردا"وەڕێ کەوتووە.

ئەم هەوڵەو هەموو ئەو هەوڵانەی لەو پێناوەدا دەدرێن بەکارێکی بەنرخو بەبایەخیان دەزانم، ئاواتی سەرکەوتن بۆ هەموو لایەکیش دەخوازم، لێرەدا وێڕای ڕاگەیاندنی پشتیوانیی خۆم لەو هەوڵەو هەموو هەوڵێکی لەو چەشنە، ڕام وایە کە یەکبوونەوەو بەهێزبوونەوە لە گرەوی باوەڕهێنان بە چەند بنەما دایە. ئەوەی کە هەر هەموومان ئیمانمان بەوە بێ کە لەو دۆخەی دوای لەتبووندا هیچ لایەکمان براوەو سەرکەوتوو نینو نەبووین، ئەوەی بردییەوە شایی لە دڵدا گەڕا، نەیارانو دوژمنانمان بوون. ئیمانو باوەڕمان بەوەش هەبێ کە لە یەکگرتندا هیچ لایەنێک براوەو لایەنەکەی دیکە دۆڕاو نییە، ئەگەر ئەو یەکگرتنە ڕوویدا ئەوە براوە ئێمە هەر هەموومانو ئەوە دوژمنانو نەیارانی کوردو حیزبی دێموکراتن کە دۆڕاون. قبووڵکردنی یەکتر وەک ئەمری واقع هەنگاوێکی گرینگ بۆ پێشەوەو برینی هەنگاوەکانی دواترە. ئەوەشمان لە بیر بێ ئەگەر تاوانی لەتبوونی حیزبی دێموکرات لە ئەستۆی هەر هەموو تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بوو، یەکبوونەوەش ئیرادەو باوەڕی هەر هەمووانی پێویستە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی کەریم فەرخەپوور - ڕێکەوتی: ١٩ی جانێوێری ٢٠١٥

---------------------------------------------------

## مکانیزم بۆ یەکگرتنەوەی دوو دێموکرات، حدک و حدکا!



ئیقباڵ سەفەری

لە ڕۆژانی ڕابردوودا پرسی یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێموکرات زۆر لە جاران زیاتر گەرم بووە و بۆتە ڕۆژەڤی کاری کۆمەڵێک لە چالاکانی ئەم پرۆسەیە و تەنانەت کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و ئەندامانی دوو لایەن کە پێشتر زۆریان

خۆ بەم باسە گرینگەوە ماندوو نەدەکرد. دەگەڵ ئەوەی کە من خۆم یەکێک لایەنگرانی ئەم حەرەکەتم و لەسەرکەوتن و داشکانی ئەم حیزبەدا خۆم بە شەریک و بەشدار بوومە، بەڵام ناتوانم ئێشارە بەمە نەکەم کە گەرمی بازاری ئەم باسە بەشێک لە بەرپرسانی ئەم دوو حیزبەشی هێناوەتە لێدوان بە جۆرێک کە نەگ هەر لە لێدوانەکانیاندا پێشداوەری دەکەن، بەڵکو دەکرێ بڵێم تارادەیەکیش خۆش باوەریان تێدایە. بەشێک لەم بەرپرسانە چوارچێوەشیان بۆ دیاری کردوە ، بەڵام خۆیان لە وردەکاری و ئەسڵی باسەکە دزیوەتەوە و بە هێندێک شتی گشتی و عامەپەسەندەوە نوساون و سەروگوێی ئەم باسەگرینگەیان قرتاندوە. ئەوەی راستی بێ تاکوو ئێستا سەرەڕای ماندووبوون و هەوڵی زۆری خەمخۆران و دڵسۆزانی بزوتنەوەی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دوو دێموکرات نەگەیشتونەتە ئاکامێکی روون و دڵخۆشکەر و واقیعبینانە. هۆکاری ئەو بەئاکام نەگەیشتنەش زیاتر پێشداوەری و پێششەرتەکان لەلایەک و خۆدزینەوە لە ئاستی چۆنیەتی رۆداوەکان و هۆی ئەم لێکترازان و لەت بوونانەن. من هیچ لەمبڕوایەدا نیم و ئاواشم بیر نەکردۆتەوە کە دەبێ برینان لێک بکولێنینەوە و یەکتر ئازار بدەین، بەڵام ناکرێ تێکەڵ ببنەوە بەڵام نەزانین بۆچی لێک دابڕان. ناکرێ جارێکی دیکەش تێکەڵ ببنەوە، بەڵام نەزانین و لێی نەکۆلینەوە کە بۆچی تێکەڵ بوونەوەی کۆنگرەی دە کە بەرهەمی دابڕانی کۆنگەری هەشت بوو، سەرکەوتوو نەبوو؟ ناکرێ خۆ لەمە بدزینەوە کە چ بکرێ کێشەکانی پاش تێکەڵ بوونەوەی دابرانی پێشوو سەر هەڵنەدەنەوە. بۆ ئەوەی دوو دێمۆکرات تێکەڵ ببنەوە و دەفکری دابران و کۆتلەی دیکەدا نەبن، دەبێ کێشەکان لێکۆلینەوەی بەرپرسانەی بێدەمارگرژیان بۆ بکرێ.

هەر بۆیەش مەبەست لە نووسینی ئەم بابەتە هەڵدانەوە و کولاندنەوەی برینە کۆنەکان نییە و لەروانگەی خۆمەوەو بەسەرنجدان بەشارەزابوونم لە کێشە و گرفتەکانی دابڕان و تیکەڵبوونەوەکانی پێشوو، دەچمەسەر بابەتی مکانیزمە پێشنیاریەکە بۆ پیکهاتن و یەکگرتنەوەی دوو دێموکرات.

### یەکەم: کێها یەکدەگرنەوە؟

پێش هەموو شتێک دەبێ وڵامی ئەم پرسیارە روون بێ، کە ئەوانەی یەک دەگرنەوە کێن؟ ئەگەر خۆمان لە وڵامی ئەم باسە گرینگە لابدەین، هەرلەسەرەتاوە پرۆسەکەمان شکستی هێناوە. بۆیە دەبێ بڵێین کە زۆر سرووشتیە دوو دێموکرات یەکدەگرنەوە کە بۆ هەشتساڵ دەچێ هەردوولا چالاکیان بووە و هیچکەسیش ناتوانی رۆڵی هیچکام لەو دوو حیزبە لەپاش دابڕان ئینکار بکا. کەوابێ یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوە قبوول بکا کە لەگەڵ حزبێک یەکدەگرێتەوە کە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانە و خاوەن هەموو ئەو هێز و سامانە سیاسی، تەشکیلاتی، ئورگانی، پرینسیپی..، کە بۆ خۆی هەیەتی. ئەمە یەکەم هەنگاوە و ناوی دەنرێ قبوولکردنی ئەو راستیەی کە دانپێنێراوەو

لە گۆڕەپانی خەباتدایە.

### دوهەم: بۆچی یەکدەگرنەوە؟

مەبەست لە یەکگرتنەوە دەبێ روون بێ، حەزفی یەکترە؟! تواندنەوەیە؟ یان خۆ بەهێز کردن و وەلام بە نیازی کۆمەلانی خەلکی کوردستانە بۆ پێکهێنانەوەی حیزبێکی بەهێز ، وەک کەسەرەسەیەکی کارا بۆ بە ئامانج گەیاندنی داوخوازەکانی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان. دەبێ ئەوە بزانن و قبوڵیان بێ کە لەبەر ئەوەی ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ رزگاری خەلکی رۆژهەلاتی کوردستانیان لەسەر شانە و هەست بە بەرپرسایەتی لە ئاست ئەو پرسە گەورەیە دەیانهێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە بلێن: حیزب لە کەرەستەیەک بەولاوەتر نییە و ئامانج رزگاری گەل و ولاتە و یەکگرتنەوە بۆ بەدەستهێنانی پۆست و مەقام و کورسی لەسەر عەرزی بێدەسەلاتی و بێ ولاتی نییە. لێرەیە هەردوولا داوای لیبوردن لە خەلکی کوردستان، لە بنەمالەی گیانبەختکردوان، زیندانیانی سیاسی بزاڤی نەتەوەیی و بنەمالەکانیان، هەموو ئەندامانی حیزب بە تێکرا دەکەن و دەلێن بمانبورن.

### سێهەم: ئەو بۆشاییانەی کە ململانێ و ساختاری سانترالیستی دروستیکردون چۆن پڕبکرێتەوە؟

بەسەرنجدان بە رەوتی رووداوەکان و ئەزموون وەرگرتن لە تێکۆشان و چالاکی سێ دەیەی رابردوو، ئالوگۆڕەکانی سیاسی - ئایدولۆژی، هزری و ناکارامەیی سانترالیزمی دیموکراتیک، پێرەوپیروگرامیکی نوێ دەنووسنەوە کە لەگەل رەوتی رۆداوەکان و سەردەمی نوێ بڕواتە پێش و بتوانێ ولامدەری ئیدارەی ئیستای ئەم حیزبە بێ و دەگەلی تەبا بێ. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ساختاری تەشکیلاتی حیزب و شیوەی بەڕێوەبەری لەسەر بنەمای گەشەی کۆمەل و دێموکراسی تەوافقی دابنرێ. واتە گرتنی کۆنگەری تەقلیدی و ناکارامە، ساختاری کۆمیتە ناوەندی و دەفتەری سیاسی تۆڕ بدرێ و سیستمیکی نوێ ببێتە جێگرەوەی.

### چوارەم: ناوی حیزب چی لێدێتەوە؟

حەتا قەرەی قەیامەت لەسەر سفرەی رابردوو خواردن، کۆتایی بە تەمەنی هاتووە و ناکرێ بە کفری بزانین ئالوگۆر دەخۆمان و ناوماندا پێک بێنین. بۆیە ناوی حیزب دەگۆڕدرێ بە یەک لەم ناوانە. حیزبی دێموکراتی یەکگرتو، حیزبی دێموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان. هەرسێکی ئەم ناوانە مۆرکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی و مێژوویان هەلگرتوە.

**پینجەم: ئامانجی دوارۆژ و ستراتیژی حیزب چی بەسەر دێ؟**

ئەم حیزبە هەوڵدەدا بۆ رزگاری خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان و ئامانجی دوارۆژی رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانییە و لێرە ئیتر هیچ تیبینیەکی پێ زیاد ناکرێ. لەبەر ئەوەی کە لەم درۆشمەدا مەجالی مانۆردان زۆر بەربلاوە و لە فیدرالیسمەوە دەگرێتەوە تاکوو کۆنفیدرالیسم و سەربەخۆی یەکجاریش.

ئەم پینج خاڵە کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ دراوە، خاڵی بنەرەتی و جەوهەرین. بۆیە ناکری بەسەریاندا باز بدەین. هەرکاتێک ئەم دوو حیزبە لەسەر ئەم پینج خاڵە جەوهەریە گەیشتنە رێککەوتن، ئەوجار نۆرە دەگاتە سەرخان و بابەتەکانی تکنیکی دەبنە رۆژەڤی کاری یەکگرتنەوە.

**سەرخان و بابەتەکانی تکنیکی یەکگرتنەوە:**

- دوو رێبەری چۆنیەتی رێککەوتنەکە دەبەنە نێو ریزەکانی خۆیان و پاش دراسەکردن، سەرنج و پێشنیاری لەش یان بەدەنەنی حیزبی خۆیان لەسەری وەردەگرن. بەکورتی ئەو رێککەوتنە دەبێ تەفهیم بکرێ و رادەی دژایەتیکردنی هێندە لاواز بێ کە سۆچیکی بۆشایی بۆ کاسبکارانی سیاسی نەمینێتەوە.

- لە پێش هەموو شتێک بەدەنەی دوو دیموکرات پێکەوە کۆ دەبنەوە و چۆنیەتی تیکەڵبوونەوە و زەرورەتی یەکگرتنەوە و قۆناخەکانی یەکگرتنەوەیان لە رۆانگەی جۆراوجۆرەوە بۆ شیدەکرێتەوە.

- پرۆسەی یەکگرتنەوە دابەش دەکرێتە سەر ئەم قۆناخانەی خوارەوە، کە زیاتر تکنیکین و دەکرێ بەجۆریکی دیکەش بێ:

**یەکەم**: دەزگاکانی راگەیاندن بە تێ ڤێ، رۆژنامە، ماڵپەڕ و ...، تیکەڵ دەبن و دەستەی وەشاندنی بۆ دادەنرێ.

**دووهەم**: یەکیەتیەکانی لاوان، ئافرەتان، خوێندکاران، زیندانیانی سیاسی...، لەسەر ئەساسی نوێ و دوورلە دەستێوەردانی حیزبی، ئامادەکاری دەکەن بۆ گرتنی کۆنگرەی هاوبەشی خۆیان. بەلام تاکاتی گرتنی کۆنگرەی هاوبەشیان،هەر رێکخراوێک دەستەیەکی بەرێوەبەری کاتی بۆخۆیان هەڵدەبژێرن.



سەرچاوە Serchawe

**سێهەم:** کۆمیسیۆنەکانی کۆمەڵایەتی بەهەموو دامودەزگاکانی پەیوەندیداریانەوە تێکەڵ دەبنەوە.

**چوارەم:** کۆمیسونەکانی ئابوری یان دارایی، خەدەمات و کۆمیتەی ئەمنیەت تیکەڵ دەبن.

**پینجەم:** کۆمیسونەکانی تەشکیلات و پێشمەرگە تێکەڵ دەبن. لێرە نابێ لەسەر بنەمای کاری تەشکیلاتی و نیزامی کۆن ریکبخرینەوە، بەلکوو دەبێ لەیەکەم هەنگاودا کۆمیسونی پێشمەرگە بە جیا رێکبخرێ و تەنیا کاری بارهێنان و پەروەردەکردنی چالاکی لەشکری (نیزامی) بێ.

**شەشەم:** ماباقی ئورگانەکان قۆناخ بەقۆناخ تیکەڵ دەبنەوە و ئەم تێکەڵبوونەوە نابێ لە ساڵی ٢٠١٥واوەبچێ.

**حەوتەم:** لەو ماوەیەدا کە قۆناخ بەقۆناخ بەرەوە یەکگرتنەوە دەچن، دەبێ دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەی شازدە هەڵبژێردرابێ و هەموو ئامادەکاریەکی بۆ کۆنگرەی داهاتو گەڵاڵە کردبێ.

**تێ بینی:** لەو کۆنگرەدا لەسەر خاڵێکی زۆر گرینگ و جەوهەری کە زۆر جار وەک پێششەرت و جێگای ناکۆکی ئاماژەی پێدەکرێ، تێگەیشتنێکی تایبەتی هەبێ و بە پەسندی کۆنگرە بگا. ئەویش ئەوەیە کە هیچکات و هیچلایەنیکی رەکەبەری ناوحیزب، ناتوانن گەرەنتی جیابوونەوە، دابڕان و درۆستکردن یان دامەزراندنی حێزبیکی دیکە لەو حیزبەدا بکا. ئەگەر وایە، ئەو خاڵە گرینگەش کە جۆریک لە گەرەنتی و پرینسیپ دروست دەکا ئەوەیە کە لەوەوبەدوا هیچ کەس و لایەنێک مافی ئەوەیان نییە ناوی ئەم حیزبە لەکاتی جیابوونەوە یان دابڕاندا لەخۆیان بنێن یان هەڵبگرن.

**دوایین وتە:**

بێشک کەسانیکیش هەن کە خاوەن بیر و هزرن و رابردو و ئەزموونی باشیان هەیە لە پیکگەیاندن و تەبایی لەناو ریزی خەباتکاران و شوێن پەنجەیان بە بزۆتنەوەی رزگاریخوازیی گەلەکەمانەوە دیارە. ئەمانیش ئەرکی نەتەوەیی، نیشتمانی و مرۆڤییان لەسەرە کە یارمەتیدەری پرۆسەی یەکگرتنەوە و یەکریزی ناوماڵی کورد بن. بەڵام گرینگتر لەهەموو شتێک، بوونی ئیرادەی یەکریزی و تەباییە کە نابێ هیچکات لێی خافڵ بین.

وەک کەسێک لە پتر لەنیوەی ژیانم لە ریزەکانی دێموکراتدا تێپەڕاندوە و لەنیزیکەوە شاهیدی کێشەو ناکۆکیە

ناوخۆیەکانی ئەم حیزبە بووەمە، هەموو ئەو ناتەبایی و دڕدۆنگی و دابڕانانە دەگێڕمەوە بۆ شێوەی پەروەردەی خۆمان. چونکە شێوەی پەروەردەی ئێمە لە ماڵێیەوە ولە بنەماڵە، لە قوتابخانە و خوێندنگاکان، لە جەرگەی کۆمەڵگا و تادوایی، پەروەردەی دەست و دەسەڵاتی باڵادەستانە کە تووی کولتورێکی نەخۆش و سەقەتی بۆ چاندوین. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە پەروەردەی سیاسیشمان دەستخۆشی هەمان نەخۆشینی باڵادەستانەیە، کە تۆلرانسی نییە و هەرکات خۆی بەهێز دیت، ئاغایانە و باڵادەستانە بەرەورووی کێشە سیاسی و ناکۆکیە ئایدولۆژی و کۆمەڵایتیەکان دەبێتەوە. بێشک تاکوو ماڵئاوایی لەو کولتۆرە سیاسیە سەقەتەی داسەپاو نەکەین، تەنیا مێژوو دووپات دەکەینەوە و ئەو هەموو گوتارە نۆستاڵژیانەش، لەو هەورازە وەسەرمان ناخەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٥

---------------------------------------------

**خالید عەزیزی: یەکگرتنەوەیەک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ کە هەمووان لە حیزبی یەکگرتوودا هەست بە ئاسوودەیی و بوونی خۆیان بکەن.**



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی دا بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزب، پرسی "یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان" تاوتوێ دەکات.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ و لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی دا بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات، بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پرسی نێوان هەردوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەوڵدان بۆ وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی

دێموکراتی هێنایە بەر باس.

لە سەرەتای قسەکانی بەڕێز خالیدی عەزیزی بە ئاوڕدانەوە لە بەشێک لەو هۆکارانەی کە چەند جار حیزبی دێموکراتی کوردستانی تووشی قەیرانی تەشکیلاتی کردوە، باسی لە گرینگیی یەکریزی و یەکگرتوویی لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا کرد.

لە درێژەی قسەکانی دا بەرێزیان ئاماژەی بەو هەولانە کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٨ ساڵی رابردوودا بە نیسبەت ئاسایی کردنەوەی پێوەندیی نێوان هەردوولای دێموکرات و کارکردن بۆ لیک نزیککردنەوەی دێموکراتەکان کردوونی. لەم پێوەندییەدا بەریز عەزیزی وتی: لە ماوەی ٨ ساڵی رابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان قۆناغ بە قۆناغ، دەروەستانە هەوڵی کەمکردنەوەی گرژیی و ئالۆزییەکانی داوەو و، بۆ پێکەوەدانیشتن و لە کۆتایی دا وەسەریەکخستنەوەی حیزبی دێموکرات پلان و گەلاڵەی روونی پێشکەش کردوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی قسەکانی دا وتی: " خۆشبەختانە گرتنەپێشی سیاسەتی درووست و مەنتقیی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی رۆڵێکی بەرچاوی هەبێ لە درووست بوونی قۆناغێکی دڵخۆشکەر کە ئەمڕۆ هەردوو لای حیزبی دێموکرات، پێکەوە لە دانووستان دان و بیر لە ئاکامی ئەم هەولانە- کە هەمان یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانە- دەکەنەوە.

بەرێز کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا پێداگریی لە سەر بەشداریی هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی لە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دا کردو روو بە بەشدارانی کۆبوونەوەکە و گشت ئەندامانی حیزب وتی: " ئێوە دەبێ بە تێبینی و بۆچوونەکانتان یارمەتی بە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکرات بدەن و هەوڵ بدەن یەکگرتووانە و بە هەستکردنی بە ئاسوودەیی، حیزبی دێموکرات زۆر لەوە گەورەتر بکەنەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا بەرێز کاک خالید عەزیزی رایگەیاند کە: "یەکگرتنەوەیەک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ کە هەمووان لە حیزبی یەکگرتوودا دا هەست بە ئاسوودەیی و بوونی خۆیان بکەن."

لە کۆتایی قسەکانی دا کاک خالید عەزیزی سەبارەت بەو هەولانەی کە لە پێوەندی لە گەڵ پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دا و بە شێوەی جۆراوجۆر دێنە ئاراوە، وتی: "ئێمە بە چاوی رێزو پێزانینەوە دەڕوانینە ئەو هەوالانەو،

هەموویان بە هەوڵدانێکی دڵسۆزانە دەزانین."

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەدا بەشێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە تێبینی و پێشنیارو پرسیارەکانیان باسەکەیان دەوڵەمەند کردو بە کارێکی درووست و پێویستیان زانی کە رێبەریی حیزب و لە سەروو هەمووانەوە بەرێز سکرتێری گشتیی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ پرسێکی گرینگی ئەوتۆدا لە گەڵیان کۆدەبێتەوەو بەشداریی باسەکان دەکەن.

جێی ئاماژەپێدانە کە هەر لەم کۆبوونەوەیەدا، بەرپرسی کۆمیسیۆنی ئاموزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەرێز کاک کەماڵ کەریمی رایگەیاند کە هەر هاوڕێیەکی حیزبی لە پێوەندی لە گەڵ پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دا، باس و بابەتێکی تایبەتی هەبێ، دەتوانێ داوا لە کۆمیسیۆنی ناوبراو بکات کە کۆڕو سمیناری بۆ پێک بێنن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی کەریم فەرخەپوور - رێکەوتی: ٢٦ی جانێوێری ٢٠١٥

----------------------------------------------------

## گەڵاڵەی پێشنیاری بۆ لێک نزیک بونەوە و یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دێموکرات (حدک وحدکا)



**لوقمان زەهرایی**

**سەرەتا**: مەبەست لە خستنە رووی ئەو گەڵاڵەیە تەنیا بیرۆکەیەکی شەخسی خۆمە بۆ ئەوەی بە نۆرەی خۆم توانیبێتم بەردێک بخەمە سەر بەردێک و لەو رێگایەوە تێروانین و ڕوانگەکانی خۆم بە نیسبەت کێشەی دوو حیزبی دێموکرات بخەمە ڕوو.

ئامانج لەو کارەش هیچ بەرژەوەندی شەخسی خۆمی تێدا نیە و هیچکەس ولایەنێکیش هاندەرم نەبوون بۆ ئەو کارە وتەنیا وتەنیا بیرۆکەی خۆمە و هیوام یەکریزی و یەکدەنگی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە. بۆ ئەو مەبەستەش لێک نزیک بونەوە و ئاشت بونەوە و یەکگرتنەوەی ئەو حیزبانەی کە ماوەی چەند سالێکە لێکدابڕاون گەلێک گرینگ و چارەنووس سازە و کاریگەری راستە وخۆی لە سەر ئاشتی نەتەوەیی لە رۆژهەلاتی کوردستان هەیە. بەداخەوە ئەو لێکترازانانە بۆنەتە هۆی دروست بوونی کۆمەلێک گرژی و ئالۆزی لە سەر ئاستی گۆرەپانی سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان کە ڕاستە و خۆ کاریگەری زۆر خراپیان لە سەر هەل و مەرجی سیاسی و مافەکانی کورد و چارەنووسی ئەو پارچە لە نیشتمانی داگیرکراوی کوردان داناوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو کۆنترین حیزبی کوردی یەکێک لەو حیزبانەیە کە بە داخەوە بە هۆی کۆمەلێک ڕووداوی ناوخۆیی و دەرەکی خوازراو و نەخوازراو لە ماوەی ٦٩ سال تەمەنیدا دا چەندین جار تووشی لێکدابڕان ولێکترازانی ریزەکانی بووە و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لە زۆر بوارەوە خەباتی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان تووشی خەساری قەرەبوو نەکراوە بێ ولە ئاکامیشدا زەرەرمەندی سەرەکی کوردی رۆژهەلات بووە و قازانجیشی چۆتە گیرفانی دەولەتانی حاکم بە سەر ئێران دا بە شا و مەلاوە.

هۆکاری لێکدابران وجیابونەوەی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە دوای کۆنگرەی ١٣ بە قەولی بەشێک لە ئەندامانی رێبەری لایەنێکی دێموکرات لە سەر چۆنیەتی ئیدارە کردن و بەرێوە بردنی حیزب بووە و نەک لە سەر رێبازی سیاسی حیزب و بە قەولی لایەنەکەی دیکەش "لە سەر کورسی بووە". ئێستاش دوای ٨ ساڵ لێکدابڕان و تەجروبە کردنی کۆمەلێک رووداوی ناخۆش و قێزەون کە تەنیا هەر دووک لایەن لێیَ زەرەمەند بوون و کۆمەڵانی خەلکی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانیان تووشی بێ هیوایی و بێ بڕوایی کردوە، ئەو گرێ پووچەکەیە هەر نەکراوەتەوە و ئەو دوو حیزبە نایانتوانیوە سەرەرای داوای زۆری خەڵکانی دۆست و دڵسۆز و کۆمەلێک لە کادرووپێشمەرگە کۆنەکانی حیزب کە بە شێوازی کەمپەین خوازیاری یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانن کێشەکانیان لە رێگای دانوستاندن و دیالۆگەوە چارەسەر بکەن.

هەڵبەت پێداگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەڕ بە فەرمی نەناسینی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو حێزبێکی سەربەخۆ وناو هێنانی ئەندامانی ئەو حیزبە بە "هاورێیانی پێشوو" و بایکۆت کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ماوەی چەند سالاَن وبە گرتنە بەری سیاسەتێکی ناشیاو و بە لەجبازی نەیتوانیوە ئەو راستییە قەبول بکا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان چ لە سەر ئاستی کوردستان بە گشتی وچ لە سەر ئاستی دەرەوە وەکوو حیزبێکی سیاسی بە فەرمی قەبولْ کراوە ومامەلەی لە گەڵ کراوە ودەکرێ. کەوابێ ئینکار و بایکۆت کردنی "حدک" لە لایەن "حدکا" وە نەک نەیتوانیوە ئەو حیزبە لە مەیدانی سیاسی وەلا بنێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە سیاسەتی بایکۆت کردن لە زۆر حالەت دا بە قازانجی

"حدک" شکاوەتەوە و "حدکا" زیانی لێ دیوە.

ماوەی ٢ ساڵێکە  نێوانی ئەندامانی ئەو دوو حیزبە چ لە کوردستان وچ لە دەرەوە تا ڕادەیەک ئاسایی بۆتەوە وهاتوو چۆکردن و بەشداری لە شایی وشینی یەکتر و چاوپێکەوتن و بە یەکەوە کۆبونەوە لە کۆمەڵێک کۆبونەوە و دانیشتن دا فەزای گرژ وتەماوی تا ڕادەیەک ڕەواندۆتەوە، دیارە ئەویش بە زۆری لە نێو بەدەنەی هەردووک حیزب دایە نەک لە سەر ئاستی ڕێبەری دا. دڕدونگی و بێ متمانەیی و بێ بڕوایی لە نێو ڕێبەری هەردووک حیزب دا بەردەوامە و ئەو چەند دانیشتنەی کە ڕێبەری هەر دووک لا چ لە سەر ئاستی سکرتێر وچ لە سەر ئاستی شاندی کۆمیتەی ناوەندی هەیانبووە چ دەسکەوتێکی ئەتۆی بەدواوە نەبووە وکێشەکان بە بێ چارەسەری وەکوو خۆیان ماونەتەوە. بۆ تاوتوێ کردنی ئەو کێشە وگرفتانە ئاماژە کردن بە چەند خاڵی بنەرەتی کە بوونەتە بەربەست لە بە ئەنجام نەگەیشتنی ئەو دانیشتنانە و بێ ئاکام بوونیان  پێویستە.

گرفتی سەرەکی لە کۆبونەوەکان ودانیشتنی نێوان ڕێبەری ئەو دوو حیزبە دا لەوەدایە کە لایەنێکی سێهەم وەکوو نێوبژیوان چ وەک تاکە کەس وچ وەک ڕێکخراوێکی مەدەنی یان سیاسی کە جێگای بڕوا ومتمانەی هەردووک لایەن بێ وبە تەواوی بێ لایەنیش بن بەرچاو ناکەوێ و دەرئەنجامی دانیشتنەکان بە ڕاستی ڕوون نیە کە باسی چییان کردووە وچەندە چوونەتە پێش. هەرچەند حیزبی دێموکراتی کوردستان "حدک" گەڵایەکی پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران "حدکا" کردوە کە ببێتە بنەمای دانوستاندن و یەکگرتنەوەی حیزب، بەڵام لایەنی حدکا چ نوسراوەێکی بە فەرمی نەخستۆتە بەردەم بیروڕای گەشتی وئەوەی بلاوبۆتەوە زۆرتر زارەکی بووە و بەس. دەکوترێ گۆیا داواکارن بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٣ی حیزب بکرێنە بە بنەما بۆ دانوستاندنەکان و بۆ وەسەریەکخستنەوەی حیزبی دێموکرات. لە پرسێکی ئاوا گرینگ دا و بۆ ئەوەی دانیشتن و گفتوگۆکان بەرەپێشەوە بچن و دەرئەنجامی ئەرێنییان لێبکەوێتەوە پێویستە چەند خاڵی گرینگ و سەرەکی لەبەرچاو بگیرێن کە وەکوو پێشنیاری خۆم دەیانخەمە ڕوو.

**یەکەم؛** دەست نیشانکردن و ڕێگەدان بە لایەنی سێهەم کە بەشداری کۆبونەوەکانی نێوان دێموکراتەکان بێ. ئەو لایەنە دەتوانێ کەسێک یان چەند کەسێکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر بن کە هەم بە تەواوی بێ لایەن بن و هەمیش جێگای بڕوا و متمانەی هەر دووک دێموکرات بن. ئامادەبوون و حوزوری نێوبژیوانێک دەتوانێ یارمەتیدەری بەرەوپێش چوونی کۆبونەوەکان بێ و ڕەوتی گەیشتن بە ڕێکەوتنێک خێراتر بکا. لە پەیوەندی بە ئەرک و ڕۆلی نێوبژیوان بۆ چارەسەری کێشەی نێوان لایەنەکانی کێشەکە وبۆ گەیشتن بە ئاشتی وچارەسەری کێشەکان "پەککا هاویستۆ" کە دیپلۆماتێکی فەنلاندییە و لە وڵاتانی ئەفغانستان، سۆمالی و لە دارفوری سودان و لە فەلەستین و ئیسرائیل ڕۆلی نێوبژیوانی گێراوە و لەو بارەوە کۆمەڵێک



سەرچاوە
Serchawe

ئەزمونی بە نرخی وەدەست هێناوە لە کتێبی "ڕێککەوتن" دا دەنووسێ: ئایا بە بێ بەشداری نێوبژیوان ئیمکانی ڕێککەوتنی نێوان دوو لایەنی شەڕەکە مسۆگەرە؟ لە زۆربەی کێشە و شەڕەکاندان کە بە خۆرایی درێژدەکرێنەوە، دەلێن، لێگەڕێین با لایەنەکانی شەڕەکە هەتا لە توانایان دایە وزە و هێزیان تاقی بکەنەوە و تاکوو وەڕەز دەبن با شەڕ بکەن. هیندێک جار دوو لایەنی کێشەکان خۆیان دەست بە دانوستاندن دەکەن، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان بۆ بەرەوپێش بردنی باسەکان و خێراترکردنیان بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک پێویستیان بە نێوبژیوانێک هەیە.

لە گرژی وکێشەی نێوان لایەنەکاندا، نێوبژیوان دەبێ خۆی لە نیشاندانی هەڵوێستی ئیحساسی و عاتفی بپارێزی وئەرکی ئەوەیە کە لاسەنگی نێوان لایەنەکانی شەڕەکە لە دانوستاندنەکاندا ڕابگرێ و نابێ بەرەو هیچ لایەک دابشکێ. ناوبراو وەکوو نێوبژیوانێک ڕای وایە کە، ئاشتی وەکوو ماسێکی گەورە وایە کە بۆ گرتنی دەبێ چەندین جار قولاپەکەت بخەیە نێو ئاوەکە و نابێ لە گرتنی دەست هەڵبگرێ، ئەگەر یەکەم جاریش بە قولاپەکەتەوە نەبێ. کەوابوو هەر دوو دێموکرات دەبێ ڕێگا بدەن کە کەسێک، کەسانێک، ڕێکخراوێکی مەدەنی یان سیاسی کە دۆستی هەردووک لایەنە و جێگای بڕوا ومتمانەی هەردووکیانە بەشداری دانوستاندنەکان بکەن. دانوستاندنەکان دەبێ کاتی پێویست و تەواویان بۆ تەرخان بکرێ وبەردەوام بن و نابێ نێوانی دوو کۆبونەوە ئەوەندە زۆر بێ کە گەیشتن بە ئەنجامێک زەحمەتر بکا. مادام هەر دووک لایەن دەخوازن بەراستی کێشەکانیان چارەسەر بکەن و دوو دێموکرات یەکبگرنەوە، دەبێ متمانە و باوەڕیان بە یەکتر هەبێ و لە بیری فرت و فێڵ کردن لە یەکتر دا نەبن و دەبێ فەلسەفەی "براوە براوە" ئەساس وبنەمای دانوستاندنەکان بێ بۆ ئەوەی لە کۆتایی دا هیچکەس هەست بە دۆڕاویی و بە مەغدور بوون نەکا و هەموو لایەک لە ئەنجامی دانوستانەکان ڕازی بن. ئەو کات هەموویان خۆیان بە خاوەنی حیزب دەزانن و حیزبیش دەبێ بێتە ماڵی هەمووان. بە باوەڕی من دان پێنان بە هەڵەکانی ڕابردوو کە هەردووک لا کەم و زۆر تێیدای بەشدار بوون و هەست بە بەرپرسیارێتی کردن لە هەمبەر حیزب و خەڵک دا ئەرکێکی ئەخلاقییە کە لە دانوستاندنەکاندا دەبێ لە بەرچاو بگیرێ.

لە سەر ئەو باوەڕەم کە بە دڵ لە یەکتر خۆشبوون بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕێکی نوێ لە هاوکاری و هاوخەباتی و هاوسەنگەری هەر دووک لایەن زۆر گرینگە و هەر دووک لا دەبێ لە شتی بێ بنەما و لە بەهانە هێنانەوە و یەکتر تاوانبارکردن دەست هەڵگرن و وێڕای دان پێنان بە هەڵەکانی ڕابردوو لە سەر شتی نوێ و کۆنکرێت وسەردەمیانە قسە بکەن و ئامانجی سەرەکیش بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێک لە بەرچاو گرتنی قازانج و بەرژەوەندی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ نەک پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی تاکە کەسی وبنەماڵەیی. دەبێ هەموو خالەکانی کە لە سەری ڕێکدەکەون بە دۆکۆمێنت بکرێ و بە فەرمی بۆ ڕای گشتی لە ڕێگای ڕاگەینەرەکانەوە بڵاو بکرێنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**دووهەم؛** پێکهێنانی ئاڵ وگۆڕی بنەرەتی لە ئەندامانی شاندی دانوستاندنی هەر دووک دێموکرات. ئەوەی ئێستا دەیبینین لە شاندی هەر دووک لایەن دا تەنیا ٣ یان ٤ کەس لە هەر لایەک بەشدارن و هەمووشیان ئەندامی رێبەرین. باشە بۆچی نابێ لەو کێشە گرینگ و چارەنووسازەدا کەسانی دیکەی ئەندامی ئەو دوو حیزبە بەشدار بن؟ بۆ نابێ لە شاندی هەردووک لایەن دا نوێنەری رێکخراوەکانی ژنان، لاوان، خویندکاران، روناکبیرانی حیزبی ومێدیاکاران وئەو کادرو پێشمەرگانەی کە زیاتر لە ٣٠ تا ٣٥ ساڵە لە هیچ فیداکارێک بۆ سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات دریغیان نەکردووە و هەموو ژیانی خۆیان ومال و منداڵیان لە سەر داناوە بەشداری دانوستاندنەکان نەکرێن؟ کێشەی دێموکراتەکان لە رێبەری ئەو حیزبانەوە سەری هەڵداوە و مانەوەی ئەو وەزعەش هەر بەرهەمی سیاست بازی هیندێک ئەندامی رێبەری هەردووک لایە کە بەردەوام بیر لە قازانج و بەرژەوەندی و کورسی خۆیان دەکەنەوە و دەیان بیانووی بێ بنەما و خۆدەسکرد دەهێننەوە بۆ ئەوەی وەزعەکە هەر بەو شێوە بەردەوام بێ، چونکە لە قازانجی ئەوانە.

هەربۆیە پێشنیاری من بە جیدیی ئەوەیە کە رێبەری هەردووک لا ئاڵ و گۆڕ لە شاندی دانوستاندنەکانیان پێک بهێنن وبا ئەندامان و کادر و پێشمەرگە دڵسۆزەکان و مرۆڤە خۆشناوەکانی بەدەنەی هەردووک لا بەشداری ڕاستەوخۆیان هەبێ لەو دانوستاندنەکاندا و دەبێ ئەندامانی هەر دووک دێموکرات تەنیا تەماشاکەری وەزعەکە نەبن، بەڵکوو پێویستە خۆیان تێکەڵ بە پرۆسەی دانوستاندنەکاندا بکەن بۆ ئەوەی چیدیکە وزە وتوانای ئەو دوو حیزبە بە شتی پروپوچ وخۆڕایی بە فیرۆ نەچێ.

**سێهەم؛** ساختاری تەشکیلاتی دێموکراتەکان رێگا بە بەشداری ئەندامان لە دەسەڵات و پرسە گرینگەکان دا نادا و ئەوەی بە نێوی "سانترالیزمی دێموکراتێک" لەو حیزبانە دا بەرێوەی دەچێ، بۆتە هۆی دروست بوونی کێشە و گرفتی زۆر گەورە و تێگەیشتنی غەلەت و سەقەت لە دەسەڵات و لە بوون بە ئەندامی رێبەری حیزب. ئۆرگانێک نیە کە بتوانێ کۆمیتەی ناوەندی و تەنانەت دەفتەری سیاسی کۆنترۆل بکا و چاوەدێری بە سەر کاروکردەوەکانیان دابکا و رێگر بێ لە باندبازی ودەستە بەندی و ناوچەگەرایی لە حیزبدا. رێگر بێ لەوەی کە ئەندام مافی پێشێل نەکرێ و حەقی ڕادەربرینی هەبێ وبە خاتری رەخنە گرتن نەکەوێتە بەر غەزەبی ئەندام یان ئەندامانی رێبەری و لە ئەنجام دا لە حیزب دەرنەکرێ. لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ئۆرگانێک بە نێوی "کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پەیرەوی نێوخۆی حیزب" دروست کرا کە کاری چاوەدێری بە سەر جێ بە جێکردنی ئەساسنامەی حیزبیەوە هەیە و ئەگەر ئەندامێک مافی پێشل بکرێ ئەو ئورگانە بۆی هەیە لێپێچینەوە لێبکا وبە دواداچوونی تەواوی بۆ بکا بۆ دەرکەوتنی ئەسلی قەزییەکە. بەڵام دەسەلات و سەلاحییەتی ئەو کۆمیسیۆنە لە کردەوە دا لاوازە و نەیتوانیوە یان رێگا نەدراوە کاریگەرێکی ئەوتۆی هەبێ و هەربۆیە دروستکردنی ئۆرگانێکی دیکەی بە دەسەڵاتدارتر وخاوەن سەلاحییەتی زیاتر گەلێک گرینگ وپێویستە.



سەرچاوە
Serchawe

بە باوەری من بۆ ئەووەی هەم کۆتایی بە سانترالیزمی بە ناو دێموکراتیک بێ و لە دەسەڵاتی ڕەهای کۆمیتەی ناوەندی وبە تایبەت دەفتەر سیاسی کەم بکرێتەوە ودەسەڵات و بەشداری پێکردن بە سەر هەموو ئۆرگانەکانی حیزب دا دابەش بکرێ و حیزب زیاتر بەرەو دێموکراسی دەرون حیزبی بڕوا و ئەندامانیش هەست بەوەبکەن کە هەم گوێیان لێ ڕادەگیرێ وهەمیش لە دەسەلات و بڕیاراتی حیزب دا بەشدارن وحیزب هی ئەوانیشە، پێویستی بە دروست کردنی شورایەک یان شتێک لە جۆری مەجلیسی حیزب جیا لە کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی هەیە. ئەو مەجلیسە دەتوانێ دەوری پارلمانێک بگێرێ لە ئەو حیزبدا و دەکرێ هەر لە ئیستەوە کار بۆ دروستکردنی بکرێ و نوینەرانی ناوەندەکان، کۆمیتە شارستانەکانی حیزب، کۆمیتەکانی دەرەوەی حیزب، رێکخراوەکانی ژنان، لاوان، خویندکاران و رۆژنامەوانان و روناکبیرانی حیزبی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان و هەروەها نوینەرانی ئەندامانی حیزب لەناوخۆی ولاتی تیدای بەشداربن و بە فەرمیش لە کۆنگرەی هاوبەشی داهاتوو دا وەکوو ئۆرگانێکی رەسمی حیزب بناسرێ وئەرک وسەلاحیەت و ڕادەی دەسەڵاتی دیاری بکرێ.

دەکرێ ناوی ئەو ئۆرگانە تازەیە مەجلیسی حیزب یان پارلمانی حیزب بێ. گرینگ هەبوون و کارایی و کاریگەری دانانی ئەو ئۆرگانەیە بە سەر هەموو حیزبەوە، نەک تەنیا ناوەکەی.

ئەرکەکان و بەرپرسایەتی و سەڵاحییەت و ڕادەی ئەندامانی ئەو مەجلیسە لە چەند خاڵ دا پێشنیار دەکەم.

### رێژەی ئەندامانی ئەو مەجلیسە

ئەو مەجلیسە پێویستە هەر لە ئێستاوە و بە رەزامەندی هەر دووک دێموکرات لەو ئۆرگان و رێکخراو و کەسانەی لە خالی سەرەوە دا ئاماژەم پێکرد پێک بهێنرێ و بە پێی ژمارەی ئەندامانی حیزب کە چلۆن بۆ کۆنگرە دیاری دەکرێن رێژەی ئەندامانی ئەو مەجلیسەش دیاری بکرێ ودەستەیەکی سەرۆکایەتی لە ٧ بۆ ٩ کەسی هەبێ. ئەگەر سەرۆکەکەی لە کوردستان بوو، دەکرێ جێگری یەکەمی یەکێک لە ئەندامان یان نوینەرانی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی ولات بێ. دەستەی سەرۆکایەتی دەبێ بە شێوەیەکی فەرمی وبە بەرنامە کۆبونەوەکانی خۆی مانگانە بگرێ و دەبێ لە ساڵدا دوو کۆبونەوەی گشتی بۆ ئەندامانی مەجلیس هەبێ. کۆبونەوەی بەهارە وکۆبونەوەی پاییزە و لەو کۆبونەوانە دا ڕاپۆرتی کاروچالاکی خۆی بداتەوە بە کۆبونەوەی گشتی مەجلیس.

### کاروئەرکەکانی مەجلیسی حیزب

ئەرکی گرینگی ئەو مەجلیسە لە حالی حازردا پێکهێنانی سمینار وکۆبونەوەی هاوبەش بۆ ئەندامانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان و ڕەواندنەوەی فەزای دڕدونگی و بێ متمانەیی نێوان هەر دووک دێموکرات دەبێ. ئەرکێکی دیکەی

پەیوەندی گرتن بە هەموو ئەو کادروپێشمەرگانەی کە بە هۆی جۆراوجۆر یان لە گەڵ دێموکراتەکان نەماون و یان بە ناحەق دەرکراون و هاندان و هێناوەی ئەوانە بۆ نێو ریزەکانی دێموکراتە. پێکهێنانی گروپێک بە هاوفکری لە گەڵ رێبەری هەرووک دێموکرات بۆ پێداچوونەوە بە بەرنامە وپەیرەوی نێو خۆی حیزب وداوای هاوکاریکردن لە کەسانی شارەزا ودڵسۆز بۆ بەشداری کردن لە نووسینەوەی بەرنامە وپەیرەوی نێوخۆ. پێکهێنانی "ژوورێکی فکر" بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێ کردن رێبازی سیاسی داهاتووی حیزب لە کەسانی شارەزای سیاسی و ئاکادمی و نوسەران و ئامادە کردنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی لە لایەن ئەو گروپەوە و ڕادەستکردنی بە رێبەری هەردووک دێموکرات و بە مەجلیسی حیزب بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی هاوبەشی داهاتوو دا بکەوێتە بەر باس و لێکۆلینەوە و رێبازی نەتەوەیی حیزبی یەکگرتوو زۆر روونتر و کوردانەتر بێ. دروست کردنی گروپێک بە هاوفکری لە گەڵ رێبەری هەردووک دێموکرات بۆ چۆنیەتی بەرێوە بردن وئامادەکاری بۆ کۆنگرەی هاوبەش و ڕادەی بەشداری ئەندامان و چلۆنایەتی دیاریکردنی ئەو کەسانەی کە چ وەک ئەندام و چ وەک میوان دیاری دەکرێن و چاوەدێری تەواو بە سەر گرتنی کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرە و دان و وەرگرتنی ڕاپۆرت لە رێبەری هەردووک لایەن لە سەر سالم وبێ فرت و فێل بوونی کۆنفرانسەکان و تەئیدی سەلاحیەتی کەسانی هەلبژێراو بۆ بەشداری لە کۆنگرەی هاوبەشی داهاتوو دا.

### ڕادەی دەسەڵات وسەلاحییەتی مەجلیس

لە کۆنگرەی هاوبەش دا چاوەدێری و هاوفکری و هاوکاری دەستەی سەرۆکایەتی ئەو مەجلیسە لە گەڵ بەشدارانی کۆنگرە گەلێک گرینگە و دەبێ لە کۆمیتەکانی کە کاروباری کۆنگرە بەرێوە دەبن بەشداری چالاکانەیان هەبێ و چاوەدێری تەواو بە سەر پرۆسەی هەلبژاردنی ئەندامانی داهاتووی رێبەری حیزبەوە بکەن و رێگە بە هیچ جۆر فرت و فێل و ساختەکارییەک نەدەن و سالم بوونی کۆنگرە دەبێ بە ئەئیدی ئەو مەجلیسە بگا. ئەرکەکانی داهاتووی ئەو مەجلیسە چاوەدێری بە سەر چۆنیەتی جێ بە جێ کردن و بەرێوەچوونی خاڵەکانی پەیرەوەی نێوخۆی حیزب، کاروباری ئۆرگانەکانی حیزب، بەشی مالی و ڕاگەیاندن و لە هەمووشی گرینگتر کۆمیتەی ناوەندی ودەفتەر سیاسی دەبێ و ئەگەر کەسێک لە رێبەری حیزب تووشی هەڵەیەکی بە ئانقەست بوو یان کەسانێک هەوڵی باندبازی و ناوچەگەرایی بدەن، ئەو مەجلیسە دەبێ لێپێچینەوە و لێکۆلینەوە بکا. کارێکی گرینگی ئەو مەجلیسە چاوەدێری بە سەر چۆنیەتی خەرج و دەرکەوت وداهاتی حیزبەوە دەبێ و نابێ سەرمایە ودارایی حیزب لە دەستی چەند کەسی دیاری کراو دابێ، بەڵکوو بە شێوەیەکی شەفاف دەبێ هەموو دەرکەوت و داهاتەکان دیاربن و لە کاتی دەرکەوتنی گەندەڵی مالی و دزیکردن لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران و دزەکان بکرێ و ئاکامەکەشی بە کۆی ئەندامانی حیزب ڕابگەینرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣١ی جانێوێری ٢٠١٥

## ئایا ناو ماڵی کورد لەحاڵی ئاسایی، خۆی یەک دەخاتەوەو یەک دەگرێ یان کاتی نزیک بوونەوەی مەترسییەکان!



**حەسەن پاڵانی**

بە درێژای مێژووی بەشەرییەت و سەر هەڵدانی کاییەی کێ بەرکێ و هاتنە ئارای ژییانی ململانێ، نیوان مرۆڤەکان، مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ لەململانێی و کێشمەکێشەکانی قۆناغە جۆربە جۆراکانی سەردەمی ژیانی خۆی باشترین شێوە تێ پەڕێنێ، دەستی بۆ زۆر تاقی کاری و ئەزموون کردنی زۆر شەت بردووە. ململانێ و کێ بەرکێ کان، لە گەڵ تێپەڕینی کات، قۆناغی تاکی تێپەڕاندوەو پێیناوەتە، میدان و مەوداییەکی فەران تر، بۆ دەستە بەرکردنی داواو داخوازییە هەنووکەیی و پیداویستیە سەرەتاییەکانی. ئەگەر لە ڕوانگەی سۆسۆلۆژیی کۆمەڵ ناسیی کۆمەڵاییەتیەوە ئاوڕێکی نە ئەوەندە دوور لە روانگەی تاک و کۆ، بۆ ناخوو وغەریزە معنەوییەکان و هەڵوێستی مرۆڤ و کۆمەڵ و کۆمەڵگا بدەینەوە، دەبینین مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بە داخوازییەکانیان بگەن، خۆیان ئۆرگانیزەو ڕێخستوەو لە هەناوی فۆرمی ڕێخستنی دڵخوازی خۆیان بینیوەتەوە، جا ئەو ڕێخراوە، مەدەنی یان سیاسی بێت، گرنگ ئەویە لە گەڵ چۆنیەتی زەهنیەت و بیرکردنەوەی ئەو کەسە، کە خۆی باوەری پێیەتی، بگوونجێ و کاری بۆ بکات.

بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی باسەکە، دوور نەکوومەوە، بە ئەو دەستپێکە کوورتە، کە لە خۆییدا هاوهەڵکێشیی و هاوتەنی، لە گەڵ تاییتڵی باسەکە پێکەوە گرێدرابێت. ئەویش مرۆڤ و کۆمەڵگاو چەقی دەستپێکی ململانێ و بوونی رووئیای جۆربە جۆری ناخوو سروشتی مرۆڤە، چ لە روانگەی کاریگەریە کلتووری، ئابووری و دەسلات خوازی؟ وە چ لە ڕوانگەی گوونجان و نەگوونجانی؟ مرۆڤەکان، بۆ خۆی و چواردەوری خۆی، خۆی لە خۆیدا فرە ڕەنگیی و ڕێخراوەی حیزبی (متەنوع) لە کۆمەڵگادا دروست دەکات.

بە درێژای مێژوی سەر هەڵدانی هەموو ناکۆکی و ناتەباییەکانی ڕێخراو کۆمەڵگای بەشەری بەشی زۆری ناکۆکییەکان، پێوەندی لە پیش هەموو فاکتەرێکی ترەوە، پیوەندی بەدەسلات خوازی، خۆ نەناسی یان باز تعریف نەکردنی خۆ و دەورووبەر، خۆو کۆمەڵگا، خۆو نۆرمە باوەکانی کۆمەڵی کوردەواری، لە سەرووی هەمووشیانەوە، نە بوونی کلتووری پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە بوون، وەک بنەماییەکی بەهێزێ تعاموول کردن و قەبووڵ نکردنی جیابیران وجیا هەڵویستان، وەک دەستەواژەییەکی جیاکاری( ئێمەو ئێوە) بوونی ئەم دەستە واژەیە، هەرچی زیاتر حاڵەتی نەگوونجان دەخوولقێنێ و دەمانگەیەنێتە کەناری پێکەوە، هەڵنەکردن. قەبووڵ کردنی هەر رەنگ و، بیرو ئیدەییەکی جیاواز، چ ئایینی، سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، چینایيەتی و ژینگەیی بێت. بە یەکیک لەفاکتەرە هەرە سەرەکییەکانی ژیانی هەرمەوونی مرۆڤ دەژمیردرێ. بە ناسینی هەموو ئەو جیاوازیانە قەبووڵ کردنی و ڕێگەدان بەگەشەسەندنیان، نیشانەی ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتووی، کۆمەڵگاو ئەندامانی سەر بە هەر ڕێخراوێکی، مەدەنی یان سیاسی ناودەبرێ. بەڵام پێچەوانەکەی سەر دەکێشێتە هەڵ نەکردن لە حوزەو بازنەیەکی داخراودا، ناتەبای کۆمەڵایەتی، دەرِدونگی سیاسی، قەبوول نەکردنی جێگۆرکێ لە دەسڵات وگۆڕینی مۆرِەکان، نەبوونی ڕەدەفعلی لەبارو شیاو، نەبوونی گیانی لێبوردەیی، دروست نە بوونی ڕێخستنی شەپۆلی هاوبەش خۆنە دیتنەوە لا بازنەو سکەیەکی هاوکاری کە بتوانێ هەم ئاراستەی شەپۆلەکان، هەم ڕێچکەی کاروانی هاو بەش دیاری بکات. کۆ و ئەنجامی هەموو ئەمانە دەتوانێ بە لایەنە مەنفیەکەیدا، سەرمان لە نە بوونی ستراتیژیەتێکی هاوبەشی نیشتمانی و نەتەوەی دەربێنێ.

مێژووی ئەم چەن دەییەی دوایی لە فۆرمی ڕێخرای حیزبی سیاسی کوردی، سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن، تێڕوانینی ڕێخراوەکانی کوردی بە گشتی، لە هیچ کات و زەمان و قۆناغێکدا، لە سەر ویست وداخوازی ئەندام و دڵسۆز و لاینگرانی یەکی نەگرتوەتەوە لە دوای دابڕانەکان و لە یەکجیا بوونەوەکان. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش، بەڵگەو دووکوومینتی زۆر لە بەردەستدایە. هەر لە ناکۆکیی نێوان ڕێخراوەکانی ڕۆژئاوا دا بگرە، تا نزیک بوونەوەی کەووتنی کۆبانی و مەترسی لە سەر تەواویەتی ئەم بەشە لەلایەن ڕێخراوی تێروریستی داعشەوە، ڕێخراوەکانی ئەم بەشە حازر نەبوون، نە یەکتری قبووڵ کەن، نە هاوکاری یەکتری بکەن، دواتر لە ژێر کاریگەری مەترسیەکان و نفووزی هێزی دەرەکییەوە لە گەڵ یەکدا دانیشتن و ڕێکەووتن. ئەگەر دێینەوە سەر کوردوستانی باشوور، لە سەرەتای سالەکانی دوای پرۆسەی ئازادی و نێوان ناخۆشی و ناکۆکی نێوان دوو حیزبی دەسڵات داری ئەم بەشە سەیر بکەین دەبینیین لە ژێرکاریگەری و هژموونی دەسڵات دارانی ڕۆژئاوایدا، ڕێکەوتن و درێژەیان بە هاوکاری و یەکتر قەبووڵ کردن کرد. کە دێینەوە سەر کوردوستانی ڕۆژهەڵات دۆخەکە، نەک هیچی باشتر لە دۆخی ئەو بەشەکانی تر، باشر نیە، بەڵکو بگرە خراپتریشە، بە هۆی چەند لەتی و لە یەکترازانانەی نێوان حیزبە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردوستان. بە هۆی پێشینەییەکی کلتووری و ڕێخراوەیی کە باڵی کێشاوە بەسەر کاری ڕێخراوەیی و ئورگانیکی ڕێخراوەکانی حیزبی کوردیدا، بە تایبەت حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ

چاوەروانی مەترسییێک بکەن تاێک بگرنەوەو یەکتری قەبووڵ بکەن وخۆیان لە بەرەیەکی هاوبەشدا ببیننەوە.

کۆتا قسە ئەوەیە، هیوادارم هەلوومەرجە مەترسیدارەکان وا لە حیزبە کوردیەکان، بە تایبەت حیزبەکانی رۆژهەڵات نەکات، یەکیان پێ بگرێ، بەڵکو خۆیان لە سەر ویستو ئارەزوی خۆیان هەنگاوی بۆ هەڵهێنن بە قەووڵی کوردی (خۆیان یەکبگرنەوە، نەک یەکیان پێبگرنەوە). چوون یەکگرتنەوەیکی دڵخوازانە زۆر کاریگرتر و شووێندانەرترە، تا یەکپێگرتنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٥

--------------------------------------------

## وشەی "هاوڕێیانی پێشوو" مان مانەی ڕاستەقینەیخۆی وەربگرێ و بەناوی خۆیان بناسرێن!



**محمد سلێمانی**

دیدار و کۆبوونەوەی دوو لایەنی حیزبی دێمۆکڕات لەسەر پرسی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی ئەو حیزبە پاش ناو بڕێک و پشوویەک سەر لە نوێ دەست بە گرتبوونەوە کرایەوە و ئەگەر زۆر بەجیدی لایەنەکان لە ئاستی بەرزدا هەوڵی بۆبدەن و خۆیان بەدوور بگرن لە بەهانەگرتن و یەکتری سڕینەوە. بێگوومان بەدەست هێنانەوەی یەکڕیزی تەشکیلاتی زۆر دژوار نیە، چوونکی خاڵی هاوبەش و مێژووی هاوڕێیانی دێمۆکڕاتی گەورە بەخۆشیەوە پترن لە بابەتی دژبەر و لاوەکی کە زیانیان بۆ سەر رەوتی هەنگاوە سیاسی و تەشکیلاتیەکانەبێت. کاتێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان بزووتنەوەی سیاسی و تێکۆشانی تەشکیلاتی بەپتەوەی گەشەدەکات و بەرەوپێشدەچێت کە حیزبی دێمۆکرات لەسەر ئەساسی بنەمای گشتی و خاڵ و بەرنامەی دیاریکراودا هەوڵەکانیان بەمەبەستی یەکڕیزی سیاسی و خەباتی هاوبەش چڕتر بکەنەوە و لە ئاستی بەرزدا کاربکرێت بۆ ئەوەی کۆتای بە قەیرانی پرشوبڵاوی و لێکترازان لانی کەم لە نێوان رۆڵەکانی حیزب بهێنرێت و، بۆ هەمیشە ماڵ ئاوایی

لە کەش و هەوای نالەباری نێوانمانبکرێ. هەرلەوکاتەیشدا هاوکاری و پەڵەپشتی لەسەر ئەساسی بنەمای ئەخلاقی سیاسی و تەشکیلاتی پەرە پێبدەینەوە و بۆ جارێکیتر خۆمان ساز و ئامادەی خەبات بکەین.

یەکبوونەوە بەدڵنیایەوە خەونی هەرتاکێکی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، و کەس لە دۆخی ئێستادا پشتیوانی بارگرژی سیاسی و ناکۆکیە حیزبیەکان ناکات. ئەویش لە نێوان ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کە بەدرێژای مێژووی سیاسی بەیەکەوە و لە سەنگەرێکدا بەدژی سەرسەختترین ڕێژیمەکانی سەردەم خەبتیان کردوە. قسەی گروپ و کەسانێک ماننیە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆیان بە دوژمنی خوێن و خاک و وڵاتمان هەڵاوەسیوە و خوویان بە پاشکۆیەتی گرتووە و چاویان بەراینادات شۆڕشی خەڵکی کوردستان بەسەرپێوە و پەرەگرتووی ببینن. ئەوەی لێرەدا بەگرینگی بزانین و هەڵوێستەی لەسەر بکەین و تۆزێک بە ڕوونی بابەتەکە هەستیار و گونجاوتر دەربخەین بۆ بەرچاو رووونی زیاتر و دەربڕینی بیرو بۆ چوونمان لەسەر پرسی دیالۆگی سیاسی لە ئاستی بەرزی ڕێبەری دوو حیزبی دێموکڕاتدا. تێگەیشتنە لە هەڵوێست و بیروڕای هەر دووک لایەن لەسەر مەسەلەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بۆ ئەوەی ڕەووتی دانیشتن و کۆبوونەوەکان ئەنجامی خۆیان بەباشی وەربگرن و ئومێدی بەرەوپێشچوونی ڕەوتی یەکگرتنەوە خێراتر بکات و بەر بە بەهانەگرتنی لایەنەکان بگرێت،، "سەرەتا پێویستە وازلە کۆمەڵێک پرینسیپ و میتۆدی سواوی پێکەوە قسەکردن بێت و ئەو زەمینەیە پێک بێت کە وشەی" "هاوڕێیانی پێشوو" مان مانەی ڕاستەقینەیخۆی وەربگرێ و بەناوی خۆیان بناسرێن و ئەوجار وەک دوو لایەنی سیاسی و تەشکیلاتی باشتر لێک تێدەگەن و قسە و باسەکانیان لەو پەیوەنیەدا شوێندانەرتر ئەبێت. خۆ هەر چەندەی ئینکاری "مەعنەوی" و ناویان بکرێت، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەری ئەو حیزبە بەکردەوە بوون و ناوی سیاسی و تەشکیلاتی هەر لە سەرەتای دیدار و کۆبوونەوەکاندا، وەک خۆی لێقبووڵ کردوون و هەموولایەکیش دەبێت ئێستا بەو ڕاستیە رازیبن و بەهانەبڕاوبن.

ئەی ئەوە نیە لە ئاستی دەفتەری سیاسی و بەبەشداری دوو سکرتێری حیزبی لە گەڵ یەکدا دیدار و کۆبوونەوە ئەنجامدەدەن و بە دوو لۆگای حیزبیەوە لە هۆڵی کۆبوونەوەکاندا بابەتە هەستیارەکان تاوتوێدەکەن. ناکرێت هیچ لایەنێک لە ڕەوتی ئەو پرۆسەیەدا، هەوڵی پەراوێزخستن و پشتگوێخستنی لایەنی بەرانبەری بدات، هۆکاری ئەو دانیشتنانەیش کە بەداخەوە تائێرە هیچ یان لێ سەوزنەبووە، پێداگرییەکی لاوەکیە لە سەر جۆر و چۆنیەتی پرسی یەکبوونەوە. دەبێت تەشکێلاتی حیزبی دێموکڕات سەرەتا قبووڵی ئەو لێکدابڕانە بەمانای واقعی خۆی بکات کە حیزب بەگشتی بەسەر دوو پێک هاتەی ڕێکخراوەیدا دابەشبووە و، دواجار هەوڵبدات کار لە سەر میتۆدو میکانیزمی وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی دێموکرات بکات. چوونکی زۆر جاران لە زمان هاوڕێیان و دۆستانی هێژاماندا، گوێبیسبوونە و دەبین کە وەک پێویست لەسەر نێوەرۆکی بابەتەکە و چۆنیەتی لێکدانەوە و خوێندنەوەی هەنگاوەکان بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا نەنراون. یەکگرتنەوەی حیزب



سەرچاوە
Serchawe

پرۆسەیەکی ئەوەندە ئاڵۆز و قەیراناوی نیە کە نەتوانرێ لە نێوخۆماندا بە روح و هەستێکی بەرزی سیاسی و نەتەوەی چارەسەربکرێت. بەو هیوای ئاکامی کۆبوونەوەکان، دڵی هەموولایەک شادبکات و موژدەی وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات بەو زووانە ببیسین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

-----------------------------------------------

## نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان عەبدوڵڵا حەسەنزادە و مستەفا هیجری



**عەزیز شێخانی**

**سڵاو و ریز.**

ئێوە بۆ دژایەتی سیستم و دەسەڵاتی سەرەڕۆ لە ئێراندا خۆڕاگر و ئازا، بەڵام لە پێداچوونەوە بە هەڵەکان، دابڕان لە یەکتر، وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتیی کەوتنەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان کز و بێمەیل. ئێوە تەمەنێکی زۆرتان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزبی دێموکڕاتدا تێپەڕ کرد. بە ساڵان لە ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی حیزبی دێموکڕاتدا بە هەموو جیاوازییەک، هاوکار و هاوسەنگەر بون، بەڵام ئەمڕۆ ئامانجی رق و قینی کەڵەکەبووی یەکتر. ئێوە پشکی خۆتان لە سەرکەوتن و شکانەکان بەردەکەوێ. دڵنیابن، کە نە دەریان، نە فریشتە و نە دێو. ئێوە وەک ئێمە دوو مرۆڤن، کە کراوەن بۆ چاکە و خەراپە. رێگامەدەن، کە بە ناوی لایەنگریی لە ئێوە دیواری بێ بڕوایی لەوە زیاتر باڵا بکا و ئاوری هەستی تۆڵەسەندنەوە زیاتر کڵپە بستێنێ و کولتوری یەکترشکاندن بگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.

**بەڕێزان هیجریی و حەسەنزادە،**

دەرفەت کەمە و ژیان کورت، ڕێگا مەدەن کولتوری یەکتربوغزاندن و شکاندن لەوە زیاتر پەرەبستێنێ. ئەگەرچی لە رەوتی کار و تەنانەت بەرهەمهێنانی دوو بەرەی دژبەر لە حیزبی دێموکڕاتدا تەنیا نەبوون و نین، بەلام بەرپرسیارەتی قورس دەکەوێتە سەر شانی ئێوە. ئەگەر ئێوە لە رابردوودا خولقێنەری کولتوری رەخنە لە یەکترگرتن و پەرەپێدانی گیانی لێبوردەیی و دانپێدانان بە هەڵەکان بوونایە، بێگومان رق و کینەکان و گیانی تۆڵەسەندن کلپەی نەدەسەند و لە کۆتاییدا حیزبی دێموکڕاتی بەرەو ئاقاری لاوازبوون و لەتبوون نەدەبرد. ئەگەر درێژکەرەوە و ئەندازیاری دابەشکاریی بە ناو "ناوەندی، جنووبی و شیمالی" نەبوون،بێگومان لە ژێر باڵ و دەسەلاتی ئێوەدا ئەو کولتورە ناوچەگەراییە دێموکراتیزەکراوە گەشەیەکی شێرپەنجەیی کرد و لە ئاکامدا ئەمڕۆی لێ شین بۆوە.

لەوە تێدەگەم، کە هەموو سیاسەتکارەکانی سەر گۆی زەوی و تەنانەت رابەرە گەورەکان دڵخۆشن بە بوونی لایەنگر و لێشاوی پشتگیری کۆمەلانی خەڵک و تەنانەت پەرەپێدانی بیرۆکە و ئایدۆلۆژیەکانیان. ئەوە تایبەتمەندییەکی مرۆڤە و لە سنووری خۆیدا گونجاو و هاندەری هێز و وزەی مرۆڤەکانە لە پێناوی ژیانێکی بەختەوەردا. وەک خۆتان ئاگادارن پرسی گەلی کورد و ئاڵۆزبوونی ئەو کەیسە ئێمەی لە بەردەم سەردەم و رێکاری هەستیارتردا داناوە و ئەگەر لە لوتکەی بەرپرسیارەتیدا مۆراڵ و ئەخلاقی بەرپرسایەتی و بڕیاردان پاشگوێخەین، خۆمان لە چەق و قولایی کەف و کوڵە سەرکێشەکاندا دەبینینەوە.ئەوە کێشەی گەورەی بەشێکی بەرچاو لە سیاسەتکارەکانی جیهانی ئەمڕۆیە، کە خۆیان لە رابردوودا قەتیس هێشتۆتەوە و لە بازنەیەکی تەم و مژاویدا خەریکی راوکردنی بەرژەوەندییەکانیانن.

هەردووکتان بە گوێرەی شارەزایی و لێزانی هەوڵتانداوە لە چوارچێوەی حیزبێکدا، کە خاوەنی رێبەرێکی خۆنەویستی وەک قازی محەممەدە، لە ئاڵوگۆڕەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا رۆڵ و نەخشتان هەبێ. لەو بارەوە خاوەنی زۆر خاڵی ئەرێنی و نەرێنین و ئەمە تایبەتمەندیی و سرووشتی کار و تێکۆشانی مرۆڤەکانە، کە لە هەڵە و کەموکوڕی بەدەرنین. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە پێگەیشتووەکان گەیشتن بە لوتکەی خۆناسینە، کە مرۆڤ لە ئاسمانەوە دێنێتە سەر زەوی. لە ژێر تیشکی ئەو تێگەیشتنەدا مرۆڤ دەگاتە ئەو ئەنجامە، کە لە پێدەشتەکانی زانیاریی و زانستدا نەک دەریا نییە بەڵکو لە دڵۆپەیەک ئاو دەچێ، کە تێکەڵ بە دەریای بوون دەبێ.

لەو سالانەی دواییدا لە ژێر شوێنەواری کولتوری تەقینەوەی رق و کینەکاندا لایەنگرە دوو ئاتەشەکانتان بە مەبەستی جیاواز و بەرژەوەندی خۆیان ئەو ئاورەیان خۆشکرد، کە سالانێکە بە شێوازی جیاواز ژێر خۆڵەمێش کرابو. لشکری لایەنگرەکانتان لە سنوور دەرچوون و لە روانگەی خۆشەویستی کوێرانە یەکێک دەکەنە فریشتە و ئەوەی دیکە دێو. ئێستا

مرۆڤ سەری لەوە سووڕماوە، کە بێدەنگی ئێوە بەرامبەر بە کف و کوڵ، خۆشەویستی و رقی لایەنگرەکانتان هەتا کەی درێژەی هەیە؟ لە کام کولتور و ناوچەی سەر گۆی زەوی، پارتێکی سیاسی بەم شێوازە گەل و نیشتمانەکەیان رزگارکردوە و دەکەن؟ نیشتمانێکی ژێردەستە و گەلێکی چارەڕەش بە کام یاسا و رێسا بە جیاکردنەوەی دانیشتوانی پارچەیەک لە یەکتر و تیژکردنەیان لە بەرامبەر یەکتردا (بۆ شکاندنی یەکتر و دەرپەڕاندنی یەکتر و باڵکردنی دێموکڕاسی) رزگاریان دەبێ؟

ئێوە بڕیار بو، لە بازنەی خەبات بۆ ئازادیی و دێموکڕاسیدا رێبەرایەتی گەلێکی ژێردەستە لە رەوتی خەبات بۆ ئەستاندنی مافەکانیان بکەن. درووشم و وتەکانتان پڕ بوون لە وەفاداری بە رێبازی شەهیدان، بەڵام کردەوە و حەزی یەکترشکاندنتان رێبوارانی رێگای دێموکراتی لێکتەوەللا کرد. پێکەوەبوونی ساڵانی رابردووتان و پەروەردەکردنی ژمارەیەک لایەنگری ئاورخۆشکەر بە کام یاسا و رێسا لێکدەدرێنەوە؟ ئەگەر کولتوری بەرامبەرکێ لە گەڵ یەکتردا نەگۆڕن و لایەنگرەکانتان واز لە کولتوری یەکترشکاندن نەهێنن، لە بەرامبەر نەوەی داوڕۆژدا چ وڵامێکتان هەیە؟ بۆ ئەمڕۆی رۆژهەڵات و داوڕۆژە نادیارەکەی چ هەڵوێستێکتان هەیە و چەندە ئامادەن، ماڵئاوایی لە کولتورێک بکەن، کە هێز و وزەیەکی زۆری ئەو نیشتمانە بەفیڕۆ داوە؟

بە گوێرەی هەموو هاوکێشەیەک کەوتوونە بەردەم هەڵگرتنی باری بەرپرسیارەتی. ئازایەتی لەوەدایە، کە پێکەوە ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ و ماڵئاوایی لە کولتوری خۆ بێبەریکردن لە کەم و کورتیەکان بکەن. کاتەکان بە پەلە تێدەپەڕن و کولتوری یەکترشکاندن و رووشاندنی یەکتر لەوە زیاتر شۆڕەکەنەوە بۆ خوارێ. ژیان بۆ کەس هەتا سەر نییە و هەتا دەرفەت هەیە ببنە پێشەنگی رەخنەلەخۆگرتن و ببنە ئەندازیاری چاککردنەوە. هەتا ژیان درێژەی هەبێ، دەرفەتی قەرەبووکردنەوە هەیە. هیوادەردەبڕین، کە ببنە پێشڕەوی بزوتنەوەیەک، کە لەم مەڵبەندەدا ون و شاراوەیە. بزوتنەوەیەک لە رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئازایەتی چوونە سەردای قازییەکان و لە رەخنەلەخۆگرتن و رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ تەوژمی شکان و کەوتنەکان ناپرینگێتەوە. لە جیاتی تیژکردنی چاوەکانتان لە سەر خاڵە نەرێنیەکانتان، روانگە و شێوازتان بگۆڕن و بە کردەوە بەو لایەنگرە ئاورخۆشکەرانە بسەلمێنن، کە هەڵەکانیش بێ باوک نین. ئەگەر ئۆگر و عاشقی بوون بە دەریان، بە کولتوری یەکبوون، پێکەوەبوون و نەخشەرێگای کارا دەتوانن ببنە هێز و دەریا و شەپۆلەکانتان موژدەی بەتەوژمبوونەوەی گیانی بەرەنگاری بە لێوارە ماندوو و وشکەکان نیشتمان بگەیەنن.


لە گەڵ رێزدا عەزیز شێخانی

سەرچاوە: دیواری فیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## خوێندنەوەیەکی کورت بۆ نسکۆ و دابڕان و ئێستای حدک و حدکا




**جەمال نەجاری**

کتێبی (نسکۆ و دابڕان) م خوێندەوە، ئەوەی کە دەبوو بگوترێ گوترا، کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حدکا بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو و بە پشتنبەستن بە قسەکانی ئەندامانی ڕێبەریی ئێستای حدک لە ڕاگەیاندنەکان و هێنناوەی قسەکانی مامۆستا حەسەنزادە لە کتێبی (ئەزموونی خەبات) باس لە ئینشعابی دوای کۆنگرەی ١٣ دەکات. ئەوەی کە بۆ من لەو کتێبەدا دەرکەوت ئەوە بوو کە بە درێژایی ٣ دەورە کە مامۆستا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات بووە، کۆنگرەکانی ١٠ و ١١ و ١٢ و لە کۆنگرەی ١٣شدا کە کاک مستەفا دەبێتە سکرتێر، جۆرێک لە ململانێ لە نێوان حەسەنزادە و هیجریدا هەبووە، لە هەموو قوناغەکاندا سکرتێر دەیەوێ خاوەن گوتاری زاڵ بێ لە ناو حیزبدا. بەو پێیەی مامۆستا سێ دەورە سکرتێری گشتیی حیزب بووە و لە کۆنگرەی ١٣ دا چیتر ناتوانێ وەک کەسی یەکەمی ئەو حیزبە بمێنێتەوە، بۆیە کاک مستەفا پێی وایە کە ئەو ئینشعابە لەسەر دەستی مامۆستا ڕوویداوە، وەک خودی کاک مستەفا دەڵێ ئێمە کەمایەتی سەردەمی سکرتێری مامۆستا هەرگیز بیرمان لە جیابوونەوە لە حیزب نەکرد و لەگەڵ هەموو کێشەکان هەنگاومان نا بەڵام ئەوان قبووڵی ئێمەیان نەکرد و جیابوونەوە، جیابوونەوەیەک کە مامۆستا لە (ئەزموونی خەبات) دا بە بزووتنەوە ناوی دەبا و کاک مستەفاش لە نسکۆ و دابڕاندا و بە دەیان جار بە تەوسەوە مامۆستا حەسەنزادە بە (ڕەمزی بزوتنەوە) ناو دەبات لە بەرانبەر وشەی بزوتنەوەدا وشەی سەرشۆڕی بەکار دێنێ.

من نامەوێ بچمە ناو وردەکارییەکانی ئەو کتێبە و ناشمەوێ لایەنگری لە قسەکانی کاک مستەفا بکەم بەڵام بە خوێندنەوەی خۆم پێم وایە کێشەی نێوان مامۆستا و کاک مستەفا هۆی سەرەکی ئەو ئینشعابە بووە و کاک مستەفاش لە کتێبی نسکۆ دابڕان دا دەیەوی وەڵامی هەندێ قسەی مامۆستا لە کتێبی ئەزموونی خەباتدا بداتەوە. ئەو ململانێیە هێندە

قوڵ و بەرین بۆتە کە هەر دووک لا هەستیان بەوە کردووە و یەکتری تۆمەتبار دەکەن.

ماوەیەک بوو گوتاری یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان تا دەهات بەهێز دەبوو و خەڵکێکی زۆر پشتیوانیان لەو گوتارە دەکرد، دیموکراتەکان لێک نزیک ببوونەوە، بەڵام (نسکۆ و دابڕان) ئاوێکی ساردی بە پرۆسەی یەکگرتنەوەدا کرد، رێبەرانی حدکا خوازیاری گەڕانەوەی لایەنی حدک بۆ ناو ریزەکانی حدکان و دەیانەوێ لەسەر پەیرەو پرۆگرامی کۆنگرەی ١٣ یەک بگرنەوە، بەڵام لایەنی حدک دەیەوێ وەک دوو لایەنی حیزب کە جیاوازی بیر و ڕا هەیە لە نێوانیاندا یەک بگرنەوە. ٨ ساڵ بەسەر جیابوونەوە حدک لە حدکا تێپەڕی و دوو لایەن بە ناوی حیزبی دیموکراتەوە کاری سیاسی دەکەن. دەتوانم بڵێم هەر دوو لا لە یەک ئاستدان، جیاوازییەکان و ململانێیەکان هەر درێژەیان هەیە، پرۆسەی یەکگرتنەوە بە بوونی ئەو ململانێ شەخسییانە ناچێتە پێش. من چاوەڕوانییەکی ئەوتۆم لە رێبەریی حدکا نییە کە گۆڕان پێک بێنن چونکە دەزانم لەسەر چ ئەساسێک کار دەکەن و دە ساڵی دیکەش بە عەقڵییەتی ئەمرۆ حیزب بەرێوە دەبەن. نموونەی تەلەفزیۆنی تیشک کە بە عەقڵییەتی رۆژنامەی کوردستان کە دوو حەوتوو جارێک لە ناو حیزب دەردەچوو بەرێوە دەبردرا و ئاکامەکەشی ئەوە بوو کە پارەیەکی زۆریان بۆ سەرف کرد و دواجار داخرا. ئەوەندەی ئاگام لە وردەکارییەکانی داخرانی تیشک هەیە کە چیتر لە پاریس وەشان ناکا و ئەگەریش بیەوێ دەست بەکار بێتەوە دەگەڕێتەوە کۆیە و شتێک دەبێ لە شێوەی کوردکاناڵ.

بەڵام من هیوام دەخواست ئەو لایەنەی لە حدکا جیابوونەوە و ناوی حدک یان لەسەر خۆیان نا، ئەمرۆ خاوەنی گوتارێکی کوردستانی با و وەک حیزبێکی سیاسی سەربەخۆ لەگەڵ رووداوەکان هەڵسوکەوتی کردبا و لانیکەم لە ماوەی ئەو ٨ ساڵەدا گۆڕانی گەورەی بەدیهێنابا و لە پرسە سیاسییەکان پێشقەدەم با. بەڵام مەخابن نەک سەرکەوتوو نەبوو بگرە دەیەوێ لەگەڵ لایەنی بەرانبەری کە دانی پێدا نانێ یەکبگرێتەوە! بەقەولی یەکێک لە ئەندامانی ئەو حیزبە گوتاری کوردستانی و ئازادیی ڕادەربڕین کە حدک پێداگری لەسەر دەکرا لە کوێدا خۆی دەبینێتەوە و بۆچی نەیتوانی سەرکەوتوو بێ!

بۆیە بە باوەری من لە دوای چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی (نسکۆ و دابڕان) ئەو قسەی کاک خالید عەزیزی -هەڵبەت لەسەر قسەکانی ئەویش لە کوردکاناڵ سەبارەت بە یەکگرتنەوە قسەی خۆم هەیە- هاوڕام کە یەکگرتنەوە لەو قۆناغەی ئێستادا بە بۆنبەست گەیشتووە و بە هیچ ئاکامێک ناگا.

دەبێ بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین؛ لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

سەرچاوە: ویبلاگی نووسەر - رێکەوتی ١٢ی ئەپریلی ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## حدکا داوای یەکگرتنەوە لە حدک دەکات



**دەقی پەیامەکەی حدکا بۆ حدک**

بەڕێز؛ کاک خالید عەزیزی
نوێنەرانی بەڕێزی کۆنگرە!
وێڕای سڵاوێکی دۆستانە!

بەبۆنەی بەستنی کونگرەکەتانەوە پیرۆزبایی لە ئێوە و نوێنەرانی بەڕێزی کونگرەکەتان دەکەین بە هیواین بەرنامەی کاری کونگرە لە خزمەت بە دۆزی کورد لە کوردستانی ئێران بە ئاکامی دڵخواز بگات.

هاوڕێیانی بەڕێز!

بێگومان هەموو لایەک ئاگادارن کە ئەم کونگرەیەتان لە هەل و مەرجێکی زۆر هەستیار بۆ کورد پێک دێ، لە لایەکەوە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست(کە کوردستانیش بەشێکە لەو ناوچەیە) بووەتە چەقی شەڕ و ئاڵۆزی لە نێوان گرووپ و لایەنە جیاوازە ئایینی، نەتەوەیی و سیاسییەکان کە زۆربەیان بە نوێنەرایەتی زلهێزێکی جیهانی یان ناوچەیی لە کوشتار و وێرانی تێوەگلاون بە جۆرێک کە داهاتووی چارەنووسی ئەو ناوچەیان تەم و مژاوی کردووە.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە سازکردنی ئەو ناکۆکییانە دەوری سەرەکی دەگێڕێ، چوونکە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە نائارامی ناوچەدا دەبینێ، یەکێک لە بەرژەوەندییەکانی ئەوەیە کە بەهۆی ئەم وەزعە ئاڵۆزەوە هەوڵی داوە نفوز و دەسەڵاتی خۆی ڕۆژبەڕۆژ لە پانتایی ناوچەکەدا پەرەگرتووتر بکا، بەداخەوەلەو پێوەندییەدا سەرکەوتنیشی بە چنگ هێناوە. هەمووشمان

گومانمان نییە لەوەی کە پەرەگرتنی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە لە ناوچەدا بۆ زۆربەی پێکهاتەکان بە تایبەت بۆ کورد و، لەنێو کوردەکانیشدا بۆ ئێمەی کوردی ئێران مەترسیدارە. بەتایبەت کە هێزەکانی کوردی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە پرش و بڵاویدان و بەم شێوەیە تواناکانیان لە هەموو ڕەهەندێکەوە بەرەو کزی چووە، بەداخەوە حیزبی دێموکرات بە جیابوونەوەیەک لە ڕیزەکانیدا کە لە ساڵی٨٥ ڕویدا، وەک حیزبێکی سەرەکی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بگرە لە ئێرانیشدا، لەو نەخۆشییە بە دوور نەماوە. ئەو جیابوونەوەیە زەربەیەکی گەورە بوو لە پەیکەری حیزبی دێموکرات و بێجگە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و نەیارانی دیکەی کورد، کەس قازانجی لێ نەکرد.

ئەو ساڵانەی جیایی و لێکدابڕانە ماوەیەکی کەم نەبوو بۆ ئەوەی هەموومان لێی فێربین و بە هەڵەکانماندا بچینەوە، بۆ ئەوەی لەم کاتە ناسک و هەستیارەدا و بە لەبەرچاوگرتنی چارەنووسی کورد لە کوردستانی ئێران، ڕەوتی دانوستاندنەکانمان کە چەند ساڵێکە دەستی پێ کردووە بە مەبەستی لێک نزیکبوونەوە و لە ئاکامدا یەکگرتنەوەمان، خێراتر و جیددیتر بکەین. لەو پێوەندییەدا کونگرەکەتان ئەرکی قورسی لەسەر شانە کە بڕیاری یەکلاکەرەوە بدا بۆ ئەوەی لەوە زیاتر کات بە فیڕۆ نەدەین.

بەڕێزان!

لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ناوچە و شەترنجی خاوەن کایەکانی ئەو مەیدانە کە بێگومان ئێرانیش دەگرێتەوە، یەکگرتوویی ئێمە هێزێکی زۆر زیاتر لەهێزی ئەو دوو لایەنەمان پێ دەبەخشێ و، جێگە و پێگەی کوردی خۆرهەڵات لە ناوچە و دنیاشدا قورستر دەکا، هەر بۆیەشە، کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی زۆر جیددیدایە بۆ ئەوەی تێکۆشانی ئێمە بۆ ئەو مەبەستە لە باربەرێ.

داواتان لێ دەکەین بۆ گەیشتن بە ئەنجامی دڵخواز، با هەستی تۆڵە کردنەوە و ڕقەبەری لەسەر هیچ، نەبنە لەمپەڕ بۆ ئەوەی ئامانجە گرنگ و سەرەکییەکە کە یەکگرتنەوەیە نەبیندرێ، وەک دەڵێن دارێک بەر چاومان نەگرێ کە جەنگەڵەکە نەبینین.

ئێمە و هەموو کوردێکی دڵسۆز بەتایبەت خۆشک و براکانمان لە کوردستانی ئێران بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی ئاکامی کونگرەکەتان دەکەین، هەر وەکوو چۆن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش بە مەبەستێکی دوژمنکارانە لە چاوەڕوانیدایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

٥ - ١١ - ١٣٩٤

٢٥ - ١ - ٢٠١٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو

--------------------------------------------------------

## حدکا ڕاگەیەندراوێکی سەبارەت بە پرسی "یەکگرتنەوە"ی حیزبی دێموکرات بڵاو کردەوە

سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە ڕەوتی یەکگرتنەوە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو بڵاو دەکاتەوە.

دەقی ڕوونکردنەوەکە:

### چەند قسەیەک سەبارەت بە ڕەوتی یەکگرتنەوە

جیابوونەوەی ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، لە ڕێکەوتی ١٥ - ٩ - ١٣٨٥ی هەتاوی(٦ - ١٢ - ٢٠٠٦) و بەدوای کۆنگرەیەکی "یاسایی و شەرعی و دێموکراتیک"(*) و دانانی



سەرچاوە Serchawe

ناوی حیزبی دێموکرات لەسەر خۆیان بە ناڕەوا، کە دووپات کردنەوەی هەڵەی دوو جیابوونەوەی پێشتر لە حیزبی دێموکرات بوو، زەربەیەکی قورسی لە پەیکەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک سەرەکیترین حیزبی ئۆپۆزیسیونی کوردی ئێران دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەشاند. ئەو زەربەیە تەنیا لەو ڕوانگەوە نەبوو کە کەسانێک ڕیزی ئەو حیزبەیان بەجێهێشت، بەڵکوو زۆرتر زەربەیەک بوو کە خەڵکی ئەو بەشەی کوردستانی تاساند، ورەی دابەزاندن، بەرەو بێهیوایی بردن و ڕیزی یەکگرتوویی ئەوانی لەبەریەک ترازاند، لەوەش بەولاتر کۆماری ئیسلامی و نەیارانی حیزبی دێموکراتی شاد کرد و ورەی پێ بەخشین بۆ ئەوەی بتوانن ڕاشکاوانەتر دژی حیزب پروپاگاندە وەرێ بخەن و بە خەیاڵی خۆیان فاتێحای مەرگی حیزب بە گوێی خەڵکی دڵشکاو و تووڕەی کوردستاندا بخوێنن.

ئێمە کە ئێش و ئازاری دوو جیابوونەوەی دیکەی ئەو حیزبەمان بە دوای هاتنەسەر حوکمی کوماری ئیسلامی ئێران بە جەستەی حیزبەوە هەست دەکرد و شارەزای خەساری بەربڵاوی ئەو جیابوونەوانە بووین، هەوڵی زۆرمان دا کە ئەگەر نەمانتوانیوە بەر بە جیابوونەوە بگرین، هەموو تێکۆشانی خۆمان بۆ یەکگرتنەوە دوای جیابوونەوە تەرخان بکەین. لەو ئەرکەدا ژمارەیەکی زۆریش لە هاونیشتمانانی دڵسۆز، هێز و لایەنە سیاسییە کورد و غەیرە کوردییەکان یارمەتیدەر و هاندەرمان بوون.

ئاکامی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە بوو بە هۆی ئەوەی کە بەرەبەرە و دوای نیشتنەوەی کەف و کوڵەکانی سەرەتای جیابوونەوە لە هەردووک لا، هەنگاو هەڵگیرێ بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی نێوانیان و دوای ماوەیەک و لە ئاکامی بڕیارێکی ڕێبەرایەتی حیزب کە دوایە لە کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب (٨ تا ١٤ی ڕەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٩ی سێپتامبر تا ٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢) پەسند کرا، کۆمیتەی ناوەندی ڕاسپێردرا کە ئەو ڕەوتە بە مەبەستی "ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان، وتوویژ کردن و لە ئەنجامدا یەکگرتنەوە" درێژە بدا.

ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بە دوای ئەو ڕاسپاردانەدا، بەشێکی بەرچاوی هێز و توانای خۆی تەرخان کرد بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم پلانە و لەو چوارچێوەیەدا بۆ نیشاندانی نییەت پاکی، بۆ یەکەمجار هەیئەتێکی ڕێبەرایەتی حیزب بەسەرۆکایەتی سکرتێری گشتی چوونە بنکەی دەفتەری سیاسی هاوڕێیانی پێشوو و لێیان میوان بوون و بەدوای ئەو چاوپێکەوتنەدا بە دەیان پێوەندی دوو کەسیی نێوان سکرتێرەکان، دەفتەری سیاسی و هەیئەتەکانی ڕێبەرایەتیی هەر دووک لا پێکهاتن و لەسەر گرنگیی پرسەکە و میکانیزمی یەکگرتنەوە قسە و باسیان کرد.

سەرەڕای ئەوەی هاوڕێیانی لایەنی بەرامبەر لەو کۆبوونەوانەدا زۆرتر بە مەبەستی پرۆپاگاندە و نیشاندانی ئاشتیخوازیی خۆیان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی بیستنی خەبەری خۆشی یەکگرتنەوەیان دەکرد، بەو حاڵەش ئێمە دڵسارد نەبووینەوە لە درێژەدانی ئەو ڕەوتە و وتوویژکردن لەگەڵیان، تەنانەت لەو پێوەندییەدا دووجار هەیئەتەکان بە تەوافوق گەیشتن کە تا ئەو کاتەی بە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش نەگەین، خەبەری دانیشتنەکان بڵاو نەکەینەوە، بەڵام ئەوان هەر دوای کۆبوونەوەکە خەبەرەکانیان بە مەبەستێک کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بڵاو دەکردەوە.

وردەکارییەکانی کۆبوونەوەکانی ئەو ماوەیە زۆرن و جێگای باس کردنیان لێرەدا نیە، بەڵام لەم کاتەدا کە زیاتر لە ٩ ساڵ بەسەر ئەو جیابوونەوە و هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە تێدەپەڕێ، بە پێویستمان زانی چەند خاڵێک لە ڕاستییەکانی ئەو کۆبوونەوانە و تێکۆشانی ڕاستگۆیانەی خۆمان بۆ یەکگرتنەوەیەکی ڕاستەقینە کە هەردووک لا تێیدا هەست بە شانازیی و براوەیی بکەن و پێکەوە جارێکی دیکە بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕقەبەری، هەستی تۆڵەکردنەوە و شکاندنی یەکتر، بنچینەی حیزبی دێموکراتێکی بەهێزتر، کە ویستی هەموو دڵسۆزانی دێموکراتە دابڕێژینەوە. بۆ ئەوەی بتوانین لە ئەگەری ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچە و ئێراندا، دەسکەوتێکی سیاسی بۆ خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران دەستەبەر بکەین.

بەدوای چەند مانگ ڕاوەستانی چاوپێکەوتنی هەیئەتەکان، لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥ی زایینی)، دانیشتنی دەفتەری سیاسییەکان بە ئامادەبوونی هەر دووک سکرتێر لە ڕێکەوتی ٥ - ٧ - ١٣٩٤ی هەتاوی لە شوێنی دەفتەری سیاسیی هاوڕێیان پێکهات.

لەو دانیشتنەدا دەفتەری سیاسی ئێمە بە کۆمەڵێک خاڵ و پێشنیاری نوێ لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوو کە پێشتر جێگای داخواز و پرسیاری لایەنی بەرامبەر بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا دوای ئەوە جارێکی دیکە ئەو خاڵە پەسند کرایەوە کە یەکگرتنەوە لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێ، هەیئەتی حیزب موافقەتی خۆی لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە ڕاگەیاند:

* یەکگرتنەوە پێش کۆنگرەی شازدە جێبەجێ دەکرێ و، تا کاتی پێکهاتنی کۆنگرە هەیئەتێکی هاوبەش لە ڕێبەرایەتی (دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی) بە تەوافوق، ئیدارە و بەڕێوەبەری حیزب وەئەستۆ دەگرن، تەنانەت بەدوای ئەو دانیشتنە و بە مەبەستی پێکهاتنی متمانەی زیاتر لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا، دەفتەری سیاسیی ئێمە موافقەتی کرد کە بەڕێز کاک خالید عەزیزی وەک جێگری سکرتێری حیزب لەو ماوەیەدا ئەرکەکانی بەڕێوە بەرێت.

* بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانیی ئەوان و بۆ قایمکاریی دوارۆژ، هەیئەتی حیزب موافقەتی کرد کە ڕێژەی ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب لە کۆنگرەی شازدەدا، بە پێی لیستەیەکی فیکس و بە تەوافوقی هەر دووک لا دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی هیچ لایەنێک بۆی نەکرێ لایەنی دیکە حەزف بکات یان ڕێژەی ئەندامانی ڕێبەرایەتییەکەی بەڕادەیەکی زۆر دابەزێنێ. ڕێژەی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی هەر دووک لا بە پێی ڕێژەی ئەندامانی ڕێبەرایەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدە دەبێ کە هەر دووک لا شەرعیەتەکەیان پەسند کردبوو، یان بەڕێژەی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی هەر دووک لایەن، دوای ڕوودانی جیابوونە و تەنانەت ئامادەیی نیشاندرا کە لەسەر ئەو ڕێژەیەش گفتوگۆ بکرێ.

* ئێمە موافقەتمان کرد کە بۆ ئەوەی خاڵەکانی پێڕەوی ناوخۆ و ئاییننامەی کۆمیتەی ناوەندی نەبنە کۆسپ لەسەر ڕێگای یەکگرتنەوەیەکی دڵخوازی هەر دووک لا، هەموو کارەکانی حیزب(لە ئیدارەی حیزبەوە تا کاروبەرنامەکانی کۆنگرە و پێداچوونەوە و ئامادە کردنی ئاییننامەی کۆمیتەی ناوەندی) بە تەوافوقی هەر دووک لا بەڕێوە بچێ.

* سەبارەت بە بەفەرمی ناسینی ئەو ناوەی کە دوای جیابوونەوە لەسەر خۆیان داناوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو کارە لەگەڵ هیچ ئوسوولێکی کاری حیزبایەتی ناگونجێ، بەو حاڵەش و بۆ نیشاندانی نییەتپاکی، هەیئەتی حیزب قبووڵی کرد کە بەیاننامەی یەکگرتنەوەی حیزب بەشێوەیەک ئامادە بکرێ کە ناوەڕۆکەکەی هەڵگری ئەو مەبەستە بێ.

* خاڵێکی دیکە کە لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتی حیزب موافقەتی خۆی لەسەر دەربڕی، ڕاگەیاندنی بەفەرمی ناسینی مێژووی تێکۆشانی ئەو هاوڕێیانە دوای جیابوونەوەکەیان بوو. ئەو خاڵە وەک داخوازییەکی ئەوان زۆرجار لە کۆبوونەوەکانی هاوبەشدا دەیانهێنایە گۆڕێ.

دیارە ئەوانەی باس کران وەک خاڵە سەرەکییەکانی ڕەوتی یەکگرتنەوە دەبێ، بەڵام بێجگە لەوانە چەندین خاڵی دیکە لە وردەکاریی کارەکان بە تەوافوق حەل دەکرێ و نابنە کۆسپ.

تەوافوقی هەیئەتی حیزب لەسەر ئەو خاڵانە، بوون بەهۆی خۆشحاڵیی زۆربەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی لەو دانیشتنەدا، لە ڕاگەیاندنەکانی ئاکامی ئەو کۆبوونەوەیش کە دوای تەواو بوونی کۆبوونەوە لە لایەن سکرتێرەکانی هەر دووک لا بەڕێوە چوو، بە گەشبینی تەواوەوە قسە کرا و هیواداری درا بۆ درێژەدان و بە ئاکام گەیاندنی ئەو ڕەوتە. بەڵام بەداخەوە دوای مەشوەرەت کردنی دەفتەری سیاسی هاوڕێیانی پێشوو لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندییەکەیان، جارێکی دیکە کۆمەڵێک بەهانە و کۆسپ خرانە سەر ڕێگای گەیشتن بە مەبەست، کە یەکگرتنەوەکەیە.



سەرچاوە
Serchawe

ئێمە بەو حاڵەشەوە لە درێژەدانی ئەو ڕێگایە بێهیوا نەبووین و لەگەڵ هەموو ئەو کۆسپانەش کە دێتە سەر ڕێگامان، گرنگیی چارەسەر کردن و نەهێشتنی ئەو کۆسپە لەسەر ڕێگای خەباتمان لە باشووری کوردستان بە ئەرکی سەرەکیی خۆمان دەزانین و لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین.

هەرچەند لەوانەیە لە ڕەوتی هەوڵەکانی ئەو ماوەیەمان هێندێک خاڵی لاوەکی و بەهەڵە تێگەیشتن هاتبێتە پێش، کە ئەوەش شتی ناسروشتی نین لە ڕەوتی وتووێژی دوولایەندا، بەڵام گرنگ ئیرادە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و گەیشتن بە ئامانجە لە ڕاستای بەرژەوەندیی نەتەوەییدا.

بەڵام لایەنی دیکە سەرەڕای وەرێ خستنی پڕوپاگاندە بۆ یەکگرتنەوە، هەر لە ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی جیابوونەوە، دیارە نیگەرانیی و دڵەڕاوکێی لە یەکگرتنەوە هەیە. بۆیە تەنانەت ئەو کاتەی کە پێشنیار و داخوازییەکەیان پەسند دەکرێ، داخوازێکی دیکە دێننەگۆڕێ، ئەوەش ئاکامەکەی تا ئێستا ئەوە بووە کە لە لایەک لە تەبلیغات و ڕاگەیاندنەکاندا خۆیان بە لایەنگری ئاشتی و یەکگرتنەوە دەربخەن و لە لایەکی دیکەوە هەوڵ دەدن یەکگرتنەوە بەکردەوە سەر نەگرێ. ئەم شێوە هەڵسووکەوتەش ئەو گومانە بەهێز دەکا ئەو ئیرادەیەی کە لە پێناو بەرژەوەندیی گرووپی، ڕقەبەری و پاراستنی دەسەڵات بە هەموو نرخێک، حیزبی دێموکراتی: "لەت" کرد، ئێستاش لە یەکگرتنەوە نیگەرانە و دەتوانێ هەوڵ و تێکۆشانەکان لەو پێوەندییەدا لەباربەرێ.

بۆیە هەلومەرجەکە وا دەخوازێ کە هەموو ئەو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانەی باوەڕیان بە یەکگرتوویی و یەکریزی لە خەباتی کوردی ڕۆژهەڵاتدا هەیە، هەروەها ئەو بۆچوونەیان هەیە کە پێشمەرگایەتی لە حیزبێکی دێموکراتی بەهێزدا زۆرتر جێگای شانازییە تا بوون بە ئەندامی ڕێبەرایەتی لە حیزبێکی بچووکتردا، پێویست دەکا بە ئاوڕدانەوە لە وەزعی ڕابردووی زیاتر لە ٩ ساڵی حیزبی دێموکرات و داهاتووی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکاندا، لە پێناو چارەسەری ئەم گرفتە هەوڵی جیدیتر بدەن.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانین سوپاسی خۆمان پێشکەشی ئەو ژمارەیە لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی لایەنی جیابووەوە بکەین کە لە ڕەوتی ئەم وتووێژانەدا و لە پێناو یەکگرتنەوەدا هەوڵێکی زۆریان داوە و هیواداریین ئەو هەوڵانە هەروا بەردەوام بن.

لە بیرمانبێ کە جیابوونەوە و دابڕاندنەکان زۆر ئاسانترن لە یەکگرتنەوە و یەکریزی پێکهێنان، بەڵام بەهێز و ماندوو

بوونی یەکگرتوویی‌خوازان ئەو برینە چارەسەر دەکرێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتاریا

١٥ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی

(*)هەموو کارەکانی ئەو کۆنگرەیە( کۆنگرەی ١٣) بە پێی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ لە هەلومەرجێکدا ئامادە کرا کە لایەنی جیابووە لە ڕێبەرایەتی حیزبدا لایەنی زۆرینە بوو، کاری کۆنفڕانسەکان بە مەبەستی دیاری کردنی نوێنەرانی کۆنگرە، ئامادە کردنی ڕاپۆرتی کۆنگرە و باقی کارەکان لە ژێر چاوەدێری و کاری لایەنی جیابووەوە بەڕێوە چوو. هەموو ئەندامانی کۆنگرە دەنگیان بە شەرعی بوونی کۆنگرە دا، ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندیی دوای باس لەسەر کردن پەسند کرد.

سەرچاوە: کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠١٦

--------------------------------------------

# حیزبی دێموکرات و چەتری یەکبوون



**کەماڵ کەریمی**

بابەتی یەکگرتنەوە و یەکبوون و یەکیەتی و هاوکاری لە نیوان هێز و لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان لە ڕۆژهەلات، هەمیشە یەکێک لە بابەتە گرینگ و سەرەکی‌یەکانی بەردەم خەباتکارانی کورد بووە و هەتا خەبات بەردەوام بێ، ئەم پرسە گرینگیی خۆی دەپارێزێ. گرینگتر لە ئەسڵی بابەتەکە پێویستیی سەرنجدانی خەباتکارانی کورد لە ڕۆژهەلات بە تایبەت حیزبە سیاسی‌یەکانە کە بەرپرسیاریەتی سەرەکی‌یان بەرامبەر ئەم پرسە لەسەر شانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی تەمەنی خۆی و بەتایبەت لە دەساڵی رابردوودا، ئەوەندەی لە توانای‌دا بووبێ هەوڵی داوە لە پێناو نیزیککردنەوەی لایەنە سیاسی‌یەکان و هاندانیان بۆ سازدانی هاوکاری لە نێوان هەموو لایەنەکان‌دا تێبکۆشێ. ئەم هەوڵانە ئەگەر تا ئیستا بە ئاکامێکی دڵخواز نەگەیشتوە بەڵام بێ ئاکامیش نەبووە و هەر ئەوەندەی دڕدونگی‌یەکان کەمتر بوونەوە و هاودەنگی‌یەک لەسەر ڕەوابوونی ئەم داواکارییەی خەڵک بەگشتی دروست بووبێ، دەکرێ وەک خاڵێکی ئەرێنی لە پێوەندییەکانی نێوان هێز و لایەنەکان‌دا بژمێردرێ. هەر لەم پێناوەش‌دا بووە کە بەردەوام خەمی لە بەهێزکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ لایەنە سیاسی‌یەکانی دیکەدا خواردووە و هەمیشە بە بایەخەوە و بەدوور لە تێبینی‌یەکانی لەسەر جۆری بیرکردنەوە و هەڵوێست و سیاسەتی ئەم یان ئەو لایەن و تەنیا لە پێناو ڕەخساندنی هەلی هاوخەباتی و هاوکاری زیاتر لەگەڵ هەمووان‌دا خۆی پێوە ماندوو کردوە.

داواکاریی حیزبی دیمۆکرات بۆ بەدواداچوون و بەئاکام گەیاندنی ئەم پرسە گرینگە ئەوە بووە، کە باسەکان لە کۆبوونەوە

دووقۆڵییەکانەوە لە نێوان هەرکام لەم حیزبە دۆستانە بگوازرێتەوە بۆ کۆبوونەوەیەکی گشتیتر بە بەشداری نوێنەرانی هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵات. مەبەست لەوەش دەسپێکردنی باسێکی راشکاوانە لەسەر وەزعی کوردستان و پێویستییەکانی ئەم قۆناغە لە خەباتی رۆژهەڵات و خستنە بەرباسی گرفتەکانی بەردەم یەکڕیزی و یەکبوونمان لە بەرامبەر دوژمنی هاوبەشمان، کۆماری ئیسلامیدا بووە.

بێگومان هەر یەک لە حیزبەکانی رۆژهەڵات توانا و سیاسەت و بەرنامەی کاری خۆیان هەیە و ناکرێ و ناتوانرێ چاوپۆشی لە دەوری کەم و زۆریان بکرێ. بەڵام ئەو راستییە لە هیچ لایەنێک مەگەر خۆی لێ بدزێتەوە، شاراوە نیە کە هیچ حیزبێکی کوردستانی تەنانەت حیزبی دێموکراتی کوردستانیش کە خاوەن توانا و نفووز و ئیعتبارێکی زۆرە لە نێو خەڵکی کوردستاندا، ناتوانێ بە تەنیا خاوەنداریەتی بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان بکا. هەر بۆیە هەر حیزبێک بەو توانا و ئێعتبارەوە کە هەیەتی و خەمخۆری خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەکەی بێ، دەبێ لە ئاست پێویستییەکانی ئەو بزووتنەوە هەوڵی یەکڕیزی و یەکخستنی هەموو تواناکانی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات بدا. ئەوەش جگە لە دانیشتنی بەردەوام لە ئاستی سەرەوەدا و دیتنەوەی خاڵە هاوبەشەکان و دیاریکردنی رێکاری هاوکاریکردن لە نێوان ئەو هێزانەدا رێگەیەکی دیکەی نیە.

هەرچەند دوای هەوڵێکی زۆر بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەکی لەو چەشنە، کە بۆ تەنیا یەک جار کۆبوونەوەیەک بە بەشداری سکرتێرەکانی هەردوو لای دێموکرات و سێ لایەنی کۆمەڵە پێکهات، بەداخەوە نەفەسی درێژەدانی لێبڕا و بوو بە دوا کۆبوونەوەش. بە باوەڕی ئێمە درێژەدانی ئەم کۆبوونەوانە دەیتوانی کۆسپەکانی سەر رێگە هەڵبگرێ و زەمینەی لێک نیزیکبوونەوە و هاوکاریی نێوانیان خۆش بکا. ئەگەرچی ئەم باسانە لە دوا کۆبوونەوەی سکرتێرەکانی پێنج حیزبی کوردستانی رۆژهەڵات لە دیداری ئنیستیتۆی مێریدا لە هەولێر، لە لایەن هەر یەک لەو بەرێزانەوە بە جیاوازیی بۆچوونەکانیانەوە کەوتە بەرباس و هیوا و هۆمێدێکی لە دڵی خەمخۆرانی ئەم پرسەدا دروست کرد، بەڵام چاوەڕوانییەکان زیاتر لە دەرکەوتنێک لە وەها کۆڕێکدا بوو. چاوەڕوانی ئەوەی کە مادام هەموو هەست بەو بۆشاییە دەکەن کە باسی دەکرا، ئەدی چ بەربەستێک لە بەردەم دایە کە پێشی لە بەیەکەوەبوونی ئەو هێزانە گرتووە جگە لە چاوەڕوانی تێپەڕینی زەمان و ئینشاڵا و ماشاڵاکان؟

ئەوەی راست بێ، گومان لەوەدا نیە کە حیزبتەوەری و هەوڵدان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی حیزبی بەتایبەت لە دە ساڵی رابردوودا و بەدوای لێکدابڕانەکان لە نێو هەردوو لای دێموکرات و کۆمەڵەدا و، خۆماندووکردن بە سەلماندنی رەوایی بوون لە لایەن هێندێک لەو لایەنانەوە هەتا ئیستاش کێشەی سەرەکیی بەشێک لەو حیزبانەیە. هەوڵدانێک کە جگە لە

بەفیرۆدانی هێز و پتانسیەلی خەباتکارانەی لە دژی کۆماری ئیسلامی، ئاکامێکی دیکەی نەبووە. هێز و توانایەک کە دەکرا و دەکرێ بە ئیرادەیەکی باشترەوە لە خزمەت بەرژەوەندیی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستاندا بەکار بهێندرێ.

لەم پێناوەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵانی رابردوودا و بەبەردەوامی پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کە، بۆ چارەسەری کێشەکان و خۆدوورخستنەوە لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەزموونە تاڵەکانی نێو بزووتنەوەی کورد پێویستە خەمی زیاتر لە یەکخستنەوەی ریزەکانی خەباتکارانی کورد بخۆین و بۆ ئەم مەبەستەش یەکخستنەوەی نێو ماڵی دێموکراتەکانی لە سەرووی ئەرک و بەرنامەکانیدا داناوە. بۆ ئەم کارەش بەپێی راسپاردەی گۆنگرەکانی حیزب، هەروەک لە راپۆرتی کۆنگرەی شانزدەهەمدا هاتووە و راستگۆیانە دەڵێ: "رێبەری و بەدەنەی حیزبی ئێمە لەو باوەڕە دایە کە لە پێناوی یەکگرتنەوەیەکی راستەقینە کە دەستەبەری بەهێزی و یەکگرتوویی دوارۆژی حیزبی دێموکرات بێ، پێویستە هەردوو لایەن (سەرفەنەزەر لەوە کە خوێندنەوەیان بۆ دابڕان چیە) ئێستا وەک هەن یەکتر قبووڵ بکەن و رەوتی وەسەریەککەوتنەوە بەجۆرێک مودیرییەت بکەن کە بەیەکەوە خاوەنداری لەو رەوتە و لە داهاتووی حیزب بکەن. رەوتێک کە لەودا لایەنێک خۆی بە ئەسڵ و لایەنەکەی دیکە بە دۆڕاو لە قەڵەم بدرێ. واتە حیزبێکی دێموکراتی بەهێز و یەکگرتوو کە چی دیکە لە کێشەکانی رابردوودا گیر نەکا و سازکردنی سەنتێز لە رابردوو و روانین و وزەی سەرجەم تێکۆشەرانی خۆی بکاتە دەسمایەی ئیدارەی خۆی و مودیرییەتی سیاسەت و خەبات لە کۆمەڵگا". هەر لەم پێناوەدا بووە کە بە لەبەرچاوگرتنی پرێنسیپی یەکتر قبوولکردن گەڵاڵەی ئامادەکراوی خستۆتە بەردیدی هەموان.

هەرچەند جێگەی داخە کە ئەم هەوڵە دڵسۆزانەیەی حیزبی دێموکرات لە چەند ساڵی رابردوودا لە لایەن، لایەنەکەی دیکەی دێموکراتەوە بەهێند وەرنەگیراوە و هەرجارەی بە بەهانەیەکەی داتاشراو و تەنانەت هێرشی راگەیاندن بۆ سەر سکرتێری حیزب وەک دوا بەهانە، خۆیان لەم پرسە گرینگە دزیوەتەوە. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵە بێ ئاکامانە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبەر ئەوەی ئەمە بە ویستی کۆمەڵگەی کوردستان و داخوازی سەرەکیی خەڵک لە دێموکراتەکان دەزانێ، لێی ماندوو نەبوە و بردنە پێشی ئەم پرسە گرینگە وەک ئەرکێک لە بەردەم خۆی و هەموو دێموکراتەکاندا دەبینێ و خۆی لێ بە بەرپرسیار زانیوە. گرینگە لایەنەکەی دیکەی دێموکراتیش لە جیاتی هەڵدانی چەتری خۆیان بۆ هەموان، بیر لە چەترێک بکەنەوە کە هەموان لە سێبەریدا بتوانن وزە و توانای خۆیان تەنیا لە خزمەت دۆزی رەوای کورددا بخەنە گەڕ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێبەری حدکا و حدک ئەگەر کەیفیان لێبێت، بە دوو کۆبوونەوە حیزب دەخەنەوە سەریەک!



**محەممەد سلێمانی**

ئەوجاریش دیداری ئاست بەرز لە نێوان دوو دەفتەری سیاسی و دوو سکرتێر و دوولایی ئەندامانی دەفتەری سیاسی حدکا و حدک دا، بەڕێوەچوو

و بەگوێرەی سەرچاوەکانی پەیوەندیدار، ئەو ڕۆنیشتنە بۆ مەبەستی وەگەڕخستنەوەی "مەلەفی" یەکگرتنەوەی حیزب ئەنجامدراوە و، زۆر بە ئیجابی و گرینگ تەماشادەکرێت. لەو پەیوەندییەدا پرسیار گەلێک فرەن و، بەڵام تەنیا پرسیارێک دەکەین! ئەگەر بەڕاستی هەر دوولاوەک یەک و بەدڵەوە کاردەکەن بۆ وەسەریەک خستنەوەی حیزب و وەک لە بەرچاوی میدیادا باسدەکرێ و دەڵێن گوایە بەتەواوی موشتاقی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دیمۆکڕاتن، ئەی بۆچی تا ئەمڕۆش ئەو دیدار و کۆبوونەوانە ئەکامێکی ئەوتۆیان نەبووە؟ بەرووبەکەی تریدا بڵێین ئەگەر ئەوەندە پشووتان خۆشە بەتەکگرتنەوە بۆ بەجدی کاری بۆ ناکەن و هەر ئەمڕۆ و سبەی پێدەکرێت و بۆ تە پرسێکی هەڵاوەسراوی نێوان دووبەرداش؟ بێگوومان پێناچێت بەوجۆرە دانیشتن و قاوە خواردنەوە و گفتوو گۆی خۆش و پڕ لە نوکتە، مەسەلەکانی پەیوەندیدار یەک لایبکاتەوە و ئومێد و چاوەڕوانی هەموولایەک بەو سانایە بەدی بێت! ئەگەر باس لە زەمینە سازی و هەلومەرجی شیاو بکرێ و بە هۆکاری بنەڕەتی تەماشابکرێت، بابەتێکە بەتەواوی لە شوێنیخۆیدایە. بەڵام بەگوێرەی بیروڕا و سەرنجی سیاسی و تەشکیلاتی دوولایەنی دێمۆکرات لە بەرچاوبکیرێ، لە ئێستادا لایەنگرانی وەسەریەکخستنەوەی حیزب زۆرینەی تەواو ڕەهای هەیە. کەوابوو ئاکامی ئەو لێکدانەوەسەرپێیە ئەوەیە کە بۆچی ئەو پرسە هەستیار و نەتەوەیە ئەو دەستەو دەستی پێدەکرێ! ڕەنگە جەوهەری ئەو مەسەلەیە زۆرتر پەیوەندی بە هێندێک گرێبەست و خاڵی تایبەتی یەوە هەبێت و ئەو دەستە و لایەنەی بە شێوەی گشتی بیر لە دەسەڵات و داهاتووی کورسی بکاتەوە لە نێو هەر دوولادا، لە



سەرچاوە Serchawe

حیزبی گەورەو بەهێزدا بابەتەکەی ڕەقتر و دژوارتر کردبێ. هەمووومان لە ئۆرگانەکانی خوارەوە پێمان خۆشە، حدکا و حدک ببنەوە بە هێزێکی بەهێزتر و کاریگەرتر لە سەر ئاستی رۆژهەلاتی کوردستان و ناوچەیدا و، خەباتی مافخوازی لە هەموو وەختێک زیاتر نیازی بەیەکریزی و هاوپشتی و یەکدەنگی نیشتیمانی هەیە. کاتێک یەکدەنگی و هاوهەڵوێستی هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی کوردستان بەدژی حکوومەتی ئاخوندی ئێران شوێن و کاریگەری بێ وێنەی لەسەر شەقامی کوردی دروست دەکا و لەو کاتانەدا ڕێژیم توشی نیگەرانی و ترس دەبێتەوە لە بەرانبەر بێزاری و ناڕەزایەتی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان. چوونکی دوژمن زۆر باش لە تورەی یەکگرتووانەی چین و توێژەگەلیەکانی کوردستان نیگەران دەبن و کۆدەنگی نیشتیمانی و هاوپشتی کە هەموو ڕەنگ و فیکرەکان لە نێویدا دەردەکەوێت، دەسەلات حیسابی لەسەر دەکا. گرینگی یەکگرتن و بەهێزبوون لە یەکتر قبوڵکردن و هاوکاری و یەکدڵیدایە. ڕەنگە کارکردن لە نێو حیزبێکی گەورەتر و بەهێزتردا بۆ هەموو لایەک جێگای دڵخۆشی و بەشانازی بزانین و هەربۆیە دەبێ هەموو لایەک بەکردار بۆ ئەو مەبەستە کار بکات. ئومێد دەکەین چیدیکە ڕێبەری دوولایەنی دێمۆکڕات بە بەهانە و بیانووی دیاریکراو خۆیان لە گەشە پێدانی ڕەوتی یەکبوونەوە نە دزنەوە و بوێرانە بڕیاری سیاسی و تەشکیلاتی سەبارەت بە یەکگرتنەوەی حیزب بدەن. مادام ئێستا پەیوەندییەکان گەلێک باشن و کاتێک لە دەوری یەکدا کۆدەبنەوە و، کاتەکە بە سەیر و سۆحبەت و دیالۆگ بەرێدەکرێ، لازمە ئاورێکی خێرا و جدی و بەهەستێکی بەرزی نەتەوەی و نیشتیمانی دوا بڕیار بدرێ و وەک موژدەیەک بەخەڵکی کوردستان ڕابگەیەندرێت. زۆر بەداخەوە کە ئەو بابەتە بەو جۆرە کراوەتە خۆراکی نێوان دووبەرداش و بەو هیوای چیتر ئەو کۆنگرە و کۆنگرەی پێنەکرێ. لە ڕاستیدا زۆر جێگای داخە کە هەمووومان لە داوێنی دێمۆکڕاتدا گەورە بووین و پێگەیشتوون و ڕابردوو و سەروەری زۆرمان بەیەکەوە تۆمارکردوە لە مێژووی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان، کەچی ناتوانین لەسەر باسێک قەرار بدەین کە پەیوەندی بە ئایندەی گەلەکەمانەوەهەیە. "دەمێکبوو دەم و دەستی خۆمگرتبوو کە بەلای ئەو باسەدا نەچم، بەڵام ئەو جاریش دڵی دۆستانم و هاوڕێیانم لە خۆم نەڕەنجاند و هاتمەوە سەر باسی جاران"! هەروەک ئاشکرایە نێو بەنێوە بابەتی یەکگرتنەوەی حیزب وەک پرسێکی گرینگ سەرهەڵدەدا و پاش چەند شەو و رۆژێک دیسان وەک ئەوەی پێویستی بە پشوو درێژی و حاوانەوەبێ، لە بەرچاوی هەمووان بزردەبێتەوە. سەبارەت بەپرسی یەکبوونەوە، ئێستا لە ساڵانی ڕابردوو زۆرتر بەرچاوروونی پەیدابووە و شیاو نابێت بەهۆکاری فەنی و هونەری خۆڵبکرێتەوە چاوی خەڵک و تەشکیلاتی ئاشکرا و نهێنی دوولایەنی دێمۆکرات. "ڕێبەری حدکا و حدک ئەگەر خۆیان کەیفیان لێبێت بە دوو کۆبوونەوە ئەو پرسە یەک لایدەکانە وە دوابڕیار لە بارەی یەکگرتنەوەی حیزب دەدرێ". وەک دەبینین کێشەکە لە ئاستی بەرزی بڕیارداندایە و بەداخەوە نەتوانراوە بەدڵی خەڵک کۆتا قسەی خێر بکرێ. بەڕاستی ئەگەر کورسی و دەسەلات ئەوەندە بەنرخ نیە بەلاتانەوە، یەکبوونەوە بکەنە مووژدە بۆ گەلی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠١٧

# پرسی یەکگرتنەوەی دیمۆکراتەکان و چەند تێبینییەک



د. کامران ئەمینئاوە

لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین جار بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵە، هەروەها دوو بەشی دیموکرات هەوڵی جۆراوجۆریان بۆ دانیشتن، پێکهاتنەوە و دروستکردنەوەی حیزبێکی هاوبەش داوە. نەبوونی متمانە بە یەکتر بەپێی ڕووداوەکانی پێش دابڕان و کێشە ناوخۆیییەکانیان، پاوانخوازی و بەرژوەندی تاکەکەسی و گرووپی کۆسپێکی جیددی لەسەر ئەم ڕێگایە بووە. لەم دووایانەدا کەمتر باس لە یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکان، بەڵکوو زۆرتر باس لە نزیکبوونەوەی زۆرتری دوو باڵەکەی دیموکرات دەکرێ. ئەندامەکانی ئەم دوو باڵەی دیموکراتیش کە چاوەڕەوانی یەکگرتنەوەن، لەسەر تۆڕەمیدیایەکان بە هەر خەبەرێکی نوێ خۆشحاڵی خۆیان لە ڕەوتی نزیکبوونەوەی دیموکراتەکان دەردەبڕن. بە داخەوە وادێتە بەرچاو کە تەواوی دانیشتنەکان و هتد تا ڕادەیەکی زۆر بە دوور لە چاوی جەماوەی حیزبی ڕوو دەدات و ئەوە ڕێبەرەکانن کە پێکەوە دادەنیشن و بڕیاری کۆتایی بە باش یان خراپ دەدەن و ئەندامەکان هیچ نەخشێکیان لەم ڕەوتەدا نییە؟! **ئەگەر وابێ، ئەمە بۆخۆی لە ناوەڕۆکدا کارەساتە!**

ئەگەر قەرار وابێ کە دوو باڵی حیزبێک، کە بە هەر هۆیەک، چ ڕێکخراوەیی و چ بە پێی جیاوازیی بیر و باوەڕ لەیەک جیابوونەتەوە و ئێستا وەکو دوو حیزبی سەربەخۆ کار و چالاکی دەکەن، یەک بگرنەوە، پێویستە لەسەرەتادا خەسارناسییەک بکردرێ و لەم ڕەوتەدا تەواوی کادر و ئەندامەکان بەشدار بن و بڕیاردەر تەنیا ڕێبەریی حیزبەکە نەبێ. دەبێ ڕوونکرێتەوە کە هۆی دابڕانەکە چی بوو، هەڵەکە لە کوێدا بووە؟ کام یەک لە هۆیەکانی دابڕان پاش پتر لە دە ساڵ کاری سەربەخۆی ئەم دوو حیزبە، بە دوو فەرهەنگ و دوو هەڵوێست و سیاسەتی جیاوازەوە چارەسەرکراوە؟



سەرچاوە
Serchawe

کاتی خۆی ڕێبەری حدک بۆ جیابوونەوە گەلێک خاڵی جۆراوجۆری ڕیز کردبوو، ئێستا کام یەک لەم خاڵانە لە حیزبی بەرامبەردا حەڵبووە کە ڕێخۆشکەرەی یەکگرتنەوەیەکی ئوسووڵی بێ و پێش بە جیابوونەوەی نوێ لە داهاتوویەکی نزیکدا بگرێتەوە؟ بۆ ئەوەی کە ئەوان بتوانن لە حیزبێکی یەکگرتوودا بە چەشنێکی هەواڵانە کاری هاوبەش بکەن کام میکانیزم لە هەر دوو لاوە پەسەند دەکرێ؟ بڵێی حیزبی یەکگرتوو ڕێگا بە هەبوونی فراکسیۆن و ئاراستەکردنی بەرنامە و پلانی جیاواز و گۆڕانکاری لە ڕێبەری، بێ دابڕانی نوێ بدات؟ ئایا باشتر وانەدەبوو بە دروستکردنی بۆلتێنێک بیروڕای کادر و ئەندامەکان و جەماعەتی ڕێبەری بخرێتە بەردەست و بە چەشنێکی دێموکراتانە بەدەنەی حیزبیش بەشداری ئەم ڕەوتە بکات؟ بڵێی باشتر نەبێ لەسەرەتادا ئەم دوو حیزبە بە کار و هەڵوێستی هاوبەش و دەربڕینی بەیاننامە و هتد دەستپێبکەن، کۆمیتەی هاوبەش لە بوارە جۆراوجۆرەکان پێکبێنن، هەوڵ بدەن بەرنامە وپێرەوی هاوبەش ئامادە بکەن و لە داهاتوودا پاش ماوەیەک کاری دوو قۆڵی وەکو دوو حیزبی برا بەرەو پێکهێنانی کۆنگرەیەکی هاوبەش برۆن؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوولای ٢٠١٧

---

## یەکگرتنەوەی دووباڵی دێمۆکرات گرینگە وەک ئەمری نەتەوەی سەیربکرێ!



**محەممەد سلێمانی**

هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەریەکەیان بەسەر چەند دەستە و هێزی تردا، دابەشبوونە و لە نێوخۆ و دەرەوەیی وڵاتدا فشاری زۆریان لەلایەن ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی سیاسی گەلی کورد خراوەتە سەریان بۆ ئەوەی نێوماڵی خۆیان بە باشترین شێوەی گونجاو ڕێکبخەنەوە و لە پێناوەدا هەوڵەکانیان خێراتر بکەن هەتا بتوانن بەسەر کێشە و ناکۆکیەکانیاندا زاڵبن و ڕەوتی یەکبوونەوە خێراتر بەرەوپێشەوە ببەن و چیتر ئەمڕۆ و سبەی لە سەر پرسێکی ئەوتۆ

گرینگ و نەتەوەیی نەکرێت. دوو باڵی حیزب پرسی وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات لازمە وەک ئەمرێکی زەروری و نەتەوەیی سەیربکەن و هەنگاوەکانیان بەو ئاڕاستەیەدا بهاوێژن کە رەوتی یەکگرتنەوە خێراتربکا. ئەزموونی خەباتی سیاسی گەلی کورد دەری خستتووە کە ئەگەر بێت و هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی لە گەڵ یەکدیدا هەڵبکەن و بەیەکەوە بەرەورووی داگیرکارییەکانی کوردستان ببنەوە، شانسی سەرکەوتن گەلێک زیاتر لەوەی بە پرشوبڵاوی بەرخۆدانی نەتەوەیی بکرێ. هەربۆیە بۆ دێمۆکراتەکان زۆر پێویستە لە ئاستی خواست و زەروورەتی خەباتی ڕزگاریخوازیدا بە کارئاسانی زیاترەوە لەسەر مێزی دیالۆگێکی بنیات نەرانەی سیاسی و تەشکیلاتی بەیەکەوە کۆببنەوە و دوابریار لەو پەیوەندیەدا بدەن. کاتێک سەیری رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، دەبینن خەڵکی کوردستان بە چەند هەنگاوێک کەوتوونەتە پێش حیزبی دێمۆکرات و زۆر جەسوورانە بەدژی ستەمکارییەکانی حکوومەتی ئاخوندی شەپۆلی ناڕەزایەتی و بێزاریان لە سەر شەقامەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵات وەک پەیامێکی رزگاری نەتەوەی گەیاندۆتە کاربەدەستانی ڕیژیمی دژ بەماف و ئازادییە دێمۆکراتیکەکانی گەلی کورد. ئەوەی هەتا ئێرە سەیری دەکەن رووداوەکان بەو جۆرە نین کە خەڵک و تێکۆشەرانی دێمۆکراتەکان دەیان هەوێت و، وەک دەرکەوتووە هەر دوولایەنی حیزب لە بەهانە دەگەڕێن بۆ ئەوەی خۆیان لە ژێر باری بەرپرسیارەتی یەکگرتنەوەدا لابدەن و بڵێن هێندێک ڕیککەوتن و بابەتی ڕێکخراوەی هۆکاری بنەڕەتین و بێ ئەوەی پێشوەختە چارەسەرنەکرین نەتوانین وەک پێویست هەنگاو بۆ وەسەریەکخستنەوەی وزەوتواناکان لە نێو حیزبێکی بە هێزو پتەودا بۆ خەباتی داهاتووی وڵات بەکبگینەوە. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی یەکڕیزی و کۆدەنگی نەتەوەییدا بە چەند هەنگاوێک پێش حیزبەکان کەوتووە و کە ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وشیاری سیاسی و نەتەوایەتیەوە هەیە و ئەو گەلە لە هەموو سەردەم و وەختێک زیاتر هەست بە گرینگی ئەو یەکگرتوویە سیاسی و نیشتیانیە سەرانسەریە لە کوردستان دەکات و هەربۆیەش ڕۆژانە چالاکیەکانی خەڵک دەبینین. کەوابوو گرینگە ئەگەر هێزەکانی ڕۆژهەڵاتیش بەو هەست و ئامانجەوە لە گەڵ یەکدیدا رەفتار بکەن و کۆدەنگی سیاسی و نەتەوەی لە ئاستی زۆر بەرزدا دروست بکەن، هەتا لەو ڕێگایەوە گوشاری زۆرتر بخرێتە سەر دەسەڵاتی ئاخوندی ئێران. بارووەۆخی سیاسی و ئەمنیی ئێران هێندێک تایبەت مەندی تازەی بۆخۆی لە ئاستی ناو چەو نێوخۆیدا ڕخساندووە و کە لێرەدا مەجالی شیکردنەوەی نەبێت بۆ ئەوەی لە ستراتیژی بابەتەکە دوور نەکەوینەوە. کاتێک لە کوردستان رووداوێک بۆ هەر شار و ناوچە و تاکێکی کۆمەڵگا بێتە پێشەوە و ڕیژیم ستەمی لە ڕۆڵەیەکی کورد کردبێ، کۆمەڵگای کوردستان بەخێرای دێتە سەر شەقام و وێڕای دەربڕینی پشتیووانیان بۆ هاوزمان و هاو نەتەوەکەیان، سیاسەتی دژی گەلی ئاخوندی ئیدانە دەکرێ . خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمێکە دەنگیان بۆ سەربەخۆی سیاسی و ئیداری بەرزکردۆتە وە و هەربۆیەش ڕێژیم ئێستا سیاسەتی تۆزێک هێورتر لە کوردستان پەیڕەوی دەکات. کاتێک زەمین لەرزە، کرمانشان و شارەکانی دەوروبەری گرتەوە بینیمان بە چ حەماسێکی نەتەوەی لە باکوور هەتا باشووری ڕۆژهەڵات بە هانای براکانیانەوە چوون و ئەو بەدەنگەوەهاتن و کۆدەنگی نەتەوەییە کە لە پشتیووانی ماددی و مەعنەویدا خۆی دیتەوە بە شێوەی گشتی لە



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرپەهەڵدایەوە. دیارە جەو هەری ئەو باسە وەک لە سەرەتاوە ئاماژەی پێکراوە، زیاتر تیشکخستنە سەر بابەتی یەکگرتنەوەی حیزبەکانە و رووی قسە و رەخنەکانمان ئاڕاستەی دوو بەشی حدکا و حدک بکەین کە بەداخەوە وەک خەڵک و تێکۆشەرانی هەر دوو لا چاوەڕوانبوون، بۆ یەکبوونەوە هەست بە گەشەکردن و پێشوەچوونێکی ئەو تۆ ناکرێت و رووداوێکی زۆر بچووک و لابەلا پرۆسەکە بە لایەکیتردا دەبات. ئەوەی ڕاستی بێت لە پرۆسەی وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات بێ ئومێد نەبووینە و، زۆر جار بیستمان کە ئەمساڵ یان چەند مانگێکی تر موژدەی خۆش بڵاو دەکرێتەوە، کە چی بەداخەوە بەکردار شتێکی لێ سەوزنەبوویەوە. ئەگەر بێت و ئەو باسە لەوەی هەیە زیاتر درێژە بکێشێت، ڕەنگە جیاوازی و کێشەکانیش زۆرتر پەرەبستێنن و لە داهاتوودا بە سانای نەتوانین لە سەر خاڵە هاوبەشەکان بڕیاری دروست بدرێ. هیچ لایەک بۆ ئامانجی گەورەو پیرۆزی یەکگرتنەوە نابێت ماندوو و هیلاکی بناسێ و، هەنگاوێکی ئەوتۆ گرینگ بەدڵنیایەوە دەبێت کۆمەڵێک شتی نادروستیش لیک قبووڵبکرێت. ئەگەر پرسی دوو دێمۆکراتەکان بەچارەسەر نەکراوی بمێنێتەوە و ئالوگۆڕێکی سیاسی بەسەر ئێراندا بێت و بگەڕێینەوە بۆ نێوخۆی کوردستان، ڕەنگە لە کوردستانی ئازاد دا ئەو دەرەتانە بەتەواوی فیدای کۆمەڵێک دەسکەوتی تایبەتی تاکەکان بکرێ و، هەر وەک ئێستایش هەست بەو مەترسیە گەورەیە دەکرێت. ناڵێین مەیلی یەکبوونەوە دێمۆکراتەکان نیە، بەڵام بەوجۆرەی گەل و زۆرینەی تەشکیلاتی هەر دوولا دەیانهەوێت لە لای هیچکام لە ڕێبەری دێمۆکراتەکاندا بەدی ناکرێت کە ئەو بابەتەش هۆکاری تەشکیلاتی تایبەتی خۆی هەیە و ڕەنگە هێندێک ئەندامی پلە بەرز بەوڕادەیی خولیایی دەسەڵاتی خۆیانن، بەو ئەندازەیە مەیلیان بە لای چارەنووسی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەیاندا نەبێت و بە هۆکاری بێبنەما دژایەتی ئەو پرسە نەتەوەیە بکرێ. ئەگەر وانەبێت و زۆرینەی رەها بۆ مەبەستی خێر دەنگی لە ئاستی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی دووباڵی دێمۆکراتەکاندا بەرزبکاتەوە، پرۆسەکە ئەوەندەی درێژە نەدەکێشاو ڕەنگە ئێستا زەماوەندی یەکبوونەوەمان گێڕابا! هەر بۆیەش کە بابەتێکی بچووک هاتە پێشەوە بەخێرایی هەست بە هەڵچوون و لێکدەرکەوتنەوە دەکرێت و، هەر وەک سەبارەت بە "شورای دمکراسی خواهان ایران" بەچاوی خۆمان کۆمەڵێک هێرشی توندمان بینی. بەڵام با زۆر دۆستانە بڵێم نە کۆنگرەی نەتەوەیی ئێرانی فیدراڵ و نە ئەو شورا تازەیەش خێرێکی ئەو تۆیان بۆ کورد نابێت. کەوابوو با چیتر لە سەر ئەو مەسەلە لاوەکیانە دەرفەتی بوونەوەبەیەک لە کیسنەدەین. کاتێک سەیری رووداوە مێژوویەکان دەکەین، دەبین بە شێوەی گشتی هۆکاری شکەست و تێکچوونی زۆربەی جووڵانەوە سیاسی و نیشتیمانیەکان، ناکۆکی و ململانەی نێوخۆی کورد بووە و بەدڵنیایەوە هەمووشمان ئەو ڕاستیە دەزانین و هەست بە زیانەکانیش دەکەین. بە ئومێدی هانگاوی نوێ و خێرادارین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

## نامەیەکی سەرئاوەڵا بۆ بەڕیزان: هەردووبەشی حیزبی دێموکرات




سڵاوی برایەتی و یەکبوون و یەکڕیزی!

بەڕێزان هەروەک ئاگادارن، دوای لێکترازانی ریزەکانی حیزب، ئێمە و هەموو خەمخۆرانی حیزبەکەمان هەوڵی وەسەریەکخستنەوەی دوولایەنی دێموکڕاتمان داوە و لە ریگەی جۆراوجۆرەوە داواکاریی و رەخنە و نارەزایەتی خۆمان بە بەرێزتان گەیاندووە. هەوڵی ئێمە بۆ یەکڕیزی، ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتیمانی یە و لەو رێگەیەدا هەر بەردەوام دەبین.

لەم چەند ساڵەی دواییدا، دوو هەیئەت لە هەر دوولایەن بۆ وەسەریەکخستنەوەی ریزەکانی حیزب دیاری کران و بە دەیان کۆبوونەوە و سەردانی جۆراوجۆر لەوبارەوە کراوە کە بە داخەوە تا ئێستا ئاکامەکەی نادیارە. لەو هەلومەرجە ناسکەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەیرانە کەڵەکەبووکانی کۆماری ئیسلامی و درێژەی خۆپێشاندانەکانی گەلانی ئێران، جارێکیتر ئێمەی هێنایە سەر ئەم بڕوایە کە داواکەمان چەند پاتە بکەینەوە.

تکاتان لێدەکەین کە بۆ ئەندام و لایەنگر و دۆستان و خەمخۆرانی دێموکڕاتی ڕوون بکەنەوە کە بەربەست و هۆیەکانی یەکنەگرتنەوەی دوولایەنی دێموکڕات چین؟ لە حاڵێکدا کە زۆربەی بەدەنەی هەردوولا داوای یەکگرتنەوەتان لێدەکەن و خوازیاری یەکگرتنەوەن،چ کێشەیەک لە بەردەم رێبەرایەتی هەردوولادا هەیە کە بۆتە بەربەست؟ بۆ وەڵامی ویستی زۆربەی ئەندامانی حیزب نادرێتەوە؟

داواکارین بە شەفافییەتی هەرچی زیاترەوە بۆ خەڵک روون بکەنەوە کە هۆ یا هۆیەکانی یەکنەگرتنەوە چین.
لەو هەل و مەرجەدا کە ئێران لە حاڵی گۆڕاندایە، ئێمە وخەمخۆرانی دێموکڕات و خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی یەکڕیزی و

کۆدەنگی هەموو لایەنەکانین. تکایە لەوە زیاتر لە ئاست داواکاریی خەڵک و ئەندامانی حیزب بێدەنگ و کەمترخەم مەبن. ئەگەر بۆ چارەسەری کێشەکان بە بنبەست گەیشتوون، داوا بکەن با لایەنی سێهەم ببێتە هاوکار و یاریدەدەرتان.

گومانتان نەبێ هەردوولاتان لەبەرانبەر یەکنەگرتنەوەدا بەرپرسایەتی مەزنتان لە سەر شانە و مێژوو لێتان نابوورێ.

چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێزتانین

کومیتەی یەکبوونی حیزبی دێموکرات

٢ - ٧ - ٢٠١٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی جووڵای ٢٠١٨

---------------------------------------------

## دە ساڵ دوای لەتبووون



**خالید حەسەن پوور**

دوای دوو ساڵ قەیرانی تەشکیلاتی لە نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا و پاش چوار مانگ هەوڵ و تەقەلا بۆ گێرانەوەی یەکپارچەیی بۆ ریزەکانی حیزب سەرئەنجام لە ٦ی مانگی دیسامبری ٢٠٠٦ دا ملمان بۆ لەتبوونی حیزبی خۆشەویست و جێ متمانەی خەلکی کوردستان راکێشا. پاش لەتبوونی حیزب دوو روانگە لە ئاستی بزووتنەوە بەگشتی و

ئاستی حیزبی دێموکراتدا سەریان هەڵدا. ڕوانگەی یەکەم کە تەعبیری لە دڵسۆزان و خەمخۆرانی گەل و حیزب دەکرد، پێی وابوو ئەو لەتبوونە سەرئەنجام دەبێتە هۆی لەدەستدانی هێز و وزەی لە هەردووکلای دێموکرات و لە ئاکامدا حیزبی دێموکرات بەرەو لاوازی دەبا. ڕوانگەی دووهەم کە پێوەندی هەبوو بە بیروبۆچونی هەردوک بەشی دێموکرات بەو جۆرە بوو، حدکا پێی وابوو ئەو لەتبوونەش وەکو ئەوانەی پێشخۆی لێدی و دەرفەتی گەشەی نابێ. حدکیش لەگەڵ ئەوەی بەداخبوونی خۆی لە لەتبوونی دێموکرات نەدەشاردەوە، بەڵام هیوای دەردەبڕی کە ئەگەر ملی بە ئیجبار بۆ لەتکردنی حیزب راکێشاوە، بەڵام ئەوە دەکاتە دەرفەت بۆ گەشە پێدان و نوێکردنەوەی حیزبی دێموکرات. هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە روانگەی دڵسۆزانی حیزب و جووڵانەوە هەیە، ئەوان هەم ئەوکات و هەم ئێستا پێیان خۆش بوو و پێیان خۆشە حیزبی دێموکرات بەیەکەوە و بەسەریەکەوە بێ و ناکۆکیەکانی نێو حیزبی دێموکرات هەرچەندەش گەورە بن - کە نین - لە بەرامبەر یەکییێتی و یەکپارچەیی حیزب بە چوکتر دەزانی و دەزانن. بەڵام لەگەڵ ئەو بیروبۆچونەشدا، راستیەکان لە مەیل و ئارەزوکان سەرسەختترن و سەرئەنجام ئەوانیش ناچار بە سەلماندنی ئەمری واقیع کە لێکەوتەی دوو دێموکراتە، بوون.

سەبارەت بە بیروبۆچوونی هەردووکلای دێموکرات لەسەر یەکتر و داهاتووی حیزب، ئەو دەساڵەی دوایی نیشان دەدا کە بیروبۆچوونەکانی حدک بە نیسبەت حدکا راستی و دروستی خۆیان زیاتر دەرخستوە. ئەورۆ لەگەڵ ئەوەی ئارەزووی دوو دێموکرات لە لایەن بەرێوەبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەدەکرا، بەڵام لە کردەوەدا دوو دێموکرات بۆ دۆست و دوژمن بوونیان هەیە و هەردووکیشیان بە نیسبەتی رابردوو تێکۆشانیان زیاتر کردوە. لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری تێکۆشانی هەردووکلا بۆ کێبەرکێی نێوانیان دەگەرێتەوە، بەڵام هەردووکلا لەجیاتی ئەوەی هێز و وزەی خۆیان بۆ دژایەتی لەگەڵ یەکتر تەرخان بکەن باشترە کە دژی دوژمنی هاوبەش خەبات بکەن و لەو پێوەندییەدا بەستێنی کار و تێکۆشان دژی رێژیم بکەنە بنەمایێکی هاوبەش، نەک بە پێچەوانە ئەو مەیدانەش بۆ مزایدەی سیاسی بکار بهێنن.

پەرەگرتنی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوییەکان، بوون بە ئەندام لە ئینترناسیونالی سۆسیالست وەک تەنیا رێکخراوەی رۆژهەڵاتی کوردستان، بوونی پێوەندیی گەرموگوڕ لەگەڵ بەشی هەرەزۆری هێزە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، هەبوونی پێوەندی لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا، هەبوونی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، رووناکبیران و بژاردەکانی سیاسی و کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبی و سیاسیەکانی نێوخۆ، ئەوانە هەموی پێکەوە دەریدەخا کە حدک لە رەوتێک کە لە حیزبی واحیددا کەمایەتی کۆمیتەی ناوەندی رێبەری دەکرد، زیاتر پەلوپۆی هاویشتوە و پارسەنگی هێزی هەم لە ئاستی بنەماڵەی دێموکراتدا و هەم لە ئاستی هێزە سیاسیەکانی نێو بزووتنەوەی رۆژهەڵات گۆڕیوە. وێنەی هەرە بەرچاوی ئەو ئیدیعایە، ئیستعفای سکرتێری گشتی، کاک خالیدی عەزیزی بوو، کە بۆ ماوەیەکی زۆر مێدیا و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسیەکان و خەڵکی کوردستانی بە خۆیەوە خەریک



سەرچاوە
Serchawe

کرد. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان هێزێکی کاریگەر نەبێ، چۆن پرسی ئیستعفای سکرتێرەکەی بەو بەربڵاوییەی دێتە بیروڕای گشتی و سەر ئانتێنەکان؟

لە حاڵێکدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگە و پێگەی بەرچاوی لە ئاستی جووڵانەوە بۆخۆی تەرخان کردوە بە جۆرێک کە دۆست و دوژمن دانی پێدادەنێن، کەچی هەتا ئێستاش لە لایەن باڵەکەی دیکەی دێموکراتەوە ئینکاری وجوودی دەکرێ. ئەوە لە حاڵێک دایە کە ماوەی چەند ساڵێکە باڵەکەی دیکەی دێموکرات بە کردەوە لەگەڵ ئەو حدەکەی کە وجودی ئینکار دەکات پرۆسەیەکی دیالۆگی بو یەکگرتنەوەی دەست پێکردوە(دیارە ئەو پرۆسەیە ئێستا راوەستاوە). لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەویە کە چۆن دەکرێ لەگەڵ لایەنێک کە تۆ وجوودی ئینکار دەکەی بکەوێ وتووێژەوە؟ ئایا خودی ئەو هەڵوێستە بەس نیە بۆ ئەوەی سێبەر بخاتە سەر ئامانج و نییەتەکانی حدکا بۆ پرسی یەکگرتنەوە؟ لەگەڵ ئەوەیکە هەموو کەس دەزانێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پەرۆشەوە هەنگاوی لێبڕاوانەی بۆ پرسی وەسەریەککەوتنەوەی دێموکراتەکان هەڵێناوەتەوە و هەڵدێنێتەوە و یەکگرتنەوە بەسوودی هەردووکلا و لە نیهایەتدا بە سوودی کوردە، بەڵام راستییەکەی ئەویە کە لە پلەی یەکەمدا و لە روانگەی بەرژەوەندیی حیزبییەوە ئەوەندەی کە یەکگرتنەوەی ئەو دوو دێموکراتە بە سوودی حدکایە ئەوەندە بە سوودی حدک نیە. بۆ؟ چونکە حدک بەپێی بیروبۆچوون و لێکدانەوکانی حدکا دەبوو لەمێژبا لەنێو چووبا و توابایەوە، کەچی ئەمڕۆ بۆتە ئەو هێزەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا و حدکاش کە قەرار بوو وەک حیزبی تاقانەی دێموکرات لەسەر گۆڕەپانەکە بمێنێتەوە، ئەمرۆ بە بوونی حدک لەسەر ئەرزی واقیع ئیتر چیدی تاقانە نیە. هەر بۆیە حدکا دەبوو لە پرسی یەکگرتنەوە بە گەرمی بێتە پێشێ و پێشوازی لێبکا و لەو پێناوەدا ئەمڕۆ نەدا بە سبەینێ. بەڵام لەو چەند ساڵەدا کە پرۆسەی یەکگرتنەوە دەستی پێکردوە حدکا هەرجارە بە بەهانەیەک لەو ئەرکە گرینگە خۆی دزیوەتەوە.

بەڵام باڵەکەی دیکەی دێموکرات وجودی حیزبی دێموکراتی کوردستان رەد بکاتەوە یان نا، کارتێکەرێکی لەسەر ئەوە نیە کە حدک وجوودی هەیە و پانتایەکی سیاسی بۆخۆی داگیر کردوە. هەتا ئەو جێگایەی بۆ ناو و ناوبانگی حدک دەگەرێتەوە، پرسی ئیعتراف بە وجوود لە لایەن باڵەکەی دیکەی دێموکراتەوە، تەنیا سوود بە کردنەوەی گرێپووچکە و پرۆسەی یەکگرتنەوە دەگەیەنێ، ئەگینا حیزبی دێموکراتی کورستان کارنامە و ئیعتباری خۆی لە هیچکەس، بێجگە لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات وەرناگرێ و پێویستی پێی نیە.

بەڵام با بزانین کە بۆچی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بەو هێزە و پێشداوەرییەکانی باڵەکەی دیکەی دێموکراتی لەسەر وەدی نەهات. حدک لەگەڵ ئەوەی بەرهەمی ملبەملانەی نێوان کێشەکان و دەستەبەندیەکانی نێو حدکا بوو، بەڵام دوای مل

راکێشانی بۆ لەتبوونی حیزبی دێموکرات رێگای ملبەملانەی لەگەڵ باڵەکەی دیکەی دێموکرات نەگرتەبەر. بەڵکوو لەسەر بنەرەتی خوێندنەوەی دروست و ئوسوولی هەم لە رووی سیاسی و هەم لە رووی شێوازی خەبات و تێکۆشاندا دەرگای ئاڵوگۆڕی بەسەر خۆیدا کردەوە. ئەوەش لەو راستییەوە سەرچاوەی دەگرت کە زیاتر لە دەیەیەک پێش لەتبوونی حیزبی دێموکرات رووی لە بزووتنەوەکە کردبوو، کە لە لایەک زیاتر لە دەیە و نیوێک دەبوو کە جووڵانەوەی چەکداری کۆتایی پێهاتبوو، و لە لایەکی دیکەوە بە کۆتایی هاتنی شەڕی چەکدارانە سەردەمێکی دیکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردبوو کە ئەم سەردەمە پێویستی بەوە هەبوو کە حیزب دەنگی پێی گۆڕانکارییەکان هەست پێبکا و شیوازی دروست و گونجاوی خەباتیان بۆ دەست نیشان بکا و لە زەرفییەت و پتانسییێلەکانی خەڵک بە دروستی کەڵک وەرگرێ.

رەمزی مانەوە و پایەدار بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو دەساڵەدا، خوێندنەوەی دروست لە بارودۆخی سیاسیی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی و حاسیە نەبوونی لە چوارچێوەی هێندێک سوونەتی دەست و پێگیر بوو. سیاسەتی رۆژهەڵاتتەوەری کە بە مانای کۆتایی پێهێنان بە چاوەڕوانی و فیداکردنی خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو پارچەکانی دیکە بوو، لە هەلومەرجێکدا هێنا گۆڕێ کە زۆر کەس و لایەن دەستیان لە قوڵی کراس هێنابوویە دەرێ و بەبێ دوورەدیمەن و سەرگەردان دەستیان لەسەر دەست دانابوو. حدک لەو دە ساڵەدا بێجگە لەوەیکە ئاڵوگۆڕی بنەرەتی لە شێوازی خەباتی خۆیدا کە لە دوو کۆڵەکەی ئەسڵی واتا خەباتی سیاسی و مەدەنی پێک دەهات پێکهێنا، بەستێنی خەباتی پێشەرگانەشی ئاوەدان کردوە و لە پێناوەشدا چەندین شەهیدی بەنرخی پێشکێش بە بارەگای گەل کرد و بەو جۆرە رەچەکەی شکاند و رێگای خەباتی پێشمەگانەی بۆ لایەنەکانی دیکەش هەموار کرد. کەوابوو هەرچەند لەتبوون دیاردێکی ناخۆش و نەخوازرا بوو بۆ حدک، بەڵام بە سەرنجدان بەوە کە لەتبوون و گۆڕانکارییەکان لە نێو حدکدا گڕ و تێنێکی دیکەی داوە بە بنەماڵەی دێموکرات، دەکرێ بڵێین لەو رووەش بیروبۆچوونەکانی حدک راستی و دروستی خۆیان سابیت کردوە.
رەمزی چوونە پێش و بەردەوامبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ١٠ ساڵەدا ئەویە کە لەگەڵ ئەوەی کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی بنەماڵەی دێموکراتە، بەڵام دووپاتەی لایەنەکەی دیکەی دێموکرات نیە. ئەمرۆ خەڵکی کوردستان حدک وەک حیزبێک دەناسن لەگەڵ ئەوەی رەگورەچەڵەکی لە مێژووی دووری کورد و دێموکرات ئاودێر دەبێ، بەڵام جێگە و پێگە و ستراتیژی و تاکتیکەکانی بە روانگەیەکی ئەمرۆیی و مۆدێرن تاریف و نۆژەن کردۆتەوە. بە چەشنێک کە چین و تووێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک بە ئۆمێدەوە لێی دەڕوانن. لەگەڵ ئەوەی حیزبی دیموکرات زۆربەی ژیانی خۆی لە تاراوگە تێپەڕ کردوە بەڵام ئەوەی هەمیشە ئەو حیزبەی کردۆتە خۆشەویستی خەڵک ئەوە بووە کە لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا بیرمەندانی ئەو حیزبە بە خوێندنەوەی دروست لە بارودۆخی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کراسێکی نوێیان بە بەر حیزبەکەدا کردوە و جارێکی دیکە ئەو حیزبەیان بۆ کۆمەڵانی خەڵک جەزابتر کردوە.

مانەوە و چوونەپێشی حدک رەنگبێ هۆکاری زۆربن بەڵام لەنێو ئەو هۆکارانەدا یەکەم هەبوونی ئەو سەرکردانەی کە خەڵک دێموکراتیان پێ پێناسە دەکات، دووهەم خوێندنەوەی دروست لە بارودۆخی کوردستان و شێلگیر بوون لەسەر پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی سیاسی هەم لە نێوخۆی حیزب و هەم لە ئاستی جوولانەوەدا دەوری سەرەکی‌یان هەبووە. دیارە لەپەنا جیلی بەتەمەن و بەرابردوی حیزب، دەوری ئەو کۆمەڵە لاو و میانساڵەش کە لە هەموو رەدەکانی تەشکیلاتی‌دا دەرفەتی چوونە پێش و هێنانەگۆڕی بیروبۆچوونەکانیان هەبووە و هەیە، نەک هەر کەم نەبووە بەڵکوو یەکێک لە پێویستی‌یەکانی مۆتۆربە کردنی بیر و ئەندیشە لەگەڵ تەجرەبە و تاقیکاری بووە کە لەو دەساڵەدا ئاکامی باشی لە بواری سیاسی‌یەوە بۆ حدک لێکەوتۆتەوە. کەوابوو دێموکراتیزەکردنی حدک لە نێوخۆوە و دەستەبەرکردنی بیروڕای ئازاد بۆ تاکەکان، یەکێکی دیکە لەو رەسالەتانە بووە کە حدک دوای لوتبوون لە نێوخۆی‌دا پراکتیزەی کردوە و ئەوەش بە نۆرەی خۆی مەودای بە بیر و ئەندیشەی نوێ داوە کە لەنێو حدکدا ببوژێتەوە و بخەملێ. لەگەڵ ئەوەی گۆڕانکاریی سیاسی و هەروەها گۆڕانکاری لە شێوازی خەباتدا وەرچەرخانێکی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێناوە، بەڵام پێویستە ئاست و سنوورەکانی ئەم ئاڵوگۆڕانە روون و دیاریکراوو بن. ئەم سنووربەندییە لە سیاسەتی حدکدا بە سەرنجدان بە رکەبەری توند لەنێوان باڵەکانی دێموکرات لە لایەک و هەروەها باقی لایەنەکانی دیکەی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەکی دیکەوە گرینگی تایبەتی هەیە. پێویستە ئاست و چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی سیاسی بەجۆرێک شەفاف و روون بن کە مەودای ئەوەی تێدا نەبێ کە رکەبەرە سیاسی‌یەکان حدک بە نادروست و بە مەبەستی خراپ کەڵکی لێ وەرگرن و بە بەخشینەوەی بوختان و بەرچەسپ، کەشێکی سیاسی هیستریک دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بخوڵقێنن.

حدک هەروەک لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٦ دا هاتووە، لەگەڵ ئەوەی دروشمی روخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو سروشت و نێوەرۆک و کارکردەوە بە مەنتیقی و رەوا دەزانێ، بەڵام ئەوە هەموو کایەکانی سیاسی ئەو حیزبە لە ئێران و لە کوردستاندا لە قالب نادا. بۆ ئەوەی بتوانین ئەو رێژیمە تووشی پاشەکشە و پاشان روخان بکەین، پێویستە لە هەموو پتانسییلەکانی گەل و هەروەها لە هەموو گۆڕەپانەکان و دەرکە و دەرییچەکان بۆ هێنانە مەیدانی خەڵک کەڵک وەرگرین. هەموو ئەو کایە و مەجالانەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ مەشروعیەت و سەقامی خۆی کەڵکی لێوەردەگرێ، بۆ هێنانە ژێر پرسیاری مەشروعییەت و سەقامگیری رێژیم کەڵکی لێوەرگری.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٧

-----------------------------------------------------

## بۆ ئەوانەی خەمێکی ڕۆژهەڵات دەخۆن



**بۆ پشتیوانی لە گوتاری "یەکگرتن، ڕەمزی سەرکەوتن"**

پاش زەنجیرەیەک دابڕان و ئینشعاب لە ناو ڕیزی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ناهومێدی، بشێوی و شپرزەیەکی زۆر لە ناو ماڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدی دەکرێت. ئەم ڕووداوگەلە لە دنیای حزبایەتی و حزبی کوردیدا تازە و چاوەڕواننەکراو نەبوو. ئەوەی کە جیاواز بوو هیچ کام لە لایەنەکانی ئینشعابی حیزبەکان ئەجێندایەکی نوێیان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێ نەبوو و بگرە دۆخی هاوپێوەندی و نزیکبوونەوەی حزبەکان لە ئەگەری هەر ڕووداوێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەک خست. بۆیە پێم وایە، ئینشعابەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕەنگدانەوەی کەش و هەوای بێدەسەڵاتی و بێدەرەتانی بوو کە ساڵانێک لە نێو فەزای سیاسی و ئەزموونی باشووری کوردستاندا درووست ببوو. کاریگەری نەرێنی و خراپی ئینشعاب لە لای خەڵک و خودی بەدەنە و تەشکیلاتی حزبەکان ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو و ساڵی پێ نەچوو کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئینشعاب دەسخەڕۆیی بۆ لایەنەکان درووست کرد. بۆیە هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستا کۆمەڵێک لە هەوڵی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حزبی دێموکرات و کۆمەڵەکان بوون. فەیسبووک و دنیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و درووستبوونی سەدان پەیجی یەکگرتوویی‌خوازیی دروست بوو و هەتا ئێستاش بە ئەنجام نەگەیشتوە. هۆکار زۆرە کە تا ئێستا بۆچی هەوڵەکان سڕ بوون و کاریگەرییان نەبووە. بەڵام ئەوەی لەم وتارەدا من ئەمەوێ باسی بکەم، سێ هۆکاری گرینگ هەیە کە ئێمە (من وەک لایەنگرێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) پاڵپشت و پشتیوانی هەموو هەوڵێکی یەکگرتوویی‌خوازیی بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بین:

**یەکەم: ئێمە خەریکە لە جەوهەری بزووتنەوەی نەتەوەیی دوور ئەکەوینەوە:**

بە درێژایی دوو سەدەیە کورد هەوڵ بۆ مافە نەتەوەییەکانی ئەدات، کە بە هۆکاری ژێئۆپۆلیتیکی سەخت، ئایدۆلۆژیا

دژبەیەکەکان، ململانێی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان نەیتوانیوە بە ئاکامی دڵخوازی خۆی بگات و ڕێگای خوێن و ئاگری بڕیوە. بەردەوامیی و نەدۆڕاندنی ئیرادەی نەتەوەیی لە نێو خەڵکدا هەمێشە تەشقی سەرهەڵدانەوە و ڕاسانی کورد بوون. ئێمەی کورد خاوەنی دۆزێکی سیاسی و حقووقین کە بە بێ چارەسەرکردنی ئەم پرسە، دێموکراسی لە هیچ کام لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیرکردوە بەدی نایەت. بەڵام وادیارە ڕۆحی یەکگرتوویی ناو حزبەکان، خەریکە سیمای ئەم پرسە ئەڕووشێنێ. ئەزموونی دوای ئینقلابی ئێران و گۆڕانکارییەکان نیشانی داوە کە هەتا ئێستاش کورد خاوەنی گوتارێکی سیاسیی یەکدەست نیە کە بتوانێ مافەکانی کوردستانی تێدا ڕوون و ئاشکرا باس کرابێت. هەر حیزبێک خاوەنی پرۆژەی دەوڵەتسازی خۆیەتی و هێزی پێشمەرگەی خۆی هەیە و داهاتووی ئەم خەونە گەورانە کە حزبەکان هەیانە ناڕوونە. لانیکەمی ئەزموونی ساڵی پاری باشووری کوردستان، لادان لە جەوهەری کوردایەتیی دوو سەد ساڵ خەباتی کورد بوو. کەواتە یەکگرتن، ڕەمزی سەرکەوتن بەسەر قەیرانەکاندایە. گەلێک سەرکەوتووە کە یەکدەنگ بە گژ دیکتاتۆریدا بچنەوە. لە پاڵ هەموو ئەوانەشدا ئاسایشی نەتەوەیی کورد بە یەکدەنگی و هاوگوتاری لە سیاسەتدایە. بێگومان دەتوانین لە ناو حزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا سەدان خاڵی هاوبەش بدۆزینەوە کە ببنە بنەمای پێکەوە کارکردن و هاوخەباتی. یەکێک لە کێشە گەورەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد ئەوەبوو کە کورد هیچکات قووڵایی ئیستراتێژی لەگەڵ گەل و خەڵکی خۆی نەبووە؛ بەڵکوو قووڵایی ئیستراتێژییان لەگەڵ داگیرکەران هەبووە و ئەوەش میلەتسازی کوردی بۆ کورد دواخستووە. کەواتە قووڵایی ئیستراتێژیی کورد دەبێ خەڵکی کوردستان و خاکی کوردستان بێت.

**دووهەم: دووژمنی هاوبەش دەبێ کۆمان بکاتەوە، نەک دوورمان بخاتەوە:**

ئێمە لە هیچ دا هاوبەش نەبین، دەبوایە لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیدا هاودەنگ و هاوخەبات بووینایە. دەبوایە خاڵی جەوهەری یەکگرتووی و بەرەی کوردستانی بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ دووژمنی هاوبەش کە کۆماری ئیسلامییە، بوایەت. لێکترازان و ئینشعاب، کەلێنێکی گەورەبوو لە ناو ماڵی کورد و براوەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی بوو. دووژمن سەلماندوویە کە ئێمەی بەر پەلار بکەوێ ئێعدام و سێدارە چاوەڕوانمانە. کەواتە خەساری گەورە جیا لەوەی کە نەوەی ئێستا دەیبینێ ئەوەیە کە بەردەوام دەبێتە قوربانیی ئەم شپرزەیی و بێ پلانییەی کورد. لانیکەمی ئەزموون لە ڕابردوو بگرین و هەر لە ئێستاوە مشووری هاودەنگی و هاوخەباتی بخۆین. ئەرتەشێکی ڕزگاریخوازیی ئەتوانێ دووژمن بخاتە گیانەڵڵا و حزبەکانیش ئاڵترناتیڤی داهاتوو. با بزانین کە هێز لە یەکگرتووییدایە و دنیای دەرەوە و سیاسەتی جیهانی لەسەر بنەمای هێز دامەزراوە. خۆڵەمێشیکردنی سیاسەت و پەردەوازەیی، داهاتووی کوردستان تەمومژاوی و دوژمن گەورەتر دەکات. ئەگەر بمانەوێ ڕووبەڕووی سیاسەتی نەرم و زبری کۆماری ئیسلامی بینەوە، ئەوا یەکدەنگی و یەکگرتوویی تەنیا ڕێگاچارەیە.

**سێهەم: بەم شپرزەییە، داخوا حکومڕانی ئێمە چۆن بێ؟!**

ساڵی پار لە ماوەی یەک مانگدا دوو ئەزموون هەموو کوردستانی تووشی شۆک کرد. یەکەمیان شکستی ڕێفراندۆم و کارەساتی کەرکووک و ناوچە کوردییەکانی باشووری کوردستان بوو کە شۆکێکی گەورە بوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تا ئێستاش ئاسەوارەکانی ئەو کارەساتە بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە. پێش ڕێفراندۆم کوردی ڕۆژهەڵات سەمای حەز و ئاواتەکانیان لە بینایی ڕێفراندۆمدا بەدی دەکرد، کەچی بشێوی ناوماڵی کورد لە باشوور و ئەزموونی حوکمڕانی بێسەروبەرەی حزبەکانی باشوور جیا لەوە ئەو کارەساتە گەورەیان بەسەر کورددا هێنا، دڵساردی و خەمێکی گەورەیان بۆ ئێمە بەجێ هێشت. زیاتر لە چارەکە سەدەیەک حوکمڕانی کوردی باشوور، خەمێکی قووڵ بوو بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەم هەموو ڕێسواییە چۆن لە ئەزموونی حزبەکانی خۆشیان بڕوانێت؟! بەڵام... بەڵامێکیتر، پاش مانگێ، بوومەلەرزە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەژاند. بە سەدان کەس گیان و ماڵیان لە دەست دا. بەڵام بوومەلەرزەکە زیاتر دەوڵەتی پووشاڵی و بەرمیلی قووپاوی کۆماری ئیسلامی وەلەرزە خست. دەوڵەت هیچ یارمەتییەکی خەڵکی لێقەوماوی نەدا. بەڵام هاوخەمی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی شکۆی دەوڵەتێک بوو. دەوڵەتێک کە بە هانای هاونیشتمانەکانیان لە کرماشانەوە چوون و ئەو یەکگرتوویی‌یە هەست و شعووری نەتەوەیی کوردی ڕۆژهەڵاتی هێنایەوە سەر ئەژنۆ و هەستایەوە سەرپێ. سیاسەتمەدارانی ئێمە کاتێ ئەمە دەبینن چۆن بیر دەکەنەوە؟ ئایا ئەوە خەمێکی قووڵ نیە کە ناتوانن لەسەر ئەوەی کە ئێمەی کورد پێکەوە ئەتوانین (وەک ئەو خەڵکە) خاوەنی هاودەنگی و بەرەیەکی کوردستانی بین؟ ئەدی داهاتووی ڕۆژهەڵات بە دەردی باشوور ناچێت؟ چ گارانتی و چ زەمانەتێک هەیە کە لە پێناو لەتوپەت کردنی خاکی ڕۆژهەڵاتدا شەڕی براکوژی و دووبەرەکی و خیانەت ڕوو نەدات؟ ئەگەر ئێستا خەمێک لە ڕۆژهەڵات نەخۆین، ئەدی کەی و چۆن دەتوانین ئاسایشی نەتەوەیی‌مان بپارێزین و خاوەنی مافەکانی خۆمان بین؟ یان دەبێ تاکەی و تا چەند نەوەی‌تر خەبات بکەین و قوربانی بدەین؟

وڵاتی فینلاند و نەرویژ دوو نموونەن لە سەدەی ڕابردوودا. وڵاتی فینلاند تووشی شەڕێکی خوێنایی ناوخۆیی بوو، بەڵام لە نەرویژدا چەپ و ڕاست هێڵێکی هاوبەشیی سیاسییان دۆزیەوە و هەتا ئێستاش پەرلەمانیان کردە مەیدانی ململانێی سیاسی و تووشی شەڕی ناوخۆیی نەبوون.

**بۆ دەبێ یەکگرتنەوە لە ناو ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات ڕوو بدات؟**

"زانا و فەیلەسووفی گەورە، کۆنفۆسیۆس دەڵێ ئەگەر بمانەوێ باخی یەکساڵمان هەبێ ئەوا دەبێ بێستان و کشت و کاڵمان هەبێت، ئەگەر ئەمانەوێ باخی دە ساڵمان هەبێت، دەبێ باخی مێوە بنێن. بەڵام ئەگەر ئەمانەوێ باخی سەد ساڵمان

هەبێت، ئەوا دەبێ منداڵ پەروەردە بکەین". کەواتە پەروەردە ئەتوانێ داهاتووی بنەماڵەیەک، کۆمەڵگایەک و تەنانەت وڵاتێک بگۆڕێت. هەموو ئێمە بەرپرسیارین لەبەرامبەر داهاتووی وڵاتەکەماندا و دەبێ لە شوێنێکەوە دەست پێبکەین.

ئەزموونی دەساڵەی ئینشعاب نیشانی داوە کە لە حیزبی دێموکراتدا (ئەزموونی ئینشعابەکانی حزبەکانی دیکە با بۆ خۆیان دابنێین کە خەسارناسی بکەن) ئایدۆلۆژیا و خەتی فیکری جیاواز ئینشعابی نەکردوە، بە پێچەوانەوە ساختار و پێکهاتەی تەشکیلاتی حزبی دێموکرات لە قەیراندا بووە و مەسەلەی کورسی و دەسەڵات لە حیزبی دێموکراتدا بووە هۆی ئینشعاب. بەڵگەشم بۆ قسەکەم ئەوەیە کە نە لایەنی ئینشعابی و نە لایەنی دیکەی دێموکرات خۆیان لە مێژوو، ڕێباز و هێما و سیاسەتی گشتیی حیزبی دێموکرات دانەبڕاندوە و بەردەوام بانگەشەی هەمان ڕێچکە و هەمان ڕێباز دەکەن و **زۆرجار ڕووقایمتر لە جاران لەسەر ڕابردوو و خەباتی حیزبی دێموکرات سوور بوون**. بەڵام ئەمە دیاردەیەکی تایبەتی دێموکراسیی ناوخۆیی حیزبی دیموکرات بوو کە دەریخست تا چەندە دەتوانین لە ناو حزبێکی شۆڕشگێڕدا دێموکراسیی سەقامگیر بێت. کە من پێم وایە و پێشم وابووە کە حیزبی دێموکرات زەرفیەتی ململانێی زیاتر لەوەی هەبوو کە پەنا بۆ لێکترازان نەبەن.
بەڵام ئەگەر کەمێ سەیری دەوروبەرمان بکەین، بیر بکەینەوە کە ئایا بەڕاسی ئینشعاب دوایین ڕێگاچارە بوو؟ ئایا ئێمەی دێموکرات هەر ئەوەندە زەرفییەتی پێکەوە هەڵکردن و پێکەوەکارکردنمان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هاوخەبات و هاوفکرمان بوون، هەبوو؟ ئەدی چۆن بتوانین لەگەڵ حزبەکانیتر یان ئەو حزبانەی کە لە داهاتوودا سەرهەڵدەدەن و درووست دەبن کار بکەین و لە ناو یەک پارلەماندا پێکەوە بین؟ هەتا کەی خۆتان بە زۆرینەی ڕۆژهەڵات دەزانن؟ لە ئاڵماندا بە ئەزموونترین و گەورەترین حزبی ئەو وڵاتە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٤ تاقە کورسییەکیشی نەهێنایەوە کەچی حیزبی ئاڵترناتیڤ بە شەش مانگ پێشینەی ڕاگەیاندنەوە توانی بگاتە پارلەمان. لە باشووریش ئەزموونی گۆڕان و جیابوونەوەکەی لە پارتی دەریخست کە دەتوانی ببێتە هێزی سێهەم. لەم هەڵبژاردنەی دواییشدا حزبی شوێعی کوردستان کۆنترین حیزبی کوردی نەبوونە خاوەنی کورسی، کەچی "نەوەی نوێ" چەند کورسییەکیان هێناوەتەوە. سیاسەت چاوەڕوان نەکراوە، کۆمەڵگاش بەردەوام پێویستی بە خوێنی تازەیە. کۆمەڵە و دێموکرات هەتا سەر ئەوەڵ و ئاخرین حیزبی ڕۆژهەڵات نابن.

لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر هەر وڵاتێکی ئەورووپایی بگەڕێن، لە زەماوەند، لە ڕێوڕەسمی حزبی و زۆر بۆنەی دیکە بڕوانین، بە سەدان و هەزاران کوردی ڕۆژهەڵات دەبینین کە پەڕیوەی هەندەران و غوربەتە. ئایا ئێوەی بەڕێوەبەری حیزبەکان بەرپرسیار نین لەبەرامبەر ئەو هەموو خەڵکەدا کە دەیان ساڵە لە نیشتمانەکەیان دوورن؟ ئایا مودیریەتی حزبی ئێوە و ناسەقامگیری و بشێوی ناومالی کورد بەرپرسیار نیە لە بەرامبەر ئەم هەموو توانا و سەرمایە ئینسانیەی کە ڕووی لە وڵاتانی دەرەوە کردوە؟ زۆربەی ئەو کەسانە پێشمەرگە بوون، کادر بوون، چالاکی سیاسی و خاوەنی ڕابردوویەکی سیاسیی

بوون کەچێ ئێستا دەبێ لە سفرەوە دەست پێبکەن و هەتا خۆیان جێ ئەکەنەوە لە کۆمەڵگای دووهەم و سێهەمدا ساڵان دەخایەنێت. ئایا دەبێ ئەم نەوەیە و نەوەی داهاتوو و داهاتووتریش هەر دەبێ لە خەمی یەکگرتوویی ناوماڵی کورد و بشێوی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێت

## دوا وتەی ئەم خەمە

### ئێمەی لایەنگرانی دێموکرات تا کەی دەبێ ئەم خەمە قبووڵ بکەین؟

بەش بە حاڵی خۆم نامەوێ گوشار بخەمە سەر هیچ لایەنێک بۆ یەکگرتنەوەیەکی بەتاڵ و پووچ، بەڵام ئەمەوێ بڵێم دەبێ هەموومان فشار بخەینە سەر حیزبەکان بۆ یەکگرتوویی، یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی. دەبێ کولتوورێک درووست بکەین کە ئیزن نەدەین بە سادەیی ببینە قوربانی ساتوسەودای سیاسی. چیدیکە نەسڵەکانیتر قوربانی دووبەرەکیی کورد نەبن.
هاوڕێیان با جارێکیتر ئەزموونی باشووری کوردستان بە هەڵسەنگاندنێک بێنەوە بیرتان: باشووری کوردستان وەک مێوەیەک وایە کە گەیوە. کوردایەتی لە باشوور پێگەیشتووە، بەڵام بە داخەوە کرمۆڵە. کرم تێیداوە و نە بێزت دێ بیخۆیت و نە بە کەڵکی خواردنیش دێت. حاڵ و هەوای باشووری کوردستانیش وەهایە سەیرکەن لە ماوەی یەکساڵدا هەزار ڕووخسار و هەزار شووناسی سەیروسەمەرمان بینی کە هیچکام یەکتر تەواو ناکەن. پرسی کورد لە باشوور ئەو مێوە کرمۆڵەیە کە نەوەکانی ئەمڕۆ تامی ناکەن، تەنیا بۆنی گەنیوی سیاسەتمەدارانیان بەسەردا دەچێ و میدیاکانیش وەک گەنە دەوری ئەدەن.

بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونی مێوەیەکی جوانی وەک کۆماری کوردستانمان هەیە، بەلام ئافەتی دووبەرکی و نیفاقی سیاسی دەوری داوە. ئەگەر خەمێکی نەخۆین، مێوەکەی ئێمەش کرمۆڵ ئەبێت، ئەوە دڵنیا بن. بۆیە وەبیری دێنمەوە چونکە ڕووداوەکان و کارەساتەکان هێشتا گەرمن و هەستی پێدەکەین. دەبێ بچێتە حافیزەی مێژوویی ئێمەوە کە نیفاقی سیاسی ئافەتێکی ترسناکە و داهاتوومان دەڕووخێنێت.

لە کۆتایی دا دەمەوێ بڵێم، هەموو هەوڵێکی یەکگرتنەوە، بونیادنانی کولتووری دێموکراسی و پێکەوە ژیان، پێکەوەکارکردن و پێکەوە هەڵکردن لای من پیرۆزە. ئەگەر مانیفێستی ڕزگاریی خوازیی پێشەوای مەزنمان لە حافیزەی مێژوویماندا مابێ و بیکەینە چرای داهاتوومان، ئەوا **"یەکگرتن، ڕەمزی سەرکەوتنە"**. چ لە پلەی پێشمەرگە، کادر، ئەندامێکی سادە، لایەنگر یان تەشکیلاتی نهێنیی حیزب دا بیت هەتا دەگاتە ئاستی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، ئەرکە لەسەر شانمان هەوڵی

یەکڕیزی ماڵی کورد بدەین و کولتووری دێموکراسی بکەینە پێوەری ژیانی سیاسیمان. دێموکراسی وەک شاخی سەهۆڵ وایە، ڕەنگە ئێمە تەنیا لوتکەی شاخەکە ببینین، بەڵام ئەوەی گرینە شاخەکەیە لەناو دەریادا.

هاوڕێیانم، لە نێوان ئێمەدا هیچ شتێک بوونی نیە، ئەوە ئێمە بۆ خۆمان دیوارێکمان هەڵچنیوە. لە دنیای سیاسەتدا دیوار پەیامی دابڕان و پچڕانی پێوەندییە، کەواتە بە جێگای دیوار با "پرد"ێک درووست بکەین. پردێک کە هاوپێوەندی و نزیکبوونەوە بێت. ئەو پردەش لە ناو ئەندام و سلوولەکانی حزبەکانەوە دەبێ دەست پێ بکات. بەهەزار هۆکار داهاتووی کورد لەیەکگرتووییدایە. ئێمە بەیەکگرتوویی، جیا لەوە دەبینە هێزێکی گەورە، خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی کوردیش یەکگرتوو دەکەین. جیا لەوە پرستیژی سیاسیی خۆمان دەبەینەسەر، ورە و هێزی جەماوەریش بەرز ئەکەینەوە. پێش بە شەڕی براکووژی، پێش بە خیانەت و پێش بە بێدەنگی و چاوەڕوانی دەگیردرێ.

دنیای سیاسەتیش بەرفراوانە و هەموو فکر و ئەندێشە جیاوازەکان جێگایان ئەبێتەوە تەنیا دوو کەس جێگایان نابێتەوە: ئەوەی خیانەتکارە و بەردەوام هەوڵی خەوشدارکردنی بزووتنەوەی کوردستانە و کورد واتەنی: "جاش"ە. ئەوەی دیکەشیان **دوژمنە** کە هەمیشە لە هەوڵی سڕینەوەی ئێمەدایە کە هەمووکات کورد واتەنی: "دووژمن خەیاڵی خاوە، ئەوەی ناتوانێ لە سێدارەی بدات: کوردبوونە و ئازادی".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمرۆژانە - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بابا عەلی مێهرپەروەر لە نامەیەکی کراوەدا، داوا لە سکرتێرەکانی حدک و حدکا دەکا یەک بگرنەوە

**باباعەلی مێهرپەوەر، سیاسەتوانی ناسراوی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە نامەیەکی کراوەدا، ڕوو لە سکرتێرەکانی هەر دوو لای دێموکرات دەکات تا بە سرنجدان بە دۆخی هەستیاری ئێستای ئێران و کوردستان، بە زووترین کات یەک بگرنەوە.**

**نامەیەکی کراوە و بەپەلە بۆ سکرتێرەکانی هەر دووبەشی حیزبی دیموکرات**

**هاورێانی بەڕێز، کاک مستەفا هیجری و کاک مستەفا مەولودی**

**سڵاو!**

**سەرەتای ساڵی نویی زاینی شاهیدی راسانی گشتیی خەڵکانی پانتای سەرزەوینی ئێرانە. راسانێک کە تائیستا مارک و نیشانەی هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی یان جیناحی سەر بە ریژیمی پێوە دیار نیە، راسانێکی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێرانە. راسانێک کە خوازیاری ئاڵوگۆڕی ریشەیی و بنەرەتی لە نیزام و سیستەمی هەبوویە. قسەی ئەوخەڵکە هەر ئەو بانگەوازەیە کە حیزبی دیموکرات بە درێژایی مێژووی پڕ لە فیداکاری خۆی دەیدا بە گوێی خەڵکی ئێراندا.**

**هاورێانی هێژا !**

**وەک دۆست و هاوخەباتێکی رۆژانی سەخت و دژواری بەربەرەکانی لە گەل ریژیمی گەل لێبیزراوی کۆماری ئیسلامی ولەو ئان و ساتە هەستیار و مێژووییدا کە هەر چرکەساتێکی تۆمارکەری حەماسەیەکی خەڵکی راپەریوی ئێرانە، داواتان لێدەکەم چیدیکە دەسات لە سەر دەست دامەنین، چیدیکە یاری بە وشەی دیپلۆماتی مەکەن، چیدیکە کات بەبیانووی جۆراوجۆر لە دەست خۆتان مەدەن.**



سەرچاوە
Serchawe

من ئیستا ناڵێم لە رووی تەشکیلاتیەوە هەر ئیمڕۆ یەکبگرن، بە ڵام بەجیدی داواتان لێدەکەم هەر لە ئیمرۆوە کە هیشتا دێرە لەسەر پلاتفۆرمێکی گونجاو بۆ کاری هاوبەش لەو قۆناخەدا رێکبکەون. دڵنیابن ئەگەر کارێکی لەو چەشنەنەکەن، نەمێژوو دەتان بەخشێ نە خەڵکی بەئەمەکی کوردستان ئیتر بایەخێکتان پێدەدا. هەر ئیستا و هەر ئیمرۆ.

براتان علی مهرپرور

٢ - ١ - ٢٠١٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢ی جانیۆیری ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## کەمپەینی ٢١ی خەرمانان کۆتایی بەکارەکانی خۆی دێنێ!




دوای کارەساتی ١٧ای خەرمانانی ٢٧١٨ هێرش بۆ سەر قەڵای دێموکرات و شەهید و بریندار بوونی دەیان کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی رێبەری حیزبی دێموکرات و حەماسەی ٢١ی خەرمانان، بەمەبەستی هەوڵدان بۆ وەدیهاتنی ویستی یەکگرتووانەی کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە مەڕ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کەمپەینی ٢١ی خەرمانان دامەزرا.

ئامانجی کەمپەین هەوڵەدان بۆ جێبەجێ کردنی داواکانی خەڵکی کوردستان و هەوڵدان لە پێناو چارەسەری پرسی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی بنەماڵەی دێموکڕات بوو کە دوای لێکترازانی ٦ - ١٢ - ٢٠٠٦دا زیانێکی گەورەی لە جەستەی بزاڤی

نەتەوایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان دا و بوو بە هۆی قووڵبوونەوە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بزاڤی رزگاری خوازانەی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

## کەمپەین لەو پێوەندیەدا دەستی کرد بە پلاندانان و بەجێ گەیاندنی

ڕیزە چالاکیەکی سازەندە لە پێناو لێکنزیککردنەوەی لایەنەکانی حیزبی دێموکرات. راپۆرتی ئەو چالاکیانە لەکاتی خۆی لە ڕێگای تۆرەکۆمەڵایەتیەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

کەمپەین لەرۆژی یەکەمی کاری خۆی بەڵێنی دابوو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هۆگرانی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاکامی چالاکی و کارەکانی خۆی ئاگادار بکاتەوە. دوای نزیک بە ساڵ و نیوێک چالاکی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاری کراو، کۆمەڵانی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە، کە:

١- بەداخەوە کەمپەین لە بەجێ گەیاندنی ئامانجی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات سەرکەوتوو نەبوو. و نەمانتوانی ئەو بەڵێنەی کە لەرۆژی یەکەم بە لایەنگرانی یەکگرتنەوەی دێموکرات درابوو بە ئاکام بگەیەنین.

٢- لەو ماوەیەدا و بەر لە کەمپەینیش لایەنەکانی دێموکرات لایەنگری خۆیان بۆ پرسی یەکگرتنەوە راگەیاندووە و خۆیان بەبڕیار زانیوە بۆ جێبەجێ کردنی داوای خەڵک. ئێمە بەو ئاکامە گەیشتووین ئەو بەڵێنانە تەنیا بەڵێنی سەرزارەکی، بێ پلان و بە مەبەستی وەڵامدانەوە "سطحی" بە پرسیارەکانی بیرورای گشتی بووە و پرسی یەکگرتنەوە بەشێک نەبووە لە ئاجێندای ستراتێژیک و کردەوەیی بڕیاردەرانی سەرەکی لایەنەکانی دێموکرات، ئەو دوولایەنە ئامادە نەبوون بەرژەوەندیەکانی تاکەکەسی و گرووپی خۆیان بخەنە دوای بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

٣- لایەنەکانی حیزبی دێموکرات لەوماوەیەدا نەتەنیا وەڵامی کەمپەینی ٢١ی خەرمانانیان نەداوە، بەڵکوو وەڵامی چەندین کەمپەین و هەولێ پێشوو، نامەی خەڵکی کوردستان، داخوازی کۆمەڵانی میلیۆنی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانان، هەوڵەکانی دۆستانی کورد و حیزب و رێکخراوەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەرێز مەسعوود بارزانیشیان نەداوە و بەوە بوونەتە هۆی دابەزینی قورسایی سیاسی و رێکخراوەیی خۆیان و قووڵکردنەوەی قەیرانی برِوا.

٤- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گۆڕینی پێکهاتەی تەشکیلاتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە گۆڕینی گوتاری



سەرچاوە
Serchawe

سیاسیی خۆی بەکردەوە هەوڵیان داوە پرسی یەکگرتنەوە بکەنە مژارێکی ناموکین و بەوە کێشەی لێکترازان بکەنە بەشێک لە کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ناوبژاڤی کورد کە مەترسیەکی پێشبینی نەکراوی هەیە بۆ داهاتووی نەتەوەکەمان و جوڵانەوەی رزگاری خوازانەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

٥- هەڵسوکەتی لایەنەکان بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە گەڵ ئەو ئەندامانەی خۆی کە هەوڵیان داوە بۆ وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی بنەماڵەی دێموکرات، بۆتە هۆی لەناوچوونی ئەمنیەتی ئەو کەسانەی بە شێوەی سەربەخۆ و بەباوەڕ بە بڕیارە پەسەندکراوەکان و بەرنامە و پێرەوی ناوخۆیی لە هەوڵی بە ئەنجام گەیاندنی یەکڕیزی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتدان.

٦- ڕەوشی دێفاکتۆی دوو دێموکرات و چەند کۆمەڵە لە کوردستان دەتوانێت هەڕەشە لە سەر بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان بکات و بەرەی کورد لەهەموو بوارێکدا لەبەرامبەر ڕووداوەکانی داهاتوو لاواز بکات و ببێتە هۆی کەڵک وەرگرتنی نەیارانی کورد لە پێشاژۆی کۆمەڵگای تێکشکاو لە مەڕ بڕیارە ستراتێژیکەکانی پێوەندیدار بە رۆژهەڵاتی کوردستان.

٧- لێکترازانەکان بوونەتە هۆی پشتیوانی ڕانەگەیەندراوی رێبەرایەتی هەردوو بەشی حیزبی دێموکرات لە توندڕەوانی ناو تۆرەکۆمەڵایەتیەکان کە ماوە بە ماوە تۆوی دژایەتی و دووبەرەکی لەنێوان خەباتکارانی کوردستان دەچێنن و هاندەری قووڵکردنەوەی کێشەکانن.

لە گەڵ ئەوەی ئێمە وەک کەمپەینی ٢١ی خەرمانای کۆتایی بە چالاکی کۆلێکتیڤ و سازماندراوی خۆمان بەناوی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان دێنین، خۆمان ئەرکدار دەزانین بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لە هەرجۆرە لێک نزیکبوونەوە و هاوکاریەک بکەین لە نێوان هێزەکانی رۆژهەڵات و هەوڵی خۆمان چ وەک تاک و چ لە چوارچێوەی رێکخراوەکانی دیکەدا بۆ وەدیهاتنی یەکگرتنەوەی لایەنە لێکترازاوەکانی حیزبی دێموکرات بەردەوام دەکەین.

لە سەروبەندی دووی رێبەندان، ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان زۆر بەداخین کە حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان لە دوو لایەنەوە خۆی بە میراتگری کۆماری کوردستان دەزانێ و رەوتی لێکدابرانەکان لە ماوەی ٤٠ ساڵی رابردوو زیاتر لە ٢٢ ساڵی خایاندووە. سەرەرای هەمووی ئەوانەش هیواداریین پەیامی پێشەواقازی محەمەد سەرۆک کۆماری تەنیا کۆماری کوردستانی لە مێژووی تا ئێستای نەتەوەکەمان و دامەزرێنەر و رێبەری حیزبی دێموکرات ببێتە هاندەرێک بۆ

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات ڕێبەرانی دوولایەنی حیزبی دێموکرات بەرەو بەجێ هێنانی وەسیەتی پێشەوای نەمرمان ڕێنوێنی بکەن.

سەرچاوە: کەمپەینی ٢١ی خەرمانان - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠١٨

-------------------------------------------------------

## نا بۆ درێژەدان بە دوو دیموکراتی و بەڵێ بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان




**بانگەواز**

وەک ئاگارن لە داهاتوویەکی نزیکدا کونگرەی ١٦هەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەرێوە دەچی. پێشاپێش داوای سەرکەوتن بۆ کونگرەکەیان دەکەین و هیوادازرین کونگرەیەکی پڕبەرهەمیان هەبێ.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە لەو هەلومەرجە هەستیارە کە باڵی بەسەر ناوچەکە وئێراندا کێشاوە، داوا لەیەکبوونخوازانی دووبارەی حیزبی دیموکرات بکەێن دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگمان و داوایەکی جیدی لە بەشدارانی کونگرەی ١٦هەم بکەێن لەم کونگرەدا لەلایەن خۆیانەوە کۆتایی بە دوو دیموکراتی بێنن و بریارێکی بوێرانە وراشکاوانە لە راستای سەریەکخستنەوەی دووبارەی دوو بەشی لێکدابڕاوی حیزبی دیموکرات بدەن.

بێگومان ئەوەی کە دوای ١١ساڵ دووری سەرەرای بوونی کەشوهەوایەکی سالم و دۆستانە لە نێوان ئەو دووبەشە، بەتایبەت لەم چەنداساڵی دواییدا، هەنگاوەکان بۆ یەکگرتنەوە، سەرەرای هەوڵی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و ڕێبەری هەردوولا هێشتا ئاکامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتوەتەوە کە جیگای رەزامەندی خەڵکی تامەزرۆی یەکبوونەوەی دووبارەی حیزب، بێ. دیارە



سەرچاوە
Serchawe

ئەوە نیشانەی کۆسب و بەربەستگەلێکە کە لەورێگاداهەیە یان لە لایەن دژبەرانی یەکگرتنەوە دەخرێتە بەردەم ڕەوتەکە و نەبوونی ئیرادەیەکی جیدی بۆ لە سەر ڕێ لابردنی ئەو کۆسپانە.

کەمپەینی یەکبوونی حیزبی دیموکرات بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکەی کە حیزبی دیموکراتێکی یەکپارچە و یەکدەست بوو،

سەرەرای هەموو کەندو کۆسپەکانی بەردەمی چی لەدەستهاتبی کردوویەتی. با هەموو یەکگرتنخوازان دەنگی خۆمان بخەینە پاڵ دەنگی ئەو ئەندامانەی کونگرە کە خوازیارن بەربەستەکانی بەردەم یەکبوونەوەی دووبارەی حیزب هەڵبگرن و بتوانن بڕیارێکی راشکاوانە و بوێرانە لە راستای یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزب لە فەترەزەمەنێکی گونجاودا بدەن و رێبەرایەتی داهاتووی حیزب بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیار بکەن.

چاوەروانی پشتگیری تانین

کەمپەینی یەکبوونەوەی حیزبی دیموکرات

١٤ی فێبریوێری ٢٠١٨

-----------------------------------------------------

## بۆ هاوڕێیانی هەر دوو بەشی "حدکا" و "حدک"



**ئەحمەد شێربەگی**

**هاوڕێیانی تێکۆشەر!**

ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە ئێران لەبەردەم گۆرانکاریی بنەڕەتیی دایە و ئەم سیستەمە بەم قەوارەیە وبەم قەیرانە ناتوانێ دەوام بێنێ. هەربۆیە دوولایەنی دێمۆکرات ئەگەر ناوماڵی خۆیان رێکنەخەنەوە و هەلی یەکگرتنەوە نەرەخسێنن کوردی خۆرهەڵات لە ئێرانی سبەینێ دا سەری بێ کڵاو دەمێنێتەوە. ئەوەی بزانن شەقامی کوردی لە خۆرهەڵات یەک دێمۆکراتی دەوێ، بە بێ یەکگرتنەوەتان ریزەکانی خەڵک لەبەریەک دەترازێ.

ئاشکراشە کە دێمۆکراتێکی بەهێز دەبێتە پارسەنگێکی کاریگەر بۆ راگرتنی بالانس لە ئێرانی داهاتوو دا.لە لایەکی دیکە یەکگرتنەوەی دوو دێمۆکرات هاندەرێکیش دەبێ بۆ لێدانی چەخماغەی داگیرسانی یەکگرتنەوەی لایەنەکانی دیکە. لەدۆخێکی وا دایە کە بەرەی کوردستانی لە سبەینێی ئێران دا دەتوانێ لە مەوزعی هێزەوە مانۆر بدات و بە نوێنەرایەتی کوردی خۆرهەڵات لە گەڵ تارانی دوای دەسەلاتی کۆماری پەت وسێدارە لەسەر مافەکانی کورد دانووستان بکات.ڕوونە ئەگەر یەکگرتوویی لە نێوان هێزەکانی کورددا نەیەتە ئاراوە، شوینیزمی فارس فێلەزانترو زیرەکتر لەمەیە لەم بۆشاییە بە قازانجی خۆی کەڵکی خراپ وەرنەگرێ.

هیوادارم دوولایەنی دێمۆکرات بەتایبەتی "حدکا" کە لەبەردەم پێکهێنانی کونگرەی ١٦هەمی خۆی دایە بەخوێندەوەیەکی وردو بە تێگەیشتن لەم بارودۆخە هەستیارە بەم ئەرکە مێژووییە نیشتمانیە هەستن، جیاوازییەکانی نێوانتان ئەوەندە

بەرین نەبوو کە بزووتنەوەیەکی گەورە تووشی نسکۆ بکەن.هەر بۆیە بە هەست بە گیانی لێبوردەیی و بە دەرک کردن لەم قوناخە دەتوانن هەڵی یەکبوونەوە برەخسێنن ومزگێنی هیوابەخش بدەنە خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان.

تەنیا هێزی کارای یەکگرتووییتانە کە ئاواتی پیرۆزی شەهیدان وەدی دێنێ ...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی فێبریوێری ٢٠١٨

---------------------------------------------------------

## پشتیوانی و بەشداری لە کەمپەینی ٢١ی خەرمانان

## PIŞTGIRÎ Û BEŞDARÎ LI

ئێمە ئەو کەسانەی کە ناومان لە ژێرەوە هاتووە، پشتیوانی خۆمان بۆ کەمپەینی ٢١ی خەرمانەن بە مەبەستی وەڵامدانەوە بە داخوازی خەڵکی کوردستان لە مەڕ یەکگرتنی ریزەکانی بنەماڵەی دێموکرات و یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەردەبڕین.

بە بڕوای ئێمە پرسی یەکگرتنەوەی ریزەکانی دێموکرات تەنیا پرسێکی تەشکیلاتی و رێکخراوەیی نیە. یەکگرتنەوەی بنەماڵەی دێموکرات پرسێکی نشتیمانی، ئەخلاقی و بەرپرسایەتیەکی مێژوویی و نەتەوایەتیە. بۆیە داوا لە رێبەرایەتی سیاسی حیزبی دێموکرات و کادر، پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەکەین بە هەموو هێزیانەوە پێشاژۆی وەسەریەکخستنەوەی ریزەکانی دێموکرات خێراتر بکەن و بەزوویی مزگێنی یەکگرتوویی و یەکریزی دووبارە بە نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بدەن.

* تکایە تەنیا ناو، شۆرەت و شوێنی نیشتەجێی خۆتان بنووسن و لە کامێنت زیادی خۆتان بپارێزن.

Ji kerema xwe tenê Em wek kesên ku vê nameyê wajo dikin, piştgiriya xwe ji bo kampeyna * 21ê Xermananê bi armanca bersiv dayîn bi daxwazên xelkê Kurdistanê ji bo yekgirtina refên malbata Demokratan û YEKGIRTINEWEYA Hizba Demokrata Kurdistan û Hizba Demokrata .Kurdistana Îranê radigehînin

Bi baweriya me yekgirtina refên Demokratan tenê pirsek rêkxistinî û teşkîlatî niye. Yekgirtina malbata mezin ya Demokratan pirseka exlaqî û berpirsyariyeke dîrokî û netewî ye. Ji ber wê, em daxwazê li rêberiya siyasî, kadir û pêşmerge û endam û alîgirên her du aliyên Hizba .Demokrat dikin hemû hêza xwe bixin xizmeta pêşdeçûna wê pêvajoyê

Hêviya me bi ser hev xistina refên Demokratan li rojhelata Kurdistanê ye. Em hêvîdarin .berpirsyarên wî karî bi zûyî mizgîniya yekgirtin û yekrêziyê bidin Netewa Kurd

Ji kerema xwe tenê nav, paşnav û cihê ku têde dijîn binivsînin û xwe ji nivîsa kamêntan ⁕ biparêzin. nav, paşnav û cîhê ku têde jiya û xwe ji nivîsa kamêntan biparêzin

## ناوی ئەم کەسانیی پشتیوانی خۆمان بۆ کەمپەینی ٢١ی خەرمانەن دەربڕیوە

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەجید حەقی | فینلاند | ١٩ | رامبود لوتف‌پوری | بەریتانیا | ٣٧ | ئالان خاس | نۆروێژ |
| ٢ | ئاسۆ پیرۆتی | ئۆتریش | ٢٠ | شوانە رەزگەیی | فینلەند | ٣٨ | بێهروز شوجاعی | سوید |
| ٣ | دڵشاد جەمشیدی(هەورامی) | فینلەند | ٢١ | ئازاد رۆستەمی | نۆروێژ | ٣٩ | هێور وەفایی | ئەڵمان |
| ٤ | لاوە نەبیزادە | نۆروێژ | ٢٢ | کوردۆ دادمێهر | بەریتانیا | ٤٠ | عومەر ئەلیاسی | فینلەند |
| ٥ | جەمیل میرکانی | نۆروێژ | ٢٣ | کوردیش زارعی | کوردستان | ٤١ | رەند زارعی | نۆروێژ |
| ٦ | شۆڕش ئۆستادی | نۆروێژ | ٢٤ | حەسەن ئۆستادی | نۆروێژ | ٤٢ | بابەک ماجید | نۆروێژ |
| ٧ | مریەم مەلەکی | نۆروێژ | ٢٥ | سروە فەرهادی | نۆروێژ | ٤٣ | لەتیفە کۆشا | سوید |
| ٨ | فازڵ محەممەدفەر | فینلەند | ٢٦ | ئیدریس قادری | بەریتانیا | ٤٤ | ماردین هاشمی | نۆروێژ |
| ٩ | ئاران مێهرپەروەر | نۆروێژ | ٢٧ | بەختیار مەولودی | | ٤٥ | سۆران قورەیشی | بەریتانیا |
| ١٠ | محەممەد کامبیز فاتحی | نۆروێژ | ٢٨ | ئەڤین موکریانی | بەریتانیا | ٤٦ | ئاوارە جەلالی | سوید |
| ١١ | ئاسۆ ئەحمەدیان | ئۆتریش | ٢٩ | مەسعود سەمەدی | ئۆسترالیا | ٤٧ | ئەیوب سووری | فینلەند |
| ١٢ | سەردار کەرباسیان | نۆروێژ | ٣٠ | یوسف رەحمانی | فینلەند | ٤٨ | ولات نەهری | فینلەند |
| ١٣ | فاتح ئیبراهیمی | کوردستان | ٣١ | ئیلهام چایچی | ئەڵمان | ٤٩ | نیما مەشهوری | نۆروێژ |
| ١٤ | بێهزاد خۆشحاڵی | ئەڵمان | ٣٢ | برایم ئیبراهیمی | | ٥٠ | شێرکۆ هەژار | هۆڵەند |
| ١٥ | نەهیە خۆشکەلام | ئەڵمان | ٣٣ | سۆران شەخسی | ئۆسترالیا | ٥١ | دڵدار زێباری | نۆروێژ |
| ١٦ | ئارام محەممەدیان | فینلەند | ٣٤ | رامان مەعروفی | نۆروێژ | ٥٢ | سالار قارەمانی | نۆروێژ |
| ١٧ | شێرزێ عەلیمحەممەدی | نۆروێژ | ٣٥ | پەیمان رەحیمی | ئەمریکا | ٥٣ | مەجنون جاوید | سوید |
| ١٨ | هوشیار شوجاعی | بەریتانیا | ٣٦ | شەماڵ رەسوڵی | بەریتانیا | ٥٤ | سارۆ پەروازە | نۆروێژ |



سەرچاوە
Serchawe

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٥ | مەریوان نستانی | سوید | ٨١ | حوسێن گوڵابی | نۆروێژ | ١٠٧ | تەها خاڵەیی | کەنەدا |
| ٥٦ | ئاسۆی روونی رۆژهەڵات | مەهاباد | ٨٢ | حەکیم حوسێنزادە | نۆروێژ | ١٠٨ | بیلال م زادە | بەلژیک |
| ٥٧ | ئەنوەر شێخ ئەحمەدی | فینلەند | ٨٣ | محەمەد ئەفەندی | بەریتانیا | ١٠٩ | ئەمین خەواڵە | تورکیا |
| ٥٨ | سەلمان ساڵح عەبدۆڵڵا | کوردستان | ٨٤ | نیعمەت سەروەری | سوید | ١١٠ | جەلال فاتحی | کەنەدا |
| ٥٩ | ئیدریس ئەحمەدزادە | فینلەند | ٨٥ | بەیانە رەحمانی | سوید | ١١١ | رەزا سەفیزادە | سوید |
| ٦٠ | سیامەند خوسرەوی | ئەمریکا | ٨٦ | دەروێش رەشیدی | نۆروێژ | ١١٢ | جەماڵ عەلایی | ئەڵمان |
| ٦١ | گزینگ نوورانی | بەریتانیا | ٨٧ | جەماڵ نەجاری | فەرەنسا | ١١٣ | ئاسۆ موکریانی | نۆروێژ |
| ٦٢ | محەمەد ئەمین قادری | سوید | ٨٨ | ماردین سەردەشت | نۆروێژ | ١١٤ | ئازاد نارستی | نۆروێژ |
| ٦٣ | سلێمان موعینی رۆژهەڵاتی | کوردستان | ٨٩ | سۆران پیرۆت سور | سوید | ١١٥ | دارا بانەیی | دانمارک |
| ٦٤ | دوکتور ئازاد مورادیان | ئەمریکا | ٩٠ | فواد جەوشەن | کوردستان | ١١٦ | مۆتەکە | تورکیا |
| ٦٥ | محەمەد محەمەدیان | نۆروێژ | ٩١ | ساڵح بادپەروا | سوید | ١١٧ | عەزیز قادری | نۆروێژ |
| ٦٦ | ئەبوبەکر عوسمانی | سوید | ٩٢ | رەفیق محەمەدیان | نۆروێژ | ١١٧ | ناسر حوسێنی | ئەڵمان |
| ٦٧ | تاهێر مورتەزازادە | بەریتانیا | ٩٣ | خالید محەمەدیان | نۆروێژ | ١١٩ | قاسم ئەلیاسی | فینلەند |
| ٦٨ | خالید عەزیززادە | نۆروێژ | ٩٤ | ئارام محەمەدیان | ئەڵمان | ١٢٠ | یوسف مەولودی | ئەمریکا |
| ٦٩ | سێد سەمەد تاهیری | نۆروێژ | ٩٥ | مستەفا موسەوی | فینلەند | ١٢١ | خالید ئەحمەدی | بەریتانیا |
| ٧٠ | رەحمان باسامی(خاڵۆ کوردین) | تورکیا | ٩٦ | فەرەیدون حوسێنی | سوید | ١٢٢ | رەشید قازی | دانمارک |
| ٧١ | ئەحمەد عەزیزی گەورک | نۆروێژ | ٩٧ | کەماڵ هەورامی | ئۆستراليا | ١٢٣ | تۆفیق بێهروز | کەنەدا |
| ٧٢ | ئەبوبەکر لاوچاک | سوید | ٩٨ | رۆژهات مۆکریانی | ئەڵمان | ١٢٤ | محەمەد ئێناخی | بەریتانیا |
| ٧٣ | حوسێن دەرویشی | کەنەدا | ٩٩ | کەژاڵ ساوجبلاغی | کەنەدا | ١٢٥ | ئاوات عەلیار | ئەمریکا |
| ٧٤ | ئەحمەد جیهانگیری | نۆروێژ | ١٠٠ | پێشەوا پێشەوا | کوردستان | ١٢٦ | مەنسور ئەمیری | نۆروێژ |
| ٧٥ | مەحمود قەلەرەشی | ئەمریکا | ١٠١ | ساڵح مەحمودی | بەریتانیا | ١٢٧ | برایم پاڵانی | سوید |
| ٧٦ | هەڤاڵ هاخسی | ئۆستراليا | ١٠٣ | سماییل ئیبراهیمی | کەنەدا | ١٢٨ | رەزا ئەفشارنیا | ئەڵمان |
| ٧٧ | بەختیار عەلیزادە | ئەڵمان | ١٠٤ | رێبوار عەلیدوست | سوید | ١٢٩ | نادر ئەحمەدی | نۆروێژ |
| ٧٨ | شەهاب پاسەبانی | کوردستان | ١٠٥ | کامران تەیموری | نۆروێژ | ١٣٠ | شنۆ pdki4 | شنۆ |
| ٧٩ | ئاوات حەسەنپور | فینلەند | ١٠٦ | کامیل بۆکانی | کوردستان | ١٣١ | وریا مەلاک | دانمارک |
| ٨٠ | سلێمان سلێمانپور | نۆروێژ | ١٠٧ | لوقمان حوسێنی | نۆروێژ | ١٣٢ | تەنگیسەر | سنە |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣٣ | هیمۆ حەمە ڕۆژهەڵاتی | کوردستان | ١٥٩ | چنور مێهرپەروەر | نۆروێژ | ١٨٥ | هیوا مەولانیا | تورکیا |
| ١٣٤ | سمایل حوسێنپور | بەریتانیا | ١٦٠ | محەمەد فروتەن | هۆڵەند | ١٨٦ | شۆڕش ئاهی | کوردستان |
| ١٣٥ | محەمەد محەمەدی | ئەڵمان | ١٦١ | برایم جیهانگیری | کەنەدا | ١٨٧ | کاردۆخ میتانی | بەریتانیا |
| ١٣٦ | مەنوچێهر عەلیمۆرادی | فینلەند | ١٦٢ | شەماڵ ڕەسوڵی | بەریتانیا | ١٨٨ | حدکا | شنۆ |
| ١٣٧ | مۆژدە شاوەیسی ڕۆژهەڵاتی | کوردستان | ١٦٣ | چەنگیز شکاک | کوردستان | ١٨٩ | سامان کویک | بەریتانیا |
| ١٣٨ | مێداڵ هیوا قاسمی | نۆروێژ | ١٦٤ | مادح ئەحمەدی | بریتانیا | ١٩٠ | ئالان بێورانی | فینلەند |
| ١٣٩ | مەنسور حاجی خزری | ئەڵمان | ١٦٥ | محەمەد ڕەشیدی | نۆروێژ | ١٩١ | برایم بەرزگەر | ئەڵمان |
| ١٤٠ | حەسەن مورادخانی | کرماشان | ١٦٦ | ئەفشین حەسەنپور | کەنەدا | ١٩٢ | مەتین شێخی | کوردستان |
| ١٤١ | مەهدی خالید خەمبار | سوید | ١٦٧ | میکاییل ئەحەدی | ئۆستڕالیا | ١٩٣ | مەحمود چەلەبی | |
| ١٤٢ | هانا مورادوەیسی | بەریتانیا | ١٦٨ | ڕەحیم ئیسماییلی | ئەڵمان | ١٩٤ | ڕەحیم سورخی | کەنەدا |
| ١٤٣ | فەرهاد جیهان میهەن | سوید | ١٦٩ | ئۆمید ئیبراهیمی | نۆروێژ | ١٩٥ | شاهرۆخ مەردۆخ | سوید |
| ١٤٤ | حەسەن ئاهەنگەری | نۆروێژ | ١٧٠ | لیمۆ مستەفاپوور | کوردستان | ١٩٦ | داوود حەیدەری | ئەڵمان |
| ١٤٥ | سێد عەلی هاشمی | سوید | ١٧١ | بێگەرد عەلیپور | نۆروێژ | ١٩٧ | هەژار مەولانی | ئەڵمان |
| ١٤٦ | یەدۆڵڵا عەلیمۆرادی | فینلەند | ١٧٢ | عەبدۆڵڵا زارعی | کوردستان | ١٩٨ | موختار سەلامی | نۆروێژ |
| ١٤٧ | شاخەوان وەیسی | ئەڵمان | ١٧٣ | سەدرەدین یوسفی | فینلەند | ١٩٩ | کامی هاکان | نۆروێژ |
| ١٤٨ | عەبدوڵڵا ئیبراهیمی | ئۆستڕالیا | ١٧٤ | چیا مەلاک | کوردستان | ٢٠٠ | سەلاح | سوید |
| ١٤٩ | سیامەند خوسرەوی | ئەمریکا | ١٧٥ | مەستورە سوڵتانی | سوید | ٢٠١ | سیاوەش بیدۆخ | کەنەدا |
| ١٥٠ | لەزگین مەجیدیان | فینلەند | ١٧٦ | شۆڕش گوڵکار | نۆروێژ | ٢٠٢ | فیروز وەیسی | بەلژیک |
| ١٥١ | ئەسکەندەر بەکری | سوید | ١٧٧ | لەیلا ئەحمەدی | بەریتانیا | ٢٠٣ | بابەک بابەکری | |
| ١٥٢ | سیاوەش پیرۆتی | کرۆواسی | ١٧٨ | ئەسعەد خودامی | سنە | ٢٠٤ | سەباح مەجیدی | نۆروێژ |
| ١٥٣ | بابە شێخ ناسری | ئەڵمان | ١٧٩ | ئەیوب پاک نەهاد | | ٢٠٥ | جەمشید یاری | سوید |
| ١٥٤ | کەریم حاجی ڕەسوڵی | سوید | ١٨٠ | حەبیب ئینفرادی | کوردستان | ٢٠٦ | کامران عەلیپور | سوید |
| ١٥٥ | حەسەن ئۆستادی | نۆروێژ | ١٨١ | محەمەد محەمەدی | کوردستان | ٢٠٧ | عومەر مەحموودی | ئەندونیزی |
| ١٥٦ | محەمەد حەسەنیانی | نۆروێژ | ١٨٢ | شۆڕش ئۆستادی | نۆروێژ | ٢٠٨ | یوسف خورینجی | |
| ١٥٧ | محەمەد کەریم زارعی | کوردستان | ١٨٣ | شوانە ئۆستادی | نۆروێژ | ٢٠٩ | تاهیر قاسمی | فینلەند |
| ١٥٨ | محەمەد گوڵپەسەندی | کوردستان | ١٨٤ | سەعید میرزایی | تورکیا | ٢١٠ | برایم ئۆستادی | نۆروێژ |



سەرچاوە
Serchawe

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢١١ | رزگار قەسریان | ئەڵمان | ٢٣٧ | ئاسۆ جاویدنیا | دانمارک | ٢٦٣ | شۆڕش پایمەرد | نۆرویژ |
| ٢١٢ | عوسمان ئەمینی(نۆباری) | نۆرویژ | ٢٣٨ | سیامەک بەهمەنی | سوید | ٢٦٤ | عەلی خانی | دانمارک |
| ٢١٣ | مریەم فەقێزادە | نۆرویژ | ٢٣٩ | کەماڵ فازڵی | نۆرویژ | ٢٦٥ | رێبوار قادری | دانمارک |
| ٢١٤ | رەحیم رەسایی(نێی) | بەلژیک | ٢٤٠ | ئێقباڵ سەفەری | سوید | ٢٦٦ | شەماڵ ئەمینی | نۆرویژ |
| ٢١٥ | هوشیار فەتحۆڵڵایی | ئەڵمان | ٢٤١ | تاهێر قادرپوور | ئەڵمان | ٢٦٧ | شۆڕش رانسوری | نۆرویژ |
| ٢١٦ | خالید پاریاد(گەرگولی) | دانمارک | ٢٤٢ | سەردار حوسێنی | بەلژیک | ٢٦٨ | شنە حەکیمزادە | نۆرویژ |
| ٢١٧ | عومەر مەحمودیان | فینلەند | ٢٤٣ | سماییل ئەنجیری | ئۆسترالیا | ٢٦٩ | ئەبوو خۆسرەوی | سوید |
| ٢١٨ | کەریم ئەڵڵاوەیسی | نۆرویژ | ٢٤٤ | قادر شۆکرۆڵلاهی | نۆرویژ | ٢٧٠ | ساڵح جوانڕۆیی | سوید |
| ٢١٩ | بیشوان جەلالی | بەریتانیا | ٢٤٥ | ئارام ئەحمەدی | کوردستان | ٢٧١ | ساسان جیهانی | کوردستان |
| ٢٢٠ | فازڵ سوڵتانپەنا | فینلەند | ٢٤٦ | سەلاح چابۆکی | نۆرویژ | ٢٧٢ | موختار راوش | سویس |
| ٢٢١ | کەماڵ ساداتی(سێد کامیل) | دانمارک | ٢٤٧ | ئەمجەد زەندی | بەلژیک | ٢٧٣ | سماییل سەیدی | یونان |
| ٢٢٣ | مێهران حەقیقەت پەنا | ئەمریکا | ٢٤٨ | هەرمان ماد | نۆرویژ | ٢٧٤ | عەباس حەقبین | کوردستان |
| ٢٢٤ | نەجمەدین حیسامی | سوید | ٢٤٩ | چیا عەبدۆڵلاپور | فینلەند | ٢٧٥ | کورش وریانی | ئەمریکا |
| ٢٢٥ | شەمزین ئەحمەد نەژاد | کوردستان | ٢٥٠ | جەمشید گودەرزی | ئەڵمان | ٢٧٦ | سیروان حەفیدی | سوید |
| ٢٢٦ | دیلان عەزیز مورادی | کوردستان | ٢٥١ | برایم گۆرانزادە | نۆرویژ | ٢٧٧ | سۆران مەحمودی | نۆرویژ |
| ٢٢٧ | حەسەن قەلەرەشی | دانمارک | ٢٥٢ | ئەحمەد رەزگەیی | نۆرویژ | ٢٧٨ | دیاکۆ عەبدی | نۆرویژ |
| ٢٢٨ | هێمن ئیبراهیمی(بێتوشی) | سوید | ٢٥٣ | نزار کوێستانی | فینلەند | ٢٧٩ | پەیمان سەعد | ئەڵمان |
| ٢٢٩ | سیامەند خوسرەوی | کەنەدا | ٢٥٤ | ئالان قەیدی | نیوزیلاند | ٢٨٠ | ئالان فتوحی | سوید |
| ٢٣٠ | یونس بەخشەندە | نۆرویژ | ٢٥٥ | عەباس شەریفی | دانمارک | ٢٨١ | جەعفەر قادری | سوید |
| ٢٣١ | عەبدۆڵلا رەستگار | ئەڵمان | ٢٥٦ | نازە مێهرئارا | ئەڵمان | ٢٨٢ | تۆفیق فارابی | نۆرویژ |
| ٢٣٢ | ئالان ئیسماعیلی | ئەڵمان | ٢٥٧ | ئارام محەمەدپور | ئەڵمان | ٢٨٣ | رەسوڵ قادری | نۆرویژ |
| ٢٣٣ | ئارام مێهرپەروەر | بەریتانیا | ٢٥٨ | ئەحمەد نەقشی | نۆرویژ | ٢٨٤ | ئەنور پوویا | نۆرویژ |
| ٢٣٤ | رەحمەت ئیبراهیمی | هۆڵەند | ٢٥٩ | ئەسعەد ژاپۆنی | نۆرویژ | ٢٨٥ | عەلی هاشمی | سوید |
| ٢٣٥ | فەرەیدوون قادرپور | نۆرویژ | ٢٦٠ | خەدیجە رۆستەمی | سوید | ٢٨٦ | واحید ئاب | سوید |
| ٢٣٦ | کاووس جەباریان | سوید | ٢٦١ | غەفور حەکیمزادە | سوید | ٢٨٧ | سەرحەد تارایی | نۆرویژ |



سەرچاوە
Serchawe

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٨٨ | ڕەسوڵ محەمەد ئەمینی | کوردستان | ٣٠١ | هیوا هەوشاری | کوردستان | ٣١٠ | کامیل کەریمی | نۆروێژ |
| ٢٨٩ | حامد موڕادی(میردال) | نۆروێژ | ٣٠٢ | سەلاح واحیدی | ئەڵمان | ٣١١ | کارۆ ئەحمەدیان | ئۆستڕالیا |
| ٢٩٠ | عوسمان داودزادە | بەریتانیا | ٣٠٣ | ڕێبوار ڕێبواران | کوردستان | ٣١٢ | سامان عەبباسی | ئوتریش |
| ٢٩١ | موختار ئەحمەدی | بەریتانیا | ٣٠٤ | سەباح ئەسعەدی | ئەڵمان | ٣١٣ | سەلام قادرزادە | سوید |
| ٢٩٢ | محەمەد حەسەنزادە | فەڕەنسا | ٣٠٥ | ڕەحمان نستانی | سوید | ٣١٤ | فواد ڕەسوڵی | سنە |
| ٢٩٣ | حەسەن ئیبراهیمی | فینلەند | ٣٠٦ | حەسەن پاڵانی | سوید | ٣١٥ | سلێمان تاشان | کوردستان |
| ٢٩٤ | هیوا خۆش نمەک | سویس | ٣٠٧ | محەمەد سەلیمی | نۆروێژ | ٣١٦ | گۆران عەلیپور | نۆروێژ |
| ٢٩٥ | ساڵح محەمەدپوور | سویس | ٣٠٨ | پەرویز نێعمەتی | سویس | ٣١٧ | ئەفشین فاتحی | ئەڵمان |
| ٢٩٦ | ئارگەش مامەندی | نۆروێژ | ٣٠٩ | کوێستان بابایی | سوید | ٣١٨ | سێفلا خێری | کوردستان |
| ٢٩٧ | سۆران م پ | ڕۆژهەلاتی کوردستان | | | | | | |
| ٢٩٨ | سرور قادری | ڕۆژهەلاتی کوردستان | | | | | | |
| ٢٩٩ | یەدۆڵلا ڕازقی | کۆریای باشور | | | | | | |
| ٣٠٠ | عوسمان ڕەسوڵزادە(شێخ چوپانی) | فینلەند | | | | | | |

سەرچاوە: کەمپەینی ٢١ی خەرمانان - ڕێکەوتی: ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

-------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## یەکگرتن ڕەمزی سەرکەوتنە




**کۆمەڵانی تێکۆشەر و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان**

**ئەندامان، لایەنگران، دۆستان و تێکۆشەرانی دیمۆکرات**

وەک هەموو لایەک ئاگادارن کۆماری دژیگەلیی ئاخوندی، لە دوایین هەوڵە نەزۆکەکانی خۆیدا و بۆ زەبرلێدان لە جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵات و هاوکات لەگەڵ لەسێدارەدانی کۆمەڵێک لاوی ئازادیخوازی کورد، هێرشێکی دڕندانە و ترسنۆکانەی کردە سەر بارەگاکانی تێکۆشەرانی دیمۆکرات لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان و لە ئاکامدا بەداخەوە کۆمەڵێک لە پێشمەرگە و کادر و ئەندامانی ڕێبەریی دیمۆکراتیان شەهید کرد. دوابەدوای ئەو هێرشە تیرۆریستییەو لە ئاکامی ڕاگەیەندراوی چالاکانی مەدەنی و "ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران" وپشتیوانی هێزە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات، مانگرتنێکی سەرکەوتوانە و کەموێنەی سەرتاسەریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو کە نەتەنیا کۆماری تیرۆریستیی ئاخوندی بەڵکوو هێزە سیاسییەکانی ئێران و چاودێرانی ناوچەکە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تووشی سەرسووڕمان کرد و خاڵێکی وەرچەرخانی نوێی لە مێژووی جووڵانەوەی میللی – دێمۆکراتیکی گەلەکەماندا وەدیهێنا.

لە ئاکامی یەکگرتوویی بێوێنەی کۆمەڵانی شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستان و هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات نەتەنیا زەبرێکی کاریگەری دیکە لە پەیکەرەی داڕزیوی کۆماری تیرۆریستی ئاخوندی درا بەڵکوو پارادایمێکی نوێ لە خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستاندا هاتە ئاراوە کە کاریگەرییەکی بەرینی لەسەر خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش دانا.

مانگرتنی سەرکەوتوانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگری دوو پەیامی گرینگ و پڕ بایەخ بوو، هەم بۆ حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکان و هەمیش بۆ کۆماری ئیسلامی: پەیامی یەکەمی مانگرتنەکە رووبە کۆماری ئیسلامی بوو، بۆ ئەوەی بەو رژێمە بسەلمێندرێت کە کۆماری ئیسلامی هیچکات نەیتوانیوە لە زێدی کوردان سەقامگیر بێت و هەمیشە وەک داگیرکەرێک بینراوە. هەر لەو کاتەدا ئەو مانگرتنە سەرانسەرییە پەیامێکی روون و ئاشکرا ی دیکەشی لە هەناودا هەڵگرتبوو: هەرکات لایەنە سیاسییەکان یەکگرتوو بن، هەرکات پێکەوە بن، دەتوانن باشترین وەڵام لە خەڵکی کوردستان وەرگرنەوە. ئەمەش رێبەرایەتی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکدار دەکات کە ئاستی هاوکاری، نزیکبوونەوە لەیەکتر و خەبات لە پێناو یەکگرتوویی بەرینتر بکەنەوە و کۆتایی بە دابڕان و لێکترازانێک بێنن کە ئەنجامەکەی لە دەستدانی هێز و وزەی ناوخۆیی، رێکخراوەیی و مرۆیی و بڕوای کۆمەڵایەتییە.

لە رۆژی دابڕان و لێکترازانەوە تا ئەمرۆ بەشێوازی جۆراوجۆر و لەلایەن کەس و لایەنە جیاوازەکان و خەڵکی دڵسۆزی کوردستانەوە هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەم هەوڵانە بە ئاکامێکی ئەوتۆ نەگەیشتوون. زیاتر لە پێنج ساڵە لایەنەکانی دێموکرات لە چوارچێوەی لێژنە و کمیسیۆنی جۆراوجۆر کۆبوونەوە و دیالۆگ دەکەن بۆ یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزبی دێموکرات. کە چی بەداخەوە بەهۆی ناشێلگیر بوون و بە بیانووی جۆراوجۆری لاوەکییەوە ماراتۆنی کۆبوونەوەکان بە ئاکام نەگەیشتوون. هەم خەڵکی کوردستان، دڵسۆزانی دێموکرات و هەمیش سەرکردایەتیی هەردووک لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان باش ئاگادارن کە تەنیا رێگە بۆ تێپەڕبوون لە قەیرانەکان و وەڵامدانەوە بە هەلومەرجی ئێستای خەباتی نەتەوایەتیمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، یەکگرتنەوەی ریزەکانی دێموکراتە. بۆیە خۆ دزینەوە لەم راستییە و پشت گوێخستنی ئەم پێویستییە تەنیا ئاو بە ئاشی دوژمندا دەکات و دەبێتە هۆی دروست بوونی بەستێنی بێ هیوایی و دڵساردی لە نێو خەڵک و ریزەکانی شۆڕشیشدا.

لەم بارودۆخەدا ئەرکی نشتیمانی و مێژوویی سەرشانمانە بۆ ئەوەی لە ئاست داخواز و ویستی خەڵکی کوردستان و پێویستیی کۆکردنەوەی هێزەکانمان بێدەنگ نەبین هەوڵێکی هەمەلایەنە بدەین لە پێناو یەکگرتنەوەی خێرا و یەکجاری بنەماڵەی گەورەی دێموکرات. هێرشی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر بنکەکانی "حدک" و "حدکا" سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە دوژمن بەیەک چاو سەیری تەواویەتی دێموکرات دەکات و لەو سۆنگەیەشەوە ، ئێمە وەکوو ئەندامان، تێکۆشەران و لایەنگرانی بنەماڵەی گەورەی دیمۆکرات لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و بە هاوکاری کۆمەڵێک کەسایەتی نەتەوەیی و سەربەخۆ کەمپەینی "٢١ی خەرمانان" رادەگەیەنین و لەم رێکەوتەوە تێکۆشانی بێوچانی خۆمان بۆیەکگرتنەوەی تێکۆشەرانی دیمۆکرات دەست پێدەکەین. ئێمە خۆمان لە بەرامبەر پەیامی مێژوویی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢١ی خەرمانان بەرپرسیار دەزانین و

دەسپێکی ئەو ئەرکە مێژووییە بە ئەستۆ دەگرین. لەو پێوەندیەدا داوا لە هەر دوو لایەنی شۆڕشگێڕ و ئەندامان و لایەنگرانی ناوخۆ و دەرەوە بنەماڵەی دیمۆکرات دەکەین بە بەشداری چالاکانە لەم کەمپەینەدا یارمەتیدەرمان بن بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری مێژووی گەلەکەمان لە ٢١ی خەرمانان و وەدیهێنانی خەونی شەهیدان و بنەماڵە سەربەرزەکانین کە تەبایی و برایەتیی و یەکگرتنە.

شایانی باسە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرنامە و پڕۆژەی کاری کەمپەین دەخەینە بەردەستی گەلەکەمان و بنەماڵەی گەورەی دیمۆکرات و تەشکیلاتی ناوخۆ و دەرووەی وڵات.

سڵاو لە کۆمەڵانی خەڵکی خۆڕاگری کوردستان

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان

بژی کورد، بژی کوردستان.

سەرکەوێ هەنگاوەکانی کەمپینی ٢١ خەرمانان بۆ یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## وتارێکی تایبەت کە رووی قسەی لە گەڵ لایەنگرانی یەکگرتنەوە و یەک ریزییە



**د. میرۆ عەلیار**

### لەسەر یەکگرتوویی و یەکگرتن

کێشەی ئێمە لەنێو جووڵانەوەدا سیاسی نیە، بەڵکوو کولتووری سیاسییە! بۆئەوەی لایەنێکی ئەو بۆچوونە ڕوون بکەمەوە، بەکورتی ئاماژە دەکەم بە پرسی یەکگرتن و یەکگرتنەوە کە ئەوڕۆژانە لەسەر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەگەرمە هاتۆتەوە بەرباس.

**یەکەم؛** دەبینین کە لەجیاتی هێنانەوەی ئیستدلال و پێشنیاری سیاسی بەکەڵک بە زمانێکی شیاو، کەسانێک بە ناحەزترین و ناشیرین ترین وشە و ئەدەبییات "هەڵوێست" دەگرن و هێرش دەکەنە سەر لایەنی بەرامبەر و ناویشی دەنرێ سیاسەت و داکۆکی لە بیروبۆچوون و سیاسەتی ڕێکخراوەیی!!

مرۆڤی سیاسی ئەگەرچووکترین باوەڕی بە جیاوازی هەبێ و دڵی بۆ یەکرێزیی کورد لێبدا، خۆی بە حەقیقەتی موتڵەق نازانێ و لە قالبی مامۆستای ئەخلاق و سیاسەت دا مافی جیاوازبیرکردنەوە بۆ لایەنەکانی دیکە پێشێل ناکا و لەگەڵ بەرامبەرەکەی بە زمان و ئەدەبییاتێک دەدوێ و هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێ کە شیاوی مرۆڤێکی سیاسی بێ. پاشان، ئەوە چ ڕێکخراوەیەکی سیاسیە کە دڵی بەو شێوە تەبلیغ و دیفاعە خۆشە و بۆ سەلماندنی سیاسەتی خۆی پێویستیی بە جنێو و سووکایەتیکردن بەم و بەو هەیە؟

ئاخر ئەوە چ شانازی و هونەرێکی تێدایە کە ئەگەر کەس نەبوو، من هەبم؟!هێز و ئیعتبار و بوونی خۆم لە لاوازی و نەمانی خەڵکی دیکەدا بەدی بکەم؟!

سەیر ئەوەیە کە کابرا بەنێوی دڵسۆزی بۆ یەکێتی و یەکگرتن، بێڕێزی بە عەرز و ئاسمان دەکا و لە هەمانکاتە ئیراد و ڕەخنە لە پرشووبڵاوی و دووبەرەکی دەگرێ!ڕێککەوین و یەکگرتن و خەباتی هاوبەش کولتووری خۆی گەرەکە.

یەکێتی و یەکگرتنبە جنێو و بێڕێزیکردن پێکنایە. ئەو کردەوانە پێش بە پێکهاتنی فەزای تەفاهوم دەگرن و کێشە و دووبەرەکیەکانقووڵتر دەکەنەوە.

بەداخەوەبەنێوی "ئازادی بەیان" زمانی زبر ولاتاو و بێحورمەتی بە جیابیرانبۆتە دیاردە و کراوە بە بەشێک لە ململانە و خەباتی سیاسی! ئایا ئەوە چەوتتێگەیشتن و کەڵکی خراپوەرگرتن لە ئازادی نیە؟

ئەو دیاردە ناشیاوە پێوەندێکی بە ئازادی بیروڕادەربڕین و کولتووری دێموکراتیک و نەتەوەییەوە هەیە و خزمەتێک بە تەبایی نێوماڵی کورد دەکا؟

بەپێچەوانە، ئەو دیاردەیە دۆخەکە دەشێوێنێ و فەزای سیاسی کوردستان مەسمووم دەکا و لە فەزای سیاسی موسمووم دا، سیاسەت و تێکۆشەری سیاسی نەخۆش دەکەون و لە ڕەسالەتی سیاسی خۆیان دوور دەکەونەوە. کێ قازانج دەکا؟!

ئەو کارە ناشیاوە ئەوەندە پەرەی سەندوە کە ڕێژیم لە ڕێگای بەکرێگیراونی خۆیەوە دەتوانێ بەهاسانی و لەسەر چووکترین شت پێکمانهەڵپرژێنێ و تووشی شەڕەجنێومان بکا!

**دووهەم؛** لە هەموو هەڵوێست و "کامێنت"ـەکاندا تاکەکانی نێو حیزبەکان(کورسیپەرستان، بەرژەوەندیخوازان ...) بە بەرپرسی پرشووبڵاوی و یەکنەگرتنەوە و کۆسپی یەکگرتن بەگشتی دادەنرێن.

دابینێین کە کورسیپەرستی و تەماحی وەدەستهێنانی پلە و پایە و دژایەتیکردن لەگەڵ یەکگرتن و یەکگرتنەوە لەپێناو بەرژەوەندی شەخسی، ڕاست بێ و دەور بگێڕێ. بەڵام مەگەر هەموو ئەوانە بۆخۆیان بەرهەمی نەبوونی کولتووری دێموکراتیک نین؟!

بەگشتی، سنووردارکردنی ئەو پرسە گرنگە بە کورسیپەرستی و دەسەڵاتخوازی چەند کەس، هاسانکردنەوەی مەسەلەکەیە بۆخۆمان. گەڕان لە تاوانبار لەنێو تاکەکان دا لە ئەسڵی مەتڵەب و هۆکاری سەرەکی دیاردەیدووبەرەکی و یەکنەگرتن لاماندەدا.

ئەگەر خاوەنەکانی کورسی و دەسەڵات و بەرژەوەندی شەخسی تەنیا هۆکارن بۆ یەکنەگرتنەوە و پێکنەهاتن و درێژەی پڕشووبڵاوی، ئەی ئەو کەسانەی کە نە پلەوپایە و کورسیان هەیە و نەدەسەڵاتێکیان بەدەستە، بەڵامتوندتر و "چالاک"تر لە "کورسیپەرستەکان" لە ئاڵۆزی و دووبەرەکینانەوە دا بەشدارن، لەسەر چووکترین مەسەلە دەستدەکەن بە جنێو و سووکایەتیکردن بەملاو و بەولا و لەگەڵ هەر لێکنزیکبوونەیەک دێنە سەرخەت و فەزاکە مەسموم دەکەنەوە، بەچی تەوزیح دەدرێ و وڵام دەدرێتەوە؟ ئەو کەسانە بۆ کورسی و دەسەڵاتی کێ دژایەتی تەفاهوم و یەکگرتن دەکەن؟!

هۆکاری نەحاوانە و نەبڕانەوەی دووبەرەکی، یەکنەگرتن و پێکنەهاتنی کۆبەندی و هاوکاریی لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەو کولتوورە سیاسیە سەقەت و گەشەنەسەندوەیە کە بەهۆی سروشتی نادێموکراتیک و توتالیتێری،دوورخەرەوەیە و زەرفییەتی قەبووڵکردنی جیاوازی و پلووراليزمی نیە، بڕوای بە دێموکراسی و یەکێتی و یەکگرتوویی و خەباتی هاوبەش لاوازە، پاوانخواز و تەمەرکوزگەرایە و دابەشکردنی دەسەڵات و سەڵاحییەت ناسەلمێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەمپەینی ۲۱ی خەرمانان - ڕێکەوتی: ۱۱ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱۸

-----------------------------------------------------

## گەیاندنی داوانامەی "کەمپەینی ۲۱ی خەرمانان" بەرێبەرایەتی حیزبی دێموکرات




به مەبەستی گەیاندنی دەنگ و داخوازی کەمپەینی ۲۱ی خەرمانان، سەردانی ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا و نامەی کەمپەینی ۲۱ی خەرمانان ئاراستەی رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات کرا.

رۆژی شەممە ١٣ - ١٠ - ٢٠١٨ مەجید حەقی، وتەبێژی کەمپەینی ۲۱ی خەرمانان سەردانی ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد و لە گەڵ بەشێک لە ئەندامانی ناوەندی سیاسی حدکا چاوپێکەوتنی دیدار و گفتگۆی پێک هێنا. لەو دیدارەدا وێڕای باس و گفتگۆ لەسەر پرسە گشتیەکانی پێوەندی بە کێشەکانی ناو خۆیی حیزبی دێموکرات و پێویستی هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەوان، داخوازینامەی کەمپەینی ۲۱ی خەرمانان لە رێگای بەرێز حەسەن شەرەفی جێگری یەکەم و بەرپرسی ناوەندی سیاسی بە ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاراستە کرا. بەرێز شەرەفی وێڕای دەبرینی پێزانینی خۆی لە هەموو هەوڵێک لە پێناو یەکریزی جوڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هیواخواز بوو هەوڵەکانی هەموولایەک بۆ وەسەریەک خستنەوەی بنەماڵەی دێموکرات بە ئاکام بگات.

دوانیوەرۆی هەمان رۆژ دەستەی نوێنەرایەتی کەمپەینی ۲۱ی خەرمانان بە بەشداری کەریم فەرخەپوور و مەجید حەقی سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد. لەو دیدارەدا وێڕای باس لە چالاکی و ئامانجەکانی کەمپەینی ۲۱ی خەرمانان و هەروەها ئەزموونی کەمپەینەکانی داهاتوو و کێشەکانی بەردەم یەکگرتنەوەی بنەماڵەی دێموکرات هیواخوازرا هەوڵەکانی کەمپەینی و دوو لایەنی حیزبی دێموکرات بۆ یەکگرتنەوەی دووبارەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بە ئاکام بگات. بە مەبەستی گەیاندنی داخوازەکانی کەمپەینی ۲۱ی خەرمانان داخوازینامەی کەمپەینی ۲۱ی خەرمانان بۆ رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاراستەی کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی حدک کرا. ناوبراو



سەرچاوە
Serchawe

وێڕای ڕێزگرتن لە هەوڵەکانی هیوای خواست هەموو لایەنەکان وەڵامی ئەرێنی بە بانگەوازی خەڵکی کوردستان بدەنەوە.

دیارترین داخوازەکانی داوانامەی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان بۆ لایەنەکانی دیموکرات بریتین لە:

١- پەرە بە کۆبوونەوەکانی هەیئەتی دانووستانکار بدەن و هەیئەتێکی لووتکە بە بەشداری لێپرسراوی گشتی و سکرتێری گشتی بۆ بەڕێوەبردن و چاودێری بەسەر ڕەوتی یەکگرتنەوەدا پێک بێنن.

١. ٢. لێژنەیەکی پسپۆڕی چارەسەریی هاوبەش پێک بهێندرێت کە بریتی بێ لە نوێنەرانی هەردوو بەشی حیزب و کارناسانی پرسە ڕێکخراوەییەکانی پێوەندیدار بە یەکگرتنەی حیزبەکەمان.

٢- بە مەبەستی نزیک بوونەوەی فەرهەنگیی، ڕێکخراوەیی و خوڵقاندنی هەستی تێکۆشانی هاوبەش دەست بکەین بە بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی پرۆژەی هاوبەشی سیاسی، تەشکیلاتی لە ناوخۆ و دەرەوەی ڕۆژهەڵات.

٣- بە بڕیارێکی هاوبەش بەشداری کردن لە بۆنە و کۆروکۆبوونەوەکاندا بکرێتە ئەرکێکی نەتەوایەتی و ببێتە پرێسیپێکی جێگرتووی تەشکیلاتی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و کۆڕ و سمیناری هاوبەش بۆ دیالۆگی ناوخۆیی ڕێک بخرێت.

٤- بە بڕیارێکی هاوبەش پێش بە هەر چەشنە لێدوانێکی میدیایی کێشەخولقێن بگیرێ کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان تووشی زیان بکات.

٥- هەوڵ بدرێ لە پلانی ستراتیژیی یەکگرتنەوەدا قۆناغەکان ماوە بۆ دیاریکراو بن بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی.

٦- کەشێکی میدیایی گشتگیر و یەکگرتووخوازانەی ئەوتۆ پێکبێ کە هەموو لایەنەکان خۆیان تێدا ببیننەوە.

کەمپەینی ٢١ی خەرمانان لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا "نەخشەڕێگای" پێشنیاری خۆی ئاراستەی ڕێبەری دوو لایەنی دیموکرات دەکات و هیواخوازە ئەو هەنگاوە یارمەتیدەری خێرا کردنی پرۆسەی یەکگرتنەوە و بەئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆسەیە بێت.

کەمپەینی ٢١ی خەرمانان

لێژنەی بەڕێوەبەری

١٥ - ١٠ - ٢٠١٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان - ڕێکەوتی: ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## پێشوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە داخوازەکانی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نامەیەکدا پێشوازی و پشتیوانی خۆی بۆ داخوازەکانی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان ڕاگەیاند. لە نامەیەکدا بە واژۆی بەڕێز کەمال کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی هەیئەتی حدکا بۆ پرسی یەکگرتنەوە دا پشتیوانی خۆیان لە هەوڵەکانی کەمپەین بۆ دەسپێکی پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەربریوە. دەقی نامەی حدک بە شێوەی خوارەوەیە:

بۆ تێکۆشەرانی کەمپینی ٢١ی خەرمانان!

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

ماوەیەک لەمەوبەر لەسەردانی هاوڕێیانی ڕاسپێردراوتان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ باس لە ئارەزووەکانتان بۆ وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، بۆچوونەکانتان لە دووتوێی نامەیەکدا بە ئێمە گەیشت.

ئەم داواکارییەی ئێوە داخوازی ئێمە و خەڵکی کوردستانیشە و دەبێ هەموولایەک بە گرینگییەوە بڕواننە بابەتەکە. هەرچەند بەداخەوە کۆنگرەی ١٦ی حدکا و گۆڕانکارییەکانی هۆکارێک بوون بۆ وەستاندنی ڕەوتی دانیشتنەکانی هەر دوو حیزب کە تا ئەو دەم بە باشی دەچووە پێش، دیسان حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەمیشە بە هەست بە بەرپرسایەتی هەڵسەنگاندنی بۆ ئەم داوایەی ئێوەش کردوە و ئاگادارتان دەکەین کە بە پێی هەڵوێستی هەمیشەییمان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پرسە کە بێگومان شوێنەواری باشی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ پشتگیری هەموو هەوڵ و خەمخۆرییەکتان دەکەین.



سەرچاوە
Serchawe

کەماڵ کەریمی

**بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**بۆ پرسی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات**

۲۸ - ۸ - ۱۳۷۹

۱۹ - ۱۱ - ۲۰۱۸

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەمپەینی ۲۱ی خەرمانان - ڕێکەوتی: ۲۰ی نۆڤەمبەری ۲۰۱۸

---------------------------------------------------------

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازی لە هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە دەکات

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیاندراوێکدا بە واژۆی بەڕێز حەمەنەزیف قادری، بەرپرسی هەیئەتی دیالۆگی حدکا بڵاو کراوەتەوە، پێشوازی خۆی لە هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی دوولایەنی حیزبی دێموکرات ڕایگەیاندووە و هیچ کۆسپێک بۆ یەکگرتنەوە نابینێت. دەقی ڕاگەیاندراوی حدکا کە لە سایتی کوردستانمیدیادا بڵاو کراوەتەوە بە شێوەی خوارەوەیە:

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ۲۸ی خەزەڵوەری ۱۳۹۷ی هەتاوی بەرانبەر بە (۱۹ - ۱۱ - ۲۰۱۸) کاک کەماڵ کەریمی، بەرپرسی هەیئەتی دیالۆگی یەکگرتنەوەی هاوڕێیانی پێشوو بابەتێکی بڵاو کردووەتەوە، لەو بابەتەدا هۆکاری وەستاندنی ڕەوتی دانیشتنەکانی تایبەت بە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گێڕاوەتەوە بۆ گۆڕانکارییەکانی



سەرچاوە
Serchawe

کۆنگرەی ١٦هەمی حیزبی دێموکرات.

لەو پێوەندییەدا بە پێویستی دەزانین ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕای گشتی، خەڵکی کوردستان و هەموو دۆستان و ئۆگرانی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بدەین و ڕاستیی ئەو پرسە گرینگە وەک خۆی بخەینە بەر دیدی ڕای گشتی.

لە ڕەوتی دانیشتنی چەند ساڵەدا، ڕێبەریی حیزبی دێموکرتی کوردستانی ئێران بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو پرۆسەیە لە هیچ هەوڵ و تەقەلایەک کۆتایی نەکرد هەتا گەیشتینە ئەو ئاستەی کە لە بەرەبەری کۆنگرەی ١٦هەمی حیزب، لە دانیشتنێکی فەرمیماندا کە لە لای ئەوان پێکهات؛ ئێمە داوامان لێکردن لەسەر ئاکامی وتووێژکان و ئەو خاڵانەی کە لەسەری هاوڕاین، بە بڕیاری کۆتایی بدەین، دوای ئەوە لەسەر قۆناغی دیکەی پرۆسەی یەکگرتنەوە کە هەنگاوەکانی ڕەوتەکەی خێراتر دەکرد، قسە بکەین. بەداخەوە پێچەوانەی پێداگرییەکانی ئێمە وەڵامی ئەرێنیان داینەوە، دیار بوو کاک کەماڵ و هاوڕێیانی چاوەڕوانی ئاکامی کۆنگرەی ئێمە بوون. حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەدا بۆ مەسەلەی هاوکاریی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیارێکی سیاسی و بەرپرسانەی دا، ئەو بڕیارە سیاسییەی حیزب لە لایەن زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ئێرانی پێشوازی لێکرا و لە ماوەی ڕابردووش شوێندانەریی ئەرێنیی ئەو بڕیارەی کۆنگرە بۆ گۆڕانکارییەکان پێچەوانەی نەزەری کاک کەماڵ کەریمی لە ئاست هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران بەرچاوە و گیانێکی نوێی بە هاوکاریی لایەنە سیاسییەکان بەخشی.

دوای کۆنگرەش، ئێمە سەردانمان کردن و لەسەر بڕیار و ڕوانینی ئەرێنیی کۆنگرە لەسەر پرسی یەکگرتنەوە و ڕەخساندنی کەشێکی سیاسی بۆ هاوکاریی نێوان لایەنە سیاسییەکان ڕوانگەی کۆنگرەمان خستە بەرنەزەریان و ڕامانگەیاند کە لە نەزەری ئێمەوە هیچ شتێک بۆ یەکگرتنەوە کۆسپ نییە و داواتان لێ دەکەین با لە بە ئاکام گەیاندنی پرۆسەکەدا خێراتر هەنگاو هەڵگرین.

هەر لە درێژەی ئەو بابەتەدا دەفتەری سیاسی ئەوان، داوایان لە بەڕێز کاک مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات کرد بۆ وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی کۆنگرە سەردانیان بکا و بەڕێزیشیان بە دڵفراوانییەوە پێشوازی لە پێشنیارەکەیانی کرد و لە کۆبوونەوەی لەگەڵیان ڕایگەیاند؛ ئەگەر ئیرادەی یەکگرتنەوەتان هەبێ کێشەیەک لەسەر ڕێگەی نابینین و هەموو بابەتێک جێگای قسەکردن و دیالۆگە. دوای ماوەیەک لەو سەردانە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی ئێمە هەیئەتی ئەوان بە سەرپەرەستیی کاک کەماڵ کەریمی سەردانی کردین و دوای



سەرچاوە
Serchawe

باسکردنەوەی بابەتەکانی کۆنگرەی ١٦هەمی حیزب بە ڕوونی ڕایگەیاند؛ ئێمەیش کاتمان پێویستە بۆ شرۆڤەکردنی پرسە تەشکیلاتیەکانمان. ئێمە هەم لەم کۆبوونەوەیەدا و هەم لە تەواوی دانیشتنەکانی هەر دوولا و هەیئەتەکاندا ڕامانگەیاندوە بۆ پرسێکی گرینگی ئاوا کە ویستی گەلەکەمان و تێکۆشەرانی دێموکرات و دۆستانمانە کۆسپێک نابینین، بە تایبەت لەم بارودۆخە هەستیارە سیاسییەدا کە وڵاتەکەمان و گەلەکەمان تێدا تێپەڕ دەبن، پێویستیمان بە یەکیەتی و یەکرێزی و هاوکارییە. هیواداریین مەبەستی کاک کەماڵ کەریمی لە نووسینی ئەو بابەتە لەم هەلومەرجە ناسکەدا پەکخستنی پرۆسەی یەکگرتنەوە نەبێ. لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵی دۆستانەی هەموو ڕۆڵەکانی کورد لەو پرۆسەیەدا بەرز دەنرخێنێ و بە بایەخەوە سەیری دەکا.

ئێمە بە نیسبەت پرۆسەی یەکگرتنەوە هەتا بە ئاکام گەیشتن و هاوکاری لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە بەردەوام دەبین، ئەگەر ئەوانیش لەو ڕاستایەدا بە کردەوە هەنگاو هەڵبگرن.

بە هیوای سەرکەوتن

محەممەدنەزیف قادری

بەرپرسی هەیئەتی دیالۆگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی - ٢٢نوامبری ٢٠١٨ی زایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان - ڕێکەوتی: ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

---------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## دەقی نامەی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان بۆ دەفتەری سیاسی حدک و ناوەندی سیاسی حدکا بە شێوەی خوارەوەیە:

بەڕێزان
دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و ناوەندی سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران!
وێڕای ڕێز و سڵاو

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا و لە ئاکامی سەردانی شاندی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان بۆ بنکەی سەرکردایەتیی هەر دووولاتان و پێشکەش کردنی داواکاری و پێشنیارەکانی کەمپەین لە مەڕ وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دیمۆکرات، شایەتی هەڵوێست و وڵامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئێوە بووین کە بە گشتی هیوا بەخش بوون.

هەر وەک لە نامەی بەڕێز کاک کەماڵ کەریمی بۆ کەمپەینی ٢١ی خەرمانان و ڕوونکردنەوەی بەڕێز کاک حەمەنەزیف قادری لە سەر نامەکەی کاک کەماڵ کەریمی و هەڵوێستیان لە پێوەندی لە گەڵ هەوڵەکانی دڵسۆزانی حیزب بۆ وەسەریەک خستنەوەی ریزەکانی حیزبەکەمان دەردەکەوێت، هەردوو بەشی حیزبی دیمۆکرات دەروەستن و ئامادەیی ئەوە لە خۆیاندا دەبینن کە ڕەوتی یەکگرتنەوەی حیزب بە ئاکام بگەیەنن و بەکردەوە هیچکام لە لایەنەکان لەمپەری جیددی بۆ دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان و بەئاکام گەیشتنی نابینن. هەردوو لایەنی حیزبی دیمۆکرات بەرلە کۆنگرەی شانزدەهەمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سەر ١٤ خاڵ ڕێککەوتوون و لە گفتوگۆکانی شاندی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان لە تەک هەردوولایەن، هەم حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و هەمیش حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ واژۆ و جێبەجێ کردنی ئەو ڕێکەوتنە و بە ئەنجام گەیاندنی یەکگرتنەوەی حیزب. کەمپەینی ٢١ی خەرمانان بە ئاماژە کردن بەو خاڵانەی کە هەردوو لایەن لەسەری کۆک بوونە و لە بەر چاو گرتنی ئاڵوگۆڕەکانی دوای کۆنگرەی ١٦ی

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها کەشی ئێستای نێوان دوو لایەنی حیزبەکەمان و داخوازی و پەیامی خەڵکی کورد لە مانگرتنی سەرانسەریی ٢١ی خەرمانانداو، نامەیەک و پلانێکی پێشنیاریشی بۆ ماوەدیار کردن و بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزب ئاراستەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی کرد. بەو ئاواتەی ئەم پلانە پێشنیارییە کارناسانەیە ببێتە کەرەستەیەک بۆ جێبەجێ بوونی خێراتری ڕەوتی یەکگرتنەوەی حیزبەکەمان.

ئێمە بەلەبەرچاوگرتنی نێوەرۆکی نامە و نووسراوەی بەڕێزان کاک کەماڵ کەریمی و کاک حەمەنەزیف قادری، هەروەها پێویستیی هەنووکەیی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، داواتان لێدەکەین گفتگۆکانی بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەی یەکگرتنەوە سەرلەنوێ دەست پێ بکرێتەوە و ڕێگە بدرێت دەستەیەکی بێلایەن لە لایەن کەمپەینی ٢١ی خەرمانانەوە بە مەبەستی هاوکاری کردن لە مەڕ چوونە پێشی پرۆسەکە بەشداری کۆبوونەوەکەتان بن. بێگومان ئێمە هەموومان ئەندامی حیزبی دیمۆکرات (حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان)ین. لەو سۆنگەیەوە هەوڵ و پێشنیاری ئێمە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ناوخۆیی، نێو بنەماڵەی گەورەی دیمۆکراتە. بێگومان سەرەکیترین مەبەستمان دانانی بناغەیەکە بۆ حیزبێکی یەکگرتوو، چالاک و خاوەن ئاسۆی ڕوون و دینامیکی بەڕێوەبەری کە بتوانێت وەک ڕێبەری ڕاستەقینەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەور بگێڕێت. ئەوەی ڕاستی بێت ئێستا سەرکردایەتیی حیزبی دیمۆکرات لە هەر دووک بەشەکەیدا لە بەردەم دوو بژاردەی گرینگ و چارەنووسسازدان، یان ئەوەی کە بە کەڵک وەرگرتن لە وزە و پۆتانسییێلی یەکگرتووخوازانەی ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان دەبنە پارێزەی بەرژەوەندیی گشتی و تاکیی هەموو ئەندامانی حیزبی دیمۆکرات و جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ خۆیان شانازییەکی مێژوویی سەبارەت بە چارەسەری کێشەکان و خوڵقاندنی دەرفەتی لەبارتر بۆ نەتەوەکەمان تۆمار دەکەن، یان ئەوەی کە بە پشتگوێ خستنی ئەم ویست و پۆتانسییێلە بە هەر هۆیەک، پرسیارێکی گرینگی سیاسی و ئەخلاقی بەرەوڕووی خۆیان دەکەنەوە کە بێگومان وەڵام دانەوەی ئاسان نابێت.

دوای چەند ڕۆژێکیتر حیزبەکەمان بەرەو پیریی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و شەوی یەڵدا - شەوی لەدایکبوونی ڕێبەری بلیمەتمان دکتۆر قاسملوو و ساڵیادی کارەساتی شەوی یەڵدا دەچێت. هەموو ئەو بایەخ و ڕووداوانە بەرهەمی بوون و قورسایی حیزبی دیمۆکراتن و بوونەتە بەشێک لە فەلسەفەی بوونی حیزبەکەمان کە کۆماری کوردستانی لە سەر دەست دامەزراوە، ئەمانە ئەمڕۆ بوونەتە نرخ و بەهای نەتەوەیی. کاتی ئەوە هاتووە بە یەکگرتوویی ڕێز لەو بەها و نرخانە بگرین و بە کردار و نەک هەر بە دروشم یادی شەهیدانمان بەرز ڕابگرین.



سەرچاوە
Serchawe

مادام کە هەر دووک لا کێشە و گرفتێکی ئەوتۆ لەبەردەم بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەکەدا نابینن کەوابوو چاوەڕوانین بە زووترین کات بەرگی کردار بە بەر قسە و بەڵێنەکانتاندا بکەن و دڵی دڵسۆزانی کورد شاد و دوژمنانیش بێ هیوا بکەن.

بەسپاسەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەرێ ٢٠١٨

---------------------------------------------------------

## داوای کەمپەینی ٢١ی خەرمانان بۆ دەستپێکی گفتگۆکانی دوولایەنی دێموکرات

کەمپەینی ٢١ی خەرمانان، لە نامەیەکدا بۆ دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ناوەندی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، خوازیاری دەستپێکردنەوەی سەرلەنوێی گفتگۆکانی یەکگرتنەوەی حیزب و خێرایی لە وەدیهێنانی پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتە.

ڕۆژی ١ - ١٢ - ٢٠١٨ لە نامەیەکدا بۆ ناوەندی سیاسی حدکا و دەفتەری سیاسی حدک، کەمپەنی ٢١ی خەرمانان "بەلەبەرچاوگرتنی نێوەرۆکی نامە و نووسراوەی بەرێزان کاک کەماڵ کەریمی و کاک حەمەنەزیف قادری، هەروەها پێویستیی هەنووکەیی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، داوای لە لایەنەکانی دێموکرات کرد بۆ ئەوەی گفتگۆکانی بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەی یەکگرتنەوە سەرلەنوێ دەست پێ بکرێتەوە و ڕێگە بدرێت دەستەیەکی بێلایەن لە لایەن کەمپەینی ٢١ی خەرمانانەوە بە مەبەستی هاوکاری کردن لە مەڕ چوونەپێشی پرۆسەکە بەشداری کۆبوونەوەکەتان بن."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان - ڕێکەوتی: ٣ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## بیروڕای سەعید بەگزادە لە سەر یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان!



بەشی زۆری ئینشعاب و لێکدابرانەکان، نەتەنیا کێشە نێوخۆییەکانیان چارەسەر نەکردوە و، پاش ماوەیەک هەمان کێشەکان بە جۆری دیکە سەریان هەڵداوەتەوە، و ئەوەندەی دیکەش بۆتە هۆی بڵاوی ئەو ڕێکخراوە، بگرە ئەم لەت بوونانە بەجۆرێک بوونە هۆی کزی و لاوازی بزوتنەوەکەش. بێ ئەوەی خەتا و تاوان بە تەنیا، یان بەشی زۆری، بخەمە پاڵ هیچ کام لە بەشەکانی لێکدابرانەکان(کە لێرە مەبەستی من نییە)، لەو قەناعەتەدام لەت بوونی هێزەکانی کوردی بە هۆی کێشە نێوخۆییەکان، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کەڵان خوێندنەوەی بەرژەوەندی و ویستە چوک و کاتی و فەردیەکان و، لەولاشەوە بەکەم گرتنی دووره دیمەنی خەبات و دوارۆژی جوڵانەوە و، قازانجی گشتی. لە ژیانی سیاسی و حیزبی خۆمدا چەندین ئینشعاب و لێکدابرانم، هەم لە حیزبەکەی خۆمدا دیوە و هەم لە حیزبەکانی دیکەی هاوخەبات. لە هەموو ئەو ڕووداوانەدا، لایەنەکانی کێشە، چ ئەوانەی دەسەڵاتیان پێ بووە و مەیدانی خەباتیان دە حیزبەکەدا بە کەمینەکان بەرتەسک کردوە، چ ئەوانەی دەسەڵات و بەرنامەی زۆرینەیان قبوڵ نەکردوە، پێیان وابووە کە پاش دەرپەراندنی جیا بیران، یان دوای بەجێ هێشتنی لایەنی بەدەسەڵات، دەتوانن، ببنە هێزی سەرەکی مەیدانی جوڵانەوە و، حیزبێکی بێ کێشە و بێ ژانەسەر بۆخۆیان دروست دەکەن. ئەم ڕوانگە لانیکەم هەتا ئێستا، بەم جۆره ناهاتۆتە دی. هەرکات نیاز و ویستە فەردییەکان، بەسەر بەرژەوەندی گشتی و کۆدا زاڵ دەبێ، دەستەیەکی هاورا پاش ماوەیەک کاری هاوبەش زۆر هاسان دەتوانن ببنە دژی یەکتر و دیسان هەمان بازنە و چەرخان دەست پێبکاتەوە. ئەوەش بەداخەوە لە بەشی زۆری ئەو دابەش بوونانەدا دووپات بۆتەوە. بەتایبەت لە بەشەکانی باڵادەستدا، بێ ئەوەی بەشەکانی دیکە دەربلاوێم. جیاوازی بیرو را چ لەبواره فیکری و سیاسیەکاندا و چ لە کارو تێکۆشان و ئەرکی ڕێکخراوەیی و ئیدارەی حیزبیدا، شتێکی نامۆ نییە، هەمیشە بووە و بێ گومان هەردرێژەشی دەبێ. بۆیە ئەو ململانێ و کێشانە کۆتاییان نایا. ئەو بیرۆکەی هەتا ئێستا پەیرەو کراوە، ئەوەیە کە دەجەریانێکی سیاسیشدا کە هیچ دەرەتانی نەفەس کێشان و جوڵەت نەما، چار نییە، یان دەبێ بەجێی بێڵی و دەست لە خەبات هەڵبگری، یان دەبێ ڕێگای جیاواز بۆخۆت بدۆزییەوە و، خەباتی خۆت بە جیا درێژە بدەی. ئەوەش بەشی هەرەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ کلتوری سەقەت و، میکانیزم و دەرکی نادروست لە کاری هاوبەش، جۆری دەرکی دێمۆکراسی زۆرینە



سەرچاوە
Serchawe

و کەمینە وتەحەمول و قبوڵی، یەکتر. ئەگەر بەرژەوەندیە گشتی و باڵاکان، گرینگی و جێگای خۆیان پێبدرێ، لەملاشەوە ئەم کێشە کچکانە گەورەتر لە رادەی خۆیان بەراورد نەکرێن، بێ گومان ئەم باسە نێوخۆییانە، کەمی دێنن و رێگای بەیەکەوە حاوانەوە هەموارتر دەکەن.

ئارەزوو ناکەم لە وڵاتێکدا بژیم کە تاقانە حیزبێکی دەسەڵاتداری هەبێ، لەولاشەوە زۆر بە زیانی دەزانم هێزی میللەتێکی بە ماف نەگەیشتوی وەک ئێمەی کورد، ئەوەندە پارچە پارچە و بڵاو بێ، کە لە لایەک کەس نەختی کەس نەخوێنێتەوە، لە لایەکی دیکەش لەبەر رەقابەت دەگەڵ یەکتر، دوژمنیان لە یادکردبێ.


بەداخەوە بیری بەیەکەوە حاوانەوە و تەحەمولی یەکتر، لە لای زۆرمان، زۆر کزە. بۆیەش دەرەتانی کەمبوونەوەی حیزبەکان و تێکەل بەیەک بوونمان، لانیکەم بۆ بەشێکی زۆری ئەم نەسلەی ئێستا دەسەڵاتی پێیە،هاسان نییە. دەگەڵ ئەوەش زۆر لەمێژە دەوقەناعەتەدام کە دوو دێمۆکرات و چەند کۆمەڵە، بە بەرنامەی سیاسی زۆر لێک نزیک، بۆ دوارۆژی رۆژهەڵاتی کوردستان، نەتەنیا قازانجی نییە، بەڵکوو دەتوانێ زۆریش زیانبار بێ. هەر ئەوەی کە لە ناوی یەکتر دەپرینگێیینەوە، مانای قبوڵ و تەحومول نەکردنی یەکترە. ئەویش لەسەر عەرزی بێ دەسەڵاتی و دورە وڵاتی! دەئەگەری دەسەڵات و نیشتەجێ بوون لە وڵاتی خۆماندا، ئەم بیرکردنەوانە دەتوانن کارەساتی گەورە و مەترسیداریان لێ بکەوێتەوە.

بۆیەش، دەگەڵ ئەوەی لەسەر هەمومانە چاوێک بە نیاز و ویستە کەسییەکاندا بخشێنینەوە و، بەرژەوەندیە گشتیەکانمان باشتر و گرینگتر ببینین، ئەگەریش ئێستا زەرفیەت و تاقەت و تەحەمولی یەکترمان لە پەنای یەک و دەحیزبێکدا نییە، کە دروست و پێویستە ئەو هێزە دەخۆماندا بەهێز بکەین، دەبێ ئەوەندەی دەکرێ رێگای هاوکاری و لێک نزیک بوونەمان لە یەکتر خۆش بکەین. هەمومان دەزانین هەرکامەو خەلک و هێزی خۆی هەیە و کەس بەکەس دەپەراویز ناخرێ. بەڵام بەرژەوەندی رێکخراوەیی و ناو و ئەم باسە چوکانە، ناتوانن پاساو بن بۆ هاوکاری دەگەڵ یەکترنەکردن و یەکدی قبوڵ نەکردن.

بە شەرایەتی ئێستامان، هەر روداوێکیش لە ناوچەدا بێتە پێش کە وەک کوردی رۆژهەڵات بتوانین بەقازانجی خۆمان بی قۆزینەوە، ئەگەری لەدەستدان و بەفیرۆدانی یەکجار زۆرترە لە قۆستنەوەی هەل و مەرجەکە بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەمان. راست دەوحالەشدا تاوانباری سەرەکی ئێمەین و، خەلکەکەمان مافی خۆیەتی لێپرسینەوەمان لێ بکا.

سەرچاوە: کەمپەینی ٢١ی خەرمانان - رێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# کورتە ڕوونکردنەوەیەک



(سەبارەت بە داوای دڵسۆزان بۆ ڕۆڵ گێڕان لەپێناو یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان)

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

لە ساڵانی دوای لەتبوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و بەتایبەتی لە پێنج شەش ساڵی دوایی‌دا زۆرجار هێندێ کەسی دڵسۆز (بێلایەن یان لەئەندامانی دوو حیزبی دێموکڕات) بەرەوڕوو، بە تەلەفون یان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە داوایان لێ‌کردووم کە هەوڵ بدەم دوو حیزبی دێموکڕات ببنەوە بە یەک حیزب. هەموو جارێ ئەوەندەی گونجاوە وەڵامی ئەو دۆستانەم داوەتەوە کە ڕاستەوخۆ (بەرەوڕوو یان بە تەلەفون) قسەم لەگەڵ کردوون و لە زۆربەی حاڵەتەکانیش‌دا وام هەست کردوە کە قسەکانم جێیان گرتوە. بەڵام لە وەڵامی ئەو کەسانەدا کە بە هەر نیازێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا شتیان دەنووسی بێدەنگیم هەڵدەبژارد.

هەتا ئەم دواییانە کە زانکۆی کۆیە و ئەکادیمیای کوردی بەسەریان کردمەوە و شەپۆلێک لە هاودڵی و دڵگەورەیی دۆستان ڕووی تێکردم. هەر ئەوەندەی بۆخۆم خوێندمنەوە - کە زۆرکەم دەچمە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتی‌یەکان - دیتم بە دەیان کەس و زۆربەی نزیک بە تەواویشیان لەڕووی دڵسۆزییەوە ئەو داوایەیان لە من کردوە. ئەمە ناچاری کردم کە هەرچەند یەکجار بە کورتییش بێ ئەو دڵسۆزانە لەواقعییەتی مەسەلەکە ئاگادار بکەم.

پرسیار ئەوەیە کە داخوا منێک کە هەزارویەک بوختان و بێ‌ڕێزیم لەسەر هەوڵی چارەسەری کێشەی «ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» قبووڵ کرد و تا گەیشتن بەچارەسەری مەسەلەکە کۆڵم نەدا، یان منێک کە نیزیک بە ساڵ ونیوێک پێشی لەتبوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانم گرت، دەکرێ بەرامبەر بە پەرش‌وبڵاویی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردی

خۆرهەڵات و بەتایبەتی لەبەریەکترازانی ڕیزی دێموکراتەکان خەمسارد و بێتەفاوەت بم؟ ئەمن دەڵێم ئەو چاوە کوێر بێ کە بە یەکگرتوویی دێموکراتەکان هەڵنایە و ئەو دڵە شەقارشەقار بێ کە حەزی لە پەرشوبڵاویی هێزکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی خۆرهەڵاتە.

ئەدی گیروگرفتەکە لە کوێدایە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئێستا هەر ئەوەندە دەڵێم کە جگە لەوەی ئەندامی ڕێبەرایەتیی هیچکام لە دێموکراتەکان نیم، وەک ڕیشسپییەکیش لە لای هیچکام لە دێموکراتەکان لە مەوقعییەتێکدا نیم کە بتوانم لەو پێوەندییەدا ڕۆڵێک بگێڕم. هیوا و تکام ئەوەیە دڵسۆزان و سەروەران جارێ بەم کورتە ڕوونکردنەوەیە لێم ڕازی بن و هەر کاتێکیش هەر دووک یان هەریەک لە دێموکراتەکان بەڕەسمی ئەم قسانەی منی ڕەت کردەوە ئامادەم باسەکە ورد بکەمەوە و کورد گوتەنی «خۆم لەو خەجاڵەتییە دەرباز بکەم»

عبدالله حسن زادە

٥ - ١ - ١٣٩٨ (٢٥ - ٣ - ٢٠١٩)

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر

-------------------------------------------------

## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی "دیالۆگ لە پێناو یەکخستنەوەی ماڵی دیمۆکرات"




کۆنفرانسی "دیالۆگ لە پێناو یەکخستنەوەی ماڵی دیمۆکرات بە بەشداری ژمارەیەک لە چالاکان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ستۆکهۆڵمی وڵاتی سوێد بەڕێوە چوو. لەو کۆنفرانسەدا سێ کەس وەک نوێنەر بۆ سەردان لە ڕێبەرایەتییەکانی حیزبی دێموکرات و گەیاندنی پەیامی کۆنفرانس دیاری کران و داواکاری و ڕاسپاردەیەک ئاراستەی بە ڕێبەرایەتی حیزبی

دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب کرا.

ڕۆژی شەممە ٦ - ٤ - ٢٠١٩ کۆنفرانسی "دیالۆگ لە پێناو یەکخستنەوەی ماڵی دیموکرات" لە شاری ستۆکهۆلمی پایتەختی سوید بەڕێوە چوو. کۆنفرانس بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێ دەنگی بۆ یادی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. ئەو کۆنفرانسە کە لەلایەن بەڕێزان مەستوورە سوڵتانی و مەریوان نستانی بەڕێوەچوو لە دوو پانێل کارەکانی خۆی درێژەدا. سەرەتا مەجید حەقی کورتە ڕاپۆرتێکی لەمەڕ هۆیەکان و کار و چالاکی و ئەنجامەکانی چالاکیەکانی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان پێشکەش کرد.

لە پانێلی یەکەمدا کە لەژێر ناوی: "خەسارناسی لێکترازان و پێویستی یەکگرتنەوە" بەڕێوە چوو هەریەک لە بەڕێزان دکتۆر حوسێین خەلیقی، دکتۆر خالید خەیات و رامبود لوتف پوری لە پێوەندی لە گەڵ خەسارەکانی لێکدابران لە روانگەکانی ئەزموونی مەیدانی، تیۆری سیاسی و کۆمەڵناسانەوە باس کرد.

لە پانێلی دووەمدا لە ژێر ناوی "کردنەوەی دەرگا داخراوەکان بەرەو داهاتوویەکی چاکتر، ڕێ و شوێن و مکانیزمەکانی یەکگرتنەوە" بەڕێزان عەبدوڵا حیجاب و گوڵالە شەرەفکەندی باسی ئەو ڕێکارانەیان کرد، کە دەتوانن زەمینەی یەکگرتنەوەی ریزەکانی دێموکرات خۆش بکەن و بەربەست و هاندەرەکانی یەکگرتنەوەی ماڵی دێموکراتیان شی کردەوە.

بەشی دیکەی کۆنفرانسەکە تەرخان کرا بۆ راو بۆچوونی بەشدارانی کۆنفرانس و لەکۆتاییدا داواکاری و راسپاردەکانی کۆنفرانسی "دیالۆگ لە پێناو یەکخستنەوەی ماڵی دیموکرات" پەسەند کرا.

**دەقی داواکاری و راسپاردەکانی کۆنفرانسی "دیالۆگ لە پێناو یەکخستنەوەی ماڵی دیموکرات" بە شێوەی خوارەوەیە:**

**داواکاری و راسپاردەکانی کۆنفرانسی "دیالۆگ لە پێناو یەکخستنەوەی ماڵی دیمۆکرات"**

هاونشتیمانانی بەڕێز

ئەندامان و لاینگرانی حیزبی دیمۆکرات

**کۆنفرانس بە لەبەرچاو گرتنی ئەم خاڵانە:**

١- ئەوەی کە لێکدابڕانەکانی رابردوو زیانێکی گەورە و قەرەبوونەکراوەیان بە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان گەیاندووە و بوونە هۆی لێکترازانی هێز و وزەی چالاک و خەباتکار و لە دەستدانی بڕوای کۆمەڵایەتی.

٢- دابڕانەکان بوونەتە هۆی لاواز بوونی رێژەیی و پاسیڤ بوونی ئەندامان و رێکخراوەکانی حیزبی.

٣- کۆماری ئیسلامی ئێران هەموو هەوڵێکی داوە بۆ قووڵبوونەوەی کێشەکانی ناو بزاڤی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لێکدابڕاوانەکانیش کارەکەی بۆ ئاسانتر کردووە.

٤- دابڕانەکان بوونەتە هۆی ئەوەی هێزە ماددی و مرۆڤییەکان نەتوانرێن لە ئاست پێویستی بزاڤی نەتەوایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان بەکار بهێنرێت و بەشێکی بەرچاو لە پسپۆری، توانایی و سەرمایە مرۆڤیی و ماددیەکانی نەتەوەکەمان بە فیڕۆ بچێت.

٥- درێژەکێشانی لێکدابڕانەکان و نەبوونی پلانێکی روونی یەکگرتنەوە لە لایەن لایەنەکانی دیمۆکرات بۆتە هۆی گەشەکردنی نەوەیەکی لێکدابراو و پەرەسەندنی توندوتیژیی پێکهاتەیی و دەروونی دژی یەکتر.

٦- هەلومەرجی دوای مانگرتنە سەرانسەرییەکەی ٢١ی خەرمانانی ساڵی ٢٧١٨ لەرۆژهەڵاتی کوردستان و داخوازیی خەڵک بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە رێوڕەسمەکانی نەورۆزی ساڵی ٢٧١٩ لە پێناو یەکڕیزیی نەتەوەیی و سیاسیی بزاوتی رزگاری خوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستان.

٧- بۆ وەڵامدانەوەی ئەرێنی بە داخوازیی گەل و رێز گرتن لە ویست و هەڵوێستی بوێرانەیان و هەروەها بە مەبەستی دیاریکردنی ئادرەسێکی بەهێز و جێی متمانە بۆ بەدواداچوون و سەرپەرشتیی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکی جیددی و بنچینەیی لە بارودۆخ و باڵانسی سیاسیی ناوچەکەدا.

**کۆنفرانسی "دیالۆگ لە پێناو یەکخستنەوەی ماڵی دیمۆکرات" داوا لە رێبەری هەردوو بەشی حیزبی دێموکرات دەکات کە:**

١- جیابونەوە و لێکدابڕانەکان جگە لە خەسار بۆ جوڵانەوەی کورد هیچ قازانجێکی نەبووە و هۆیەکان و دەرئەنجامەکانی لێکدابڕان بە کارێکی نەرێنی و جێی رەخنەی توند دەزانین، بۆیە داوا دەکەین وتووێژەکانی یەکگرتنەوەی لایەنەکانی دیمۆکرات بە خێرایی دەست پێ بکەنەوە و ئەو رەوتە بە ئامانجی دڵخواز واتە یەکگرتنەوەی یەکجاری بگەیەنن.

٢- لێژنەیەکی لووتکە بە بەشداری لێپرسراوی گشتی و سکرتێری گشتی بۆ بەرێوەبردن و چاوەدێری بەسەر رەوتی دیالۆگ و یەکگرتنەوەدا دابمەزرێنن.



سەرچاوە
Serchawe

٣- لیژنەیەکی هاوبەشی چارەسەری بە پلانی دیاریکراووەوە بۆ یەکگرتنەوە پێکبهێنن کە بریتی بێ لە نوێنەرایەتی هەردوو بەشی حیز ب و کارناسانی بواری ڕێکخراوەیی .
٤- قەوارەی پێشنیاری بۆ حیزبی دیموکراتی یەکگرتوو بە کارناسان و پسپۆرانی هەردوو بەشی حیزب و کەسانی بێلایەن بسپێردرێت و بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە وڵامی پێویستیەکانی سەردەمییانەی جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات بداتەوە.
٥- بە مەبەستی نزیک بوونەوەی کولتووری ڕێکخراوەیی و خوڵقاندنی گیانی یەکگرتوویی دەست بکەن بە بەڕێوەبردن و جێبەجێ کردنی پرۆژەی هاوبەش بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات.
٦- بەشداری کردن لە بۆنە و ڕێوڕەسم و کۆڕوکۆبوونەوەکانی یەکتردا.
٧- بە ڕاگەیاندنێکی هاوبەش ئەندامانی هەردوولا ڕێنوێنی بکرێن کە خۆیان لە کێشەخوڵقاندن و دووبەرەکی نانەوە بپارێزن.
٨- بە شێوەیەکی خێرا و ماوە بۆ دیاری کراوهەوڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی بدرێت
٩- پێکهێنانی کەشێکی میدیایی یەکگرتووخوازانە کە لایەنەکان خۆیانی تێدا ببیننەوە.
١٠ کۆنفرانس بە مەبەستی هاوکاری و یارمەتیدانی ڕەوتی گفتوگۆکان و پرۆسەی یەکگرتنەوە شاندێکی بریتی لە هاوڕێیان دکتۆر حوسێین خەلیقی، دکتۆر خالید خەیاتی، مەجید حەقی بۆ جێبەجێکردنی دوو بابەت دیاری کردوە:

**یەکەم**: سەردانی سەرکردایەتیی هەر دووک بەشی دیمۆکرات لە کوردستان و گفتوگۆ لە گەڵیان لە مەڕ بابەتی یەکگرتنەوە.
**دووهەم**: بەشداریی ئەم شاندە لە گفتوگۆکانی یەکگرتنەوەی هەردوولایەنی دیمۆکراتدا.

**کۆنفرانس داوا لە ئەندامانی هەردوو بەشی حیزبی دیمۆکرات دەکات کە:**

١- پرسی یەکگرتنەوە چیترپرسێکی ئۆرگانیک و تەشکیلاتیی ناوخۆیی نیە، ئەو پرسە پێوەندی بە چارەنووسی نەتەوەی کورد لە هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، بۆیە داوا دەکەین هەرکام لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکرات بە لەبەرچاوگرتنی پێویستیی یەکگرتوویی و یەکریزی ڕیزەکانمان و بۆ بتەوکردنی یەکیەتیی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی دیمۆکرات هەموو هەوڵی خۆیان بۆ هاندانی سەرکردایەتیی حیزبی دیمۆکرات لە مەڕ جێبەجێ کردن و بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەی یەکگرتنەوەدا بدەن.
٢- ئامانجی خەبات بۆ یەکگرتوویی حیزب، بەهێزکردنی حیزبەکەمان و پەرەپێدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە نێو جوڵانەوەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە، بۆیە هەرکام لە ئێمە ئەرکێکی نشتیمانیمان لەسەرە بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی

حیزب هان بدەین بۆ بەجێ گەیاندنی رەوتی یەکگرتنەوە.

١- درێژخایەن بوونی رەوتی گفتوگۆکانی یەکگرتنەوە دەبێتە هۆی داهێزان و لاوازبوونی گیانی پێکەوە بوون و بێهیوا بوونی گەل لە حیزبەکانیان.
٢- هەوڵدان بۆ یەکخستنەوەی ماڵی دیمۆکرات، بەهێزکردنی پڕەنسیپی "هەوڵدانە بۆ بەهێزکردنی یەکیەتیی تەشکیلاتی و سیاسیی حیزب" کە لە پێڕەوی ناوخۆیی هەردوو بەشی حیزبی دیمۆکراتدا هاتووە.
٣- بەناردنی نامە، پێشنیار و پێوەندی هاندەری رێبەرایەتیەکانی حیزبی دیمۆکرات بین بۆ وەگەرخستنەوەی پرسی یەکگرتنەوە و جێبەجێ کردنی ویستی خەڵکی کوردستان.

حیزبی وڵامدەرو بەرپرس ناتوانێت بەرامبەر بە داخواز و ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێدەنگ بێت و پێویستە نمونەی دیمۆکرات بوون، دەروەست بوون بەرامبەر پڕەنسیبەکانی دیمۆکراسی و بایەخە نەتەوایەتییەکان بێت.

لە کۆتاییدا کۆنفرانس روو لە هەموو ئەندامان و لایەنگران و دڵسۆزانی دیمۆکرات و بە تایبەت خەڵکی یەکگرتووخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات و بەڵێنیان پێ دەدات کە لە رێگای کەمپەینی ٢١ی خەرمانانەوە هەموو هێز و وزەی خۆی لە پێناو ئامانجی یەکگرتنەوەدا وەگەڕ بخات و راستگۆیانەش ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی خۆی رابگەیەنێت.

بەشدارانی کۆنفرانسی "دیالۆگ لە پێناو یەکخستنەوەی ماڵی دێموکرات "ستۆکهۆلم





سەرچاوە: ماڵپەڕی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان - رێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاگەیندراوی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان لەسەر بڕیاری دەرکردنی هاوڕێ مەجید حەقی لە حدکا




کەمپەینی ٢١ی خەرمانان بەداخبوونی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ وەرگرتنەوەی مافی ئەندامەتی لە بەڕێز د. مەجید حەقی لە لایەن حدکاوە ڕادەگەیەنێت.

زۆر بەداخەوە بەرپرسایەتیی هاوڕێ مەجید حەقی لە سێپتامبری ٢٠١٨ بە هۆی بەشداریی لە دامەزراندنی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانەوە هەڵپەسێردرا و لە ڕێکەوتی ١٧ - ٤ - ٢٠١٩ بە هەمان هۆکار لە لایەن دەستەی کارگێڕی حدکا وە بڕیاری لێئەستاندنەوەی مافی ئەندامەتی ناوبراو درا.

ئەو بڕیارە دوای سازدانی کۆنفرانسی دیالۆگ لە پێناوی یەکخستنەوەی ماڵی دێموکڕات لە ڕێکەوتی ٦ - ٤ - ٢٠١٩ لە سوێد کە لەلایەن کەمپەینی٢١ی خەرمانان بەمەبەستی گفتوگۆ و خەسارناسی لێکدابڕانەکان پێکهاتبوو، دراوە.

هەوڵدان بۆ یەکڕیزی و یەکیەتی سیاسی و تەشکیلاتی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات، ئەرکێکی سیاسی، نیشتمانی و بناغەیی هەموو دڵسۆزانی یەکڕیزی نەتەوەی کوردە.

ئێمە وەک لیژنەی بەڕێوەبەریی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان، دەرکردنی ئەندامان بەو هۆیەوە بە پێچەوانەی پێڕەوی حیزبی و بە دوور لە پرەنسیبی حیزبی دێموکڕات دەزانین و پێمان وایە بەو شێوەیە نە حیزبی دێموکڕات گەشە دەکات و نە ئەندامان هەست بە ئەمنیەت لە ناو ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا دەکەن.

ئەوجۆرە سزادانانە بەرهەمی کەشی دوای لێکدابڕان و ئینشعابەکانی ناو حیزبی دێموکڕاتن و تەنیا یەکیەتی و یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب دەتوانێت پێش بە دیاردەی لەو شێوەیە بگرێت و هیوای گەشە و پێشکەوتن لە ناو ڕیزەکانی

حیزبی دێموکراتدا بەهێز بکات.

کەمپەینی ٢١ی خەرمانان هیواداره سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەو پێوەندیەدا بەهەستکردن بە ڕەساڵەتی لەمێژینەی خۆی و هەروەها پێویستیی یەکگرتنەوە لە پێناو یەکڕیزی نەتەوایەتی، پێداچوونەوە بە هەڵویستی خۆیدا بکاتەوە و چالاکی ئەندامان بۆ یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی دێموکرات وەک تاوانێکی تەشکیلاتی لێک نەداتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٩

----------------------------------------------------------

## بۆ کۆنگرەی هەڤدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان




هاوڕێیانی بەڕێزی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەشدارانی هێژای کۆنگرەی ١٧ی حدک

لە لێکدابرانی ٦ - ١٢ - ٢٠٠٦ەوە تا ئەمڕۆ ئەمە حەفتەمین کۆنگرەی دوو لایەنی حیزبی دێموکراتە کە دەبەسترێت. سێزدەساڵ بە لێکدابراوی، سێزدەسال بە واتای گەورەبوون و بەشداری ئەو کەسانە لە ژیان و پرۆسەی خەباتی سیاسیدا کە کاتی لێکدابرانەکە تازە منالی هەفت ساڵە بوون. نەسڵێک کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان پێک دێنێت، لە قۆناغی دوای لێکدابرانەکاندا پێگەیشتووە، بووە پێشمەرگە، تێکەڵی خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی بووە. لە گەڵ زاراوەکانی لێکجیاکەرەوە ئاشنا بووە. سێزدە ساڵە نەوەکانی نوێ دروشم وکردەوەی جیاواز لە ڕێبەرانی هەردوو بەشی حیزبی دیموکرات دەبینن.

ئێوە کە خەریکی بەستنی کۆنگرەی خۆتانن، دڵسۆزانی نەتەوەی کورد، پێشمەرگەکان و ئەندامانی هەردوو بەشی حیزبی دێموکرات چاوەوانی ئاکامی کۆنگرەکەتانن، داخوا وەڵامی ویستی خەڵکی کوردستان کە دوای کارەساتی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ٢٠١٨ لە ٢١ی خەرمانان درایەوە دەدرێتەوە؟

پیرۆزبایی بەرێوەچوونی هەڤدەهەمین کۆنگرەکەتان دەکەین، بەو هیوایە بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئەمڕۆی دۆخی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا و بە لەبەرچاوگرتنی پێویستی هەنووکەیی و یەکبێژی یەکریزی خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بڕیاری یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لە کۆنگرەی ئێوەوە وەک مزگێنی بە بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی کوردستان بدرێت.

هاورێیانی بەرێز،

ئێمە دەزانین لە ماوەی ساڵانی رابردوودا سەرەرای ئاواتی بەشی هەرەزۆری ئەندامانی بنەماڵەی دێموکرات و خەڵکی کوردستان هیچکام لە هەوڵەکانی پێشووی دوولایەنی حیزبی دێموکرات بۆ یەکگرتنەوە بە ئاکام نەگەیشتوون. ئەم بەیەک نەگەیشتنانە بوونەتە هۆی تۆی دڵساردی لە ناو کۆمەڵانەی خەڵک و نەیارانی بزاڤی نەتەوایەتیمان توانیویانە دەرفەتی لێکدابرانەکان بە باشترین شێوە دژی حیزبەکەمان بەکار بێنن. بۆیە بەناوی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان لە ئێوە هاورێیانی بەرێز داواکارین بەهەست بە بەرپرسایەتی مێژوویی و بەهەست بەوەی کە تەنیا رێگای سەرکەوتن و گەیشتن بە ئاواتە هاوبەشەکانمان یەکگرتنەوەیە، کۆنگرەی هەڤدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕیار و پەیامی یەکگرتووخوازی خۆی دووپات بکاتەوە و لە پێناو جێبەجێ کردنیدا رێبەرایەتی داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرپرسیار بکات.

ئێمە و خەڵکی کوردستان چاوەرێی وەڵامی ئەم داوایەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەمپەینی ٢١ی خەرمانان - رێکەوتی: ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## باسی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات بۆتە خەمی دڵسۆزانی دێموکرات




**یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکڕات ساڵانێکە باس و بابەتی دڵسۆزان و خەمخۆرانی تەبایی و یەکڕیزییە.**

دوای کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکڕات و کێشە و ناکۆکی و لەتبوونی حیزب، دڵسۆزان و خەمخۆرانی ئەم حیزبە بەشێوەی جۆراوجۆر لە ڕێگەی پێکهێنانی کەمپەین و نووسینی نامە و سەردان و داواکاریی، خوازیاری وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات بوون و لەم ساڵانەدا دەیان کۆبوونەوەی جۆراوجۆر لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا ئەنجام دراوە، بەڵام تا ئێستاش بە ئاکامێکی دڵخواز و کردەیی نەگەیشتوون.

لەم ڕۆژانەدا بەڕێز مامۆستا "عەبدوڵڵا حەسەنزادە" کەسایەتیی ناسراو و سیمای دیاری نێو بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلەکەمان و یەکێک لە ڕێبەرانی ناوداری حیزبی دێموکڕات، داواکارییەکی ڕوو بە ڕێبەرایەتی دوو لایەنی دێموکڕات بڵاو کردەوە و داوای کردبوو بۆ بەرژەوەندی گەل و یەکریزی و تەبایی نێوماڵی کورد، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کێشە و ناکۆکییەکانیان وەلابنێن و یووبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکڕات واتە جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات بکەنە مزگێنی یەکگرتنەوە بۆ خەڵکی کوردستان و ئۆگرانی حیزبی دێموکڕات.

دوای بڵاوبوونەوەی داواکارییەکەی بەڕێز مامۆستا حەسەنزادە، بەرپرسانی هەردوو لایەنی دێموکرات لە مێدیاکاندا ڕاوبۆچوونی خۆیان لەو بارەوە دەربڕی و ئەندامانی هەردوولا لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا خۆشحاڵی خۆیان لە دەسپێکردنەوەی گەڕێکی دیکەی وتووێژەکان ڕاگەیاند.

تێکۆشەری سیاسی و ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕات بەڕێز "بابا عەلی میهرپەروەر" یەکێک لەو

دڵسـۆزانەیە کە سـاڵانێکە لەو ڕێگەیەدا خەمخـۆرانە هەوڵ دەدا و ئەویـش لە پەیامێکـدا خۆشـحاڵی و ئامـادەیی خـۆی بـۆ چارەسەری ئەم پرۆسەیە ڕاگەیاندووە.

بێگۆمان خۆشەویستی و جێگە و پێگەی حیزبی دێموکڕات لەنێو گەلی کـورد و خەبـاتی مـافخوازانەی ئەم گەلەدا، بـۆتە هـۆی ئەوەی کە خەڵک بە سەرکەوتنەکانی خۆشحاڵ و بە دابڕان و کارەسات و ڕووداوەکانی پێوەندیدار بەم حیزبەوە نیگەران بـن. حیزبی دێموکڕات خاوەنی دەیان ساڵ خەباتی پڕ لە شانازی، دامەزرێنەری کۆمار و خاوەنی ئـاڵا و پێشمەرگەی کوردستان و شـەهیدانی سـەرکردەی وەک سـەرۆک کۆمـاری یەکەمـین حکـوومەتی کوردسـتان و دوکتـۆر قاسملوو و دوکتـۆر شـەرەفکەندی و هەزاران شـەهیدە کە ئەوەش بـۆ هێـز و توانـا و گەورەیـی حیزبـی دێـموکڕات دەگەڕێـتەوە، هەر بەم بـۆنەوە خەڵکـی کـورد چـاوەڕوانن تـا حیزبێکـی تەبـا و یەکگرتـوو لە مەیدانـدا ببیـنن و هەمـوو بە یەکەوە دژ بە دوژمنـانی گەلەکەمـان درێـژە بە خەبات بدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی ٢١ی مای ٢٠٢٠

---------------------------------------------

## هەفتەیەک و سێ هەنگاوی دڵخۆشکەر



**برایم جەهانگیری**

لە هەفتەی ڕابردوودا کیشەو ناکۆکیە ناوخۆییەکانی حدکا گەیشتە ئاستێک کە گوازرایەوە بۆ دەرەوەی تەشکیلاتیش، بەڵام بە خۆشییەوە ڕێبەرایەتی حدکا خەونی ناحەزانی لە گۆڕ نا و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی حیزب بەرپرسانە هاتە دەست و تا ئێرە وادیار کۆتایی بەو گرفتانە هاتووە کە هەموو دڵسۆزێکی نیشتمان و هەموو وەفادارێکی دێموکراتی نیگەران کردبوو.

ئەمە یەکەم هەنگاوی دڵخۆشکەر بوو کە بەدڵنیاییەوە گەلێ خەڵکی ڕۆژهەڵات و زۆرینەی دڵسۆزانی حیزبی دێمۆکرات پێی گەشانەوە و تەمی ئەو نیگەرانیەیان لە سەر ڕەوییەوە کە بە هۆی ئەو ناخۆشی و کێشانە کەوتبووە نا حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. بۆیە لای من ئەو خەبەرەیان لە ڕێزبەندی یەکەم هەواڵە دڵخۆشکەرەکان دا دێ.

دووهەم شت دەنگێکی بەهێزی یەکگرتنەوە خوازی بوو کە لەناو سەرکردایەتی و بەدەنەی حدکا دا بە ئاشکرا سەری هەڵدا، یان باشتر بلێم بوو بە دەنگی زوڵاڵ و ئاشکرای یەکگرتنەوەخوازان. کە دڵنیام ئەو نیەتە ئێستا سەرتاپای حدکای بە خودی کاک مستەفا هیجریشەوە وەک لێپرساوی گشتی حدکا گرتۆتەوە.

سێهەم ڕەنگدانەوەی ئەو داوایە و ئەو خاڵەی یەکگترنەوە خوازی کە لە ناو داواکارییەکانی بەشێکی بەرچاو ودیاری هاوڕێیانی حدکا دا هەبوو لە ناو حدک دا و لە ئاکام دا پەیامە جوان وڕاستگۆیانەکەی مامۆستا حەسەنزادەی لێکەوتەوە کە ئیتر ڕەوتی یەکگرتنەوە خوازی بوو بە تەوژمێکی بەهێز و هەموو دڵسۆزانی گەل و نیشتمان چاوەڕێی هەنگاوی گەورەتر و

کردەیین کە بە زوویی خەبەرە خۆشەکان بکاتە خاڵێکی وەرچەرخانی نوێ لە خەبات و لە هەمووش گرینگتر لە بە خۆداهاتنەوەو پەند وەرگرتن لە ڕابردوو و لە ئاکام دا زۆر بەخێرایی، بەڵێ زۆر بەخێرایی ئەو حیزبە کە یادگاری هەزاران شەهیدی سوورخەڵاتی گەل ونیشتمانە، یادگاری سەرکردە شەهیدەکانی دێمۆکرات، قازی و قازسملوو و شەرەفکەندییە یەک بخاتەوە.

گومان لەوە دانیە ئەوخەڵکەی کە لە لە باشووری کوردستانن وبناخەی حیزبیان بە هیمەت و فیداکاری و لە خۆبردوویی خۆیان ڕاگرتووە، لەگەڵ ئەوەی کە هەڵە و کەتنی گەورەشیان کردووە بەڵام کۆڵەکەی سەرەکی پاراستنی ساختار و تەشکیلات و بوونی حیزبن. بۆیە ئەگەر بە چاوێکی واقعبینانەوە سەیری ڕوودا و پێشهاتەکان بکەیەن دەبینین کە هەلوومەرج وامان لێدەخوازێ کە ئەوانەی کوتکێکی ئاسنینیان بۆ کوتانی حیزب و سەرکردایەتی ئەو حیزبە بەدەستەوە گرتبوو ئەوجار کوتکەکە بخەنە لاوە وبە هەموو توانایان پشتگیری ڕەوتی یەکگرتنەوە و وەسەریەکخستنەوە ولەئاکامدا گەڕانەوەی شکۆو هەیبەتی حیزبی دێمۆکڕات بکەن. لەهەمان کات دا لە پێشنیاری جوان و بەکەڵک و گونجاوبۆ یەکگرتنەوە خۆ نەبوێرن بەلام ئیتر نسیحەت وەلا بنێن و با چیدیکەش کای کۆن بە با بەنەکەین ونەبینە قازی و خەتاکار وبێخەتا دەستنیشانا نەکەین. ئەگەر خەتا کرابێ کە کراوە هەموو کردوومانە و کەسمان لێی بێبەری نین، با لە جیاتی گەڕان و لێکۆڵینەوە ووەدووکەوتنی کێ خەتای کرد و کێ نەیکرد بەدوای خەتاکان دابگەڕێین و هەڵەکان دەست نیشان بکەیەن، لەئاکام دا هەول بدەین دووبارەیان نەکەینەوە.

**کۆتا قسەم:**

خەڵکی کوردستان و لە سەرووی هەمووانەوە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، ئەندامان و لایەنگران و دڵسۆزانی حیزب لە هەموو لایەکەوە چاوی هیوایان بڕیوەتە هیمەت و بڕیاڕی لێبڕاوانە وکردەیی بۆ یەکگرتنەوە.

یەکگرتنەوە گەوەرترین زەبرە لە پەیکەرەی فاشیزمی مەسەبی کە چەندین ساڵە بە بەرنامە کار لە سەر هەڵوەشان و کەرتکردن ولەتو کوتکردنی حیزبەکان دەکا، لەبەرامبەردا یەکگرتنەوە دەبێتە تەوژمێکی بەهێزی هیوا وهومێد لە دڵ و دەروونی خەڵکی کوردستاندا و بەدڵنیاییەوە ئەمجارە حیزب لە خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێی هیوابەخش.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی مای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## چەند دێرێک لە سەر دەنگوێ تازەی یەک گرتنەوەی هەر دوو باڵی دێموکرات.



**نەریمان مەنبەری**

حەز ئەکەم لە پێش دا ئەوە بڵێم کە هیچ گەلێکی زیندووی ئەم دنیایە،لە سەرکردە و ڕێبەرانی قبووڵ ناکات، هەر چێک ئەوان (سەرکردە و ڕێبەران) پێیان خۆش بێت بیکەن.

لە نێو گەلانی زیندووی دنیا دا، سەرکردە و ڕێبەر خزمەت کاری خەڵکن و وەختێک لەو ڕێگایە لایان دا، هیچ لە سەر کارەکەیان لایان دەبەن، بەڵکوو بە ئەندازەی وەزنی لادانەکەێچیان سزایان ئەدەن.

بەڵام لە لای ئێمەی کورد و زۆر گەلی مردوی دیکەش، سەرکردە و ڕێبەرانمان، نەک هەر نابنە خزمەت کاری خەڵک، بەڵکوو خەڵکیش ئەکەن خزمەت کاری خۆیان و تەنانەت بنەماڵەکانیچیان!

ئەوان (سەرکردەو ریبەرانمان) لە پێناو گەیشتن بەو دەسەڵاتە ڕەهایە،
کام ڕێگا لە خۆی ناشیرنتر نیە، دەیگرێنە بەر
هەر وەخت پێیان خۆش بێت ،ئاژاوە لە نێو حیزبەکان و کۆمەڵگا درۆس ئەکەن
هەر وەخت پێیان خۆش بێت حیزبەکان لەت و پەت ئەکەن
هەر وەخت بە سەلاح یان زانی دەیانخەوە سەر یەک و.... هیچ وەختیش ترسی ئەوەیانە نەبوە کە گەل سزایان بدات.

بۆ کەس شاراوە نیە،کە باسی تازەی یەک گرتنەوەی هەر دوو باڵی دێموکرات، دنیایێک خۆشحاڵی خستوەتە ناو دڵی ئەو

کەسانە کە یەک ڕیزی ناو ماڵی کوردیان بە گشتی و یەک ڕیزی دێمۆکراتەکانیان بە تایبەتی پێ خۆشە (بۆ نەیارەکان پێچەوانەکەیە) و منیچ وەک تاکێکی دڵسۆزی گەلەکەم و کەسێک کە بەشێکی بەرچاو لە تەمەنم لە نێو حیزبی دێمۆکرات دا بە سەر بردوە، بەو هەواڵە گەلێک خۆشحاڵم.

بەڵام من پێچەوانەی ئەو دۆست و هاوڕێیانە کە دایم ئەڵێن با کای کۆن بە با نەکەین و خوێ بە برینەکان دا نەکەین، ئەڵێم با لانی کەم گشتمان پێکەوە داوا لە بەرپرسانمان بکەین بۆ قبووڵ کردنی ئەم دوو خاڵەی خوارەوە.

**یەکەم**: بە ئاشکرا و بێ هیچ پێچ و پەنایێک، دان بە تاوانەکانی خۆیان دا بنێن

**دووهەم**: روو لە خەڵکی کوردستان و بەدەنەی دێموکراتەکان بکەن و داوای لێبوردن یان لێ بکەن.

من پێم وایە ئەگەر بێت و بەرپرسانی دێموکراتەکان ئەو تەوانە لە خۆیان نیشان بدەن و ئەم دوو خاڵە قبووڵ بکەن.

**یەکەم**، گەورەیی خۆیان نیشان ئەدەن

**دووهەم**، ئیدی کەس حازر نابێت باسی کای کۆن بکات و خوێ بە برینەکان دا بکات

**سێهەم**، یەکڕیزیکی قایم و پتەو لە نێو ڕیزەکانی دێموکرات دا دروس ئەبێت و ئیتر کەس بە مەیل خۆی دابڕان و سەر یەک خستەوە دروس ناکات

**چوارەم**، و لە هەمووی گرینگتر فێری ئەوە ئەبین کە وەک خەڵکانی زیندووی دنیا بژین.

من قەناعەتم وایە سەر یەک خستەوەی دێموکراتەکان کارێکی ئەوەندە گران نیە، بە شەرتێک بەرپرسان و دەسەڵات دارانی دێموکراتەکان، بە خۆیان دا بچنەوە و واز لە باند و باند بازی، ناوچەگەرای، خۆ فەرز کردن و دەسەڵات خوازی بێنێن و ئەو دوو خاڵە قبووڵ بکەن و داوای لێبوردن بکەن.

ئەم داوایە، داوایێکی زۆر قورس و گران نیە و پێم وایە بۆ هێزەکانی دیکەی کوردستانیش کە دابڕان و ئێنشعاب لە نێویان دا رووی داوە، داوایێکی رەوا بێت.

حەز ئەکەم روو لەو هاوڕێ و دۆستانە یچ بکەم کە خۆیان لە من بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد پێ دڵسۆزترە و ئەڵێن

ئەم جۆرە باسانە تەنیا دڵی دوژمن خۆش ئەکات، یان جار و بار ئەڵێن دوژمنی لێ گادار ئەبێت! ئێوە ئازادن چۆن بیر ئەکەنەوە، بەڵام تکایکی دۆستانە و هاوڕێیانە، لە خەڵکانی وەک من گەڕێن، با قسەی خۆمان بکەین.

من نایشارمەوە و لە دڵەوە قەناعەتم وایە یەکێک لە هۆکارەکانی زیندوو نەبوونی گەلی ئێمە، خەڵکانی وەک ئێوەن کە لە بەرانبەر کار و کردەوەی خراپی بەرپرسان و حیزبەکان، بێدەنگیتان کردوەتە پیشە.

ئەوەیش بڵێم من هیچ کەسێک لە خۆم بە دڵسۆزتر نە بۆ حیزبی دێمۆکرات نە بۆ گەلەکەم نازانم، بەڵام ناتوانم لە بەرانبەر خراپ کاری بەرپرسان و حیزبەکان بیدەنگ بم و بێ دەنگیم پێ نەوعێک خیانەتە.

ماوەتەوە بڵیتم، من لێرەوە پشتیوانی بێ دریغی خۆم بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەرئەبڕم و لەو پێناوەیش دا هەر کارێکم لە دەس بێت، بە قسە نا، بەڵکوو بە کردەوە دریغی لێ ناکەم.

هیوادارم لەمەو لا گەلی کوردیش وەک گەلانی زیندووی دنیا، لەمە زیاتر لە ڕێبەران و بەرپرسانیان قبووڵ نەکەن کە هەر شتیک پێیان خۆش بێت بیکەن و ترسی سزا دانیچیان نەبێت.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی مای ٢٠٢٠

---------------------------------------------------

## هیوایەکی نوێ



**بابە علی مهرپەروەر**

جارێکی دیکە و ئەمجارە بەگوروتینێکی نوێوە پرسی یەکگرتنەوەی هەر دووبەشی حیزبی دیموکرات هاتوەتەوە بەر باس. من بەش بەحاڵی خۆم وەک کەسێک چ بۆ پێشگرتن لە دابڕان و چ بۆ سەریەکخستنەوەی دووبارەی دووبەشی لێکدابڕاوی حیزب هەوڵی زۆرم دا کەبەداخەوە ئیستاشی لەگەل بێ سەرکەوتوو نە بووم. بەڵام لەبەر ئەوەی هەم دابەشبوونەکە خەسارێکی مەزن بوو هەم سەریەکەوتنەوەکە بایەخێکی زۆری بۆ بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ، ئەو پرسە هەر زیندوە و دوای ماوەیەکی زۆر لە بێهیوایی بۆ یەکبوونەوەی حیزبی دیموکرات، ئیستا بەلەر چاوگرتنی هەلومەرجێکی گونجاو کە هاتوەتە کایەوە هیوایەکی نوێ بۆ یەکبوونەوەی دووبارەی حیزب پەیدا بوە. وەک دەزانین لەم چەند رۆژەی رابردوودا کۆمەڵێک لە رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەچوار چێوەی ریزە داخوازێکی چاکسازیانە، پێویستی یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزبیشیان بەجێدی(بەوتەی خۆیان) هێناوەتە ئاراوە و لەدیدار وچاوپێکەوتنی دواجاریان لەگەل بەرێز لێپرسراوی گشتیی حیزب مواففەت و رەزامەندی لەسەر دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان دەربڕاوە. هەر وەها لەم یەک دوورۆژی رابردوودا وتارێکی هیوابەخش سەبارەت بە چارەسەری کێشەی دوودیموکرات لەلایەن بەرێزمامۆستا عبدالله حسنزادەوە بڵاو کراوەتەوە کەلەگەڵ پێشوازیەکی باش بەرەوروو بوە و دەتوانی بۆ ئەم گەرە لە وتوێژەکان یارمەتی دەربێ. بۆیە بۆجارێکی دیکە داوای دڵسۆزانەم لە هەردوولا دووپات دەکەمەوە کە چیتر کات بەفیرۆمەدەن و بۆ جارێک و بۆ هەمیشە ئەو بابەتە کە دەغدەغەی هەر دڵسۆزێکی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە چارەسەر بکەن و بەئاکامی دڵخوازی بگەیەنن.بەهیوام جارێکی دیکە هیواکان کاڵ نەبنەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٩ی مای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و قازانجەکانی!



**کەریم ئەڵڵاوەیسی**

سەدەی ٢١ یەکەمە و نزیک بە هەموو جیهان لە بەرەوپێشچوون دان و لە هەموو وڵاتان هەوڵ دەدەن بۆ ئاسایش و ژیانی باشتر وخۆشتر بۆ خەڵکەکەیان وخەڵکەکانیشان بۆ سەرکەوتنی زیاتری خۆیان و وڵاتیان باش تێ دەکۆشن. گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە جیهان ئەگەر هەر کوردنەبێ بێ گومان بۆ ئەم کەماسی یە کورد لەیەکەمەکانە. کورد بە جێگای هەوڵدان بۆ ئاوەدانی و پێشکەوتنی زیاتری خۆی ئەوە هەر عەودالی ئازادی و گەیشتن بە مافەکانیەتی لەو نووسراوە ناکرێ باسی هەموو هۆیەکانی سەرنەکەوتن بکرێ، بەڵام دەکرێ وپێویستە پەنجە بۆ شت گەلێک رابکێشرێ. لەگەل غەدری و فێڵ کایەی ناجوامێری داگیرکەران و دووژمنانمان دەرحەق بە گەلەکەمان، دەتوانین بڵێین هۆی سەرەکی هەر خۆمانین و هەرخۆمانین لە شکستی و نوشست و نسکۆی هەموو شۆرشەکان کە نابێتە وانەش بۆمان.

یەکگرتن هۆی سەرەکی سەرکەوتنە. هەزاران پەندو ئامۆژگاریمان لە سەر یەکگرتن وەرگرتووە. هەمووکات کورد باسی یەکگرتوویی وبرایەتی دەکا وهەزاران کورد بە میلیۆن جار ئەوەیان بیستووە و نووسیووە کە بتەوێ بەهێزبی دەبێ یەک بگری، بەڵام بەداخەوە لەکردوەدا ئەو هەنگاوە ناهاوێین!

١٤ ساڵە حیزبی دێموکرات لەت بووەو ئەوە یەکەم و دووا لەت بوونی ولێک جیابوونەوە نییە، لەو هەموو ساڵە دا بە هەزاران جار کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە دڵیان بۆ سەرکەوتنی رۆڵەکانیان و بە گشتی بۆ کورد لێ دەدا، داوا و تکایان کردوە ودەیکەن کە تکایە یەک بگرنەوە، دوژمن بە هێزە و بەلەت بوونتان زۆرتر زەفەرتان پێی دەبا وبەسەرتان داسەردەکەوێ، بەڵام بە داخەوە زۆر جار نەوەڵام هەبووە و هەم هەوڵی زۆرلایەن بێ ئاکام ماوتەوە.

بەشی هەر زۆری لەت بوون و جیابونەوەکانیش لە سەر مەسەلەی سیاسی نەبووە، بەڵکوو لەبەر نەحاوانەوە و یەکترقەبووڵ نەکردن بووە کەوابوو قەبوولی بکەین کە دێموکراسی لە لای ئێمە بایەخی زۆری نەبووە.

ئەگەر لە هەر تاکێکی کورد و دێموکرات لەسەر دێموکراسی و ڕێزگرتن لە بۆچوونی جیاواز و کاربەیکەوەکردن پرسیار بکەی ڕەنگە هەریەکەی بەچەند کاتژمێر قسەت بۆ بکا و سەدان کەسیش هەیە زۆر مەقالەی لەسەردەنووسێ.

نووسەری ئەم دێڕانە وەک تاکێکی ئەم گەلەبەشخۆراوە زۆر جار هەوڵی داوە بۆ نزیک بوونەوەی دێموکراتەکان هەتا یەکگرتن وبوونی دێموکراتێکی یەکگرتوو،

بەڵام کە ئێستا یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان چ لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر داوا دەکرێ و هەروەها حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران لە کونگرەی ١٦ بە جیدی داوای کردوە کە هەنگاوەی بۆ بهاوێ بۆ چێ هەتا ئێستا کاری جیدی بۆ نەکراوە مەعلووم نییە؟! حیزبی دێموکراتی کوردستان و سکرتێری ئەو حیزبە زۆریان کاری بە بەرنامە وشێلگیرانە بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کرد و تەنانەت سکرتێری حیزب بەڕێز کاک خالیدی عزیزی وا چۆپێشێ کە ئامادە بوو هەم چاوپۆشی لە سکرتێری خۆی بکا کە بەڕێز هیجری ببێتە سکرتێر و هەروەها ناوی حیزبیش حدکا بێ(دوو ئیمتیازی زۆر گەورە بۆ حدکا)، ئەو لە کاتێکدا بوو لە نێو حیزبی خۆی دا لەسەر ئەو دڵفراوانیەیی ناوبرا ڕەخنەی زۆریشی هاتە سەر بەڵام بە دڵ گەورەیی حدک و سکرتێر هەمووی ئەوانە پەسەندکرا،

بەداخەوە ئەو هەوڵە جیدیانە یەکگرتنەوەی لێ نەکەوتەوە، بەڵام قازانجی دووشت بوو نزیک بوونەوەی دێموکراتەکان و زیاتر کار کردنی ئەوان لە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە دێموکراتەکان و کۆمەڵەکان بەیەکەوە کە بەخۆشیەوە ئەوە دەستکەوتێکی زۆر باش بوو کە حەق وایە ئەو ناوەندە زۆر بەهێزبکرێ چوونکە زۆر بە قازانجە هەم بۆ خۆدیی حیزبەکان و هەم بۆ گەلی کورد.

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کە دڵنیام دوای ئەوەش یەکگرتنەوەی کومەڵەکانی بەدواوە دێ، گەورەترین دووژمنی کورد، واتە کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر زیانی لێ دەکا بۆیە ئامادەیە ملیۆنان دولاری بۆ خەرج بکا و هێزی زۆری بۆ تەرخان بکا کە ئەو هەنگاوە سەرنەگرێ!

چ لە نێو خۆی کوردستان و چ لە دەرەوە زۆر کەس پرسیار دەکەن بۆ ژمارەیەک لە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەترسن؟!

وەڵام، مادام لەت بوون و جیابونەوەکان زۆربەیان لەسەر مەسائیلی سیاسی نەبوون بەڵکو تەشکیلاتی بوون بۆیە دەبێ چارەسەری گرینگی بۆبدۆزرێتەوە لەباری تەشکیلاتی بۆ یەکگرتنەوە و وەسەریەکخستەوەی دێموکراتەکان کاری بۆ بکرێ لەباری رێبەرییەوە، کاتێک دوو لایەن یان دوو حیزبی دێموکرات یەک دەگرنەوە، نزیک بە نیوەی ئەندامانی رێبەری لەبەرپرسایەتی دەکەون دیارە ئەوە بۆ هەردووک لایەنی دێموکراتە. دەکرێ لە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی زیادبکرێ. بۆ مەسەلەی سکرتێر، لەهەمووی جیهان ئاوای لێ هاتووە کە "لیدر" یان سکرتێرەکانی بە شێوەیەکی دێموکراتیک بۆ دوو یان سێ دەورە هەڵدەبژێردرێن. ساڵانێکی زۆرە کادر و پێشمەرگەکان بەیکەوە کاریان کردوە و یەکتر دەناسن، با لە هەڵبژاردنێکی دێموکراتێکدا کە کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرە دا هەڵدەبژێردرێ وئەمجار سکرتێر دیاری دەکرێ ئەگەر بەرژەوەندی گەل و نیشتمان لەبەرچاو با چارەسەرێکی گونجاویش بۆ ئەم بەرپرسایەتییە بدۆزنەوە سکرتێر بوون نابێ ببێبە مەسەلە وکێشە بۆ یەکگرتنەوە با ئەو جار هەوڵ بدرێ بە شێوەیەکی ڕیشەیی و بنەڕەتی، زۆر باشتر کاری و وەسەریکخستەوە ئەنجام بدرێ کە دوواتر تۆشی گرفتی ئاوا نەبنەوە.

سێ مانگی ماوە بۆ رۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، ٢٥ی گەلاوێژ، ئەو ماوە کەم نییە ئەگەر ئیرادەی جیدی هەبێ کە دێموکراتەکان بتوانن بەیکەوە ٧٥ مین، ساڵی خەبات وتێکوشانیان بەیکەوە لە رۆژی دامەزرانی حیزبی پێشەوا، قاسملوو و شەرفکەندی جێژن بگرن ئەوە سەرکەوتنێکی زۆر دەبێ بۆ کۆمەلانی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستانی زولمێکراومان.

زۆر رۆژی شەهیدان و ٢ی رێبەندان، دامەزرانی کۆماری کوردستان تێ پەڕی وخەڵک هەر چاوەڕوان بوون کە دێموکراتەکان بەیکەوە یادی شەهیدان و کۆماری کوردستان و رۆژی دامەزرانی دێموکرات بکەنەوە، چاویان خێل بوو وە ئەوەیان هەر نەبینێ.

حیزبی یەکگرتوو لە ١٥ ساڵی یەکەمی پاش رووخانی رژێمی پاشایەتی زۆر دەستکەوتی گەورەی بەدەست هێنا و خاوەن پرستیژ و ئیعتباری زۆربوو، دوو حیزبی دێموکرات هەردوو پێشمەرگە وناوەندی ئاگاداری و ئینتشاراتی و دیپلۆماسی و زۆر شتی بە نرخیان هەیە و دەتوانن بە یەکخستەوەی هەموو ئێمکاناتیان ببنەوە بە هێزیکی زۆر بە هێز وسەرکەوتوو،

ئەوە هیوا و ئومێد و متمانەی ئێجگار زۆر دەدا بە کۆمەڵانی رۆژهەلاتی کوردستان و متمانەی زۆر دەگێرێتەوە بۆ پرستیژی حیزب لە چوارپارچەی کوردستان و هەروەها لە ئاستی جیهانیش کە رۆژگارێک حیسابێکی زۆر تایبەتیان لە سەر حیزب دەکرد ئەوە دیسانە بەرەو ئەوە سەرکەوتنە دەتوانێ بچێتەوە.

ئاخۆ بۆ دەبێ کورد، بۆ خۆی هەوڵی چارەسەری گرفتی خۆی نەدا و وزیری دەرەوەی وڵاتێکی وەک ئەمریکا وەک بۆ باشووری کوردستان پێش ساڵی ٢٠٠٣ بۆ نزیک کردنەوەی پارتی ویەکیەتی کردی ئەو کارە بکا یان ئەمساڵ بۆ رۆژئاوای کوردستان بۆ نزیک کردنەوە و هاوکاری پێ یە دێ وئەنەکەسە ئەو هەوڵە بە هۆی دووستانی غەیری کورد بدرێ ئاڵوگۆرەکان لە ئێران زۆر بە خێرایی دەچێتە پێش، رژێم لەمێژە مەشروعیەتی خۆی لەدەست داوە. ئەو چەند ساڵەی دوایی خۆپێشاندانی چەند سەدهەزار کەسی و تەنانەت ملیۆنیش کراوە لە نزیک بەتەواوی شارو شاروچکەکانی ئێران، خەڵک باش وەزاڵەهاتووە و بێزار لە رژێم.

خۆپێشاندانەکانی مانگی ئابانی ئێران، خستنی تەیاری ئوکراینی و تووش کردنی خەڵکی ئێران بە نەخۆشی کرۆنا و چەند وڵاتی رۆژهەلاتی نێوەراست هەمووی کارێگەری داناوەو رژێم ئێجگار لە بەر کارنالەبارەکان و تالانکردنی خەڵک و خراپ ئیدارەکردن بیزاوتر بووە لەلایەکی دیکە مەسەلەی تیرۆریزم وچەکی ئەتۆمی و دەخالەت لە کاروباری چەند وڵات و پێشێلکاری زۆری مافی مروڤ، ئەوانە هەمووی رژێمی تووشی قەیران و گرفتی زۆر کردوە و ئیمکانی ئەوە هەیە کە بە شێویەکی خۆرسک کۆمەلانی خەلکی ئێران پاش کەم بوونەوەی مەترسیەکانی کرۆنا رژێم بروخێنن. یەک نەگرتن وبەهێز نەبوونی بە زوویی دیموکراتەکان بۆ هەر ئەگەرێک، خەڵک لێیان خۆش نابێ و لەدەست دانی ئەو هەلانە جێگای بەخشین و لێ بوردن نابێ،

دوا قسە ئەگەر خەبات وتێکۆشان بۆ بەرژەوەندی کۆمەلانی خەڵکە، ئەوە بە پێی هەموو حیسابێک دەبێ دیموکراتەکان بۆدەستکەوتی زۆر و سەرکەوتنی خەباتی کورد و بە جێ نەمان بۆ هەر ئەگەرێکی پێشبینی نەکراو بێنە مەیدان و بە ئیرادیەکی جیدی هەوڵ بۆ وەسەریەکخستەوە و یەکگرتن بدەن. بەرژەوەندی تاک و حیزبی وەسەرەوەی بەژروەندی گشتی گەل ونیشتمان خستن هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە ئاسان قەرەبوو ناکرێتەوە، کەواو بۆ هیوا بەخشین بە کۆمەلانی رۆژهەلاتی نێشتمان کە زۆر غەدرلێکراوە و متمانە بەخشینەوەی زۆر زیاتر بە حیزبی دیموکرات وئامادەبوون بۆ دەسکەوتی زۆر ئەوە ئەرکێکی هەنووکەیی و زۆرگرینگە کە دەبێ دەستبەکاربن و جێ بە جی بکرێ و پێویستە نەهێڵن بە ئیرادەیەکی پۆلایین و بە بەرنامەی تۆکمە ئەنجامی ئەو هەنگاوە کۆمەلانی هەروای گەلی کورد شاد دەکا.

کەوابوو کاری خێری هەتا زۆتربکرێ باشترە و کاری ئەمرۆ نەخرێتە سبەی کە زیانی زۆر زیاتری لێ دەکرێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٩ی مای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# یەکگرتنەوە لە ویستەوە تا درووشم



**کاوە ئاهەنگەری**

بزووتنەوەی کورد لە واقعدا بێ کەمایەسی نەبوە و کۆسپی زۆریشی هاتوەتە سەر ڕێگە. بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە هێشتا وەک گڕ لە دڵی تاکی کوردی دڵسۆزدا زیندووە.

لەم کورتە نووسراوەیە ناچمە سەر هۆکارەکانی جیابوونەوەکان، ئەوانەی من دەناسنم بۆچوونی ڕاشکاوانەی منیش دەزانن. من چ ئەوکاتەی (ساڵی ٢٠٠٦) لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوتم و لە حدکا جیابووینەوە، چ دوای گەڕانەوەم بۆ نێو ریزەکانی حدکا و تا ئێستاش، بە ڕاشکاوی بۆچوونی خۆم لە سەر ئەو پرسانەوە ڕاگەیاندووە.

زۆر کەسی وەک من کە گەنج بوون و دوای خوێندنی زانستگا پەیوەست بوون بە ریزەکانی حدکا بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی ٧٥ و سەرەتاکانی ٨٠ی هەتاوی، زۆر بە دەست پاسیڤ بوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دەناڵاین. کارم بە هەندێک بۆچوون و ڕوانینی تاکەکەسی نیە بەڵام ئەوەی تا ئێستاکە گوێم لێبووە و زۆرکەسیش بیستوویەتی و تەنانەت لە زمان بەرپرسانی هەر دوو دێموکراتیش بیستراوە، دوو قسە زیاتر نیە: هۆکاری جیابوونەوەی ٢٠٠٦ سیاسی نەبوو بەڵکوو کێشەی تەشکیلاتی و نەحاوانەوە بوو.

دڵنیام ئێوە کە ئێستا ئەم دێڕانە دەخوێننەوە، ئەو بۆچوونەتان بۆ ئاشنایە، بەڵام من تەواو بە دژی ئەم بۆچوونە بووم و دەشمێنمەوە. ئەوکاتی کە ئەندامی ڕێبەری حدک بووم بە ئاشکرا بە هاوڕێیانم لە پلۆنۆم و کۆبوونەوەکان دەوت، کەسێک کە

ناتوانێ یا نازانێ بحاوێتەوە نابێ کاری سیاسی و حیزبی بکات، حیزبایەتی شعوور و تێگەیشتنی کاری جەمعی دەوێ کەوابێ ئەمە بیانوویەکی درووست نیە بۆ جیابوونەوە. خەباتی و حیزبایەتی ئێمە پەیوەندە بە چارەنووسی ڕۆژهەڵات و گیان و ژیانی تاک بە تاکمان، لەبەر ئەوە ناتوانین ئاوا چاو لە خەباتەکەمان بکەین. بۆیە من هەر ئەوکاتیش تەنانەت بە قیمەتی خوێنتاڵکردنی خۆم ئەو بۆچوونەم بە ڕاشکاوی دەوت.

بەڵام من و زۆر کەسی دیکەی وەک من بۆ لەگەڵ کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگەی دیرین ونوێی حدکا کەوتین و جیابووینەوە؟ ئەوەی ڕاستی بێ تەنیا و تەنیا هەندێک وادە و بەڵێنی وەک:

نوێکردنەوەی خەباتی نەتەوایەتی، چاکسازی و پێداچوونەوە بە سازو کاری خەبات و جەوانگەرایی و ناوەڕۆکی هێڵەگشتییەکانی ڕێبازی ئێمە بوو کە بە جۆرێک دەتوانم بڵێم تەعبیرێک لە حەز و ویستێکی لەمێژینەی لاوانی ڕۆژهەڵات بوون.

من ئەوکاتیش پێموابووە کە ئەوە ئێمەین دەبێ حەقانیەتی خۆمان بە کۆمەڵانی خەڵک بسەلمێنین چوونکە ئێمە جیابووینەتەوە نەک حدکا. پێموابوو ئەگەر دەمانەوێ مەشروعیەتێک لە لای کۆمەڵانی خەڵک و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی بۆ ئەم جیابوونەوەیە دەستەبەر بکەین، ئەوە دەبێ بیسەلمینین کە مۆدێلی خەبات و حیزبایەتی ئێمە جیاوازە و سەرکەوتووترە. دەنا ئینشعابێک کە بۆ مەقام و کورسی بکرێ و ئێستاش بمانەوەی لە سەر بنەمای سازان لەسەر مەقام و کورسی یەک بگرینەوە، قەت بۆ حیزبی دیموکرات و کۆمەڵانی خەڵک نایەتە بەر. هەر بۆیە زۆر زوو بەوە گەیشتم کە ئەم جیابوونەوەیە "هەڵە"یە و نەدەبا کرابا. کێشەکان چارەسەر نەببوون و بەڵێنی و وادەکانمان بە خەڵک، نەهێنابوونە دی، بە قەولی بەرپرسانی باڵای حدکیش هیچ فەرقێکمان لەگەڵ حدکا نەبوو و تەنیا کێشەی نەحاوانەوەبوو، بۆیە لە کاتێکدا ئەندامی کومیتە ناوەندی حدکیش بووم، بڕیارم دا بگەڕێمەوە نێو ڕیزەکانی حدکا، چوونکە ئەو کێشەیە بە جیابوونەوە چارەسەر نابێ.

ئێستا کە ڕێزدار مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، نووسراوەیەکی بڵاو کردۆتەوە و وێڕای لێکدانەوەیەک لە سەر جیابوونەوە و ئینشعابەکانی نێو ڕیزەکانی دێموکڕات بە گشتی و ئەوەی دوایی بە تایبەتی،کە بە حەق بۆخۆشیان بەرپرسیارن و لەم ڕووداوە ناخۆشەدا و پشکی شێریان وەبەر دەکەوێ، پێموایە و درووستوایە ئەم نووسینە بە ئەرێنی وەربگرین و ڕێبەری "حدکا" و لایەنگرانی یەکگرتنەوە لە نێو ڕێزەکانی "حدک" بە جیدی بیرێک لەم پرسە کە ویستی کۆمەڵانی خەڵک و ئاواتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانە، بکەنەوە.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتم

برای چووکەتان کاوە ئاهەنگەری

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی مای ٢٠٢٠

---------------------------------------------------------

## نزیکبوونەوە لە دەسپێکی پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکرات




## ڕۆژی کورد

بە دەستپێشخەری چالاکانی سیاسی و لێپرسراوانی هەر دوو لایەنی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" و "حیزبی دێموکراتی کوردستان' پرۆسەی لێک نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوەی هەر دوو لایەنەکان دەستی پێکردووە و هەر دوو لایەن هیوادارن لە داهاتوویەکی نزیک لایەنەکانی حیزبی دیموکرات یەک بگرنەوە و بە هاوڕیزی و تەبایی ماڵی کورد وە سەر یەک بخەنەوە و حێزبێکی دێموکراتی گەورە و یەکگرتوو پێک بهێننەوە.

لە درێژەی پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەر دوو لایەنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە دەستپێشخەری بەرپرسان و دلسۆزانی هەر دوو لایەن و لە درێژەی نووسراوەیەکی ڕێزدار "مامۆستا مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە" کە ماوەیەک پێش ئێستا لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی کردەوە بە مەبەستی لێک نزیکبوونەوەی زیاتری هەر

دوو لایەن و باس لە سەر یەکگرتنەوەی لایەنەکان، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی ئایار بەرانبەر بە ٤ی جۆزەرادان ساڵی ٢٧٢٠ی کوردی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە و بە هاوڕێیەتی بەڕێزان قادر وریا، سمایل بازیار و ئاسۆ حەسەن زادە ئەندامانی دەفتەری سیاسی ئەو حیزبە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن ڕێزدار "مستەفا هیجری" لێپرسراوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەر کام لە بەڕێزان حەمە نەزیف قادری و ڕۆستەم جەهانگیری ئەندامانی دەفتەر سیاسی ئەو حیزبەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا و باسەکانی ڕۆژ و لە سەرەتای هەموویانەوە بابەتەکانی پێوەندیدار بە یەکگرتنەوە هەر دوو لایەنی حیزب خرانە بەرباس و تاوتوێکران.

ڕۆژی دواتر و لە درێژەی هەمان پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەر دوو لایەنەکانی حیزبی دێمورکرات، سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕیکەوتی ٢٥ی ئایار بەرانبەر بە ٥ی جۆزەردان شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە بەڕیزان مستەفای هیجری لێپرسراوی گشتیی ئەو حیزبە و بەڕیزان حەمە نەزیف قادری و فوئادی خاکی بەیگی ئەندامانی دەفتەر سیاسی حیزبەکەیان سەردانی قەڵای دێمۆکرات و سکرتاریای حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن بەڕیزان مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە، جەلیل گادانی، سمایل بازیار، قادر وریا و ئاسۆ حەسەن زادە ئەندامانی دەفتەری سیاسی ئەو حیزبەوە بە گەرمیی پیشوازییان لێکرا و لە درێژەی باسەکان و سەردانی پێشووی ناوبراوان دا باسەکانی تایبەت بە یەکگرتنەوەی هەر دوو لایەنەکانی دێمۆکرات تاوتوێکران و خرانە بەرباس و گڕ و تینیکی تایبەت بە کۆبوونەوە و دیدار و چاوپێکەوتنەکانەوە دەرکەوت و هەر دوو لایەن دڵخۆشی خۆیان سەبارەت بە لێک نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوەی لایەنەکان لە داهاتوویەکی نزیک دا ئاشکرا کرد و خاڵە گرینگەکانی چاوپێکەوتنەکانیان بەرز نرخاند.

ناوەندی "ڕۆژی کورد" وەکوو ناوەندێکی سەربەخۆی ڕاگەیاندن و خزمەت بە بەها نەتەوەییەکانی گەلەکەمان هەموو جارێک هەوڵی ئەوەی داوە لایەنەکان و پارت و حیزبە سیاسییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان لێک نزیک بکاتەوە و دوو بەرەکی لە نێوان لایەنە کوردستانییەکان دوور بخاتەوە و ئەو چالاکی و سەردانکردانە بە خاڵێکی گرینگ بۆ هەر دوو لایەنی دێموکرات و نزیکبوونەوەی زیاتریان دەبینین و هیوادارین بە یەکگرتنەوەی لایەنەکانی حیزبی دێموکرات ماڵی کورد و بەرەی یەکگرتووی کوردستان زیاتر لە جاران و پتەوتر لە پێشوو درێژە بە چالاکییە سیاسییەکانیان بدەن و ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانە ببێتە خاڵێکی دەسپێک بۆ سەرخستنەوەی ماڵی دێموکرات و هەروەها بۆ هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکان و نەمانی شەڕی براکوژی و بە گژیەکداچوونی حیزب و پارتە سیاسییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی مای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## ڕازیبوون بەم دۆخەی ئیستا و هەوڵدان بۆ بە ئەبەدی کردنی!!"

### (لە ڕێڕەوی پێویستیی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان و گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ دیموکرات)



**قادر وریا**

١١ی ڕەشەمەی ١٣٩٧، لە چل ساڵەی متینگی ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتدا، وتارێکم لە ژێر ناوی" حیزبی دیموکرات لە سەر دووڕییانی لە دەستدان و بەدەستهێنانەوەی مەزنایەتی دا" نووسی . وەک بەشداری و پشتیوانییەک لە هاندانی پرۆسەی یەکگرتنەوە، چەند کۆپلەیەکی ئەم وتارە لێرەدا دەخەمەوە بەر سەرنجتان.

دەقی تەواوی ئەم وتارەم لە گەڵ زنجیرە باسێکی دیکە، سەرەتای بەهاری ١٣٧٨(٢٠١٩) لە چوارچێوەی ناملیکەی "دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژووی حیزبی دیموکرات"دا چاپ و بڵاو کردوەتەوە. ئەم باسانە تێڕامان وخوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە و جاری وایە پێداگرانە بۆ هێندێک چەمک و پرس و پرەنسیپی جێکەوتووی نێو حیزبی دیموکراتین. لینکی ناملیکەکە لە درێژەی ئەم وتارەدا هەیە.

**ئەمەش هەڵبژاردەیەک لە وتاری ئاماژە پێکراو:**

"...ئەگەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە تەواوەتی خۆی دا، بە زۆر هۆ و لە هەموان گرنگتر نابەرامبەر بوونی هێز و توانای ڕاوەستان بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، تووشی کزی و پاشەکشە بۆ ئەو دیوی سنوورەکان بوو، هێزە سیاسییەکان و حیزبی دیموکرات کە لێرەدا مەبەستی ئەم وتارەیە، بە هۆی ناکۆکی و کێشە و ململانێی نیوخۆییش ئەوەندەی دیکە، کز و لاواز بوون و ساڵانێکە کاریگەرییان لە سەر ڕووداوەکان گەیشتووەتە لانیکەمی خۆیان. دیارە حیزبی دیموکرات،



سەرچاوە
Serchawe

شانبەشانی درێژەکێشانی کێشە و ململانێیە نێوخۆییەکان، خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و تێکۆشان بۆ ئامانجەکانی خۆی درێژە داوە. ئەو کاتانەش کە حیزبەکە، تووشی لێکدابران بووە، هەر کام لە لایەنە لێک جیابۆوەکانی، هەم بە جیا لە خەبات و قوربانیدان بەردەوام بوون، هەم خاوەندارەتیان لە شانازییەکان و مێژووی پڕ لەقوربانیدانی حیزبی دیموکرات کردوە. بەڵام ئەم راستیانە نەبوون بە هۆی ئەوە جێگە و رۆڵی حیزبی دیموکرات لەبزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و لە پانتایی سیاسیی کوردستان و ئێراندا، پتر دانەکشێ و دانەبەزێ.

١٣ ساڵ بەسەر دوا لێکدابرانی نێو حیزبی دیموکڕات دا تێپەڕیوە. هەم ئاڵوگۆڕە سیاسییە چاوەڕوانکراوەکان لە ئاستی ئێراندا، هەم ئەزموونی١٣ساڵ بە جیا تیکۆشانی دوو لای دیموکرات، مایەی ئەوەیان تێدایە خۆمان بەرەورووی کۆمەڵێک پرسیاری جیددی بکەینەوە و لە پێناوی داهاتوودا، چاوێک بە رابردوو و ئێستای خۆمان دا بخشێنینیەوە و ئەنجامێکی باشیان بە قازانجی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان لێ وەدەست بێنین.

دەکرێ لە دەلاقەی ئەو پرسیارە سەرەکییەوە پرسیارەکانی دیکەش ریز بکەین: حیزبی دیموکرات چۆن دەتوانێ هەم ئەو رابردووەی خۆی بەرباد نەدا و هەم داهاتووی شایانی ئەو ڕابردووە پڕ کاریگەری و پڕ قوربانیدانەی هەبێ؟ ئایا هیچ کام لە دوو حیزبی دیموکراتی ئێستا، دەتوانن بە تەنیا مەزنایەتیی ڕابردوو بۆ خۆیان بگێڕنەوە و ببنەوە بەو حیزبە دیموکراتەی ڕۆڵی یەکەم لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگرێتە ئەستۆ؟ هیچ کامیان ئامادەن دەست لەو مێژووە و شانازییەکانی و ئامانجە مێژووییەکانی حیزبی دیموکرات هەڵ بگرن و مەیدانەکە بۆ بەرامبەرەکەیان چۆل بکەن و بۆ خۆیان بە شوناس و پێناسە و بەرنامەیەکی تەواو جیاوازەوە خۆ ڕێک بخەنەوە؟ ئەگەر لایەنێکیان ئەمەی کرد، ئەوی دیکە دەتوانێ بە تەنیا ببێتەوە بەو حیزبی دیموکراتەی خەڵکی کوردستان بە ئاواتی دەخوازێ؟ ئایا سەرئەنجامی لێک دوور کەوتنەوەی ڕۆژبە ڕۆژ زیاتر و، خۆبواردن لە یەکگرتنەوە و هەوڵنەدان بۆ دیتنەوەی بناغەیەکی باشتری پێکەوەبوون، شتێکی دیکەی جگە لە فەوتاندنی ڕابردوو و دۆراندنی داهاتوو، لێ دەکەوێتەوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە ڕوونن.

لە ١٣ساڵ تێکۆشانی بە جیادا، سەلماندمان کە هیچ کاممان نەک هەر ناتوانین بە تەنیا جێگای حیزبی دیموکراتە یەکگرتووەکە بگرینەوە، تەنانەت ناشتوانین ئەو "مدینە فاضلە"یەش دروست بکەین کە پێمان وابوو بەرامبەرەکەمان ناهێڵێ لە حیزبێکی یەکگرتوو دا دروستی بکەین. ئەگەرخاڵێکی پۆزەتیڤ لەو بە جیا کارکردنەدا هەبووبێ، ڕزگاربوونی کاتیی تاکەکانی هەر لایەک لە دەمبەدمە و گرژی و تێکهەڵپێچانی لایەنی بەرامبەر - کە لە حیزبی پێش لەتبوون دا گەیشتبووە چڵە پۆپە - ، هەر وەها هەوڵدان بۆ پێکهێنانی لانیکەمی گۆڕان لە حیزبەکەی خۆمان دا بە مەبەستی وەپێشکەوتنەوەی ڕەقیبەکەمان لە راکێشانی لایەنگران و خەڵک دابووە. بۆیەش دەڵێم "ڕزگار بوونی کاتیی تاکەکان"، و "پێکهێنانی لانیکەمی

گـۆران"، چـونکە هەر کـام لەو دوو لایەنە، بەو هـۆیەوە کە نەمـانتوانیوە مـاڵاوایی لە کولتـوور و میتۆدەکـانی پێشـووی حیزبـایەتی و بەڕێـوەبەرێتی و خەبـاتی نێوخـۆیی بکەیـن، سـەرلەنوێ ناچـار بە بەرهەمهێنـانەوەی کێشـە و گرفتەکـانی ڕابردووی خۆمان بووینەوە (ئەم باسە شیکردنەوەی زیاتر دەخوازێ کە لێرە دا لێی دەگەڕێم).

لە بەرامبەر ئەو دوو خاڵە پۆزەتیڤەدا، نەبوونی حیزبی دیمـوکراتێکی یەکگرتـوو و لە ململانێ دابـوونی دوو لای دیمـوکرات، کاریگەریی گەورەی هەبووە لە سەر پێک نەهاتنی هاوپەیمـانی و هاوخەبـاتی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات. هەر وەهـا غەیـبەت و دیـارنەبوونی حیزبـی دیمـوکراتێکی یەکگرتـوو و کـارا بـووە بە هـۆی ئەوە زۆر فورسـەت کە لە نێوخـۆی ڕۆژهەڵات و ناوچە و دنیا لەو ماوەیە دا هـاتوونە پێش و دەکرا بە قـازانجی پرسی کورد لە ئێران بقۆزرێنەوە، کەمترین سوودیان لێ وەربگیرێ. لە هەمووی ئەمانەش خراپتر راهـاتنی ڕێژەیەکـی زۆر لە ڕێبەری و کادرەکـان و ئەنـدامانی هەر دوو لای دیموکراتە بەم دۆخەی ئێستا و هەوڵدانیانە بۆ بە ئەبەدی کردنی، بێ ئەوەی نیگەرانی لە دەستدانی هاوکـاتی رابـردوو و داهاتوو لە درێژەی ئەم وەزعەدا بن.

## چار چیە؟

راستە کە زۆر لە تێکۆشـەرانی هەر دوو لا، لە حیزبـی بە جیـا دا، ئاسوودەتر و بـێ کێشـە تـرن و پتر خۆیـان دەبیـنـنەوە و مەیـدانیان هەیە. ئەوەش راسـتە کە هێنـدێک سیما و دەم وچـاو لە حیزبـی بە جیـا دا باشـتردەتوانن مەیدانـداری بکەن و حیزبەکەیان، بەو جۆرەی حەزیان لێیە، بەڕێـوە بەرن. گومـان لەوەش دانیە کە هەر یەکگرتنەوەیەکـی ڕەمەکـی وبە دوور لە خۆنەقـدکردنەوە و بـێ ڕەخنەگـرتن و مـاڵاوایی لە دەسـتەبەندی و نـاوچەگەرێتی و، بە بـێ گـۆڕینی میتـۆد و شـێوازەکانی حیزبـایەتی و بەڕێـوەبەرێتی و پـێکەوە بـوون، ئاکـامێکی سـەرکەوتووی نـابێ. بەڵام لەمەش دا هـیچ گۆمانێـک نـیە کە هەڵپەسـاردن و لە بیرخـۆبردنەوەی یەکگـرتنەوە و بەم وەزعەی ئێسـتاوە ڕووبەڕووبـوونەوە لە گەڵ ئـاڵوگۆڕە گەورەکـانی داهاتوو، حیزبی دیموکڕات بە هەر دوو بەشە لێکدابڕاوەکەیەوە، لە لێواری بەفیرۆدانـی رابـردوو هەتـا هەڵدێری دۆرانـدنی داهاتوو دەبا.

لە نێـو هەر دوولای دیمـوکرات و لە نێـو ئەو کەسـانەش دا کە بە هـۆی ئەم لێکـدابرانە بە شـێوەی تەشـکیلاتی لەو دوو دیموکراتە دوور کەوتوونەوە، کەسانێکی زۆر هەن کە دەتوانن هێزی گوشار بن. هانـدەر بن بۆ ئەوەی هەموانمـان لە هەموو ئاستێک دا، بە چاوی رەخنەگـرتن و دەرسوەرگرتن لە ململانێ و ناکۆکییەکـانی رابـردوو، بە دەنگ ئەو پێویستییەوە بچین. پێویستە ئەو ڕاشکاوییەمان هەبێ کە بڵێین داهاتووی مێژوویەک و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات لە مانەوە و نەمـانەوەی ئەم یـا

ئەو لە پۆست یا پۆستەکانی یەکەمی حیزبێک گرنگترە. بە دڵنیایەوە ئەگەر بە قووڵی تێبگەین کە بەردەوامیی ئەو لێکدابرانە، دەتوانێ حیزبی دیموکرات لە تەواوەتیی خۆی دا بەرەو هەڵدێر بەرێ، دەتوانین بەرامبەر یەکتر نەرمی بنوێنین و گرێ کوێرەکان بکەینەوە.

با ئیرادە بکەین، لەم دۆخەی ئێستا بیدەنگ نەبین و توانای خۆمان وەگەڕ بخەین بۆ ئەوەی تەرح و پلان و پێشنیاری وا بخەینە ڕوو کە ئاکامەکەی حیزبێکی یەکگرتووی وەها بێ کە هەموو تێکۆشەران و هۆگرانی دیموکرات لە خۆی دا جێ بکاتەوە. با ئەو دیموکراتە پێک بێنینەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوەڕوانیەتی."

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی مای ٢٠٢٠

---------------------------------------------------

## یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی دیموکرات، هەم عەقڵە هەم بڕوا!

### پێویستە هەموو دیموکراتێک، هەم دەرەوەی حزب ببینێ، هەم ناوەوەی حزب



**شۆڕش ئەسەدزادە**

١- **دەرەوەی حزب**: هەموومان زۆر باش دەزانین کە خەڵکی کوردستان چەندە پەرۆشی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکانن، چونکە هەم بنەماڵەی شەهیدان هەم بنەماڵەکانی زیندانیانی سیاسی نایانەوێ و پێیان خۆش نیە لە هەوڵی ئەوەدابن کە

بزانن ئاخۆ شەهیدەکانیان سەر بە کام لایە، یان زیندانیەکەیان سەر بە کام حزبە.

هەروەها سەبارەت بە چاوی دوژمنان و دیدی خەڵکی بەشەکانی تری کوردستان و هەتا حکوومەتەکانی ناوچەیی و بگرە هەتا دەگاتە وولاتانی دەرەوەو زلهێزەکانیش، چاویان لەسەر یەکگرتوویی حزبەکانی ڕۆژهەلات زووم کردووە. دوژمنانمان تەواوی هەوڵی خۆیان دەدەن و داویانە کە ئەم دوبەرەکیە گەورەتر بکەنەوە هەتا بیگەیەنە شەڕی برا کوژی و خۆکوژی. دۆستەکانیشمان زۆر دڵسۆزانە هەوڵی یەکخستن و یەکگرتەوەیان داوین.

بۆ ڕوانینی دنیای دەرەوەی حزب، ئێمە هەموومان بە هەردوو باڵەکەوە دەبێ و زۆر پێویستە هەرچی زوتر ئەم دوو حزبە بکەینەوە بە دیموکراتەکەی سالآنی زێڕینی خەبات و تێکۆشان کە هەموومان لە یەک سەنگەردا بووین. بەڵکوو ببینە سەر مەشق بۆ هەموو کۆمەڵەکان کە ئەوانیش ببنەوە بە کۆمەڵەکەی جاران. ئەمە تاکە ڕێگای ڕەمزی سەرکەووتن و زەربە لێدانە لە ماتۆڕی ڕژێمی پڕ لە جنایەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. کۆماری ئیسلامی ئێران بە ملیۆنەها دۆلاری خەرج کردووەو زۆرترین ئینێرژی تەرخان کرد بۆ نانەوەی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆیی لە نێوان حزب و سازمانەکانی کوردستانی. ئێمەش با ئەوەندە شۆڕشگێڕو لە خۆبردو و فیداکار بین تەواوی پیلانەکانی ڕژێم لەماوەیەکی کورت دا بکەینە بلقی سەر ئاوو بە دوژمن بڵێین کورد هەمووی یەکەو هەمومان براو پشتی یەکین. ئەمە کارێکی زۆر ئاسانە لە عورف و فەرهەنگ و کەلتووری ئێمەی کوردا. حزبەکان و ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەلات پێویستە ئەم شێوە فکرو بۆچوونانە لە مێشکی نەوەکان و لاوەکان و تازە پێگەیشتووەکان بچێنن. ئەگەر لەماوەی ئەم چەند ساڵە کە لە باشووری کوردستان خۆیان بەستەوەو شۆڕشی ڕۆژهەلاتیان کردە قوربانی سەقامگیری هەرێمی کوردستان، پێویست بوو تەواو وەخت لەماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵەدا کاریان ئاموزش و چاندنی فکری شۆڕشگێڕی و برایەتی بوایە. نەکوو فێرکردنی فکری حزب حزبێنەو یەکتر شکاندن و یەکتر قەبوڵ نەکردن. لە ماوەیەکی دوورو درێژی ٣٠ ساڵیدا ڕۆشنبیران و بەرپرسان و تەواوی دەسەلآتدارانی هەردوو بەشی دیموکرات دەیانتوانی گەورەترین ئاڵوگۆڕی فکری و هزری نەتەوەیی و یەکڕیزی بکەن. بەلآم کوا چیمان کردووە ؟ ئێستاش کەسانێکی یەکجار زۆر هەن لە هەردوولا موافقی یەکگرتنەوە نین و بەڵکوو زۆریش دژن، بۆچی دژن؟ ئایا ئەمە شاهیدی ئەوە نادات کە هەوڵ بۆ بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی نەدراوە؟ چۆن دەبێ تاکی کورد لەناو حزبەکاندا دژی یەکگرتن و یەکڕیزی بن؟ ئەمە نیشانەی ئەوە نیە کە بەرپرسەکان کورسیەکانیان و مەقامەکانیان لە بەرژەوەندی گشتی و یەکبون و یەکڕیزی و یەک هێزی خۆشتر دەوێ؟ من نالێم ئەم کەمتەرخەمیە لەکام باڵی حزب دا زۆرترو بەرچاوتر بووە، بەلآم دەڵێم ئەم ڕەوشتە دزێوو نەشیاوە لەناو کوردانی ڕۆژهەلات دا زۆر کەم بووە یان هەر نەبووە. ئێستا ئەم نەخۆشیەی لەکوێوە هێنا؟

٢- **ئەو بەشەی پەیوەندە بە کاری ناوخۆی حزبەکانەوە**. ئەوەندەی من لەبیرمە ماوەی چەندین ساڵە کۆبوونەوەی نێوان

هەردو حزب هەر بە بەردەوامی درێژەی هەبوە. چەندین جار ئاکامی کۆبوونەوەکانی هەردوو دەفتەری سیاسی گەیشتۆتە ترۆپکی سەرکەووتن لەناکاوو بەهۆکاری هەندێک بڕوو بیانووی زۆر ئاساییەوە کە لە ڕادەی هیچ حزبێکی سیاسی دا نیە هەڵوەشاونەتەوە گفتووگۆکان وەکوو بەرق لە ١٠٠ هاتۆتەوە سەر سفر. هەموو ئەمانە لە ئیعتبارو لە گەورەیی حزبی دیموکراتیان کەم دەکردەوە. بەرپرسانی هەردوولا بێ گوێدان بە داواکانی خەڵکی کوردستان و دۆستانی حزب و دڵسۆزان، نەک هیچ جوابێکیان بۆ خەڵک پێنەبوو بەڵکوو هەتا ئامادە نەبوون بۆ یەکجاریش داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان بکەن. کە بڵێن هۆکاری سەرنەگرتنی کۆبوونەوەکانمان چی بوو؟ بێ خەبەر لەوەی خەڵک دەنگی بەمانە داوە کە خەبات و تێکۆشان بکەن بۆ ڕزگاری خەڵک، نەکوو بۆ دابڕان و یەکتر قەبوڵ نەکردن. ئێستاش من پێموایە پێویستە (حدکا) و (حدک) کۆنگرەیەکی هاوبەش بگرن و بەگیانێکی برایانەو شۆڕشگێڕانەو دێموکراتانە دێموکرات بکەنەوە بە یەک دێموکراتی بەهێزو پتەو، بەلەبەرچاوگرتنی هەست کردن بە بەرپرسیارەتی هەموو تاکێکی حزب، بە شێوەیەکـــی زانستی و ئەوپەڕی دڵسۆزی کە هیچ کەس هەست بە دۆڕان یان براوە نەکات. مێژووی چەندین ساڵەمان هەمان مێژووی حزبی دیموکرات بێ. لە برایەتی دا تەنەزوول و قەبوڵ کردن نابێتە عەیب و ئیراد. ئێمە نابێ بۆ دوژمنانمان تەنەزوول بکەین بۆخۆمان لەگەڵ یەکتر نەکوو تەنەزوول نیە بەڵکوو گەورەییەو شانازیە کە هەموو یەکترمان خۆش بوێ و یەکترمان قەبوڵ بێ. بۆیە پێویستە لە ئێستاوە کار لەسەر ئەوە بکەین کادرو پێشمەرگەکانمان بەو فکرو بۆچوونەوە ئامادە بکەین، نەهێڵین دوژمنان لەم فرسەتەدا کەڵک وەربگرن و ژەهری خۆیان بڕێژن. ئێمە پێویستە هەرچی گلەیی هەمانە لەناو چواردیواری ماڵی خۆمان دا بەیەکتری بڵێین هەم چاکتر لەیەک حاڵی دەبین هەم کەس تێمان ناگات.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی ئۆکتوبەری ٢٠٢٠

--------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان




**خەڵکی دێموکراتپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

**هۆگران و دڵسۆزانی دێموکرات لە هەموو بەشەکانی کوردستان!**

**دۆستان و پشتیوانانی حیزبی دێموکرات لە ئێران و سەرانسەری جیهان!**

**تێکۆشەران، ئەندامان، لایەنگران، و سەرجەم ئەو کەسانەی حیزبی دێموکرات بە ڕووگەی هیواکانی خۆیان دەزانن!**

وەک دەزانن حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەمساڵ لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژدا، ٧٥ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەکاتە جێژن. بەم بۆنەیەوە پێشەکی پیرۆزبایی ئەم یادە لە هەمووی ئێوە دەکەین کە مانەوەی حیزبی دێموکرات و بەردەوامبوونی لە سەر خەبات بۆ ئامانجەکانی، قەرزداری فیداکاری، دڵسۆزی، پشتیوانی و هاوکاریی بێدریغتان لە گەڵ ئەو حیزبە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندایە. هەر وەها پیرۆزباییەکی گەرم و تایبەت پێشکەشی بنەماڵەکانی شەهیدان، بەندییە سیاسییەکان، کەم ئەندامان، تێکۆشەرانی دێرین و پێشمەرگەکانی سەر بە حیزبی دێموکرات دەکەین کە گیانبەخشین و خۆڕاگریی ڕۆڵەکان و ئازیزانیان و، وەفاداریی خۆیان بە حیزبەکەیان، سەری حیزبی دێموکراتیان بە بەرزی و، خەباتەکەییان بە نەپساوەیی و بەردەوامی هێشتووەتەوە.

٧٥ ساڵ لەمەوبەر، پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی، لە سەر بناغەی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" (ژ - ک) و بە ئامانجی ئامادەکردنی ڕێکخراوێکی سیاسیی وەڵامدەر بۆ ڕێبەری و ڕێکخستنی خەباتی نەتەوەی کورد لە هەلومەرجی سیاسیی نوێی ناوچەکەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند. ئەم حیزبە بە پێشەوایەتیی قازی محەممەد، کەمتر لە ٦ مانگ دوای پێکهاتنی، کۆماری کوردستان، یەکەم دەسەڵاتی نەتەوەیی مودێرنی کوردی لە چوارچرای شاری مەهاباد ڕاگەیاند و، شەخسی پێشەواش وەک سەرکۆماری کوردستان، قۆڵی لە ڕێبەریکردن و ئیدارەی کۆمار و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی

ئەو کۆمارە هەڵماڵی. ئەگەر دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە هەلومەرجی ئەو کات، بە شایەدیی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی لە سەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان، وەرچەرخان و نوختەگۆڕانێکی گرنگ لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا بوو، پێکهاتنی کۆماری کوردستانیش، ڕووداوێکی نەتەوەیی و سیاسیی ئەوەندە گەورە بوو کە سەرەڕای تەمەنی کورتی، شوێنەوارێکی قووڵی لە سەر خەملاندنی ناسیۆنالیزمی کورد و ڕێبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەجێ هێشت.

لەو قۆناغە لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا، زۆر ڕێچکە، کردەوە و ئەزموونی پڕشنگداری دەسەڵاتدارەتی و، چەندین دەسکەوت و چەمکی نەتەوەیی و شوناسخوازانە هەن کە حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان داهێنەر و خوڵقێنەریان بوون. بە خۆشییەوە لەمێژساڵە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئەو سامانە بە هی خۆیان دەزانن و، بە شانازییەوە سوودی لێ وەردەگرن. ڕاستە لاوازیی ڕێژیمی شایەتی و بوونی هێزەکانی وڵاتانی بێگانە لە نێو ئێران و لە ناوچەکە لە سۆنگەی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە، هەلومەرجێکی لەباری بۆ گەشانەوەی هەست و بیر و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی لە نێو کوردی ڕۆژهەڵاتدا خوڵقاند. بەڵام ئەوەش ڕاستییەکی سەلمێندراوە کە سەرچاوەی هەر دووی ئەو ڕووداوە سیاسییە گەورانە، نیاز و پێویستیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هەڵقوڵاو لە ئیرادە و بڕیاری ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی کورد بوو. ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، پاش تێپەڕینی ٧٥ ساڵ بە سەر دامەزرانیاندا، هەر وا ڕووگە و خواستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و، سەرەڕای هەموو هەوڵی سەرکوتکەرانە و پیلانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە نێو نەچوون و، هەتا ئێستاش گەشانەوە و بووژانەوە بە خۆیانەوە دەبینن، باشترین بەڵگەن بۆ قائیم بەزات بوونی ئەم بزووتنەوە ڕەوایە.

٧٥ ساڵە خەباتی ئازادیخوازی و شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی خاوەن ڕێژیمی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری ئێراندا، درێژەی هەیە. ٧٥ ساڵە حیزبی ئێمە، بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جەرگەی ناوچەیەکی گەمارۆدراو بە پیلان و گەلەکۆمەگیی ڕێژیمە سەرکوتگەرەکان و هاوپەیمانەکانیاندا، ڕێبەری دەکا. ٧٥ ساڵ لە مەیداندا مانەوە و شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای خەبات بۆ ئامانجە پیرۆزەکان و مافە ڕەواکانی نەتەوەیەک، بێ هەبوونی ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی حیزبی دێموکرات لە نێو دڵی خەڵکی کوردستاندا مسۆگەر نەدەبوو. ئەو هۆکارانەی جێگە و پێگەیەکی ئەوتۆیان بۆ حیزبی دێموکرات لە نێو نەتەوەکەیدا دابین کردوە، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی گرنگن کە حیزبی دێموکرات هەڵگر و خاوەنیانە. لەم بۆنەیەدا جێی خۆیەتی ئاوڕێک لە هێندێک لەو تایبەتمەندییانە بدەینەوە و پێیان لە سەر دابگرینەوە.

حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانییەوە نوێنەرایەتیی سەرەکیترین پرسی کۆمەڵی کوردستانی کردوە کە ڕزگاری لە

بندەستیی نەتەوەیی و دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ خەڵکی کوردستان بووە. بەو هۆیەشەوە کە واقیعی تاڵی دابەشکراویی کوردستان و نەتەوەی کورد بە سەر چەند وڵاتی ناوچە و ڕەهەندە ژیئۆپۆلیتیکییەکانی ئەو پرسەی بە دروستی لێک داوەتەوە، ویست و دروشمی واقعبینانەی خستووەتە ڕوو و، خوازیاری چارەسەری ئەو پرسە لە چوارچێوەی ئێران بە شێوەی خودموختاری و فیدرالیزم بووە. وەک پێویستیی ستراتیژییەکی ئەوتۆش، هاوخەباتی لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران بە تایبەتی نەتەوە بندەستەکانی ئەو وڵاتەی لە پێناوی هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیک کە پێکهاتەکەی و نێوەرۆکەکەی ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆرییەکانی دانیشتووانی وڵات و داخوازە بنەڕەتییەکانیان بێ، بە زەروورەتێک زانیوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر لەو کاتەدا نەیشاردووەتەوە کە کورد یەک نەتەوەیە کە خۆی و نیشتمانەکەی، بە سەر چەند وڵاتدا دابەش کراون. نەتەوەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا، خاوەنی پرسێکی ڕەوایە کە بریتییە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و هەبوونی کەیانێکی نەتەوەیی.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە پشتیوانیی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ بە دەستهێنانی مافە ڕەواکانی کردوە و، هەوڵی داوە پێوەندییەکی دۆستانەی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان، هەبێ. لێک تێگەیشتن و هاوپشتیی دوو لایەنەی نێوان ئەو هێزانە و، هاوکات دەستوەرنەدانی هێزە سیاسییەکانی هەر بەشێک لە کاروباری بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بە ڕێخۆشکەر و دەستەبەری بوون و پاراستنی پێوەندی و هاوکاریی دۆستانە زانیوە. کاتێکیش پێویستیی خەباتەکەی، وای خواستبێ پێوەندییەکی سنوورداریشی لەگەڵ دەوڵەتێکی دراوسێ هەبێ، بە شایەدیی مێژوو و دۆکیۆمێنتەکان، ئەم پێوەندییانەی هیچ زیانێکیان بۆ بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە نەبووە و، حیزبی دێموکرات لە ئاستیان سەربەرز بووە.

باوەڕی حیزبی دێموکرات بە دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و، گرتنەپێشی شێوازی هێمنانە و مەدەنییانەی خەبات و تێکۆشان، یەک لەو بنەمایانەیە کە حیزبی دێموکرات سیاسەتی خۆی لە سەر دامەزراندوون و لە هیچ قۆناغ و سەردەمێکدا لێیان غافڵ نەبووە. هەر باوەڕ بەو بنەمایەش بوو کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بۆ مەبەستی تیرۆریستیی خۆیان قۆستیانەوە و، ڕێبەرێکی گەورە و بە توانای وەک د. قاسملوویان بە ناوی وتووێژ لە داو خست و، حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کوردیان لێ بێبەش کرد.

ماوەی کورتی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری کوردستان و هەر وەها ئەو ساڵانەش کە بەرپرسیارەتیی بەڕێوەبردن و پاراستنی هێندێ ناوچەی کوردستان لە سەر شانی حیزبی دێموکرات بووە، دەیسەلمێنن کە ئامانجی حیزب لە دەسەڵاتدارەتی،

سەرەڕای کۆسپ و بەربەستی جۆراوجۆر، بەشداریی خەڵک لە بە دەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان، دەرفەت پێکهێنان بۆ خۆبەڕێوەبەری، بواردان بە پلۆرالیزم و فرەیی سیاسی و ئازادیی تێکۆشان و بیرو ڕای سیاسی، خزمەتکردنی زمان و کولتووری کوردی، لابردنی کۆت و بەندی دواکەوتووانەی کۆمەڵایەتیی دژ بە ژنان، بەرەوژووربردنی ئاستی فەرهەنگیی هاونیشتمانان، دابینکردنی یەکرێزی، تەبایی و تەناهیی نێو خەڵک، جێگیرکردنی بایەخە دێموکراتی و مودێڕنەکان و پەرەپێدانی ئازادیيە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێو کۆمەڵ بووە.

لە هەر دوو سەردەمی ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدا، حیزبی دێموکرات هەر کات دەرفەتی پێ دراوە - ڕاستەوخۆ یا ناراستەوخۆ - لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بووە، کاندیدای هەبووە و چووەتە نێو ململانێی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. تەنانەت لەم ٢٥ ساڵەی دواییدا کە ئەم حیزبە وەک پێشوو لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بە ناقانوونی زانراوە و لە ژێر سەرکوتدا بووە، هەر کات مەجالێکی بۆ بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ئێران و گەیاندنی پەیامی خۆیان بەدی کردوە، داوای لێکردوون سەرەڕای ئازادنەبوونی هەڵبژاردنەکان، بە بەشداریی واتادار و لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگدانەوە، پەیام و هەڵوێستی نەتەوەیی و خەباتگێڕانەی خۆیان بە دەسەڵاتی ئێران بگەیەنن.

حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان لە حاڵێکدا پتر لە ٣ دەیە ڕابردووی خەباتێکی سەخت و پڕ لەقوربانیدانیان لە گەڵ ڕێژیمی شایەتی هەبوو و، چالاکانە لە شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ئەو ڕێژیمەدا بەشدار بوون، بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، جارێکی دیکە لە گەڵ پشتگوێخرانی داخوازە لە مێژینەکانیان بەرەوڕوو بوون. حیزبەکەمان ڕێفراندۆم بۆ جێگیرکردنی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی ئێرانی تەحریم کرد، چونکە جگە لەوەی گشتپرسییەکە، خەڵکی تەنیا لە نێوان دوو سیستەمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدا سەرپشک کردبوو، هیچ نیشانەیەکی وەڵامدەربوونی نێوەرۆکەکەی لە ئاست داخوازی نەتەوەیی کورد و گەلانی بندەستی دیکەی ئێرانی پێوە دیار نەبوو. کاتێکیش هەوڵەکانی حیزبەکەمان بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد بە دیالۆگ گوێی لێنەگیرا و ڕێژیمی تازە، حیزبی دێموکراتی بە هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و، لەشکرکێشی و هێرشی سەرانسەریی بۆ سەر کوردستان دەست پێ کرد، حیزبی دێموکرات و لەگەڵ ویشدا هێزە سیاسییەکانی دیکە و خەڵکی کوردستان، وێکڕا بەرامبەر بەو لەشکرکێشییە ڕاوەستان.

زیاتر لە ٤٠ ساڵە حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان کەوتوونە بەر شەڕێکی داسەپاوی نابەرامبەر و، سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. حیزبی دێموکرات، کاتێک هەوڵەکانی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران بێ ئاکام مانەوە، تەسلیمی هەڕەشەکانی دەسەڵاتدارانی تازە نەبوو و، ڕۆڵی یەکەم و سەرەکیی لەبەرەنگاربوونەوەی پەلامار و هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمەدا کەوتە سەر شان. هەر بە تەنیا حیزبی

دێموکرات نزیک بە پێنج هەزار کەس لە پێشمەرگە و تێکۆشەرانی لە ڕەوتی ئەوبەرەنگارییەدا شەهید بوون. لە ڕیزی ئەو شەهیدانەدا، دوو سکرتێری گشتی، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و د. سادق شەرەفکەندی، دەیان ئەندامی ڕێبەری، سەدان فەرماندەی نیزامی و سەدان کادری بەوەج و هەزاران پێشمەرگە و ئەندام لە چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵ هەن. ڕێبەران، تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب نەک هەر لە نێوخۆی ڕۆژهەلات، بەڵکوو لە دەرەوەی سنوورەکان، لە باشووری کوردستان و تەنانەت لە ولاتانی ئورووپاییش کەوتوونە بەر هێرشی دڕندانە و، ئامانجی پەلاماری تێرۆریستی و پیلانی جۆراوجۆری دیکەی ئەو ڕێژیمە بوون. چڵەپۆپەی دڕندەیی ئەو ڕێژیمە بەرامبەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا،کە نیشاندەری نیگەرانی و ترسی کۆماری ئیسلامی لە پێگەی ئەو حیزبە لە نێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستاندا بوو، هێرشی مووشەکی بۆ سەر پلینۆمی حیزب لە قەلای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧دا بوو.

حیزبی دێموکرات تەنیا لە دوو بڕگەی مێژووی خۆیدا - ساڵی یەکەم و دووهەمی دامەزرانی و، چەند ساڵی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران- دەسەلاتی بەڕێوەبەریی لە بەشێکی خاکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە دەستەوە بووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زۆربەی هەرە زۆری ساڵانی تەمەنیدا، تێکۆشانی ئازاد و قانوونیی لێ قەدەغە کراوە و ڕێبەری و کادری سەرەکیی بەڕێوەبەریی حیزب لە چیا و شاخەکانی کوردستان یان لە دەربەدەری بە تایبەتی لە باشووری کوردستان، ئەرکی خۆیان بەڕێوە بردوە. جێگای خۆیەتی لەم بۆنەیەدا بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە ئاوڕ لە دەیان ساڵ وەخۆگرتنی تێکۆشەران و خەباتکارانی ڕۆژهەلات لە لایەن خەڵک و هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بدەینەوە. دیارە پەڕیوەبوون و گیرسانەوەی ڕێبەریی حیزب لە دەرەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، واقیعێکی نەخوازراوە کە دەرکەوتە و شوێنەواری نەرێنیی تایبەت بە خۆشی بۆ حیزب هەبووە، بەلام لەسەر یەک نەبووە بە هۆی ئەوە ڕێبەریی حیزب لە بایەخدان بە ڕۆژهەلاتی کوردستان وەک مەیدانی سەرەکیی تێکۆشان و، گرنگیدان بە پرس و کێشەکانی خەڵکەکەی وەک پشتیوانانی ڕاستەقینەی خۆی، غافڵ بێ. سیاسەتی ئەم حیزبە هەر لە کۆنەوە کەلکوەرگرتن لە هەموو شێوە خەباتێکی ڕەوا بە پێی ئیمکان و پێویستی بووە. حیزب، حزووری ڕاستەوخۆی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەری لەنێو خەڵکی، بە یەکێک لە گرنگترین ئەڵقەکانی بە هێزکردنی پێوەندیی نێوان خەڵک و خۆی زانیوە. حیزبی ئێمە هەر لەم ١٠ - ١٥ ساڵەی دواییدا سەرەڕای تێچووی گیانی و لێکەوتەکانی دیکە، لەم ڕاستییە غافڵ نەبووە.

لە نێوخۆی ولات، سەرەڕای ئەو دۆخە ئەمنیەتی و سەرکوتکەرانەیەی بە سەر کوردستاندا زاڵ کراوە، جوغرافیای نفووز و خۆشەویستیی حیزب و چالاکی و تێکۆشانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی، ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر و زیاتر دەبێ و ڕووبەرێکی فراوانتر دادەگرێ. ٧ دەیە و نیو تێکۆشان و قوربانیدانی حیزبی دێموکرات، ئاستی وشیاریی نەتەوەیی خەڵکەکەمانی بەرەوژوور بردوە و گیانی نەتەوەپەروەری و شوناسخوازیی تێدا بەهێز کردوون. هەوڵی ئێمە ئەوەیە چین و توێژەکانی

خەڵـک هـان بـدەین کە بـۆ خاوەنـداریەتی لە کێشـە و گرفتەکـانی خۆیـان بێـنە مەیـدان، خـۆ ڕێـک بـخەن و داخـوازە جۆراوجۆرەکانیـان بە شێوەگەلی هێمنـانە بێنـنە گۆڕێ و لە پێناویـانـدا خەبـات بکەن. پشتیوانی لە جموجۆڵی ئێعترازیـی خەڵـک، تێکۆشـانی ئـازادیخوازی و چـالاکیی شوناسخوازانە و شوناسپارێزانەی چالاکـانی مەدەنی و کچـان و کـورانی وشیاری ڕۆژهەڵات، بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە و، لێبڕاوین لەمەودوا پتر لە سەری بڕۆین.

کـاریگەریی حیزبـی دێـموکرات لە سـەر بـزووتنەوەی نەتەوەیـی کـورد، هەر ئەوەنـدە نییە کە ڕۆڵـی ڕێـبەر و ڕێکخەری ئەو بـزووتنەوەیەی لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە سـەر شـانە. حیزبـی دێـموکراتی کوردسـتان و بە تـایبەتی ڕێـبەری مەزن، د. قاسملوو لە کاتی خۆیدا، ڕۆڵی زۆر گرنگیان لە ناساندنی پرسی کورد بە بیانییەکـان و ڕاکێشـانی پشتیوانیی زۆر حیـزب و کەسایەتی و ناوەندی گرنگی ڕۆژاوایی بۆ لای کورددا هەبووە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە گشتی لە قۆناغی جیـاوازدا لە بەرهەمـی ئەو تێکۆشـانە دیپلۆماسییە بە نـرخە سـوودمەند بـووە. حیزبـی دێـموکراتی کوردسـتان، لە سـەر تێکۆشـانی دیپلۆماسی و کار لە نێوەندە نێو دەوڵەتییەکان بۆ گەیاندنی دەنگی زۆرلێکراویـی خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ڕاکێشـانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ پرسە ڕەواکەیـان، بەردەوام دەمێنێتەوە.

**هۆگران، دڵسۆزان و پشتیوانانی حیزبی دێموکرات!**

حیزبـی دێـموکرات وەک بە تەمەنتـرین حیزبـی کـوردی، مـافی خـۆیەتی ئەگەر بە شـانازییەوە ئـاوڕ لە ٧٥ سـاڵ خەبـاتی نەپسـاوەی پڕ لە قوربانیـدانی خۆی بـداتەوە، ڕۆژە پڕشنگدارەکان و دەسکەوتە گەورەکـانی ئەو خەبـاتە وەبیـر بێنێـتەوە، قامک بۆ ئەو چەمک و بنەما و پرەنسیب و ڕێوشوێنە جوان و پڕ بەهایانە ڕابدێرێ کە هێناونیە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیـی و کولتـووری سیاسـی و حیزبـی لە کوردسـتان. لەوە کە باشـترین ڕێـبەران، تێکۆشـەران و ڕۆڵەکـانی خـۆی لە سـەنگەرە جیاوازەکاندا بە سەخاوەتەوە ژیـان و تەمەن و گیانیـان بەختی ئامـانجی ڕزگـاریی نەتەوەکەیـان کـردوە؛ سەبارەت بەوە کە مێژوویەکـی خـاوێنی تەژی لە خـزمەت و بە دوور لە پەڵە و هەڵەی نەبەخشـراوی هەیە؛ سـەربەرز بـێ و بە خـۆی بنـازێ. ڕابـردووی دوورودرێـژی خەبـات و تێکۆشـانی سـەخت و خوێنـاوی، متمـانە و ئیعتیبـارێکی گەورە کە لە ئاسـتی نەتەوەیـی وناوچەیی و جیهانیدا کۆی کردوەتەوە، بەرنامەیەکی سیاسیی جێکەوتـوو و ڕێبـازێکی نەتەوەیـی و دێموکراتیـی بـۆ هەمـوو لا ناسراو کە حیزبی دێموکرات خاوەنیانە، خۆشەویستییەکی بێ سنوور کە ڕیشەی بە نێـو پێکهـاتە جۆراوجۆرەکـانی ڕۆژهەلاتـی کوردستاندا شۆڕ بووەتەوە، سەرمایەیەکی بە نرخ و بێهاوتای حیزبەکەمانن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو کاتێک وەک پرەنسیپ و بنەمایەکی نەگۆڕ ڕوانیویەتە دێموکراسی و نەک بۆ ساتێک لەو

بایەخ و ڕێبازە لای نەداوە، بەڵکوو قۆناغ بە قۆناغ لە ژیانی سیاسی و ئیداریی ڕۆژانەی خۆیدا کاری لەسەر چەسپاندنی دێموکراسی، بەتایبەت دێموکراسیی نێوخۆیی کردوە و لە بەرزترین ئۆرگانی خۆیشیدا هەوڵی داوە ئەم ئەسڵە جێگیر بکا. گرتنی ۱۷ کۆنگرە لە هەلومەرجی دژوار و، جاری وایە هەرە ناسکی خەباتی پێشمەرگانەدا، و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەم حیزبەدا سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

بەڵام ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ئاوڕدانەوە لەم مێژووە پڕ شکۆیەدا، هەر سەرکەوتنەکان، دەسکەوتەکان و خاڵە گەش و پڕشنگدارەکان، نابینێ. گومانی تێدا نییە کە بڕگە و قۆناغە جیاوازەکانی ئەم مێژووە، هەڵە، کەمتەرخەمی، کەموکوڕی و شتی نەخوازراوی دیکەشیان تێدایە کە هۆیەکەی دەکرێ کەمئەزموونی کادری بەڕێوەبەری، زاڵبوونی هەلومەرجی شەڕ و بارودۆخی نائاسایی بە سەر جۆغرافیای تێکۆشانی حیزبدا، بەربڵاویی ڕێکخراوەکانی حیزب و لاوازبوونی پەروەردە و کۆنترۆڵی ڕێبەری بە سەر ئۆرگانیزاسیۆنی حیزبدا و، ڕانەهاتن بە وێکهەڵکردن و تەحەممولی بیرورا و سەلیقەی جیاواز، یا هەر هۆکارێکی دیکە بێ. یەک لەو ڕاستییە تاڵانە، دەرئەنجامی ململانێ و ناکۆکیی نێوخۆیی لە نێو حیزبی دێموکراتدا بووە کە سەرەڕای ساڵانێک بەخۆوە خەریککردنی فکر و هۆش و وزەی ڕێبەری، کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب، هێندێک جار لەتبوون و لێکدابران لە ڕیزەکانی حیزبیاندا لێکەوتووەتەوە و، بوون بە هۆی نیگەرانی و دڵساردیی خەڵکی کوردستان. گومانی تێدا نیە هەر نەسلێک لە ڕێبەری و تێکۆشەرانی حیزب، هەر وا کە خاوەنی شانازی و سەرکەوتنەکانی سەردەمی خۆیانن، لە ئاست لاوازی و نوشوستی و لەتبوون و دابڕانەکانی ئەو سەردەمەش بەرپرسیارن. بە نۆرەی خۆمان بە داخین کە حیزبی دێموکرات لە ۷۵ ساڵەی دامەزرانی دا، هێشتا نەیتوانیوە یەکگرتوویی ڕیزەکانی خۆی وەدەست بێنێتەوە. هیوای ئێمە و هەوڵی ئێمە ئەوە بووە و ئەوە دەبێ کە ۷۵ ساڵەی دامەزرانی حیزب بکەینە هاندەری سەرجەم تێکۆشەران و ئەندامانی هەر دوو لای دێموکرات بۆ هەرچی زووتر کەوتنەوە سەریەکی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنی یەکگرتنەوە بە خەڵکی دێموکراتپەروەری کوردستان و ئامادەکردنی ئەو حیزبە بۆ وەئەستۆگرتنی ڕۆڵی چارەنووسسازتر لە قۆناغی داهاتووی خەباتماندا. حیزبی دێموکرات هەروا کە توانیویەتی شاسواری مێژووی ۳ چارەگە سەدەی ڕابردووی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەی بێ، بە مەرجی بە دەستهێنانەوەی یەکگرتوویی و دەرسوەرگرتن لە ڕابردووی ململانێ و ناکۆکییە نێوخۆییە زیانبارەکانی ڕابردووی، دەتوانێ شاسوار و قارەمانی گەیاندنی ئەم کاروانە بە قۆناغی سەرکەوتن بێ.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ۷۵ ساڵەی دامەزرانی ئەم حیزبەدا، سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ ڕێبەرانی شەهید، پێشەوا قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزب و سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، د. قاسملوو بووژێنەرەوە و نوێکەرەوەی حیزبی دێموکرات، د. سادق شەرەفکەندی جێنشینی لێهاتوو و درێژەدەری ئەرک و بەرپرسایەتیی ئەو ڕێبەرە

مەزنانە دەنێرێ. ئێمە لە ئاستی گیانی ئەوان و هەموو ئەو شەهید و نەمرانەی لە ڕێگای خزمەت بە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتدا سەریان نایەوە، سەری ڕێز دادەنوێنین. گیانی شەهیدانمان و هەموو ئەوانەی دێموکرات بە ڕووگەی خۆیان دەزانن، دڵنیا دەکەین درێژەدەر و پارێزەری شانازییەکانی ئەو مێژووە پڕ شکۆیە دەبین و تا گەیشتن بە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەکەمان، ئاڵای خەباتی دێموکرات شەکاوە و، چرای تێکۆشانی، گەشاوە ڕادەگرین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٧٥ ساڵەی دامەزرانیدا بە ئیمان بە سەرکەوتنی ئیرادەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بەسەر ڕێژیمی سەرکوت و مافزەوتکەری کۆماری ئیسلامیدا، بەڵێن تازە دەکاتەوە کە بە ئیرادەیەکی پتەوترەوە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان درێژە دەدا. هاوکات دڵنیایە کە لەو پێناوەدا متمانە و پشتیوانی و هێزی لەبڕاننەهاتووی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لە پشتە، لەگەڵ ئەوەشدا پێداگرە کە کاروانی خەبات و تیکۆشانی نەتەوەکەمان بە ئەرکوەخۆگریی ڕووناکبیران و خوێندکاران، لاوان و ژنان، چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەگاتە مەنزڵ.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و بنەماڵە سەربەرزەکانیان،

سڵاو لە زیندانیانی سیاسیی کورد و بنەماڵە خۆڕاگرەکانیان،

سڵاو لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان،

سڵاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات،

سڵاو لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، باسکی بەهێزی گەل،

سەرکەوی خەباتی ڕەوا و مافخوازانەی خەڵکی کوردستان،

سەرکەوێ حیزبی دێموکراتی کوردستان.

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندی

١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩

٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی گەلاوێژی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاگەیاندراوی ناوەندی سیاسی بە بۆنەی ٧٥ مین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**هاو نیشتیمانیانی بەڕێز،**
**کۆمەڵانی خەباتگێر و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان،**
**ئۆگرانی دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی،**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان،**
**زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی،**
**کادر و پێشمەرگە فیداکارەکان، ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،**

حیزبی تێکۆشەر و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ١٣٩٩ی هەتاوی بەرانبەربە ٢٠٢٠ی زایینی ٧٥ ساڵەی تەمەنی پڕ سەروەری خۆی تێپەڕ دەکا و یوبیلی ئەڵماس لە بەرۆکی خۆی دەدا.

بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئازادی خوازان بەگشتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی، کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی دەکەین و سەری ڕێز و نەوازش بەرانبەر بە گیانی پاکی هەموو ئەو شەهیدانە دادەنوێنین کە لە ماوەی ئەو ٧٥ ساڵەدا و لە ڕەوتی بەرگری لە ماف و ئازادیەکانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دا گیانیان فیدای بەختەوەری نەتەوەکەیان کەردووە، هەروەها سپاس و پێزانینمان ئاراستەی هەموو ئەو کەس و کەسایەتیانە دەکەین کە لە هەر بڕگەیەکی خەباتی

ئەو ٧٥ ساڵەدا جا بۆ هەر ماوەیەک بوو بێ بەشدار و شوێن دانەر بوون.

ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردووی حیزب و سەرنج دانێک لە مێژووی خەبات و خۆڕاگری حیزبی دێموکرات لەو ٧٥ ساڵە دا دەری دەخەن کە لەم ماوەیە دا چ ڕێگایەکی سەخت و پڕ هەوراز و نشێوی بڕیوە، چ سەروەریەکی تۆمار کردووە، چ سەرکەوتن و دەسکەوتێکی بەدی هێناوە، چ ها هەڵوێستی بوێرانە و درووست و واقع بینانە بووە، چەندها زامی بەژانی هەڵگرتووە و بە چۆک دا نەهاتووە، هەموو ئەوانە ئەمڕۆ پاش ٧٥ ساڵ ناسێنەری قامەتی بە هەیبەتی حیزبی دێموکرات و دێموکراتەکانە. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک پێوەستێکی مێژوویی و لە هەمان کاتدا گوونجا و لەگەڵ سەردەم لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی و لەسەر بنچینەی ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی ژێکاف وەک ڕێکخراوێکی پەرەپێدەری بیروهەستی نەتەوایەتی و بەدەستی قازی محەممەد دامەزرا.

دامەزرانی حیزبی دێموکرات تەنیا لە دایک بوونی ئاسایی حیزبێک نەبوو بەڵکوو سەرەتای هاتنە ئارای حیزبێکی مودێڕن، باوەڕمەند بە دێموکراسی بە بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسی بوو کە لە ٨ بەند دا فۆرموڵە کرابوو نێوەرۆکی دێموکراتیکی حیزبی نیشان دەدا و چەند ئەسڵی لە ئەولەوییەتی تێکۆشانی خۆی دا دانا بوو کە دەربڕی پێویستی یەکگرتوویی و هاوخەباتی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و نەتەوەکانی ئێران بوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ١٦٠ ڕۆژ پاش دامەزرانی بە لێکدانەوەی درووست و بە هەڵسەنگاندنی کەش و هەوای سیاسی لەئێران و کوردستان پاش شەڕی دووهەمی جیهانی توانی دەسە ڵاتێکی سیاسی و کیانێکی مودێرنی کوردی لە شێوەی کۆماری لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی دا بە سەرۆکایەتیی پێشەوای نەمر قازی محەممەد دابمەزرێنێ و لە کۆبوونەوەیەکی بەرین لە شاری مەهاباددا هەم کۆمار و هەم بەرنامەی کار و تێکۆشانی کۆماری کوردستان ڕابگەیێنێ. بەم جۆرە کۆماری کوردستان وەک بەرهەمی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی کوردستانی ئێران خۆی دەرخست. دامەزرانی کۆماری کوردستان شانازییەکی مێژوویی بوو بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەشێکی بەرچاو لە ماف و ئازادییەکان و مافی نەتەوایەتی کوردی لە زۆربارەوە دەستەبەر کرد. تەنانەت کورد لە پارچەکانی دیکەش وەک دەسکەوتێکی جێگای ئومێد سەیریان دەکرد و ژمارەیەکیان لەبەڕێوەبردنی کار و ئەرکەکانی دا بەشدار بوون.

لە تایبەتمەندییە بەر چاوەکانی حیزبی دێموکرات بەردەوامی و درێژەدان بە خەبات لە هەر هەلوومەرجێک دایە، دەبینین پاش جوانەمەرگ بوونی کۆمار و لە سێدارەدرانی پێشەوا و ژومارەیەک لە بەرپرسە باڵاکانی حیزب و کۆمار و بەندکرانی باقی ڕێبەرانی حیزب و کاربەدەستانی کۆمار و ئاوارە بوونی زۆرێک لە تێکۆشەرانی، حیزب لە تێکۆشان و چالاکی نواندن

نەوەستا. بوونی سەدان تێکۆشەری ئەو حیزبە لە زیندانەکانی ڕێژیمی شادا و شڵەژاندنی بەقەولی ڕێژیمی پاشایەتی دوورگەی ئارامی ئێران بە هۆی وەڕێخستنی بەربەرەکانی چەکدارانە لەلایەن حیزبەوە لە ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧دا بەڵگە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن.

تایبەتمەندییەکی بەرچاوی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان نوێبوونەوە و بەرەوپێشچوون و گوونجان لەگەڵ پێشکەوتنە فکری و سیاسیەکانە، بە گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ عێراق لە ساڵی ١٣٤٩ و لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب لە ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی دا ڕەوتێکی لەبار و بە بەرنامە بۆ کاری ڕێکخستنەکانی حیزب هاتە ئاراوە، ڕێبەرایەتی جەمعی جێگیرتر سەربەخۆیی سیاسی دەستەبەرتر بوو و حیزب لە ڕواڵەت و لە نێوەڕۆک دا ئاڵووگۆڕی قووڵی بەسەرخۆیدا هێنا و سیمایەکی دێموکراتیک تر و مودێرن تری بە خۆیەوە گرت، لەڕاستیدا ئەگەر پێشەوای نەمر قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزب بوو دوکتور قاسملوو ڕێکخەرەوە و بووژێنەرەوەی حیزب بوو و دوکتور سادق شەرەفکەندیش پارێزەر و درێژەپێدەری ئەم ڕێبازە گرینگە بوو.

ورد و واقیعبینی سیاسی و لێکدانەوەی درووست و نەچوونە ژێر تەوژمی کەش و هەوای زاڵ بەڵام ناڕاست بەسەر ژینگەی سیاسی ئێراندا تایبەتمەندییەکی دیکەی حیزبی دێموکرات بووە. کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکرد و حیزبی دێموکرات بەتایبەتی لە کوردستان دەوری کاریگەری تێدا گێڕا پاش سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە، خومەینی ویستی لە ڕێفراندۆمێک دا نیزامی داهاتووی ئێران دیاری بکا، ڕایگەیاند کە خەڵک پێویستە لە نێوان ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی "نەیەک وشە زیاد و نە یەک وشە کەم" دا یەکیان پەسند بکەن. ئەوکات بەداخەوە زۆربەی خەڵک و هێزەکانی ئێرانی بە بەشێکی بەرچاو لە چەپ و ئیسلامییەکان و تەنانەت کەسایەتییە سێکۆلارەکانەوە بێ ئەوەی لێکیاندابێتەوە یا لە نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامییەکەی خومەینی ئاگاداربن لەهەمان کاتدا ڕێژیمی پاشایەتیشیان ڕەت کردبۆوە دەنگیان بە سیستمی جێگای پەسندی خومەینی دا، بەڵام حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بەدوو هۆ لەو ڕێفراندۆمەدا بەشداریان نەکرد.

**یەکەم:** ئەوە کە ڕێفراندۆمەکەیان پێ دێموکراتیک نەبوو چوونکە بە کەڵکی خەراپ وەرگرتن لە ناڕەزایەتی خەڵک بەرانبەر بە ڕێژیمی پاشایەتی و نەگەڕانەوە بۆ ئەو سیستمە بەناچار دەنگیان بە کۆماری ئیسلامیدا.

**دووهەم:** حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بەدوور لە کەش و هەوای زاڵ و ناڕاست تەنیا بە لێکدانەوەی خۆیان دڵنیابوون کە لە ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی ئایینی و مەزهەبی دا نە دێموکراسی جێگای دەبێتەوە نە مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران دەستەبەر دەبێ، بەڵکوو هەڵاواردن و جیاوازیدانان و پەراوێزخستن دەبێتە سیاسەت و کردەوەی ئەو ڕێژیمە، ئەو



سەرچاوە Serchawe

هەڵوێستەی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات لەلایان هێندێ لایەنی ئێرانییەوە کەوتە بەر ڕەخنە و تۆمەت وەپاڵدان. بەڵام ئێستا هەر ئەوهێز و لایەنانە و تەنانەت زۆربەی خەڵکی ئێران دان بە بۆچوونی درووست و هەڵویستی واقیع بینانەی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات دادەنێن و ئەو شانازییە بۆ حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد مایەوە کە لە سەرەتاوە دەنگیان بە هاتنەسەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەدا. هەروەها لەکاتی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکا لەتاران لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەپێچەوانەی کەش و هەوای زاڵی ئەو کات ئەو کردەوەیە مەحکوم کرد و بەڕەفتارێکی دژ بە نەریتە نێونەتەوەیەکانی زانی.

ڕێچکەشکێنێکی دیکەی حیزبی دێموکرات بەپێچەوانەی کەش و هەوای زاڵ بەسەر حیزب و لایەنە چەپەکان لەپێوەندی لەگەڵ سۆسیالیزم و دیکتاتۆری پلۆریتاریا دا ئەوە بوو کە دوکتور قاسملوو ئامانجی دوارۆژی حیزبی لە سۆسیالیزمەوە دەگۆڕێ بە سۆسیالیزمی دێموکراتیک کە هەم دەرخەری جیاوازی بۆچوونی حیزب لەوبارەوە لەگەڵ هێزە چەپەکانی دیکە بێ، هەم لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کەناکرێ حیزبێک بۆ دێموکراسی خەبات بکا بەڵام ئامانجی دوارۆژی جۆرێک لە دیکتاتۆری بێ، ئەو بڕیارەی حیزب و ئەو بۆچوونەی دوکتور قاسملوو کە خەراپترین دێموکراسی پێ لە باشترین دیکتاتۆری باشترە بەتووندی کەوتنە بەر هێرشی بەشێک لە چەپەکان بەڵام ئێستا بەشێکی بەرچاو هەر لەو هێزانە ئەم ڕێگەیان گرتۆتەبەر.

### حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامیی ئێران:

ڕێژیمی دیکتاتۆر و خاوەن ئیدئۆلۆژی دواکەوتوانە و دژی مرۆڤیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر زوو بەرانبەر بە هەڵوێستی واقیع بینانەی حیزبی دێموکرات دژکردەوەی نیشان دا و ڕێژیم لەگەڵ ئەوەی دەیزانی حیزبی دێموکرات خاوەنی چ پێگەیەکی بە هێزە و کاندیداکانی لە تەنیا هەڵبژاردنی ئازادی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش دا لە زۆربەی شارەکانی کوردستان زۆرینەی دەنگەکانیان بۆ مەجلیسی شۆرا مسۆگەر کردووە و دوکتور قاسملوو لە پارێزگای ورمێ وەک نوێنەر بۆ مەجلیسی خوبرەگان هەڵبژێردراوە بەم حاڵەش حیزبی دێموکراتی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و بەر بەچوونی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی نەتەوەی کورد بۆ مەجلیسی شۆرا و خوبرەگان گیرا.

بەوەشەوە ڕانەوەستا و لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا فتوای جەهادی دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و لێرەوە شەڕێکی نابەرانبەر و زاڵمانە و بێ ڕەحمانە بەسەر حیزب و خەڵکی کوردستان دا سەپاند و لەهەموو لایەک و بە هەموو هێز و ئیمکاناتی شەڕەوە هێرش کرایە سەر کورد و کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe

**هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرانبەر بەم بڕیارە دوژمنکارانەیەی ڕێژیم چی بوو؟**

حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی کورد و خەڵکی کوردستان تەنیا دوو ڕێگایان لەبەر بوو، یا بەرانبەر بە زۆرداری و ماف پێشێلکاری ڕێژیم ملکەچ بکەن کە ئەوە لەگەڵ تایبەتمەندیی حیزب و نەتەوەی کورد یەکی نەدەگرتەوە یا پێویست بوو لە بەرانبەر هەر هێرش و پەلامار و پیلانێک دا خۆڕاگر بن و خەبات لە هەموو شێوەکانی دا درێژە پێبدەن کە ئەوە هەڵبژاردەی شایانی کورد و دێموکرات بوو. ئەم سیاسەتەی ڕێژیم شەڕی بەناوبانگی سنە، پاوە و نەغەدە و قەلاچۆی دەیان گوند و خەڵکی زۆری بێدیفاعی لێکەوتەوە بەڵام بەهۆی خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان پاش ۳ مانگ، خومەینی ناچار بوو شەڕ ڕابگرێ و بڕیاری وتووێژ بدا کە ئەویش بۆخۆ تەیارکردنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی بوو.

ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی ۷۵ ساڵەی حیزب و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بێ فرمێسک و خوێن و بێ تێچوو تێنەپەڕیوە، هەزاران تێکۆشەری دێموکرات گیانیان فیدای درێژەی خەبات و گەیشتن بە ئامانجەکانی کورد کردووە کە لەنێویاندا ڕێبەرانمان پێشەوای نەمر قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتۆر شەرەفکەندی و دەیان ئەندامی ڕێبەرایەتی و فەرماندە و هەزاران کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بە وەجی حیزب دەبیندرێن، هەر وەها هەزاران کەس لە خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان بەدەست هێزە سەرکوتکەرانی ڕێژیم شەهید یا کەم ئەندام کران یا لە بەندیخانەدا ئازار و ئەشکەنجەیان کەوتەبەر، بەدەیان جار بنکە و بارەگاکانی حیزب تۆپباران، خۆمپارەباران، بۆمباران و موشەکباران کران، بەڵام جێگای شانازییە کە هەموو ئەو زامە بە ژانانە نەک بە چۆکیان دانەهێناوە بگرە لە برینی ڕێگای خەبات تا گەیشتن بە ماف و ئازادیە کانیان سوورتر و پێداگرتری کردوون. دیارە بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان تەنیا لە بەرگری چەکداریدا بەرتەسک نەبۆتەوە خەباتی شار و حەرەکەت و خۆپێشاندانەکانی خەڵک لەم ماوەیەدا بەتایبەت خرۆشانی شارەکانی لە ساڵرۆژەکانی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و کۆمەڵێک بۆنەی دیکەدا لایەنێکی گرینگی دیکەی ئەو خەباتە بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە بە کورتی ئاماژەیان پێکران هیچ کات ئیدیعای نەکردووە کە بێ هەڵە بووە، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە هیچ هەڵەیەکی وای نەکردووە کە خۆی نەتوانێ قەرەبووی بکاتەوە.

ئێستاش پاش ۷۵ ساڵ خەبات و تێکۆشان ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێی دەناسرێتەوە سیاسەتی دروست و واقیع بینانە، فیداکاری تێکۆشەرانی دێموکرات لەبەرزترین ئاستی خۆیدا و پشتیوانی هەمیشەیی خەڵکی کوردستان لە حیزبی خۆشەویستی خۆیان حیزبی دێموکراتە. تاقیکاری ۷۵ ساڵ خەباتی بێ پسانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی

ئێران پێمان دەڵێ تا ئەو کاتەی کە سیاسەت و هەڵوێست و بەرنامە سیاسیەکانمان هەڵقوڵاوی ویست و داخوازی نەتەوەکەمانن هەروا بە پشتیوانی هەمیشەیی و بێ دەریغی خەڵکی کوردستان پشت ئەستوور دەبین و وەبیرمان دێنێتەوە کە لە هەر برگەیەکی ڕەوتی ئەو خەباتەمان دا یەکگرتووبووین، لەلای دۆستان بەرز و بەڕێز و لە بەرانبەر دوژمن دا بە هێزتر بووین، بۆیە پێویستە وێڕای پاراستنی هەموو ئەسڵە دێموکراتیکەکانی حیزب ئەو مەسەلە گرینگ و پڕ بایەخانەش هەروا ڕەچاو بکرێن.

**کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان، تێکۆشەرانی فیداکاری دێموکرات؛**

دوای ٧٥ ساڵ تەمەنی حیزبەکەمان خەباتی ئێستامان دژ بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر بەردەوامە، ڕێژیمێک کە بە ئیدئۆلۆژیکی دواکەوتوانە و کۆنەپەرستانەیەوە دژ بە هەموو داخوازە دێموکراتی و نەتەوایەتییەکانمان دەوەستێ، نەباوەڕی بە دێموکراسی هەیە نە بە مافی نەتەوەکان لە ئێراندا هەیە، نە مافی مرۆڤ بە هێند دەگرێ بەڵکوو بە دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی دادەنێ، دژ بە مافی یەکسانی ژن و پیاو لە خێزان و لە کۆمەڵ دایە و لەگەڵ ڕووحی سەردەم ناتەبایە، هەموو داخوازێکی ئازادیخوازانە و ئینسانی بە زۆر و سەرکووت وەڵام دەداتەوە، بەڵام ئەم ڕێژیمە هار و بێ هەوسارە لە ئاکامی کردەوە نادروست و نا بەجێیەکانی و دەخاڵەت لە کاروباری وڵاتاندا هەلوومەرجێکی دژواری بۆ خۆی پێکهێناوە و لەو سۆنگەشەوە خەڵکی ئێرانی لەگەڵ ژیانێکی نائەمن و گوزەرانێکی دژوار بەرەوڕوکردووە، لەڕادەی جیهانیدا کەوتۆتە دژایەتی کۆمەڵێک وڵات کە هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ گەلانی ئێران نییە، ئەو ڕێژیمە تیرۆریزمی وەک بەشێکی جیانەکراو لە سیاسەتەکانی درێژەداوە و وەک ماکەی تیرۆریزم ناسراوە کە بڕیاری مێژوویی دەزگای قەزایی ئاڵمان دوای تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بەڵگەی بەرچاوی تیرۆریزم و ڕیسوایی ئەو ڕێژیمەیە، بۆ پەرەپێدانی باوەڕە دواکەوتوەکانی پەلوپۆی هاویشتۆتە چەند وڵاتی ناوچە و سامانی خەڵکی ئێران بۆ دابینکردنی هەزینەی دەستە و گرووپە توندڕەوە تیرۆریستەکان لەو وڵاتانە تەرخان دەکات. وەزعی ئابووری ڕێژیم لە سنووری داتەپیین دایە و ژیان بۆ خەڵک لەوپەڕی تاڵی و بێدەرەتانی دایە کە ئەوە خۆی نارەزایەتی و دژایەتی زیاتری خەڵکی بەرانبەر بە ڕێژیمی لێکەوتۆتەوە و ڕۆژبەڕۆژیش لە پەرەسەندن دایە، لە ڕاستیدا ڕێژیم ڕەوایی خۆی لەدەست داوە تەنیا پشتی بە هێز و کەرەسەی سەرکووت بەستووە کە ئەوەش بۆ هەمیشە برناکا، بەپێچەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پاراستنی تایبەتمەندییە دێموکراتیک و تواناکانی بۆ خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران شوێندانەرێکی بەرچاوی هەیە و لەڕادەی ناوچەیی و جیهانیدا وەک حیزبێکی بەپرنسیپ و کاریگەر لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان ناسراوە.

سەرجەم ئەم وەزعە کە ڕێژیمی تێکەوتووە دەرەتانی خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران لەبارتر دەکا، بۆیە بە ئامادەیی زیاتر و قورس و قایمترەوە درێژە بە خەباتی ڕەوامان دەدەین. ڕاسانی ڕۆژهەڵات یانی خەباتی شار و شاخ کە دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبووە وەک بڕیارێکی گرینگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرینتر و لێکگرێدراوتر دەکەین، ئەوەندەی ڕێژیم بۆ دووژمن داتاشین هەوڵدەدا ئێمە چەند ئەوەندە بۆ پەیدا کردن و پاراستنی پێوەندی لەگەڵ دۆستەکانمان تێدەکۆشین. بەدڵنیاییەوە هاوخەباتیمان، یەکگرتوویی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەگشتی و تێکۆشەرانی دێموکرات بەتایبەتی و لێبڕاوی لە خەباتمان زامنی گەیشتن بە ئامانجەکانمانە، بڕیاری کۆنگرەی ١٦ بۆ هەنگاونانی جیدی بەرەو یەکگرتنەوە و بەهێزکردنی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، پێکهاتنی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لەو چوارچێوەدا سەیر دەکرێن.

جارێکی دیکە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب لە هەموو خەڵکی کوردستان و ئەویندارانی دێموکرات پیرۆزبێ. سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوای نەمر قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات.

سلاو لە حیزبی دێموکرات دامەزرێنەری کۆماری کوردستان درێژەدەری ڕێبازی ڕێبەران و شەهیدان

سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان

ئەمەگناسیمان ئاراستەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەکەین

ڕێز و پێزانینمان پێشکێش بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، درێژەدەرانی ڕێبازی پێشەوای نەمر قازی محەممەد، دوکتۆر قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی

نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرکەوتن بۆ خەباتی حیزب و نەتەوەکەمان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی سیاسی

گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی

ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا



سەرچاوە
Serchawe

## وتاری ٢٥ی گەلاوێژی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### بەبۆنەی یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

**خوشک و برایانی ئازیز!**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

**بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی، کادر و ئەندامان و پێشمەرگەکان!**

**دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

به بۆنەی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی خۆتان پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم و، هیوادارم لە ساڵانی داهاتوو هەموومان بە یەکەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو جێگایەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی لێ دامەزرا یادی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یادی دامەزرێنەری ئەو حیزبە، پێشەوا قازی محەممەد بکەین. هەروەها لێرەوە ڕێز و پێزانینی خۆمان و سەری کڕنۆش دادەنوێنین بۆ دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد و هەروەها دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی. هەر لەو ڕۆژەدا دیسانەکانە ڕێز لە یادی هەزاران پێشمەرگە، کادر و ئەندامانی ڕێبەریی ئەم حیزبە کە گیانی خۆیان لە پێناو حیزبی دێموکراتدا قوربانی کردوە، دەگرین.

فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاستییدا ئیدارەی وڵات بوو، بەڵام پێش دامەزراندنەکەی پرۆسەیەکی مەنتیقی بوو. خەباتی حیزنی دێموکرات پرۆسە بوو بەڵام دامەزراندنی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان

پڕۆژە بوو، پرۆسەکە ئێستاش بەردەوامە، بەڵام بە تەبیعەتی دەوڵەمەندیی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات پڕۆژەکانیشی جۆراوجۆر بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەما و بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف دامەزرا، واتا پرۆسەکە لەوێڕا دەستی پێکرد. ئەو کات کۆمەڵێک تێکۆشەر و رووناکبیری کورد، هەوڵیان دەدا و دەگەڕان بە دوای شوناسی خۆیاندا و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا ناسیۆنالیزمی کورد و کوردایەتییان تاوتوێ دەکرد. لە ڕاستییدا سەرەتاکەیان دامەزراند، بەڵام بە تەبیعەتی وەزعی تایبەتیی ئێران لە سەردەمی شەڕی دووی جیهانییدا قۆناغێک دێتە پێش، بۆیە پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو دەرفەتەی زۆر بە باشی قۆستەوە. لە ماوەیەکی کورتدا بەوە گەیشت کە دەبێ حیزب دامەزرێنێ، سیاسەت بکا، بچێتە مەیدانی عەمەل و وڵامی کۆمەڵێک پرسیار بداتەوە؛ بۆیە بە ئیرادەی قایمی خۆی، بە هیممەتی خۆی، بە ڕێبەریی خۆی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤دا دامەزراند.

دامەزرانی حیزب، ڕووداوێکی مێژوویی بوو و، لە ماوەیەکی کورتی پێنج-شەش مانگەدا لەبەر ئەوەی کە قازی محەممەد لە سەر مێکانیزمی ئیدارەی وڵاتیش خوێندنەوەی هەبوو، دوای حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستانی دامەزراند. قازی محەممەد دەمێک بوو لە مێشکی خۆیدا دەیزانی چ دەکا و یەک بە دوای یەک پڕۆژەکانی خۆی جێبەجێ دەکرد، بۆیە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو شانازییەی پێ بڕا یەکەم کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ و بەپێی ئەوەی حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی بۆ جێبەجێ کردنی ویست و داخوازەکانی نەتەوەی کورد دامەزرابوو، هەوڵی دا هێما و شوناسی نەتەوەییش بە هەموو دامەزراوەکانیەوە دیار بێ؛ لە کۆماری کوردستانەوە بگرە تا دواتر ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، دواتر ناوی پێشمەرگە، هەمووی ئەو دامەزراوانە ئێستاش بە گشتی لە لایەن زۆرینەی گەلی کوردەوە بە شانازییەوە چاوی لێ دەکرێ.

حیزبی ئێمە ئەو پرۆسەیەی کە دەستی پێ کرد و دوایە کردی بە پڕۆژە، توانی لە دەورانێکی زۆر حەساسدا بنەماکانی هۆوییەتی نەتەوایەتیی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێنێ. قازی محەممەد وەک ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە هەموو کێشەکان تێگەیشتبوو، بۆیە سیاسەتێکی فرە ڕەهەندی گرتە بەر. لە لایەک دروستکردنی حیزب، دروستکردنی دامەزراوە حیزبییەکان، بە جۆرێک حیزبی دێموکراتی سازمان دا کە هەموو چین و توێژەکان خۆی تێیدا بخوێننەوە. هەر ئەو وەختە حیزبی دێموکراتی کردە حیزبێکی جەماوەری، هەتا ئێستاش ئەو فەلسەفەیە یا جەماوەربوونی حیزبی دێموکرات هەر پێوەی دیار ماوە، بە دوای ئەودا تێکۆشا دامەزراوە دروست بکا، مەسەلەی کورد لە ئێران بێنێتە گۆڕێ و حیزبی دێموکرات بوو بە پارتنێری حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان لە چەند و چۆنیی چارەسەری کێشەکانی نێوان ئازەربایجان و کوردستان و دروستکردنی مێکانیزمێک بۆ لێک تێگەیشتن و هەروەها چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ تاران.



سەرچاوە
Serchawe

حیزبی دێموکرات هەوڵی دا لەنێو کۆمەڵانی خەڵک لە ڕاستییدا ئەقڵییەتی دێموکراسی، بەرابەریی ژن و پیاو، بەشداریی هەموو چین و توێژەکان لە ژیانی حیزبایەتییدا بباتە پێشێ، بەڵام هەموو ئەوانە ماوەیەکی کەم بوو. بە داخەوە حکوومەتی تاران لە جیاتی ئەوەی کە پەیامی ئاشتیخوازی، پەیامی دێموکراتیک و پەیامی بە یەکەوە ژیان لە ئێراندا لە لایەن حیزبی دێموکرات کە هاتبووە گۆڕێ و شەخسی پێشەوا ڕێبەریی دەکرد، وەر بگرێ؛ هێرشی کردە سەر کوردستان. لە ئاکامدا بە داخەوە کۆماری کوردستان ڕووخا و پێشەوا لە سێدارە درا. تەنانەت ئەو کات کە بڕیاریان دا پێشەوا قازی محەممەد لە سێدارە بدرێ، خۆشەویستیی پێشەوا قازی محەممەد لە نێو خەڵکی کوردستاندا و تا ڕادەیەک خەڵکی ئێران کە دەیانناسی ئەوەندە بوو، کە لای ئەمریکاییەکانیش وەک پرسێک چاو لێ دەکرا. ئارسی ڕۆزوێڵت، سیاسەتمەدار و کادری لێهاتووی ئەمریکا کە لە سەفارەتی ئەمریکا لە تاران کاری دەکرد، سەردانی پێشەوا قازی محەممەد دەکا ئەو وەختە لەو مەنتەقانە گوزارشی خۆی داوەتەوە و زۆر بە ڕێزەوە باسی قازی محەممەد دەکا. بۆیە تەنانەت ئەمریکاییەکان پێشنیاریان بە حکوومەتی شا کرد بوو پێشەوا قازی محەممەد، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کەسایەتییەکی جێکەوتوو و جێی ڕێزە نابێ ئاوای لەگەڵ بجووڵێنەوە. بەڵام حکوومەتی تاران بە داخەوە هیچی ئەوانەی لە بەرچاو نەگرت و کۆمار ڕووخا و پێشەوا قازی محەممەد لە سێدارە درا، بەڵام ناسیۆنالیزمی کورد لەدایک بوو، بیری کوردایەتی لەدایک بوو، هیوا و ئومێد لەدایک بوو، هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە ئەندامان و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دوای ڕووخانی کۆماریشدا چالاکیی خۆیان درێژە پێ بدەن، بەشێک لە کادرەکانی ئەم حیزبە لە زەمانی حکوومەتی شادا کەوتنە زیندانەکان، بەشێکیان تووشی دەربەدەری بوون، بەشێکیشیان لە نێو خەڵکی کوردستان و لە نێو دڵی خەڵکی کوردستاندا بە شێوەی نهێنی چالاکیی خۆیان درێژە دەدا.

ئەگەر وایە بە لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد ڕاستە پێشەوایەکی گەورەمان لە دەست دا، بەڵام دەکرێ بڵێم ناسیۆنالیزمی کورد و ئەقڵییەتی کورد و شعووری نەتەوایەتیی کورد زیاتر بە دوای ئەوەدا دەرۆی کە چۆن خەباتەکەی خۆی درێژە پێ بدا، حیزبی ئێمە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی خۆیدا هەوڵی داوە تێبکۆشێ لەسەر بایەخ دان بە بنەماکان چالاکیی سیاسیی خۆی درێژە بدا. دەورانێک لە ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێبەرانی ئەو حیزبە و کادرەکانی لە باشووری کوردستان بووە، ئەو دەورانەش هەمووی هەوڵ و هیممەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کادرەکانی ئەوە بووە کە چۆن لە نێوخۆی وڵات کار بکەن، چۆن ڕایەڵە و پێوەندیی خۆیان لە نێوخۆی وڵات کە بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان مابۆوە، بەهێزتر بکەن. لە دەورانی ساواکدا کە گرتن و کوشتن لە گۆڕێدا بوو، بەڵام دیسان کۆڵیان نەدا و لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ - هەرچەند حیزبی دێموکرات هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە تێ بکۆشێ لە ڕێگای وتووێژەوە کێشەی خۆی لەگەڵ تاران جێبەجێ بکا، بەڵام مادام ڕەفتاری حکوومەتی شا لەگەڵ حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی کورد ڕەفتارێکی نامەسئوولانە بوو تەنیا زمانی کوشتن و ئێعدامی دەزانی، بەشێک لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، جووڵانەوەیەکی

چەکدارییان وەڕێ خست، ئەو جووڵانەوە چەکدارییەش بە حوکمی نفووزی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ڕێزێکی زۆری لێ گیرا، تا ڕادەیەکی زۆر خەڵک پشتیوانییان لێ کرد. یانی دەمهەوێ ئەوە بڵێم لە بیری فرە ڕەهەندیی حیزبی دێموکراتدا هەوڵ دراوە بە هەموو جۆرێک لە خەبات تێبکۆشین، حزوورمان لە نێوخۆی وڵات بێ و تێبکۆشین هەمووی ئەو مەیدانانە تاقی بکەینەوە.

بەشێکی سەرەکیی ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئیدامەی ئەو هەوراز و نشێوانەدا دوای ئینقلابی ئێران و ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێراندا دەست پێ دەکا. ئەگەر سەردەمی کۆماری کوردستان ماوە و مەودای دەسەڵاتی حیزبی دێموکرات و نفووز و شوێنی کاری هەر ناوچەی موکریان بوو، دوای ئینقلابی ئێران، تا لای خوارووی کوردستان ڕۆیشت، یەعنی ئەو خەونەی حکوومەتی پێشووی تاران پێیوابوو بە لە سێدارە دانی قازی محەممەد مەسەلەی کورد تەواو یان بەرتەسک دەبێ، بە پێچەوانە مەودای جوغرافیایی و نفووزی زۆرتر بوو و دەستەیەکی زۆرتر لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە ژن و پیاوەوە لە بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد. هەر لە ڕۆژانی یەکەمی ئینقلاب حیزبی دێموکرات لایەنگری ئەوە بوو کە کێشەی کورد لەگەڵ تاران لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکرێ، دوکتور قاسملوو مێعماری ئەو ئیدەیە بوو و تێیشیدا زۆر شارەزا و بە توانا بوو، بۆیە هەموو هەوڵەکانی خۆی بەکار بەست بە گەلانی ئێران، بە حیزب و لایەنە سیاسییەکان و بە کەسایەتییەکانی ئێران بڵێ ئێمە ئینقلابمان کرد، بە یەکەوە ئیدارەی ئێران بکەین و ئێمەی کوردیش بۆیە لەو ئینقلابەدا بەشدار بووین، کە بە مافە نەتەوەیی و دێموکراتییەکانی خۆمان بگەین، بەڵام بە داخەوە حکوومەتی تاران و شەخسی ئایەتوڵڵا خومەینی ئەو پەیامە واتادارەی ڕێبەری کاریزما، دوکتور قاسملوو کە هەم بۆ کورد و هەم بۆ ئێران بەرژەوەندییەکی زۆری تێدا بوو بە جددیی وەر نەگرت؛ بۆیە پەیامی ئاشتیی ئێمەی بە شەڕ و هێرش کردن بۆ سەر کوردستان وڵام دایەوە.

موقاوەمەتی پێشمەرگەکان بە تایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، حکوومەتی تارانی هێنا سەر ئەو قەناعەتە کە موزاکرە بکەین. لەو موزاکراتەشدا هەوڵێکی زۆر درا، بەڵام بە داخەوە نێوەرۆک و تەبیعەت و ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کە مەسەلەی کورد لە ڕێگای گفتوگۆوە چارسەر نەکا، دوکتور قاسملوو دڵنیام زیاتر و باشتر لە هەموو کەس ئەوەی دەزانی بەڵام دەیویست بە کۆمەڵانی خەڵک و بە لایەنەکان بڵێ کە ئێمە ئینقلابمان کردوە بۆ ئەو مافانە بەڵام حکوومەتی تاران ڕێگرە لە گەیشتنی ئێمە بەو مافانە. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی شەڕی بەسەر ئێمەدا سەپاندوە و حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەکانی کوردستان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات دیفاعیان لە خۆیان کردوە، لە تەواوی ئەو ماوەدا حیزبی ئێمە هەوڵی داوە لەسەر چەند ئەساس تێ بکۆشێ، بە بنەماکانی خۆی وەفادار بێ، یەکەم لەو پێوەندییەدا هەوڵی ئێمە ئەوە بووە بە جەماوەری بوونی حیزبی دێموکرات هەمیشە لای ئێمە گرینگیی خۆی هەبێ، ئەویش

پێوەنـدی لەگەڵ کـۆمەڵانی خەڵـک لە نێوخـۆی وڵات، هەوڵ دان بـۆ ئەوەی کە خەڵـک لە نێوخـۆی وڵات لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە ڕێکـاری جۆراوجـۆر و سیاسـەتی فـرە ڕەهەنـدی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان کە لە زەمـانی پێشـەوا قـازی محەمـمەددەوە دان درابـوو و شەخسـی دوکتـور قاسملوو و دوکتـور شـەرەفکەندیش درێژەیـان پـێ دا، بەردەوام بچێـتە پێشـێ. هۆیەکەشی ئەوەیە جێگای حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بیر و هۆشی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر لە نێوخۆی کوردستانە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بـۆ مێژوو لە سێدارە دانـی پێشـەوا قـازی محەممەد، تێرۆری دوکتور قاسملوو، لەسەر مێزی وتـووێژ و تێـرۆری دوکتـور سـادق شەرەفکەندی لە شوێنێک کە دیویست مێکانیزمێک بـۆ نزیکیی هێزە ئێرانییەکـان بـدۆزێتەوە و، لەم دواییـانەدا تێـرۆری دەیـان کـادری ئـێمە، مووشـەکبارانی قەڵا و تەنـانەت ڕووداوەکەی شـەوی یەلـدا، زۆرێـک لەو ڕووداوانە هەموو یەک شتی دەر خستوە ئەویش ئەوەیە نفووزی جەماوەریی حیزبی دێموکرات، گارانتی مانەوەی حیزبـی دێمـوکراتە. جا ئەگەر وایە ئێوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداری، حزوور و لە مەیداندا بوونی خۆتـان هەوڵتـان داوە، حیـزبەکەی خۆتان ڕا بگرن. حیزبێک کە تەحەمولی ئەو هەموو هەوراز و نشێوانەی کردوە، ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەر هاتوە و خۆ ڕا دەگرێ، ئەوە ئێوەش خۆ ڕا دەگرن.

چوار ڕۆژ دوای مووشـەکبارانەکە ئێمەتـان بە تەنیـا نەهێشتەوە و بە ڕێبەریـی حیزبـی دێموکراتی کوردستانتان ڕاگەیانـد؛ ڕاستە بە مووشـەک لە ئێـوە دەدەن، بەڵام ئـێمە لێرەوە لەگەڵتـاندایین و ساپیتیشـتان کـرد. ئەم هەڵوێسـتەی ئێـوە بـوو بە بەڵگە لەو بەڵگە مێژووییـانەی حیزبـی دێموکرات کە دەچێتە سەر کارنـامەی ئەم حیـزبە و بە دڵنیـاییەوە هەتـا کۆمەڵانی خەڵکی لەگەڵدا بێ بە چۆک دانایە. ڕێبەرانی ئێمە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەوڵیـان داوە لە مەیدانـدا بـن و بە ڕۆحێکـی شۆڕشگێڕانە و بە هەستێکی نەتەوایەتی لە پێناو مافەکانی خۆماندا کار بکەین و کاریان بۆ کردوە.

لە ئاسـتی کـۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بـێتەفـاوەت نەبـوون. هەر ئەو وەخـتە پێشـەوا قـازی محەممەد هەوڵـی داوە لەگەڵ ئینگلیسییەکان پێوەنـدی بگـرێ و، لەگەڵ مۆسکۆش پێوەنـدییەکی باشی پێک هێنـا، هەوڵـی داوە لەگەڵ ئە لایەنـانەی کە وەختـی شـەڕی جیهـانیی دووەم بە جۆرێک پێوەنـدییان بە ئێران و کوردسـتانەوە بـووە لە پێوەندییـدا بـێ، هەروەهـا لەگەڵ ئازەرییەکانیش. چون ئەو دەیزانی دەبێ پێ بە پێی خەبات و تێکۆشان و ئیدارەی وڵات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش لە ئێمە بگا. بە دوای ئەودا دوکتور قاسملوو دەکرێ بڵێم مێعماری هێنانە گۆڕی ئەقڵییەتـی دیپلۆماسی و ئەوەی کە مەسـەلەی خۆمـان بە جیهـانی بکەیـن، دوکتـور قاسملوو بە حـوکمی ئەوەی لە نێوخـۆی وڵات لەگەڵ ئێـرانییەکـان و لە دەرەوەی وڵاتـیش لەگەڵ بیانییەکان تێکەڵاوییەکی باشی هەبـوو، هەر بـۆیە کارنـامەیەکی بەهێزی لەم بـارەیەوە لە خـۆی بەجـێ هێشـتوە. زۆر بـاش



سەرچاوە
Serchawe

دەرکی مەسەلەکەی دەکرد و لەم دواییانەشدا بەشێک لە سەرنجی ئورووپاییەکان و بە تایبەت فەڕانسەوییەکان کە بە مەسەلەی کورد دراوە، تا ڕادەیەکی زۆر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر سەرمایەگوزاریی ئەو کاتی دوکتور قاسملوو کردی. ئێمەش لەژێر ڕووناکایی ئەزموون و ڕێنوێنیی ڕێبەرانمان بەردەوام لەو ئاستەشدا هەر دەچینە پێشێ.

لەسەر ئەساسی ئەوەی کە ئێمە پێمانوایە کێشەی ئێران لە ئاستی گشتی و بەبەشداریی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە چارسەر دەکرێ، هەوڵمان داوە لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوایەتیی خۆمان پێوەندییمان باش کەین و، هەر لەو بوارەدا هەوڵمان داوە لەگەڵ سازمان و حیزبەکان بە پێوەندی دروستکردن بە هەموو لایەک بڵێین کە ئێمە دەبێ بە یەکەوە لە بیری ئیدارەی داهاتووی ئێران بین. ڕامان گەیاندوە و جارێکی دیکەش ڕا دەگەیەنین ئەگەر قەرار بێ ئێران لە داهاتوودا ئیدارە بکرێ، دەبێ تەوافوقێک بکرێ لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان، هەموو لایەنە قەومییەکان و هەموو لایەنەکانی دیکە و چەندوچۆنیی ئیدارەی ئێران لەو بوارەدا سیاسەتی دروستی خۆمان هەیە.

پەیامێکی دیکەمان لێرە بۆ ئێرانییەکان هەیە کە ڕەنگە بەشێک لەوان ئاگاداری کێشە و پرسی ئێمە نەبن، ئەویش ئەوەیە کە ئەم وڵاتە کاتێک ئەمنیەت و ئاسایش بە خۆیەوە دەبینێ، زەمانێک ئاشتی و دێموکراسیی تێدا سەقامگیر دەبێ کە هەموو لایەنەکان بەو جۆرەی کە هەن تێدا بەشداری ئەو پرۆسەیە بن و هەڵاواردنێک لە گۆڕێدا نەبێ. بە بەشداریی هەموو لایەک لە ئێران ئەمنیەت و ئارامشێکی میللی، قەومی، مەزهەبی، سیاسی و قانوونی دێتە ئاراوە و ئەو وەختە دەکرێ بڵێین ئیدارەی ئێران، ئیدارەیەکە کە لەسەر ئەساسی ئەو جۆراوجۆرییە دامەزراوە. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کورد لە پرۆسەی بەڕێوەبەریی ئێراندا بەشدار نەبێ و لەگەڵدا نەبێ، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان سیاسەتەکانی ئێمە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە سەرنجی نەدرێتێ، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لەوە بکرێتەوە کە ئێرانێک دروست دەکرێتەوە لەسەر تەمەرکوزگەرایی هەر بەو فەرهەنگەی کە لە حکوومەتی پێشوو و لە کۆماری ئیسلامییدا هەبوو دڵنیاتان دەکەینەوە و ئەو ئێرانە هەرگیز ئەمنیەت و ئاشتی و ئارامش بە خۆوە نابینێ و، خەڵکەکەی لە دێموکراسی و ئازادی و مافەکان بەهرەمەند نابێ. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرامبەر بە هیچ هاوکێشەیەک و بە هیچ سێناریۆیەک نیسبەت بە داهاتووی ئێران کەمتەرخەم نابین و هەوڵ دەدەین هەموو شوێنێک بە پێی بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانی خۆمان وەک کوردی کوردستانی ئێران، دەورمان هەبێ و سیاسەتی خۆمان بێنینە گۆڕێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان هەمیشە بە هەستی بەرپرسایەتییەوە جووڵاوەتەوە، ئێمە هەوڵمان داوە لە ڕۆژە ناخۆشەکاندا لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا بین و، لە ڕۆژە خۆشەکانیشدا دیسان پیرۆزباییان لێ بکەین. تێ بکۆشین لە ئەزموونی ئەوان کەلک وەر بگرین، سیاسەتی گشتیی ئێمە ئەوە بووە بە هیچ جۆرێک



سەرچاوە
Serchawe

دەستێوەردان لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا نەکەین، بەڵام دۆستایەتیی حیزب و لایەنە سیاسییەکان لەو بەشانەدا بکەین و هەمیشە ئارەزوومان ئەوە بووە کێشەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ڕێگای وتوویژ و بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێ. بەڵام پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان شتێکی دیکەیە. مێژووی پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە سەردەمی کۆماری کوردستان، ئەو وەخت کە بارزانییەکان هاتن بەشداری کۆماری کوردستان بوون، لە کۆماری کوردستان لە حکوومەتی کوردیی ئەو کاتدا میوان نەبوون خاوەن ماڵ بوون، بە یەکەوە لە سەر سفرەی سیاسەتدا بوون. ئەوە یەکێک لە سانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانە. لە تەواوی مێژووی حیزبی دێموکراتدا زۆر جار ڕێبەرایەتی، پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبی دێموکرات، بنکە و بارەگاکانیان کەوتوەتە باشووری کوردستان. لە ڕۆژە ناخۆشەکاندا خەڵکی باشووری کوردستان زۆریان پشتیوانیی ئێمە کردوە، زۆر لەگەڵماندا بوون، زۆر بەهانای دەرد و کێشەکانمانەوە هاتوون، بۆیە ئێمە لەو ڕۆژەدا جێگای خۆیەتی وێڕای سپاس بۆ هەموو لایەک بۆ دۆزی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان زەحمەتیان کێشاوە، سپاس و ڕێزێکی تایبەتییمان هەبێ بۆ خەڵکی باشووری کوردستان و لایەنەکان کە لەو ڕۆژە ناخۆشانەدا تەنیایان نەهێشتووینەتەوە.

لە کارنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە حیزبێکی جەماوەرییە و ٧٥ ساڵ لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانیدا لە بواری جۆراجۆردا بووە و قوربانییەکی زۆری داوە، نەقڵێکی خۆش هەیە لە کوردییدا دەڵێن: "بانی گەورە و بەفری زۆر" مادام حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی جەماوەری و پڕ نفووزە ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشانی کردوە لە بواری جۆراجۆری دیپلۆماسی، تەشکیلاتی، ڕێکخراوەیی، سیاسی، خەباتی جەماوەری، خەباتی پێشمەرگانە، خەباتی قانوونی و هەتا بگرە وتوویژ لەگەڵ حکوومەتە ناوەندییەکان لە مەیداندا بووە و بێتەفاوەت نەبووە، هیچ گومانی تێدا نییە بێکێشەش نەبووە. هەڵەش لە گۆڕێدا بووە، بەڵام پەڵەمان لەسەر نییە، هەڵە و کێشەش دێتە سەر ڕێی کەسێک کە کار دەکا، بۆ حیزبێکی گەورەی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانیش زۆر بە ئاسایی و سروشتیی دەزانین، بەڵام بە شانازییەوە دەڵێین حیزبێکین پەڵەمان لەسەر نییە. لە داهاتووشدا ئێمە حیزبێکی بێکێشە و بێهەڵە نابین، بەڵام ڕۆحمان ئاواڵە دەبێ بۆ وەرگرتنی تێبینی و ڕەخنە و پێشنیارەکان هەتا چارەسەریان بکەین.

بێگومان لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا لێکدابڕان بووە، ئینشعاب ڕووی داوە، جاری وا بووە کە ئێمە پێکەوە نەحاواوینەتەوە و ئەو لێکدابڕانانە خۆش نەبووە بۆ ئێمە، بەڵام با شتێکتان پێ بڵێم لە زۆربەی زۆریاندا ئەگەر لایەنەکان پێکەوە نەحاواونەوتەوە هەرگیز لەسەر بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی گومانیان نەبووە، جا ئەگەر وایە بنەماڵەی حیزبی دێموکرات وا پەروەردە کراوە ئەگەر لەگەڵ یەکیش کێشەی هەبێ بەڵام تا ئەو

جێیەی پێوەندیی بە خەبات و تێکۆشانەوە هەیە دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەرگیز گومانی نەبووە. ئەوە خاڵێکی بەهێزە کە ئێمە لەسەر ئەساسی ئەوە و بە پێی زەروورەتێکی مێژوویی کە لە داهاتوودا بووە قەزییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێتە گۆڕێ، بە هەستی بەرپرسیارەتییەوە چاو لە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بکەین. لەم پێوەندییەدا تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و سیاسەتەکانی ئێمەوە بووە و تا ئێستا بە شاهیدیی مێژوو، بە شاهیدیی تەواوی ئەو بەڵگانە کە لە گۆڕێدا هەن، ئێمە کۆتاییمان نەکردوە و لەمەو بەداوش ئێمە هەوڵ دەدین ئەوەندەی لە توانامانـدا بێ وەک حیزبێکی بەرپرسیار کە هەستی بەرپرسیارییەتیی هەیە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسە ئەرکی خۆمان بەجێ بێنین.

هاونیشتمانانی تێکۆشەر!

خەڵکی تێکۆشەر و هەمیشە لە مەیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

بۆ جارێکی دیکەش بە بۆنەی یادی ۷۵ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایيتان پێ دەڵێم و، ئێمە لەم ڕۆژەدا پەیمان نوێ دەکەینەوە، لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەگەڵ دوکتور قاسملوو، لەگەڵ دوکتور سادق شەرەفکەندی، لەگەڵ هەموو شەهیدان و لەگەڵ هەمووی ئێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەسەر خەبات و تێکۆشانی خۆمان سوور بین و، تێ دەکۆشین ئەزموونی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هیممەت و پشتیوانیی ئێوە لە داهاتوودا بە کار بێنین و، تێ دەکۆشین بە پشتیوانیی ئێوە ئەو خەباتە بەربەرینتر بکەین و دڵنیام خەباتی ئێمە لەگەڵ ئێوە و لەگەڵ هەموو دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتمان چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە دەرەوە خەباتێک دەبێ و لە درێژەی خۆیدا لە سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە. لە کۆتاییدا ئێوە هەر ساغ و سڵامەت بن و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر پایەدار بێ و، ئەگەر ئێمە لە پشتی یەک بین داهاتوو ئیی ئێمەیە، مێژووی خەبات و تێکۆشان نیشانی داوە داهاتوو ئیی ئێمەیە. هەموو لایەکمان بە یەکەوە هەر ساغ و سڵامەت بن، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### بەبۆنەی ٧٥ـــەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات



خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان

کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

وەک ئاگادارن

بەرپرسیارێتیی تاکە وشیارەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و تێفکرین لە بێ مافی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافی سەروەری، خاڵی بنچینەییە لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا.

ئەم بزاوتە فکرییە لەسەر بنەما تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف گەشە دەکات و لە حیزبی دێموکراتدا دەگۆڕدرێت بە قەوارەیەکی تەشکیلاتی و سیاسیی بە بەرنامە.

سەردەمانێک کە بیر و هزری چەپی مارکسیستی باڵی بەسەر ژینگەی سیاسیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لەو نێوەدا کوردستانیشدا کێشابوو و هزری نەتەوەخوازی وەک بیرێکی دواکەوتووانە سەیر دەکرا و بە پیلانی ئێمپریالیزم بۆ دابەشکردنی هێزی کرێکارانی جیهان دەهاتە ئەژمار، حیزبی دێموکرات لە سۆنگەی بەرپرسیارێتیی مێژویی خۆیەوە، لەسەر بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و ڕزگاری لە ژێردەستی و خەبات بۆ مافی نەتەوەیی پێداگرتر بووە.

بەپێی ئەو ڕەسالەتە مێژووییەش بوو لە یەکەمین دەرفەتدا کە لە ئاکامی گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان لە شەڕی دووەمی جیهانی لە ئاستی ناوچەکە هاتە ئاراوە، بە سەرۆکایەتیی پێشەوای نەمر، کۆماری کوردستانی وەک "یەکەیەکی نەتەوەیی" دامەزراند.

هەرچەند تەمەنی کۆماری کوردستان بە پێوەری ژمارەی ڕۆژ و مانگەکان لە کەمی دا، بەڵام میرات و مێژووەکەی بە داهاتوو سپارد و بوو بە ڕێباز؛ بە جۆرێک کە نەوەکانی دواتر، خۆیان بە هاووڵاتیی ئەو کۆمارە دەزانن و لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش مۆرکی سامانێکی نەتەوەیی پێوەیە.

بەو پێیە، بنچینەیەکی وەها پتەوی لە هەست و نەست و هزری ڕۆژهەڵات دانا کە دوای ڕووخانی کۆمار و لەسێدارەدانی پێشەوا و باقیی بەڕێوەبەرانی، خەبات بۆ ژیانەوە و بنیاتنانەوەی بووەتە خولیا و هێڵێکی نەتەوەیی لە ستراتیژی و بەرنامەی سیاسیی حیزبی دامەزرێنەری؛ حیزبێک کە بە درێژایی مێژووی ٧٥ ساڵەی، بەرانبەر بە دوو دیکتاتۆریی پاشایەتی و ئیسلامی، لەسەر هەمان هێڵ بەردەوام بووە.

ئێستا کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژی لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات بەرز ڕادەگرێت، زیاتر لە ڕابردوو بۆ گەیشتن بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی هیوادارە. وشیارانەتر لە هەموو کات خەباتی بۆ دەکات و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەروا پێشەنگ و ڕێکخەری ئەو خەباتەیە.

هەرچەند لە ماوەی ئەو ٧٥ ساڵەدا، بێجگە لە سەروبەندی پێش و پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان و مەودایەکی کورتماوەی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی، کە سەرجەم لە چەند ساڵێک تێنایەڕێت، حیزبی دێموکرات بە ئازادی لە کوردستان چالاکیی نەبووە، بەڵام لەو ماوە کورتەدا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بە کردەوە و بە شێوەی دامەزراوەیی، لە پێناو بەهاکانی ئازادی و دێموکراسی و سەروەریی نیشتمانی و ژیانێکی ئازاد تێکۆشاوە.

دەسەڵاتی خەڵک (شوراکان)، پلۆرالیزم، یەکسانیی مافی ژن و پیاو، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادیی بیر و باوەڕی سیاسی و ئایینیی جیاواز و ڕەچاوکردنی مافی کەمینەکان، گرینگیدان بە بواری زمان، خوێندن و پەروەردە، بەشێک لەو پرسانەن کە بە بەرنامە و بە کردەوە هەوڵی بۆ دراوە.

خەبات بۆ ڕزگاری لە ژێردەستی و ئەو ئامانجە بەرز و پڕبەهایانەی کە حیزبی دێموکرات هەوڵی بۆ داوە، لەگەڵ بنەمای فکری و سیاسیی ناوەند لە سەردەمی هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و ئیسلامی، ناتەبا و پێک ناکۆک بووە. بۆیە حیزبی دێموکراتیان بە دژی دەسەڵاتە سەرەڕۆ و دواکەوتووەکانی خۆیان داناوە و بە هەر شێوەیەک لە توانایاندا بووە، هەوڵی پەراوێزخستن و لەناوبردنیان داوە. لەناوبردنی ڕێبەرانی ئەو حیزبە ئامانجێکی سەرەکیی ئەوان بووە، هەر لەو ڕاستایەشدا پێشەوا قازی محەممەد، د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی، بە پیلانی ئەم ڕێژیمانە شەهید دەکرێن؛ بەڵام ئەزموونی ٧٥ ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کە شەهیدکردنی ئەو ڕێبەرانە و هەزارانی دیکە لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، بڵێسەی ئاگری ئەو خەباتەی گەرمتر و بەتینتر کردووە. بەپێچەوانەی بیری تەسکی دوژمنان، حیزبی دێموکرات ئەو حیزبە نییە کە بتوانن بە غەدر و خەیانەت و پیلان لەناوی بەرن. حیزبی دێموکرات، ناسنامەی نەتەوەیی هەیە و بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی کورد. بە درێژایی قۆناغەکانی خەباتی، هەوڵی بۆ دابینکردنی سەروەریی نەتەوەکەی بەسەر خاکی خۆیدا داوە و دەیان ساڵە ڕێکخەر و پێشەنگی بزووتنەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ناکرێت باس لە مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بکرێت، بەڵام ڕۆڵی مێژوویی ئەم حیزبە نادیدە بگیردرێت.

مێژووی ٧٥ ساڵە، تەنیا مێژووی پێکهاتەیەکی سیاسی و تەشکیلاتی نییە، بەڵکوو مێژوو و یادەوەریی دەیان ساڵ خەبات و قوربانیدانە کە بە هەزاران تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ لە چەندین نەسڵ و لە سەرجەم چین و توێژ و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیایدا بەشدار بوونە.

ئەگەرچی حیزبی دێموکرات لە دووتوێی ئەم مێژووەدا خاوەنی سەروەری و دستکەوت و سەرکەوتن بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان لە کەموکوڕی و هەڵەش بەدوور نەبووە. ئەگەر زۆرجار دەسکەوت و سەرکەوتنەکان ئاکامی هەلومەرج و دۆخی کات و شوێنە، بە هەمان شێوە بەشێک لە کەموکوڕی و نسکۆکانیش ئەنجامی هەمان بارودۆخن، لە حیزبی دێموکراتیشدا هەر بەو شێوەیەیە.

لەو مێژووە ٧٥ ساڵەیەدا، نەبوونی دەرفەتی چالاکیی ئازادانەی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵات، دووروەڵاتی و دابڕان لە خەڵک وەک سەرچاوەی مرۆیی و ڕێکخراوەیی، تا ڕادەیەک کەلێن و بۆشایی و دابڕانی دیکەشی لە پەیوەندیی نێوان حیزب و ڕۆژهەڵات بەجێ هێشتووە. ئەمەش بۆ خۆی هۆکاری کۆمەڵێک کەموکوڕی، بێ توانایی یان کەم توانایی بووە. ئەم دابڕانەش زۆرجار دەبنە هۆی سیاسەت و بەرنامەیەکی هەڵەی ئەوتۆ کە دەتوانێت زیانبار بێت.

بە سەرنجدان بەو ڕاستییانە، حیزبی دێموکرات هەڵگری هێندێک کەموکوڕی بووە کە دەکرا کاری زیاتریان لەسەر بکرێت بۆ



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی کەموکوڕییەکـان کەمتـر ببـنەوە. یەکێـک لە گرنگتـرین کەموکوڕییەکـان لایەنـی "پەروەردەیـی"ی کـادر و پێشمەرگە و ئەنـدامانیەتی. بە واتـایەکی تـر نەبـوونی ئیمکـان و دەرفەتـی پەیوەنـدیی زینـدوو و بەرۆژ لەگەڵ ژیـنگەی ڕۆژهەلات و هەروەهـا دۆخـی سـەرکوت و هەلـومەرجی سـەخت و دژواری خەبـات، بـوونەتە هۆکـار تـاکوو لە چەنـد قۆناغێکـدا گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا کەمتر و درەنگتر لە بەرنامە و پێکهـاتەی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبـدا ڕەنگ بـداتەوە و حیـزب بە گـوێرەی پێویست نەتوانێت بەو گۆڕانکارییـانە ئاشـنا ببێـتەوە و خـۆی لەگەڵـدا بگونجێنێت؛ بە واتـایەکی تـر حیزبـی دێمـوکرات پـێ بە پێـی گۆڕانکـاری و گەشـەی کۆمـەڵگا و تاکەکـانی ڕۆژهەلات، نەیتوانیوە پەروەردەی خـۆی لە ئاست ئەو گۆڕانکارییانە بەرێتە سەرێ و پێکهاتە و بەرنامەکەی لەگەڵ بەستێنی گۆڕانکارییەکـان هەماهەنگ بکات، بـۆیەش زۆر کـات بەرەوڕووی کێشە و گرفتی گەورە و بچووک بووەتەوە.

خـاڵێکی دیـکە کە گرینگییەکـی تـایبەت بە خـۆی هەیە و دەبـێ قـامکی لەسـەر دابنێـین، پـێگەی جوغرافیـایی و ڕۆڵـی ستراتێژیکی ناوچەکانی باشووری زاگرۆس لە ڕێکخستنی بزووتنەوەی نەتەوەیـی ڕۆژهەلاتـدایە. پێـوەری سـەرکەوتنی کۆتـایی بـۆ بـزووتنەوەی کـورد لە ڕۆژهەلات وەک یەکەیەکـی نەتەوەیـی و جوغرافیـایی، پڕکـردنەوەی ئەو بۆشـاییە و گواسـتنەوەی ڕەهەنـدەکانی خەبـاتە بـۆ ئەم بەشە لە نیشـتمان. سـەرەڕای سیاسـەتی لەمێـژینەی داگیـرکەر بـۆ ئاسیمیلەکردن و دابـڕان و تواندنەوەی ناسنامەی کوردیی ئەم ناوچەیە، هزری نەتەوەیی و کوردایەتی لەم نـاوچەیە تـا دێ گەشە دەکـات، بەلام ئێمە وەک حیزبی دێموکرات و سەرباری هەموو بەرنامە و هەوڵەکانمان نەمانتوانیوە ئەو بۆشاییە بە تەواوەتی پڕ بکەینەوە.

ڕوانینی کراوە و هزری ڕەخنەگرانە بۆ مێژووی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکرات، فەزیلەتێکی فکری و زەروورەتێکـی پەروەردەییە بۆ بەخۆداچوونەوە و بەڕۆژکردنی سیاسەت و بەرنامەکانمان. ئەم ڕوانینە وادەکات کە بە وردی سـەرنج بخرێتە سـەر کێشـە و بەربەستەکان لە بەستێنی واقعی خۆیدا. هەوڵ بۆ دەستنیشانکردنی گرفت و کەموکوڕییەکان، بەشێکن لە پرۆسەی چارسەر.

لە کۆتـاییدا دەمهەوێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێت کە بە هەموو کەموکوڕییەکانیشەوە، حیزبی دێـموکراتی کوردسـتانی ئێـران، ئێستاش هەر جێگای هیوای زۆربەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتە. کۆمەڵگای ڕۆژهەلات ئەو حیزبە بە دروستی بە هی خۆیـان دەزانـێ، بـۆیە بە سەرکەوتنەکانی خۆشحاڵن، بە پاشەکشە و لاوازییەکـانی هەسـتیارن، هێـز و وورەی پـێ دەبەخشـن و لە تەنگانەدا پشتی دەگرن. لە هەموو بەشەکانی کوردستانیشدا بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە لێی دەڕوانـن. ئەو ڕێـز و پـێگەیەش بەگشـتی بەرهەمـی خـوێنی شـەهیدانە، لە ڕێبەرانـیەوە بگـرە تـا دەگـاتە هەزاران کـادر و پێشمەرگە، ئەنـدام و لایەنگر، کەمئەندام و زیندانیی سیاسی؛ بەرهەمی تێکۆشان و خەباتی چەنـدین نەسـڵە کە بە سـەدان هەزار کەس بە گـوێرەی توانـا و هەلومەرج پاڵپشت و یارمەتیدەری بوونە و خاوەندارێتییان لێ کردووە، بۆیە لەڕاستیدا هەموو شانازییەکانیشی بۆ سەرجەم

چین و توێژەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە.

بۆ ئێمەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیش، شانازییەکی گەورەیە کە لە ڕیزی حیزبێکی نەتەوەیی ئەوتۆدا خەبات دەکەین.

لە ٧٥ەمینساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا، سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنین لەبەرانبەر گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو ئەو شەهیدانەی کە لە ڕێگای ئازادی کوردستان، گیانی پاکی خۆیان بەخت کردووە، ئەمەگناسی و پیرۆزباییمان بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بۆ زیندانییانی سیاسی، بۆ هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە دەردەبڕین و بەڵێن دەدەین درێژەدەری ڕێگای پڕ لە سەروەرییان بین.

لەم یادە پڕشکۆیەدا، پەیامی یەکڕیزی و هاوخەباتی بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، کۆمەڵگای خۆڕاگری مەدەنی و سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان دووپات دەکەینەوە.

بژی حیزبی دێموکرات

سەرکەوتن بۆ کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٠


--------------------------------------------------



# وتووێژەکان:

## بابا عەلی مێهرپەروەر:

## کۆنگرەکەی حدکا دەرگای دیالۆگ نەکاتەوە وەک ئێستا هەردوولا "ئاویان بە جۆگەیەکدا ناڕوا"



**شەقام. دیداری: ئەحمەد سەفا**

**شەقام: لەمدوایانەدا کێشەی ناوخۆیی حزبی دیموکراتی کوردستان بوبەهۆی ڕاگەیاندنی گروپی "هەلویست" و ئەم گروپەش دوای دەرکردنی چەند بەیاننامەیەک بە پەلە تێکەل بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بە رای ئێوە کێشەکان چین، هۆکارەکانیان چ بون، هەلویست راستی دەکرد؟، ئایا چاکی کرد کە لەگەل لایەنی دیکە کەوت ؟حدک دوای ئەمە چی بکا باشە؟**

**بابا عەلی مێهرپەروەر**: من زۆر لە وردەکاریەکانی نێو خۆی حدک دا زانیاریم نیە تا بەروونی و بەدروستی بزانم کێشەکان چین. ئەوەی کە دەیبیستین لە ڕێیی ڕاگەیەندراوە فەرمی ونافەرمیەکانی لایەنی کێشەکانە، بۆ ئەوەی کەسێک بتوانیت بە دوور لە "حب و بغض" روانگەی خۆی دەرببرێت پێویستی بەزانیاری زۆرتر هەیە. کەوابوو ناتوانم لە سەر ئەوەی کە حەقێقەتی کێشەکان چین "ئێستا کە وا نەبووەو دەرکەوتوە جگە لەژمارەیەکی کەم (تائیستا) بەکردەوە و لەریزی گروپی هەڵوێستدا نەچوونەتە پاڵ حدکا، جگە لە ئاڵۆزکردنی کەش و هەوایەکی دڵخۆشکەر لە پێوەندی نێوان ئەو دوو بەشەی

حزبی دیموکراتدا کە ماوەیەک بوو هاتبوە ئاراوە، کارێکی ئەوتۆی نەکردوە . دەرئەنجامێکی دیکەشی هەبوویێت ئەوە بوە کە هەندێک دڵی ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی کورت خۆشکرد کە دژ بە نزیکبوونەوە و چارەسەری کێشەکانی نێوان دیموکراتەکان لەرێی دیالۆگەوە بوون." وەڵامێکی راستتان بدەمەوە.

ئەوەی کە هەڵوێست راستی دەکرد ؟ ئەگەر هەڵوێست لەکەسێکدا ببینین و لەسەر هەڵسوکەوتەکانی ئەو یەک کەسە (کەسی یەکەم و دیاری ئەو گرووپە) دادوەری بکەین ناتوانین لە یەک وشەدا بڵێین چاکی کرد یان خراپی کرد. بەرای من چوونەوەی لەو کات و ساتەدا بۆ ناو حدکا ئاوا دەمهەوێت باس بکەم ئەگەر ئەو هاورێیە وەک خۆی (کاک رامبود) و بە پێی هەڵسەنگاندنی خۆی کە لە کوێ دەتوانی باشتر بەئامانجەکانی کە خزمەت بەگەلی کورد بێت بگات، ئەوە مافی خۆیەتی و کەس بۆی نیە بڵێت کە وا باش بوو یان وا خراپ بوو. تاک بۆ خۆی مافی بریاردانی لە سەر رێبازی سیاسی و چالاکی سیاسی خۆی هەیە و دەتوانێت چ رێگەیەک بە باش دەزانێت هەڵی بژێرێت. بەڵام ئەگەر چوونەوەکەی وەک ئەوەی کە راگەیەندراوە گوایە بەمەستی یەکخستنەوەی زووتری رێزەکانی حزب بوویێت، بەو هۆیانە کە باسی دەکەم بەقازانجی نازانم. یەکەم، وەک ئیدعا کراوە، گروپی هەڵوێست و بەکۆمەڵ چوونەتەوە پاڵ حدکا، بەڵام دەرکەوت وانەبوە ئەگەر واش بوایە شتێکی لە مەسەلەکە نەدەگۆری چونکە نە حدک بە رۆیشتنی ئەو گروپە لە پێ دەکەوت وملکەچی داخوزایەکانی حدکا دەبوو نە حدکاش دەیتوانی برینی دابرانی پێ سارێژ بکات. ئێستا کە وا نەبوەو دەرکەوتوە جگە لەژمارەیەکی کەم (تائیستا) بەکردەوە و لەریزی گروپی هەڵوێستدا نەچوونەتە پاڵ حدکا، جگە لە ئاڵۆزکردنی کەش و هەوایەکی دڵخۆشکەر لە پێوەندی نێوان ئەو دوو بەشەی حزبی دیموکراتدا کە ماوەیەک بوو هاتبوە ئاراوە، کارێکی ئەوتۆی نەکردوە . دەرئەنجامێکی دیکەشی هەبوویێت ئەوە بوە کە هەندێک دڵی ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی کورت خۆشکرد کە دژ بە نزیکبوونەوە و چارەسەری کێشەکانی نێوان دیموکراتەکان لەرێی دیالۆگەوە بوون. من پێموایە ئەوانیش ئێستا لەو شاگەشکە بوونەی سەرەتاییان پەشیمان بووبێتنەوە، چونکە ئەوەی ئەوان خەونیان پێوە دەبینی کە بتوانن لە کونگرەی ١٥دا کە گوایە بەم زووانە بەرێوەدەچێت بەسەر فەزای یەکبوون و یەکگرتنخوازیدا زاڵ بن و ئەو گرووپە بکەن بە نموونەی لێک بڵاوبوونی حدک و نەمانی زەروورەتی دیالوک و وتووێژ، نەهاتە دی. بەڵگەشم بۆ ئەو قسەیە ئەو راگەیاندراوە بە پەلەی دەفتەری سیاسی حدکا یە لە کاتێکدا کەسی یەکەمی حزب لە دەرەوەی وڵات بووە و پێدەچێت لە رووی زانیاری ناراست رەزامەندی لە سەر ئەو راگەیاندراوە دەربرێبێت. بۆیە دەتوانم بەراشکاوی بڵێم ئەگەر حدکا و بەتایبەت سکرتێری حزب لەجیاتی بیرکردنەوە لە رێگەچارەیەکی سەرەکی بۆ کێشەکان لەگەل تەواوەتی حدک دڵ بەو جۆرە شتانە خۆش بکەن، نە تەنها کێشەکان چارەسەر نابن بەڵکو قەیرانەکە قووڵتریش دەبێتەوە. هەر لەو پێوەندیەدا ئەوەش زیاد بکەم پێموایە زیاندیتووی سەرەکی لەو کێشەدا بەپلەی یەکەم کاک رامبودە، چونکە هەر ئەوانەی بەهیوای گەرانەوی ژمارەیەک پتر لە ١٠٠ کەس، باوەشی ئاوەڵایان بۆ ناوبراو کردەوە، ئێستا کە وەزعەکە بەوجۆرە بەپێچەوانەی پێشبینیەکەیان دەبینن، سروشتیە چاوێک

بەرەفتاری خۆیان لەگەل کاک رامبود بخشێننەوە.

بەدوای لە پێشگرتنی ئەو حەرەکەتە لە لایەن گروپی هەڵوێست یان بەناوی "دەتوانم بەراشکاوی بڵێم ئەگەر حدکا و بەتایبەت سکرتێری حزب لەجیاتی بیرکردنەوە لە ڕێگەچارەیەکی سەرەکی بۆ کێشەکان لەگەل تەواوەتی حدک دڵ بەو جۆرە شتانە خۆش بکەن، نە تەنها کێشەکان چارەسەر نابن بەڵکو قەیرانەکە قووڵتریش دەبێتەوە. هەر لەو پێوەندیەدا ئەوەش زیاد بکەم پێموایە زیاندیتووی سەرەکی لەو کێشەدا بەپلەی یەکەم کاک رامبودە، چونکە هەر ئەوانەی بەهیوای گەرانەوی ژمارەیەک پتر لە ١٠٠ کەس، باوەشی ئاوەڵایان بۆ ناوبراو کردەوە، ئێستا کە وەزعەکە بەوجۆرە بەپێچەوانەی پێشبینیەکەیان دەبینن، سروشتیە چاوێک بەرەفتاری خۆیان لەگەل کاک رامبود بخشێننەوە." هەڵوێستەوە، ریگەی لوژیکی بۆ حدک ئەوەیە کە پتر بەخۆدا بچێتەوە، بۆ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی وەها گروپێک بگەرێت، و ئاوڕێک لە سیاسەتەکانی خۆی وموعامیلە ورەفتار لەگەل وەها دیاردەیەک بداتەوە. بۆ ئەوەی لەوەها گروپگەلێکدا بە قازانجی گۆڕانکاری ئەرێنی کەڵک وەربگرێت و سینگ فراوانترانەتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داواکاریەکانی گروپی فیکری لەوشێوەیە بچێت، و بە دیدو بۆچوونێکی قوولترەوە لە کێشەی دوو دیموکرات بڕوانێت و وانەکات کە ئەو حەرەکەتە سەرنەکەوتوانەی گروپی ناوبراو کاریگەریەکی وا لەسەر ڕێبەرایەتیەکەی دابنێت کە واز لە هەوڵی چارەسەری دوو دیموکرات بێنێت. هەروەک ئاوات و مەبەستی دژبەرانی یەکبوونەوەی دووبارەی حزبی دیموکراتە. بەڵکو شیاوتر ئەوەیە وەک دەڵێن ئەو مەسەلە "بە فاڵ نیک" بگرێت و چاوکراوەتر بۆ خۆی هەنگاو بۆ چارەسەری هەڵبگرێت. بە بڕوای من ئەرکی حدک بۆ هەڵسوکەوت لەگەل ئەوانەی لەلیستی هەڵویستدا بوون و هەڵوێستێکیان بێجگە لە هەڵوێستی ئەو کەسانە بوو کە کەوتنە نێو گەمەیەکی لە پێشدا دۆراو، وابێت کە بۆ ڕاگرتنیان، لەجیاتی دانی هەندێک ئیمتیازی کاتیی هەنگاو بۆ جێبەجیکردنی داوا بەجێکانیان کە بێگۆمان بە قازانجی گشتی تەواو دەبێت هەڵبگرێت.




**شەقام: بۆ کێشە نیوخۆییەکانی حدکا رات چیە؟، چۆن چارەسەر دەکرێن؟، وەرگرتنی گروپی هەڵویست دەبێتە سەرەتای هەنگاوێک بۆ چارەسەریان؟**

**بابا عەلی مێهرپەروەر**: هەروەک پێشتریش سەبارەت بە حدک وتم من ئاگاداریەکی زۆرم لە سەر کێشە نێو خۆیەکانی حدکاش (ئەگەر بش بێت) نییە، بەڵام ئەوەی کە لە ڕاگەیاندنەکانیشدا باسی لێدەکریت ئەوەیە کە لە بەرەبەری بەرێوەچوونی کونگرەی ١٥دا دوو بۆچوون و روانگە (کە ناکرێت وەک کێشەش سەیری بکەین) رووبەرووی یەکتر راوەستاون، یەکەمیان ئەوەیە کە پێویستە بۆ چارەسەری کێشەی نێوان دوو بەشی لێکدابڕاوی حزبەکەیان واز لە مەرجی نە گونجاو و بەربەستەکان بێنن و ڕێگەی دیالۆگ بۆ چارەسەری بگرنە پێش. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە زۆرینەی بەدەنەی تەشکیلاتی حدکا لە خۆ دەگرێت لەگەڵ بەشێک لە رێبەرایەتی. ئەو بۆچوونە لە کونفرانسەکانی پێش کونگرەدا بە ئاشکرا وبەروونی و بە زەقی خۆی نواندوە. دووهەم بۆ چوونی دژبەرانی لێک نزیک بوونەوە و کردنەوەی دەرکی دیالۆگە، هەرچەند لایەنگرانی ئەو بۆچوونە لە بەدەنەدا لە چاو بۆچوونی یەکەمدا بەژمارە زۆر کەمترن بەڵام لە ئاستی رێبەریدا بەرچاون. سازکردنی هەراوهۆریای گەڕانەوە یان پێوەستبوونی گرووپی هەڵوێست لە بەرەبەری کونگرەدا لە راستای پەکخستنی رەوتی یەکگرتنخوازانە دابوو، کە وادیارە بەو جۆرە کە کیسەیان بۆ ئەو مەسەلە هەڵدووریبوو وادەرنەچوو، لەسەرەتادا توانیان بۆ چەند رۆژێک جەوێکی بێ هیوایی لە ئاست کرانەوەی دەرکی دیالۆگ هاتە ئاراوە بەڵام بە نیشتنەوەی تەپ وتۆزی سازکراو ودەرکەوتنی راستیەکان جەوە بێ هێوایەکە رەواوەتەوە.

**شەقام: کۆنگرەی ١٥ لە پێش حدکایە، کۆنگرە دەبێ چی بکا بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکان، چ ئاڵوگۆرییەک ئەنجامبدات؟**

**بابا عەلی مێهرپەروەر**: هەرچۆنێک بێت کونگرەی ١٥ ئەرکێکی گرنگی لە سەرشانە و بە هیواین بتوانێت ئەرکی شیاوی خۆی بەرێوەبەرێت و بڕیارێکی یەکلاکەرەوە سەبارەت بە دیاردەی دوو دیموکرات بدات. رێگەچارەی هەمووکێشەکان چ لە حدکا چ لەنێو حدک چ لەنێو حزبە سیاسیەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکەوە دانیشتن و دیالۆگێکی کارسازە، هەروەک بە کورتی ئاماژەم پێکرد کونگرەی ١٥ی حدکا ئەرکی سەرەکی چاوخشاندنەوە بە سیاسەت و چالاکیەکانی حزب لە چوار ساڵی رابردوویداو یەک لەوان سیاسەتی بایکوت و دانانی مەرجی ناو گۆڕین بۆ کردنەوەی دەرکی دیالۆگ لەگەڵ بەشەکەی دیکەی حزبی دیموکراتە. ئەگەر کونگرە بەتێگەیشتن لە هەستیاری بارودۆخی نێو خۆی وڵات و ئەو قەیرانانە کە کۆماری ئیسلامی تێیکەوتوە، ئەو ئاڵوگۆرانە کە لەماوەی دوو کونگرەدا لە ناوچەکەدا روویانداوەو هەروەها ئەو داخوازیانە کە لەلایەن خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ چارەسەریی کێشەی نێوان دووبەشی لێکدابراوی حزب پێشکەشکراون بڕیاری گونجاو بدات، دەکرێت بەکونگرەیەکی سەرکەوتووی لەقەڵەمی بدەیت.

**شەقام: یەکگرتنەوە و یەکخستنەوەی دیموکراتەکان باسێکی گرنگە لەو نێوەدا، ئایا ئەمە عەمەلییە ؟ کام لا زیاتر پابەندە بەم داوایە؟**

**بابا عەلی مێهرپەروەر**: بۆئەوەی دەستنیشان بکرێت کام لا پابەندە بەم داوایە، ئەوە لەپرۆسەی وتوێژەکاندا دەردەکەوێت، تائێستا لە راگەیاندراو و لە زاری رێبەرایەتی و بەرپرسانی حدکەوە بیستراوە کە ئامادەی دیالۆگ و وتووێژن، بەبێ مەرج بۆ چارەسەری کێشەکان. بەڵام ئەوە هێشتا هەر قسەیەو هەرچەندیش باش بێت تا ئەوکاتەی لەگەڵ حدکا هەنگاوی بە کردەوەی بۆ هەڵنەگیراوە لەو قۆناخەدا دەمێنێتەوە. لەم دوایانەدا لە زاری سکرتێری گشتیی حدکاوە لە کۆبوونەوە نێوخۆیەکانی حزبیدا باسی چارەسەری کێشەی دووبەشی لێکدابراوی حزب لەرێگای وتوێژ و دیالۆگەوە هاتۆتە ئاراوە. ئەگەر بەرێزیان لە پاش دەرچوونی ئەو راگەیاندراوەی دەفتەری سیاسی حدکا لەسەر پەیوەست بونی گروپی هەڵوێست کە هەندێک ئاڵۆزی لە فەزاکەدا پێکهێناوە، هەروەک پێشتر لەسەر قسەکانی سوور بێت ودیالۆک بەرێگەچارە بزانێت، دەتوانێت دۆخەکە بگێرێنێتەوە بۆ دۆخی پێش دەرکرانی راگەیاندراوەکە، بەڵام ئەگەر ئەویش پێی وابێت کە راگەیاندراوەکە لەجێی خۆیدا بوەو کاریگەری ماوە و وەشوێن ئەو پرۆسەیە بکەوێت، ئەوا هیوا بە نزیکبوونەوە بەم زوانە کەمتر دەبێت.

**شەقام**: چۆن دەکرێ ئەم دوو بەشە یەکبگرنەوە؟ چۆن؟ دەکرێ ئاستەنگەکانی بەردەم یەکگرتنەوە دەستنیشان بکەی؟

**بابا عەلی مێهرپەروەر**: لەوەڵامی ئەو بەشە لە پرسیارەکەت کە دەڵێت "چۆن دەکرێ ئەم دووبەشە یەک بگرنەوە؟" دڵنیام مەبەستت میکانیزمی یەکگرتنەوەکەیە، نە محاڵ بوونی یەکگرتنەوە. بۆیە وەڵامەکەی منیش بەوپێیە دەبێت. پێش لەهەر مەسەلەیەک ئەو کارە پێویستی بە بڕیارێکی ئازایانەی رێبەرایەتیەکانە کە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە پێکەوە و لە کەشوهەوایەکی سالمدا دانیشن. کاتێک تابۆی یەکتر نەدوان وبایکوت شکا بۆ یەکگرتنەوەیەکی بەمانای یەکبوونەوە پیویستە هەردوولا راشکاوانە پێ لە هەڵەکانی خۆیان بنێن بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکان لە ریشەوە چارەسەر بکەن. پاشان لیژنەیەکی هاوبەش بۆ دارشتنی بەرنامە و پێرەوێکی وا کە رەنگدانەوی بیرورای هەردوولایەن بێت (بەخۆشیەوە هێشتا لەزۆربەی بوارەکاندا لێکنزیکن) ئامادەبکەن و پاشان لە کۆنگرەیەکی تایبەتداو بە هەڵبژاردنی رێبەرایەتیەکی نوێ حزبی نوێی دیموکرات بونیات بنێنەوە. گومان لەوەدانیە ئەگەر ئیرادەی یەکگرتنەوەخوازی بەهێز بێت ئەوکارە عەمەلییە. لەوەڵامی بەشێکی دیکەی ئەم پرسیارەتدا دەبێ بڵێم ئاستەنگەکانی بەردەمی ئێستا هەر ئەو روانگە وبۆچوونانەی هۆکاری لێکدابرانن. دەبێت ئەو روانگانە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بگۆردرێت و گەشبینی ویەکتر قەبووڵکردن جێی ململانێ نا سالمەکانی پێشوو بگرێتەوە.

**شەقام**: ئایا تەنیا بە یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان قەیرانی ناو بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات کۆتایی دیت؟ رێگە بۆ بەرەیەکی بەرفراوان دەکرێتەوە؟، یەکێتی و پارتی لەو نێوەدا دەوریان چیە؟



سەرچاوە
Serchawe

**بابا عەلی مێهرپەروەر**: یەکگرتنەوەی ئەم دوو بەشە هەموو قەیرانەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد چارەسەر ناکات، بەڵام دەتوانێت کاریگەیەکی زۆری لە سەر کێشەکان هەبێت. قەیران لە هەر ڕێکخراوێکدا لەوانەیە بێتە ئاراوە بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی دیموکراتیک و بەرپرسانە لەگەڵ کێشەکان موعامیلە و رەفتار بکرێت سەرکەوتن بەسەریاندا زۆر ئاسانتر دەبێت. زۆر لەمێژە باس لەسەر پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکرێت وهێشتا لە قۆناخی قسەدا تێنەپەریوە، بەبڕوای من ئاستەنگی هەرە سەرەکی خۆ بە میحوەر زانینی حزبەکانە. لە جیاتی لە فیکری ئەوەدابن کە هێزەکانی خۆیان سەر یەک بخەن و لەدەور کۆمەڵێک دروشمی هاوبەشی نەتەوەیی کۆببنەوە، پێش هەر شتێک لەفیکری ئەوەدان شوێن وپێگەی ئەوان لەو بەرەدا ون دەبێت. رێکەوتن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان هەموو کاتێک ئاسانتر بوە تارێکەوتن لەسەر پێگەی هەرکام لەحزبەکان لە بەرەدا (بۆیە تائێستا بەرە پێکنەهاتوە). بابەتێکی دیکە کە وەک ئاستەنگ لەبەردەم بەرەدا بووە ئەوەیە هەندێک لە حزبەکان ئامادەنین لەگەل هەندێکی دیکە لەحزبەکان لە یەک بەرەدا کۆببنەوە. تەنانەت بەداخەوە زۆر جاریش ئامادەنەبوون لەسەر پرسێکی تایبەت هەڵوێستێکی هاوبەش بگرن تەنانەت ئەگەریش بۆچوونێکی هاوشێوەشیان بووبێت بەلایانەوە باش بوە هەرکام بۆ خۆیان، یان ئەو پەرەکەی دوو دوو یان سێ سێ پێکەوە هەڵوێستێکی هاوبەش بگرن، کە بێگومان لەبڕشتی کاریگەریەکەی کەمدەبێتەوە. یەکێتی و پارتی وەک دوو حزبی سەرەکی لە کوردستانی باشوور و دوو حزبی دەسەڵات بەدەست لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دۆستایەتیان لەگەڵ هەموو حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. لەوانەیە لە قۆناخی جیاوازدا هەڵکشان وداکشانێک لە ئاستی پێوەندیەکانی ئەو دوو پارتە لەگەل یەک یان چەند حزبێک لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتبێتە ئاراوە. ئەو وتەیە بەو مانایە نیە کە هەموو کاتێک یەکێتی و پارتی لەبەرانبەر حزبە میوانەکان لە باشووری کوردستاندا یەک هەڵوێستی هاوشێوەیان بووبێت. چونکە هەر کام لەو حزبانەش زۆر سروشتیە کە بە شوێن بەرژەوەندی خۆیانەوە بن. بەڵام پێک نەهاتنی بەرە هۆکارەسەرەکیەکەی دەگەرێتەوە بۆ خودی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. جگە لەو بەربەستانەی سەرەوە کە ئاماژەیان پێ کرا، بەر بەستێکی زۆر گرینگی دیکە، ناکۆکی و ململانی لە نێو حیزبەکاندایە، بۆ وێنە، لایەن و تەیفی کۆمەڵەکان لەگەڵ یەکتر و دیموکراتەکانیش لەگەڵ یەکتر ناکۆکن. حزبی دیموکرات لەخۆیدا کۆڵەکەیەکی قایمە لە هەر بەرەیەکدا و کاتێک حزب دەتوانێت ئەو نەخشە بگێرێت کە بۆ خۆی یەکدەست ویەکگرتووبێت، لەکاتێکدا بەداخەوە ئیستاشی لەگەڵ بێت هیچ پێوەندیەکی فەرمی لە نێوان ئەو دووبەشە لێک دابراوە، لە ئارادا نیە. کۆمەڵەکانیش هەر بەو شێوەیە. بۆیە پێکهاتنی بەرەیەک لە ئیستادا ئەگەر نەڵێین مەحاڵە دەبڵێین زۆر ئەستەمە.

سەرچاوە
Serchawe

**شەقام: داهاتوی دیموکراتەکان بەکوێ دەگا، ئەنجامەکان چۆن دەبینی؟**

**بابا عەلی مێهرپەروەر**: من پێموایە چارەنووسی دوو دیموکراتەکە لەم کۆنگرەی بەردەمی حدکادا دیاری دەکرێت، بەو مانایە کە ئەگەر بریاری کرانەوەی دەرکی دیالۆگ لەگەڵ حدک بدرێت زۆر ناخایەنێت کە پێوەندیەکان زۆر ئاسایی دەبنەوەو بەو ناسینەی کە لە دیموکراتەکان هەمە زۆری پێناچێت یەکیش دەگرنەوە یان بەواتایەکی دیکە دەبنەوە بە یەک. ئەگەریش لەم گونگرەدا سیاسەت هەر ئەو سیاسەتەی ئێستا بێت و مەرجی نەگونجاو بۆ دیالۆگ دابنرێت، لە باشترین حاڵەتدا وەک ئێستا دەبێت و "ئاویان بە چۆگەیەکدا ناروا".

**شەقام: کەس و لایەنەکانی دیموکراتی جیا لەو دوبەشە دەبی چی بکەن، ئەو گروپ و کامپینانەی کە بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان چالاک بون چیان بەسەرهات، "گروپی یەکبون" کە جەنابیشت تێیدا چالاکیت چ بەرنامەیەکی هەیە؟**

**بابا عەلی مێهرپەروەر**: ئەو کەس و لایەنە دیموکراتانە کە پێش لە دابەشبوونی حزب لە ساڵی١٣٨٥ دا، یان پاش ئەو رووداوە تێکۆشانی سیاسی خۆیان سەربەخۆیانە ولەدەرەوەی ریزی تەشکیلاتی دووبەشەکەی دیموکرات درێژە پێداوە، هەرچەند وەک ئەندامی حزب هەڵسوکەوتیان نەکردوە بەڵام شوێن ئاوات وئامانجە سەرەکیەکانی حزبی دیموکرات کەوتوون و بەدەگمەن کەسی واپەیدا دەبێت ماڵئاوایی لەهەموو ئەو ئامانجانە کردبێت کە رۆژانێک لە پێناویاندا فیداکاری کردوە. بۆیە دەتوانم بڵێم هەر هەموویان بەشێوەیەک لە شێوەکان و لە دەرەوەی بازنەی حزبەکان هەوڵی لێک نزیککردنەوەو ئارامکردنەوەی جەوی زاڵ بەسەر پێوەندی ئەو دوو لایەنەیاندا داوە، بەڵام لەبەر هۆی ئەوەی کە ئەو کەسانە لەبازنەی دەسەڵات یان تەشکیلاتدا نەماون، کەمتر بایەخ بەهەوڵەکانیان دراوە و هەر لایەنەش چاویان لە وشە وشەی روانگەکەکانیان کردوە تابزانن بەکام لادا قورسایی دەکەن ئەوکات بێبەزەیانە لەلایەن لایەنگرانیانەوە کەوتوونەتە بەر هێرش وتەنانەت تۆمەتی نارەوا و لە باشترین حاڵەتیشدا بە بێلایەن نەبوون تۆمەتباریان کردوون. بۆیە زۆرکەس هەیە سەرەرای بەپەرۆشی بۆ بارودۆخەکە ریسکی خۆخستنەبەر پەلّ ناکەن و زۆرجار لە ئاست رووداوەکان بێدەنگە دەکەن. بەو

حاڵەش ئەرکی ویژدانیانە کە سەرەرای کەند وکوسپەکان هەرکەسە و لەئاست خۆیەوە بەئەرکی خۆی هەستێ و بۆ بەهێزکردنی رەوتی یەکبوونەوەی دووبەشەکەی حزبی دیموکرات هەوڵی خۆی بخاتە گەر.

یەک لەو گرووپانە کە بۆ یەکخستنەوەی دووبەشی لێکدابراوی حزبی دیموکرات لەو چەند ساڵەی رابردوودا لە هەوڵدابووە کەمپینی یەکبوونە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەهەڵە تێگەیشتنێک لەلایەن هەندێک کەس و لایەنەوە سەبارەت بەم گرووپە بکەم:

**یەکەم**، هەندێک کەس پێیانوایە کە ئەو کەمپینە لەوکەسانە پێکهاتوە کە لەریزی تەشکیلاتی حزبە دیموکراتەکاندا نەماون، کەئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، هەروەها پێیانوایە کەمپین بریتیە لە چەند کەسێکی دیار کە لە کومیتەی بەرێوەبەریدا چالاکیان هەیە، یان وابیردەکەنەوە کە کەمپین بۆ خۆی ریکخراوێکە و بەوجۆرە سەیری دەکەن، کەئەویش هەر لەراستی بەدوورە، بەکورتی بڵێم ئەو گرووپە لە ئەندامان و لایەنگران ودۆستانی هەر دووبەشی حزبی دیموکرات و بە مەبەستی خۆشکردنی زەمینەی دیالوک ووتوێژ لەنێوان دووبەشی لێکدابراوی حزبدا پێکهاتوە. لەگەڵ هەمووی ئەو ئاستەنگانە کە لەبەردەم ئەو دڵسۆزانەدا بوو بەخۆشیەوە هەوڵەکانیان بەرەبەرە دەرئەنجامەکانی دەرکەوتوە و ئێستا باسی یەکگرتنەوە ویەکبوونەوە کە ماوەیەک یاساغ و بڤە بوو لە کونفرانسەکانی پێش کونگرەی ١٥ی حدکادا، گەرمە و ئەوانە شانسی هەڵبژاردنیان بۆ نوێنەرایەتی کونگرە پترە کە لایەنگری لە ئاسایی کردنەوەی پێوەندی نێوان حدکا وحدک دەکەن، و برگەی سەرەکی بریارنامەی کونفرانسەکان داوای ئاسایی کردنەوە و ئاوەڵاکردنی دەرکی دیالوک لەنێوان دوو دیموکاتەکان. دەکات، ئێمە هەموو ئەو کەسانە کە خوازیاری چارەسەری کێشەی دووبەشەکەی حزب لە رێگەی دیالۆگەوەن بە هاوبیر و هاوهەڵوێستی خۆمان دەزانین و بەخۆشیەوە ئێستا لە هەموو کاتێک زۆرترن.

**شەقام: بەم وەزعە داهاتوی بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەلات، پەیوەندی هێزو لایەنەکان لە ئاستی ئێران و لە ئاستی گشت کوردستان بەکوێ دەگات و چارەنوسی کورد و کۆماری ئیسلامی چی لیدێت؟.**

**بابا عەلی مێهرپەروەر**: پێویستە بڵێم کە بزووتنەوەی کورد تەنها و تەنها نەبەستراوەتەوە بەحزبەکانی رۆژهەلات هەرچەند حزبەکان نەخشی حاشاهەڵنەگریان لەو بزووتنەوەدا هەبوە وهەیانە. پێش هەرشتێک ئەوە سیاسەتی چەوت و سەرکوتکەرانە و تەنانەت دوژمنکارانەی رژیمەکانی زاڵ بەسەر وڵاتی ئێران لە سەدەکانی رابردوو بە تایبەت لە سەدەی بیستەمدا، و لەبەرانبەر گەلی گورد لە رۆژهەلاتی کوردستاندا بووە کە ماکەو جەوهەری بزووتنەوەی کورد بووە. تەنانەت فاکتەری سەرەکی و فەلسەفەی بوونی حزبەکانیش بەرهەمی وەها سیاسەتێکی چەوت بووە. هەموو رژێمە یەک لە دوای

یەکەکان بەزۆری سەربازی هەوڵی یەکێتی خاکی وڵاتیان داوە بێئەوەی بچووکترین بایەخێکیان بەیەکێتی لە نێوان نەتەوەکانی نیشتەجێی سەرزەوینێک بدەن کە ناوی ئێرانە. بۆیە ئەگەر توانیویانە بەزەبری چەک چوارچێوەی سەرزەوینی وڵات بپارێزن بەڵام لە هەمانکاتدا چ بیانەوێت وچ نەیانەوێت تووی لێکترازانێ ئەو ئێرانەیان کە تەنها چەک گرنتی مانەوەی کردوە، وەشاندوە. بەرای من ئێران لەداهاتوودا چارەنووسێکی لە هاوشێوەی یوگوسلاوی زیاتر نابێت.

لە لایەکی تر هەرچۆنێک بێت بارودۆخی ناوچەیی و نێوخۆی وڵات وادەخوازێت کە ئەو حزبانە رێگەیەکیان بێجگە لە نزیکبوونەوە لەیەکتر و چارەسەری کێشەکانی نێوانیان نەبێت. هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە ئەگەر بچووکترین دەرەتان و فەزایەکی تارادەیەک دیموکراتیک لە نێوخۆی وڵاتدا برەخسێت حزبی نوێ کە هەڵقوڵاوی بیرو ئەندێشەی بەرەی نوێ و داخوازی نوێی گەلی کوردی رۆژهەڵات بێت سەر هەڵدەدات و حزبە لە مێژینەکان (سەرەرای هەموو فیداکاریەک کە رابردوودا کردوویانە و سەرەرای پێشکەشکردنی ئەو هەمووشەهیدە بەنرخانە کە رێز وقەدریان لە دڵی خەڵکدا هەر دەمێنێت) دەخەنە پەراوێز و دەیانکەن بە حزبی کەمینە (نموونە لەو بوارەدا زۆرە)، چونکە بەراستی گەلی کورد زۆریان لێ توورەن. ئەگەریش ئەو حزبانە بەخۆدابچنەوە، روو لە نوێبوونەوەو نوێژەنکردنەوەی خۆبکەن، چی دیکە بەرژەوەندی گشتیی نەخەنە ژێر پێیی بەرژەوەندی تاک، پێ لەهەڵەکانی خۆیان لە شێوەی رێبەری کردندا بنێن و بێکەنە بنچینەی دارشتنی سیاسەتێکی نوێ وگشتگیر، هەموویان لە دەوری کۆمەڵێک دروشمی ستراتیژیکی نەتەوەیی کۆببنەوەو لە بەرەیەکی یەکگرتوودا بەشداری ململانی سیاسیەکان لە ئاستی سەرتاسەریدا بکەن و لەو رێگەوە لانیکەم لە نێو ئوپۆزسیۆنی نێوخۆ و دەرەوەدا مافی کورد بچەسپێنن، هەروەها لەئاستێکی نەتەوەییدا لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەسەر پلانێکی هاوبەش بۆ داهاتووی کوردستان رێکبکەون، دەتوانن جارێکی دیکە ئەو پێگە بەهێزەیان لەنێو دڵی کوردی رۆژهەڵاتدا ببووژێننەوە. کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە تا سەر ئیسقان دژی داخوازە رەواکانی گەلی کوردە بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، بە راستی چۆن دەکرێت بەو وەزعیەتە کە ئێستا حزبەکان تێیدا دەژین لەبەربەرەکانی لەگەڵ رژێمێکی وەها درندە و تەیار بەچەک و پارە و درۆ و تەزویر و ریا، سەرکەوتن بەدەستبێنن؟

سەرچاوە ماڵپەڕی ڕۆژپرێس - ڕێکەوتی ١٨ی جوولای ٢٠١٢

---------------------------------------------------

## کاوە ئاهەنگەری بۆ گۆڤاری سڤیل: حدکاو حدک دووحیزبی سەربەخۆی لێک جیاوازن



**کاوە ئاهەنگەری بۆ گۆڤاری سڤیل**: حدکاو حدک دوو حیزبی سەربەخۆی لێک جیاوازن و ئێستا کوردستان خاوەنی دووحیزبی دیموکراتە کێشەکانی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) و حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک)

لەماوەی شەش ساڵی رابردوودا بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوەو بەباوەڕی ئەندامێکی رێبەری حدک هەوڵەکان بۆچارەسەری کێشەکان دەچنەخانەی سۆزوباسی عاتفییەو رێگەچارەیەکی بنیاتنەرانەو ئۆرگانیک لەئارادا نەبووە بۆ ئەوەی باس لەیەکێتی و وەحدەتی نێوان ئەم دوو دیموکراتەبکات. کاوە ئەهەنگەری* ئەندامی کومیتەی ناوەندی حدک و بەرپرسی پێوەندییە ئێرانییەکان و نوێنەری ئەم حیزبە بۆ کاروباری یەکێتی ئوروپا لە بروکسێل لە دیمانەیەکی تایبەتیدا لەگەڵ گۆڤاری سڤیل باس لەوە دەکات حدکا و حدک دوو حیزبی سەربەخۆی لێکجیاوازن و ئێستا کوردستان خاوەنی دووحیزبی دیموکراتە. ئاهەنگەر پێیوایە دیموکراتەکان دەبێ وەک دووحیزبی جیاواز بڕیاری یەکێتی ووەحدت بدەن تا ئەوەی بیرلە تێکەڵبوونەوە و یەکگرنەوە بدەن، روانینی کاوە ئاهەنگەری بۆ یەکێتی زۆر جیاوازە لەیەکگرتنەوەو تێکەڵبوونەوە و لە مبارەوە رەخنەلە رێبەرایەتی حدکا دەگرێتودەڵێت: "یەکێتی و یەکگرتن هەندێک شەرت و پێداویستی دەرەکی و جەوهەری هەیە کە هەتا ئێستا رێبەری حدکا خۆی لێنەداون". سەبارەت بەیەکێتی نەتەوەیی شئەمبەر پرسەی حدک ئاشکرایدەکات: "یەکێتی نەتەوەیی هەتا ئێستا لە ناوکورد داپێکنەهاتووە".

**تایبەت بە گۆڤاری سڤیل**

**جەمال نەجاری - فەرەنسا**

**گۆڤاری سڤیل**: پرسی یەکگرتنەوەی حدکا و حدک لە یەک حیزنی دیموکراتدا بۆتە بابەتێکی گرنگ و رۆژانە لە ڕاگەیاندنەکاندا بابەتی لەسەر دەنووسرێ؟ جەنابت وەک بەرپرسێکی باڵای حدک چۆن دەڕوانییە ئەم شیوە باسانە کە ئەماژە بە یەکگرتنەوە دەکەن؟

**کاوە ئاهەنگەری**: دیارە هەر لە دوای لەتبوونی حیزبی دێمۆکراتەوە و لە دەرەوەی حیزب لە لایەن ئەندامان و دلسۆزان و دۆستان و تەنانەت نەیارانی حیزبی دێمۆکراتیشەوە، زۆر باس و لێدوان هاتۆتە ئاراوە، هەر وەها دانیشتن و نێونجی و نووسینێکی زۆر لە ماوەی نزیک بە شەش ساڵی رابردوو کەوتۆتە بە نەزەری خوێنەران، بەڵام لە راستیدا پیش لەتبوونیش لە ناوخۆی حیزبدا زۆر باسی یەکگرتوویی و یەکێتی ریزەکانی حیزب دەکرا و ئێستاش ئەم باسە لە لایەن ئەندامانی ئاشکرا و نهێنی هەر دوو دێمۆکراتیش بوەتە جێێ موناقشە و باس. سەبارەت بەو باسانەی کە هاتوونەتە ئاراوە بە باوەڕی من زۆربەیان دەچنە خانەی سۆز و باسی عاتفیەوە، کەم لێکدانەوە و رێکارم دیوە کە باس لە رێگە چارەیەکی بنیاتنەر و ئۆرگانیک بکات یان بە شێوەیەکی ئاکادمیک و بێ لایەنانە باس لە یەکێتی و وەحدەتی ئەم دوو حیزبە بکات.

**سڤیل- واتە بە باوەڕی تۆ حدکا و حدک دوو حیزبی تەواو لێک جیاوازن؟**

کاوە ئاهەنگەری: بێگوومان پێموایە کە دووحیزبی سەربەخۆی لێکجیاوازین و ئێستا کوردستان خاوەنی دوو حیزبی دێموکراتە کە بە بەرنامە و ئەساسنامە،لۆگۆ، راگەیاندن، ئەندامان (تەشکیلاتی ئاشکرا و نهێنی)ی لێک جیا خەریکی کاری خۆیانن.

**گۆڤاری سڤیل**: دەکرێ باسی هەندێ لە جیاوازییەکان ئەم دوو حیزبە بکەی بۆ نموونە لە گوتاری سیاسییاندا؟

**کاوە ئاهەنگەری**: ئەگەر بڕوانینە چوار ساڵی رابردوو و کۆمەلێک رووداو و پێشهاتی سیاسی لە کوردستان و ئێران، جیاوازبوونی گووتاری سیاسی هەردووک دێمۆکرات بە زەقی دەردەکەون. لە تەعامولی سیاسی و هەڵوێستە رەسمیەکانی حدک را بگرە هەتا هەڵبژاردنی خوولی دەیەمی سەرکۆماری و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی کە لە تاراوگە بەڕێوە دەچن و حدکیش بەشداری کردووە، هەموو ئەوانە دەرخەری جیاوازییەکانن. دیارە بۆ دانانی پێوانەی جیاوازبوون پێویست ناکات حەتمەن بە دوای شتێکیی سەیروسەمەرەوە بین، حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی جیهان، وڵات و هەندێکیان کیشوەرەکەشیان ( قارە) یەک نیە بەڵام لە گووتار و رێبازی سیاسیدا زۆر وەک یەک دەچن. مەبەستم ئەوەیە کە جیاوازبوون یان بە واتایەکی دیکە سەربەخۆ بوونی هەر کەسایەتییەکی حقوقی بە خۆیەوە گرێدراوە نەک لایەنێکی دیکە.

**گۆڤاری سڤیل:** پێت وایە ئێستا حدک جێی خۆی وەک حزبێکی سیاسی لە ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان کردۆتەوە؟

**کاوە ئاهەنگەری:** وڵامی من ئیدەعایە، سەلماندنی ئیدەعاکەشم لە لایەکەوە هاسانە و لە لایەکی دیکەوە دژوار، بەڵام پێچەوانەی ئیدەعاکەم دەسپێرم بە کاتی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێمۆکراتیک لە ناوخۆی وڵات.

**گۆڤاری سڤیل:** بەڵام لایەنی حدکا تا ئێستاش وەک حیزبێکی سەربەخۆ ناوتان ناهێنن، مستەفا هیجری لە دوا دیمانەیدا داواتان لیدەکا تێکەڵ بە حدکا ببنەوە؟ تیکەڵبوونەوە بە مانای چی دێت لای بەرێز هیجری؟

**کاوە ئاهەنگەری:** زۆر کەسایەتی و حیزب و وڵاتان هەن کە یەکتریان قەبووڵ نیە و ئەوە شتێکی نوێ نیە. بوونی هەر کەسایەتییەکی حەقیقی و حقوقی بە خۆیە بەستراوەتەوە نەک حەز و ویستی لایەنێکی دیکە. مادام حدک پێی وایە هەیە و لە بازنەی بووندایە، ئینکارکردنی ئەم بوونە چ مانایەکی هەیە؟ بە زمانێکی دیکە کاتێک هەموو ئەحزابی کوردستانی و ئێرانی و زۆر لایەنی نێودەوڵەتی ددان بە بوونی حدک دادێنن و پێوەندی لەگەڵ دەگرن و حدکیش لە گۆڕەپانی سیاسیدا بوونی هەیە،ئیتر سەلماندنی بوون و حزووری حدک چۆن دەبێ؟ ئەگەر حیزبێکی دیکە بە بوونی حدک نارازی بێ ئەوە شتێکی دیکەیە و بە مانای نەبوونی حدک نیە. ئەگەر ئەم ئینکارکردنەش دەچیتە خانەی عاتفی و هەوڵ بۆ یەکگرتنەوە، بە باوەڕی من مێتۆدێکی درووست نیە و دەبینین کە شەش ساڵە کێشەکان بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە. یەکێتی و یەکگرتن هەندێک شەرت و پێداویستی دەرەکی و جەوهەری هەیە کە هەتا ئێستا ڕێبەریی حدکا خۆی لێ نەداون، هەر بۆیەش پێموایە ئەم گرفتە بەم شێوە ڕوانینەوە حەل نابێ. وەکی باسم کرد پێش لەتبوون یەک حیزبی دێموکرات هەبوو، تێکەڵیش بوون، بەڵام یەکگرتوو نەبوون و زۆر جار باسی یەکگرتووبوونیان دەکرد، بۆیە بە باوەڕی من تێکەڵبوونە و گەڕانەوە، یەکگرتنەوە نیە، ئەساسەن یەکێتی و وەحدەت لە تێکەڵبوونەوە و گەرانەوە و یەکبوون جیایە. یەکێتی و وەحدەت کردارێکی ئۆرگانیکە کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ لە ناو کورددا ڕووی نەداوە و کردارێکی نامۆیە. ناکرێ باسی یەکێتی ویەکگرتن بکەی و بوون و حزووری یەک یان چەند بوونی دیکە ئینکار بکەی؟ ئێمە ئەگەر حیزبێکی جیاوازین و حدکا دەیهەوێ لەگەڵ حدک یەکێتی و یەکگرتوویی پێک بێنێ، ئەوە دەبێ نێویشمان بێنێ و لە سەر کاغەزیش بینووسێ و ئیعترافی ڕەسمیشی پێ بکات، جا ئەوجار وەک دوو حیزب بکەوینە موناقشەیەکی جیددی بۆ یەکگرتنەوە و پێکهێنانی یەکێتیکی ئۆرگانیک و هەمیشەیی لەسەر ئەساسی پلان، سیستەم و قەرارداییێکی نێوخۆیی. ئەگەر بە گشتی "حدک" یان قەبووڵ نیە و ئینکاری دەکەن، لەگەڵ کێ دەیان هەوێ یەک بگرنەوە؟ ئەساسەن کاتێک باس لە وەحدەت دەکەین بە مانای وەحدەتی زیاتر لە یەک کەس و حیزبە دەنا هیچکەس وەحدەت لەگەڵ خۆی ناکات، بەڵکوو لەگەڵ غەیری خۆی.

**گۆڤاری سڤیل:** ئەی لەلایەن خۆتانەوە وەک حدک، ئەساسەن بڕواتان بە چەمکی تیکەڵبوونەوە یان یەکگرتنەوە هەیە؟

**کاوە ئاهەنگەری:** دیارە هەڵوێستی رەسمی حیزب، ئۆرگانی تایبەت بە خۆی دەیدات، بەڵام وەک ئەندامێکی حدک پێموایە کە تێکەڵبوونەوە یەکگرتنەوە نیە و جیابوونەوەی بە دوادا دێ. بەڵام حیزبی دێموکرات کوردستان هەمیشە لە رێگای راگەیاندن و دۆستانی هەردووک لا ئامادەگی خۆی بۆ دیالۆگێکی جیددی و بنیاتنەر بۆ یەکگرتنەوە، نەک تەنیا لەگەڵ حدکا بەڵکوو تەنانەت بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانیشدا دەربڕیوە و ئامادەگی تەواوی هەیە.

**گۆڤاری سڤیل:** پێت وانییە لاوازی گوتاری سیاسی حزبەکان هۆکاری سەرەکی بێت لە پێکنەهاتنی بەرەیەکی سیاسی بۆ رۆژهەلاتی کوردستان؟

**کاوە ئاهەنگەری:** دەتوانێ یەکێک لە فاکتۆرەکانی هاندەر بێ، بەلام بە بڕوای من هۆکاری سەرەکی نیە، ئەساسەن یەکێتی دوو جۆرە، یان دەبێ بە شێوەیەکی مکانیکی و سوونەتی بڕوانینە یەکێتی کە زۆرتر لە نێوان کۆمەڵگا و گرووپ و عەشیرە سوونەتییەکاندا پێک دێ و زۆربەی دەستەڵاتە میراتی( موروثی)، کاریزماتیک و نەریتییەکان لە خۆ دەگرێ یان حاڵەتی ئۆرگانیک کە بە پێچەوانەی مکانیکی زۆرتر لە سەر ئەساسی لێکجیاوازبوون و وەک یەک نەچوون پێک دێ. لە حاڵەتی یەکەم دا بنەما وەک یەک چوونە نەک لێک جیاوازبوون. سەبارەت بە ئێمە ش دەبینین کە لێک جیاوازین، بەڵام بەردەوام هەوڵ دەدەێن بە یەکێتێکی مکانیکی بگەین. هەر بۆیە و پێموایە کە یەکێتی نەتەوەیی هەتا ئێستا لە ناو کورددا پێک نەهاتووە و مادام ناچینە ناو باسێکی جیددی لەم بارەوە و هەوڵمان پێکهێنانی یەکبوون و یەکرەنگی و یەک دەنگییە! بۆیەش شانسی سەرکەوتنمان زۆر نیە. لە حالێکدا بە باوەڕی من کاتی یەکبوون و یەکرەنگ و یەکدەنگبوون تێپەڕ بووە، بەڵکوو دەبێ بە قەبووڵکردنی جیاوازییەکان بە شوێن دارڕتنی یەکێتی‌یەکی ئۆرگانیک بین کە دەوام و گارانتی زیاترە لە تێکەڵ بە یەک بوون. لە حاڵەتە نەریتییەکەدا ئەساس سڕینەوەی جیاوازییەکانە بەڵام لە یەکێتییەکی مۆدێڕندا، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی و پاراستنی سەربەخۆیی هەموو ئەندامان، یەکێتیەکی تۆکمە و بەسوود بۆ کورد و حیزبەکان پێک دێت.

**گۆڤاری سڤیل:** بۆچی وەک خۆت بڕوات بە چەمکی وەحدت و یەکگرتوویی لە نیوان هێزە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان نیە؟

**کاوە ئاهەنگەری**: بە پێچەوانە من باوەڕم بە وەحدەت و یەکگرتوویی هەیە، بەڵام ئەوەی دەکرێ و دەبیسین و دەخوێنینەوە، لەم راستایەدا نیە، گرفتەکە ئەوە کە ئێمە بە مێتۆدی نەریتی دەمانەوێ بەرهەمێکی نوێ و ئۆرگانیک پێک بێنین، ئەوەش ناکرێ، بۆیە لەم پێناوەشدا سەر نەکەوتووین، دیارە ئەمە تەنیا گرفتی حیزبە کوردستانی‌یەکان نیە بەڵکوو هەموو دژەبەرانی کۆماری ئیسلامی ئەم گرفتەیان هەیە، دەنا چۆن ٣٢ ساڵە ئەم پرۆژەیە سەر نەکەوتووە؟

**گۆڤاری سڤیل**: سەبارەت بە بوونی گرووپی هەڵوێستی ناو حیزبی دیموکراتی کوردستان دەڵێن چی؟ لەم ماوەیەدا راگەیەندراو و لیدوانی تایبەت لەم گروپە بڵاوبۆتەوە، ئایا ئەساسەن کێشەکانی ناو حدک لەو ئاستەدایە کە ئەم گروپە باسی دەکەن؟

بۆچی حدک لەجیاتی چارەسەری کێشەکان پەنای بۆ سزادانی ئەندامانی ئەم گرووپە دا؟

**کاوە ئاهەنگەری**: ئیزنم بدە با ئاوا دەست پێبکەم. دەنگی ناڕەزایەتی یان بە واتایەکی دیکە ئەگەر ناڕازیبوون درووست و سازندە بێ و بە رۆحێکی بنیاتنەرانەوە بێتە مەیدان، پێموایە بە سوودترین کردارە. ئەساسەن دەبێ بە وەزعی مەوجود نارازی بین، هەتا بتوانین گۆڕانێکی ئەرێنی پێک بێنین، منیش وەک خۆم بە وەزعی مەوجوود رازی نیم و پێشموانیە کە هیچ کوردێکی دیکەش رازی بێت. سەبارەت بە گرووپی هەڵوێستیش ئەگەر ئەو چەند هاورێیە پێیانوایە و لەسەر ئەساسێکی لۆژیکی و ئووسوولی واتە بە پێی بەرنامە و ئەساسنامەی حدک دەیانهەوێ گۆڕان و چاکسازی پێک بێنن، ئەوە زۆر کەس هەن هاوکارییان بکەن، بەڵام بۆ ئاگاداریت، چەند رۆژ پێش راگەیاندنی گرووپی هەڵوێست لە لایەن ئەو چەند هاورێ خۆشەویستەمەوە، من لە کوردستان بووم و لەگەڵ هاورێی بەڕێزم کاک رامبود دانیشتین و تێر و تەسەل قسەمان کرد، باوەر بفەرموون هیچ باسێکی لە وەها راگەیاندن و گرووپێک نەکرد، تەنیا باسی "یان تێکەڵبوونە یان گرتنی کۆنگرەی نائاسایی" کرد کە منیش نەزەری خۆم - کە پێچەوانەی نەزەری هاورێم کاک رامبود بوو - عەرزکردن، پێمخۆشە بە گێرانەوەی ئەم باسە لایەنی هەلە و گرفتی ئەساسنامەیی ئەم راگەیاندنە (گرووپی هەڵوێست) باس بکەم:

**یەکەم**؛ ئەوەی کە بوونی فراکسیۆن لە ناو حیزبدا بە پێی ئەساسنامە ئازاد و یاساییە

**دووهەم**؛ بۆ پێکهێنانی فراکسیۆن دەبێ ئەندامانی کومیتە ناوەندی، جێگر و راوێژکاری کومیتە ناوەندی تێدا بەشدار بن بە رێژەی دیاری کراوەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**سێهەم**؛ لەگەڵ ئەوەیکە پێکەوە قسەمان کردبوو، نەک لە من بەڵکوو بە گشتی کومیتە ناوەندی حیزبیان لێ ئاگادار نەکردبوو.

**چوارەم**؛ ئەم راگەیاندراوە دەبوو لە پێشدا پێشکەش بە کومیتە ناوەندی حیزب بکرێ و دوای کۆبوونەوە یان پلۆنۆمی کوومیتە ناوەندی ئەگەر وڵامی پرۆژەکەیان نەدراوە، ئەوجار رێچارەی دیکە بگرنە بەر، نەک ئەوەی کە پێش نێوخۆی حیزب، دەرەوەی حیزب ئاگادار بکەنەوە.

**پێنجەم**؛ ئەساسەن بڵاو کردنەوەی ئەم راگەیاندنە بە چ مەبەستێکە؟ پێتانوایە کە بڵاوکراوەکەی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێجگەلە ئاگادار بوون، هەتا ئێستا یارمەتیی‌یەکی بە جێ بەجێکردنی داواکان داوە؟

**شەشەم**؛ من پێموایە ( بە راشکاوی باسم کردووە و ئەوە لێرەش ئاشکرا باسی دەکەم) ئێمە پێویستیمان بە ناسینی کێشە و هێزی حەڵی کێشەکان هەیە، ئایا گرووپی هەڵوێست، توانیویێتی یان دەتوانێ بە لەبەرچاوگرتنی پوتانسیەل و توانا و ئیمکاناتی حدک، رێگەچارەیەک بخاتەروو؟ ئایا خەسارناسی و ناسینی توانا وهێزی چاکەسازی - ئەو جۆرەی کە هەیە نەک ئەوجۆرەی کە ئارەزووی دەکەین- کراوە؟ ئەگەر بەڵێ، ئەدی چۆنە منی ئەندامی کوومیتە ناوەندی حدک لێی ئاگادار نیم؟ پێموایە بۆ حەللی کەم و کوڕییەکانمان پێویستیمان بە مێتۆدێکی رێفۆرمیستییە نەک ئینقلابی، مەگەر ئەوەیکە باوەڕومان وابێ کە هەر بە گشتی هەموو ئەساس و پێکهاتە و بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب هەڵە و نادرووستە جار ئەوکات دەبێ پەنا بۆ شێوازی ئینقلابی بۆ لێکهەڵوەشاندن و بنیاتنانەوەی حیزبێکی دیکە بەرین، بەڵام خۆ کێشەی گرووپی هەڵوێست و تەنانەت منی نارازیش بەرنامە و ئەساسنامە نیە! ئەدی بەرخوری ناوەرۆکی بە کێشەکان بۆ؟گرووپی هەڵوێست راشکاوانە دەنووسێ کە بڕیارات و پەسندکراوەکان بەرێوە نەچوون، کەوابوو کێشە بڕیار و ناوەرۆکی پرۆژەکان نین، بەڵکوو بەرێوەبەرانن کە دەبێ بکەونە ژێر پرسیار. ئەوە لە حالێکدایە کە وتەبێژی ئازیزی کوردستانی گرووپی هەڵوێست بۆخۆی ، خۆی لە کاندیداتۆری کومیتە ناوەندی کێشاوە کە من دڵنیام هەڵدەبژێردرا. بە گشتی بۆ وەگەڕخستنی هێز و توانای کاریمان، بۆ چالاکترکردنی حیزب، بۆ بەرەو پێشچوون، دەبێ لەسەر ئەساسێکی واقعبینانە و ئوسوولی، هەنگاو بە هەنگاو بچینە پێش، بەڵام ئەوەش موهەندیسی و دارژتنی خۆی دەوێ کە هیوادارم هەموولایەکمان تێیدا سەرکەوتوو بین، سەبارەت بە سزاش تا ئەو جێگایەی من ئاگادار بم، سزاکە لەبەر ئەوە بوو کە پێش پێشکەشکردنی راگەیەندراوەکە بە کومیتە ناوەندی، لە دەرەوەی حیزب بڵاوکراوەتەوە.

**گۆڤاری سڤیل**: گرووپی هەڵوێست رایگەیاندووە خوازیاری یەکگرتنەوەی هەر دوو لایەنی دیموکراتن و ئەمەشیان کردۆتە بەرنامەی کاری خۆیان؛ سەبارەت بەمە ڕات چیە؟

ئەساسەن گرووپی هەڵوێست دەیانەوێ چی بە چیتێ کەڵ بکەنەوە؟ مەگەر لە بەربوونی کێشە و گرفتی تەشکیلاتی و مودیریەتی جیانەبووینەوە؟ مەگەر گرووپی هەڵوێست لەسەر ئەم باوەڕە نیە کە ئێستاش هەمان کێشە لە لای حدک هەیە؟ ئایا پێیان وایە کە ئێترکێشەکانی پێش لەتبوون لە لای حدکا بوونیان نیە بۆیە دەیانهەوێ یەکبگرنەوە؟ خۆ ئەگەر واشبێ بە پێیراگەیاندنەکانی ئەم گرووپە، حدک پڕە لە کێشەی تەشکیلاتی و مودیریەتی، بۆیە جێی خۆیەتی بپرسی نکهئەمبەشەی حیزبە و کێشانەوە بۆ کوێ دەبەن؟ ئایا باشترنیە کە هەموومان یەکتربنێین و حیزبێکی ئۆرگانیک و سەردەمیانە پێشکەش بە خەڵکەکەمان بکەین؟ ئەوکات باس لە یەکگرتنەوە شمەع قوولترو مومکینترە، دەنا تێکەڵکردنەوەی دوو حیزبی کێشەدار - بە پێی راگەیەندراوەکانی گرووپی هەڵوێست -

چ قازانجێکی بۆ گەلی کوردلە رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ؟ بە باوەڕی من تەنیا ڕێگای یەکێتی و یەکگرتنەوە بەخۆدا چوونەوەیە و گوومانە لەوە دانیە کە تێکەڵ بوونەوە هیچ گرفتێک چارە سەر ناکات.

## * پرۆفایل:

**کاوە ئاهەنگەری** ساڵی ١٩٧٣ لە ئاوایی "بەیاوا" سەر بە ناچەی چۆمی مەجیدخانی بۆکان لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە بۆکان تەواو کردووە و لە زانستگای گیلان لە شاری رەشت لیسانسی لە زانستەکۆمەڵایەتییەکان تەواوکردووە. لە ساڵی ٢٠٠٣وە لە بلژیک دەژیت و ئیستاش خوێندکاری ماستەری زانستە سیاسییەکانی زانستگای VUB بروکسێلە. بە دوای لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژە بە چالاکی سیاسی دەدات و لە کۆنگرەی پازدەی ئەم حیزبەدا وەک ئەندامی کومیتە ناوەندی هەڵدەبژێردرێت و بەرپرسی پێوەندییە ئێرانییەکان و نوێنەری حدکە بۆ کاروباری یەکێتی ئوروپا لە بروکسێل.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڤار - ڕێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٤

-------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## کەمپەینی (ای بەفرانبار) هەوڵی لێک نزیککردنەوەی دوو باڵەکەی دیموکرات دەدا

**ناسڕ باباخانی**

**ناسر باباخانی؛ چالاکوانی سیاسی: ئەگەر یەک بگرنەوە، زۆر لە هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ**

**سازدانی: ئاریز**

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە بە یەکێک لە حزبە دێرینەکانی خەباتی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دێتە ئەژمار و نزیکەی ٧ دەیەیە خەبات دەکات، بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانییەوە دوایین جیابوونەوە و لێکدابڕانی ساڵی ٢٠٠٦ لەناو پێکهاتەیدا رووی دا و ماوەی نزیکەی ٨ ساڵە ئەم دوو باڵەی دیموکرات وەک دوو حزبی جیا و سەربەخۆ کار و چالاکی دەکەن، بەڵام لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا لە ئاستی رێبەریی هەردوولادا، بە مەبەستی لێک نزیکبوونەوە و سەرەنجام یەکخستنەوەی ئەم دوو باڵەی دیموکرات کۆبوونەوەکان دەستیان پێکرد، لێ تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە.

بۆیە لە رۆژانی رابردووا چەند چالاکێکی سیاسی، مەدەنی و خوێندکاری کوردی رۆژهەڵات کە لە چوارچێوەی کەمپەینێک بە ناوی "کەمپەینی ای بەفرانبار" ماوەیەکە لە پرسە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵوێستی جیددیان گرتووە، بانگەوازێکیان بۆ یەکگرتنەوە و لێک نزیککردنەوەی دوو باڵی دیموکرات، هێناوەتە ئاراوە و هەوڵەکانیان خستووەتە گەڕ.

لەم دیمانەیەدا، ناسر باباخانی مامۆستای زانکۆ و چالاکی سیاسی و یەکێک لە ڕێکخەرانی ئەم کەمپەینە، ئامانجی ئەوو کارەیان دەخاتە ڕوو.

**باس: ئامانجی کەمپەینەکەتان چییە؟**

**ناسر باباخانی:** ناکرێ وەک کەمپەین سەیری ئەم چالاکییە بکەین، دەکرێ بڵێین ڕەوتێکی فکری ـ سیاسییە کە هەندێ لە دڵسۆزانی حزبی دیموکرات بە هەردوو باڵییەوە هاتوونەتە سەر ئەو قەناعەتەی کە دەبێ لەو کات و ساتە زەمەنییەدا، بە پێی ئەو گرفتانەی لەم دواییانەدا لە ڕۆژهەڵات ساز بوو، بەتایبەتی سەفەری ئەو شاندەی پەرلەمانی ئێران بۆ باشووری کوردستان، هەربۆیە هاتینە سەر ئەو قەناعەتەی کە جۆرێک هەڵوێست و سازکردنەوەی ڕەوت و جەریانی فکری وەرێ بخەین. ئەم کەمپەینە پێشتر دوو چالاکییان بەڕێوە بردووە کە بووە هۆی جووڵە و بزاڤێکی کەموێنە لەناو حزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا، ئەم کەمپەین و ڕەوتە فکری و سیاسییە توانی شوێندانەر بێت و تەنانەت توانی حزبەکانی ڕۆژهەڵات بە دوای خۆیدا بکێشێ. بۆ وێنە بانگەوازی کەمپەینی 1ی بەفرانبار کە بۆ مانگرتنی گشتی لە کوردستان کە بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی زیندانیانی سیاسیی ورمێ بڵاو کرایەوە، پاش چەندین ساڵ گوڕوتینێکی زۆری خستە ناودڵی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵات، هەروەها حزبەکانیش. لە درێژەدا ئەم کەمپەینە سەربارەت بە هاتنی شاندی پەرلەمانی ئێران بۆ باشووری کوردستان کە کەسێکی تیرۆریستیان لەنێودا بوو، هەڵوێستی نواند و کارێکیان کرد کە میدیای کوردی ئەم باسە بورووژێنێ.

لەم ساتەوەختەی ئێستاشدا ڕەنگە یەکێک لە هەرە گرنگترین کێشەکان کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئارادایە، لەتبوونی حزبی دیموکراتە، بەو واتایەی کە ئەگەر هەتا کاتێک ئەو دوو باڵەی دیموکرات یەک نەگرنەوە، ئەمن دڵنیاتان دەکەمەوە کە هیچ بەرەیەک لە حزبەکانی دیکە پێکنایە، واتە حزبی دیموکرات بەپێێ ئەو پوتانسیلە نێوخۆییەی کە لەبارەی جەماوەرییەوە لە ڕۆژهەڵات هەیەتی، بەپێی ئەو مێژووە پڕ لە شانازییەی کە هەیەتی و بەپێی ئەو سیما دیار و کەسایەتییە ناسراوانەی کە لە بواری سیاسەتدا قسەیان بۆ گوتن پێیە، من پێموایە هەتا ئەو دوو باڵە یەک نەگرنەوە، کردنەوەی دەروازەیەک بۆ دیالۆگ لەگەڵ حزبەکانی دیکە بۆ سازدانی بەرەیەک کە لەسەر بنەمای ئاشتی و پێکەوە هەڵکردن بێت، نالوێ.

**باس: پێشتر ئەم لێک دابڕان و دیسان یەکگرتنەوانە لەناو حزبی دیموکراتدا ڕوویان داوە و سەرەنجام شکستیان هێناوەتەوە، پێتان وایە ئەم هەوڵەتان سەر بگرێت؟**

**ناسر باباخانی**: داواکاریی ئێمە لە بانگەوازەکەمان کە لەم رۆژانەدا بڵاوی دەکەینەوە، لەوانەیە تێیدا بە راشکاوانە و راستەوخۆ ئەوە باس نەکەین دەبێ بەم زووانە و دەستبەجێ ئەو دوو حزبە یەک بگرنەوە، ئەمە دیارە میکانیزیمی کردەیی و لەخۆبردوویی هەردوولایەنی دەوێت، بەڵام داواکارییەکەی ئێمە ئەوە دەبێت کە رۆژی ٢ی رێبەندان کە ٦٩یەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانە، هەوڵەکانی یەکگرتنەوە بکرێتە سەرەتایەک و لێک نزیکبوونەوە و دیالۆگ و دانوستان بە مەبەستی یەکگرتنەوەی یەکجارەکی. یەکێک لە ئامانجەکانمان ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێ فەرهەنگێکی سیاسیی یەکتر قەبووڵکردن و لێک تێگەیشتن بە مەبەستی ئاشتی بنیات بنێین و کردەیی بکەین. ئێمە چەند کەسێکین کە ژمارەمان لە قامکەکانی هەردوو دەست تێناپەڕن، کە ئەندامانی "حدک" و "حدکا"یان تێدایە و کەسی وایان تێدایە ئینتیمای حزبی و رێکخراوەییان نییە، رەنگە هەوڵەکانمان بەو ئاکامە دڵخوازەی کە دەمانەوێ نەگەن، بەڵام ئەمە ئەرکێکی نیشتمانییە لەسەرشانی چالاکوانانی سیاسی کە لەپێناو یەکگرتنەوەی بە باوەڕی من گەورەترین حزبی سیاسیی هەر چوار پارچەی کوردستان کە حزبی دیموکراتە، ئەگەر بەرپرسان و رێبەرانی هەردوولا چاوخشاندنێکیان بەسەر رابردوودا هەبێت و خۆیان لەگەڵ دۆخی ئێستا بگونجێنن، زیاتر هەست بەو ئازارە دەکەن کە ئێستا ئەوان بە داخێکی زۆر گرانەوە لە ئاستی ئێراندا بە هەند وەرنەگیرێن و تەنانەت لە پارچەیەکی کوردستانیش کە باشوورە بە هەندیان وەرناگرن. ئەمەش هۆکارەکەی بە باوەڕی ئێمە جگە لەو بارودۆخەی کە بەسەر باشووردا هاتووە و ئەو پەیوەندییانەی کە باشووری کوردستان لەگەڵ وڵاتی ئێران هەیەتی، بەڵام بەشی هەرە زۆری دەگەڕێتەوە سەر خۆمان.

لەنێو هەردوولادا ئیرادەیەک لە گۆڕێدایە بۆ یەکگرتنەوەی یەکجارەکی و هەندێ کەسایەتی هەن دەتوانن دەوری سەرەکی بگێڕن، بەڵام بەپێ سروشت و دۆخی هەندێ پرسی سیاسی، هەندێ ئیرادە و کەس هەن لەبەر بەرژەوەندیی تاکەکەسی و لەبەر هەندێ هۆکار رەنگە پێمل نەبێ بە یەکگرتنەوە، بەڵام بەخۆشییەوە ئەوەی من زۆر خۆشبینانەوە چاوی لێدەکەم، ئەوەیە کە پرسی یەکگرتنەوە لەلای ئەندامانی دوو باڵی دیموکرات بۆتە بایەخ و ئەگەر بێت و کەسێک دەنگ هەڵبڕێت و بڵێ ئێمە یەک ناگرینەوە، بە شێوەیەکی گشتی لەنێو هەردوو باڵدا بەگژیدا دەچنەوە. ئێمەش ئەو میکانیزمانەی کە لە بانگەوازەکەدا دەیانخەینە روو، ناکرێ تەنیا وەک بانگەوازی کەمپەینی 1ی بەفرانبار سەیر بکرێت، ئەو بانگەواز و ویستی سەرجەم خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، ئێمە لەگەڵ رێبەرایەتیی هەردوولا قسەمان کردووە، ئەمن شەخسی خۆم لەگەڵ بەڕێز کاک خالید عەزیزی زۆر بە تێروتەسەلی باسم کردووە و زۆر پێشوازیی لەم مەسەلەیە کرد، برادەران و هاوکارانی دیکەی کەمپەینیش لەگەڵ رێبەرایەتیی "حدکا" قسەیان کردووە و بەنیازیشم خۆم لەگەڵ شەخسی بەڕێز کاک مستەفا هیجری قسان بکەم. دەبێ ئەوەش بڵێم هەر دوو لا پێمل بوون کە میدیاکانیان ئەم بابەتە بوروژێنن. ئێستا لە دەرەوەی وڵات خەریکە پرۆسەیەکی بانگەواز بۆ ئاشتەوایی بەڕێوە دەچێت و ئەندامانی هەردوولا لە چوارچێوەی کۆمیتەکان تێیدا بەشدارن.

**باس:** پێتان وایە ڕێبەریی هەردوولا چەندە لەگەڵ بیرۆکەی یەکگرتنەوەدان و چ ئاڵۆگۆڕێک بەسەر بیرکردنەوەیاندا هاتووە؟

**ناسر باباخانی:** بەپێی ئەو ناسیاوییەی کە من لەگەڵ هەردوو ڕێبەرایەتی و بەتایبەتی شەخسی کاک مستەفا هیجری و شەخسی کاک خالید عەزیزی هەمە، ئەو نیازپاکییەیان تێدا دەبینم، بەپێ ئەو خوێندنەوەیەی کە دۆستانی ئێمە لەنێوخۆی وڵات لە ڕۆژهەڵات هەیانە، ڕەنگە تێبینی و دژایەتیش هەبێت، بەڵام کە ئەنجامی ئەو هەوڵانە دەبینی، حەرەکەتەکە بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت. دەبێ ئەوەشم بزانین کە ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئێمە ئێستا کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی ڕکوودێکی سەیر و بنەڕەتی بووە لە باری سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە. خەڵک کە دێتە سەر باسی پرسی کورد یەکێک لە ڕەخنە سەرەکییەکان ئەوەیە کە دەڵێن "ئەوە نییە هەر خۆیان خەریکن یەکتر دەشکێنن و دەتوێننەوە؟" ئێستا ڕێبەرایەتی حزب وەک جاران نییە و چالاکی و پەیوەندیی نهێنییان لەگەڵ ناوخۆ هەیە و دەزانن دۆخی ڕۆژهەڵات چۆنە. سەرنەگرتنی یەکگرتنەوە جیا لەوەی کە لە باری ڕۆحی و دەروونییەوە کاریگەریی لەسەر جەماوەری ڕۆژهەڵات دەبێت، دوژمنان و نەیارانی کورد و بەتایبەت سەرەکیترین دوژمن کە کۆماری ئیسلامییە چەندە بەو مەسەلە هەستیارە و لەمپەری دەخاتە بەردەم. لەم ساتەوەختەدا سەرکردایەتی و شەخسی یەکەمی هەردوولا بەرپرسن لە بەرامبەر خەباتی خەڵکدا، ئەگەر بێت و وەڵامی ئەو بانگەوازە کە قسە و پەیامی یەک کەس و دوو کەس نییە نەدەنەوە، نەوەی داهاتوو لێیان قەبووڵ ناکات، چونکە ئێستا زۆر کەس هەن لەم کەمپەیندا وەک سەربازی ون کار دەکەن و هەوڵی پەیوەندی دەدەن. بۆ وێنە هەتا ئێستا پەیوەندی بە زیاتر لە حەفتا چالاکی سیاسییەوە کراوە کە بۆ خۆیان سیما و کەسی ناسراون و ئەو کەسانەن کە دەور و ڕۆڵیان لە بزووتنەوەدا هەبووە، پەیوەندییان پێوە کراوە کە ئەو هەوڵە بگاتە ئەنجام. ئەگەر لەم یەک دوو ساڵەی داهاتوودا ئەو حزبە یەک نەگرنەوە، دڵنیاتان دەکەمەوە کە هیچ کات یەک ناگرنەوە. بەو پێیەی کە نەوەکانی کۆمەڵگە وردەوردە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت، لەوانەیە کەسێک لاو بێت و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، یان کادر و پلەکانی خواردەوەدا بێت، شێوە ڕوانین و بۆچوونی لەگەڵ شێوە ڕوانین و ڕوانگەی کاک مستەفا هیجری و کاک خالید عەزیزی جیاوازی هەبێت، چونکە ئەوان یەک بنەماڵە بوون و ئێستا بوونەتە دوو بنەماڵە. دوای ئەو لەتبوونە زۆر کەس و پێشمەرگەی لاو بە هەردوولا پەیوەست بوون کە کاری هاوبەشی حزبییان پێکەوە نەکردووە و نازانن دۆخەکە چۆنە، بۆیە بەرپرسیارێتی و ئەرکێکی مێژوویییان لەسەر شانە، ئەگەر لە زەمانی پۆستی سکرتێریی ئەواندا ئەو یەکگرتنەوەیە سەربگرێت، دڵنیاتان دەکەمەوە مێژوو بە باشی و شانازییەوە باسیان دەکات.



سەرچاوە Serchawe

**باس:** ئێستا چی رووی داوە کە هەردوو لایەنی حزبی دیموکرات هاتوونەتە سەر ئەو قەناعەتەی کە دەبێ ستارتەکان پرسی یەکگرتنەوە لە میدیاوە دەست پێبکات، پێتان وا نییە دیدار و چاوپێکەوتنی راستەوخۆ و ئاسایی کاریگەرتر بێت؟

**ناسر باباخانی:** کێشە سەرەکییەکە ئەمە نییە، ئێمە دەڵێین برپارە نیازپاکیی هەردوولایان نیشان بدەین، پێمان وایە هەردوولا دڵسۆزی گەلن، هەردوولا خەباتیان کردووە، نە شەهید و نە خەباتی رابردوو بەش دەکرێن، نە پێشەوا، نە دکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی دابەش دەکرێن، مێژووی حزب هیچ کات دابەش ناکرێت، ئەوە شانازییەکە ئەگەر هەڵەیەکی تێدا بووە، هی هەموانە و ئەگەر شانازییەکیش هەبووە هەر هی هەموانە، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە 2ی رێبەندانی داهاتوو با بێین بە شێوەیەک لە شێوەکان نیازپاکی نیشان بدەین کە ئەگەر بکرێت لە باشوور و لە کۆیە بە هاوکاری و هاوئاهەنگیی یەکتر ئەو رۆژە جێژن بگیرێت، کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵاتیش بتوانن لە چەندین وڵاتی وەک سکانیدیناوی و کەنادا، یان هەر جێگایەک کە بۆیان دەکرێ بە هاوکاریی یەکتر ئەو رۆژە جێژن بگێڕین، ئەمە کاریگەریی باری دەروونی و رۆحیی پرسەکەیە، دەنا ناتوانین ٢ی رێبەندان بکەینە کۆتایی کێشەکان و رۆژی یەکگرتنەوە، ئێمە دوو تەلەڤزیۆن و دوو بڵاوکراوە و دوو کۆنگرە و دوو رێبەرایەتمان هەیە و ئەمانە هەموو کێشەی سیاسی و تەکنیکین. پێمانوایە میکانیزم بۆ یەکگرتنەوە هەیە، بە مەرجێک ئیرادەکە بەهێز بکرێت، دڵنیاتان دەکەمەوە ئەگەر بێت و ئەم دابڕانەی دوو باڵی دیموکرات هەروا درێژەی هەبێت، ئەمن وەک تاک کە خۆم بە سەربازێکی بچووکی ئەو بنەماڵە گەورەیە دەزانم، ئەوەی لەدەستم بێت بەرامبەر بەو کەسانەی کە رێگر و لەمپەرن لەبەردەم ئەم یەکگرتنەوە، درێغی ناکەم و لەم کەمپەینەدا راشکاوانە لەسەریان بڵاو دەکەینەوە و لەقاویان دەدەین.

لەبری ئەوەی کە ئەو وزە و توانابییەی کە لەپێناو دژایەتیی یەکتردا سەرفی دەکەین، بۆچی نەیەین لەپێناو بەرنامەیەکی تۆکمەتردا بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەکەمان خەرجی نەکەین. دیموکرات حزبی دایکە، حیزبێکی گەورە و رێبەرە ئەو پۆتانسیلەی کە بە شێوەی پەنگراو لەو حزبەیدا هەیە لە کەم حزبی کوردیدا هەیە، دیموکرات لە زۆربەی حزبەکانی چوار پارچەی کوردستان مەزنتر و گەورەترە. وەرە لاپەڕەکانی مێژووی ئەو حزبە هەڵبدەرەوە، بەقەد سەرەدەرزییەک خیانەت و لادان بەدژی بەرژەوەندیی گشتیی کوردی تێدا نابینی، تەنانەت غەدری لە خۆی و رۆژهەڵات کردووە، بەڵام غەدری لە حزبەکانی دیکە و پارچەکانی نەکردووە، من بەشبەحاڵی خۆم ئینیتمای حزبیم هەیە و ئینتیماکەشم حزبی دیموکراتە، بە قەولی سابڵاغی دەڵێن "ئێمە حزبین". بۆیە لەناو کەمپەین و لە دەرەوەی کەمپەین تەنانەت کەسی سەربەخۆشن هەستێکی دڵسۆزانە هەیە بۆ ئەم حزبە کە پێیان وایە ئەم حزبە بە یەکگرتوویی دەتوانێ ئەمڕۆکە لە مەیدانی سیاسەتی کوردستاندا کاریگەر و شوێندانەر بێت. ئەگەر دوو باڵی دیموکرات یەک بگرنەوە زۆرێک لە هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت.



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوە: ماڵپەڕی باس نیوز - ڕێکەوتی: ١٤ی جانێوێری ٢٠١٥

--------------------------------------------

## وتووێژی تایبەتی کوردکاناڵ

## لەگەڵ سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**کوردکاناڵ**: لەسەر پرسی دێموکراتەکان و داهاتووی حیزبی دێموکرات: لە پەیامە نەورۆزییەکەی دا، جەنابت زۆر گرینگیت بەو بەشە لە پەیامەکەت دا کە تایبەت بوو بە داهاتووی حیزبی دێموکرات و ئاماژەت بەوە کرد کە لە ساڵی ٩٤ دا حیزبی دێموکرات جێژنی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەگرێ و، ڕوو بە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان کۆمەڵە چاوەڕوانییەکت باس کرد. گرنگیی ئەم پەیامەی جەنابت و هۆکاری ئەوەی جەنابت لە دەسپێکی ساڵی نوێدا ئەم باسەت وروروژاند، چیە؟

**خالید عەزیزی**: گرینگییەکەی لەوەدایە حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم حیزب بووە کە بە شێوەی مۆدێرن لەنێو جوڵانەوەی کورددا دامەزراوە. یەکەم حیزب بوو کە ئیفتیخاری ئەوەی پێبڕا یەکەم کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. یەکەم حیزب بوو کە لەودا سەرۆک کۆماری کوردستان، یەکەم سەرۆک کۆمار سەرۆکی حیزبی دێموکراتیش بوو. ئەوەندەی ئاوڕ لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدیەوە، لە هێما نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، لە کۆمارەوە بگرە هەتا ئاڵا، هەتا ناوی پێشمەرگە، هەتا دروستکردنی ئەدەبیاتی شۆڕشگێری، بەشێکی زۆری حیزبی دێموکرات کاری بۆ کردووە و پێیەوە ماندوو بووە و هێناوییەتە مەیدانی خەباتی سیاسی و تێکۆشان، و ئەو حیزبە ئیفتخاری خەڵکێکی زۆر بووە کە تێیدا لە خەبات و تێکۆشان، بەشدار بوون. بەشێک زیندانییان لەسەر چێشتووە، بنەماڵەیەکی زۆر شەهیدیان بۆ داوە و خەڵکێکی زۆر لێی فێر بوون، هەر بۆیە ئێعتبارێکی جەماوەری بەهێزی هەیە لەنێو کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە خۆشییەوە واشی سیاسەت کردووە بە بەراوەرد لەگەڵ زۆر لایەنی دیکە، ڕاستییەکەی گلەیی کەممان لەسەرە.

بەڵام ئەو حیزبە بە هەموو ئیفتخاراتی خۆی، لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و قوربانییەکانی ئەگەر تۆ ئاوڕ دەدەیەوە بەتایبەت بە مێژووی پەنجا ساڵی ئەخیردا، لەنێو خۆماندا حیزبێکی پڕموشکیلە بووین، حیزبێکی پڕ کێشە بووین، حیزبێک بووین ئینشیعاب و لێکدابڕان و لەگەڵ یەک نەحاوانەوە و لەتبوون و کێشەیەکی زۆری نێوخۆییمان بووە و، جاروبار بەداخەوە چەندوچۆنی ئەو کێشانە، لە زمانی کەسایەتییەکانی حیزبی دێموکراتیش وای باس کراوە ڕەنگە زۆر کەس کە تەمەنێکی زۆری لە حیزبی دێموکراتیش تێپەڕ کردووە، ئەو جێگایەی پێویستە لە حیزبایەتی پێی بدەن، پێی نەدراوە. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرینگە کە لە پەیامە نەورۆزییەکەشدا ئاماژەم پێدا، ئەوەیە؛ بۆ ئێمە وەک حیزبی دێمۆکرات، هەر دوو لای دێموکرات و ئەندامانی دێموکرات لە هەر دوو بەشەوە، کە بەرەو یادی حەفتا ساڵەی خۆمان دەچین، ئەگەر خەڵکیش پرسیارمان لێنەکا ئەدی لەو حەفتا ساڵەدا چتان کردووە، چۆنتان سیاسەت کردووە، چۆن کێشەکانتان چارەسەر کردووە، چۆن لە سەردەمی ئێستادا کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نازانین چی لێدێتەوە، سیناریۆی ناڕوون زۆر ڕوودەدا، هەر ڕۆژێ شتێک دێتە پێشێ، ئەی چۆن وەڵامی ئەوانە دەدەنەوە لە داهاتوودا، حەق وایە ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە هەر دوو بەش بڵێین ئەرێ ئێمە ئەو حیزبە چۆن تەیار دەکەین، چۆنی ئامادە دەکەین کە وەڵامدەری ڕووداوەکان لە ناوچەکە و ئینتزاراتی کۆمەڵانی خەڵک لەنێو خۆی وڵات بێ. بەو دەلیلە لەڕوانگەی منەوە زۆر گرینگە، زۆر موهیمە لە یادی حەفتا ساڵەی حیزبی دێموکراتدا ئێمە چۆن لە خەبات و تێکۆشان شەهامەتمان بووە، ئێمە تەنانەت ڕێبەرانی خۆمان لەو مەیدانەدا لەدەست داوە، لە پێداچوونەوە بە خۆمان، لە ئاماژەدان بە هەڵە و ئیشتیباکانمان، لە دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانمان، لە ئاماژەدان بەو شوێنانەی کە ئێمە بە کارو کردەوەی خۆمان هۆیەک بووینە بۆ ئەوەی کە حیزبی دێموکرات وەحدەتی تێدا نەبێ یان نەمانتوانیوە بەیەکەوە کار بکەین، بە ئاماژە بەوانە وردەوردە دوای حەفتا ساڵ، حیزبی دێموکرات بەرەو ئەوە ئامادە بکەین کە وەڵامدەری ئەو ئینتزاراتە بێ و لەو پەیوەندییەدا ئەوەی بەلای منو بەلای ڕێبەریی ئێمەوە گرنگ بوو، دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بوو بۆ چارەسەریی کێشەی دێموکراتەکان.

**کوردکانال**:لە حاڵێکدا جەنابت ئەو چاوەڕوانییانە لەلای ئەندامانی هەر دوو لای دێموکرات ساز دەکەی و باس لە چاوەڕوانیی خەڵک دەکەی، ئێستا نزیک بە هەشت ساڵە حیزبی دێموکرات لێکدابڕانی تێدا ڕووی داوە و ئێستا دوو دێموکرات هەیە و ئێوە زیاتر لە سێ ساڵە لە دیالۆگ و وتوویژ دان بۆ چاردسەری ئەم گرفتە. تا ئێستا چتان کردووە و بە چ ئاکامێک گەیشتوون؟

**خالید عەزیزی**: وەڵامی یەکەمی پرسیارەکەی جەنابت ئەوەیە کە تا ئەو لەحزەیەی لێرە لەگەڵێەک دانیشتووین، دەکرێ بڵێم بەداخەوە ئێستا بە بونبەست گەیشتووین. لە ڕوانگەی منەوە لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو بەشەی کە کاک مستەفا هیجری سکرتێرییەتی، ئەوان بە بونبەستیان گەیاندووە. جا ئەمن تێدەکۆشم بچمە نێو تەفاسیل و جوزئیاتی

ئەوەی بۆ ئاوای لێهات. ئێمە چمان کردووە، ئەوان چۆنیان وڵام داوەتەوە، ئێمە چۆنمان هەوڵ داوە، چ جوابێکمان لەوان وەرگرتۆتەوە، ئێمە چ گەڵاڵەیەکمان هێناوە، ئەوان چیان کردووە و بۆچی ئاوای لێهات.

پێشەکی لەتبوون و ئینشیعاب، لێک جیابوونەوە، هەرچییەکی بێ، لە مەرحەلەیەکدا کە پێکەوە کار ناکرێ، وای لێدێ، لێک جودا دەبنەوە. قەتعەن وەسەریەک کەوتنەوە زەحمەتترە. لێکدابڕان ئاسانترە، ئەو لایەنەی هەوڵ دەدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە، دەبێ ئەو ئیستیعداد و ئامادەگییە لەخۆیدا پێک بێنێ کە گوزەشتی زۆر بێ. کە کاتێک بیر لە ڕێگەچارە دەکاتەوە، زۆر خۆی چەقبەستوو نەبینێ لە کێشە مێژووییەکاندا. زۆرتر ئەو یەکگرتنەوەیە وا چاو لێ بکا، زەرورەتێکە بۆ داهاتوو و جیددیش بۆی بچێ. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەژێر ڕووناکایی ئەو خوێندنەوەدا کارمان کردووە کە ڕێگەچارەیەک ببینینەوە. پاش ئەوەی کە ڕەوابیتی هەردوولا عاددی بۆوە، ئیدی وردەوردە زەمینەی ئەوە دروست دەبوو کە ئێمە بتوانین لەگەڵ یەک دابنیشین و موزاکرە بکەین. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا من لێرە ئاماژەیان پێدەکەم، زۆربەی زۆری ئیبتیکارەکان لەلایەنی ئێمەوە بووە. سێ جار من بۆ خۆم هەوڵم داوە، لە دەرگای ئەم و ئەوم داوە، بۆ ئەوەی قەناعەت بە کاک مستەفای هیجری بێنم بەیەکەوە دابنیشین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک. جاری یەکەم داوام لە دۆستێک کرد هەردوولامان میوانی بووین. لەوێدا باسێکی زۆرمان کرد، ئەو کێشانە لە ڕابردوودا هەرچییەکی بووە، سیاسەت کێشەی تێدا هەیە، لێکدابڕان هەیە، بەڵام ئێستا با ئامادە بین حەللێک ببینینەوە. پاش ماوەیەکی دیکە کونسوڵی فەڕەنسا سەردانی ئێمەی کرد، میوانی ئێمە بوو، بە حوکمی ئەوەی دۆستی دێموکراتە، لە قەدیمەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئێمە هەبووە. ئەوەش بەشێکی بەرهەمی کار و تێکۆشانی دیپلۆماسیی دوکتور قاسملووی نەمرە لە پاریس، ئەو داوای کرد کە چۆنە ئەمن دەعوەتتان بکەم بەیەکەوە دابنیشن. گوتم جا دۆستێکی وەک ئێوە داوا لە دێموکرات بکا، قەت نالێین نا. لەگەڵ کاک مستەفا هیجریش پێوەندی گیرا، لە کونسوڵی فەڕەنسا دانیشتین. لەوێدا کە ئەو بەعسانەمان کردەوە، هەر دوو لامان هاتینە سەر ئەو قەناعەتە کە بەڵێ بەدوای ئەوەدا دەڕۆین کاری لەسەر دەکەین وتوویژ و گفتوگۆ بکەین و چارەسەری بکەین. تەنانەت کونسوڵی فەڕەنسا گوتی ئەگەر ناشتوانن یەک بگرنەوە، وەک دوو حیزب کار بکەن. گوتمان نا، ستراتیژی ئێمە یەکگرتنەوەیە. بۆ یەکگرتنەوە کار دەکەین. گوتی زۆر باشە. بەدوای ئەوەدا کۆمەڵێک دانیشتن و موزاکرات هاتەگۆڕێ. ئێمە گەڵاڵەیەکمان ئامادە کرد. گەڵاڵەی ئێمەدا باس لەهەر دوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکا، ئێمە گەڵاڵەکەی خۆمان کە نەتیجەی گفتوگۆ و موزاکرە لە کۆمیتەی مەرکەزی و ڕیزەکانی خۆمان و مەشوەرەت لەگەڵ ئەندامانی خۆمان و چەندین جار پێداچوونەوە و قسە لەسەرکردن بوو، هێنامانە پلێنۆم، لە پلێنۆمدا پەسەند کرا، پلێنۆم دایەوە بە دەفتەری سیاسی، دەفتەری سیاسیش پێشکەش بەو هاوڕێیانەی کرد. ئینتزارمان دەکرد ئەوان ئەو گەڵاڵەی ئێمە وڵام بدەنەوە. سەرەنجام کە داوامان لێ کردن، ئەوان بەشێوەی شەفایی گوتیان ئێمە موافقی ئەو گەڵاڵەیە نین. گوتمان باشە بە کەتبی وڵامان بدەنەوە، موافقی چن بینووسن، بڵێن ئەو بەشە لە

گەلاڵەکەمان قبووڵە، ئەو بەشەمان قبووڵ نیە. لێرە خاڵی هاوبەشە، لێرە ناکرێ سازشی لەسەر بکەین، لێرە دەکرێ سازشی لەسەر بکەین، بەسوڕەتی کەتبی هیچ وڵامێکی ئێمەیان نەدایەوە. دیسانەکە ئێمە خەبەرمان لێ ناردنەوە، ئێوە گەلاڵەی خۆتان بنووسنەوە بۆمان بێنن. جارێک هەروا شەفایی کە هاتبوون، گەلاڵەیەک کە تەوافقی تێکەڵبوونەوەکەی پێشوو بوو، ئەویان هێنابوو. لەحاڵێکدا ئێمە هەردوو لامان پێمانوابوو کە تێکەڵبوونەوەکەی پێشوو نەقسی هەبووە، کامیل نەبووە، هەردوولا باش موتەعەهید نەبوون، بەباشی ڕووحی یەکگرتنەوە بەسەر دروستکردنەوەی ئەو وەختی حیزبی دێموکراتدا زاڵ نەبووە، دوایە ئەو کێشانە هەر ئیدامەی پەیدا کردووە، لە حەددی خۆیدا بە شێوەیەک زەمینەی بۆ کێشەکانی کۆنگرەی سێزدەش دروست کردووە، دەی باشە گەلاڵەیەک کە مووەفەق نەبووە، چۆن دەتوانێ ببێ بە ڕێگاچارە. بەهەرحاڵ پاش ماوەیەکی دیکە ئەوان هەر وڵامیان نەبوو. ئێمە بۆخۆمان لە دەفتەری سیاسی باسمان کرد لەو دواییاندا کە حەللێک ببینینەوە. داوایان لێ بکەین بە شەفاییش بێ قسەی خۆیان بکەن. دەنا لەڕاستیدا ئەوان لەلایەن خۆیانەوە شتەکەیان کۆتایی پێهێنابوو. نە خەبەریان لێ دەناردینەوە، نە داوایان دەکرد، نە دەیانەویست لەسەر گەلاڵەیەک قسە بکەن. وابوو دەفتەری سیاسی داوای لە من کرد کە بۆ جاری سێهەم ئەوجار، چونکە جارەکانی پێشووش هەردووک جارەکان ئەمن ئیبتیکاری تەماس گرتن لەگەڵ کاک مستەفای هیجریم کردبوو کە بەیەکەوە دابنیشین حەللێک ببینینەوە. ئەمجارەش داوام لە کاک مستەفا کرد کەبەیەکەوە دابنیشین، با ئەو شتە بە بونبەست نەگا، لە مەرحەلەیەکی دیکە دەست پێبکەینەوە، ئەمن گوێت دەدەمێ، دووبەدوو قسەی لەسەر دەکەین، چۆن دەتوانین مودیرییەتی دەفتەری سیاسی هەردوولا بکەین بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک. ئێمە کە دانیشتین دەوری سێ چوار مانگ پێش ئێستا بوو. گلەییم لێکرد گوتم ئێوە ئەو گەلاڵەیەتان قبووڵ نەکرد، دەبا وڵامێکتان دابایەوە، دەی باشە ئەو گەلاڵەی ئێستاش لای کومیتە مەرکەزی ئێمە ماوەتەوە، ئەو گەلاڵەیە وەلا دەنێین، بزانم حەللەکەی ئێوە چیە. من چەند پێشنەهادم پێکرد. لە سیاسەت و لە کێشەی حیزبەکاندا زۆرجار باسی ئەوە دەکرێ کە شەڕ لەسەر دەسەڵاتە، تەبیعیشە لە دەسەڵاتدا شەڕی دەسەڵات هەیە، من هەر لەو پێوەندییەدا بۆوەی من کۆمەکم کردبێ بەوەی کە حیزبی دێموکرات وەسەریەک کەوتبێتەوە، قەتعەن کاتێک باسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەکرێ، دەڵێن ئەدی خالیدی عەزیزی سکرتێر دەبێ یان مستەفای هیجری، کێهەیان سکرتێر دەبێ، لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتدا کە هەردوولامان دەمانەوێ هەردوولای حیزبی دێموکرات وەسەریەک خەینەوە بچینە کۆنگرەی حیزبێکی واحید، هەتا کۆنگرە جەنابت سکرتێری هاوبەشمانی، ئەمنیش لە خزمەت ئەو حیزبەدا دەبم لە هەر شوێنێک کارم پێبسپێرێ. ئەوە بە نیسبەت خۆمەوە، ئەووەڵ کەس من لەخۆمەوە دەست پێدەکەم. دوایەش ئێوە حەساسییەتێکی بێجێ و نادروستتان لەسەر ناو هێناوەتە گۆڕێ، ناوی ئێمە و ناوی ئێوە بەشێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتە، ئینکار ناکرێ. بەڵام بۆوەیکە دیسان ئێمە ئیمتیازێکی دیکەش بدەین، شانسێکی دیکەش بدەین بە ئێوە، چۆن من بۆ خۆم شانسێک دەدەم بە تۆ، لەو پەیوەندییدا لە دەورانی سکرتێریی جەنابت حیزبی دێموکرات لەت بوو، ئەوە من موددەعی پۆستی سکرتێری نیم ئەوە جەنابت دەبی بە سکرتێر، لێرە شانسێکی دیکەش دەدەین بە یەکگرتنەوەی ئەو حیزبە،

ئێمە ئامادەین لەژێر نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆ ئێمە هێڵی سوور نیە، لە کۆنگرەی سێزدە کە ئێمە و ئێوە دەنگمان پێداوە، ئەو دەکەین بە مەبنا، بەڵام مەجموعەیەک ژێرمەجموعەی دەبێ، مەجموعەیەک میکانیزمی دەبێ، قەیناکا با ئەوەش ئاوا بێ. گوتی دەی زۆر باشە هەردووک لامان دەیبەینە دەفتەری سیاسی. لەو دانیشتنەدا لای خۆم من وام تەسەوور دەکرد ئێمە هەنگاوێکی زۆر ڕۆیشتووینە، هەر ماوەتەوە لە دەفتەری سیاسی هەردوولا باسی لێ بکەین و وردەوردە بەدوای وردەکارییەکانی ئەوەدا بڕۆین تا چووین لەگەڵ ئەواندا کۆبوونەوەیەکی دەفتەری سیاسیمان کرد.

**کوردکاناڵ:** کاک خالید، دوای ئەو هەیئەتانەی پێکەوە موزاکرەیان دەکرد، دواتر گەشبینیەک دروست بوو کە ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەردوولا پیکەوە دادەنیشتن و تەنانەت بەڕێز کاک مستەفا هیجری لە مساحیبەیەکدا باسی ئەوەی کرد چاوەڕوانی هاتنەوەی جەنابتن کە ئەوکات بە سەفەرێک لە ئورووپا بووی، ئەوە کە دێیەوە و تەنانەت ئەو گەشبینیەی بە خەڵک دا کە بەشێک لە کێشەکان چارەسەر بووە و چاوەڕوانی ئەوەین کە بەڕێز کاک خالید بێتەوە . دوای ئەوەی ئێوە دانیشتن لە دەفتەری سیاسی، بەڵام تا ئێستاش هیچ ئاکامێک دیار نیە، ئەو دانیشتنە بەکوێ گەیشت؟

**خالید عەزیزی:** بەڵێ من و کاک مستەفا کە لەگەڵ یەک دانیشتین، هەردووک لامان، لانیکەم ئەمن بۆخۆم خوێندنەوەکەم وابوو کە بەو ڕوحیاتەوە دەچینە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی هەدرولا و لەوێدا دەفتەری سیاسی هەردوولا و هەیئەتەکانمان ئەرکدار دەکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەوە. لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی کە ئەو مەوزووعە باس کرا، گوتمان کۆمەڵێک میکانیزم دەتوانێ کۆمەک بەوە بکا. ئێمە کە گوتمان ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێڵی سوور نیە، نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بۆ ئێوە هێڵی سوور نیە، بەڵام هیچ ئیشکالی نیە دەڵێین نێوەکە نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، با بزانین ئێستا ئێمە کێ تێکەڵ دەکەینەوە، ئەو خەڵکە کێیە. چۆن بەرەو ئەوە بڕۆین لە ئیشتباهاتی پێشوو دەرس وەربگرین. بنەمای یەکگرتنەوەیەک دابنێین کە نیگەرانیەکانی هەردووک لامان بەرتەرەف بێ و دوایە بە دڕدۆنگی لەگەڵ یەک کار نەکەین. ئێمە پێشنەهادمان پێکردن، دەی باشە هەردوو باڵی دێموکرات یەک دەگرینەوە، هەردوولای دێموکرات یەک دەگرینەوە، دێموکراتەکان یەک دەگرینەوە، هەمووی ئەوانە لەڕوانگەی ئێمەوە هیچ ئیشکالی نیە، چون هەردوولا دەگرێتەوە. هەروەها لەوانە گرنگتر ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو هەشت ساڵە مێژووی خۆتان هەیە، لە ئیدامەی مێژووی پێشووتان، ئێمەش مێژوویەکی جیاوازمان هەیە لە ئیدامەی مێژووی پێشوومان. چۆن وابکەین هەردووک لا بەقەناعەتێک بگەین مێژووی هەردووک لامان مێژووی هەموو لایەکمانە و هەردوولا لە کاتی پێویست موراجیعەی پێدەکەین، بۆوەی ئەو خەڵکە خۆی لە حیزبی دێموکراتی واحید و یەکگرتوو لە داهاتوودا ببینێتەوە. ئیحساس نەکا موعامەلەکە یان یەکگرتنەوەکە جۆرێک بووە لایەک لە پەراوێز کەوتووە، لایەک وەلانراوە، لایەک خودییە و لایەک غەیرە خودییە. ئێمە ئەوانەش پێشنەهاد دەکەین. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر بۆخۆشتان لە

پلێنۆمەکەی پێشوودا باستان کردووە، کۆنگرەی هاوبەش، ئەو دوو بەشە کێن؟!، دەی ئەو دوو بەشە دوو لایە. بۆ ئەوەی ئێمە واریدی ئەو خانەیە بین، شتی ڕەوانی بڕەوێتەوە، لەو شتانە کە زۆرتر ئی سەردەمی لێک تووڕە بوونە، چەقبەستوو نەبین ئەوەیە کە «هاوڕێیانی پێشوو» و شتی وا وەلا دەنێین، هەردووک لامان دەڵێین دیموکراتەکان، هەردووک باڵی دیموکرات یان دیموکراتەکان بەیەکەوە. کاتێک باسی ئەوانەمان کرد، گوتیان ئێمە لە دەفتەری سیاسی ناتوانین لەسەر ئەوە قسە بکەین، ناتوانین لێرە بڕیار بدەین دەبێ بیبەینەوە پلێنۆم، لەحاڵێکدا ئێمە لە دەفتەری سیاسی خۆمان بڕیارمان دابوو و ئەندامی کۆمیتە مەرکەزی و ئەندامی خۆشمان هەبووە گلەیی لە ئێمە کردووە، گلەییان لە خۆم کردووە ئەدی تۆ بۆ وات بە کاک مستەفا گوتووە کە ئەمن نابم بە سکرتێر جەنابت ببێیە، ئەوە کۆنگرەی هاوبەش لە داهاتوودا تەسمیم دەگرێ، گوتومە هیچ ئیشکالی نیە. تەنانەت گلەییان لێ کردووین بۆ گوتوتە نێوی حیزبی دیموکرات هێڵی سوور نیە، ئێمە گوتومانە ئەگەر دڵسۆزانە و مەسئولانە بەرەو چارەسەر بڕۆین، لە موزاکراتدا ئەو شتانە هەیە و بۆ ئێمە موهیمە هەردوولامان وەسەرێک کەوینەوە و دوایە کێشەکان چارەسەر بکەین. ئەوان گوتیان ئێمە لەدەفتەری سیاسی ناتوانین لەسەر ئەوە بڕیار بدەین، دەبێ ئەوە بەرینە پلێنۆم. ئێمەش گوتمان هیچ ئیشکالی نیە. قەراریش درا هەرکات ئەوان پلێنۆمیان گرت، بە چاک و بە خراپ، کە ئێمە ئینتزاری باشمان دەکرد، وڵامەکە لە ئێمە دەنێرنەوە، بیلافاسیلە ئێمە لە دەفتەری سیاسییەکان دادەنیشینەوە و هەیئەتەکان دادەنێین و حەتتا هەردوو لامان، لانیکەم من خۆشبین بووم، بەڵکە لە ڕۆژی نەورۆزدا پەیامێکی باشمان هەبێ یان ئەوەکە لە حەفتا ساڵەی حیزبی دیموکراتدا بەیەکەوە ئەو خەون و ئارەزوانەی کە هەموو لایەکمان هەمانە، حیزبی دیموکراتێکی بەقووەتمان بەبێ، لەوێڕا دەستی پێبکەین و دروستی بکەینەوە. بەڵام بەداخەوە کاتێک ئەوان ماوەیەک پێش ئێستا پلێنۆمیان گرت، ئێمە هەر چاوەڕوان بووین و چاوەڕوانیمان دەکرد وڵامێکی باش بێتەدەرێ، یەکەم هەر قسەی جاران بوو، «هاوڕێیانی پێشوو»، دەتگوت لەو کۆبوونەوەیەدا نە من لەگەڵ کاک مستەفا دانیشتووم و نە هیچم گوتووە و نە هیچ تەوافقێکمان هەبووە و نە دەفتەری سیاسی لەگەڵ یەک دانیشتووین. بۆیە ئێمە بەوە ناڕەحەت بووین و پێمان وابوو ئەوان لەژێر پێی ئەو بەحسانە چوونەتەدەرێ. نەدەبا ئەوەیان کردبایە، بەڵکو لە پلێنۆمدا دەبوو ئەوەیان پەسند کردبایە و زەمینەیان ساز کردبایە بۆ دانیشتنەکانی دیکە. دوای ئەوەش لەباری تکنیکی موزاکرات و گفتوگۆ، ئاخر دوو لایەن دادەنیشێ، لایەک دەڵێ مونتەزیر دەبم لایەکەی دیکەش دەڵێ وەڵامت لێ دەنێرمەوە. تا ئێستاش بە چاک و بە خراپ وڵامیان لە ئێمە نەناردۆتەوە. ئەدێ ئێمە دوو دەفتەری سیاسی لەگەڵ یەک دانیشتین، کۆبوونەوەیەکمان کرد، ئەوەش نەتیجەکەی بوو هاوڕێیان، ئەوەی ئێوە دەڵێن ئێمە موافقی نین. لانیکەم وڵامیان دەدایەنەوە، تا ئێستاش نە بە نووسراوە نە بە قسە، نەیانگوتوە ئەدی ئێمە بڕیارەکەمان ئەوە بووە؛ بەڵام نەتیجەی پلێنۆمەکەی ئەوان نەتیجەیەکی باش نەبوو و لەگەڵ ڕوحییاتی ئەو قسانەی من و کاک مستەفا کردمان و شۆڕمان کردبۆوە خوارێ، لە دەفتەری سیاسی هەردوولا باسی کرابوو، بە هیچ جور لەگەڵ ئەوە نەدەهاتەوە. بۆیە لەڕاستیدا ئەوان بەو هەڵوێستە دەکرێ بڵێم

پرۆسەکەیان بە بونبەست گەیاند، دەنا بەو ئیبتکاراتەی ئێمە هەمانبوو و ئەوانیش ئیستعدادێکیان نیشان دابوو، یا مەرحەلەیەک ئێمە چووبووینە پێشێ.

**کوردکاناڵ: لەدوای دانیشتنەکەی هەر دوو دەفتەری سیاسییەوە تا ئێستا ئێوە هیچ پێوەندییەکتان پێوە نەبووە، نامەیەک لەلای ئێوەوە بچێ بۆ ئەوان یان هی ئەوان هاتبێ، یان جەنابت لەگەڵ کاک مستەفا کۆ ببیتەوە، هیچ شتێک نەبووە؟**

**خالید عەزیزی:** دوای پلێنۆمی ئەوان کە هیچ خەبەرێکیان لە ئێمە نەناردەوە و ئێمەچاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد، نا، ئێمە پێوەندیمان نەکردۆتەوە. بەڵام هەموو جارێ ئێمە کردوومانە؛ من دوو نموونەت بۆ دێنمەوە: لە ساڵانی پێشووشدا لە تەنیشتی ئەوەی موزاکراتمان دەکرد و لەگەڵ یەک دادەنیشتین، هەوڵمان دەدا بەعزە حەللێک بێنینە گۆڕێ، بە موازاتی ئەو موزاکراتانە ڕیزەکانی خوارەوەش کاری هاوبەوش بکەن، ئێمە لە ئورووپا و ئەمریکا و لێرە بە هەموو ئۆرگانەکان و موئەسساتی حیزبی و کومیتەکانی خۆمانمان گوتبوو پێشنەهادیان پێ بکەن بۆ هاوکاری بە موناسیبەتە جۆراوجۆرەکان، خەڵکەکە کۆ بێتەوە لە دەوری یەک بێ و لەوێرا وردەوردە زەمینەی ئەو شتانە دروست بێ. هەر لە ماوەی ڕابردوودا ئێمە، ساڵی ڕابردوو، دوو ئەندامی کومیتە ناوەندی خۆمان ناردۆتە لای سکرتاریای ئەوان، داوامان لێکردوون بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدان، با بەیەکەوە لەسەر گۆڕستانی هاوبەشی دێموکراتەکان کۆ بینەوە و ڕێزیان لێ بگرین، ئەوە سەرەتایەک بێ، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردۆتەوە. مەوریدی وا لە وڵاتانی دەرەوە زۆر زۆر بووە، ڕەدیان کردۆتەوە. مەوریدی وا لێرە زۆرزۆر بووە، ڕەتیان کردۆتەوە. گوتومانە بە موناسیبەتی یادی دوکتۆر قاسملوو، یادی دوکتۆر شەڕەفکەندی، یادی پێشەوا، لەو کارانەدا وردەوردە دەست پێبکەین، لە دەوری یەک کۆ بینەوە، بەڵکە جەوهەری ئەو یادانە هاندەرێک بێ بە لەحازی رووحی و ڕەوانی، ئێمە خۆمان لەگەڵ یەک ببینین، هەمووی ئەوانەیان ڕەت کردۆتەوە. هەر لەماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا کە تەلەویزیۆنەکەیان بەداخەوە داخرا، ئێمە لە دەفتەری سیاسی نامەیەکمان بۆ ئەوان ناردووە، لە نامەکەدا گوتوومانە ئێستا کە تەلەویزیۆنەکەی ئێوە داخراوە، ئێوە دەتوانن لە تەلەویزیۆنی کوردکاناڵ ئیستیفادە بکەن. بۆیە لەو پێوەندییەدا ئێمە ئامادەین لەگەڵتان دابنیشین، تا تەلەویزیۆنەکەی خۆتان دەست بەکار دەکاتەوە، بەرنامەکانتان ئەوەی پێویستتانە لە کوردکاناڵ بڵاوی بکەنەوە، لانیکەم تا ئێستا خەبەرێکیان نەناردۆتەوە کە نامەکەتان گەیشت، نامانەوێ و زۆر سپاس، دەمانەوێ بەڵام چۆنی بکەین.

لە عورفی ڕەوابیتدا کاتێک نامەیەک بۆ شوێنێک دەنێردرێ، هەرچەند تۆ ئەو شوێنەت خۆشیش نەوێ، لانیکەم دەڵێی کاکە نامەکەت گەیشت زۆر سپاس، بەڵام نامانەوێ. تا ئێستا نە بە قسە و نە بە نووسین جوابێکیان نەداوەتەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەوان لە تەعامولی ئەو کێشە لە یەک خانەدا گیریان کردووە، خانەکە هەمووی بەداخەوە ئەوەیە ئینکاری تۆ

بکەن، تۆ بە ڕەسمییەت نەناسن. لەحاڵێکدا ئێمە هەرگیز لە هیچ شوێنێک داوامان لەو هاوڕێیانە نەکردووە کە ئێوە ئێمە بە ڕەسمییەت بناسن. پێویست نیە ئێمەش ئێوە بە ڕەسمی بناسین. ئەو دوو دیموکراتە چاک یان خراپ ئەوە هەن و دەڕوا ، هەر کەسە خەڵکی خۆی هەیە و سیاسەتی خۆشی دەکا و پێویست ناکا بێن لەیەکتر سەنەد وەربگرن و ئیمزا وەربگرن. ئەوان یەک لەوەدا گیریان کردووە بەداخەوە. جا بۆیە ئێمە لەو مەواریدانەدا هەرچەند ئیبتکارمان بە خەرج داوە، زۆر نەچووینەتە پێشێ، هەوڵەکان ئەغڵەب یەکلایەنە بووە، ئەمن پێم خۆشە ئەوەش بڵێم زۆرجار هاوڕێیانی خۆمان ڕەخنەیان لە خۆم بووە یان ڕەخنەیان لە دەفتەری سیاسی بووە، ئەدی ئێوە بۆ هێندە نەرمونیانی نیشان دەدەن، هەر ئێوە ئینعتاف نیشان دەدەن، هەر ئێوە هەوڵ دەدەن و خۆ ماندوو دەکەن بە پرۆسەی یەکگرتنەوە، ئەوان کەمتر پێیەوە ماندوون، کەمتر وەک ئێوە خەمخۆرن، ئەوە بۆ ئاوا دەکەن، ئێمە ئەو گلەیی و گازندانەشمان لەنێو ڕیزەکانی خۆمان قبووڵ کردووە، هەر لەسەر ئیحساسی مەسئولییەت بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەک بدۆزینەوە و دیموکراتەکان بکەونەوە سەریەک.

**کوردکاناڵ:** کاک خالید هەرچەند لە لەوانەیە کەمێک لە باسەکە دوور کەوینەوە، دوای ئەوەی چاوەڕوانییەکی باش لەنێو خەڵکدا دروست بوو، یانی گەشبینییەک هەبوو، هیوایەک هەبوو، ئێستا بەداخەوە جەنابت دەڵێی بە بونبەست گەیشتووە، بەڵام لەو سەروبەندەدا کە هیوایەک هەبوو، کتێبێک لە نووسینی کاک مستەفا هیجری بڵاو بۆوە بەنێوی «نسکۆ و دابڕان»، لەو کتێبەدا کۆمەڵێک هێرش کراوەتەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستان و کەسایەتییەکانی، ئێوە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاتان لەسەر ناوەڕۆکی ئەو کتێبە و ئەوە کە لە ئێستادا بەو ئەدەبیاتە و لە ئاستی سکرتێردا ئەو کتێبە بڵاو بۆتەوە، چیە؟!

**خالید عەزیزی:** بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە لەو قۆناخەدا، لانیکەم لە سەردەمێکدا کە ئەمن و کاک مستەفا پێکەوە دانیشتووین و قسەمان لە زۆر شت کردووە و دەفتەری سیاسی هەردوولامان دانیشتووین و بەرەو ئەوە دەچووین بەعزە حەللێک ببینینەوە، لانیکەم ئەمن وام فکر دەکردەوە، گەشبینیم دروست دەکرد، بەدبینیم دەڕەواندەوە، هەوڵم دەدا گرژی و ئاڵۆزی نەمێنێ، بەڵام دەرچوونی ئەو کتێبەم زۆر پێ ناخۆش بوو. پێش ئەوەی بێمە سەر ئەوەی ئەو کتێبە بۆ ئێستا دەرکرا و شوێنەواری ئەو کتێبە، ئاماژە بە شتێکی هاوشێوەی ئەو دەکەم. دوو ساڵ سێ ساڵ پێش ئێستا، کاتێک ئێمە لە عاددی کردنەوەی ڕەوابیتدا باش دەچووینە پێشێ، دادەنیشتین، پەیاممان بۆ یەکتر دەنارد، هەوڵمان دەدا، خەڵکمان ئومێدەوار دەکرد، لە گەرمەی ئەوەدا بووین، لایەنی کاک مستەفا هیجری لە جیاتی ئەوەی بێن لەگەڵ ئێمە لەسەر چارەسەری کێشەکان قسە بکەین، لەژێرەوە چەند کەسێکیان لەنێو ئێمە هان دابوو، دوایە ئەو چەند کەسە چوونە نێو خۆیان. ئەمن گلەییشم لێ کردن گوتم ئەوە موعامەلەیەکی خراپە، دەڵێن لە بازی شەترەنجدا شەترەنجبازی خراپ ئەوەیە کە ئەسپێک بە پیادەیەک دەدۆڕێنێ. ئەو حیزبە لەت بووە، لەتێک بەو هەموو کادر و پێشمەرگانە سەرمایەی هاوبەشمانە، نایەی کار

لەسەر ئەوە بکەی بێین ئەو حیزبەی پێ گەورە بکەینەوە، لە ژێربەژێر لەسەر دوو سێ کەس کار دەکەن، فریویان دەدەن لەدژی ئێمە هەراوهوریای پێ دەنێنەوە، شتی وا دێ و دەڕوا و نابێ بە هیچ، ئینسان دەبێ گەورە فکر بکاتەوە، مەوریدی وەک ئەوە زۆر بوون، خەلک بە پۆل لەولاڕا هاتبوونە لای ئێمە، یەکجاریش لەتەلەویزیۆن باسمان نەکردن. مەبەستم ئیحساسی مەسئولییەتە، ئەو وەختیش ئەوە بۆیە کرا، بۆوەی کە ئەو ڕەوابیتە کە بەرەو عادیبوون دەچۆوە، تێک بدرێ و تا ڕادەیەکیش تەئسیری دانا بۆ ماوەیەک ڕەوابیت گرژ و ئاڵۆز بۆوە و خەڵکی جۆراوجۆر بە مەبەستی جۆراوجۆر شتی لەسەر دەگوت و دەنووسی. بەڵام ئەمەی ئەوجار و ئەو کتێبە، لەڕاستیدا ئەمن زۆرم پێ ناخۆش بوو، ئێمە لە گەرمەی موزاکرە و گفتوگو و ڕێگەچارە دیتنەوەدا بووین، بەرەو ئەوە دەچووین کە ئەو کێشانە کە لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا بووە، وردەوردە لە شوێنێک وەک فایل دایانبنێین و ئارشیویان بکەین، مەگەر پێویست بێ موراجیعەی پێ بکەین، ئەگەر موراجیعەشت بە شتی مێژوویی کرد، ئارشیوەکان، تەبەقەبەندی دەکرێ، هێندێک شتی نێوخۆییە، ئی نێو بنەماڵەکەتە، هەرگیز ناچیتەدەر. بنەماڵەیەکیش شتی نێوخۆیی هەیە، دەوڵەتێکیش شتی نێوخۆیی هەیە، حیزبێکیش شتی نێوخۆیی هەیە. بەڵام بەداخەوە نووسینی ئەو کتێبە لەلایەن کاک مستەفا هیجرییەوە، لانیکەم ئەوەی بۆ من دروست کرد لە گەرمەی ئەوەی من ماندووم بەوە، دەفتەری سیاسی ئێمە ماندووە و بۆ وەحدەتی ئەو حیزبە دەڵێم کاک مستەفا جەنابت سکرتێر بەو ئەمنیش لە خزمەتت دام، لە گەرمەی ئەوەدا خەریکن دەچن کتێبێک دەنووسن، بۆ ئەوەی ئاڵۆزیی زۆرتر دروست کەن. کێشەی زۆرتر دروست کەن. وەک ئەوەی ئەو دەمەی لەگەڵ من دانیشتووە یان هاوڕێیانی دەفتەری سیاسییان لەگەڵ دەفتەری سیاسی ئێمە دانیشتوون و قسە دەکەن چۆنی حەل بکەین، بیریان لەوە کردۆتەوە ئەدێ چۆن کتێبێک بنووسین باسی ڕابردوو بکەین، ئەو کێشانە بێنینە گۆڕێ، جارێکی دیکەش جەوەکە تێک بەدەین و ئاڵۆزی بکەینەوە. کتێبێک کە بێحورمەتی بەولایەی تێدا هەیە کە بەشیک لە مێژووی ئەویشە، بێحورمەتی بە کەسایەتییەکانیش تێدا هەیە کە هێندێکیان بەقەد تەمەنی ئەو لەو حیزبەدا خزمەتیان کردووە. بۆیە دەبێ بڵێم دەرکردنی ئەو کتێبە لەلایەن کاک مستەفا هیجری ئیقدامێکی مەسئولانە نەبوو، لانیکەم ئەمن ماندوو بووم و لەگەڵ خۆشی باسم کردبوو، دەفتەری سیاسی ئێمەش ماندوو بوون کە چۆن چارەسەرێک ببینینەوە. ڕاوەستابان لە داهاتوودا، خۆ نەچوە بچێ. بەدبەختییەکی حیزبی دێموکرات ئەوەیە لە کتێب نووسین بەپەلەن، هەر کەس بەدوای بیرەوەرییەکاندا دەڕوا و کتێبیک دەنووسێ و ئاوڕ دەداتەوە و کێشەش بۆ نەسڵەکانی دیکە دروست دەکا. بۆیە ئەمن گلەییم لە خودی کاک مستەفا هەیە، نەدەبا ئەوەی کردبایە، لانیکەم دەبا ئەو ئیجازەی نەدابا و گوتبای ئەو کتێبە ئەگەر واش بێ ئێستا نابێ دەربچێ. ئێمە خەریکی هێندێک موزاکراتی جیددی لەگەڵ ئەو برادەرانەین، ماوەیەک ڕادەوەستین.

ئەمن بێئەوەی بچمە نێو نێوەڕۆکی ئەو کتێبە، چاکە یان خراپە، بەڵام ئەو کتێبە کە ئێستا بڵاو بۆوە، وای دەخوێنمەوە، عەمدەن ئەوەیان کرد بۆ تێکدانی ئەو پرۆسەیە، بۆ لەبااربردنی ئەو زەمینەیە بووە کە بە هیممەتی ئەندامانی هەردووک



سەرچاوە
Serchawe

لا، دۆستانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوە، خەڵکانێکی زۆر لە ئەندامانی هەردوولا بەنێوی کەمپەین و کاری هاوبەش بەیەکەوە ئومێدەوارییان بڵاو دەکردەوە و موژدەی ئەوە دەدرا کە بەرەو چارەسەرێک دەڕۆین، بەڵام دروست لە گەرمەی ئەوەدا کتێبێکی ئاوا بڵاو دەکەنەوە. ئەو کتێبە لەڕوانگەی من عەمدی بڵاو بۆوە، بۆوەیکە پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و گەورەکردنەوەی حیزبی دێموکرات لەبار بچێ. لە هەمووی ئەوانەش گرنگتر زۆر لەوە بەداخم کە جاروبار بیر لە مێژووی حیزبی دێموکرات دەکەمەوە، لە پەنجا ساڵی ئەخیر ئەو هەموو کێشەمان هەبووە، لەوە بەداخم کە نەسڵی ئێستاش هێندە بەو کێشانەوە بژین، لەجیاتی ئەوەی دابنیشین فکر لە شتی گەورە بکەینەوە، ئەدی ئێران چی لێ دێ، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چی لێ دێ، ئێمە چمان لێ بەسەر دێ، ئەو حیزبە هاوبەشەی ئێمە پەنجا ساڵە ژیانی هەر لە کوردستانی عێراق و دەربەدەری دایە، چی لێ بکەین، کتێبێک دەنووسرێ لەو کتێبەدا ئینرژییەکە لەسەر ئەوە سەرف دەکرێ، فڵان شەخسییەتە چۆن بشکێنن، فڵان شەخسییەتە چۆن تەحقیر بکەین، ڕابردووی جەمعێکی کە لەخۆیان زیاتر نەبن، کەمتر نین، بەبێئیحترامییەوە بەرخوردی پێبکەن. بۆیە بە باوەڕی من بۆ جارێکی دیکە دەڵێم مەسئولییەتی بە بونبەست گەیاندنی ئەو پرۆسەیە ئێمە ئەوجارە باشمان هێنابوو و سەر نەکەوتین، دەکەوێتە سەر لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سکرتێری کاک مستەفا هیجری. بۆیە ئەوە دەڵێم بەڕاستی لایەنی ئێمە بە ئیعتماد بە نەفسەوە بە جیددییەت و بە عەلاقەوە چۆبووە نێو ئەو پرۆسەیەوە.

**کوردکاناڵ**: کاک خالید بگەڕێینەوە سەر پەیامەکەی جەنابت لە پەیامەکەدا دەڵێی کۆمەڵێک سیناریۆی ناڕوون، ئاڵۆز لە ناوچەکەدا هەیە و ئێستا دەبینین سیناریۆکان ناڕوونتر، ئاڵۆزتر، زیاترن، جەنابت دەفەرمووی پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لانیکەم جارێ لە بونبەست دایە، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم پرۆسانە و داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی چۆن دەبینی و پێت وایە دەبێ چ بکرێ بۆوەی کە لانیکەم حیزبی دێموکرات بتوانێ وەک خەڵک چاوەڕوان دەکا، پێگەی خۆی وەدەست بێنێ و لەنێو ئەم سیناریۆ ناڕوونانەدا ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ؟

**خالید عەزیزی**: ڕەنگە حەللی جۆراوجۆر هەبێ، خەڵکی جۆراوجۆر حەللی موختەلیف بێننە پێشێ، بەڵام ئەوەی لای ئێمە ئەولەوییەتی هەبوو وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حاڵی ئێستادا کارکردن بۆ ئەوە بوو چۆن دێموکراتەکان بکەونەوە سەریەک. پێمان وابوو بەشێک لەو ئینتزاراتە بە حیزبی دیموکراتێکی بەقووەت جێبەجێ دەبێ، بۆوەی ئێمە پێیەوە ماندوو بووین. بەڵام ئێستا کە بەداخەوە لایەنی بەرامبەری ئێمە ئەو پرۆسەیەی بە بونبەست گەیاند و لەوەدا مەسئولە کە نەیهێشت بە سەرەنجام بگا و ئەو ئاواتەی کۆمەڵانی خەڵک جێبەجێ بێ، ئێمە دەست لەسەر دەست دانانێین. ئێمە نائومێد نەبووین، دیسانەکە ئەمن پێم خۆشە لێرەدا ئەو پەیامە بدەم: سەرەڕای ئەوەی ئەوان بە جیددی هەرگیز بۆ ئەم مەسەلەیە نەهاتنە پێشێ، سەرنجیان بە ڕێگە حەللەکانی ئێمە نەکرد، بە جیددی لەنێو خۆیاندا نەیانکرد بە باس، چونکە

نەتیجەکان وا نیشان دەدا، بەڵام دیسانەکە ئێمە هەر ئومێدەوارین. بۆ جارێکی دیکەش ئێمە هەر ئومێدەوارین لەسەر یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کار دەکەین و هیوادارم ئەوان پاش خوێندنەوەیەکی ڕابردووی ئەو کێشانە و تەجرووبەی موزاکراتی ئەخیر و چۆن تەعامولیان کردووە و مەوزووعەکان چۆن هاتوونەگۆڕێ، بۆ جاریکی دیکەش فکر لەوە بکەنەوە و هەر وەختێک فکریان لەوە کردەوە، بۆ جارێکی دیکەش ئێمە ئامادەین هەر وەختێک داوایان کرد ئێمە ئامادەین لە سەر پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان قسە بکەین. یەعنی هەرگیز ئەوە وەلا نانێین وەلەو ئەرکی بە بونبەست گەیشتنەکە و سەرنەکەوتنەکەی لەسەرشانی ئەوانە. ئێمە لەو پێوەنییەدا ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵک، ئەندامانی ئەوان، ئەندامانی خۆمان دەڵێم بەڕاستی ئەوەی لە توانای ئێمەدا بووە، بە ئیحساسی مەسئولییەت و خەمخۆرییەوە هەموومان موستەنەد کردوومانە تا ئێستا هێناومانە، شتێک نەماوە کە ئێمە نەیکەین.

بەڵام لەو سێناریۆ ناڕوونانەی کە جەنابت ئاماژەت پێدا، لەڕاستیدا هەر ئەوەیە کە یەک: ئێمە هەوڵ بۆ ئەوە بدەین، دوو: ئەرکی ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی، لە دەرەوەی وڵات، لە نێوخۆی وڵات، لێرە، ئەرکی میدیایی، دیپلۆماسی، تەشکیلاتی ئێمە، لەمەوبەدوا قورستریش دەبێ. بۆ؟ ئێمە هیوادار بووین لە ئیدامەی خۆیدا ئەگەر ئەو یەکگرتنەوە بە نەتیجەیەک بگا، بەیەکەوە ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنین، بەڵام ئێمە لێرە بەدوا خۆمان پتر ئەرکدار دەکەین، بە کاری جیددیتر و بەردەوامتر، لەسەر جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی بۆخۆمان باوەڕمان پێیە و دەبێ حیزبی دێموکرات بکەینە ئەو حیزبی دێموکراتەی کە لە پەیامەکەی خۆمدا هاتبۆە گۆڕێ، ئێمە لانیکەم بۆخۆمان کاری پێدەکەین. هیوادارم کۆمەڵانی خەڵک لەنێوخۆی وڵات، ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە گشتی، زۆرتر لەمەوبەدوا لەو مەیداندا کار بکەن، یەعنی قورساییەکی زۆری ئەوە دەکەوێتە سەرشانی ئێمە. تەنیا دەمەوێ لێرە شتێکی دیکە ئاماژە پێبکەم ئەویش ئەوەیە کاتێک باسی ئەو سێناریۆ ناڕوونانە دەکەم دەقیقەن دەمەوێ جارێکی دیکە تەئکید بکەمەوە، لایەنی ئێمە بۆچوونی لەسەر چارەسەریی کێشەی دێموکراتەکان هەمیشە ئەوە بووە لە پەنجەرەی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێداویستیی سیاسی ئێمە بەرەو ئەوە بچین حیزبی دێموکرات بکەینەوە یەک و حیزبی دێموکرات بکەوێتەوە سەرێک بۆ ئەوەی ئەو ئێنێرژییەمان بۆ ئازاد بکا و هەمیشەش دەمانگوت ئەو حەللەی ئەو برادەرانە دەیانهێنا گۆڕێ، ئەو لایە بێتەوە نێو ئەو لایە و ئەو لایە حیزبی مادەرە و ئەو لایە حیزبی پدەرە، یان ئەولا بێتەوە ئەو لایە، من موخالیفی ئەو حەللەم. چ ئەوان بێنەوە لای حیزبی دێموکراتی کوردستان و بێنەوە قەڵای دێموکرات کە کاتێک هەموومان لێرە کارمان کردووە، چ لایەنی ئێمە بچێتەوە لای ئەوان. ئەوە بە مانای ئەوەیە هەر ئەو حەللە لە ڕۆژی یەکەمدا کیشە خوڵقێنەرە. ئەوە هیچ موشکیلەیەک چارەسەر ناکا. باشترین حەل ئەوەیە یەکتر بەو جۆرەی هەن قبووڵ بکەین و ئینسانەکان بەو جۆرەی هەیە قبووڵ بکەین، هەموو لایەک تێیدا بەشدار بن، هەموو لایەک خۆی تێدا ببیننەوە، هەموو

لایەک ئیحساسی ئەمنییەتی سیاسی تەشکیلاتی بکەن، هەموو لایەک لە حیزبی واحیددا ئاسوودە بن، ئەوەیە تەزمینی ئەوە دەکا حیزبی دێموکرات لە داهاتوودا ئەگەر تووشی کێشەی ئاوا بۆوە، زەرەر و زیانی زۆرتر نەبێ.

**کوردکاناڵ:** کاک خالید وەک دوایین پرسیار بە سەرنجدان بەو قسانەی جەنابت باست کرد، کە بەرەو حەفتاساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەچین، ئەگەر ئەم دوو دێموکراتە لێک نزیک نەبوونەوە، نەیانتوانی لە پرۆسەیەکی سالمدا یەک بگرنەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێ و جەنابت وەک سکرتێری ئەو حیزبە پەیامت ڕوو بە ئەندامانی ئەو حیزبە چییە؟

**خالید عەزیزی:** بە باوەڕی من ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە دوو مەیداندا ئەرکمان لەسەرە؛ یەکیکیان نێوخۆییە. لە دانیشتنی نێوخۆیی خۆماندا ئەگەر بە مێژووی پەنجا ساڵەی ئەخیری خۆماندا بڕۆینەوە، شەهامەتمان هەبێ، کێشەکانی نێو حیزبی دێموکرات، مێژووەکەی هەیە، زۆرێک لەوانەی لە کێشەکاندا بوون، بەخۆشییەوە لە حاڵی حەیات دان، یان لە کتێبەکاندا موستەنەد کراوە، لە دەورانی ڕێزدار کاک ئەحمەد تۆفیقەوە تا دەورانی شەهید دوکتۆر قاسملوو بگرە کە دەورانێک کێشەکانی ئەو سەردەم هەبوون و شاراوەش نیە و دوایەش هەر درێژەی هەبووە تا دەورانی کاک دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی، لە دەورانی ڕێبەرانی زیندووی هەر دوو بەشی دێموکرات، چ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و چ ئەوی دیکە، ئی دەورانی ئێستاش کە هەر دوو لامان لە حاڵی حەیات داین، بتوانین بەشێوەی نێوخۆیی شەهامەتمان هەبێ لەوێ ئاماژەی پێبدەین. بڵێین ڕێبەرانی شەهید و زیندوو لەو مەواریدانەدا هەڵە و ئیشتیباهاتمان بووە لە تەعامول لەگەڵ کێشەکانی نێوخۆی خۆمان. ئەوە بۆیە بڵێین ئەو نەسڵەی فێرە حیزبایەتیە دەکەین لە داهاتوودا، دەرسی لێ وەربگرێ و ئەو هەڵانەی ئەمن کردوومە، ئەو نەیکاتەوە.

ئەرکی دووەم ئەوەیە ڕوو بە دەرەوە، ڕوو بو ئێران، خوێندنەوەیەکی دیکە بکەینەوە لە ئێران، ئیمپراتۆرییەتی ئێران چ بووە، مەزهەب کەنگێ هاتۆتە نێو سەحنەی سیاسیی ئێران، حکوومەتی کۆماری ئیسلامی چۆن بووە، چۆنمان پێناسە کردووە، چۆن شەڕمان لەگەڵ ئەو حکوومەتە کردووە، هەڵە و ئیشتیباهاتی ئێمە چ بووە، کارم بە هی ئەوان نیە ئەوە لە جێگای خۆی دایە، ئەمە لەگەڵ وان موبارزە دەکەین و لەو سی و شەش ساڵەدا چۆنمان تەعامول کردووە، ئەو میتۆدانەی ئێمە هەموو باش بووە، لەکوێ دەستی تێوەردەین، لەکوێ شتی تازە بێنینە گۆڕێ، پێداچوونەوەیەکیش بەوانەدا بکەین. مادام پێداچوونەوەمان بەوانەدا کرد، هەمووی ئەوانە دوو سێ شت دێنێتە گۆڕێ: یەکێکیان بەرنامە بۆ داهاتوویە ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵک و داهاتووی ئێران، ئەوی دیکەش دیتنەوەی میکانیزم و فەرهەنگ سازییە لەنێوخۆی حیزبی دێموکراتدا کەهێندێک لەو کێشانە دەیان ساڵە بەرۆکی حیزبی دێموکراتی گرتووە و بۆ خۆمان حەللی بکەین. من لەو باوەڕە دام حیزبی دێموکراتی

کوردستان ئیحتیاجی بەو پێداچوونەوە هەیە. دەبێ ئێمە شەهامەتمان هەبێ دوای حەفتا ساڵ چی؟ چمان کردووە؟ لە کوێ کەمیمان هێناوە؟ لەمەوبەدوا دەبێ چ بکەین؟ دڵنیام ئەگەر ئەو ڕووحە هەبێ، ڕووحی سازندەگی هەبێ هەموو لایەک تێیدا بەشداری بکەن، دڵنیام دەتوانین بەیەکەوە هیوایەکی باش دروست بکەین بۆ داهاتووی حیزبی دێموکرات و بۆ کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**کوردکاناڵ**: زۆر سپاس کاک خالید

**خالید عەزیزی**: زۆر سپاس بۆ جەنابیشت

لە ژمارە ٦٥٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٥

---------------------------------------------

## کاوە ئاهەنگەری: ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەرفیەتی پێشوازیکردن لە دوو دێموکراتی نییە و دەبێ یەکبگرینەوە

کاوە ئاهەنگەری لە کۆنگرەی پازدەی حدک وەک ئەندامی کومیتە ناوەندی هەڵبژێردرا و بەرپرسی پێوەندییە ئێرانییەکان و نوێنەری حدک بۆ کاروباری یەکێتی ئوروپا لە بروکسێلی لە چوار ساڵی ڕابردوودا لە ئەستۆ بووە و لە نۆ ساڵی ڕابردووشدا ئەندامی ڕێبەری حدک بووە.

ئەمەی خوارەوە دیمانەیەکە کە ڕۆژی کورد لەگەڵ کاوە ئاهەنگەری ئەندامی پێشووی ڕیبەریی حدک و ئەندامی ئێستای حدکا پێکیهێناوە بۆ قسەکردنی لەسەر پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان و داهاتووی ئەو دوو لایەنە سیاسییە و چۆنیەتی هەڵسوکەوت دەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئێستا و داهاتوودا.

**ڕۆژی کورد:** کاک کاوە، لە ماوەی ٩ ساڵی ڕابردوودا ئەندامی ڕێبەریی حدک بووی و ماوەیەکە بە ڕەسمی هاتوویەتە ناو حدکا، لەو ڕاگەیەندنەی بڵاوت کردۆتەوە کۆمەڵێک ڕەخنەت ئاراستەی ڕێبەریی حدک کردووە کە لە ئاست داوای ڕەوای گەلەکەی سەرکەوتوو نەبووەوە و پێت وایە پرەنسیپ لای حدکایە، بەو ڕەخنانەی لە حدک گرتووتە، پێت وایە پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان بەرەو کوێ دەڕوا و وەک خۆت لەو پەیوەندییەکدا چت لەدەست دێ؟

**ڕۆژی کورد:** بەڵام ئەگەر هاتوو دیموکراتەکان نەیانتوانی یەکبگرنەوە و هەر بەمشێوەی ئێستا مانەوە، تۆ داهاتووی دوو دیموکرات لە ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟ پێشتر لە دیمانەیەکدا کە دوو ساڵ لەمەوبەر دەگەڵ جەنابت کراوە دەڵێی حدکاوحدک دووحیزبی سەربەخۆی لێک جیاوازن و ئێستا کوردستان خاوەنی دووحیزبی دیموکراتە" ئێستاش هەر وا بیر دەکەیەوە؟

**کاوە ئاهەنگەری:** بەڵێ ئێستاش پێموایە ئێمە دوو حیزبی لێک جیاوازین بەڵام دەبێ یەک بگرینەوە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەرفیەتی پێشوازیکردن لە دوو دێموکراتی نییە. بۆیە دەبێ هەوڵ بدەین بە شێوەیەکی ئوسوولی و ئایەندەنگەرانە یەک بگرینەوە.

**ڕۆژی کورد:** باس لەوە دەکرێ کاتێ تۆ ئەندامی ڕێبەریی حدک بووی یەکێک لەو کەسانە بووی کە موخالیفی یەکگرتنەوە بووی؟ ئایا ئەمە ڕاستە؟

**کاوە ئاهەنگەری:** بەداخەوە بە دوای پەیوەست بوونم بە حدکا، ئەم دەنگۆ ناراستەیان بڵاو کردەوە بەڵام هەر وەکی ئەوکات و لە نێو ڕێبەری و هاوڕێیانمدا بە ڕاشکاوی وتوومە ئێستاش عەرزی خوێنەران دەکەم کە من هەمیشە موخالیفی یەکگرتنەوە لە سەر ئەساسی دابەشکردنی کەیکی دەستەڵات بووم، واتە کێ ببێتە سکرتێر و کێ ببێتە جێگر سکرتێر. من وتوومە و دەیلێمەوە کە دەبێ پێکهێنانەوەی حیزبێکی دێموکراتی یەکگرتوو و خاوەن وەحدەت لە گوتاری سیاسی و تەشکیلاتیدا، بە بێ لەبەرچاوگرتنی پۆست و مەقام بۆ فلانە و فیسارەکەس، ببێتە بنەما بۆ ئێمە لە چۆنێتی تەعاموول لەگەڵ پرسی یەکگرتنەوەدا. بە ڕاشکاوی وتوومە کە "ئێمە لە حدکا جودا بووینەتەوە، ئێمە بووین سەنەدی هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمەمان بڵاوکردەوە. ئێمە بووین وادە و بەڵێنی چاکسازی و نوێ بوونەوە و نوێژەنکردنەوەی خەباتمان بە خەڵک دا. کەوابوو ئەوە ئێمەین دەبێ ئیدەعای مۆدێلی بەڕێوەبەری و حیزبایەتیەکیتر بە خەڵکەکەمان بسەلمێنین، جا ئەوجار باسی یەکگرتنەوە بکەین". ئەمانە دەقی قسەکانی من بوون و دەمێنن. لە کۆتاییدا دیسان بە ڕاشکاوی دەڵێم کە هەزار جار

لەگەڵ یەکگرتنەوەیەکی ئوسوولیم بەڵام قەت ناتوانم بچمە ژێر سێبەری بە ناو یەکگرتنەوەیەک کە لە ڕاستیدا سازش لە سەر کورسی بۆ چەند کەسێک زیاتر نیە. داهاتووی دێموکرات بۆ من گرنگ و بنەمایە.

**ڕۆژی کورد**: دوای بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوەکەی خۆت کە وازت لە حدک هێناوە و پەیوەست بووی بە ریزەکانی حدکا، بەشتکی زۆر لە ئەندامانی حدک دژکردەوەیان بەرانبەر تۆ نیشاندا و دەڵێن تۆ بێڕێزیت بە خەبات و تێکۆشانی حدک کردووە؟ وەڵامی جەنابت چییە؟

**کاوە ناهەنگەری**: بە هیچ شێوەیەک لەو باوەڕەدا نیم کە بێڕێزیم کردبێ و وەکی باسم کرد، حدک مێژووی سیاسی منە و بە ڕێز و حورمەتەوە دەڕوانمە ڕابردووی خۆم، بەڵام ناکۆکی سیاسیم لەگەڵ کەسێک یان کەسانێک نابێتە بێڕێزی پێکردن. بۆ هەموو کەسێکیش روونە کە کێ بێڕێزی کرد.

**ڕۆژی کورد**: لە ئێستادا ڕێبەرایەتی حدک پێداگرە لەسەر دیالۆگ دەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لێرەو لەوێ چەندین لێدوانی جیاجیامان گوێ لێ بووە، وەک ئەندامێکی پێشووی ڕێبەری ئەو حیزبە و ئەندامی ئێستای حدکا پێت وایە پرسی کورد لە ئێران بە دیالۆگ دەگەڵ کۆماری ئیسلامی چارەسەر دەبێ؟

**کاوە ناهەنگەری**: ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک هەموو ڕژیمێکی سیاسی ئەم جیهان- بگرە لە من باشتر- بەرژەوەندی خۆی دەناسێ و دەزانێ چیە و لە کوێ و لە چی دایە، کەوابوو ئەگەر پێویستی بە حەلی پرسی کورد لە ڕێگای موزاکرەوە بایە، لەمێژ بوو کە ئەم کارەی دەکرد. هەر وەها وەکی لە لێدوانەکانیش دەردەکەوێ لە وتووێژەکانی حدک لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، لایەنی ڕژیم نە ئەو کات و نە تا ئێستا کە زیاتر لە دوو ساڵ و نیوی بە سەردا هاتووە، هیچی پێ نەبووە سەبارەت بە حەلی پرسی کورد و بە باوەڕی من کۆماری ئیسلامیش هیچ کات ناتوانێ وەها پرۆژەیەک عەمەلی بکات، چوونکە پرسی کورد پەیوەندی زاتی بە ئازادی، دێموکراسی، بەرابەری و یەکسانیەوە هەیە و ئیجرای ئەم ئەسڵە بنەڕەتییانەش، بە مانای نەمانی کۆماری ئیسلامییە. هەر بۆیە هیچ کات کۆماری ئیسلامی نوسخەی نەمانی خۆی ئیمزا ناکات.

**ڕۆژی کورد**: بۆچی پێت وایە سیاسەتی حدکا بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی باشتر بووە کە ئەو لایەنەت بۆ درێژەپێدانی خەباتی سیاسی خۆت هەڵبژاردووە؟

**کاوە ئاهەنگەری**: نامەوێ بچمە نێو وردەکارییەکان و رابردوو، بەڵام ئەوەی ئێستا ئاشکرایە، بە بێ تـوافقی رێبەریی حدک، کەسی یەکەمی ئەو حیزبە سیاسەت و بۆچوونێکی دیکە و جیا لە پەسنکراوەکان بانگەشە دەکات، بەڵام حدکا هێشتا وازی لـە رووخـانی رژیمی کۆمـاری ئیسلامی نـەهێناوە و بـۆ منیش پابەنـد بـوون بـە خـەباتی نەتەوایەتی بە دژی کۆمـاری ئیسلامی لە حیزبێکی دێموکرات و سێکۆلاردا گرنگە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - رێکەوتی: ١١ی جوونی ٢٠١٦

-----------------------------------------------------

## هەموو لایەک وەک یەک خاوەندارەتیی حیزبی ئایەندە بکەنو خانەخوێو میوانی تێدا نەبێ




**دیمانە: جەعفەر شەریعەتی**

لە چەند حەوتووی رابردوودا باسی یەکگرتنەوەی حدکو حدکا لە چوارچێوەی حیزبێکی دێموکراتدا مانشێتی هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە رۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ خۆی تەرخان کردوە، بۆ تیشک خستنە سەر چەند بـابەتی پەیوەست بەم مژارە، لە دیمـانەیەک دا سـەعید بەگزادە، ئەنـدامی کـۆمیتەی ناوەنـدیو جێگری بەرپرسـی کـۆمیتەی دەرەوەی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستان روانگەی حیزبەکەی دەخاتە روو.

**جەعفەر شەریعەتی**: لەنـاو ئەنـدامانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانو ئەنـدامانی حیزبـی دێمـۆکراتی کوردسـتانی ئێرانـدا باسێکی گەرم سەبارەت بە یەکگرتنەوەی هەردووک لاتان دەگەڵ یەکتر لە ئـارادایە، پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکـان لە چ قۆناخێک دایە؟

**سەعید بەگزادە:** گەرمبوونی ئەم باسە زۆر باشەو نیشانەی بەهەست بوونو بەخەمبوونی ئەندامانی هەردووک حیزبە بۆ ئایەندەی هاوبەشی دێمۆکراتی یەکگرتوو. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەندامانی حدکو بەگشتی ئەم حیزبە، ئەم باسەی قەت کز نەکردووەو هەمیشە هەوڵی ئەمە بووە کە باسەکە بەگەرمی رابگرێو هەوڵەکان سەرەرای هەموو کۆسپو بێوەڵامی یان کەم بەدەنگەوە هاتنی لایەنی بەرانبەر، بە زیندوویو چالاک رابگرێ. ئێستا کە هاوڕێیانی حدکاش ئاوا بەگەرمی بەدەنگەوە هاتوون راست ئەو مەبەستەیە کە دەبوو زۆر پێشتر روویداباو هەوڵەکان رژدتر کرابان. بەڵام ئێستاش ئەوەندە کافی نییەو ئەندامانی هەردووک لا دەبێ بەتایبەت لە کۆبوونەوەکاندا زۆر راشکاوانەو بێپەردە بەرپرسانیان بێننە نێو ئەم باسانەو داوای چارەسەرییان لێبکەن. دەبێ مەبەستو چۆنیەتیی تێکەڵبوونەوەی هەردووک لا بەجۆرێک کە حیزبی دێمۆکراتی پێ بەهێز ببێو هەموو لایەک وەک یەک خاوەنداریەتیی حیزبی ئایەندە بکەنو خانەخوێو میوانی تێدا نەبێ بێتە ئاراوەو رێگاکانی دەست نیشان بکرێ. پێم سەیرە کاک مستەفا سەرنجی نەداوەتە ئەم بەشە کە ژیانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەگشتی زیاتر لە ماڵی برا بووە هەتا ماڵی خۆی! ئەگەر بەشێکی ئەم حیزبە هەوڵبدا ماڵی خۆی ئاوەدان کاتەوە خەراپییەکەی لە کوێیە؟

هیچ لامان بەو جۆرە قۆناخ بەندی پرۆسەکەمان نەکردوە کە ئەمە قۆناخی یەکەمەو ئەمەیان چوار، هەتا بڵێم لە کوێن.! بەڵام هەتا ئێستا ئێمە تەرحیکمان پێشکەشی ئەو هاوڕێیانە کردوەو ئەوانیش باسێکی شفاهیان هێناوە. ناڵیم کەمەو ناکرێ ببێتە بناخەو باسەکانی لەسەر دروست بکرێ، بەڵام بۆ تێکەڵ کردنەوەیەکی بەهێزو بە ئەزموونی تێکەڵبوونەوەی سەقەتی پێشوو لە کۆنگرەی ١٠ کە هەردووک لامان ئێستاش بە چاوی خۆمان ناکارایی ئەم موهەندیسیە دەبینن، زۆر کەمە.

**جەعفەر شەریعەتی: مستەفا هیجری لە دوایین وتووێژیدا لەگەڵ "تیشک" دەڵێ کە ئێوە لە هەڵوێستەکانتاندا شکستان خواردووە لە حاڵێکدا ئارمی حیزبەکەتان نیشانەی دابەشکراویی کوردستانی بۆ چوار بەش تێدایە، بەڵام ئێستا بۆ خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان گەراونەتەوە، وەڵامتان بۆ ئەو بۆچوونەی ناوبراو چییە؟**

**سەعید بەگزادە:** ئەوەی کە بەڕێز کاک مستەفا راست هاوکات لەو سەروبەندەدا هەم باسی یەکگرتنەوە دەکاو هەم باسی شکستی ئێمە دە هەڵوێستەکانماندا، خۆی زۆر جێگای باسەو قسە هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوەی ئێمە لە هەلوێستێکماندا شکستمان هێنابێ من دەگەڵ بەریزیان نیم. ئێمە بروامان لەسەر ئەوە بووە کە کورد یەک میللەتو کوردستان یەکپارچەیە، بەڵام هەمیشە گوتوومانە کە ئەم وڵاتە دابەشکراوەو دەگەڵ ئەوەی کە چارەنووسی هەمویان بە یەکتر مەربووت دەبێ، بەڵام چارەو جێگای باسەکان لە هەر چوار پارچە جیاوازن لە یەکتر. دەبێ هەموو هەوڵی خۆمان ئەوە بێ کە ماڵی خۆمان ئاوەدان بکەینەوەو بچینەوە شوێنی ئەسڵیی خەباتو چالاکیمان. ئەوەش هیچ دژایەتییەکی دەگەڵ هەڵوێستەکانی تا

ئێستامان، یان دەگەڵ نەتەوەیی بوونی ئێمە نیەو بەڵکوو راست لە چوارچێوەی بەهێزکردنی ئەم بۆچوونەمان دایە.

**جەعفەر شەریعەتی:** دەگەڵ ئەوەی کە هەموو پشتیوانو هاودەردو چارەنووسین، دەبێ هەر کامەش کارو چالاکیی خۆی لە شوێنی خۆی بێ. پێم سەیرە بەرێزیان سەرنجی نەداوەتە ئەم بەشە کە ژیانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەگشتی زیاتر لە ماڵی برا بووە هەتا ماڵی خۆی! ئەگەر بەشێکی ئەم حیزبە هەوڵبدا ماڵی خۆی ئاوەدان کاتەوە خەراپییەکەی لە کوێیە؟!

**سەعید بەگزادە:** بەشیکی زۆری کێشەو موشکلاتی حیزبی دێمۆکرات ئەوەیە کە لە شوێنی ژیانو تێکۆشانی خۆی نییەو دوور لە جێگای سروشتی خۆی خەبات دەکا. ئەوەندە بە کێشە سیاسیو کۆمەلایەتییەکانی وڵاتی خۆیەوە سەرقاڵ نەبووە کە بە کێشەی چووک و نەحاوانەوەی ئۆرگانەکانی خۆیە گرفتارە، بەشی زۆری نەحاوانەوە دەگەڵ یەکتریش هەر لەوەرا سەرچاوەی گرتوە. ئێمەش پێمانوایە نەک ئێستا، بەڵکوو پاش ئەوەی کە تێکەڵیش بووینەوە دەبێ هەموو هەوڵی خۆمان ئەوە بێ کە ماڵی خۆمان ئاوەدان بکەینەوەو بچینەوە شوێنی ئەسڵیی خەباتو چالاکیمان. ئەوەش هیچ دژایەتییەکی دەگەڵ هەڵوێستەکانی تا ئێستامان، یان دەگەڵ نەتەوەی بوونی ئێمە نیەو بەڵکوو راست لە چوارچێوەی بەهێزکردنی ئەم بۆچوونەمان دایە.

**جەعفەر شەریعەتی:** لەناو ئەندامانی حیزبەکەی ئێوەدا باسی دارشتنەوەی دێموکراتی یەکگرتوو لە سەرجەم ئۆرگانەکانی حیزبدا دەکرێ، بۆ وێنە، راگەیاندن، ناوی حیزب، ئارمو تەنانەت دارشتنەوەی شێوەی خەباتتان بۆ داهاتوو، ئەو باسانە بوونەتە بەشێک لە تەوەری کۆبوونەوەکانتان تا ئێستا لەگەڵ حدکا؟

**سەعید بەگزادە:** راستیت بووێ، زۆر کەم. هەر بۆیەش پێشتر گوتم کە هاورێیان تەرحێکی شفاهیان هێناوە، بەڵام ئێمە لە روانگەی خۆمانەوە تەرحی خۆمان هەیەو بەشێکیشی تەحویلی ئەوان دراوە. بەڵام تەرحی لایەک بەتەنێ ناتوانێ هەموو گرێکوێرەکان بکاتەوە. دەبێ ئەوانیش بەوردی نەزەری خۆیان باس بکەنو لەسەر تەرحی هەر دووک لا حیزبی دێمۆکرات دارێژرێتەوە. بەڵی چۆنیەتیی ئیدارەی حیزب لە داهاتوودا زۆر گرینگە، چۆنیەتیت تەعامول دەگەڵ یەکترو تەحەمولی یەکترو دێمۆکراسی ناوخۆییو، لەهەموان گرینگتر شێوەی ئیدارەی حیزب بە جۆرێک کە پێش بەسەرهەڵدانەوەی کێشەی نێوخۆیی بگرێ زۆر گرینگە. ئەوانە دەبێ تەوافوقی بنو ساخبوونەوەیان لەسەر بکرێ، دەنا بە هیندێک وشەی گشتی کە تێکەڵ دەبینەوە، هەر کێشەو باسەکە لەکۆڵ خۆ کردنەوەیە هیچی دیکە. ئێمە تەرحیکمان پێشکەشی ئەو هاورێیانە کردووە ئەوانیش باسێکی شفاهیان هێناوە. نالێم کەمەو ناکرێ ببێتە بناخەو باسەکانی لەسەر دروست بکرێ، بەڵام بۆ تێکەڵ کردنەوەیەکی بەهێزو بە ئەزموونی تێکەڵبوونەوەی سەقەتی پێشوو لە کۆنگرەی ١٠ کە هەردووک لامان ئێستاش بە چاوی

خۆمان ناکارایی ئەم موهەندیسیە دەبینن، زۆر کەمە.

ئەو حیزبە ئەوە جاری یەکەمی نییە کە تووشی لێکترازان دەبێ، ئەوەڵ جاریش نییە کە باسی تێکەڵبوونەوە دەکا. دەبێ قبووڵ بکەین کە ئەو حیزبە کەمایسی هەیە لە ئیدارەو دێمۆکراسی نیوخۆییدا بۆیەش تووشی کێشەو لەتبوون دەبێ. ئەگەر بمانهەوێ تێکەڵ بینەوەو بۆ ئەوەی لێکجیا نەبینەوە، ئەوەش دەبێ قبوول بکەین کە تێکەڵ بوونەوەکانی پێشوومان سەقەتو ناسەرکەوتوو بوون. دەبێ قبووڵمان بێ کە ئەو تێکەڵبوونەوەی پێشوو بە نییەتی باشو بۆ بەهێز کردنی حیزبی دێمۆکرات موهەندیسی نەکراو تەنیا خۆڵەمێشێک بەسەر پۆلووی زۆر بەهێزداکرانو، ئاگرەکە نەکوژێندرایەوە. ئەوەش شتێک نییە کە هیچمان تێی‌نەگەیشتبین، هەم لایەنی حدکاو هەم ئێمەش باش ئەوە دەزانینو پێموانیە هیچیشمان خوازیاری دووپات کردنەوەی تەجرەبەیەکی ئاوا فەشل ببین. بۆیەش دەبێ هەردووک لامان زۆر دڵ گەوریو بەو نییەتە کە هەموومان خاوەن ماڵ، هەمووماں ساحەبی هەڵەو سەرکەوتنەکانی رابردوینو بە نییەتی بەهێز کردنی حیزبو رێبەری کردنی جولانەوەی کورد لە رۆژهەلات، بەرەو تێکەڵ کردنەوەی ئەم حێزبە بچین. ئەوەش دەبێ زۆر بە وردیو وەستایانە بکرێ. دەبێ هەموو ئیدارەکان تەواوفوقی بن.

**جەعفەر شەریعەتی:** ئەو کولتوورەی کە بە سەرچاوەی سەرەکیی لێکترازانتان لەگەڵ حدکای دەزانن، چەندە گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە ئێستا گەیشتوونەتە ئەو دۆخە کە بەرەو یەکگرتنەوەتان دەبا؟

**سەعید بەگزادە:** خەڵکەکە بەشێکی زۆری هەر ئەوانی پێشوون، بەلام خوێنی تازەش دە رێبەری هەر دووک لا داهەن، ئەوەی کە کولتووری لێکترازانەکان ئاڵوگۆری بەسەردا هاتوە یان نا، زەحمەتە ئاوا وەلام بدرێتەوە. بەلام شەرایەتو هەلومەرج زۆر گۆراوە. زەروورەتی حیزبێکی بەهێز زۆر زیاترە لە جاران، پێویستی چرتر کردنی خەبات لە ناوخۆی ولات زیاترە لە جاران. بۆ ئەوەی بتوانین لە موعادلاتی ئێرانو ناوچەکەدا هەبینو بمان بیننو بەشی خۆمان حیسابمان بۆ بکەن، دەبێ زۆر بەهێزو تواناتر بین لە ئێستا. زۆر بەراشکاوی بڵێم بە هەر دووکمان زۆر بەهێز نین قسەی کوردی ئێران بکەین، چ بگا بە لەتێکمان. ئەم راستییانە دەتوانن کاریگەریان لەسەر گۆرانی کولتووره نەعاملاوەکە هەبێ. دەبێ مەبەستو چۆنیەتیی تێکەڵبوونەوەی هەردووک لا بەجۆرێک کە حیزبی دێمۆکراتی پێ بەهێز بێو هەموو لایەک وەک یەک خاوەنداریەتیی حیزبی ئایەندە بکەنو خانەخویو میوانی تێدا نەبێ بێتە ئاراوەو رێگاکانی دەست نیشان بکرێ.

**جەعفەر شەریعەتی:** باسی کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیی هەر دوو دێموکرات دەکرێ کە بەم زووانە بۆ تاووتوێی کێشەکانی نێوانتان ئەنجام بدرێ، ئەم کۆبوونەوەیە یەکەم کۆبوونەوەی فەرمییە یان لەو دانیشتنەدا رێککەوتنێکیش دێتە ئاراوە؟

**سەعید بەگزادە**: بەڵێ راستە، قەرارە بەم زووانە دەفتەری سیاسی هەردووک لا بە حزوری هەردووک بەریزانی سکرتێر، کۆببنەوەو بە راشکاوی ئەم باسانە بێینە گۆرێ. نازانم مەبەستی بەریزتان لە یەکەم کۆبوونەوەی رەسمی چییە، بەڵام هەتا ئێستا چەند جار هەیئەتی هەردووک لامان بەرەسمی دەگەڵ یەکتر دانیشتوون، دیارە دەکرێ بڵێم کۆبوونەوەی لەو ئاستەدا بەڵێ ئەوە یەکەمجارە.

هیوادارم ئەم کۆبوونەوەیە زۆر شت چارەسەر بکاو زۆر گرێ کوێران بکاتەوە، بەڵام پێموانییە بە یەک کۆبوونەوە هەموو شتێک تەواو ببێ. ئەو کۆبوونەوە دەتوانێ رێگا بۆ هەیئەتەکانی هەردووک لا کە پێویستە لە فکری تێکەڵکردنەوەو، کۆنگرەی داهاتوو و ئۆرگانەکانو تەوافوقی ئیدارەی داهاتووی حیزب، خۆش بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٥

-----------------------------------------------------

## بیژەن قارەمانی: بۆ دێموکراتەکان تەنیا یەک ڕێگا هەیە ئەویش یەکگرتنەوەیە



باسی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان لەگەڵ ئەوەیدا کە پرسێکی هەستیارە، هاوکات داخوازیی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە و وەک پرسێکی چارەنووس سازی نەتەوەیی دێتە نرخاندن، بەو حاڵەشەوە وەها شرۆڤە دەکرێ لە بەرژوەندیی هیندێک تاک د (لە ئاستی دەسەڵات لە هەر دوو لا) نیە تا ئەو پرۆسەیە بە ئەنجام بگەیەنن.

پرسی یەکگرتنەوە بۆتە ئەمرێکی واقعی سیاسیی نەتەوەیی، ئەگەر ئیرادەیەکی تاک ڕەهەندیی پرش و بڵاو، هۆکارەکانی

ئەو لێکدابڕانە بێ، لایەنێکی دیکەی نیشتمانی، هۆکارەکانی پێکەوەبوون شیدەکاتەوە و پێداگری لەسەر دەکا، هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەو نەوەی دێمۆکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارێکی گونجاوە و هیچ بەرگرێکی تەکنیکی و تەشکیلاتی بە هۆکاری ئەو جیاییە نازاندرێ.

بۆ تیشکخستنە سەر ئەو باسە، ناوەندی ڕۆژی کورد ڕای چالاکی سیاسی "بیژەن قارەمانی" دەخاتە ڕوو و چەند پرسیارێکی گەڵاڵە کردووە کە بەڕێزیان وڵامیان داوەتەوە.

**ڕۆژی کورد:** لە ڕوانگەی ئێوەوە یەکگرتنەوە دێموکراتەکان بۆ پێویستە؟

**بیژەن قارەمانی:** کاتێک سەیری دابڕان و لێکترازانی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورد و حیزبەکان دەکەی، ئاسەواری وێرانەیەک لە پێش چاوی خۆت هەست پێیدەکەی، ناتوانی لە ئاستیدا بێدەنگ و بێ هەڵویست بی و بە دەستی قەزاو و قەدەری بسپێری و لەم هەموو کاردانەوە نەرێنیە خۆ ببوێری.

وەک تاکیک ڕوانگە و خوێندنەوەم بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە سەر بنەما و پێگەی مەعنەویی حیزب لە ناوخۆ و ڕەسالەتی حەوت دەیە خەبات و قوربانیدانی خەڵکی کوردستانە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان کە ئەو حیزبە یەکەم ئاڵاهەڵگر بووە لە خۆرهەڵات.

هیچ ئینشعابێک تا ئێستا نەیتوانیوە خەزمەت بە چوونە پێشی ڕەورەوەی خەبات بکا، هەموو ئینشعابێک بۆتە هۆی لێکدابڕان و دوورکەوتنەوەی زیاتر و کەلێنی قووڵتر و برینی سارێژ نەکراو لە جەستەی ماندوو و شەڵاڵی خوێنی سەرجەم بزووتنەوەکە. ئەوەش بەو مانایە نیە کە ئینشعاب و جودابوونەوە یەک لایەنە بێت و هەموو تاوان و خەتاکان لەسەر لایەک بە سەنەد و قەباڵە تاپۆ بکرێت، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کە من حەقم و تۆ ناحەق!

خوێندنەوەی مەیدانی و هەمەجۆری من وەک خۆم لە سەر جیابوونەوەی کۆنگرەی ١٣ ڕاست لەو دۆخە ناهەموارە دەدوێت کە پێکهێنەر و خوڵقێنەر و پاڵ پێوەنەری تا لێکدابڕان سەرم پێکهاتەی حیزبیکی بە ڕەواڵەت یەکگرتوو بوو کردی بە دوو حیزب یان باشتر بڵێم لەتی کرد و بە لەتکردنیدا.

لەسەر ئەوۆ بنەمایە کە نەفسی ئینشعابەکە فکری و سیاسی نەبوو و کێشەی دەسەڵاتی تاک و سەرکردەکان بوو بەدەنەشیان

کردە دەستەچیلەی حیزب و بزوفتنەوە و تا ئێستا ئاگرەکەی پێ خۆش دەکەن لە جیاتی خامۆشی بکەن. بە باوەڕی من یەکگرتنەوە زەروریترین و پێویسترین ئەرکە کە لەسەر شانی ئەو دوو باڵەی دێموکرات هەم ئەرکە هەم فەرزە کە بەداخەوە پاش ١٠ ساڵ خۆی لێ دەبوێرن.

پێویستیی یەکگرتنەوە و یەکریزی بۆ ناوخۆی کوردستان گرینگە و شوێندانەر، دەبێ لە درێژەدانی خەبات گەڕانەوەی شکۆی دووبارە دێموکرات.

**ڕۆژی کورد**: وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوو ئاماژەتان بە پێوست بوونی ئەو یەکگرتنەوە کرد، هۆکارەکانی یەک نەگرتنەوە چین؟

**بیژەن قارەمانی**: لە ڕاستیدا هەر دوو یەکن و تا ئێستا گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە یانی هۆکارگەلێک کە بوون بە هۆی جیابوونەوە هەر هەمان شت لە قالب و قەوارەیەکی تازەدا ئەمجارەیان ڕێگرە لە یەکگرتنەوە.

هەر ئەو هۆکارانە کە زەمینە و بەستێنی لەتکردنیان خۆڵقاند ئێستا وەک ئامرازی یەکنەبوونەوە بەکاری دێنن لە دژی یەکتر، لایەنێک "حدکا" خۆی پێ فرشتە و حەقی موتڵەقە و لایەنەکەی تری "حدک" پێ نادروست و ناشەرعیی، ئەوەش لەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەوان "حدکا" خۆیان بە براوەی کۆنگرەی ١٣ دەزانن، ئەوەش یانی هەموو شت شەلم کوێرم نابوێرم!!! بە ناوی زۆرینە و شەرعیەت، هەموو کارێکیان بە ڕەوا زانی و بە قازانجی خۆیان بە دژی حیزب و هاوڕێیانیان، ئەوە لە کاتێکدایە زورێنە زامنی ماف و حقوقی کەمینەیە و شەرعیەتیش لە ڕەفتاردا دروستی و ڕەوای خۆی نیشان دەدا نەک بە پێچەوانە.

گرێ پووچکەی دەستی خۆیان لە ئیدارەی حیزب دەکرا حدکای پێش کۆنگرەی ١٣ و دواتر بە دەستی کردبایانەوە نەک بۆ زاری بەرن کە بەداخەوە تا ئێستاش هەر بە ئاڵۆزی هێشتوویانەتەوە تا گرێیەکی دەکەنەوە دەی لێ زیاد دەکەن. هۆکارەکان بە سیاسی نازانم زیاتر ڕیشەی لە ڕابردوو و ئیدارەیەکی سەقەتی ئەو حیزبە دایە کە بەردەوام دوای چەند کۆنگرە دەتەقیێتەوە بەدەنە دەبێتە قوربانیی ڕێبەرایتیی حیزب.

بازدان بە سەر مێژوو، بۆ حیزبیک کە لە نێو خەڵکی خۆی نیە، هەموو جارێک کارەسات بە دوای خۆیدا دێنێت، حیزبە دێموکراتەکان لە بەکارهێنانی ئەو دیاردە خراپە بە دژی خۆیان لەمێژە دەستێکی باڵایان هەیە، هەموو جارێک بە قازانج و

زەرەری خۆیان و حزب بەکاری دێنن بێ ئەوەی بیر لە ئاکامەکانی بکەنەوە.

هەموو ئیشعابەکان لە ڕێگای کارتێکەریی نەرینی لەسەر بەدەنە، زەمینەیان بۆ دەرەخسێت، ئەوەش وایکردووە بەدەنە توانا و میدانی پێدەدن بۆ لێکدابڕان بەڵام بۆ یەکگرتنەوە نەقشی نیە و ناتوانێت، ئێستاء هەم حدکا هم حدک لەو قۆناغەدان.

**ڕۆژی کورد:** بەڕێ ئێوە کۆنگرەی ١٦ی حدکا پێویستە بەرانبەر ئەو پرسە چۆن هەڵوێست بنوێنێ؟

**بیژەن قارەمانی:** با بۆ جارێکیش بێ ئەو ڕاستییەی وەک خۆی باس بکەین، بەرهەمی هەموو کێشە و دابڕانەکان، دەرهاویشتەی کۆنگرەکانی حیزبن، هەر لە سەرەتاوە کۆنگرەی ٢ و کۆنفراسی ٣ هەوراز وەرە تا ئێستاکە ئەوە لە بەر دەرگای کۆنگرە ١٦ ڕاوەستاوین چاوەڕێی کاری چاک و خێریان لێدەکەین ، هەمووی ئەو ڕابردوو و مێژوو ناشیرینە بە ڕوخساری حیزب و بزوتنەوە لە ژووری کۆنگرەکان دروست بووە کە دوژمن قازانجی زۆری لێکردووە و بەشی کورد و حیزب دێموکرات، هەر دوو بەرەکی و ئاژاوەنانەوەی ناو ڕیزەکانی خۆی بووە.

کۆنگرەی ١٦ی حدکا جێگای مانۆڕدانی زۆرە و دەستیان ئاوەڵاترە بۆ گۆڕین و جێ گۆڕکێی مورەکان، چون چەندین پۆستی هەستیاریان بەتاڵە، ئەوەش مودەعی خۆیان هەیە، لە هەمان کاتیشدا بە هۆی پرۆسەی ڕاسان ڕەنگە باسەکانیان بە دوو شێوە جێگای مشتوومڕیی زیاتر بن. لێرە بەو ئەنجامە دەگەین کە کۆنگرەی ١٦ی حدکا جیاواز دەبێ لە کۆنگرەی ١٦ حدک، هەم لە فۆرم و هەم لە نێوەرۆکدا، بەڵام بە گۆڕان لە سیاسەت بە خۆ داهاتنەوە ئاوڕ وە پشت سەردانیان خۆشبین نیم و هەر لە ئێستاوە زەمینەی دیارە.

بە ڕای من ئەگەر بەدەنەی حیزب توانایی هەبا لە سەر ڕێبەری و ڕێبەریش هەستی بەرپرسایەتی و مەسئولیەتی هەبا، بەڕێز هیجری و دەفتەری سیاسیی قاتح و یەک دەنگ بان لە ڕاستای یەکریزی و یەکگرتنەوەدا، کۆنگرەی ١٦یان سالێک وەدوادەخست. سەرەتا یەکیاندەگرتەوە ((بە قەولی بەڕێز عیرفان ڕەهنمون ئەگەر ئیرادە هەبێ یەکگرتنەوە کاری دوو ساعەتانە)) پاشان بە حیزبێکی یەکدەست و یەکگرتووەوە دەچوونە هۆڵی کۆنگرەوە و مێژووی پشت سەریان لە کۆنگرەی ١٣ پاک دەکردەوە و وەرزێکی نوێی حیزبایەتیان دەنووسیەوە و کاریان پێدەکرد کە من وای نابینم، چوون هیچ شتێک لای وان نەگۆڕاوەو قائیل بە گۆڕان لە خۆشیان نین جا بۆیە کۆنگرەی ١٦ش هیچ هیوایەک و ڕووناکایەک نابینم خۆ لە قەرەی یەکگرتنەوە بدن.



سەرچاوە
Serchawe

بیرو ڕای گشتی لەمێژە لای حیزبەکان و یەک لەوان حدکا، باوی نەماوە و هەر بۆ جوانییە، بەدەنە هەر لە لەتکردندا دەور و ڕۆڵی دوو سەرەی هەیە، یەکگرتنەوە و نەگرتنەوە کاری ڕێبەریە و لە سەلاحیەتی واندا.... سەرکەوتنی کۆنگرەی ١٦ی حدکا بە بێ یەکگرتنەوە مەحاڵە و مومکین نییە.

**ڕۆژی کورد:** هەر دوو لایەنی دێموکرات لەو پرش و بڵاوییەدا تاوانبارن پێیتان وایە کە یەک نەگرنەوە چ ڕێگاکارێکی دیکە بۆ پێکەوە هەڵکردن هەیە؟

**بێژەن قارەمانی:** پێم خۆشە ئەوە بڵێم ڕاشکاوانە کە ئەو لەت کردنە، ویستی خەڵک و دڵسۆزانی کورد نەبووە و ئێستاش هەر نیە، هەموو هەوڵەکان بو پێشگرتن لە جیابوونەوە و ئینشعاب بێ سوود بوو و نەکەوتە بەر نەزەر و لوتفی دەسەڵاتدارانی بە ناو زۆرینە و کەمینە، لە ئەساسدا دەنگە حیزبی ناڕازیەکە بایکۆت و سەرکووت کرا و دەنگی کۆمەڵانی خەڵک هەر گوێ بیستی نەبوو و حاشای لێکرا ئەوە پێش لەتبوونی!!

ئێستاش هەر هەمان شت ئەو جارەیان دە ساڵە ئەوەی گۆیان لێ نەبێ دووبارە قسەی خەڵک و دڵسۆزانە، ئاماری ئەوانەی لە سەر داوای یەکگرتنەوە دەرکراون و تووشی بێ ڕێزی و تیرۆری کەسایەتی و تۆمەت لیدان بوون هێند زۆرە لە کوتن نایە!

وەک خۆم یەکگرتنەوەم بۆ دێموکراتەکان پێی گۆنجاوترە، بەپێی مێژووی حدکا و جوغرافیای ڕۆژهەڵات و ڕێگایەکی دووهەم و سێهەمم پێ شک نایە!. ئەگەر ئێستا یەکگرتنەوە ڕوونەدا، بەم جۆرە چوونەوە ناو وڵات و دەست بۆ چەک بردن و دووپات بوونەوەی مێژوویەکی تاڵی تر، دوور لە چاوەڕوانی نیە، ئەوەش لەو دەساڵەدا نەکراوە و مەیدانیانیان نەبووە بە خۆشیەوە! ئەوەندە هاوکاری و پێکەوە بوونەش کە دەیبینین بە حوکمی دەسەڵاتی باشوور و خۆ دەرخستن لە میدیای ئەو بەشەی کوردستانە و لە پێش چاوی خەڵک سیاسەتی پێدەکەن.

**ڕۆژی کورد:** تا ئەو دوو دێموکراتە و چوار یا پێنج کۆمەڵە یەک نەگرنەوە، هیچ بەرە و هاوکاریەک ئیمکانی نییە و ناشبێت، باشە خۆ حدکا و کۆمەڵەی زحمەتکیشانی کوردستانی ئێران هاوپەیمانی ستراتیژین ئەدی کوا کار و هاوکاریان!؟

**بێژەن قارەمانی:** بەڵێ بە باوەڕی من ئەوەندی لە پرش و بڵاوی تاوانبارن، سەد هێندە لە پێکەوە نەبوون و یەک نەگرتنەوە تاوانبارترن ئەو دووانە بە یەکەوە تەواوکەری یەکن .حیزبە ساغەکانی سەرەتای شۆڕش و حیزبە لەتەکانی



سەرچاوە
Serchawe

ئێستا، بۆ سەرکوت قبوول نەکردنی یەکتری و بیرنەکردنەوە لە بەرژەوەندیی خەڵک و وڵات و داهاتوو لە بەرابەر یەکدا و کۆتا نەهاتن، هەروەک ساڵەکانی سەرەتای شۆڕش بیر دەکەنەوە و لە ڕەفتاریشدا گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە .ئەوەش دیاردەیەکی جێگای مەترسییە، هەموو ئەگەریکی چاوەروانەکراوی تێیدا بەدی دەکرێ و هیچ باش نییە.

چوونە سەر شایی و سەرەخۆشی و بەشداریی بۆنە و مەراسمی ئەو یان ئەم حیزب، ئەوەیان عورفە بۆ وێنەگرتنە و ناچیتە خانەی سیاسەت و هاوکای کردن....

بۆ دێموکراتەکان هەر یەک ڕێگا هەیە، ئەویش یەکگرتنەوەیەو ڕێگای دووهەم و سێهەم و سەدمیش هەر یەکگرتنەوە... ئەوەیان ویستی خەڵکە نەک ئی حیزب.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٦

--------------------------------------------------------

**باباخانی: یەکگرتنەوە دەبێتە هۆی ساز بوونی گوتارێکی ڕۆژهەڵاتی کە دەتوانێ دواجار خەباتی شاخ و شار لێک گرێ بدا**



باسی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان لەگەڵ ئەوەیدا کە پرسێکی هەستیارە، هاوکات داخوازیی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە و وەک پرسێکی چارەنووس سازی نەتەوەیی دێتە نرخاندن، بەو حاڵەشەوە وەها شرۆڤە دەکرێ لە بەرژەوەندیی هیندێک تاک د (لە ئاستی دەسەڵات لە هەر دوو لا) نیە تا ئەو پرۆسەیە بە ئەنجام بگەیەنن.

پرسی یەکگرتنەوە بۆتە ئەمرێکی واقعی سیاسیی نەتەوەیی، ئەگەر ئیرادەیەکی تاک ڕەهەندیی پرش و بڵاو، هۆکارەکانی ئەو لێکدابڕانە بێ، لایەنێکی دیکەی نیشتمانی، هۆکارەکانی پێکەوەبوون شیدەکاتەوە و پێداگری لەسەر دەکا، هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەو نەوەی دێمۆکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارێکی گونجاوە و هیچ بەرگرێکی تەکنیکی و تەشکیلاتی بە هۆکاری ئەو جیاییە نازاندرێ.

بۆ تیشکخستنە سەر ئەو باسە، ناوەندی ڕۆژی کورد ڕای نووسەر و چالاکی سیاسی " ناسر باباخانی" دەخاتە ڕوو و چەند پرسیارێکی گەڵاڵە کردووە کە بەڕێزیان وڵامیان داوەتەوە.

**ڕۆژی کورد: یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ پێویستە؟**

**ناسر باباخانی**: بە باوەڕی من لەتبوونی حیزبی دێموکرات بە گشتی هەم کۆمەڵگا و هەم بژاردەکانی بە تایبەتی تووشی شۆک کرد، کە تا ئێستاش ئەم شۆکە و ئاسەوارەکەی هەر بەردەوامە. هەروەک بۆخۆت دەزانی من هەرگیز ئەندامی حیزبی دێموکرات نەبووم بەڵام ڕەنگە وەبالم بۆ بکێشی کە ئەوکات کە لە ناوخۆش بووم دێموکراتم نەک وەک حیزب، بەڵکوو گەورەتر لە حیزب و وەک ڕێباز سەیر کردووە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ بۆ بەرژەوەندی ئەم حیزبە درێغیم لە هیچ چەشنێ کارێ نەکردووە.

لەسەر بنەمای ئەم باوەڕە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆشەویستم نیزیک بە دوو ساڵ لەمەوبەر "کەمپینی یەکی بەفرانبار"مان دامەزراند. بۆیە بەر لەوەی وڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە ئەگەر ئیزنم بدەی لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی دامەزرانی ئەم کەمپینە بە کورتی هۆکاری دامەزراندنیت بۆ باس بکەم کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبوو بە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و دواجار لەگەڵ وڵامی پرسیارەکەت لێکیان گرێ بدەم:

لە ڕاستیدا بیرۆکەی ساز بوونی کەمپینی یەکی بەفرانبار دەگەڕاوە سەر چەشنێ بۆشایی فکری - ڕێکخراوەیی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات و تاراوگە (مەبەستم هەم باشوورە و هەم ئورووپا و ئەمریکا). واتە بۆشاییەکی بیرۆکەیی لە ڕۆژهەڵاتدا هەبوو کە پێویست بوو پڕ کرێتەوە و پاشان لە قالبێکی ڕێکخراوەییدا پراکتیزە کرێ.

هەر وەک دەزانن ئێمە زۆر جاران لەگەڵ هەندێ دیاردە و پێشهاتە بەرەوڕوو دەبین کە هەندێ جار چاوەڕواننەکراون... ئەم خێراییە دەرفەتی ئەوەت ناداتێ خۆ ڕێکخەی و خۆ تەیار کەی بۆ دژکردەوەیەکی خێرا و بەجێ و زۆرجاران لە کیست

دەچێ. ئەم ڕووداوانە سەرجەم پێشهاتە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگییەکان و تەنانەت پەیوەندیدار بە ماڤی مرۆڤن کە لە ناوخۆ و لە تاراوگەدا ڕوو دەدەن. هەر بۆیە بوونی ڕێکخراوەیەکی فکری بۆ مۆنیتۆرینگی ڕووداوەکان پێویستە. کەمپین لەو ڕاستایەدا وەک ویژدانێکی ئاگا و بەرپرس هەڵوێستی خۆی نواند بە تایبەتی بۆ پرسی یەکگرتنەوەی ماڵی گەورەی دێموکرات. بەڵام پێم خۆشە ئاماژە بەم خاڵە گرینگەش بکەم کە بەرلەوەی وەک کەمپینێکی ڕێکخراوەیی سەیری کەمپینی یەکی بەفرانبار بکەین دەکرێ بڵێین زیاتر ڕەوتێکی فکری بوو بە تام و بۆنێکی سیاسییەوە.

دیارە حەوجێ بە کوتن ناکا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا چالاکیی سیاسی واتە زیندان و پەت و سێدارە و چالاکییەکانی تریش بە توندی کۆنترۆڵ دەکرێن. هەر بۆیە ناکرێ و ناشبێ زۆرمان چاوەڕوانی لە ناوخۆ هەبێ، هەرچەند با ویژدان سەنگی مەحەک بێ هەندێ کار و چالاکی لە لایەن چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی هاتۆتە ئاراوە کە لە قۆرگی شێردا کراوە... سەبارەت بە دۆخی تاراوگەش بە داخەوە سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان لە دۆخێکی پاسیودان و لەهەمبەر کێشەکان نە بایان پێدا هاتووە و نە باران! کە وا بوو لە گەڵ دۆستانی ماندوویینەناسی کەمپین هاتینە سەر ئەم قەناعەتە کە بوونی کەمپەینێک بەم تایبەتمەندییانەوە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

بۆ زانیاریتان هەر چەند کارەکانی کەمپەین تاقمێکی یەکجار سنووردار ڕایدەپەڕاند، بەڵام پرس و مەسڵەحەت و ڕاوێژ و ئیدە وەرگرتن لە چالاکڤانانی ناوخۆ، ئەندام و لایەنگرانی هێزە سیاسییەکان، سیما دیار و ناسراوەکانی سیاسی فەرهەنگی کوردستان، ئێستراتێژی سەرەکیمان بوو و لامان وا بوو ئاوا دەنگمان کاریگەرترە کە بە ئەزموونیش ئەوەمان بۆمان دەرکەوت. هەوڵی کەمپین بۆ یەکخستنەوەی نێو ماڵی دێموکرات بەشی هەرەزۆری لەسەر ویستی خەڵکی ناوخۆ بوو کە خوازیاری ئەوە بوون کە بەردەوام بین بۆ ئەم پرسە و ماندوو نەبین، بەڵام بەداخەوە عەقڵانییەتی خێڵەکی (بەرژەوەندی تاکەکەسی، شارچێتی، گەڕەکچێتی، خزمخزمێن و...) تا ئێستاش بە سەر عەقڵانییەتی ڕەخنەگرانەدا زاڵە و ئیزنی ئەم کارە نادا و جارێ زەحمەتە دێموکراتەکان یەکبگرنەوە.

لە دوو جودا بوونەوەی ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨٨دا زۆرینەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ بڵێین بە جۆرێ قەناعەتییان بەم دابڕانانە هێنابوو... بەڵام لە دوایین دابڕاندا خەڵک ئێستاشی لەگەڵدا بێ نە سەلماندی و نە پێمل بوو بەم لێکترازانە. هەر بۆیە خەڵک تا ڕادەیەک ڕووی لە حیزب وەرگەڕاند و لە دێموکراتەکان تۆرا. ئەگەر لە دوو جیابوونەوەکەی پێشوودا بە هۆی بوونی ڕێبەرێکی کاریزما وەک دوکتور قاسملوو لەگەڵ باڵی سەرەکی، کۆمەڵانی خەڵکی لەگەڵ خۆی هێشتەوە، ئەوا جاری سێهەم بۆشایی کاریزمایەک بە سانایی هەستی پێدەکرا. هەر بۆیە هیچ لایەک نەیتوانی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی لەگەڵ بێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە دابڕانی ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨٨ سەردەمێک بوو کە حیزبی



سەرچاوە
Serchawe

دیموکرات وەک سەرەکیترین حیزبی کوردی لە ڕۆژهەڵات کوانووی شۆرش بوو، حزووری لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بەرچاو بوو، هێزی پێشمەرگە لە شار دانەبڕابوو، جیلەکانی ئەوان سەردەمان بە تەواوی گۆشکراوی بیرو باوەڕێکی نەتەوەیی بوون و... بەڵام ئێستا ئەم فاکتۆرانە هەر نەماون یان زۆر کاڵ بوونەتەوە هەر بۆیە ناکرێ بە پێوەری ئەو کات بڕوانینە ئەمڕۆ. خۆ ئەگەر یەکەم دابڕان سێبەری خەستی ئایدۆلۆژیکی پێوە دیار بوو و لە دووهەم دابڕاندا سێبەری ئەم جیاوازییانە کاڵتر بۆوە... بەڵام لە لێکترازانی سێهەمدا هیچ گرفتێکی سیاسی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نەبوو!!! دەکرێ بڵێین ئەوەی کە بوو بە هۆکاری دابڕانی دوایی بەر لەهەموو شتێک کەلک وەرنەگرتن لە میکانیزمە دیموکراتیکییەکان بوو بۆ چارەسەری گرفتە سەلیقەیی‌یەکان!

**ڕۆژی کورد: زۆر باشە با پرسیارەکە ئاوا بنینەگۆڕێ: ئەم هەمووە پێداگرییە بۆ یەکگرتنەوە چییە؟ باشە بە یەکگرتنەوەی ئەم دوو باڵە چ ڕووی دەدا؟**

**ناسر باباخانی:** هەموو لایەک دەزانین کە دۆخی ڕۆژهەڵات لەچاو باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا چەندە کارەساتبارە، لە یەکەم ڕۆژی وەستانی قرمەی چەکی پێشمەرگە گوتاری ڕۆژهەڵات بوو بە پاشکۆی گوتاری باکوور و گوتاری باشوور، کە بە کردەوە دیتمان ئەم دوو گوتارە ناتوانن لەگەڵ بارودۆخی ڕۆژهەڵات خۆ بگونجێنن. من وەک خۆم سێ ساڵ لەوەپێش بە وتار و نووسراوە باسم لە "گوتاری حزوور" کردووە و ئەم دەستەواژەیەم هێناوەتە ناو گوتاری سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت ڕێک ئەم دەستەواژەیەم دەکارکردووە: "سووکەئاورێک بۆ سەر قەندیل". چون لە ڕاستی‌دا زیاتر لە دوو دەیە چاوەڕوانی و دەستەوەستانی ئاکامەکەی هەنووکە بۆتە هیچ! جا سەیرەکە لەوەدایە هەندێ تاقم و لایەن دیسان چاوەڕێی ئەوەن بە هاتنی سەرکاری دۆناڵد ترامپ کوردستان ڕزگاری بێ!!!

من پێموایە یەکگرتنەوەی مەنتقی لە سەر بنەمایەکی خەسارناسانەی ئەم دوو باڵە بە پێی قورسایی سیاسییان لە ناوخۆی وڵات و لە لای هێزە سیاسییەکانی تر، دواجار بەرەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵات ساز دەکا و باری ڕەوانی ئەم یەکگرتنەوە دەبێتە شۆکێکی بەهێز بۆ کۆمەڵگای مەدەنی بۆ چالاکییەکی زیاتر و بەربڵاوتر، کە وا بوو ئێمە لامان وایە یەکگرتنەوە دەبێتە هۆی ساز بوونی گوتارێکی ڕۆژهەڵاتی کە دەتوانێ دواجار خەباتی شاخ و شار لێک گرێ بدا. ئێستا کە قسە هاتە سەر لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شار ئیزن بفەرموو با ئەم ڕاستییەت لە لا بدرکێنم ئەم دەستەواژەیە بەرهەمی بیری ڕۆشنبیرانی ناوخۆ بوو لانیکەم چەند ساڵ لەوەپێش کە پێیان وابوو بۆ نوێژەنکرندەوەی گوتاری ڕۆژهەڵات ئەم کارە پێویستە و هەر وەک دەزانی یەکەم جار لە بەرگی ٦ی بیرەوەرییەکانی ڕەوانشاد کەریمی حیسامی (١٩٧٩)دا دەستەواژەی "خەباتی شاخ و شار" هاتووە. مامۆستا حیسامی باس لەوە دەکا کە لە خەرمانانی ١٩٧٩ کاتێ کە ڕژێمی

کۆماری ئیسلامی بەهێزێکی زەبەلاح و چەکی قورسەوە لە دەروازەکانی شاری مەهاباد بوو بە تەمای گرتنی ئەو شارە، بەرپرسانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەڵکی مەهاباد کۆدەبنەوە تا بڕیارێک سەبارەت بە دۆخەکە دەربکەن. بۆچوونەکان جیاواز دەبن بەڵام شەهید مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندی دەڵێ: "موبارزە شکڵی زۆرن، شەڕ تاقە شکڵی خەبات نییە. من لام باشە ڕێگاکان ئازاد بکەین. ئەگەر بوو بە شەڕ، با لە چیاکان شەڕ بکەین. حیزب (دێموکرات) تێلگرافێک بۆ خومەینی بنێرێ و بڵێ بۆ حوسنی نییەت ڕێگا چۆڵ دەکەین با لەشکر بێتەوە پادگان. ئەگەر پاسدار و ئەرتەش دەسدرێژیان بۆ سەر خەڵک کرد ئەودەم شەڕ دەکەین با هێزی چەکداری پێشمەرگە بچنە چیا (شاخ) و ببنە پشتیوانی ئێمە لە شار. ئەو دەم ئەوانیش ناوێرن دەست لە شار بدەن." هەرچەند ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێ بەڵام بە کورتی بۆ وڵامی پرسیارەکەی جەنابت دەبێ بڵێم یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان هاوکێشە سیاسییەکان لە کوردستان دەگۆڕێ.

**ڕۆژی کورد**: تا ئێستا هەوڵێکی زۆر بۆ یەکگرتنەوە لە ئارادا بووە بەڵام سەری نەگرتووە، هۆکارەکانی ئەو یەکنەبوونەوە بە ڕای ئێوە چین؟

**ناسر باباخانی**: وەک لە زۆر شوێن باسم کردووە ئەم پرسیارە شابەیتی غەزەلی باسەکەمانە! ئیزن بدە بۆ وڵامی ئەم پرسیارە پشت بە هەندێ باسی تیۆریک ببەستین. ئەوەی ڕاستی بێ هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات تووشی جۆرێ ئۆستوورەی چوارچێوەیی بوون. پۆپێر دەڵێ من ماوەی پەنجا ساڵە لەگەڵ مارکسیستەکان، فرۆیدیستەکان و... کە خاوەنی "ئۆستورە چوارچێوە"ن ناسیاویم هەیە، هیچ کام لەوان سەبارەت بە ڕوانگەی خۆیان لەمەڕ جیهان و دیاردەکان هەرگیز تووشی شک و دڕدۆنگی نابن و هەر چەشنە دەلیلێکی بە دژی ئەم چوارچێوەی پێوەی گرێدراون وەها شرۆڤە و تەفسیر دەکەن کە لەگەڵ چوارچێوەی ئەوان هاوئاهەنگ بێ. پۆپێر پێداگری لە سەر ئەمە دەکات کە ئەو کەس و لایەنانەی لە ناو فەرهەنگەکان و سوننەتەکان و چوارچێوە جۆراوجۆرەکان دان ئەگەر لە سەر بنەمای ڕاسپاردەیەکی تایبەتی وەک مێتۆدێکی تایبەت حەولی گفتوگۆ لەگەڵ دیتران بدەن لە ڕەوتی دانوستانەکاندا تێدەگەن کە لێکتێگەیشتنێکی ئەوتۆیان بۆ مسۆگەر نابێ کە وا بوو یەکەم گرفتی فکری بوونی ئەم ئۆستوورە چوارچێوەییە کە دەبێ لێی دەرباز بن.

پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بە دەستەواژەیەکی جین شارپ، ئیستراتێژیست و گەورە بیردۆزی خەباتی بێتوندوتیژی بکەم واتە ئەتۆمیزاسیۆن. شارپ دەڵێ ئەم خەڵکانەی کە بە هۆی گوشاری دەسەڵات توانایی هاریکارییەکی ئەوتۆیان نییە بۆ مەبەستێکی هاوبەش لە ڕاستیدا لەتوپەت کراون ڕێک وەک شکاندنی مادە بۆ پاژە پێکهێنەرەکان واتە ئەتۆم. ئێستا خوازیارانی یەکگرتنەوە لە هەر دوو باڵدا یەکجار زۆرترن لەوانەی دژی یەکگرتنن بەڵام دەکرێ بڵێین ئەتۆمیزە کراون، کە



سەرچاوە
Serchawe

وا بوو دووەم گرفت ئەم ئەتۆمیزاسیۆنەی ناو هەر دوو باڵە، لە بەدەنەوە بگرە تا سەرکردایەتی، هەر بۆیە دەبێ هاوئاهەنگییەک لەناوخۆیاندا ساز دەن تا ببنە جەرەیانێکی شوێندانەر لە ناو باڵەکانی خۆیاندا و دواجار پەیوەندییەکی ئۆرگانیک لەگەڵ باڵەکەی تر.

کەواتە لە باری فکرییەوە بوونی ئەم دوو خاڵەی ئاماژەم پێکرد بەداخەوە هەنگاوەکانی بەرەوە یەکگرتنەوەیان شل کردووە بۆیە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە نەزەرییانە بە باوەڕی من بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەکە بە مەرەدی یەکگرتنەوەکانی پێشوو نەچێ دەبێ ئیزنی ڕەخنەگرتن تەنانەت دەربڕینی ڕای دژواریش هەبێ - بە مانای دژایەتی لەگەڵ یەکگرتنەوە - با بزانین ئەم ڕوانینە چی پێیە بۆ کوتن! کە وا بوو لە هەر سێ قۆناغی بەر لە یەکگرتنەوە، کاتی دانوستانەکان و لەمانەش گرینگتر و چارەنووسسازتر قۆناغی پاش یەکگرتنەوە، دەبێ هەر هەموو کەس بتوانێ لە کەشوهەوایەکی دێموکراتیکدا قسان بکا تا ئەم مژارە بە تەواوی خەسارناسی و تاوتوێ بکرێ.

هەرچەند سیگناڵەکان هەندێ جار لە کزی دەدەن بەڵام بە گشتی ئەم ئیرادەیە بەهێزە (چون ویستی خەڵکە) و دیارە نکۆڵی لەوە ناکەم لە ناو بەدەنە و تەنانەت لە ئاستی ڕێبەرایەتی‌دا هەن کەسانێک کە بە دژی ئەم پرۆسەیەن کە زۆرم بە لاوە ئاسایی‌یە. دیارە تێبینی هەندێ کەس لە سەربنەمای نیگەرانی دوارۆژ لە جێی خۆی‌دایە کە دەڵێن نابێ بە پێی ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو، یەکگرتنەوەیەکی ڕووکەشیانە و ڕواڵەتی بێ و دەبێ بە وردبینییەوە و لە سەر بنەمای خەسارناسی ڕابردوو بێ، بۆ ئەوەی بەر بە لێکترازانێکی تر بگیرێ ئەمە ڕوانینێکی دروستە، بەڵام ئەم تاقمە سنووردارەی تر دەزانن کە لە حیزبێکی یەکگرتوودا جێگایەکی ئەوتۆ بۆ ئەوان نییە، ئەوان ژانی کورسی گرتوونی! بەڵام هەروەک پێشتر باسم کرد پرسی یەکگرتنەوە بۆتە بابەتێکی سیاسی کۆمەڵایەتی، کەس ناتوانێ بە دژی بوەستێ، بەڵام ئەوە بەم مانا نایە کە کەس ڕەخنەی نەبێ و نەوێرێ دەنگ هەڵبڕێ، ڕێک بە پێچەوانە دەبێ خەسارەکان بە باشی دەسنیشان کرێن، گرفتەکان تاوتوێ کرێن تا چی تر شاهیدی لێکترازانێکی تر نەبین.

لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکراتدا، پرسەکە زۆر زۆر هەستیارترە... کۆمەڵێ گرفتی لەمێژینە و چەند ساڵە هەیە کە بە داخەوە تێکەڵ بە ڕق و قین و بوغزێکی شاراوە و نەشاراوە و لە هەمان کاتیشدا تاکەکەسی بووە، هەر بۆیە ئاسایی‌یە کە لە هەندێ کاتدا ئەم گەرموگوڕییە لە کزی بدا، بەڵام دەبینی لە کاتێکی تردا، بە هۆی زرووفێکی زەمانییەوە یان بۆنەیەکی تایبەتییەوە تێیهەڵدێنییەوە.

**ڕۆژی کورد: دەور و ڕۆڵی دنیای مەجازی و سوسیال میدیا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**ناسر باباخانی**: بەهەرحاڵ نابێ ئەمە لە بیر بکەین کە دنیای مەجازیش، بەشێکە لە ژیانی واقێعی و ئاسایی هەموومان، مەگە جگە لەوەیە کە جەنابت و من لە چوارچێوەی دنیایەکی مەجازیدا (وەک کەرەسەیەک) بە یەکەوە دەدوێین و لە هەمان کاتیشدا ئەمری واقێعین. کە وا بوو ئەم باسوخواسانەی لە دنیای مەجازیدا دێنە گۆڕێ هەڵقوڵاوی واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی خۆمانن، تەنانەت من بە ئەرێنی وەسفی دەکەم - هەرچەند ڕەنگە هەندێ جاریش بەداخەوە، بەتایبەتی ئەم دوایییانە سنووری ئەخلاقییاتیان بەزاندووە - ئەزموونە کارەساتبارەکانی ڕابردوو چ کاتی لێدابڕانەکانی حیزبی دێموکرات، چ شەڕی براکوژی ئاگر و خوێنی ڕشتنی تێدابوو، ئێمە لەو قۆناغە ڕزگار بووین، دواتر پێکهەڵپڕژانی فیزیکیمان بە چەکی سارد بینی، لەم قۆناغیش قوتار بووین... ئێستا لەم دنیای مەجازی و فەیسبووکەدا بە زمانی تانەوتەشەر بەرەوڕووی یەکتر بووینەوە... باش تۆ وەباڵم بۆ ناکێشی کە لەوسایەڕا هاتووینە ئەو پایەیە کارێکی گەورەیە؟ من دڵنیام ئەم قۆناغەش تێپەڕ دەکەین و دەگەینە قۆناغی دیالۆگ هەرچەند ناهومێدییەک باڵی بەسەر ئەم فەزایەدا کێشاوە بەتایبەتی لە دوای دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز کاک خالید عەزیزی کە بە پێچەوانەی قسە و قسەڵۆکەکان، زیاترین حەولی سادقانەی دا بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان.

ڕەنگە جەنابیشت لە من ئاگادارتر بی ڕادەی ئەم کەسانەش کە لەم دنیا مەجازییەدا ئاقاری باسەکە بەرەو فەزایەکی پڕ لە ڕق و دەمارگرژی دەبەن زۆر کەمن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە سەر تەعبیرە ئەرەستوویییەکەی کە دەڵێ: توندوتیژی و دەمارگرژی بەرهەمی نەزانی و قەبووڵ نەکردنی "ئەوی تر"ە. لە لایەکی ترەوە بەش بە حاڵی خۆم پێموایە هەندێ لەم قسە و قسەڵۆکانە بەرهەمی زیاتر لە ٣٠ ساڵ کێشە و ڕکابەرایەتی شەخسی نێوان چەند کەسێکە کە تەشەنە دەکاتە نێو لایەنگرە دەمارگرژەکانیان کە وەک دەروێشی جەزمبوو زیکری شێخەکانیان دەکەن... قەی ناکا با ئەم ڕق و بوغز و قین هەڵڕێژرێ... ئێستا جەنگەیەتی... بە گشتی پێموایە ئەمە شەپۆلێکی تیژتێپەڕو هەیەجانییە کە جێمان دێڵێ و ئەم تاقمە زۆر لەوە سنووردارترن کە بە سازکردنی ئاڵۆزی و پەشێوی لەم دنیا مەجازییەدا بتوانن دەورێکی نەرێنی لە سەر کۆی پرۆسەی یەکگرتنەوە دابنێن، کەشوهەوای زاڵ بەسەر ئەم تاقمە سنووردارەدا عەقڵانییەتێکی گاڵتەجاڕییە کە لە ئاستنزمی سیاسی موتوربە کراوە. بۆیە لە درێژخایەندا دەکەونە پەراوێزەوە و ناتوانن ببنە لەمپەر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٩ی دێسەمبەری ٢٠١٦

--------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## باباعەلی مێهرپەروەر: مەگەر موعجیزەیەک!! ڕوو‌بدا، دەنا هیچ هیوایەکم بە یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزب نەماوە



باسی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان لەگەڵ ئەوەیدا کە پرسێکی هەستیارە، هاوکات داخوازیی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە و وەک پرسێکی چارەنووس سازی نەتەوەیی دێتە نرخاندن، بەو حاڵەشەوە وەها شرۆڤە دەکرێ لە بەرژەوەندیی هیندێک تاک د (لە ئاستی دەسەڵات لە هەر دوو لا) نیە تا ئەو پرۆسەیە بە ئەنجام بگەیەنن.

پرسی یەکگرتنەوە بۆتە ئەمرێکی واقعی سیاسیی نەتەوەیی، ئەگەر ئیرادەیەکی تاک ڕەهەندیی پرش و بڵاو، هۆکارەکانی ئەو لێکدابڕانە بێ، لایەنێکی دیکەی نیشتمانی، هۆکارەکانی پێکەوەبوون شیدەکاتەوە و پێداگری لەسەر دەکا، هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەو نەوەی دێمۆکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارێکی گونجاوە و هیچ بەرگرێکی تەکنیکی و تەشکیلاتی بە هۆکاری ئەو جیاییە نازاندرێ.

بۆ تیشکخستنە سەر ئەو باسە، ناوەندی ڕۆژی کورد ڕای چالاکی سیاسی و ئەندامی ڕێبەرایەتی پێشووی حدکا بەرێ "بابا عەلی میهرپەروەر" دەخاتە ڕوو و چەند پرسیارێکی گەڵاڵە کردووە کە بەڕێزیان وڵامیان بداتەوە.

**ڕۆژی کورد: یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان بۆ پێویستە؟**

**بابا عەلی مێهرپەروەر:** لە ڕووی مێژووییەوە، یەک حیزبی دیموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لای خەڵک ناسراوە و لەگەڵی ژیاوە. ئەو کاتانە کە درز کەوتوەتە نێو ریزەکانی ئەو حیزبە (وەک زۆر حیزبی دیکە) و تووشی لێکترازان بوە، هەوڵێکی زۆر دراوە تا جارێکی دیکە حیزب یەکپارچەیی خۆی بەدەست بێنێتەوە. یان کاتی وابوە کە پارچە لێدابڕاوەکەی

زۆر گەورە نەبوە و حیزب لە توانایدا بوە برینی جەستەی خۆی ساریێژ بکاتەوە و بەشە دابڕاوەکەیش لای خۆیەوە پووکاوەتەوە و لە گۆڕەپانی سیاسیدا ئاسەوارێکی لێنەماوەتەوە. بەڵام برینی ئەمجارە قووڵتر و کارەساتبارتر لەوە بوو کە لەتوانای حیزبدا بێت بەبێ یەکگرتنەوە برینی جەستەی خۆی ساریێژ بکاتەوە. ڕاستە ئەو دووبەشەی ئیستا لە ڕووی ڕابردووی شۆڕشگێری و ئاوات و ئامانجەکلانیان وەک یەکن و وەک شاعیر دەڵێ "گیانێکن لە دوو جەستەدا..." بەڵام ئەو دوو جەستەیی و لە ژێر ناوی حیزبی دیموکراتدا هەموو کات ئەو پرسیارە لە بەر دەم خەڵکی کورد بە گشتیی و کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی خۆی زەق دەبێتەوە، کە کەی ئەو دوو جەستەیە دەبێتەوە بە یەک؟ تەنانەت تێپەر بوونی کاتیش تا ئیستا نەیتوانیوە گەردی فەرامۆشی و لەبیر چوونەوە بەسەر ئەو ڕووداوە و ئاواتی یەکبوونەوە، بڕێژێ و لەبیری باتەوە.

ڕوون و ئاشکراشە کە ئەو دابڕانە تەنیا وتەنیا لە قازانجی دوژمن و نەیارانی حیزبی دیموکراتە و بەس. لە لای من ئیستاشی لەگەل بێت هیچ بڕ وبیانوویەک ناتوانی و نەیتوانیوە ببێتە پاساوی لێکدابڕان یان پێشگرتن لە یەکبوونەوە، جگەلە بەرژەوەندخوازی تایبەتی توێژێک لە تاکە بڕیار بە دەستەکانی هەردوولا.
بارودۆخی سیاسی وگۆڕانکاریەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ئەوەمان پێ دەڵی کە هێزەسیاسیەکانی کورد تەنیا بە یەکریزی و تەبایی و یەکبوونەوە دەتوانن لەئاست ئەو گۆرانکاریانە خۆراگرن و قسەیەکیان بۆ وتن هەبێت. چاو نووقاندن و خۆ گێلکردن لە ئاست ئەو ڕاستیە، تەنیا دەتوانی یارمەتی بە پیلانگێریەکانی دوژمنانی کورد بدات، هەرچەندیش ڕێبەرانی هێزەسیاسیەکانی کورد لەو بارەوە مەبەستێکیان نە بوو بێت.

**ڕۆژی کورد:** تا ئێستا هەوڵێکی زۆر بۆ یەکگرتنەوە لە ئارادا بووە بەڵام سەری نەگرتووە، هۆکارەکانی ئەو یەکنەبوونەوە بە ڕای ئێوە چین؟

**بابا عەلی مێهرپەروەر:** وەک ئەوەی تارادەیەک لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێکرد، لە بناخە و بنەرەتدا هۆکاری جیابوونەوە و لێکدابڕانی ئەمجارەی حیزبی دیموکرات جگە لە شەڕی کورسی و بەدەستهێنان یان پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی توێژێک لە ڕێبەرانی سەربەدەرۆ بووی نێو حیزب هیچ پاساوێکی سیاسی (ئیستا هەوڵ دەدرێت پاساو و جیاوازی سیاسی بۆ بدۆزرێتەوە) دیکەی نەبوو. من زۆر جار وتوومە وئیستاش دووپاتی دەکەمەوە جیابوونەوەی ئەمجارە بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی!!! ڕێبەرانی هەر دووقۆڵی نێو حیزب بوو. بۆیە سروشتیە هەر ئەو ویستە کە ڕوودای جیابوونەوەی لێکەوتەوە، لە بەرانبەر هەوڵەکان بۆ یەکگرتنەوە و یەکبوونەوە بە شێوەی جۆراوجۆرکۆسب و لەمپەر دروست بکات و وەک کوردان دەڵێن:



سەرچاوە
Serchawe

"هەموو ڕیسەکان بکاتەوە بە خوری" بەداخەوە تائیستاش لەو بوارەدا سەرکەوتوو!!! بوە. سەیر ئەوەیە هەرکام لەو ڕێبەرانە کە دەچنە بەردەم میدیاکان و بیروڕای گشتیی خۆیان بەلایەنگر و هیواخوازی یەکگرتنەوە دەناسێنن و پێ لەسەر پێویستی یەکبوونەوە دادەگرن. تائیستا کەسم لەو بڕیار بەدەستانە نەدیوە کە بەئاشکرا و بە ڕاشکاوی دژایەتی خۆیان بۆ پرسی یەکگرتنەوە و یەکبوونەوەی دوو دیموکراتەکان ڕاگەیاندبێت. لە وەها بارودۆخێکدا دەبێت پرسیار بکرێت، ئەگەر وایە بۆ چی دوای چەندین ساڵ وەک خۆیان دەڵێن دیالوک و وتوێژ و دیاریکردنی لیژنەی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە، بەکردەوە چووکترین هەنگاوێکیان جگە لە ئاسایی کردنەوەی پێوەندی نێوانیان و تارادەیەک نەهێشتنی بارگرژیەکان، (کە ئەوە بۆ خۆی باشە و هەنگاوێکی ئەرێنیە) هەڵنەگرتوە؟ دیارە ئەوە بەو مانایە کە لە لایەک ئیرادەیەکی جیدی بۆ پرسی یەکگرتنەوە لە هەردوولاوە نیە و لەلایەکی دیکەش بە نیوە مردوو ڕاگرتنی پرسەکە جۆرێک لە خۆڵکردنە چاوی ئەو خەڵکانەیە کە هیوادار و خوازیاری یەکپارچەیی دووبارەی حیزبن.گومانی تێدا نیە کە لە وەها بارودۆخێکدا هەولی خەمخۆرانی یەکبوونەوە بە بێئاکام دەمێنێتەوە.

**ڕۆژی کورد: کۆنگرەی ١٦ی حدکا پێویستە بەرانبەر بەو پرسە چۆن هەڵویست بنوێنێ؟**

**بابا عەلی مێهرپەروەر:** هەر کونگرەیەک کە بەرێوە دەچێ یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئەوەیە کە ئاورێک لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی بڕیار و ڕاسپەردەکانی کونگرەی پێشووی خۆی بداتەوە. کونگرەی ١٦ش هەمان ئەرکی لە سەرشانە و پێویستە بە وردی لەو مەسەلە بکۆڵێتەوە کە بۆچی سەرەڕای بڕیار و ڕاسپاردەی کونگرەی ١٥ بۆ ئاسایی کردنەوە و پاشان سەریەکخستنەوەی حیزب هەنگاوی جیدی هەڵنەگیراوە، لەمپەر و کۆسپەکان کامانە بوون؟ بەراستی ئەگەر دەرکەوت کەس یان کەسانێک لەو بوارەدا بە ئەنقەست کەمتەرخەم یان دژبەر بووبێتن، کونگرە بیانناسێنێت. بۆ ئەو پرسەش لەم کونگرەدا بڕیاری ڕوون و کونکریتی بۆ ڕێبەری داهاتووی حیزب هەبێت. بەهیچ جۆرێک شایستە نیە کە کونگرە بڕیاری ناروون و ناشەفاف بدات یان ڕێبەرایەتی داهاتوو ڕاسپێرێت کە بەپێی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی خۆی هەنگاو هەڵبگرێت. ئەوە بەمانای دووپات بوونەوەی ڕەوتی ساڵانی پێشوودەبێت، کە پرسی یەکگرتنەوە هەر جارە و بەبیانوویەک خراوەتە پشتگوێ. لە ڕاستیدا کونگرە ڕێبەرایەتی بەرپرس بکات کە بڕیارێکی ڕوون و شەفاف جێبەجێ بکات. هەر وەها پێویستە پرسی دوو دیموکرات بۆ جارێک و بۆ هەمیشە یەکلا بکاتەوە بۆ ئەوەی چیدیکە خەڵک لە چاوەڕوانیدا نەمێنێتەوە.

**ڕۆژی کورد: بەپێی ڕوانگەی گشتیی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو لایەنی دێمۆکرات لەو پرش و بڵاوییەدا تاوانبارن، پێتان وایە کە لە ئەگەری یەکنەگرتنەوەدا، چ ڕێکارێکی دیکە بۆ پێکەوە هەڵکردن هەیە؟**

**بابا عەلی مێهرپەروەر:** وەک لە وڵامی پرسیارەکانی پێشوودا باسم کرد لێکدابڕان و جیابوونەوەی ئەمجارە کارێک نە بوو کە یەک لایەن بە تەنێ کردبێتی، بەڵکوو لە ڕاستیدا بە جۆرێک کارێکی هاوبەشی هەر دوولا بوو. ئەگەر لایەنێک هەوڵی جیابوونەوەی دەدا لایەکەی دیکە بەشێوەیەک ڕێی بۆ ئەو لێکترازانە خۆش دەکرد. دیارە ئەوە ڕاستیە کە کە هەردوولا لەوکارەساتەدا بەرپرسیارن و ناتوانن خۆی لێ دەرباز و بەری بکەن و تاوانەکە بخەنە پاڵ ئەوەی دیکە. بارودۆخی سیاسی ناوچەکە ئەوەمان پێدەڵێ کە ئەگەر تەنانەت دوو دیموکراتەکەش یەک بگرنەوە، مەترسیەکانی بەردەم پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەندە گەورە و بەهێزن کە بەرنگار بوونەوەیان زۆر زەحمەت و چەتوونە، چ بگا بەو حاڵەی کە پرش و بڵاو بن. هەر ئیستا زۆر مەترسی بەرواڵەت نووستوو لەو بەشەی کوردستاندا هەن کە ئەگەر هەلومەرجیان بۆ ئامادەبێت، ناوەرۆکی ڕاستەقینەی خۆیان دژ بە جووڵانەوەی کورد نیشان دەدەن و لە ڕاستیدا لەژێر چاودێری ڕیژیمدا چالاک دەبن. بۆیە ئەرکی مێژوویی سەرشانی هەردوولایە کە هەرچی زووتر و پێش ئەوەی ڕووداوەکان بەرۆکیان پێبگرێت هەوڵی جیدی و لێبڕاوانە بۆ کۆتاییهێنان بە دیاردەی دوودیموکراتی بێنن و یەکبگرنەوە. باوەر کەن لەو بارودۆخەدا سبەیش دێرە. ئەگەر چاوە ڕوانی ئەوە بن کە بەبێ یەکگرتنەوە دەتوانن هاوکاری و هەماهەنگیان پێکەوە هەبێت، ناڵێم نامومکین بەڵام بەراستی زۆر بە دووری دەزانم و جگە لە ململانی و پرشوبلاوی زۆرتر بە داخەوە لەو بوارەدا ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ بەدی ناکەم.

**ڕۆژی کورد:** لە کۆتاییدا وێڕای سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا، ئەگەر قسەیەک یان تێبینییەکی پێویست هەیە کە دەتانهەوێ بیخەنە بەر باس، تکایە بفەرموون؟

**بابا عەلی مێهرپەروەر:** هەموو کاتێک هیوادار و گەشبین بووم کە ئەو دوولایەنەی دیموکرات جارێکی دیکە ببنەوە بە حیزبەکەی جاران. بەڵام بە ڕاستی دوای تێپەر بوونی چەند ساڵ بە سەر وتوێژی بیئاکامدا، بەو قەناعەتە گەیشتووم کە مەگەر موعجیزەیەک!! ڕووبدا، دەنا هیچ هیوایەکم بە یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزب نەماوە. سەرەڕای ئەوە، وەک کەسێک کە ساڵانێکی زۆر لەگەل ئەوهاوڕێانە هاوسەنگەر و هاوخەبات بووم، داوایان لێدەکەم کە چیدیکە حیزب بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار نەهێنن. بەڵکوو کاریک بکەن کە حیزب ببێتەوە ئەو ئامرازە کە بەراستی لە خزمەتی بەرژەوەندیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێت ئەویش بەبێ بوونەوە بەیەک مومکین نیە.

**ڕۆژی کورد:** بەرێز بابا عەلی میهرپەروەر سپاس بۆ کات و تێڕوانینەکانتان

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## وتوویژی گەورەژووری ڕاویژ لەگەڵ هاوار بازیان لەسەر پرسی یەکگرتنەوەی دوو باڵی دێموکرات



خوێنەری هێژا

بابەتی بەردەستتوتوویژی گەورەژووری ڕاوێژە لە ڕایەڵەی تلیگرام کە لە ڕێکەوتی ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی لەسەر پرسی "یەکگرتنەوەی دوو باڵی دێموکرات و کۆسپەکانی"، لەگەڵ بەڕێز هاوار بازیان، ڕاگەیێندکار و چالاکی سیاسی، بە پێشکەشکاریی ئاژوان ڕۆژهەلاتی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی گەورەژووری ڕاویژ ئەنجام دراوە.

ڕاوێژ: سەرەتا بەخێر هاتنتان دەکەم. ئەرک نەبێ خۆتان بۆ ئەندامانی گەورەژووری ڕاوێژ باسێنن.

**هاوار بازیان**: من ناوم هاوار بازیانە، کاری ڕاگەیاندن دەکەم و بەپێی توانا چاودێریی ڕووداوەکانی کوردستانم کردووە، وەک کاری سەرەکییش مامۆستای زمانی ئینگلیزیم .

ڕاوێژ: ئەگەر بە گشتی چاوێک بە مێژوی دابران وجیابونەوەی ناومالی دێمۆکرات دا بگێرن، هۆکارەکانی چی بون؟

**هاوار بازیان**: جیابوونەوە و دابڕانەکانی ناو دیموکرات مێژوویەکی دوور و هاوکات تاڵی هەیە کە بەداخەوە شوێنەواری هەبووە لەسەر باری دەروونی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەلات هۆکارەکان زیاتر نەگونجانی ڕێبەرانی ئەو حیزبە بووە لەگەڵ یەکتری، بە پشتبەستن بە سەرجەم ٤ دابڕانە گەورەکەی مێژووی دیموکرات دەتوانم بڵێم بەزۆری هەر لەسەر سەلیقەی کەسەکان بووە نەک جیاوازیی ئایدیۆلۆژی.

**ڕاوێژ**: بە درێژایی مێژوو زۆربەی جیابوونەوەکان، یەکگرتنەو و تێکەڵبوونەوەی بە دوای خۆیدا هێناوە بەڵام بەداخەوە تێکەڵبوونەوەکان ئاکامی دڵخوازیان نەپێکاوە و ئەمە جۆرێک لە سڵکردنەوەی لە هەمبەر تێکەڵبوونەوە دروست کردووە، هۆکار چیە کە، تێکەڵبوونەوە، زۆربەی جاران ئاکامی دڵخواز ناپێکێت و بە بڕوای ئێوە چی بکرێت پێچەوانە ئاکامی دڵخوازی لێ بەرهەم بهێنرێت؟

**هاوار بازیان**: تێکەڵبوونەوەکانی پێشووتر بۆیە سەرکەوتوو نەبوون چونکە لەسەر بنەمای هەستی کاتی بوون نەک لۆژیک و لێک تێگەیشتن، هەر بۆیە دیموکرات بەسەر نەخۆشیی لەتبوون و دابڕاندا زاڵ نەبوون. بۆ یەکگرتنەوەیەکی پتەو و سەرکەوتوو پێویستە ئاگایانە و بەپێی لێک تێگەیشتن هەنگاو بنێن و دوور بێن لە هەستە کاتییەکان.

**ڕاوێژ**: سەرەکیترین هۆکاری دابڕان لە چیدا دەبینن؟ بە گشتی ئایا بەرهەمی ناتێگەیشتووی کۆمەڵگایە کە ڕەنگدانەوەی لە ئەحزابیشدا دەربکەوێت یان نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە و قەناعەت پێهێنەر لەلایەن ئەحزابەوەیە یان پابەندنەبوونی هێندێک کەسە بە بنەما شۆڕشگێڕیەکانەوە؟ ڕاڤەی بەڕێزتان لە سەر ئەم باسە چیە تکایە.

**هاوار بازیان**: دەتوانم لە چەند هۆکاری سەرەکیدا پۆلێنیان بکەم:

١- لاوازیی ئەندامانی ڕێبەری و ڕێبەرایەتی لە چارەسەرکردنی جیاوازییەکانی نێوانیان بەشێوەیەکی سیاسی.
٢- نەبوونی گوشارێکی بەدەنەی حیزب کە بتوانێ ڕێگە بە ڕێبەران نەدات بە مەیلی خۆیان حیزبەکەیان لەت بکەن.
٣- دووربوون لە خەڵک و ڕۆژهەڵات، دەرفەتی ئەوەی بە ڕێبەرانی ناڕازی بەخشیوە کە هەرکات ویستان، بێ باکانە لە ڕای گشتی دەست بە لەتکردنی حیزب ببەن.
٤- دەتوانم بڵێم دەسەڵاتخوازیی ناو حیزبیش هۆیەکی دیکەیە و حاشای لێناکرێ.

**ڕاوێژ**: جەنابت ئەندامی حدک ن، وەک ئەندامێکی ئەو حیزبە کە هەڵوێستەکانتان زیاتر یەکگرتووخوازانە و بێ لایەنە، تا چەند لە ناو حیزبەکەتان، بەستێن بۆ یەکگرتنەوە هەموار دەبینن؟

**هاوار بازیان**: بەبوونی خالید عەزیزی، هیوایەکی زۆر و بەستێنێکی باشم بۆ سەرگرتنی ئەو پرسە دەبینی و هەستم پێدەکرد و کاری باشی بۆ دەکرا، بەڵام بە دوورکەوتنەوەی عەزیزی پێموایە ئەو کارە ئەستەم دەبێ و پشتگوێ دەخرێ و دەرفەتی باش بەوانە دەدرێ کە بەرژەوەندییان لە دابڕندایە و تەنانەت ئەگەریش دیموکرات سەربگرێ وەک ئەوە وایە منداڵێک بەمردوویی لەدایک بێ.

ڕاوێژ: لە ئێستادا پرسی هەڵبژاردنەوەی سکرتێر، دوای کشانەوەی کاک خالید عەزیزی لە ئارا دایە، پێتان وا نیە بە سەرنجدان بەوەی کە هەوڵی یەکگرتنەوە پێشتر هەبوون و خەڵکیش داوای یەکگرتنەوە دەکا و حدکاش لە کۆنگرە نزیک دەبێتەوە، ئێستا بەڕاستی باشترین دەرفەت بێ بۆ ئەو کەسانەوەی کە بەڕاستی و نەک هەر لە قسەدا لایەنگری یەکگرتنەوەن؟

**هاوار بازیان**: کاتی کشانەوەی عەزیزی لە پۆستەکەی، زیانێکی کوشندەی بە پرسی یەکگرتنەوە گەیاند، بەتایبەت وەک باستان کرد کاتێکی گونجاوە کە حدکا بەرەو کۆنگرەیە و ڕای گشتی لەبارترە - پێموایە ئاسان نابێ کەسانێک بتوانن لە دەرەوەی حیزبدا کار بۆ ئەو پرسە بکەن، چونکە جۆرێک بێ متمانەیی گشتی دروست بووە لەوەی هیچ کام لە لایەنەکانی دیموکرات "بە ڕاستی مەیلی یەکگرتنەوەیان نییە". ئەو پەیامە خەڵکی سارد کردووەتەوە و کشانەوەی سکرتێری حدک بەهەر بیانوویەک وایکردووە خەڵک هیوای یەکبوونیان دابەزیوە.

ڕاوێژ: بەڕای ئێوە چۆنە حدکا ئەو هەلەی نەقواستۆتەوە بۆ پێشنیاری یەکگرتنەوە و یەک کۆنگرەیی (کۆنگرەی هاوبەش) کە پێشتر باسی لێدەکرا؟

**هاوار بازیان**: کۆنگرەی هاوبەش هیچ کات مەبەستی حدکا نەبووە، بەڵکوو حدکا داوای کۆنگرەیەکی دەکرد کە پێشتر ڕێکەوتنی لەسەر کرابێ و ئەو پرسە باسی سەردەمێک بوو کە حدک لە قۆناخێکی بەهێزتری ڕێکخستنی و سیاسیدا بوو، پێموایە حدک گرینگیی جارانی بۆ حدکا نەماوە بۆیە کەمتر باسی دانوستاندنیان لەگەڵ دەکەن.

ڕاوێژ: دیارە لە حزبێکی دێمۆکرات خوازدا بیرو ڕای جیاواز بەشێکە لە دێمۆکراتی بونی ئەندامانی ئەو حیزبە بەڵام کاتێک لە دوای کۆنگرە دا جیابونەوە دێتە ئاراوە چیمان پێ دەسەلمێنێت پێتان وانیە بە شێوەیەک بێ ڕێزی بە دەنگدەران بێت؟

**هاوار بازیان**: بەڵێ، حیزبێ دیموکراتیش بەدەر نەبووە لەوەی دەست بۆ متمانە ئەندامانی خۆی ببات و پاش کۆنگرەی "دیموکراتیک" کاری "نادیموکرات" بکرێ. ئەگەر سەرنج بدەین، هەمیشە کۆنگرەکان بە چەپڵەڕێزان کۆتاییان هاتووە و ڕۆژی دواتری بەرنامەی دوور لە ناوەرۆکی کۆنگرە کاری بۆ کراوە.

ڕاوێژ: چۆنە حدک باوەڕی بە گفتوگۆ و دانوستان هەیە لە گەڵ ئێران و لەوانەیە بە پەسەند کردنی چەند خاڵێک لە داواکارییەکانیان وەکوو حیزبێکی سیاسی لە ناو ئێران بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی، چالاکییەکانیان بەڕێوەبەرن. کە

چی پاشگری ئێرانیان لە ناوی حیزبەکەیخۆیان سڕیوەتەوە. ئەمە دژوازی نییە؟

**هاوار بازیان**: حدک سەرکەوتوو نەبووە لەوەی خەباتی فرەڕەهەند یان هەمەڕەهەند پیادە بکا، ئەگینا بەڵێ ئەوپەڕی پارادۆکس و دژبەرییە لەلایەکەوە وەک کوردی ڕۆژهەلات باسی گفتوگۆ لەگەڵ دەسەلاتێکی وەک کۆماری ئیسلامی بکەی و لەلایەکی دیکەوە کەس لەخۆت بە "کوردستانی تر" نەزانی. بەکورتی هەرکەس یان هێزێک بانگەشەی گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکات، نە خۆی ناسیوە و نە کۆماری ئیسلامی.

**ڕاوێژ**: کوتتان حدک، گرنگیی جارانی بۆ حدکا نەماوە، دەکرێ زیاتر شی بکەنەوە؟ هۆکار چیە؟

**هاوار بازیان**: پاش ئەوەی حدکا گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە سیاسەتی خۆی پێکهێنا و بە ڕەسمی بەرەنگاریکردنی کۆماری ئیسلامی زیندوو کردەوە، هاوکات حدک کەوتە ناو کێشە و مەشرووعییەتی سکرتێری تازە و هەروەها ولام وەرنەگرتنەوەی حدک لە سیاسەتەکانی، وادەردەکەوت کە ئیتر حدکا هێزەکانی تری ڕۆژهەلات بە هاوشان و هاوسیاسەتی خۆی نازانێ و بەرەو تاک ستراتیژییەتی ڕۆیشت کە هەمان دژایەتیی سەربازی و نوێکردنەوەی خەباتی چەکدارییە تەنانەت ئەگەر تەنیاش بێ.

**ڕاوێژ**: هۆکار چیە لەم دۆخەدا یەکگرتنەوەی ناو ماڵی دێموکرات بە چڕی باسی لەسەر دەکرێ و ئێوە وەک هاوڕێیانی حدک تا چەند یەکگرتنەوە بە پێویست دەزانن؟

**هاوار بازیان**: یەکگرتنەوە ئەرکی هەر دیموکراتێکە، بەو مەرجەی تاکتیکی چەند کەسێک نەبێ بەڵکوو بۆ دروستکردنەوەی دیموکراتێکی بەهێز بۆ ڕۆژهەلاتێکی پڕ لە گۆڕانکاری بێ.

**ڕاوێژ**: بە گۆڕانی سکرتێری گشتیی حدک، پرسی یەکگرتنەوە چۆن ئەبینن؟ ئایا ئەمە کەسانێکی لە پشت نیە کە ڕێگری لە دابەزاندنی ئیدۆلۆژێکانی حدک بکات؟

**هاوار بازیان**: گۆڕینی سکرتێری حدک، کێشەکان دەباتەوە یەکەم ڕۆژی پاش دابڕان! بەڵێ حدک و دەستکەوتەکانی دەکەونە مەترسی و کەسانی شیاو ئەو پۆستە پڕ ناکەنەوە، لە ئەنجامدا حدک بەرە پووکانەوەی سیاسی دەبات، وای دەبینم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## یەکگرتوویی کوردی خۆرهەڵات و کۆسپەکانی

## وتووێژی گەورەژووری ڕاوێژ لەگەڵ مەجید حەقی




خوێنەری هێژا:

ئەو باسە چڕوپڕەی لەبەر دەستتە، وتووێژی گەورەژووری ڕاوێژە لە ڕایەڵەی تێلیگرام کە لەسەر مژاری "یەکگرتوویی کوردی خۆرهەڵات و کۆسپەکانی" و بە ئاوڕدانەوە لە لادان و لێکترازانی حیزبەکان لەگەڵ بەڕێز مەجید حەقی، نووسەر و چاوەدێری سیاسی و بە پێشکەشکاریی هەڵمەت مەعرووفی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی گەورەژووری ڕاوێژ لە ڕێکەوتی ٦ و ٧ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی ئەنجام دراوە.

**ڕاوێژ**: جەنابت لە تەمەنێکی کەمەوە پێشمەرگە و ئەندامی حدکا بوون، ئێستاش لە ڕێگای نووسین و دانانی سمینار و خەسارناسی هەر بەردەوامن، هەرچەند دەبا سەرەتا باسمان کدبا بەڵام چون زۆر ناسراون نەمانپرسی بەڵام ئێرە گەنجیشی زۆر تێدا تکایە جارێ با بچینە سەر باسی خۆتان، تکایە بۆمان باس بکەن مەجید حەقی کێیە؟ جا دەچینە سەر پرسیارەکانی تر.

**حەقی**: سڵاو لە ئێوە خۆشەویستان من مەجید حەقی تەمەنم 45 ساڵە. لە تەمەنی ١٢ ساڵیەوە پێوەندم بە تەشکیلاتی حیزب کرد، لە تەمەنی پانزدە سالەوە بە هۆی ئاشکرابوونی چالاکیەکانمان، بووم بە پێشمەرگە و لە ساڵی ١٩٩٠ واتە



سەرچاوە
Serchawe

دوای سێ ساڵ پێشمەرگایەتی بەهۆی ئەوەی حەزم لە خوێندن بوو بڕیارم دا دەرکەومە دەرێ و لەسەر ئیزنی مەلبەندی شیمال و بە یارمەتی ماڵی پێشمەرگەکان هاتمە تورکیا و لە ساڵی ١٩٩٢ لە فینلاندم. لێرە جیا لە چالاکیەکانی سیاسی، فەرهەنگی و ڕێکخراوەیی خەریکی خوێندن بووم، ئەندازیاری چاپم وەرگرتووە و هەروەها کارناسی ئەرشەدی (فوق لیسانس) سەنعەتی ارتباطات و فەوقی لیسانسی مدیریتم وەرگرتووە. ئێستا خوێندکاری دۆکتۆرا لە بواری ڕێبەری ستراتێژیک دام و هەروەها بەڕێوەبەری ئاکادێمی کۆمەڵگای ئاشتی و گەشەپێدانم کە کۆرسی مەجازی لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە لە بواری ڕێکخراوەیی و مدیریت ڕێک دەخەین. ئەگەر پرسیاری تریشتان هەبێت لە خزمەتم. دوو منداڵم هەن کە ئەرکی دایکێتی و باوکێتیان بە ئەستۆی خۆمە.

**ڕاوێژ**: بەو ناسنامەیە لە خەبات و پێشینەیە کە هەتانە، خەباتی کورد لە خۆرهەڵات ئەگەر خەسارناسی بکەین، بۆ درێژەدانی ڕێگا کەموکوڕییەکان چین؟ مەبەست ئەوانەی هەرە بەرچاون.

**حەقی**: ئێمە کۆمەڵگایەکی فرەرەنگین بە کولتوور، ئایین، زاراوە، و پێگەی ئابووری جیاوازەوە، ئەو جیاوازیە دەتوانێت لە باشترین حاڵەتی خۆیدا جوانترین دەوڵەمەندی بۆ کۆمەڵگامان بێت و دەکرێت ببێتە هێزێکی بەهێنەیی و ئۆپتیمال بۆ بەریوەبردنی خەباتێکی دێموکراتیک. بەڵام بە هۆی کولتووری ناسازمان و قبووڵ نەکردنی فرەرەنگی نەمانتوانیوە شێوەیەکی مدیریتی فرەکولتووری و فرەرەنگ دامەزرێنین کە هەموو تواناکان بە کار ببردرێن، کەموکۆریەکی دیکەی ئێمە نەبوونی فەرهەنگی پەروەردەی ڕێکخراوەییە، واتە ڕێکخراوەکانی ئێمە خاوەنی فەرهەنگێکی سیستماتیک نین بۆ پەروەردە و بەڕێوەبررنی هەموو تواناکان. ئێمە تا ئێستا خەباتی یەک ڕەهەند و تک بعدیمان بەڕێوە بردووە، هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا وەک خەباتی ژنان، خەباتی ئاکادێمیک، خەباتی ئابووری، خەباتی سەندیکا، خەباتی بازاریەکان، خەبات بۆ بەرهەمهێنانی خۆجێی، وێک گرێدانی خەبات لە دەرەوەی وەڵات و ناوخۆی وڵاتمان بەڕێوەمان نەبردووە.

ئەوانە هەموو ئەو کەموکۆری و خەسارانەی کە لە دەرەوەی سنوورەکانی کێشە ناوخۆییەکانی خۆمانن و بەڵام هەر بەهۆی کێشە ناوخۆییەکان نەمانتوانیوە بەکاریان بهێنین یان زۆر کەم ئاگامان لێ بووە یەکێک لە کێشەکانی ناو خۆی خۆمان نەبوونی وێک گەیشتوویی واتە هم بستگی کۆمەڵایەتی و سیاسیە، بوونی چەندین ئینشعاب و کێشەکانی پێوەندیدار بە دەسەڵاتی تەشکیلاتی بووتە هۆی ئەوەی کە هێزێکی زۆرمان بە فیرۆ بڕوات. کێشەیەکی دیکە من ناوی دادەنێم کێشەی "ورشکستگی اخلاقی" یان ئیفلاسی ئەخلاقی. ئێمە بۆ نموونە چەندین کۆمەڵەمان هەن، دوو دێموکراتمان هەن، کۆمەڵەکان هیچکامیان یەکتریان وەک ناوی خۆیان و ناسنامەیان قەبوول نیە بەڵام دوو دێموکراتیان قەبووڵە، دێموکراتەکانیش بە

هەمان شێوە، ئەمە لەلایەک نیشانەی ئانارشیزمی سیاسیە لە لایەکی دیکەوە نیشانەی بحرانی ئەخلاقی لە ناو خەباتی ئێمەدایە بۆیە نەمانتوانیوە دوای نزیک لە دەساڵ لە جیابوونەوەکانی ساڵی ٢٠٠٦ خۆمان لەو قەیرانە ڕزگار بکەین.
پرسێکی دیکەی ئێمە ئەوەیە کە ئێمە حیزب و تەشکیلاتمان گرینگتر لە کۆکردنەوە هێزەکان و بەڕێوەبەری هێزەکانی دەرەوەی حیزبەکان بینیوە و لە ئاکاماد بەشێکی زۆر لە تواناکانی کۆمەڵگا بە دەستنەخوراوی و بەفیڕوو چووە. هۆ زۆرن بەڵام بۆ ئەمشەو با ئەوەندە بێت.

**ڕاوێژ:** ئەگەر بکرێ یەکگرتوویی پێناسە بکەن. ئایا یەکگرتوویی بە واتای بوونی ستراتژی و تاکتیکی هاوبەشە؟ بوون بە یەک هێزە؟ بوونی یەک ناوەندی بڕیاردانی هاوبەشە؟ یان چی؟

**حەقی:** پرسی یەکگرتوویی، تەنیا پرسی دوێنێ نیە. پرسی ئەمرۆ و داهاتووە. ئەمرۆ زیاتر لە لە دوێنێ و سبەینێ زیاتر لە هەمووجارێ پێویستی کۆمەلگای کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. پێویستی هاورێزی، هاودڵی و هاوئامانجی نەتەوایەتیمانە. یەکگرتوویی تەنیا پێوەندی بە پیاوان یان تەنیا پرسی ژنان نیە، یەکگرتوویی پرسی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا، پرسی ژنان، لاوان، کوران، کچان و پیاوانە. با ئەوەش بڵێین لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاردا پیاوان بەرپرسی سەرەکی خوڵقاندنی پرۆسەی یەکگرتوویی و کۆتایی بە دابەشینی کۆمەڵگان. یەکگرتن و هەوڵدان بۆ یەکگرتن ئەرکێکی مرۆڤی، ئەخلاقی و نەتەوەیی هەر تاکێکی کورد بە هەموو بیرورا و ئایدیۆلۆجیەوەیە. هەرکام لە ئێمە چ ژن و چ پیاو دەبێ ئەرکی خۆمان لە پێناو یەکگرتوویی نەتەوایەتی و کردەوەیی جێبەجێ بکەین و تەنیا لە خەڵکانی دیکە داوای یەکگرتوویی نەکەین.

باسی یەکگرتوویی و چەندبەرەکی و پرژوبڵاوی کورد تەنیا دیاردەیەکی ئەو سەردەمە و سەدساڵی ڕابردوو نیە، بەڵکوو دیاردەیەکی سەدان ساڵەیە کە، یەکێک لە هۆیە هەرەسەرەکیەکانی ژێردەستی و پارچەپارچە بوونی کوردانە. ئەحمەدی خانی چیرۆکی مەم و زیندا زۆر بە جوانی پرشوبڵاوی کوردان دەخاتە بەر زمان و ئەو دەردە بە نەیاری سەرەکی کورد دەزانێت:

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک
روم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیا ژ مە تا دکر غولامی

**تەکمیل دکر مە دین و دەولەت**

**تەحلیل دکر مە عیلم و حیکمەت**

پەیامی حەزرەتی خانی پەیامێکە، کە سنووری ئایدیۆلۆژی و سنوورە دەستکردەکان ناناسێت، پەیامێکە بۆ هەموو مرۆڤێکی کورد لە هەرکوێیێکی ئەو گۆزەی زەوی هەبێت. لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا پرسی یەکگرتوویی گرینگیەیکی تایبەتی هەیە. کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دروشمی "کۆنگرەی هەوڵدان بۆ یەکریزی لە پێناو سەرکەوتندا" هەڵبژارد. دروشمێک کە دەتوانێت دەسپێکی پرۆسەی یەکگرتنەوە و یەکگرتوویی نەتەوایەتی بێت. یەکگرتنەوە و یەکگرتوویی دوو زاراوەی بێ ناوەرۆک نین. کاتێک باسی ئەو دوو زاراوەیە دەکەین و داوا لە هێز و لایەنەکان و تاکەکانی کورد دەکەین بۆ یەکگرتوویی، خۆمان بەر لە هەمووکەس بەرپرسین بۆ جێبەجێ بوونی ئەو داوایە. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە دەبێ لە ئاستی تاک و ڕێکخراوادا هەول بدەین بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندیە گشتی و هاوبەشەکان و پەرەپێدان بە بایەخە هاوبەشەکان.

ئێمە هەموو جارێ لە کۆبوونەوە، بۆنە و جەژنەکان، لە سەری ساڵ و کاتی یەکتر بینین داوا لە هەموو کەس دەکەین بۆ ئەوەی یەک بگرن و لە پێناو بەرژەوەندیەکانی نەتەوایەتیدا خەبات بکەن. خۆمان هەمووجارێ قارەمانی یەکگرتوویی و یەکگرتوویی خوازین و کەمۆکۆریەک لە هەڵسوکەوتی خۆمان نابینین بۆ یەکگرتوویی. ئەوەی گرنگە ئەوە بزانین کە نابێ ڕوانینی ئێمە بە دروشم و داواکان ڕوانینێکی ڕووەکی (ظاهری) و گوزەرا و تەنیا لە چوارچێوەی گفتگۆکانی ناو کۆبوونەوەکان دا بێت. دروشمی وا پێویستیەکی قووڵ و سەرەکیترین پێویستی خەباتی نەتەوایەتیمان لە هەلومەرجی ئێستادایە کە پێویستە بەکردەوە ڕۆشنبیران، حیزب و ڕێکخراوەکان و تاکەکاکانی ناوکۆمەڵگا لە پێناوی ئەو یەکگرتنەوەیە هەنگاو بنێن و سەنتەری خەباتی سەرەکی خۆیان بکەنە پرسی یەکگرتوویی نەتەوایەتی. هەوڵدان بۆ لابردنی دووبەرەکی و دژایەتی پێویستی بەوە هەیە کە ئاستی وشیاری نەتەوایەتی خۆمان بە ڕادەیەک بەرز کەین کە بتوانین تێگەیشتووییەکی هاوبەشمان هەبێت لە پرس و بایەخە هاوبەشەکاندا. لە باسی ئەمردا هەوڵ دەدەم بە کورتی باس لە کۆسپەکانی سەر ڕێگای یەکگرتوویی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم و هەندێک پێشنیاریش لە پێناو یەکگرتوویی نەتەوایەتی پیشکەش بکەم. بەو هیوایە دوای ناسینی کسپەکانی سەرڕێگای یەکگرتوویمان بەهەموومانەوە هەوڵی جیددی بدەین بە نەهێشتنیان و خەبات بکەین لە پێناوی یەکگرتوویی ئامانجدار و سەرکەوتووانە.

کەوابوو واتای یەکگرتوویی نەتەوایەتی یەکیەتی نەتەوایەتی گرینگترین هۆیەکانی سەرکەوتنی هەر نەتەوەیەک و بەرەوپێش چوونی ئەونەتەوەیە. یەکیەتی بە واتای پێوەندی واتاداری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا واتە بە واتای نەتەوە، حیزب و ڕێکخراوەکان و پێکهێنەرانی ئەو نەتەوەیەیە. بۆ نەتەوەکانی خاوەن دەڵەت بە واتای یەکیەتی نێوان دەوڵەت و

نەتەوەیە بۆ ئێمە وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بە واتای یەکیەتی نێوان ڕێکخراوەکان و پێکهێنەرانی کۆمەڵگا لە پێناو گەیشتن بە سەروەری نەتەوایەتی و ڕزگاری هەتاهەتاییە.

**ڕاوێژ: لە ئێستادا یەکگرتوویی نێوان هێزەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینن؟**

**حەقی**: هەموو هێزەکانی کوردستان ئیدعای یەکگرتوویی خوازی دەکەن، هەموویان دروشمی یەکگرتوویی خوازانەیان هەیە، بەڵام بەکردەوە هێزەکانی کوردستان زۆر دوورن لە یەکگرتوویی و هاوکاری بە کردەوە هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر لێگەر و چالشەکانی خوارەوە کە بە کورتی عەرزتان دەکەم:

ئیفلاسی ئەخلاقی و نەبوونی یەکگرتوویی

نەبوونی تێگەیشتنی هاوبەش لە یەکگرتوویی

بیری ڕەها (مطلق اندیشی)

عەشیرەگەری و تایفەگەری

حیزبەکان گەورەتر لە نەتەوەن

a. لە ناو حیزبەکاندا ناوچەگەرایی

b. باندبازی و دەسەڵاتخوازی

c. گەندەڵی سیاسی و تەشکیلاتی

قەیرانی ناسنامە (دروشم، کردەوە و قەوارەی تەشکیلاتی)

قەیرانی ڕێکخراوەیی

خۆسەپاندن و خۆناوەند دیتن

نەبوونی پەروەردەی نەتەوەیی

جیاوازی زایەندی (جێندەری) لە کارو ڕێبەری دا

ئینشعاب و لێکترازانەکان و نەگەران بە دوای ڕیشەی لێکترازانەکان

کێشە شەخسیەکان

پرسی نەسڵەکانی ناو جوڵانەوە

قەیرانی بڕوا

**ڕاوێژ: پێتان وا نیە پێش مەرجی یەکگرتوویی، یەکگرتنەوەیە؟ ئەو لەت بوون و دابڕان و جیابوونەوانە، کۆسپی سەرەکیی یەکگرتوویی نین؟**

**حەقی**: لەت بوون و دابڕان بەشێک لە پرۆسەی پرشوبلاوی کوردەکان بە گشتیە لەگەڵ ئەمەش کۆمەڵگایەک کە پۆلاریزە بووە زۆر بە ئاسانی لە هەمبەر لێگەر و چالشەکاندا بەجیاتی گەران بە دوای چارەسەریەکان، هەڵاتن لە چارەسەریەکان هەڵدەبژێرێت کەوابوو بەڵێ دابڕان و جیابوونەوەکان یەکێک لە هۆیەگریگەکانی نەبوونی یەکگرتووییە بەڵام ئەو هۆیانەی کە دابڕان و جیابوونەوە پێک دێن، گرینگترین جیابوونەوەکان ئەنجامی هەندێک هۆن کە ئێمە خۆمان لێنەداوە و نەمانتوانیوە بە جوانی باسی بکەین و ڕیشەیابی بکەین هەرکردەوەیەک ئەنجامە هەندێک هۆن کە دەبێ هۆیەکانی بزانین.

**ڕاوێژ**: بەڕای ئێوە بێ یەکگرتوویی لە نێوان حیزبەکان، خەڵک دەتوانن یەکگرتوو بن؟

**حەقی**: خەڵکی کوردستان خەڵکیکی سیاسین بە فەرهەنگی خێڵەکی و عەشیرەییەوە، بەو واتایە کە بە هۆی گرێدراوەیی خیلەکی، خزم خزمێنی و ناوچەگەرایی بە سەر حیزبەکاندا دابەش کراون، یەکگرتوویی حیزبەکان بیگومان دەبێتە دینامیکی یەکگرتوویی نەتەوایەتی.

**ڕاوێژ**: ئەگەر بکرێ ئەو خاڵەمان بۆ شی بکەنەوە کە فەرمووتان: "حیزبەکان گەورەتر لە نەتەوەن" ئەگەر بکرێ بە نموونەش.

**حەقی**: لە پرۆسەی لێکدابرانەکاندا، ئەوەی کە لە هەموو شتێک گرینگتر بوو قازانج و بەرژەوەندی گرووپی، جناحی و ناوچەیی بوو. لە پێوەندی لە گەڵ پرسە نەتەوایەتیەکاندا، حیزبەکان بەرژەوەندی نەتەوایەتی لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە شێ دەکەنەوە نەک پێچەوانە، بۆیە بە کردەوە بەرژەوەندی حیزبەکان لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی گەورەتر دەبێت و ئەمەش لەمپەری سەرکیە لە بەرامبەر یەکگرتوویی و هاوکاری بەکردەوەدا.

**ڕاوێژ**: پرژ و بلاوی حیزبەکان تا ئێستا چ زیانێکی بۆ سەر خەباتی ناوخۆ و بۆ سەر پەسیو و ناچالاک بوونی خەڵک و کۆمەڵگای مەدەنی هەبووە؟

**حەقی**: لە ڕووی بەڕێوەبەری و ڕێبەریەوە، یەکێک لە گەورەترین و بەرچاوترین زیانەکان لەکیس چوونی هیز و ئێنێرژیەکی زۆری خەبات بۆ دژایەتی لە گەڵ یەکتر و "خونسا" کردنی "پلانەکانی یەکتر" دژی یەکتر بووە. ئەو لێکدابراوانە بووتەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا ببێتە ئەنباری ئێنێرژی نەرێنی و بەوە جەوی بێ بڕوایی و قەیرانی بڕوا لە ناو کۆمەڵگادا بخوڵقێت،

ئاسەواری ئەو لە هەمووو بوارەکانی کار، پیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیەوە بگرە تا کارو چالاکی ئابووری دەبیندرێت.

ڕاوێژ: لە ئێستادا حدکا دەستی کردووە بە خەباتی چەکداری ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەندێ حیزب و لایەن بە ئاشکرا لە ڕێبەرییەوە بگرە تا ئەندامی ئوروپاش نەک لەگەڵی نین بەڵکوو بە دژی وەستاونەوە. ئایا یەکگرتوویی لە دۆخێکی ئەوتۆدا دەکرێ؟

**حەقی**: من پێموایە هەڵەیە ئەگەر هەموو "تمرکزی" خەباتی حیزبی دێموکرات لە ڕاسانەوەدا لە خەباتی چەکداری ببینین. حدکا شی کردنەوەیەکی هەمەلایەنانە لە پێوەندی لە گەڵ فەلسەفەی ڕاسانەوە و قۆناغی ڕاسانەوە قەرزاری خەڵکی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانیە لەو پیوەندیەدا ڕۆلی ڕاگەیاندنی حیزبی زۆر لاواز و یەک لایانە بووە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت لە پیوەندی لە گەڵ پرسە هاوبەشەکاندا هەڵوێستی هاوبەش هەبێت.

دکتۆر سەعید لە کۆنگرەی نۆهەمدا پێشنیاریکی بەجێی کرد: "لێگەڕێن با هەرکەس بە قەرای توانا و ئیمکاناتی خۆی بەشداری لە خەبات دا بکات و ڕێز لەو بەشداریە بگیرێت". لەکاتی وادا ئێمە دەتوانین یەکگرتووییەک لە سەر بنەمای تواناکان و ئامانجە هاوبەشەکان دابنێین.

ڕاوێژ: لە درێژەی پرسیاری پێشوو، بۆ ئەوەی کە یەکگرتوویی ساز بێ پێتان وایە دەبێ حدکا لە خەباتی چەکداری پاشگەز بێتەوە یان ئەو حیزب و لایەنانە لە هەڵوێستی خۆیان دابەزن؟

**حەقی**: ڕۆلێ ڕێبەری جۆلانەوە ئەرکێکی قورس دەخاتە ئەستۆی حیزبی دیموکرات، حدکا وێرای درێژە پیدان بە ڕەوتی ڕاسانەوە دەبێ ڕاسانەوەیەکی سیاسی و دیپلۆماتیکیش دەست پێ بکات، بۆ ئەوەی هێز و تواناکان لە دەوری دروشمەکانی ڕاسانەوە کۆ بکرێنەوە. لەو پێوەندیەدا من پێموایە پێویستە کاری زیاتر بکرێت. نە تەنیا واز لە ڕاسانەوە نەهێنرێت بەڵکوو فراوانتر و قووڵتر بکرێت و هاوکات هاوکاری هێز و لایەنەکان بکرێت بۆ دۆزینەوەی هاوبەشیەکان.

ڕاوێژ: باستان لە قەوارەی تواناکان کرد و ئاماژەتان بە قسەیەکی شەهید دوکتور سەعید لەمبارەوە دا، ئایا مەبەستتان ئەوەیە کە هەموو حیزبەکان، توانای ئەو چەشنە لە خەبات و گەڕانەوەی بەرین بۆ ناوخۆیان نیە؟

**حەقی**: نە هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان توانای هێزی چەکداریان هەیە، نە بڕوا و نەش پێویستە. ئەزموونی ڕۆژاوای کوردستان سەرەرای هەموو کەموکۆریەکانی جێگای سەرنجە: یەک هێزی چەکداری یەکگرتوو و بە فەرماندەییەکی هاوبەش و ناوەندی دەتوانێت کاریگەتر لەوە بێت کە چەندین هێزی چەکداری بە ئامانجی سیاسی جیاوازەوە لە کوردستان هەبن. ئەوانی دیکە دەتوانن لە بوارەکانی دیکەدا هاوکاری بکەن.

**ڕاوێژ**: یەکگرتوویی و یەکگرتنەوە ٢ لایەنەیە، مادام نابێ واز لە ڕاسانەوە بهێندرێت و لایەنەکانی تریش ئامادە نەبن پەیوەست بن، چ چارەیەکی تر دەبێ؟ واتا دەبێ چ بکرێ کە حەتمەن پەیوەست بن؟

**حەقی**: یەکەم شت ئەوەیە ئێمە چۆن ڕاسانەوە شی بکەینەوە، بەشێوەیەک کە هەموو کەس خۆی تێدا ببینێتەوە؟ ئەوە ئەرکی سەرەکی حدکا یە، دەبێ ڕاسانەوە وەک پرۆژەیەکی نەتەوایەتی و قۆناغێکی نوێ بە وردی شی بکرێتەوە، بایەخەکانی باس بکرێت و خەڵک تەنیا ڕاسانەوە لە هێزی پێشمەرگە و چەکداردا نەبینێت. ڕاسانەوە نابێت "تک بعدی" بێت

**ڕاوێژ**: باسی ڕۆژئاوای وکردستانتان کرد، بەڵام لەوێ بە دیکتاتۆرییەت بۆتە یەک هێز، هێزی تر لە پشتەوەی سنوورن و لە هەمان کاتێشدا ئەو تەک هێزیە بۆتە هۆکاری هاتنە ئارای باسی پەیوەندیی یە پەگە و ئێران و حیزبوولا و لە هەمان کاتیشدا ئەوەتا لە کۆبانێ ناچار پێشمەرگەی باشوور چوو، کەواتە دیسانیش ئەو تاکگەراییە باش نیە و ناچارین بە پلۆرالیزم، وانیە بەڕای ئێوەش؟

**حەقی**: دەبێ ئێمە "ارزش گذاری" بکەین لەو پێوەندیەدا، لە کاتی شەردا دێموکراسی و پلۆرالیزم شتێکی بێ واتایە بۆ نەتەوەیەک کە جاری هیچێ لە سەر عەرزی واقعدا نیە. هیزەکانی سیاسی ڕۆژاوا هەموو لەوێ چالاکی سیاسی - ڕێکخراوەیی دەکەن بەڵام ڕێگا نادرێ هێزی چەکداریان هەبێت. بوونی چەند هێزی چەکداری ئاستی ریسکی شەری ناوخۆیی بەرزتر دەکاتەوە کە لەو هەلومەرجەدا کورد هیچ پێویستیەکی پێی نیە هەروەها پێمخۆشە ئەزموونی ساڵی ١٣٦٣ تا ٦٧ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەبیرمان بهێنمەوە کە بەشەکی دەگەرایەوە سەر پرسی بوونی چەندین هێزی چەکدار بە ئامانجی جیاوازی سیاسیەوە.

**ڕاوێژ**: کەوایە بەڕای ئێوە باشتر نیە لە جیاتی هەبوونی هێزی سەر بە یەک حیزب، هێزێک لە هەموویان پێکبێ وەک ئەوەی کە دێموکرات و کۆمەڵە کردوویانە لە خۆرهەڵات؟

**حەقی**: پلۆرالیزمی سیاسی پێویستە، بەڵام کورد پێویستی بە پلۆرالیزمی چەکداری نیە لە ڕاستیدا ئەگەر بمانهەوێ سەرکەوین، دەبێ خاوەنی هێزێکی چەکداری هاوبەش، لە ژێر فەرماندەییەکی هاوبەش بین، کە دوور بێ لە سیاسەتی حیزبی. حیزبە سیاسیەکان با سیاسەت بکەن و هیزە خەباتکارەکانی چەکداریش خەباتی چەکداری بەرێوە بەرن بەبێ ئەوەی حیزبایەتی بکەن. لەو پیوەندیەدا من دووساڵ لەمەوبەر وتارێکم نووسی لە ژێر ناوی پیویستی "کۆنفرانسی ڕۆژهەڵات" و خالە سەرەکیەکانی ئەو کۆنفرانسەم پێشنیار کردو پێموایە ئەو خاڵانەی لەوێ باس کران، ئێستاش دەتوانن ببنە بنەمای کاری هاوبەش و بەها هاوبەشەکان.

**ڕاوێژ**: کاک مەجید ئەو ڕێگەنەدان بە هێزی حیزب و لایەنەکانی تر بۆ ئەوەی هەبن و بەشدار بن، پێتان وا نیە خۆی سەرچاوەی نایەکگرتوویی و تەنانەت شەڕی براکوژییە؟ خۆ هەموو حیزبەکانیش بێ هێز نین، با ڕاشکاوانە بڵێم لە سبەی ڕۆژهەڵاتدا چۆن ئیزن و ڕێگە بە پارتی ئازادی نادەی کە لە لایەن لایەنێکیشەوە پڕچەک کراوە؟

**حەقی**: من پێموایە بۆ ئەوەی لە قەیرانەی داهاتوودا ڕزگارمان بێت، هەوجەیە هێزی چەکداری هاوبەشمان هەبێت با بلێن پێشمەرگەی نشتیمانی، ئەوکات پارتی ئازادی، حدکا، حدک، کۆمەڵەکان و هتد دەتوانن بە قەرای هیزی ماددی و سیاسیان بەشداری لە شکڵدانی هێزێکی وادا بن و پێکەوە خەبات بکەن، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە سیاسەتکردندا بە جیاتی بیرلەوەی کە چۆن هێزی چەکداری خۆمان وەک "کیش" لە بەرامبەر یەکتر بەکار بەرین، بیر لەوە بکەینەوە چۆن سیاسەتێکی خزمەتگوزارانە و خەلکیتر هەڵبژێرین و جێی پەسەند و ڕاکشانی خەڵک بین. ئێمە بە بڕوای من پێویستە ئەلف و بێی خەباتی نەتەوایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێی پیویستیەکانی ئەمرۆ و سبەینێ دارێژین چونکە ئەزموونی ڕابردوو سەرکەوتوو نەبووە.

**ڕاوێژ**: نیشتەجێ بوون لە کوردستانی باشوور، چەندە لەمپەرە بۆ یەکگرتوویی حیزبەکانی خۆرهەڵات؟

**حەقی**: مرۆڤ بەرهەمی ژینگەیە، ژینگەی باشووری کوردستان بەداخەوە ژینگەیەکی تەندوروست نەبووە. هەم ڕژیم کاری زۆری کردووە بۆ خوڵقاندنی دووبەرەکی و هەم بەرژەوەندیەکانی حیزبەکانی باشوور بووتە هۆی ئەوەی نەتوانین پێکەوە بژین. ئێمە دەمانتوانی سەرکەوتووتر بین، بەمەرجێ خۆمان زوو لە گەڵ هەلومەرجی باشووردا بگونجاندایە و بۆ نموونە دەستمان بکردایە بە پەروەردەیەکی سیستماتیک و خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناغەکانی دواتر.



سەرچاوە
Serchawe

ڕاوێژ: نیشتەجێ بوون لە کوردستانی باشوور بە ڕای خاوەن ڕایان وایکردووە کە حیزبەکانی خۆرهەڵات و بەتایبەتیی لایەنە جیابووەکان بۆ وەرگرتنی هێز و مەشرووعیەت، بەسەر حیزبەکانی باشوور و باکوردا دابەش بوون، ئەوە تا چەند ڕاستە و ئەگەر ڕاستە چ زیانێک بە یەکگرتوویی دەگەیێنێت؟

حەقی: کێشەی سەرەکی ئێمە لە ژینگەی باشووری کوردستان، بەهێز بوونی هەست و فەرهەنگی خێڵەکی، ناوچەگەرایی و عەشیرەیی و لاواز بوونی فەرهەنگی نەتەوایەتی و نەتەوە ویستی بووە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە بەرژەوەندیە بچووکەکان ئەوەندە گەورە بکرێن کە بەرژەوەندی باڵای نەتەوایەتی نەبیندرێت و ئێمە تووشی قەیرانی بڕوا بین کۆماری ئیسلامی زۆر زیرەکانە و بە خەرجێکی کەمەوە توانی لە ڕێگای خوڵقاندنی نیازی "کاذب" و بێ جێ لە ناو کۆمەڵگادا، ڕێبەرایەتی حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات بەرەو لێکترازان و لێکدابران ڕێبەری بکات و بە هۆی نەبوونی فەرهەنگ و ستراتێژی "بەڕێوەبەری قەیرانەکان" بەجیات چارەسەری کێشەکان تووشی لێکدابران بووین.

ڕاوێژ: ڕێکاری یەکگرتوویی لە کوردستانی خۆرهەڵات چیە؟ واتا چ پلان و بەرنامەیەکی کورت مەودا یان مامناوەند مەودا هەیە؟

حەقی: لە پرۆسەی لێکدابرانەکاندا، ئەوەی کە لە هەموو شتێک گرینگتر بوو قازانج و بەرژەوەندی گرووپی، جناحی و ناوچەیی بوو. لە پێوەندی لە گەڵ پرسە نەتەوایەتیەکاندا، حیزبەکان بەرژەوەندی نەتەوایەتی لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە شی دەکەنەوە نەک پێچەوانە، بۆیە بە کردەوە بەرژەوەندی حیزبەکان لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی گەورەتر دەبێت و ئەمەش لەمپەری سەرکیە لە بەرامبەر یەکگرتوویی و هاوکاری بەکردەوەدا. یەکگرتوویی پێویست بە ئامادەکردنی زەمینەو جێبەجێ کردنی هەندێک هەنگاو دەکات کە بە شێوەی خوارەوە پێشنیار دەکەم:

هەوڵدان بۆ وێکگەیشتنی کۆمەڵایەتی

پێکهاتن لە سەر بایەخە هاوبەشەکان (حداقل)

شی کردنەوەی هاوبەشی یەکگرتوویی نەتەوایەتی

دیاری کردنی ستراتێژی نەتەوایەتی

"محور" قەرار گرتنی پرسی نەتەوایەتی

پرسی بەها هاوبەشەکان و خۆپاراستن لە هۆیەکانی کێشەخوڵقێنەر

جێبەجێ کردنی ڕەوتی یەکگرتوویی و کۆتایی هێنان بە ڕەوتی لێکترازان



سەرچاوە
Serchawe

هاوسازی قەوارە و دروشمە سیاسیەکان

بەشداریی لانی کەمی ڕێژەیی ژنان لە بەڕێوەبەری و بڕیارداندا

هاوبەشی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا

هاوخەباتی کۆمەڵگای مەدەنی لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات و هاوکاری هەموو لایەنەکان

ناسینی پیلانەکانی نەیارانی گەلی کورد و بەرزکردنەوەی هۆشیاری هاوبەش بۆ خۆپاراستن لە پیلانەکانی دوژمن

گەشە پێدانی هەستی بڕوای کۆمەڵایەتی و سیاسی

پێکهێنانی زەمینەی بەشداری گشتی لە کار و چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا

گەشە پیدانی ڕێبەری هاوبەش

**ڕاوێژ:** لە وڵامی یەک دوو پرسیاردا باستان لە تووش بوون بە "قەیرانی بڕوا" کرد، دەکرێ بۆمان شیبکەنەوە؟ خۆ هەموو حیزبەکان لایان وایە لەسەر ڕێچکە و ڕێبازی خۆیانن و تەنانەت کۆمەڵەش لە ٢٠٠٠ بەولاوە بەرەو نەتەوەیی بوون هاتووە.

**حەقی:** قەیرانی بڕوا یا "بحران اعتماد' دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و جەهانگیرە کە لە ساڵی ٢٠٠١یەوە بە شێوەیەکی خێرا هەموو جیهانی تەنیوەتەوە. کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و پارچە پارچە وەک جەستەیەکی نەخۆش دەچێت کە بچووکترین ڤایرۆس دەتوانێت نەخۆشیەکەی قووڵتر بکات. یەکێک لە کێشەکانی ناو ڕیزەکانی خەباتی کوردستان بوونی قەیرانی بڕوایە، بە شێویەیەک کە سەرەرای ئەوەی کە هەموو لایەک باس لە نیازپاکی خۆی دەکات، هەمیشە لە نیازی لایەنی بەرامبەر بەگومانن.

کێشەکە تەنیا لە هەڵبژاردەی دروشمی سیاسی نیە، پرسەکە لە دیاردەیەکە کە کەمتر کار بۆ نەمانی دەکرێت. ئەمڕۆ دەبینن لە کوردستانیش کەمتر خەڵک بڕوای بەیەکتر دەکەن و هەمیشە لە هەموو گفتگۆکاندا وابیردەکەینەوە کە لایەنی بەرامبەر دەیهەوێ کڵاوامان لە سەر دابنێت، ئەمە واتە قەیرانی بڕوا (بحران اعتماد).

**ڕاوێژ:** هاوڕێیان داوا دەکەن ئەو چەمکە واتا "خوڵقاندنی نیازی بێ جێ لە ناو کۆمەڵگادا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە" زیاتر شی بکرێتەوە، تکایە.

حەقی: سەردەمانێک کە ئێمە لە قەندیل بووین: شتێک بە ناوی جیاوازی چینایەتی نەبوو، هەموو پێشمەرگە و خەباتکارێک هاوسان و وەک یەک بوون، جیاوازی داهات لە پێشمەرگەوە تا سکرتێر ئەوپەڕەکەی ١٠ هێندە بووە. ئێستا نیازەکانی ماددی، ماددی گەرایی، کێشە کۆمەڵایەتیەکان، ژیانی بورژوازی مەسنوعی و مەسرەفگەرایی ڕووی کردووە بە ڕێبەرایەتی حیزبەکان و بە پێی ئەو بۆ ناو ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگەکانیشدا، ئەوە ئەو نیازانەن کە مرۆڤ لە خەتی سەرەکی خەبات بەلاڕێ دا دەبەن و نیازی سەرەکی کە بریتی بێت لە خۆپێگەیاندن و بەرەوپێش چوون لاواز دەکەن. هەمووی ئەوانە بەرهەمی تەبلیغات و شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامی دژی خەڵکی کوردستان و ڕێبەری جووڵانەوەی کوردستانن.

ڕاوێژ: کوتتان کە خەباتی ئێمە تا ئێستا تەک ڕەهەندی بووە بەڵام حیزبەکان ڕێکخراوی لاوان و ژنان و خوێندکارانیان هەیە و دەڵێن چالاکیان هەیە، ئایا ئەوە خەباتی فرەڕەهەندی نیە؟

حەقی: هەموو ڕێکخراوەکانی سەربە حیزبەکان تەنیا یەک ئامانجیان هەیە: پەروەردەی کادر بۆ حیزبی خۆیان، ئەوان لە پێوەندی لە گەڵ پرسی لاوان، پەروەردەی لاوان، ژنان و کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە پرۆژەیەکی ئەوتۆیان جێبەجێ نەکردووە یا تەنانەت دانەڕشتووە کە پیوەندی بە ژیانی لاوانەوە هەبێت. من ساڵهایە لە گەڵ یەکیەتی ژنان و لاوان کار دەکەم و لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو کێشانە هەم. بەداخەوە خاوەنی پرۆژە و بەرنامەی تایبەت بە پرسی لاوان یان ژنان نین بۆیە نەمانتتوانیوە لاوی زۆر بۆ ڕێبەری حیزب و ژنی بەرچاو بۆ ڕێبەرایەتی کۆمەڵگا پەروەردە بکەین. ئەوانە ڕێکخراوی "یدک"ن.

ڕاوێژ: حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە زۆربەی هەرە زۆریان بەرنامەیان نەتەوەییە، دیسانیش پێک ناکۆکن و ئەوەتا ناکرێ بەرەیەک پێکبێنن، لەو ناوە پ کاکاش بۆتە سەرباری پرسەکە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە پ کاکا لە ئێستادا بەرنامەیەکی نەتەوەیی نیە، ئێوە ئەوەی بە خەسار دەزانن یان نا؟

حەقی: بەرنامەی نەتەوەیی بە بێ بڕوای نەتەوەیی ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، یەکێک لە قەیرانەکانی حیزبەکانی کوردستان - ڕۆژهەڵاتی کوردستان، قەیرانی ناسنامەیە، ئەوان بەرنامەی سیاسیان باس لە دابەشکردنی دەسەڵات لە گەڵ ناوەند بە شێوەی ڕێژەیی و فیدرالی دەکەن، بەڵام سیستەمی بەڕێوەبەریان سیستەمی تمرکزگەرای بەهێزە،ئەم جیاوازیە دەبێتە هۆی کێشە گەلێکی زۆر کە دەتوانێت ناوی "تشنج" ڕەفتار بوترێت.

پ.ک.ک سەرەرای هەموو کەمووکۆریەکانیەوە لە ڕوانگە بەرنامەی سیاسی و ساختاری تەشکیلاتیەوە زۆر وێکچوونی هەیە و هۆی سەرکەوتنی لە مەیدانی عەمەلیشدا ئەوەیە. لەوبوارەدا من هیوادارم بەبێ تاوانبارکردن بە لایەنگری، کاتی ئەوەمان هەبێت ڕۆژێک بە وردی باسی ئەو مەسەلەیە بکرێت.

**ڕاوێژ**: **شەوی ڕابردوو باسی یەکگرتوویی هێزتان کرد بەڵام پ کاکا بەپێچەوانەی حیزبەکان خۆی چەندین هێزی هەیە، ژنان بە جیا و کۆدار و پژاکیش بە جیا و لەوانەیە لە داهاتوودا هێزی هەورامان و کەلهوور و کرمانج و... تاد، دابنێ، پێتان وایە ئەوە خەسارێکی زۆر نیە و دژ نیە بە یەکگرتوویی؟**

**حەقی**: ئەگەر ئیجازەم بدەن با نموونەیەکی ڕێژەیی (مقایسەای) بهێنمەوە: سەردەمانێک حیزبەکانی لێنینیستی، مائۆئیستی و بە ئیزمەکانی دیەکشەوە لە کوردستان و ئێران هەبوون. ئەوان هەرکات لە شورەوی یان چین باران بباریایە، لە وڵاتی خۆمان چەتریان دەگرت. ئەوانە حیزبی ئایدیۆلۆژیک بوون. پرۆژەی سیاسی پکک و ئایدیۆلۆژیەکەی دەکرێ وەک حەرەکەتی مائۆئستەکان یان خود لێنینیستەکان بزاندرێت، حیزبی ئایدیۆلۆژی لە هەر چوارپارچەی کوردستان دامەزراوە کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژیەوە گرێدراو بە بەرێز ئۆجەلانن، ئەگەر ئەم ڕاستیە قەبوول بکەین، پیم وایە دەتوانین خاڵی هاوبەشی زۆر لە گەڵیان بدۆزینەوە، بەڵام ئەوەش دەبێ لەبەرچاو بگرین کە حیزبە ئایدیۆلۆژیەکان هەمیشە ڕەها و موتلەقگەران و خۆیان ناوەندی جیهان دەبینن مەگەر کاتێک کە زۆر لاواز بن.

لە پێوەندی لە گەڵ پرسیارەکەتان، پکک پێم وایە لە ڕێگای هێزدارکرندی بەشە جیاوازەکانی کوردستان بە باشترین شێوە لە تواناکان و پۆتانسیەلەکان کەڵک وەردەگرێت بەڵام لە پێناو ئایدیۆلۆژیەک کە بە دڵی ئێمە نیە و زۆر ناتوانێت خزمەتی بەرەوپێش چوون بکات، ئەمە ئەزموونێکی بەهیزە بۆ ئێمە لە ڕۆژهەڵات کە بناخەی خەباتی خۆمان سەر لە نوێ و بە خوێندنەوەیەکی نوێیەوە ئەنجام بدەین، بزاڤی گاندی، ئەفریقای باشووری و ئەمریکای لاتینیش هەمان شێوەی بەکار هێناو سەرکەوتوو بوو.

ئێمە دەتوانین نموونە سەرکەوتووەکان وەک ئەزموون بەکار بهێنین بۆ بەهێزبوونی خۆمان. کێشەکە لەوەدانیە کە پکک چ دەکات، پرسەکە لەوەدایە ئێمە چ دەبێ بیکەین بەڵام ئەنجامی نادەین.

ڕاوێژ: بوونی ئایدیۆلۆژیی داخراو کە کەسی تر قەبووڵ ناکا، یەکێک لە خەسارە گەورەکانی بزاڤی کورد نیە؟ خەسارێک کە براکوژیی کێلەشینی لێکەوتەوە و لە هەمان کاتیشدا دەیهەوێ هەموو کوردستان ڕاوەستێ تا باکوور ئازاد دەبێ و لە سەربەخۆیی خوازییەوە ئێستا باسی خۆسەریی دێموکراتیک یان هەمان خودموختاری دەکات؟

**حەقی**: هیچ ئایدیۆلۆژیەک کراوە نیە، هەموویان خۆیان بە سەنتری جیهان دەناسن چونکە خۆیان تاقە چارەسەرین، بەڵام خەباتی نەتەوایەتی ئەگەر خاوەنی یان ئایدیۆلۆژی یان پەروەردەیەکی سیستماتیک و خاوەن بەرێوەبەریەکی پەروەردەکراو و بە ستراتێژیک نەبێت ناتوانێت سەرکەوتوو بێت. ساڵی ١٣٦٠ بەدواوە حیزب بە ڕێبەری قاسملوو زانکۆ دواتر فێرگەی سیاسی نیزامی دانا کە بە پێی سەردەم بەداخەوە لە ڕەسالەتە سەرەکیەکەی دوور کەوتەوە، بۆیە ئێمە نەمانتوانیوە هەموو پۆتانسیەلەکان بەکار بهێنین.

ڕاوێژ: پرسیاری هاوڕێیەک: لەو ناکۆکی و یەکنەگرتووییەدا کام لایەن لە حیزبەکان تاوانبار ترن هۆکاری خۆ دور گرتن و لە مپەر دروست کردن بۆ یەکگرتن لای ئەوان چییە؟ چونکە حیزب دەبێ ڕابەرایەتی گەل بکات و گەل متمانە بە حیزب و ڕابەری خۆی بکات ئایا هیچ ئەرکێک ناکەویتە سەرشانی هاونیشتمانیان کام حیزب لە زۆرترین کار و هەوڵدانی ڕاستی هەیە بۆ دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵات.

**حەقی**: بۆ ئەوەی کە مرۆڤ تاوانبار دەستنیشان بکات، دەبی بۆخۆی بەتەواوی بێ لایەن بێت، من بێلایەن نیم بۆیە ناتوانم دیاری بکەم کێ تاوانبارە. هەمووماک هەموو ڕێبەرانی حیزبەکان بە ڕادەی بەرپرسایەتیان تاوانبارن. چونکە بەشی هەرەزۆری کێشەکانمان کێشەی شەخسی و ئیگۆیزمە، ئێمە ئەگەر خۆمان لە ئیگۆیزم ڕزگار بکەین دەتوانین خاڵی هاوبەش بدۆزینەوە کێشەکان چارەسەر بکەین.

ئەمرۆ لە شوێنێک بووم کە دوو کەس چوارساڵ بوو کێشەیان هەبوو، من تەنیا بە هێنانە نموونەی "هاوبەشی انرژی منفی و زبڵدانی پر لە بۆن" توانیم ئەو دۆستانە ئاگاداری ئەو ئیگۆیە بکەم کە نەیدەهێشت ئەوانە پێکەوە بدوێن. پێموایە ئێنیرژی مەنفیەک کە لەدەوری خۆمان دروست کردووە یەکێک لە هۆیەکانی سەرەکین. ئێمە کاتێک دوو لایەنی کێشەین، بۆ چارەسەری کێشەکان پێویستمان بە مێنتۆر، لایەنی سێهەم هەیە کە هاوکارمان بێت بۆ دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانمان، دەبێ لەسەرەتا بەبڕیار بین بۆ ئەوەی بتوانین پێک بێن و سەرەتا لە سەر تەواویەت دواتر بڕۆینە جوزئیات. لە مدیریتی کێشەکان لە کوردستاندا بە پێچەوانای ئەمە جووڵاوەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**ڕاویژ**: با بچینەوە سەر پرسی لیک ترازانی حیزبەکان، ئیوە چەند بە یەکگرتوویی حیزبەکان لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا گەشبینن؟

**حەقی**: کاتی خۆی لە شەری یەکی کەنداودا وەزیری دەرەوەی تونیس وتی "دەبێ ڕدێنی خۆمان بتراشن دەنا پێمان دەتراشن"، ئەگەر بۆخۆمان یەکنەگرین ناچارمان دەکەن یەکگرینەوە. من لە داهاتوویەکی نە چەندان دوور لەوانەیە پێنج تا ١٠ ساڵی داهاتوو بە دڵنیاییەوە بەباوەڕم بە یەکگرتنەوەی دووبارە. پێویستمان بەوە هەیە نەوەیەکی نوێ بێتە سەرکار بۆ ئەوەی کێشەکۆنەکان بەشێک نەبن لە چارەسەریەکان بەڵکوو بەشێک بن لە مێژوو و ئەزموون بن بۆ داهاتوو.
**ڕاویژ**: ئەو بێ لایەنییە یان بوونی لایەنی سێیەمە بەڕای من زۆر گرنگە، هۆکاری سەرنەکەوتوویی هەوڵی کەمپەینەکانیش هەر ئەوە بوو، من خۆم لە پێکهێنەرانی کەمپەینی یەکی بەفرانبار بووم بەڵام بەداخەوە هەر کەس بۆ لایەکی دەکێشا و کەسی بێ لایەن نەبوو کە ئەوەش لە ئەنجامدا مەرگی کەمپەینی بەدواوە بوو. بەڵام بەڕای ئێوە لایەنی سێیەم دەتوانێ کێ بێ بۆ نموونە بۆ پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان؟

**حەقی**: لایەنی سێهەم دەتوانێت کەسانێکی شارەزا لە بوارەکانی بەڕێوەبەری، بەرنامەرێژی، ستراتیژیک سیاسی و حقووقی بێت کە بتوانن لە دەرەوەی سنووری بەرژەوەندیەکانی تەشکیلاتی پێکەوە پرۆژەیەک دابرێژن و ئەوکات ئەوانە بۆ پێکهێنان لە کەناری یەکتر دابنێن. ئەوانە پێویست ناکات کوردی ڕۆژهەڵات بن یا خود تەنانەت گەر کوردی ڕۆژهەڵاتیش بن دەتوانن لە کەسانێک بن کە لانی کەم لەلایەن هەردوو بەشی بۆ نموونە دیموکراتەوە جێگای ڕێز و بڕوا بن.

گرینگترین شت لەو پێوەندیەدا دیاری کردنی پێوانەیەکی هاوبەشە، پیوانەی هاوبەش بە دروشم و هەست و احساس نابێت دەبێ تعریف کرابێت، پرسیار بۆ هەردوو لایەن ناردرابێت و لەرووی ئەو پرسیارانەدا پلانێک دابرێژرێت کە هەرردوو لای کێشەکان خۆیان تێدا ببیننەوە.

**ڕاویژ**: تا چەند لاتان وایە گەڕانەوە بۆ قەندیل و کێلەشین و بە گشتی بۆ چیاکان، پێشەکیەکی پێویستە بۆ یەکگرتنەوە و یەکرێزی؟

**حەقی**: گەرانەوە بۆ قەندیل و کێلەشین دەبنە هۆی ئەوەی کە سەرنجی ئێمە لە سەر کێشەکانی خۆمان بەرەو خەباتی خۆمان کۆ کەیەنوە ئەوکات لەوانەیە یەکگرتنەوە بۆ ماوەیەک بەتەواوی لەبیرمان بچێت، بەڵام پێویستیەکەی درەنگ یا زوو دەردەکەوێت، ئێمە ئەگەر خاوەن پرۆژەی یەکگرتنەوە نەبین کە بەداخەوە نین، ناتوانین نە تەنیا لە قەندیل بەڵکوو لە

مەهاباد و کرمانشانیش یەک بگرینەوە، پێویستمان بە پڕۆژە و بڕیاری سیاسی هەیە، چونکە تا ئێستا بڕیاری سیاسی پێویست نەدراوە.

ڕاوێژ: ئەوەی کە ئێوە شەوی ڕابردوو باستان کرد، وەک پێکهاتنی هێز یان ئەرتەش یان چەکداری هاوبەشی ئەو حیزبانەی کە پێشمەرگەیان هەیە، زۆرتر لەئێستادا وەک ئیدئال و خەون دەچێ، ئەگەر ئەوە جێ بە جێ نەبێ کە بە دووری دەزانم ببێ، ڕێگاچار و پێشنیاری ترتان چیە؟

حەقی: پلاتفۆرمی هاوبەش دەتوانێت لەو هەلومەرجەدا باشترین ڕێگا و عەمەلیترین ڕێگا بێت، پلاتفۆرمی هاوبەش دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە لانی کەم ئالوگۆڕی زانیاری بکرێت لە پیوەندی لە گەڵ حەرەکەتی چەکداری و پلانی هاوبەش دابڕێژرێت بۆ داهاتوو و هەروەها تاقیگەیەکی باشە بۆ پێکهێنانی بەرە و هێزی چەکداری هاوبەش لەو ڕێگایەدا دەکرێ سیاسەتی هاوبەش و نزیک بەیەک دابڕێژرێت.

ڕاوێژ: مەبەستتان لە پڕۆژە و بڕیاری سیاسیی پێویست چیە؟ دەکرێ باسەکەمان باشتر بۆ بکەنەوە؟

حەقی: دەزانن لە کۆنگرەی پانزدەهەمی حدکا دا دروشمی یەکگرتووی لە پێناو سەرکەوتن دراو، بەڵام ئەو دروشمە تەنیا دروشم مایەوە و هیچ بڕیارێکی سیاسی کە بۆ نموونە ڕێبەری حیزب ئەرکدار بکات بۆ لابردنی هەموو لەمپەرەکانی بەردەم یەکگرتنەوە دەرنەکرد. کۆنگرەی شانزدەهەمی حدکش بە هەمان شێوە، دروشمی یەکگرتنەوەی قەبووڵی کردووە بەڵام پێشمەرجی یەکگرتنەوەکان لە دەرەوەی چوارچیوە پەسەندکراوەکانن، واتە بەرژەوەندی "من" دەبێ بپارێزرێت چونکە یەکگرتنەوە دەبێ لە چوارچێوەی بەرژەوەندی من وەک تاک یان گرووپ و بەشە حیزب دا بێت.

ڕاوێژ: پرسیاری هاوڕێیەک: حیزبی سێیەم بەنێوی حیزبی دیمۆکراتی ڕۆژهە ڵات ئە توانێ چارەسەر بێت بۆ یەکگرتنەوە؟

حەقی: کێشەی سەرەکی ئێمە فرە حیزبیەکی نا پێویستە، کوردستان پیویستی بە چەندین حیزب ناکات، یەک یان دوو حیزب لە قۆناغی خەباتی ڕزگاری خوزانەدا چاکتر دەتوانێت خزمەت بکات تا چەندین حیزبی بچووک و لێکدابراو. حیزبی دێموکراتی سێهەم ئەگەر لە هەردوو بەشی حیزبی دێموکراتی ئێستا پێک بێت و نەتیجەی سێهەم بدات ئەوا باسێکی دیکەیە کە من لایەنگری ئەوەم، واتە حیزبێک کە وەڵامی پرسیارەکانی پیوەندیدار بە دابراونەکان، ئینشعاب و دابەشکردنی

دەسەڵات بە پێی ناسنامەی سیاسی بداتەوە  و هەروەها بتوایێت پرسی یەکسانی و دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات لە هەموو ئاستەکاندا چارەسەر بکات.

ئایدیالی من ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی داهاتوو حیزبێک بێت کە وەڵامی پێویستی ئەمرۆی کۆمەڵگا بداتەوە و هەموو کەس و هەموو چین و توێژی کۆمەڵگاخۆی لە بڕیارەکانیدا ببینێتەو.ە ئێمە پێویستمان بە یەکگرتووییەکی فرەرەنگ هەیە، فرەرەنگی و فرەچەشنی خۆمان دەتوانین بکەیەن بناغەی یەکگرتنەوەیەکی نوێ و نوێگەرا.

**ڕاوێژ**: هەڵبەت من ئەو تێبینیەشم هەیە کاک مەجید، مادام تۆ ناوی دەنێی ڕۆژهەڵات دەبێ درووشم و ستراتژی و تاکتیکیشت بگۆڕی، واتا ئەو کات تۆ سەربەخۆییخوازی نەک فیدراڵی خواز کە من نازانم جەنابت چەند لەگەڵ گۆڕینی ئەو درووشمە هەن؟

**حەقی**: ئەوانە هەموو قەراردادین، ئێمە دوو حاڵەت زیاتر مان نیە: ئەگەر بڵێین ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە کوردستانێکی کە ڕۆژهەڵاتیشێ هەیە ئەگەر بڵێین کوردستانی ڕۆژهەڵات شتێکە کە وەک کۆریای باشوور و باکوور دەبێتە هۆی جیابوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی یەکجار قووڵ. ئەگەر بشلێین کوردستانی ئێران ئەوا واتە کوردستانێک کە هی ئێرانە نەک هی کوردان، بۆیە لەوبواردا من زۆرتر لایەنگری ئالترناتیڤی یەکەمم. لە سەردەمی شێخ مەحموودیشدا باسی ڕۆژهەڵات و باشوور کراوە و شتێکی تازە نیە، بەڵام دەتوانین ویرای وتنی ڕۆژهەڵات داوای ڕێگاچارەسەری فیدراڵی بکەین، بەڵام فیدرالیەکی شی کراوە و تاریف کراو، بەتایبەت بە هۆی ئەوەی کە ئێمە تێکەڵاوی نەتەوایەتیمان لە گەڵ بۆ نموونە ئازەریەکان زۆرە.

**ڕاوێژ**: پرسیاری هاوڕییەک کە کەمێکیش لە باسەکە دوورە بەڵام حەزی کرد لە بەڕیزتانی بپرسین: هێزی شاخ (پێشمەرگە) دەبێ چ بکات تا شار بێتە سەر شەقام؟

**حەقی**: ڕاستیەکەی ئەوە شارە دەبێ زۆر چالاک بێت کە شاخ بتوانێت هاوکاری بێت، پێشمەرگە پشتیوانی خەباتی هەمەلایەنەیە، نەک تاقانە خەباتکار، من پێموایە ئەوانە هەردووکیان واتە پێشمەرگە و خەباتکارانی ناوشار بە هەموو بەشەکانیەوە دەتوانن پشتگری یەکتر بن، و خەباتیان بە یەکەوە بەستراوە بێت.



سەرچاوە
Serchawe

کاتێک خەباتی ناوشار لە ئەفریقای باشووری بەرەولووتکە گەیشت، تازە هێزی چەکدار خۆی ئامادە دەکرد بۆ خەباتی چەکداری و رزگاری یەکجاری بۆیە ئاپارتاید لە ئەفریقا خێراتر کۆتایی پێهات و بەهۆی رێبەری هاوبەشەوە هێزی چەکداری زیادەرەوی نەکرد.

**راوێژ**: باس لە یەکگرتنەوەی حیزبەکان و لەتەکانیان باسێکی گەرمە و خەڵکی ماوەیەکی زۆر بە هیوا ببوو بەڵام ئێستا سارد بوونەوە، هیواکان بە لێک دابرانی تاکتکی سیاسی یەکجار ساردتر بوونەوە، دابەش بون بەسەر ئیسلاح تەڵەب و رووخێنەردا، وایکردووە هیوایەک نەمێنێ، پێتان وا هەیە کەسانێکی دژبەر بە یەکگرتنەوە لە حیزبەکاندا بە ئانقەست ئەو تاکتکانە ودرووشمەکان وا لێک دوور دەخەنەوە؟

**حەقی**: بەداخەوە لە هەردوو بەشی حیزبی دیموکراتدا دژبەرانی یەکگرتنەوە کەم نین و کۆماری ئیسلامیش لەو بوارەدا زۆر سەرمایەگوزاری دەکات کە کایەک بکاتە کێوێ و هەموو هەوڵی خۆی دەدات کە حیزبەکانی کوردستانی لەیەکتر دوور کەونەوە.

من پێموایە ئێستا لە هەمووکات زیاتر ئەرکی ئێمە ئەوەیە هەوڵ بدەین بۆ یەکگرتوویی یەکجاری، ئیسلاح تەڵەبی جورم نیە، ئەوەش یەکێک لە رێگا چارەکانە بەڵام لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی دا کات بەفیرۆدانە.

**راوێژ**: پرسیاری هاورێیکە کە لاموایە ئەوەش لە باسەکە کەمێک دوورە بەڵام چار نیە: بۆچی بەدەنەی حیزب بە هەر دوو لایەوە، کاتێک کە دەبینن شەری کورسیە نەک شتی تر، نایەنە دەنگ؟ هۆکاری بێدەنگییەکە چیە؟

**حەقی**: سروشتی ئینسان وایە، دەبینن لە منالێەو مناڵەکان پێکەوە کێبەرکێ دەکەن و لەسەر بەدەستهێنانی کایە، یان تۆپ و کەرەسەی کایە رقابەت دەکەن، لە کاتی کێبەرکێی فووتبال یان وەرزشێک لایەنگرانی وەزشەکە هێرش دەکەنە سەر یەک و تەنانەت خۆیان لە بیر دەچێتەوە، ئەوە بەشێک لە پێویستی و سروشتی مرۆڤە بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئەو کارە زۆر ئاسانتر دەتوانێت پێویستی خۆدەربرینی ئێمە وەڵام بداتەوە و پێویست ناکات بۆ بەرپرسایەتی قووڵتر بیر بکەیەنوە و هێز بەکار بێنین. ئەسڵێک هەیە بەناوی ئەسلی ٨٠/٢٠، بەو واتایەکە ٢٠لەسەدی کۆمەڵگا ٨٠ لەسەدی کارەکانی کۆمەڵگا ئەنجام دەدنە، ٢٠ لەسەدی رێکخراوەکان ٨٠ لەسەدی بریار و پرۆسەکانی سیاسی بەرێوە دەبەن و جێبەجێ دەکەن، ئەوانی دیکە پێرەوی دەکەن. کاتێک ئەو ئەسڵە بناسین، دەتوانین "جهتی"کارەکان بگۆرین و ئەو ٨٠ لەسەدەی دیکەش لە پێناو

ئامانجەکان بەکار بهێنین، بێگومان ئەمەش کاری زۆری دەوویت. هێزی تمرکزمان زۆر لاوازە و ڕاستیەکەی ئەمە دەمخاتە بیری باسێکی ڕەوانشناسی مرۆڤە "متشنجەکان". چونکە لەڕاستیدا ئێمە بەدەست جۆرێک لە "تشنج رفتاری" دەنالێین.

**ڕاوێژ**: زۆر جار لە خەڵکی ناوخۆ دەبیستین کە تا حیزبەکان یەک نەگرنەوە ئێمە یارمەتیان ناکەین و دەست لەسەر دەست دا دەنێین، یان کە دەپرسی بۆ وەک ساڵان خەبات ناکەن دەڵێن جا ئەوان ئاوا لێک دابڕاون ئێمەش نایکەین، پێتان وایە ئەوە بیانوویەکە بۆ خۆدزینەوە لە خەبات یان مای ڕەوایانە و حەق بە وانە؟

**حەقی**: ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە لەسەرەوە باسم کرد، خەڵک چاوەڕوانی دکەن و حەز دەکەن لە ئایدئالەکان و خۆشترین حالەتەکاندا خەبات بکەن، هەرچەند ئەوە دەکرێ وەک بیانوو ببیندرێت بەڵام بە بڕوای من ئەوە جۆرێک لە "سزای کۆمەڵایەتی" و گشتیە کە خەڵک لە بەرامبەر ئێمە بەکار دەبات، واتە خەڵک بەو شێوەیە کار و کردەوەکانمان سزا دەدات و بەجۆرێک هەڵسوکەوتی جیاوازی خوازمان بایکۆت دەکات. من ئەو هەڵوێستە بە باش دەزانم و دەبێ لەسەر ئەو بنەمایە ئەرکدار بین بۆ ئەوەی ئەو گلەییەی خەڵک نەمێنێت، واتە هەوڵ بدەین بۆ وەڵامدانەوە بە داخوازی خەڵک، بەبێ دروشم و بیانوو هێنانەوە.

**ڕاوێژ**: بەپێی زانیاریی خودی خۆم و بە ئاگاداری تەواوەوە دەڵێم کە هەندێ ژووری نەهێنیی هەندێ لایەن هەن کە تێیدا ئەندامی پلە بەرزی حیزبەکان لەگەڵ کەسانی تر خەریکی ئاژاوەنانەوەن، بۆ نموونە ئەگەر چاو لێبکەن بۆ کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ یان دوای هەر بەشدارییەکی تەلەفزیۆنیی کەسێکی ڕێبەریی لایەنێک، فەیسبووک دەبێتە کرێوە و دژبەری و لێکدان، ئەوانە چۆن دەکرێ کۆنترۆڵ بکرێ؟

**حەقی**: کۆنترۆلی پێوەندیەکانی خەڵک شتێکی تەقیرببە ناممکینە، تەنیا ڕێگەی ڕزگاری ئەو شێوە کێشانە سیاسەتی شەفاف و بەڕێوەبەری شەفافە، من پێموایە لەوبواردا دەبێ هەم کەموکوڕیەکانی خۆمان ببینین و هەم ڕیسکەکانی پێوەندیدار بە جەهانی مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بناسین. هەموو دەرمانێکی چاک "ئاسەواری جانبیشی" هەیە، حەز دەکەم وەک داو خاڵ شتێکی پێوەندیدار بە مەسەلەی یەکیەتی و یەکیەتی نەتەوایەتی لە چەند ڕستەدا پێشکەشتان بکەم:
یەکیەتی بە واتای پێوەندی واتاداری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا واتە بە واتای نەتەوە، حیزب و ڕێکخراوەکان و پێکهێنەرانی ئەو نەتەوەیە. بۆ نەتەوەکانی خاوەن دەڵەت بە واتای یەکیەتی نێوان دەوڵەت و نەتەوەیە بۆ ئێمە وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بە واتای یەکیەتی نێوان ڕێکخراوەکان و پێکهێنەرانی کۆمەڵگا لە پێناو گەیشتن بە سەروەری نەتەوایەتی و ڕزگاری هەتاهەتاییە. گرینگ ئەوە کە تێگەیشتنی ئێمە وەک تاکەکانی ناوکۆمەڵگا لە یەکیەتی نەتەوایەتی

چی بێت؟ یەکیەتی بە واتای یەکگرتوویی و هاودڵی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بە حیزب و ڕێکخراوەکانی سیاسی و مەدەنی و پیشەییەوە بگرە تا دەگاتە تاک و چالاکەکانی ناو کۆمەڵگا. واتە قەبووڵی هاوبەشی لانی کەمی بایەخە هاوبەشەکان. گرنگە کە ڕوانینمان ڕوانینێکی ڕووەکی و گوزەرا نەبێت، چونکەکاتێک باس لە یەکیەتی و یەکگرتوویی دەکرێت باس لە پێویستیەکی قووڵ و فراوانی نەتەوایەتی دەکرێت کە پێویستی تاکەکانیش وەدی دەهێنێت. لەو هەلومەرجەدا زۆر گرنگەسەرنج بدەینە ئەو خاڵە کە: "هاوکاری، هاودڵی، دەست لە دەستی یەکتر نان و پێکەوە گرێدانی دڵەکانمان بۆ ئامانجی بەرزی نەتەوایەتی، کە لەودا نەتەوەی کورد ڕزگاری یەکجاری بەدەست بێنێت و بتوانێت مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و پلانی داهاتووی دارێژێت و نەوەکانی داهاتوو ناچار نەبن بۆ ئەو بایەخانەی ئێمە و نەوەکانی ڕابردوو خەباتمان کردووە دووبارە شەهید بدەن، ئەرکێکی قورس و پێویستیەکی هەنوکەییە." لە سەر ئەو بنەمایە دەتوانین و دەبێ یەکیەتی کردەوەیی پێک بێنین و هێزی خۆمان بەرەو ئامانجە بەرزەکانمان وەسەر یەک بخەین.

هەموو شۆرشە خەڵکیەکان بەرهەمی وێکگەیشتن و یەکیەتی هێزەکانی خەڵک لە سەر پرسێکی تایبەتە، کە لە ڕێگای یەکیەتی سیاسیەوە شکڵی ماددی بەخۆیەوە دەگرێت و دەبێتە شۆرش. مەرجی یەکیەتی نەتەوایەتی گەشەپیدانی وشیاری نەتەوایەتی و بەرز بوونی ئاستی هێزی تۆلێرانسی هێزە سیاسیەکان لە بەرامبەر کەسانێک کە وەک ئەوان بیر ناکەنەوە. چونکە بوونی جیاوازی و فرەرەنگی سیاسی لە ناو کۆمەڵگادا، بەشێکی جیانەبووە لە تایبەتمەندی ژیانی سیاسیە. بەڵام بە هۆی گرینگی و بوونی بەرژەوەندی باڵای نەتەوایەتی و بەرژەوەندیە هاوبەش و گشتیەکان، دەکرێ لە چوارچێوەی ژیانی هاوبەشدا لە سەر هەندێک خاڵ و پەکێجی هاوبەش وێکگەیشتن و تێگەیشتنی هاوبەش پێک بهێندرێت کە ئەنجامی ئەو گەیشتن بە ئاواتەکانی بەرزی کۆمەڵگا لێ دەکەوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئاگۆستی ٢٠١٦

------------------------------------------------------

## یەکگرتوویی و یەکگرتنەوەی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئاقاری ئێستا و داهاتووی

## وتوویژی ڕاوێژ لەگەڵ کەیوان دروودی

خوێنەری هێژا:

بـابەتی بەردەسـتت، یەکێکی‌تـر لە زنجیـرە وتووێژەکـانی گەورە ژووری ڕاوێـژە لە ڕایەڵەی کـۆمەڵایەتی تلێگـرامە کە لە ڕێکەوتی ١٥ و ١٦ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٠١٦) لەگەڵ بەڕێز کەیوان درودی، چالاکی سیاسی و بە پێشکەشکاریی هێـدی کـامەرانیپوور، چـالاکی سیاسـی و ئەنـدامی دەسـتەی بەڕێـوەبەریی ژووری ڕاوێـژ لەسـەر مـژاری (یەکگرتـوویی و یەکگرتنەوەی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئاقاری ئێستا و داهاتووی) ئەنجام دراوە.

**ڕاوێژ: چەنـدە شپرزەیی لە خەبـاتی کوردی خۆرهەڵاتـدا دەبینن و پێتـان وایە چۆنـاوچۆن دەکرێت هێزە سیاسییەکان لێک نزیک بکرێنەوە و دواجار بەرەیەک پێک بهێنرێت؟**

**کەیـوان درودی**: لەو ڕووەوە کە ئـێمە ئەزمـوونێکی تـاڵمـان لە ڕابـردوودا سـەبارەت بە کـۆدەنگی هەیە، پێویسـتە زیـاتر لەجاران هەوڵەکانمـان بخەینە گەڕ، بەڵام ئێمە دەستمان بە گرینگترین شوێن کە ڕای گشتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتە بەشێوەی پێویست ناگـات، ئەوە گەورەتـرین هـۆیە و لە پاشـان دەزانین کە جیابوونەوەکـان نەک لە ڕووی قەبـارە بەڵکوو زیـاتر لە ڕووی ڕووکردنە لایەنی جۆراوجۆر و تەنـانەت دانیشتنی نەهێنی لەگەڵ دەزگـا ئەمنییەکـانی ڕژیمی ئێـران، ئەوەنـدە گومـانی دروست کردووە کە سەختە بتوانین پێشوەخت داوای یەکڕیزی بکەین.

**ڕاوێژ: بەڕای ئێوە، پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لە ڕۆژهەڵات لە ئێستادا و هەبـوونی خەبـاتێکی هـاوبەش، زیـاتر وەکوو خەون نییە؟**

**کەیوان درودی**: لەوانەیە وشەی خەون لێرەدا تۆزێک گەورەنواندنی تێدابێت، سەرەڕای ئەوە بە ڕای من پێکهێنـانی ئەم بەرەیە لانیکەم بەو شێوازە ئیدئالەی لای ئێمە چاوەڕوان دەکرێت، ئەستەم بێت.

**ڕاوێژ: جگە لەو شێوازە ئیدەئالەی لەلایەن ڕوانگەی گشتییەوە چـاوەڕوان دەکرێت، ئێوە چ شێوازێکی دیکە بـۆ هاوکـاری و پێکهێنانی بەرەی هاوبەش دەبینن؟ تکایە بۆمان باس بکەن.**

**کەیـوان درودی**: تـا ئێسـتە کە لەگەڵ ئێـوە قسـە دەکەم دوو پێشـنیازی بەرچـاوم لەو بـارەوە بینیـوە کە یەکێکیـان لای مامۆستا پەرویز ڕەحیم قادر لە ژێـر نـاوی پێکهێنـانی حکوومەتی کـاتیی کوردستانی خۆرهەڵات بـووە و ئەویتریش کە لەوە دەچێت لەم ساتەوەختە بەکەڵک بێت پرسی دوکتۆرینی هێزی هاوبەشی سەربـازییە.



سەرچاوە Serchawe

هەڵبەت دەبێ ئەوەشی پێ زیاد بکەم کە هیچکام لەم دوو پێشنیازە میکانیزمێکی بەرهەستیان نەخستۆتە بەردەست، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە یەکەمیان پێویستە لای خودی شەخسی مامۆستا پەرویز ڕەحیم قادر شی بکرێتەوە کە بۆخۆیان ئەوەیان وەک ڕێگەچارە داناوە، بەڵام بۆ کەیسی دووهەم لەبەر ناڕوونی هەڵویستی حیزبەکان پێویستی بە ڕوونکردنەوە و کات هەیە.

**هێدی کامەرانی پوور**

**ڕاوێژ: پێتان وایە حیزبەکان بە بێ دەنگدانی خەڵک دەتوانن حکوومەتی کاتی پێک بێنن؟ هەر ئەو حیزبانە بوون کە نەیانتوانی کۆنگرەی نەتەوەیی پێکبێنن و لەسەر هەژماری نوێنەرەکان تووشی کێشە بوون؟**

**کەیوان دروودی:** پێکنەهاتنی حیزبەکان لە کۆنگرەی نەتەوەییش هەر لەبەر بۆشایی ڕای گشتی بوو، بەڵام پێچەوانەی ڕای ئێوە ئەوە دوو حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکاران بوون کە لەبەر هێژمۆنخوازی هەوڵەکانیان هەڵپرووچقاند، ئەوە بەو مانایە نیە کە حیزبەکانی تریش کەمتەرخەمییان نەبووە، بەڵام وەک وتم دوای جیابوونەوەکان، حیزبەکان ڕوویان لە ئەحزابێک کرد کە ئەو حیزبەی لێی جیابوونەوە پەیوەندییەکی ساردیان لەگەڵیاندا هەبوو، ئەوە وایکردووە کە جۆرێک لە گومان لای ئێمە لەسەر یەکگرتنی واقیعییان هەبێت، بۆ دەڵێم واقیعی؟ چونکە ئەزموونی حیزبی دێموکرات ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕەوتی جیابووەوە بەردەوام وەک کۆتلەیەکی سیاسی لەکاتی یەکگرتن کاری کردووە.

**ڕاوێژ: ئێستا کە لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی کوردستانی ئێران باس لە یەکگرتوویی سیاسی و سەربازی لەئارادایە، ئۆپۆزیسیۆنی وەک کۆدار و پژاک و لقەکانیان کە لە ژێر سیاسەتی پ ک ک دان و دەیانهەوێ کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩دا بکەن بە یەک ئەرتەش و لە ڕۆژئاواش ئیزنیان بە هیچ هێزێکی دیکە نەدا بەشداری بکە، بۆ ئەو باسە چ ڕێگاچارەیەک هەیە؟ (پرسیاری هاوڕێیەک)**

**کەیوان دروودی:** سەبارەت بە پژاک دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەو ڕێکخراوەیە ڕەچاوی سیاسەتی گشتیی پ ک ک ـای کردوە، لەبەر ئەوەش دەشێت بڵێین کە ئەو لایەنە ڕێکخراوێکی بەتەواوی پاراڵێلە، بەو واتایە کە هەتا ئێران لە بەرژەوەندیی پ ک ک بجووڵێت و بەهێز بێت ئەوە ڕەوتی پێشوو بەرنادات، بەتایبەت لە ئێستادا کە لە باکوور، پ ک ک



سەرچاوە
Serchawe

چووەتە ناو شەڕێکی درێژخایەن، بەڵام ئەگەر ئێران بەرەو ئاقارێک بچێت کە بکرێ لاواز بکرێت و بەرەو دارمان یان تەنانەت لاوازی بچێت، ئەوە سیاسەتیان دەگۆڕدرێ و ئەو کات ئێمە پڕاکێکی تر دەبینین.

**ڕاوێژ:** لە ئێستادا دەبینین کە حیزبەکانی کوردستان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوونە، کۆمەڵێک لەو حیزبانە لە بەرەی ئێراندان و کۆمەڵێکیش لە بەرەی ئامریکا و ڕۆژئاڤادا. بۆ نموونە چۆناوچۆن دوو دێموکرات و سێ کۆمەڵە دەتوانن خۆ لە بەرەی دژە ئێران بناسێنن و لە نێوان خۆیاندا یەکگرتوو نەبن؟ گەلۆ ئەو پەنج حیزبە کە حیزبە سەرەکییەکانی کوردستانی خۆرهەڵاتن هەموویان لەو بەرەیەن کە ئاماژەم پێدا یان لە بەرەی یەکیەتی و پەکەکە و ئێران و... تادا؟ ئەو لە یەک بەرە بوونە، دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش؟

**کەیوان دروودی:** هیچ لایەنێک نایهەوێ لەبەرەی ئێراندا بێت، بەڵکوو بۆ مانەوەیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا و لەبەر گرێدراو بوونی ناسنامە و شوناسیانە کە بەناچار بۆ کردنەوەی دەرگایەک مەجبوور بە پێملکردنی داخوازیی لایەنەکانی تر بێت، پێمخۆشە ئەوەش باس بکەم کە نەبوونی حکوومەتێکی کوردی لە باشوور بە قەوارە و فۆرمە باوەکەی، وایکردووە کە لە ساڵانی ڕابردوودا ئەم هێزانە دابەش ببن بەسەر دوو حیزبی سەرەکیی باشوورهیچ گومان لەوەدا نییە کە دانیشتنی نەهێنی، دوور لە ڕاگەیاندن و لەنێو ژوورە داخراوەکان و لەوە خراپتر لەگەڵ ئەمنییەتیترین هێزەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، زەبرێکی گەورە و گومانێکی گەورەترە، بەتایبەت کە دوای ڕێکەوتی ئەو دانیشتنانە بەجۆرێک هێڵی فیکری و ستراتیژیکیان گۆڕیوە.

**ڕاوێژ:** تا ئێستا ڕژیمی ئیسلامی کۆمەڵێک حیزبی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگی لە کوردستان دامەزراندووە کە ژێرشاخەی حیزبە سەتاسەرییەکان بوونە وەکوو حیزبی ئیعتمادی میلی و وەحدەتی میلی و هەروەها بەرەی یەکگرتووی کورد، هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو حیزبانە چی بووە و تا چەندە خەڵکی کوردستان بەو پیلانەوە سەرقاڵ بوونە؟

**کەیوان دروودی:** لە ڕاستیدا ئەو ڕێکخراوە کارتۆنییانە، پلە و پێگەیان لەناو خەڵکدا نیە، ئەوەی زیاتر تۆقێنەرە پێشخانی فیکری لای خەڵکە کە کۆماری ئیسلامی کردوویەتە پێخۆری ڕاگەیاندنەکان، بەجیددی و بە بەرپرسیارەتییەوە دەڵێم، دەنگدانی خەڵک زیاتر لەوەی پەیوەندیی بە پرش و بڵاوی ئەحزابەوە بێت، زیاتر لەو چاوگەوە پاراو دەبێت کە کۆماری ئیسلامی لەم ساڵانەی ڕابردوو لەبەر ئەو زیهنییەتە توانیویە زۆر بابەت لە قازانجی خۆی ئاراستە بکات، ئەو مەسەلەیە تایبەت بە کوردستان نیە و بگرە کوردستان باشتریش بێت، چوونی هەشت هەزار ئەفغانی بۆ شەڕی سووریە بە مووچەی ٥٠٠ هەزار تمەن، جێی داخە بۆ شێوە ژیانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، داوا لە هەمووان دەکەم قسەکانی

باوکی یەکێک لە جاشە کوژراوەکانی سەولاوا ببینن کە سەبارەت بە کوژرانی کورەکەی دەڵێ: "حەزی کردووە!!". بەڕاستی تۆقێنەرە، باوکێک کە چرچیی دەموچاوی دەرخەری ئەوەیە کە بە نینۆک بەردی شاخی هەڵکۆڵیوە و داری چاندووە تا بژێوی ژیانی بدۆزێتەوە چۆن ئاوا بەئاگاییەوە وادەڵێ و بیر لەو چەوساوەییەی خۆی و خەڵک ناکاتەوە.

**ڕاوێژ**: پێویست بوونی بەرگریی چەکداری لە کوردستانی خۆرهەڵات چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ گەلۆ پشت بەستن بە خەباتی ڕووت مەدەنی لە سێبەری ڕژیمی ئیسلامیدا، خۆفریودان و بەفیڕۆدانی کات نیە؟

**کەیوان دروودی**: ئێمە قسە لەسەر ئێران دەکەین، شوێنێک کە چالاکە سیاسییەکان لەبەر بێ دەرەتانی تا شوێنێک تووشی بەربەست دەبن کە لە شیعر و ئەدەبیات و ڕێکخراوی ژینگەپارێزیدا خۆ دەبیننەوە، بۆیە دەکرێ بڵێین خودی قەوارەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە واتا باو و ناسراوەکەی یەکێک لە تایبەتمەندییە سرووشتیەکانی نەبوونی نیازی سیاسییە، لە خۆیدا تووشی دژوازیی بووننا‌سانەی شوناسە.

**ڕاوێژ**: بە سەرنجدان بە قسەکانی ئێوە، چۆنە ئەوە کە گەورەبەرپرسانی حیزبێک کە خۆ بە خاوەنی پێنج هەزار شەهید و حەفتا ساڵ مێژوو وەسف دەکەن و هەنووکەش چەکدارن، بەو قەناعەتە گەیشتوون کە هەموو حیزبە کوردییەکان گوندێکیان پێ ڕزگار ناکرێت؟ ئەو خۆبەکەم زانینە چەندە کاریگەری نەرێنی لەسەر ورەی خەڵک دادەنێت و حکوومەت بە حەیوولایەکی شکەست ناپەزیر لە مێشکیاندا وێنا دەکەن؟

**کەیوان دروودی**: ئەو سیاسەتە وەک ئاماژەم پێکرد لەبەر حەوجێیی گرێدراوییە لەو حیزبەی کە لێی جیابوونەتەوە، لەم ماوەدا دەستەواژەیەکی سەرنجڕاکێشم لە بەڕێز کاک خالید بیست کە وتی پێویستە تابۆشکێنی بکرێت! ئەمە واتا حیزبی دیموکرات تابۆیەکە کە بێت و نەبێت گرێدراوییان ئەوەندە زۆرە پێی کە پێویستە گوتارێکی جیاواز لەو حیزبە هەڵگرن تاڕادەیەک کە بەرەو دژایەتیش بچێت کە من ئەو ناوەی لەسەر نانێم و دوو ڕێگە زیاتر نابینم

١- وەک پێشوو درێژە  بەو فۆرمە بەقەول تابۆیە بدەن
٢- دروشمی ڕووخان لابەرن و هەوڵ بدەن لانیکەم ئەگەر ڕیفۆرمیستن، لە کاناڵێکەوە بچن کە بشێت کۆماری ئیسلامی بێنێتە پێش بۆ ناو ئەو کاناڵە.

ڕاوێــژ: گەلــۆ ئەگەر حـدک بـڕواتەوە نــاوخۆی خـۆرهەڵات و لەوێ چـالاکی سیاسـی بکـات، دەتـوانێ وەکـوو هەدەپ لە باکوور، سەرکەوتوو بێت و گەلۆ لەوە ناچێت ئەوەیان لە مێشکیاندا وێنا کردبێت؟ دۆخی سیاسیی ئێران وەکوو تورکیە ئـاوەڵا هەیە کە حیزبێکی وەکـوو هەدەپ لە خـۆرهەڵاتیش بتـوانێ مـانۆڕ بـدات و وەکـوو ئەو پشـتیوانی لە خەبـاتی شـاخ بکـات؟ چوونەوە ناوخۆی حدک حاشاکردن لە هەموو ڕابردوویەتی و دەبێ لە سیفرەوە دەست پـێ بکـاتەوە. لەو کـاتە حـدک نـابێتە هەمان حیزبی وەحدەتی میلی و ئیعتیمادی میللی و...هتد؟

**کەیوان دروودی**: بەڕێز عەبدوڵا حەسەنزادە پارەکە لە دیمانەیەکدا ڕاشکاوانە وتی پ ک ک سیاسەتی خۆگونجاندنی باشی هەیە! جیـا لەوەش دیـارە هەر دوای دابـڕان حیزبەکەیـان پەیوەنـدیی لەگەڵ پ ک ک چـڕ کـردەوە، دیـارە ئەو سیاسـەتە سیاسەتی ڕەسمیی ئەوان نییە، بەڵام من وەک خـۆم سـەبارەت بە شیمانەی چوونەوە نـاوخۆی ئەو حیـزبە وای بـۆ دەچم کە ڕژێمی ئێران ئەگەر زەختی لەسـەر بێت دەشێت ڕێ خـۆش بکـات بـۆ ئەو کـارە، بەڵام هیچکـات هاوشێوەی تـورکیە لە ئێـران ناکرێت، مەگەر ئەوەی کە لە هێڵی دیاریکراوی ئێراندا بجووڵێنەوە.

ڕاوێژ: باردوخی ئێستا کوردستانی ڕوژهە لات چۆن بە ڕێوە دەچێت؟ ئەگەر حیزب لە خەباتی چەکداریدا کەمکاری بکات و وردە وردە کەمی بکاتەوە، ئەوە چۆن دەبێ لە حاڵێکدا کە خەڵکێکی زۆریش گیراون لە سەر ئەو خەباتە؟

**کەیوان درووودی**: حیزبی دێموکرات ئەم ڕووداوانەی پێشبینی کردووە، بـۆیە هەر ئەوەنـدە دەڵـێم کە لەگەڵ ئەوەی مـاوەیەک ئەم جووڵە تووشی کۆسپی جۆراوجۆر دەبێت بەڵام دەبێ گەشبین بین، لەبەر ئەوە ڕژێمی ئێران پێچەوانەی بانگەشـەی خـۆی، لە ڕووی سەربـازییەوە تووشی شڵەژان بووە، بەڵام دەکرێ تـاکتیک بگۆڕدرێ، بۆ ئەو مەبەستەش بژاردە زۆرە.

ڕاوێژ: باستان لەوە کرد کە بەڕێز حەسـەنزادە پـاش جیـابوونەوە لە حیزبـی دێموکرات و بە سـەرنجدان بەوەی کە گوتبـووی پەکەکە سیاسـەتی خۆگۆنجانـدنی باشـە لەو حیـزبە نزیـک بـۆوە. تـا چەنـدە ئەو هاوڕێیـانە دەتـوانن لە درێـژەی ئەو سیاسـەتەیانەدا خـۆ لە چوارچێـوەی ئێرانـدا بگـونجێنن و چەنـد لەسـەدی مـافە ڕەواکـان لەو ڕێگەوە دەشێ دڵخـۆش بین کە وەدەست دێن؟

**کەیوان درووودی**: لە ڕاستیدا خـۆی یاسـای تـورکیە و ئێـران لە زۆر ڕووەوە فـاکتۆری یەکەمن بـۆ لێکـدانەوەی ئەو دوو وڵاتە سەبارەت بە میتۆدی هەڵسووڕانی حیزبە کوردییەکان.



سەرچاوە
Serchawe

لەپێشدا دەبێ بزانین کە لە برگەی یاساکانی هەڵبژاردنی تورکیە بەشداریی حیزب و رێکخراوەکان رێگەپێدراوە، ئەوەش واتە ئەو دەکرێ رێکخستنی جەماوەری لە لانیکەمی خۆیدا بکرێ و ئەوەش خۆی بەواتای ئەوەیە کە کەشێکی لەبار چ لە رووی یاسایی و چ لە رووی کۆمەڵایەتی رەخساوە بۆ بانگەشەی ئازادانەی مەرامنامە و خواستی خۆی بۆیە بێ ئەوەی بمانهەوێ لایەنگیرییەک بکەین هەر ئەم بابەتە دەخەینە روو.

**راوێژ**: کەواتە کەسانێک کە زۆربەیان زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە خەباتدان و بگرە بریندار بوونەو ئەندامانی بنەماڵەیان گیانیان بەختی ئەو رێگایە کردووە، چۆناوچۆنە ئێستا بەو ئاکامە گەییشتوون کە دەتوانن لە چوارچێوەی یاسای ئێراندا مافی کورد دەستەبەر بکەن و تەنانەت حیزبی دێموکراتیش تاوانبار دەکەن و خەباتی چەکداری سووک پێناسە دەکەن؟ پێتان وانیە کە لەو ساڵانەدا حکوومەتی ئێران زۆر لەسەر ستراتیژیی حیزبەکان بۆ خەبات کاریگەریی داناوە؟

**کەیوان دروودی**: ئەوەی راستی بێ، سروشتی شۆڕشگێڕی ئەوەیە کە تۆ لە بەرامبەر دۆخی داسەپاو و حکوومەتی خۆسەپێندا چەمکێک ئاواڵا بکەی، ئەگینا ئەرزی واقیع ئەوەمان پێ دەڵێ کە رۆژئاوا لەگەڵ رژیمی ئێران رادێت و خەریکی پەیوەندییە، رژیمی ئێران لە کاروباری زۆربەی وڵاتانی دراوسێ دەستی باڵای هەیە و تەنانەت لەناو حیزبە کوردییەکانی بەشە جیاجیاکانی کوردستان خەریکی داسەپاندنی ئیرادەیە، لەبەر ئەوە پێم وابێت کە ئەو هێڵە فیکری و ئیستراتیژیکە نەک لەو رووەوە کە دەست بە چالاکیی چەکدارانە ناکات، بەڵکوو لەو رووەوە کە راشکاوانە باس لە زاڵ بوونی رژیم و دەستەوەستانیی بزووتنەوەی کورد دەکات، جێی رەخنە و لەخۆیدا لەگەڵ فەلسەفەی شۆڕش و خەبات نایەتەوە.

**راوێژ**: کاک کەیوان پۆستێکی فەیسبووکیتان دانابوو ئەگەر هەڵە نەبم گوتبووتان پێویست ناکات حیزبی دێموکرات ئەوەندە پێداگری بکات لەسەر رەتکردنەوەی یارمەتیی عەرەبستان. ئەوە بۆ چی دەگەڕێننەوە و پێتان باشە کە لەبەرانبەر تۆمەتەکانی حکوومەتدا چ هەڵوێستێک بگیردرێت؟

**کەیوان دروودی**: دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە یەکێک لە بنەما چەسپاوەکانی یاسا و رێسا گەردوونییەکانە، ئەو یاسایە ئەگەرچی بەرتاوی هاوکێشە سیاسییەکانە بەڵام لانیکەم لەباری تیۆریک بۆ کورد لە هەرچوار بەشەکە و بەتایبەت رۆژهەڵات وەراست دەگەڕێ، حیزبی دێموکرات بۆخۆی پێشتریش پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عیراق هەبووە و ئەو تۆمەتانەی پێشتریش خراونەتە پاڵی و نەیانتوانیوە ئەو حیزبە والێبکەن کە بکەوێتە پەراوێز، ئەوە بەو مانا نییە کە عەرەبستان، ئیسراییل و.. دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە دەکەن بەڵکوو بەو واتایە دێت کە لە ئەگەری درێژەپێدانی رژیم بەو سیاسەتەی ئێستا و بێدەنگیی ناوەندە جیهانییەکان ئەوە مافی کوردە کە خۆی لە هاوکێشەکاندا

ببینێتەوە. مەسەلەی تر ڕای گشتیە، حیزبی دیمۆکرات دەبێ بزانێ ئەو کۆمەڵە کەسانەی ئەو پەیوەندییەی بەتاوان ناو دەبەن، لەهەر حاڵەتێکدا دژایەتیی خۆیان درێژە پێدەدەن و بۆیان گرینگ نیە کە لە بەرنامەو پێڕەوی ئەو حیزبە باس لە چ جۆرە سیستەم و مەرامێک کراوە، جیا لەوەش ڕەت کردنەوەی پەیوەندیی ناوچەیی لە درێژخایەندا وادەکات کە ئەو حیزبە بۆ درێژەی ئەم ڕەوتە تووشی کەند و کۆسپی زۆر بێتەوە و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بێت کە ئەو تاوانەی وەپاڵ نەخەن و ئەوەش خۆی لەسەر سیاسەتی حیزب و لایەنی نیزامی بەشێوەی نەرێنی شوێندانەر بێت.

**ڕاوێژ: لە باسی پێششدا باس لە جووڵە کردنی حیزبی دیموکرات و ڕاسانەوە بە گشتی کرا و باس لە سەر کاروباری ڕژیم کرا کە ڕەنگە لە داهاتوودا تاکتیکی نوێ بۆ مەبەستی بەرەوڕوو بوونەوە بکات و بۆ ئەو مەبەستەش بژاردەیەکی زۆر هەیە، دەکرێ هیندێک ڕوونتر باسی لەسەر بکەن؟**

**کەیوان دروودی:** بەڵێ! ئێستا حیزبی دیمۆکرات زیاتر لەژێر ڕۆشنایی مادەی ٥١ی جاڕنامەی جیهانی (بەرگریی ڕەوا) کار دەکات، خۆی ئەم سیاسەتە بەدوای ڕاکێشانی سەرنجی جیهانییە بۆ دۆزی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵات و زۆریش باشە، بەڵام من خۆم باشترین وڵام بۆ ئەو ناڕوونیەم لە قسەی کاوە ئاهەنگەریدا لە دیمانەی چەند شەو لەوەپێش لەگەڵ کاناڵی مەن و تۆدا بینی کە ڕاشکاوانە وتی کە ئەوە حکوومەتی ناوەندییە کە شێوازی بەرەوڕووبوونەوەی ئێمە دیاری دەکات. بۆیە لەگەڵ ئەوەی کە هەموو دەزانین حیزبی دیمۆکرات لە ئێستادا هیچ هێرشێک ناکات، بەڵام لە درێژەدا لەبەر ئەو هێرشانەی کۆماری ئیسلامی دەکرێ بۆ گوشار جاروبار بەشێوەی پێویست سیاسەتی هێرشبەرانە بخرێتە بەرکار کە هەڵبەت ئەوە هێزی دەوێت و پێویستە چاوەڕێی کات بین بۆ ڕوون بوونەوەی، هەروەها بژاردەی تر کەڵک وەرگرتنە لە هاوکاریی ئەو ڕێکخراوانەی کە باوەڕیان بە مەوجوودییەتی کۆماری ئیسلامی و یاسا و ڕێساکانی نییە، بۆ نموونە ڕێکخراوەکانی سەربە نەتەوە بندەستەکان و ئەوانەی دەتوانن لە ناوەندی جوغرافیای ئێراندا زەبری قورس لە پەیکەری ڕژیم بدەن.

**ڕاوێژ: پشتیوانیە دەرەکیەکان لە حیزبەکان بە جیا، نەک وەکوو بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی، تا چەندە کۆسپ خۆڵقێنەرە بۆ یەکگرتوویی حیزبەکان لەسەر گوتارێکی هاوبەش؟ واتە پشتیوانە دەرەکیەکان، لە بزووتنەوەی گشتی بکرێن نەک حیزبەکان، ڕێگە خۆشکەر نابێت بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش و یەکگرتوویی؟**

**کەیوان دروودی:** ئەوە جێی داخە کە چاوەڕوان بین لەدەرەوە کۆنترۆڵ بکرێین، بەڵام من ڕاشکاوانە پێتان دەڵێم بەشێک لە ئێمە بە یەکجاری ئەوەی قەبووڵ کردووە کە ڕژیمی ئێران ناڕووخێ، بۆیەش ئاوا بەگومانەوە سەیری جووڵەی نیزامی دەکەن، ئەگەر لە بیرتان بێت کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لە دیمانەیەک لەگەڵ ڕووداو ڕاشکاوانە وتی کە ساڵی ٢٠٠٣



سەرچاوە
Serchawe

کۆماری ئیسلامی لەبەر ئەو ترسەی دوای لێدانی حیزبی بەعس لەلای ئامریکاوە هەیبوو و لەبەر ئالۆزیی پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆژئاوا لەسەر مەسەلەی ناوکی لەگەڵ ئێمە دانیشت. کەوابوو مەسەلەکە زۆر هەستیار و ناسکە و لەوەش کە ئێوە باستان کرد دژوارترە.

**ڕاوێژ**: قبووڵکردنی ئەوەی کە ڕژیم ناڕووخێت و هەروەها دووپاتکردەوەی ئەوەی ناتوانین و هێزمان نییە و هیچ لەدەستمان نایەت، چەندە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ورەی خەڵک داناوە؟ گەلۆ ئەو لێدوانانە بە دڵخوازی ڕژیم نین و نابنە تەبلیغ و ڕێکلام بۆ حکوومەتێک کە خاکەکەمانە داگیر کردووە؟

**کەیوان دروودی**: بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگای سیاسیی خۆرهەڵات وەک هەر شوێنێکی تر بەشێکی بچووک لەخەڵک پێکدێنێ، هەموو کەس لە ڕەوتی ئینشعابات نازانێ، تەنیا دەزانێ کە دوو دیموکرات و چەند کۆمەڵە هەیە، بۆیە ئەوە زۆر مەترسیدارە، بەداخەوە شۆڕشی ئێمەش بێبەش بووە لە ڕای گشتی و دەنگی شەقام تا تاوانبارەکان بخەنە ژێر زەختی خۆیان، جا لە هەر لایەک بێت.

**ڕاوێژ**: وەکوو دوایین پرسیار، بەو ئاراستەیەدا کە حدک دەڕوات، چارەنووسی وەکوو حیزبەکانی ئیعتیمادی میللی و ئیختیاری میللی و....هتد بەسەر نایەت؟! بەو ستراتیژییە جیایانەی کە حیزبەکان پێڕەوی دەکەن و زەوی تا ئاسمان جیاوازن، چ مکانیزمێک پێشنیار دەکەن بۆ یەکگرتوویی؟ حیزبی دێموکرات ئەو بەشە بەفەرمی وەکوو حیزبێک ناناسێت و بە هۆی ئەوەی کە جیاوازی بیریان هەیە ناتوانن یەک بگرنەوە کەواتە ناتوانن لە بەرەیەکدا بن، چارەنووسمان بەرەو کوێ دەڕوات؟ دڵخۆش بین بە یەکگرتوویی و پێکهاتنی بەرەیەک یان نە؟

**کەیوان دروودی**: بەشێک لە حیزبەکان لەدەرەوەی گۆڕەپانەکە ڕاوەستاون، ئەوان زیاتر چاوەڕێی ئەوەن کە ئاخۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەرەو کوێ دەچێت، بەداخەوە ئەوە ڕوانگەیەکی تەندرووست نیە، من پێموایە کە ئەوان لەئەگەری خۆسەپاندنی حدکا دێنە کایەوە و ئەگەریش حدکا تووشی کۆدپ بێت، زیاتر هەوڵ ئەدەن ڕوانگەی خۆیان وەک دژبەری دەسپێک و لایەنی ژێر و مەنتقی دەربخەن، دیسان دەڵێم بەداخەوە کە ئاوایە، لانیکەم ئەم ڕۆژانە من هیچ نیشانەیەکی تری جیا لەمەی کە خستمە ڕوو نابینم، بەڵام دەبێ بزانن کە ڕژیم ئەمجارە لەخودی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژبەر و موخالیفی زۆرە و ئەو پلەوپێگە کارتۆنییە دەکرێ لەرزۆک بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

---------------------------------------------------------

## محەممەد نەزیف قادری: لەبارەی یەکگرتنەوەی دیموکرات بەمزووانە کۆدەبینەوە



**گۆڤەند مستەفا**

ماوەیەکە پرسی یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دیموکرات بە گەرمی هاتووەتەوە بەرباس، بەرپرسانی هەردوو حیزبەکەش جەخت لەسەر بەردەوامی پرۆسەی یەکخستنەوەی ریزەکانیان و بە ئامانج گەیاندنی دەکەن.

**لەبارەی دوایین زانیارییەکان لەسەر ئەو پرۆسەیە و چۆنیەتی دەستپێکردنەوەو درێژەپێدانی پرۆسەکە، لە هەڤپەیڤینێکدا محەممەد نەزیف قادری، جێگری لێپرسراوی گشتیی و بەرپرسی دەزگای گشتیی پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، وەڵامی پرسیارەکانی رووداو دەداتەوە.**

**رووداو: بەو پێیەی ئێوە بەرپرسی شاندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)ن بۆ دانوستاندن لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک)، چۆن دەڕواننە ئەو نووسینەی عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سکرتێری پێشووتری حیزبی دیموکرات؟ پێتانوایە دەکرێت ببێتە بنچینەیەکی باش بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستاندنەکان بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات؟**

**محەممەد نەزیف قادری**: ئەوەی پەیوەستە بە پرسی یەکگرتنەوە، ئێمە لە کۆنگرەی شانزەیەمی حیزبەکەماندا بڕیارێکی بەرپرسیارانەمان داوە بۆ زیاتر پێداگربوون و گرنگیدان بە دیالۆگ بە ئاراستەی یەکگرتنەوە و یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزبی دیموکرات. بۆیە لەو پەیوەندییەدا ئێمە دوای کۆنگرەی شانزەیەمی حیزبەکەمان هەم بەڕێز کاک مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتی حیزب و هەم دەستەی دانوستاندنکارمان جەختمان کردووەتەوە لەسەر گرنگیدان بە پرۆسەی یەکگرتنەوە و دیالۆگ بە ئاراستەی بە ئاکام و بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆسەیە.

لە ماوەی رابردوو ئێمە دیسان لەسەر ئاستی سەرکردایەتیمان لەگەڵ هاوڕێیانی خۆمان لە قەلا لە دانوستاندن و گفتوگۆدابووین، ئەو پێویستییەی ئێستا لە ناوچەکەدا دەیبینین لە ئاڵۆگۆڕە سیاسییەکانی ئێران و ناوچەکە و پرسی کورد بە گشتی و داهاتووی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر لە هەموو کاتێک ئەو پێویستییەی هێناوەتە ئارا و بەبایەخەوە بە گرنگییەکی تەواوەوە پرسی یەکگرتنەوە ئاوڕی لێبدەینەوە.

سەبارەت بە قسەکانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە، لەو بابەتەی کە بڵاوی کردووەتەوە، هەروەها زۆر کەس و لایەنی دیکەی سیاسی، چ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چ کەسایەتییە سیاسییەکانی نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەرەوەی وڵات و لە هەرێمی کوردستان و دۆستانی بزووتنەوەی کورد، زۆرجار لەسەر پرسی یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جەختیان لەوە کردووەتەوە و داوایان لە رێبەرایەتی هەردوولا کردووە گرنگی بەو بابەتە بدەن و بەرەو پێلی یەکگرتنەوە هەنگاوی خێرا و جیددی هەڵبگرن.

بۆیە ئێمە سیاسەتمان نەگۆڕە بە نسبەت گرنگیدان بە دیالۆگ لە چوارچێوەی بڕیار و راسپاردەی کۆنگرەی شانزەیەمی حیزبەکەمان.لەو پەیوەندییەدا ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین بەردەوام لەگەڵ هاوڕێیان و دۆستانمان لە پەیوەندیداین،

هەوڵیش دەدەین لە داهاتوویەکی نزیکدا و دەستەکانی وتوویژ یان دانوستاندنکارمان لە چوارچێوەی ئەو بڕیارەی کۆنگرەی شانزەیەمی حیزبەکەمان وتوویژ و گفتوگۆیەکانیان دەستپێکردووە.

**ڕووداو**: کەواتە کەی دەست بە گفتوگۆکانی یەکخستنەوەی حیزبی دیموکرات دەکەنەوە؟ ئایا کاتەکەی دیاریکراوە؟

**محەممەد نەزیف قادری**: نا، کاتەکەی دیاری نەکراوە، بەڵام هەر ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی، یان هەر هەنگاوێکی خێر ئەگەر هەرچی زووتر بە بەرهەم و ئاوات بگات باشترە.

بەڵام ئەوە بۆ ئێمە گرنگە، ئەو هەستکردنە بە بەرپرسیارێتییەوە وەک ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بەتایبەت بەرپرسی گشتی ئێمە کاک مستەفا هیجری کە لەسەر ئەو بابەتە جەختی کردووەتەوە، ڕاسپاردەی دەستەی ئێمەش ئەوەیە بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرین، هیوادارم هاوڕێیانی دیکەشمان بەو گیانی هاوکاری و تەبایی و تەفاهومەی کە لە ڕێبەرایەتی ئێمەدا هەیە، بێگومان ئەوانیش بەبایەخەوە وەریدەگرن، هەنگاوی خێرا هەڵبگرین بۆ ئەو بابەتە.

**ڕووداو**: کەواتە دەکرێت بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵێین، کە بە یەکەوە هەردوو حیزبی دیموکرات ساڵڕۆژی دامەزراندنی یۆبێلی ئەڵماسی حیزبی دیموکرات پێکەوە دەگێڕن.

**محەممەد نەزیف قادری**: ئەوە بابەتێکە خودی ڕەوتی دیالۆگەکە نیشانی دەدا، چەندە هەنگاوەکان کاریگەر دەبن و چەندە دەتوانین بەو ئامانجە بگەین، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە بێگومان ئەو هاوڕێیانەش لەو پەیوەندییەدا ئارەزووی ئاکام و ئەنجامێکی وا دەکەن، ئەویش یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتە، لەبارەی کاتەوە ناتوانم هیچ بەڵێنێک بدەم، بەڵام ئیرادەی ئێمە لێبڕاوانەو هەنگاوی ئێمە جیددیە و سیاسەتی ئێمە بە نیسبەتی گەیشتن بەو ئامانجە نەگۆڕە.

**ڕووداو**: عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەڵێ، لەتبوونی ئەمجارەی حیزبی دیموکرات و چەند جارێکی دیکەش، بەهۆی جیاوازی ئایدۆلۆژیا و فیکرییەوە نەبووە، بەڵکو بەهۆی لەگەڵ یەکدی نەحەوانەوە بووە. دەتوانن ئەمجارە بنچینەیەکی باش بۆ پێکەوە حەوانەوە دابنێن؟

**محەممەد نەزیف قادری**: بەهەرحاڵ ئەزموونی هەر ڕووداوێکی ناخۆش بۆ پرۆسەی سیاسی و بۆ ئەزموونی سیاسی حیزبێک دەبێت بە بایەخەوە وەربگیرێت، لەسەر بنچینەی ئەزموونەکانی ڕابردوو بەرخوردی سەلیقەیی دەبێت بونیادی

یەکگرتنەوەیەک بدەین کە قەوام و دەوامێکی بەردەوامی بەدواوە بێت و بتوانێت نەوەکانی داهاتوو ئەوانەی دێنە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەو ئامانجەوە لەسەنگەری خەبات و بەرخودانەدا بن، شاهێدی رووداوێکی لەیەکدابڕان نەبن و ئەو ئەزموونانەی رابردوو ببنە دەرسی خەباتگێڕی و نیشتمانپەروەری بۆ هەموو تاکێکی کورد.

**رووداو**: بۆچی گفتوگۆکانی رابردووتان وەستاند؟

**محەممەد نەزیف قادری**: ئێمە لەڕاستیدا گفتوگۆیەکانمان بە مانای راوەستان هەر لە ئارادا نەبووە، ئێمە گفتوگۆ و چاوپێکەوتنمان هەر هەبووە، لەو پەیوەندییەدا هەندێک شتی تەکنیکی بووە، ئەو لایەنە تەکنیکییانە قابیلی زیاتر ئاڵۆگۆڕی تێڕوانینەکان بووە هاوکات لە یەک تێگەیشتنی زیاتر. دەنا ئێمە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان بەردەوام دانیشتن و چاوپێکەوتنمان هەبووە لە بەرزترین ئاستی پەیوەندیداین، ئێستاش هەر لە پەیوەندیداین.

**رووداو**: ئەمجارە چی دەکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکان نەوەستن تاوەکو دەگەنە ئەنجام و یەکدەگرنەوە و ئەو کێشە تەکنیکیانەی باسیان دەکەن دووبارە نەبنەوە؟

**محەممەد نەزیف قادری**: دەکرێت لە چوارچێوەی ئەو ئەرک و بەرنامانە تەفسیری بکەین یان پێناسەی بکەین، کە هەنگاوەکان لە هەردوولا چەندە خێرا دەبێت و چەند هەست بە بەرپرسیارییێتیەکە کاریگەر دەبێت بۆ هەڵگرتنی بەربەستەکانی سەر رێگای یەکگرتنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٢٠ی مای ٢٠٢٠

---------------------------------------

## کەماڵ کەریمی: چاوەڕوانی وەڵامی حدکاین بۆ دەستکردنەوە بە گفتوگۆی یەکگرتنەوە





سەرچاوە
Serchawe

**سەرباز سیامەند**

بڕیارە لایەنەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران (حدکا) دەست بە پرۆسەی دانوستاندنەکانیان بۆ یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزبی دیموکرات بکەنەوە، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی وەفدی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەڵێ، بۆ دەستکردنەوە بە گفتوگۆی یەکگرتنەوە چاوەڕوانی وەڵامی حدکان.

لە هەڤپەیڤینێکدا کەمال کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی وەفدی حیزبی دیموکراتی کوردستان باسی رێکارەکانی ئەو دانوستاندنانە دەکات و دەشڵێ "یەکگرتنەوە لە زەرەری هیچ لایەکماندا نییە، بەڵکو لە قازانجی هەردوولایەنی دیموکرات و بیری دیموکرات و خەڵکی کوردستاندایە".

**دەقی هەڤپەیڤینی رووداو لەگەڵ کەمال کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی وەفدی حیزبی دیموکراتی کوردستان:**

**رووداو: عەبدوڵڵا حەسەن زادە بەر لەوەی نووسینەکەی لەبارەی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات بڵاوبکاتەوە، لەوبارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵ سکرتێر و دەفتەری سیاسی حدک کردبوو؟**

**کەمال کەریمی**: حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەفتەری سیاسی (مەکتەبی سیاسی) بەردەوام لە خەمی ئەوەدابووە ئەو پرسە بەئەنجام بگەیێنێت. ئەوەی پەیوەندیی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە لەڕێگەی رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەفتەری سیاسی ئەنجام دەدرێت. ئەوەی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە، کە بێگومان کەسایەتییەکە زیاتر لە ٦٠ ساڵە لە ریزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان خەباتی کردووە و ئێستاش ناوێکی هەیە، ئەوەی بڵاویکردووەتەوە بیروبۆچوونی خۆیەتی و پەیوەندیی بەو پرۆسەوە نییە کە دەفتەری سیاسیی حزب هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات لەگەڵ هاوڕێیانی دیکەمان لە بەشەکانی دیکەی حیزبی دیموکراتدا. ئەوەی گرنگە بۆ خۆمان بەپێی گەڵاڵەیەکە، کە پێشتر کۆمیتەی ناوەندی پەسندی کردووە، هەوڵمانداوە بگەینە ئامانجێک. هەرچەندە کۆمەڵە کۆسپێک هاتووەتە بەردەممان و بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو پرسە تائێستا بە ئەنجامێکی چاوەڕوانکراو نەگات، بەڵام دیسان بەپێی ئەو پلانانەی پێشتر بۆی دانراوە، لە هەوڵداین و لە هەوڵدابووین تاوەکو ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەین، لە کۆنگرەی ١٧ی حزبی دیموکراتی کوردستاندا خالیدی عەزیزی و منیش سەردانی جەنابی کاک مستەفای هیجری و کاک محەممەد نەزیف

قادری (جێگری لێپرسراوی گشتیی حدکا)مان کردووە بۆ دیسان وروژاندنەوەی ئەو باسە. هەم هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەم چاوەڕوانیی ئێمە لە وەڵامدانەوەی ئەوان، ئەو بابەتەی راگرتووە، کە تاوەکو ئێستا چاوەڕوانین بە رەسمی وەڵامی ئەو داواکاریە و بەدواداچوون بۆ ئەو کۆبوونەوە چوارقۆڵیەی کردمان وەربگرین، تاوەکو بتوانین بەردەوامی بەو کارانە بدەین.

**رووداو**: بە بۆچوونی ئێوە بۆچی لەوکاتەدا ئەو نووسینەی بڵاوکردەوە؟

**کەمال کەریمی**: مامۆستا (عەبدوڵڵا حەسەنزادە) یەکەمجار نییە شتی وا بڵاودەکاتەوە. بۆ خۆی پێیوایە ئەمساڵ یادی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حزبە و بە گونجاوی زانیوە بەو بیانووە ئەم پەیامە بڵاوبکاتەوە، ئەوە بیروبۆچوونی شەخسیی خۆیەتی و وەڵامدانەوەکە بەخۆیەوە بەستراوەتەوە و پەیوەندیی بەوەوە هەیە.

**رووداو**: لە نووسینەکەیدا حەسەن زادە دەڵێ جگە لە دووان، هەموو لێکترازانەکانی پێشووی حیزبی دیموکرات بەهۆی پێکەوە نەحەوانەوە بووە، ئەمجارە دەتوانن بنچینەیەک بۆ پێکەوە حەوانەوە دروستبکەن؟

**کەمال کەریمی**: بە بڕوای من ئیرادەی یەکگرتن ئەگەر لە هەردوولادا هەبێت، پێکەوە حەوانەوە زۆر ئاسان دەبێت. زۆریش ئاساییە بتوانین بنچینەیەکی قایمی داڕێژراو دەستنیشان بکەین بۆئەوەی حیزبی دیموکرات لە داهاتوودا تووشی ئەو کێشانە نەبێتەوە. ئەوەی حیزبە سیاسییەکان بە بەردەوامی تووشی ئەو کێشانە دەبن، شتێکی سەیر نییە، بەڵام بەداخەوە رەنگە لەنێو ئێمەدا ئەوەی خەڵک چاوەڕوانی دەکات، زیاتر لەوە بووە روویداوە. ئەزموونەکانی رابردوو پێمان دەڵێن، دەبێت هەوڵبدەین جۆرێک بە رابردوومانـدا بچینەوە و هۆکاری ئەو جیابوونەوە و لەتبوونەوانە ببینینەوە و بگەینە بنچینەیەکی قایم بۆ رێککەوتنی داهاتوومان و بەیەکەوەبوونمان لە داهاتوودا دیاری بکەین.

**رووداو**: دوێنێ محەممەد نەزیف قادری، جێگری لێپرسراوی گشتیی حدکا گوتی؛ دیارنییە کەی دەست بە دانوستاندنەکانی یەکگرتنەوە دەکەنەوە. ئێوە دەتانەوێ کەی دانوستاندنەکان دەستپێبکەنەوە و کەی یەکبگرنەوە؟

**کەمال کەریمی**: ئەوەی کەی یەکدەگرینەوە، بەستراوەتەوە بە چۆنێتی چوونە پێشەوەی پرۆسەی دانیشتن و گفتوگۆیەکان و ئەو ئەنجامانەی لەمیانەی دانیشتنەکاندا بەدەستی دەهێنین. ئێمە زیاتر لە دوو مانگ لەوەو پێش بوو، سەردانی کاک مستەفای هیجری وەکو "لێپرسراوی گشتیی حدکا"مان کرد، لەو دیدارە بڕیاربوو بەدواداچوون بکەین بۆ ئەو بابەتە. ئێستاش چاوەڕوانی ئەوین تاوەکو بزانین کەی دەتوانین دەست بەو پرۆسەیە بکەینەوە. ئامادەیی تەواویشمان هەیە دیسان دەست بەو

پرۆسەیە بکەینەوە. زەرووره هەرچی زووتره دەستپێبکەینەوە. ئەرکێکە لەبەردەم هەردوو لایەنی دیموکرات و چاوەڕوانییەکی زۆری لەلای خەڵکی دروستکردووە.

**رووداو:** هەر لە قسەکانیدا محەممەد نەزیف قادری گوتی؛ یەکگرتنەوە لە کۆنگرەی ١٦یاندا پەسندکراوە، بەڵام هەر لەو کۆنگرەدا پێکهاتەی حیزبەکەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەو گۆڕانکارییە کاریگەریی لەسەر خاوبوونەوەی پرۆسەی دانوستاندنی پێشووتان هەبووە؟

**کەمال کەریمی:** یەکێک لە هۆکارەکانی وەستانی پرۆسەی دانیشتنەکانماندا ئەوە بوو. دوای کۆنگرەی ١٦ی حدکا باسمان لەوە کرد کە دەکرێت بەجۆرێکی دیکە بیر لەوە بکەینەوە، کە ئەوان پەسندیان کردووە. هەرچەندە ئەوە کاری حیزبیی خۆیانە، بەڵام چونکە بابەتی یەکگرتنەوە لەئارادایە، بۆ ئێمە گرنگ بوو لەوەی ئێمە یان ئەوان چ کۆنگرەیەک ئەنجامدەدەین و چ بڕیارێک پەسند دەکەین، بێجگە لە بڕیاری یەکگرتنەوە. دەکرێت بەجۆرێک ڕێککەوتنێک لەنێوان هەردوولایەندا بکەین، کە جۆرێک لە بڕوای هاوبەشمان لەسەری هەبێت، ئەگەر کۆسپێکمان لەبەردەمدایە ئەو کۆسپە لابدەین.

**رووداو:** ئەی ئەوەندەی ئێوە تێبینیی دەکەن حدکا دەیەوێ یەکگرتنەوە بکات؟

**کەمال کەریمی:** تاوەکو ئێستا ئەوەمان لەوان (حدکا) نەبیستووە، کە ئەوان یەکگرتنەوەیان نەوێت. ساڵانی رابردوو دوو دەورە بەردەوام دانیشتنمان هەبووە لەسەر ئەو بابەتە و زۆر شتمان چارەسەر کردووە. هیوادارین بەو نەفەسە هەردوولایەن بچینە پێشەوە و بتوانین درێژە بە پرۆسەی دانیشتنەکانمان بدەین. یەکگرتنەوە لە زەرەری هیچ لایەکماندا نییە، بەڵکو لە قازانجی هەردوولایەنی دیموکرات و بیری دیموکرات و خەڵکی کوردستاندایە.

**رووداو:** هەندێک کادیری دیموکرات لەوباوەڕەدان یەکگرتنەوەی حدک و حدکا ڕەگێکی کۆنی هەیە و سەرناگرێت، ئێوە چی دەڵێن؟

**کەمال کەریمی:** هیچ حیزبێکی سیاسی بێ کێشە نییە و بەبێ کێشە نابێت. تەنانەت ڕەنگە دوای یەکگرتنەوەی دیموکرات لە ناوخۆی خۆیدا کێشە هەبێت، بەڵام ئەمە بەپێی زەرووڕەتە مێژووییەکان بێت لەو بابەتە بیردەکەینەوە، گۆڕانکارییەکان لە ناوچەکە و لە ئێراندا، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بەوە هەیە حیزبی دیموکرات زیاتر لەوەی بیری



سەرچاوە
Serchawe

لێکردووەتەوە بیر لە مەسەلەی یەکگرتنەوە بکاتەوە. یەکێک لە ئەرکە زەرووریەکانی بەردەمی خۆمان دەبینین، داهاتووی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئێران و ناوچەکەدا و چۆنێتیی بوونی ئەو حیزبە زۆرجار دەبینین گرێدراوە بە یەکگرتنەوەمان، دوور لەوەی بیر لەوە بکەینەوە چ کێشەیەکی دیکە رەنگە بخولقێت، زیاتر ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە چۆن کێشەکان چارەسەر بکەین تاوەکو ڤێز لە خولقاندنی کێشەی نوێ بکەینەوە. زۆرتر بیر لەوە دەکەینەوە یەکگرتنەوەیەک بکەین کۆتایی بهێنێت بەو جۆرە کێشانەی تاوەکو ئێستا لەناو بنەماڵەی گەورەی دیموکراتدا دروستبووە.

**رووداو**: ئێوە ئامادەن ساڵڕۆژی دامەزراندنی دیموکرات و یۆبیلی ئەڵماسی بە هاوبەشی لەگەڵ حدکا ئەنجامبدەن؟

**کەمال کەریمی**: ئەگەر بکرێت زۆر باش دەبێت. ساڵانی رابردوو لە زۆر بۆنەدا، بەتایبەتی بۆ رێبەندان و ١٠ی خاکەلێوە بەردەوام پێکەوە بووین و ئەو پەیامەشمان گەیاندووەتە دیموکراتەکان پێکەوە ئەم یادە بکەینەوە. بەداخەوە بۆمان ئامادەبوون لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزب بەیەکەوە بۆمان جێبەجێ نەبووە هیچ ساڵێک، ئەمساڵیش ئەگەر بکرێت رەنگە بۆنەیەکی گونجاو بێت دیموکراتەکان بەیەکەوە خۆیان دەربخەن.

**رووداو**: باشە حدک بۆ ئەمە ئامادەیە؟

**کەمال کەریمی**: ئێمە بۆ هیچ کارێکی هاوبەش لە هەر زەمینەیەکدا، کە کردەیی بێت لەبەینی ئەو دوو حیزبەی دیموکرات، هەرگیز 'نا'مان نەگوتووە. هەمیشە پێشنیاری ئەو هاوبەشیەمان کردووە، بەتایبەت لە بۆنە مێژووییەکانی کە دەگەڕێتەوە بۆ حیزبی دیموکرات، ئێمە ئەم دوو لایەنەی حیزبی دیموکرات بەیەکەوە بتوانین ئەم یادانە بکەینەوە جوانتر دەبێت. دوو ساڵە بە دوو موناسەبەتی جۆراوجۆر لە ناوەندەی هاوکاری بەیەکەوە رێوڕەسم بەڕێوەدەبەین، هیچ زیانێکمان لێی نەکردووە. لە بۆنەی دامەزراندن ئەگەر هەردوو دیموکرات بەیەکەوە ساڵیادی دامەزراندنەکە بکەینەوە، بێگومان قازانجی زۆریشی دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ١٩ی مای ٢٠٢٠

-------------------------------------

## قادری: جگە لە یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان هیچ رێیەکی ترمان نییە



سەرچاوە
Serchawe




**هیدایەت جان**

**حزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦ بەهۆی جیاوازی تێڕوانین لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو حزبە، تووشی لێکدابڕان بوو و دوو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران "حدکا" و حزبی دیموکراتی کوردستان "حدک"ی لێکەوتەوە، لەدوای ئەو دابڕانە کۆمەڵێک هەوڵ بۆ یەکگرتنەوەی ئەو دوو باڵەی دیموکرات دران، بەڵام هیچ ئەنجامێکیان نەبوو.**

**پێشتری دوو جار هەردوو حزب لیژنەی هاوبەشیان پێک هێنا بۆ دانوستان لەبارەی شێواز و میکانیزمەکانی یەکگرتنەوە، بەڵام هەردوو جار بە هۆکاری جیا جیا ئەو هەوڵانە شکستیان خواردووە و هەردوو لایەن یەکتریان بە هۆی ڕێکنەکەوتنەکە تۆمەتبار کردووە.**

**حدکا قبوڵی کردووە لەژێر ناوی دیموکراتەکان درێژە بە گفتوگۆکان بدەن**

**پێشتر حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئامادە نەبوو لە دانیشتنەکانیان بە فەرمی وەک "حزب" دان بە ناوی حزبی دیموکرات بنێت و هەر بە ناوی هاوڕێیانی پێشوو ناوی هێناون، بەڵام بەپێی زانیارییەکان، ئەمجارە حدک دوو پێشنیازی خستووەتە بەردەم حدکا بەوەی، یان وەک دوو حزبی سەربەخۆ و بە ناوی فەرمی دانوستاندنەکان بۆ یەکگرتنەوە دەست پێ بکەن، یان هەردوو لایەن لە ژێر ناوی دوو دیموکرات یان دیموکراتەکان ئەو گفتوگۆیانە دەست پێ بکەن.**

**حدکا قبوڵی کردووە لەژێر ناوی دانوستانی دیموکراتەکان درێژە بە گفتوگۆکان بدەن و ئەوەیش وەک نیازپاکییەک بۆ ڕژدبوون لەسەر یەکگرتنەوە بۆ حدکا هەژمار کراوە و لە ئێستەدا لیژنەیەکی هاوبەشیان پێک هێناوە و چەندان دانیشتنیان کردووە بۆ نووسینەوەی گەڵاڵەنامەیەک بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان.**

**یەکگرتنەوە گوڕوتینێکی زیاتر بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەخشێت**



سەرچاوە
Serchawe

دانیشتنەکانی ئەمجارەی دیموکراتەکان لەچاو دوو هەوڵەکەی پێشوو رژدترە و تا ئێستە پەنجە بۆ کۆمەڵێک بابەت براوە کە پێشووتر ئەو برگە و بابەتانە هەرگیز باسیان لێوە نەکراوە، لە ئێستەدا گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی تێکەڵکردنەوەی میدیاکانیان دکەن و بەپێی زانیارییەکان، حدک پێشنیازی کردووە "کورد کەناڵ" ببێت بە میدیای فەرمی و حدکاش بە هەمان شێوە نیازیانە "تیشک تیڤی" وەک زمانحاڵی فەرمی حزبی دیموکراتی یەکگرتوو بمێنێتەوە و چەند خاڵێکیان نووسیوەتەوە بۆ ئەوەی لەبارەیەوە بگەنە رێککەوتنێکی هاوبەش.

محەمەدنەزیف قادری جێگری دووەمی لێپرسراوی گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی ئەو دانوستاندنانەی بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان دەستی پێ کردووە بە گەشبینییەوە دەڕوانێت و وەک بۆ "وشە" روونی دەکاتەوە، لە هەردوو لایەن نیازپاکی هەیە بۆ یەکگرتنەوە و تا ئێستە دانیشتنەکانمان بەردەوامە و هەنگاو بە هەنگاو دەڕۆینە پێشەوە بەرەو یەکگرتنەوەی حزبی دیموکرات.

### نامانهەوێ بگەڕێینەوە بۆ رابردوو

هەرچەند پێشتر دوو جار هەوڵی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان سەرباری دروستبوونی لیژنەی هاوبەش بۆ نووسینەوەی گەڵاڵەنامەیەک کە ببێتە بنەمای یەکگرتن، شکستی هێناوە، بەڵام ئەمجارەیان جێگری لێپرسراوی گشتی حدکا دانوستاندنەکان بە هەوڵێکی رژد ناو دەبات و دەڵێ، ئێمە نامانهەوێ بگەڕێینەوە بۆ رابردوو و ئێستە دانیشتنەکانمان دەست پێ کردووە و هیواشمانە بەو ئەنجامە بگات کە بە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بێت.

پێشتر ئەو هەوڵانەی بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان دەدران، لەژێر پاڵەپەستۆی رای گشتی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵام ئەمجارە لەناو ئەندامان و پێشمەرگە و تەنانەت بەشێکی زۆر لە ئەندامانی رێبەری دیموکراتەکان ئەو پاڵەپەستۆیە دروست بووە کە یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان تاکە هیوایە بۆ درێژەدان بە خەباتێکی رژد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

تا ئێستە زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی و دەفتەری سیاسیی حدک و حدکا بە فەرمی پشتیوانی خۆیان بۆ یەکگرتنەوە دووپات کردووەتەوە و بە تاکە هیوا بۆ گەڕانەوەی سەنگ و بەهای خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناویان بردووە.

حەمەنەزیف قادری لەبارەی گرنگی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان رای دەگەیەنێت، هیوامان وایە ئەمجارەیان بتوانین ئاوات و ئاروزووی ئەندامان و لایەنگرانی حزبی دیموکرات و کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بهێنینە دی.

دووپاتی دەکاتەوە، یەکگرتنەوە زۆر بابەت چارەسەر دەکات و گوڕوتینێکی زیاتر بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەخشێت، لەم قۆناغە هەستیارە جگە لە یەکێتی و یەکگرتوویی ڕێگەی ترمان نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

-----------------------------------------------

## مستەفا مەولوودی: یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ڕێڕەوی خۆی وەرگرتوە و گەڕانەوەی نییە



دیمانە: هیدایەت جان

**هیدایەت جان:** ئێستا هەردوو دیموکرات سەرقاڵی دانوستاندنن بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە، پێشتر دوو جار هەوڵی لەو شێوەیە دراوە و شکستیان هێناوە، بەڵام ئەمجارەیان کۆمەڵێک نەرمی لە هەردوو لاتان بەدی دەکرێت و بەپێی لێدوانەکانتان پرسەکە ڕژدترە لە پێشوو، ئێوە ئەو هەوڵەی ئێستە دەستی پێ کردووە بۆ یەکبوونەوەی دیموکرات چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا مەولوودی:** لەتبوونی دیموکراتەکان نەخوازراوە، بابەتێکی نامۆ و ناسروشتییە لەنێو بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نایشارمەوە، بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی کۆمیتەی ڕێکخستنەکانمان پێمان دەدەن، ڕێکخستنەکانمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات لەیەک دانەبڕاون، ڕێوڕەسم و کۆڕ و کۆمەڵیان بەیەکەوەیە و پێوەندییان بەیەکەوە پتەوە، لێرەش ئێمە دەستمان بە گفتوگۆکان کردوە، ئەوە ئاساییە کە ئێمە زۆر بەیەکەوە بووین و ئەنجامی ئەو زۆر بەیەکەوەبوونە لە یەکتری تووڕە کردووین و دابڕاوین، لەوانەیە دابڕان ئاسان بێت، بەڵام پێوەست کردنەوە زەحمەتی خۆی هەیە، تا کەلێنەکان پڕ دەکەیەوە و ڕۆحەکان پێکەوە ئاشت دەکەیەوە و ئەو فەرهەنگە بنیات دەنێییەوە کە با بەیەکەوە کاری سیاسیی درێژە بدەین، ئەوانە زەحمەتی خۆیان هەیە و ئاسان نییە، بەڵام لەو ماوەیەدا کە ئێمە کۆنگرەی ١٧مان بەست و لە پێوەندییەک کە لەنێوان خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حدک و مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتی حدکا دروست بوو، دیدارێکی نێوان دەفتەری سیاسیی ئێمە و ناوەندی سیاسیی حدکا ڕێک خرا و لەو دیدارەدا ئەو نیازپاکییەمان لەوانیشدا بینی بۆ ئەوەی ڕێیەک بدۆزینەوە بۆ یەکگرتنەوە و ئێمەش لەو پێوەندییەدا نەرمیمان زۆر نوواند.
پێمان گوتن بەکارهێنانی دەستەواژەی "هاوڕێیانی پێشوو" یارمەتیدەر نابێت و دەبێ زەمینە دروست بکرێت، ئێمە دەمانەوێ کەڵک لە شتێک وەربگرین کە یارمەتیدەر بێت، بۆیە کۆمەڵێک پێشنیازمان خستە ڕوو و لە یەکێک لە پێشنیازەکان داوامان کرد بە ناوی دێموکراتەکان کار بکەین بۆ یەکگرتنەوە و ئەوانیش قبوڵیان کرد. ئێمە ئەوەمان بە هەنگاوێکی ئەرێنی بینی و پێشوازیمان لێ کرد. ئێستە لیژنەی هەردوو لامان کە یاداشتی حیزبەکانیان بۆ چۆنیەتی یەکگرتنەوە پێ درابوو، یاداشتەکەیان کردووە بە یەک و لەسەر ئەو یاداشتە کار دەکەن و گوڕوتینێکی زۆر هەیە بۆ ئەو بابەتە، لیژنەکانمان زوو زوو کۆ دەبنەوە و جدییەتەکە لای ئەوانیش دەبینین و خەڵکیش ئەو گوڕوتینەیان پێ خۆشە، بۆیە هیوادارم زۆری پێ نەچێت و بتوانین بە زوویی بەسەر ئەو کێشەیەدا زاڵ بین، ئەوەش دەزانین کە یەکگرتنەوەمان دەتوانێ موژدەیەکی باش بێت بۆ خەڵکی کوردستان و کاریگەریی زۆری لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت.

**هیدایەت جان:** ئەو گرفتانە چین کە پێت وایە دەبن بە لەمپەر لەبەردەم ئەو یەکگرتنەوەیە، لایەنی کەم لەناو حدک کە ئێوە جێگری سکرتێری ئەو حزبەن ئایا کەسانێک هەن کە بیانەوێ ئەو یەکگرتنەوەیە سەر نەگرێت و لەمپەری بۆ دروست بکەن؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا مەولوودی**: ئێمە لەمپەرێکی زۆر جدیمان لابردووە، ئەوەی ئێمە قبوڵمان کردووە لەژێر ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا درێژە بە تێکۆشان بدەین، پێم وایە گرفتە سەرەکییەکەی نەهێشتووە، جگە لەوە زۆر ئاساییە دوو کۆمەڵ کە نزیک بە ١٤ ساڵە دابراوین و بە دوو تێگەیشتن کار دەکەین، ڕەنگە لەبواری سیاسیی و هەندێ بابەتی هاوبەشەوە جیاوازییەکی ئەوتۆمان نەبێت، بەڵام تێگەیشتنمان لە بەڕێوەبردنی حیزبی و بەیەکەوەچارانی حیزبی و خوێندنەوەمان بۆ ئەو بابەتانە جیاوازی هەیە، بەتایبەت حدکا دوای کۆنگرەی ١٦ پێکهاتەی حیزبییان گۆڕی، ئەوانە دەتوانن هەموویان گفتوگۆکان قورس بکەن و کات زۆر ببەن، بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە مادام بابەتە سەرەکییەکانمان لەگەڵ یەکتر چارەسەر کردووە و پێداگری هەردوو لامان ئەوەیە لەگەڵ یەکتر ڕێک بکەوین، پێم وایە بەسەر ئەو گرفتانەشدا زاڵ دەبین و کۆسپێکی ئەوەندە جدی نابینم کە بڵێم ئەوەیان دەبێت بە کێشە. بۆیە پرۆسەکە کەوتووەتە سەر سکە و ڕێگەی خۆی گرتووەتە بەر و گەڕانەوەی بۆ نییە، ڕەنگە بەو خێراییە نەبێت کە خەڵک ئارەزووی دەکەن.

**هیدایەت جان**: باس لەوە دەکرێت کە ڕێککەوتوون مستەفا هیجری ببێت بە سکرتێر و خالید عەزیزی جێگری بێت تا کاتێک کۆنگرە دەبەستن، ئایا ئەو ڕێککەوتنە کراوە؟

**مستەفا مەولوودی**: تا ئێستە بە فەرمی ئەو بابەتەمان باس نەکردوە، لەو ڕەشنووسەی بەیەکەوە ئامادەمان کردووە، باس لە کەسی یەکەم و دووهەمی حزب نەکراوە و تەنانەت لیژنەکانیشمان کە لە گفتوگۆدان، تا ئێستە ئەو بابەتەیان نەخستووەتە بەرباس، کاری یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان هەر ئەو دوو لیژنەیە نایکەن، بەڵکوو سەرجەم ڕێبەرایەتی هەردوولا سەرقاڵی ئەو بابەتەن، ئەو پرسیارە لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە خودی کاک خالید کراوە کە ئایا ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە کراوە؟ شتی وا نەبووە، بەڵام ئێمە بڕیارمان داوە ڕێک بکەوین تا بەرەو کۆنگرەیەکی هاوبەش بڕۆین، بۆیە ئاساییە لەبارەی پۆستەکان گفتوگۆ بکەین و بگەینە ڕێککەوتن کە ئەمەش بابەتێکی سروشتییە، بەڵام هەموومان دەزانین لەناو حیزبی دیموکرات بڕیار لای تاک نییە، بەڵکو لای ئۆرگانە، ئۆرگانیش کار و بڕیارەکانی بەکۆمەڵە، بۆیە هەر دەبێ کۆمەڵێک هەبێ کە حیزبی یەکگرتوو بەڕێوە ببات و ئەو کۆمەڵەش لە هەردوو لایەنمان پێک دێت و دەشبێ کەسی یەکەم و گوتەبێژی هەبێت، بەڵام بە فەرمی هیچ باسێک لەسەر ئەو بابەتە نەکراوە.

**هیدایەت جان**: ئەگەر بەو گوڕوتینەی ئێستە ئاماژەت پێ کرد دانوستاندنەکان بچنە پێش، پێت وایە کەی دیموکراتەکان یەک دەگرنەوە؟



سەرچاوە Serchawe

**مستەفا مەولوودی**: ئەگەر بەو ڕەوتەی ئێستە کارەکان بچنە پێشەوە، پێم وا نییە زۆر بخایەنێت، هەرچەند ناتوانم بە دیاریکراوی کاتێکت پێ بدەم و بڵێم ماوەی مانگێک یان سێ مانگ یان هەرچەندێکی تر دەخایەنێت، بەڵم هیوادارم زۆر نەخایەنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

---------------------------------------------------

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزەڵوەری ٢٧٢٠ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

